RAND HEALTH

CHILDREN AND FAMILIES
EDUCATION AND THE ARTS
ENERGY AND ENVIRONMENT
HEALTH AND HEALTH CARE
INFRASTRUCTURE AND TRANSPORTATION
INTERNATIONAL AFFAIRS
LAW AND BUSINESS
NATIONAL SECURITY
POPULATION AND AGING
PUBLIC SAFETY
SCIENCE AND TECHNOLOGY
TERRORISM AND HOMELAND SECURITY

The RAND Corporation is a nonprofit institution that helps improve policy and decisionmaking through research and analysis.

This electronic document was made available from www.rand.org as a public service of the RAND Corporation.

Skip all front matter: Jump to Page 1

## Support RAND

Purchase this document

Browse Reports & Bookstore

Make a charitable contribution

## For More Information

Visit RAND at www.rand.org

Explore RAND Health

View document details

### Limited Electronic Distribution Rights

This document and trademark(s) contained herein are protected by law as indicated in a notice appearing later in this work. This electronic representation of RAND intellectual property is provided for non-commercial use only. Unauthorized posting of RAND electronic documents to a non-RAND website is prohibited. RAND electronic documents are protected under copyright law. Permission is required from RAND to reproduce, or reuse in another form, any of our research documents for commercial use. For information on reprint and linking permissions, please see RAND Permissions.

This product is part of the RAND Corporation monograph series. RAND monographs present major research findings that address the challenges facing the public and private sectors. All RAND monographs undergo rigorous peer review to ensure high standards for research quality and objectivity.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان. وەزارەتی تەندروستی

# ئاییندەی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## بەرەو سیستمێکی کارا، و جۆری بەرز، بە جەختکردنەوە لە(چاودێریی سەرەتایی)




مێلیندا موور

رۆس ئانتنی

یی وییی لیم

سپێنسەر جۆنز

ئادریان ئۆڤەرتن

جوان یوونگ


تەندروستی

RAND

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان

# ئاییندەی چاودێری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان — عێراق

## بەرەو سیستمێکی کارا، جۆری بەرز، بە جەختکردنەوە لەسەر (چاودێریی سەرەتایی)

بە چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان


مێلیندا موور
رۆس ئانتنی
یی ویی لیم
سپێنسەر جۆنز
ئادریان ئۆڤەرتن
جوان یونگ



RAND
تەندروستی

ئەم لێکۆڵینەوەی لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە بە سپۆنسەری حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە لایەن بەشی تەندروستی (دەزگای ڕەند )ئەنجام دراوە

دەزگای رەند دەزگایەکی قازانج-نەویستە کە هاوکاریی پێشکەش دەکات لە بواری چاککردنی سیاسەت و بڕیاردان (دروستکردنی بڕیار) لە ڕێی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەوە. مەرج نییە بڵاوکراوەکانی ڕەند ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی خزمەتخواز یان چاودێری لێکۆڵینەوەکان بێت.

RAND® مارکەیەکی بازرگانیی تۆمارکراوە

مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، © 2014

تەنها بۆ بەکارهێنانی کەسیی بوار بە لەبەرگرتنەوەی ئەم بەڵگەنامەیە دەدرێت بە مەرجێک بێ گۆڕانکاری و بە تەواوەتی بێت. نابێت بۆ مەبەستی بازرگانی وێنەی لێبکرێت. بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی ڕەند لەسەرماڵپەڕێکی ئەنتەرنێت وێبسایتێک کە هی ڕەند نەبێت قەدەغەیە. بەڵگەنامەکانی ڕەند بە پێی یاسای مافی چاپ پارێزراون. بۆ زانیاری لەسەر وەرگرتنی مۆڵەت بۆ چاپکردنەوە و سازکردنی بەستەر، تکایە سەردانی لاپەڕەی مۆڵەتی ڕەند بکە (http://www.rand.org/publications/permissions.html).

لە 2012 لە لایەن دەزگای RAND چاپکراوە
1776 Main Street, P.O. Box2138, Santa Monica, CA 90407-2138
1200 South Hayes Street, Arlington, VA 22202-5050
4570 Fifth Avenue, Suite 600, Pittsburgh, PA 15213-2665
RAND URL: http://www.rand.org/
بۆ داواکردنی بەڵگەنامەکانی ڕەند یان بۆ زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە:
بەشی خزمەتگوزارییەکانی دابەشکردن: تەلەفۆن: 7002-451 (310)
فاکس: 6915-451 (310)، ئیمێیڵ: order@rand.org

# دەستپێک

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010، بە سەرپەرشتی بەڕێز دکتۆر عەلی عوسمان سندی، وەزیری پلاندانان، داوای لە دەزگای ڕەند (RAND) کرد چوار لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان-عێراق. مەبەست لە کارەکەی ڕەند بریتی بوو لە هاوکاری کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرفراوانکردنی بواری دابینکردنی پەروەردە و تەندروستییەکی جۆری-بەرز، گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و زیاتر دامەزراندنی دەستی کار تیایدا لە هەرێم کە بە خێرایی زیاد دەکات، و داڕشتنی سیستمێکی کۆکردنەوەی داتا بۆ پشتگیریی لەو سیاسەتانەی ئەولەوییەتێکی زۆریان هەیە. لێکۆڵینەوەکان لە ماوەی یەک ساڵدا ئەنجام دران، لە دەستپێکی شوباتی 2010-ەوە. تیمەکانی ڕەند لە نزیکەوە کاریان لەگەڵ وەزارەتەکانی پلاندانان، پەروەردە، و تەندروستی کرد بۆ داڕشتنی ڕێگەچارە بۆ ئەو ئاریشە سەختانەی ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبنەوە.
ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی، بە جەختکردنەوە لە چاودێریی سەرەتایی (چاودێریی یەکەمیی، الرعاية الأولية، Primary Care) لە هەرێمی کوردستان، و ئەو ستراتیجیانەی دەتوانرێت پیادە بکرێن بۆ بەرەوپێشبردنی سیستمێکی کارا و کواڵیتی بەرزی خزمەتگوزاریی تەندروستی. ئەم ڕاپۆرتە پشتی بە چەند شێواز و شیکردنەوەیەک بەستووە، کە بریتین لە پێداچوونەوەیەکی ئەدەبیاتی بوارەکە، شیکردنەوەی داتای بەردەست، شیکردنەوەی بەڵگەنامە و یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق، دانانی مۆدیل و نموونە بۆ داواکاری (طلب، demand) ی ئاییندەیی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی، و هەڵسەنگاندنی ژمارەیەکی زۆر ئاخاوتن لەگەڵ بەرپرسانی حکومی، کارمەندانی تەندروستی، بڕیاربەدەستانی کەرتی تەندروستی، و ڕابەرانی کەرتی تایبەتی بواری تەندروستیی.

ئەم لێکۆڵینەوە لە لایەن دەزگای ڕەندەوە ئەنجامدراوە لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان و بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی. لێکۆڵینەوەکە لە ماوەی نێوان شوباتی 2010 و ئازاری 2011 ئەنجام درا.

پێویستە دەرەنجامەکان جێی بایەخی هەموو ئەوانە بێت کە بە تایبەتی لە کەرتی تەندروستی و سیاسەتی خزمەتگوزاریی تەندروستیی کار دەکەن لە هەرێمی کوردستان، و بە گشتیی ئەوانەی لە سیاسەتی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا کار دەکەن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەن بەشی (دەستپێشخەریی تەندروستی جیهانیی) ی (ڕەند بۆ تەندروستی) ئەنجام دراوە. (بەشی تەندروستیی ڕەند) ناوبانگێکی جیهانیی هەیە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەرایی بابەتیانە و کواڵیتیی بەرز بە مەبەستی پشتگیری و چاکترکردنی سیاسەت و دەستگاکان لە سەرتاسەری جیهان. کارەکانی بە تایبەتی جەخت دەخەنە سەر ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆری سیاسەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، لەناویدا کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکە، بانگەشەی تەندروستی، دارایی، ڕێکخراو، ڕێوشوێنی تەندروستیی گشتیی، چاکسازیی لە خزمەتگوزاریی تەندروستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، و سیاسەتی تەندروستیی ڤێرتینەری.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە ڕۆس ئانتۆنی، هەڵگری دکتۆرا، لێپێچەرەوەی سەرەکی. دەتوانیت بە ئیمێڵی rossa@rand.org پەیوەندی لەگەڵ دکتۆر ئانتۆنی بەستیت، هەروەها بە ژمارەی تەلەفۆنی 310-393-0411، یان بە پۆستە بە ناونیشانی RAND Corporation, 1200 South Hayes Street, Arlington, VA 22202.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر (ڕەند بۆ تەندروستی، RAND Health)، تکایە پەیوەندی بکە بە: RAND Corporation, 1776 Main Street, P.O. Box 2138, Santa Monica, CA90407-2138

## خشتەی ناوەڕۆک


**دەستپێک** ... iii
**خشتەی ناوەڕۆک** ... v
**شێوەکان** ... ix
**خشتەکان** ... xi
**پوختەی جێبەجێکراو** ... xiii
**سوپاس و پێزانین** ... xxix
**کورتکراوەکان** ... xxxi

بەشی یەک
**پێشەکی** ... 1
شێواز ... 2
هێڵکاریی ئەم ڕاپۆرتە ... 2

بەشی دوو
**سیستمی ئێستای خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان و دید (Vision) بۆ ئایندە** ... 5
ئەگەری سیاسەتی کارکردن ... 5
ڕەوشی ئێستا ... 5
ڕێژەی مردن ... 5
نەخۆشکەوتن ... 8
فاکتەرەکانی مەترسی ... 11
خاڵە بەهێزەکان سیستمی ئێستای (چاودێریی سەرەتایی) لە کوردستان ... 12
ئاستەنگەکانی (چاودێریی سەرەتایی) ... 14
ڕەهەندە سەرەکییەکانی مۆدێلێکی هەمەلایەنی خزمەتگوزاریی ... 18
ئامانجی 1 – پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لە ئاستی گونجاودا ... 19
ئامانجی 2 – دانانی هاندەر بۆ ئەوەی نەخۆش هەوڵ بدات لە کۆمەڵگە چارەسەری دەست بکەویت، ئەگەر بگونجێت. ... 20
ئامانجی 3 – پێکەوە گرێدانی زانیاری لە سەرجەم ئاستەکانی خزمەتگوزارییدا ... 21
(چاودێریی سەرەتایی) لە سەدەی بیست و یەکەم ... 21
هەندێک نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی مومارەسەی باشی تەندروستی، ئاستی گونجاوی خزمەتگوزارییەکان، و نیشاندەر و قۆناغەکان ... 25

بەشی سێ
**پێشبینیی شێوازی ئایندەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە سیستمی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان** ... 29
پێشەکی ... 29
بنیاتنانی مۆدێلی بنەڕەتی(الانموذج الاساسی، Base Model) ... 31
بەکارهێنانی بنەڕەتیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ... 31

خوێندنەوەی زیادبوونیی ژمارەی دانیشتوان ........ 32
بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاییندەدا: دۆخی بنچینەیی (الحالة الاساسية، Base Case) ..... 33
شێوازی شیکردنەوەی سیناریۆکان ........ 33
ڕوونکردنەوەی سیناریۆکان ........ 34
شێوازی بەراوردکردنی ئەنجامەکانی(بەکارهێنان (داواکاری) ی خزمەتگوزاریی تەندروستی) لە ئاییندەدا
لەگەڵ (دابینکردن ی خزمەتگوزاریی تەندروستی) ........ 36
بە نمونە کردنی ئەنجامەکان ........ 37
بەکارهێنان ی خزمەتگوزاری تەندروستی و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ئێستادا ........ 37
ئەنجامەکانی کاریگەری هەر سیناریۆیەک ........ 39
پوختە ........ 42

چوار

**دارایی کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی: پێداچوونەوە و وانە و پەند بۆ کوردستان ........ 43**
پێشەکی ........ 43
پوختەیەک لە دارایی کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی ........ 43
پرسە سەرەکییەکان ........ 43
سیستمە داراییە باوەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ........ 48
ئەو سیستمانەی پشت بە بودجەی گشتیی دەبەستن ........ 49
خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی (National Health Service) ........ 49
بیمەی تەندروستیی کۆمەڵایەتیی (الضمان الصحي الاجتماعي، Social Health Insurance) ........ 50
بیمەی تەندروستیی تایبەت (ئەهلیی) ........ 50
لێشاوی داراییەکان (تدفق التمويلات/الاموال، Flow of Funds) ........ 51
بەراوردی نێوان وڵاتان ........ 51
داهاتی تاکەکەس (دخل الفرد، Income per Capita) و سیستمەکانی دارایی ........ 53
چۆنیەتی کارکردنی هەندێک وڵات لەسەر دارایی (تمويل، Financing)، داپۆشین (ڕووماڵ، تغطية،
Coverage) و پارەدان (تسديد/دفع، Payment) ی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ........ 55
سیستمی ئێستای دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ........ 58
شایستەیی (الاهلية، Eligibility) ........ 60
سوودەکان – ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن ........ 60
کۆکردنەوەی داهات و سەرچاوەکانی داراییکردن ........ 60
تەرخانکردنی سەرچاوەکان، یان پارەدان (الدفع/التسديد، Payment) ........ 61
هەنگاوەکانی داهاتوو: ئەحێندە و پلانی شیکارییانەی (دارایی تەندروستیی) ........ 62
هەنگاوی 1: شیکردنەوەی سیستمەکەی ئێستا ........ 62
هەنگاوی 2: داڕشتنی دید (رؤيا، Vision) ێک بۆ ئایینده ........ 63
هەنگاوی 3: داڕشتنی پلانی کۆکردنەوەی داتا و لێکۆڵینەوە ........ 63
هەنگاوی 4: داڕشتنی پلانی تێروتەسەلی ستراتیجیی دارایی تەندروستیی ........ 63
هەنگاوی 5: جێبەجێکردنی پلانەکە ........ 63
پوختە و دەرئەنجام ........ 64

بەشی پێنج

**ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) ........ 65**
پوختە ........ 65
ڕەوشی هەنووکەیی لە کوردستان ........ 66
ئامانجەکانی چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی ........ 69
زانیاری سەرەتایی و پاساو ........ 69

ڕێکخستنی دەستگاکان و مەودای خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) ........ 69
ڕاسپاردن (احالة، Referrals) و بەردەوامیی خزمەتگوزاریی ........ 73
(کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان) و (درێژەدان بە چاکترکردنی کواڵیتی) ........ 73
هەندێک چالاکیی پێشنیارکراو بۆ چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) ........ 74
ئامانج 5.1: دابەشکردنی دەستگا و خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی بە شێوەیەکی چوست (کفؤ، Efficiently) ........ 75
ئامانجی 5.2: داڕشتن و پیادەکردنی سیستمێک بۆ (ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاریی) ........ 85
ئامانجی 5.3: داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بەردەوام چاکترکردنی جۆری، CQI) ........ 87
پێشینەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو ........ 91

بەشی شەش

**کارمەندانی تەندروستی ........ 95**
پێشەکی ........ 95
ڕەوشی ئێستای کوردستان ........ 96
دکتۆرەکان ........ 97
پەرستیاران ........ 98
کارمەندانی تری تەندروستی ........ 99
ئامانجەکانی سیاسەتی بەرەوپێشبردنی کارمەندانی تەندروستی ........ 99
زانیاری سەرەتایی و پاساو ........ 100
گەشەپێدانی کارمەندانی شارەزا ........ 100
دابەشبوونی پسپۆڕانی پزیشکی، بە تایبەتی لە ناوچە کەم خزمەتکراوەکان ........ 101
هەندێک دەستپێشخەریی دیاریکراو بۆ بەرەوپێشبردنی دەستی کاری تەندروستی ........ 108
ئامانجی 6.1: پتەوکردنی شارەزاییە پسپۆڕێتییەکان لە ڕێی خوێندن و مەشقەوە ........ 108
ئامانجی 6.2: چاکترکردنی دابەشکردن و ئەدای کارمەندانی تەندروستی لە ڕێی دەستپێشخەریی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکانەوە ........ 113
پێشینەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو ........ 116
چاودێریی بەرەوپێشچوون ........ 119

بەشی حەوت

**سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی ........ 121**
پوختە ........ 121
ڕەوشی هەنووکەیی لە کوردستان ........ 122
ئامانجەکانی چاکترکردنی سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی ........ 123
زانیاری سەرەتایی و پاساو ........ 123
سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی ........ 126
چاودێری و وەڵامدانەوە ........ 126
پێوەرەکانی سیستمی زانیاریی تەندروستی ........ 131
هەندێک ڕاسپاردەی پێشنیارکراو ........ 133
ڕێکخستنی هەماهەنگی و چاودێریکردنی دەستپێشخەرییەکانی داتا ........ 134
ئامانجی 7.1: داڕشتن و بەڕێوەبردنی (سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی) ........ 135
ئامانجی 7.2: پتەوکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە ........ 142
ئەولەوییاتەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو ........ 153
دەرەنجامەکان ........ 155

**بەشی هەشت**


**پوختە و دەرەنجام ........ 157**
پێشبینی داواکاریی (طلب، Demand) ی ئاییندەیی ........ 158
داراییکردن (تەمویل) ........ 159
چاودێریی سەرەتایی(الرعایة/ العنایة الأولیة، Primary Care، چاودێریی یەکەمیی) ........ 159
ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دەزگاکانی و خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی ........ 159
کارمەندانی تەندروستی ........ 160
سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی ........ 161
دەرەنجام ........ 161


**پاشکری A**


**وێنەی هێلکاری ئەنجامی نمونەکان لە بەشی سێ ........ 163**


**پاشکریB**


**چاودێریی  کردنی بەرەوپێشچوونی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی ........ 169**


**پاشکری C**


**نیشاندەرەکانی سەرچاوە مرۆییەکان ........ 173**


**پاشکری D:**


**نمایشکردن لە کۆنفرانسی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان: داراییکردن ........ 175**


**پاشکری E**


**نمایشکردن لە لە کۆنفرانسی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان: چاودێریی سەرەتایی ........ 187**


**پاشکری F**


**نمایشکردن لە کۆنفرانسی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان: جۆریەتی ........ 203**

**ژێدەرەکان ........ 213**

# شێوەکان


S.1 پوختەی پلانی مۆدیلەکە .......... Xv
S.2 سیستمە باوەکانی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی .......... Xxii
2.1 ڕێژەی مردنی کۆرپە و ساوا و منداڵی خوار 5 ساڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق .......... 6
2.2 ڕێژەی مردنی کۆرپە لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێک .......... 7
2.3 ڕێژەی مردنی ساوا لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێک .......... 7
2.4 ڕێژەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵ لە هەرێمی کوردستان و چەند وڵاتێک .......... 8
2.5 ڕێژەی ڕووداوەکان بۆ ئەو نەخۆشییانەی دەکرا بە کوتان ڕزگار بکرێن .......... 8
2.6 ڕێژەی ڕووداو بۆ هەندێک نەخۆشیی گواستراوە .......... 9
2.7 ڕێژەی ڕووداو بۆ هەندێک نەخۆشیی گواستراوە لە کوردستان، ئوسترالیا، و ویلایەتە یەکگرتووەکان .......... 10
2.8 ڕێژەی خەواندن (مانەوە) لە نەخۆشخانە بۆ هەندێک نەخۆشیی نەگواستراوە .......... 10
2.9 جۆر و باری ئەو برینانەی لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن بینراون .......... 11
2.10 جۆری بارەکانی مردن بە هۆی برینداریەوە کە لە بنکەکانی پزیشکی دادوەری بینراون .......... 11
2.11 ئەو بنکە تەندروستییانەی دکتۆری لێیە و ئەو لقە لاوەکییانەی دکتۆری لێ نییە، بە گوێرەی پارێزگا .......... 15
2.12 خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی لە بنکە تەندروستییەکان و بنکە لاوەکییەکان لە هەولێر .......... 16
2.13 خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی لە بنکە تەندروستییەکان و بنکە لاوەکییەکان لە دهۆک .......... 16
2.14 چوارچێوەی چەمک بۆ چاودێریی سەرەتایی لە سەدەی بیست و یەک .......... 24
3.1 پوختەی پلانی مۆدیل .......... 30
3.2 چوارچێوەی چەمک بۆ ڕاهێنانی دانانی مۆدیل .......... 30
3.3 سەردانی نەخۆشی دەرەوە بۆ 1000 کەس لە دانیشتوانی کوردستان، و بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر .......... 35
3.4 مانەوە لە نەخۆشخانە (خەواندن) بۆ 1000 کەس لە دانیشتوان لە 2009 .......... 38
4.1 کێشە سەرەکییەکانی داراییکردن .......... 44
4.2 چەپکەکێجە باوەکانی سوودەکان .......... 45
4.3 سەرچاوەکانی داراییکردنی تەندروستی .......... 46
4.4 سیستمە باوەکانی دارایی .......... 48
4.5 نموونەی سیستمی دارایی گشتیی تەندروستی لە چەند وڵاتێکی جیهان .......... 49
4.6 چۆن سیستمەکانی دارایی تەندروستی کار دەکەن .......... 52
4.7 گۆڕان لە خەرجییە تەندروستییەکان بە گوێرەی ناوچەکان .......... 52
4.8 تێکڕای پێشبینیکراوی ژیان بۆ خەرجییەکانی یەک کەس بۆ تەندروستی لە چەند وڵاتێکی جیهان، 2009 .......... 53
4.9 جیاوازی وڵاتان لە بواری سەرچاوەکانی دارایی .......... 54
4.10 ڕێچکەی دارایی کردن لە هەرێمی کوردستان .......... 62
5.1 ژمارەی سەرجەم بنکە تەندروستییەکان بۆ 10000 کەس لە دانیشتوان .......... 66
5.2 ژمارەی بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان بۆ 10000 کەس لە دانیشتوان .......... 66
5.3 ڕێژەی ئەو هاوڵاتیانەی کە خزمەتگوزاری بنکە تەندروستیە سەرەکیەکان دەیانگرێتەوە .......... 67
5.4 سیستمەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی .......... 69
5.5 پێکهاتەی سەرەکی .......... 77
5.6 نەخشەکێشانی GIS بۆ بنکە تەندروستییەکان و لقەکانی لە پارێزگای هەولێر .......... 78

5.7 نەخشەکێشانی GIS بۆ خزمەتگوزاریی کوتان لە بنکە تەندروستییەکانی هەولێر 82
5.8 نەخشەکێشانی GIS بۆ خزمەتگوزارییەکانی ددان لە بنکە تەندروستییەکانی هەولێر 82
5.9 نەخشەکێشانی GIS بۆ خزمەتگوزارییەکانی تاقیگە لە بنکە تەندروستییەکانی هەولێر 83
5.10 چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ئەولەوییاتەکانی ناو دەستپێشخەرییەکان: رێکخستن و بەڕێوەبردنی چاودێریی سەرەتایی 93
6.1 دکتۆر بۆ 10000 کەس لە دانیشتوان لەهەرێمی کوردستان، و هەندێک وڵاتی تر 98
6.2 پەرستیار و مامان بۆ 10000 کەس لە هەرێمی کوردستان و لە چەند وڵاتێکی تر 99
6.3 دانساز بۆ 10000 کەس لە هەرێمی کوردستان و لە چەند وڵاتێکی تر 100
6.4 دەرمانساز بۆ 10000 کەس لە هەرێمی کوردستان و لە چەند وڵاتێکی تر 100
6.5 ستراتیجەکانی دەستی کاری تەندروستی بە درێژایی ژیانی کار 102
6.6 بەراوردی دانیشتوان و دکتۆرەکانی ناوچە دوورەکان، ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا 103
6.7 چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ئەولەوییەتەکانی ناو دەستپێشخەرییەکان 118
6.8 بەرێوەبردن بۆ ئەدا 119
7.1 گۆڕینی داتا بۆ زانیاری بۆ بەکارهێنانی لە دروستکردنی بریار و کارگەر 124
7.2 نموونەی فۆرمی MIS بۆ چاودێریی خزمەتگوزارییەکان و سەرچاوەکانی نۆرینگە 136
7.3 رێزبەندیی هێڵکاریی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی نۆرینگە 137
7.4 خشتەی هێڵکاریی MIS دابەشبوونی بنکە تەندروستییەکان و داپۆشینی دانیشتوان 138
7.5 شێوەی هێڵکاریی MIS ئەو خزمەتگوزارییانەی لە بنکە تەندروستییەکان پێشکەش دەکرێن 138
7.6 نەخشەی هێڵکاریی MIS شوێنی بنکە تەندروستییەکان لە هەولێر 139
7.7 نەخشەی هێڵکاریی MIS شوێنی ئەو بنکە تەندروستییانەی هەولێر کە کوتان پێشکەش دەکەن 139
7.8 نەخشەی هێڵکاریی MIS شوێنی بنکە تەندروستییەکان و تاقیگەکان لە هەولێر 140
7.9 نموونەی فۆرمی MIS بۆ بەکارهێنانی نۆرینگە 141
7.10 نموونەی شێوەی MIS بۆ بەکارهێنانی نۆرینگە 142
7.11 چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ئەولەوییاتەکانی ناو دەستپێشخەرییەکان: سیستمەکانی زانیاریی تەندروستیی 155
A.1 پێشبینی خەواندن (مانەوە) لە نەخۆشخانە بە گوێرەی پارێزگا 163
A.2 پێشبینی سەردانی نەخۆشی دەرەوە بە گوێرەی پارێزگا 163
A.3 پێشبینی ژمارەی قەرەوێڵەی پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 164
A.4 پێشبینی ژمارەی قەرەوێڵەی پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 164
A.5 پێشبینی ژمارەی دکتۆری پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 165
A.6 پێشبینی ژمارەی دکتۆری پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 165
A.7 پێشبینی ژمارەی پەرستیاری پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 166
A.8 پێشبینی ژمارەی پەرستیاری پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 166
A.9 پێشبینی ژمارەی دانسازی پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 167
A.10 پێشبینی ژمارەی دانسازی پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 167
A.11 پێشبینی ژمارەی دەرمانسازی پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 168
A.12 پێشبینی ژمارەی دەرمانسازی پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەکانی بەکارهێنان هەمان شێوەی ئەو وڵاتانە بن 168

## خشتەکان


S.1 پێشبینی ژمارەی دەستی کار و قەرەوێڵەی پێویست – حاڵەتی بنەڕەتی ........ xv
S.2 پوختەی گۆڕانکاری پێشبینیکراو لە سەرچاوەی پێویست لە 2020 بۆ هەر سیناریۆیەک، بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتی بنەڕەتی ........ xvi
2.1 هۆیە سەرەکییەکانی مردن لە کەسانی تەمەن گەورەتر لە 5 ساڵ و منداڵانی خوار 5 ساڵ، 2009 ........ 6
2.2 هەندێک هۆکاری مەترسیی تەندروستی، بە گوێرەی شوێن ........ 12
2.3 هەندێک نیشاندەری ئەدای سیستمی تەندروستی، بە گوێرەی شوێن ........ 14
2.4 بەڵگە لەسەر سوودەکانی هەبوونی خاڵێکی دەستپێک بۆ ناو سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی ........ 22
2.5 هێڵکاریی پیادەکردنی کاری باشی تەندروستی ........ 25
2.6 هێڵکاری لیستی تێڕوانینی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان: خزمەتگوزاریی بە گوێرەی ئاست ........ 26
2.7 نیشاندەر و قۆناغ بۆ سەرچاوە وخزمەتگوزارییە سەرەکییە تەندروستییەکان ........ 27
3.1 بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی هێڵی بنچینەیی تەندروستی بە گوێرەی پارێزگا ........ 31
3.2 ڕێژەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی هێڵی بنچینەیی تەندروستی بە گوێرەی پارێزگا ........ 31
3.3 پێشبینی کردنی ژمارەی دانیشتوانی لەسەر ئاستی پارێزگا بۆ 2015 و 2020 ........ 32
3.4 سیناریۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە خێرایی: پێشبینی ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگا لە 2015 و 2020 ........ 34
3.5 ژمارەی نەخۆشی داخڵ لەبەر نەخۆشیی درێژخایەن، بە گوێرەی هۆیەکە، 2009 ........ 35
3.6 پێشبینی دەستی کار و ژمارەی قەرەوێڵەی پێویست ........ 38
3.7 سیناریۆی 1 پێشبینی ژمارەی دانیشتوان ........ 40
3.8 بەراوردی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی: بەراوردی حاڵەتی بنەڕەتی لەگەڵ سیناریۆی زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوان ........ 40
3.9 پێشبینی کاریگەری باشتربوونی سیستمی چاودێریی سەرەتایی لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی ........ 41
3.10 پێشبینی کاریگەری گەشەی کەرتی تەندروستیی تایبەت لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، کەمترین مەزەندە ........ 41
3.11 پێشبینی کاریگەری گەشەی کەرتی تەندروستیی تایبەت لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، زۆرترین مەزەندە ........ 42
4.1 داتای بواری دارایی هەندێک وڵات ........ 55
5.1 بەرکەوتنی دانیشوان بە گوێرەی جۆری دەزگای تەندروستی، دهۆک ........ 68
5.2 هەندێک ڕاسپاردەی WHO لەسەر خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی بۆ ئاستی جۆراوجۆری دەزگای نۆڕینگە دەرەکیەکان ........ 71
5.3 ڕۆڵی (درێژەی خزمەتگوزاریی) لە باشتر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی ........ 73
5.4 هەڵسەنگاندنی بایەخ و سوودی ڕاسپاردەکان: ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چاودێریی سەرەتایی ........ 92
6.1 ئەو فاکتەرانەی کارمەندانی تەندروستی ڕادەکێشن و ئەوانەی دووریان دەخەنەوە لە ناوچە دوورەکان ........ 103
6.2 بەڵگەی بنچینەیی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان بۆ سیاسەتی هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی ........ 104
6.3 داڕشتنی سیاسەتی ڕاسپاردە بۆ چاکترکردنی هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی ........ 105

6.4 هێڵکاریی ڕێگەچارە بۆ ئاریشەکانی سەرچاوە مرۆییەکان ........ 106
6.5 ئەگەری سیاسەت و هەڵسەنگاندنی کاریگەری و سودەکانیان: دەستی کار ........ 117
7.1 پێکهاتەکانی سیستەمەکانی زانیاریی تەندروستیی بە پشتبەستن بە چوارچێوەی HMN ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی ........ 125
7.2 سەرچاوەکانی داتا بۆ نیشاندەرەکانی تەندروستی، بە گوێرەی بوارەکان ........ 125
7.3 بواری ناوەرۆکی سستەمی چاودێری کردنی هۆکارەکانی مەترسی تەندروستی لە وولاتە یەکگرتووەکان ........ 129
7.4 هەندێک نیشاندەری پرۆسەی سیستمی زانیاریی تەندروستی ........ 132
7.5 نمونەی خشتەی MIS بۆ بەکارهێنانی نۆرینگە ........ 142
7.6 پوختەی نیشاندەرە پێشنیارکراوەکانی چاودێریی ڕێژەی مردن ........ 144
7.7 پوختەی نیشاندەرە پێشنیارکراوەکانی چاودێریی ڕێژەی نەخۆشکەوتن ........ 145
7.8 پوختەی نیشاندەرە پێشنیارکراوەکانی چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستیی ........ 152
7.9 بایەخ و جەدوای دەستپێشخەرییە پێشنیارکراوەکان: سیستەمەکانی زانیاریی تەندروستیی ........ 154
B.1 نیشاندەرەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی ........ 169
B.2 هەندێک ستراتیج بۆ پتەوکردنی کەرتی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی ........ 172

## پوختەی جێبەجێکراو

ئەم ڕاپۆرتە بریتییە لە ئەنجامی چالاکییەکانی ماوەی یەک ساڵ لێکۆڵینەوە لەسەر داوای (حکومەتی هەرێمی کوردستان) بۆ شیکردنەوەی سیستمی ئێستای تەندروستی، پێشکەشکردنی ڕاسپاردە بۆ چاکتر بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە مەبەستی باشترکردنی کواڵیتی، دابینکردن، کارایی، و چوستیی (چاودێریی سەرەتایی)، و بۆ پێناسەکردنی ئاستەنگەکانی هاوچەرخکردنی سیستمی دارایی ئێستای خزمەتگوزاریی تەندروستی،لە هەرێمی کوردستان.

### شێوازی پیادەکراو:

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ستافی ڕەند پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی هەرێمی کوردستان و زانیاری پەیوەندداربە (چاودێریی سەرەتایی/یەکەمیی) ی کرد. ژمارەیەکی زۆر چاوپێکەوتنی لەگەڵ بڕیاربەدەستان، کارمەندانی پزیشکی و تەندروستی، نەخۆشەکان، و بەرپرسانی حکومی ساز کرد، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و تێگەیشتن لە ئەولەوییاتەکانیان، و سەرجەم داتاکانی پەیوەست بە سەرچاوەکان، خزمەتگوزارییەکان، و بارودۆخ تەندروستی کۆکردەوە و شیکردەوە.

بە بەکارهێنانی زانیاریی بەردەست، ئێمە لێکۆڵینەوەمان لە بەکارهێنانی هەنووکەیی خزمەتگوزارییەکان کرد، پێشبینی داواکاریمان کرد لەسەر خزمەتگوزارییەکە دوای پێنج ساڵ و دە ساڵ لە ئێستا، و ئەو سەرچاوانەمان هەژمار کرد کە پێویست دەبن لە ئایندەدا (قەرەوێڵە، دکتۆر، سەرپەرشتیار، ... هتد). ئێمە سوودمان لەم زانیارییانە وەرگرت بۆ دارشتنی پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان و دارشتنی چەند ڕێکارێک بۆ چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی (چاودێریی سەرەتایی/یەکەمیی، الرعاية الأولية، Primary Care)، دەستی کاری تەندروستی، و سیستمەکانی زانیاری، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی بواری دارایی تەندروستی. ئێمە لیستێکی تێروتەسەلمان دارشت بۆ ڕێکاری سیاسەتەکان، و لەگەڵ بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان و تیمی لێکۆڵینەوەکە تاوتوێمان کرد بۆ ئەوەی بە گوێرەی بایەخ و گونجاوێتییان ڕیزیان بکەین. ئنجا ئەم پێوەرانەمان بەکارهێنا بۆ دەستنیشانکردنی لیستێک لە هەرە گرنگترین ئەو ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستە لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێن.

### سیستمی ئێستای تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

سیستمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان چەند خاڵێکی ئەرێنی هەیە:

- *دابینکردنی* خزمەتگوزارییەکە نایابە. زۆربەی خەڵک تەنێ 30 خولەک دوورن لە جۆرێک لە جۆرەکانی بنکەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی یەکەمیی (بنکەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی سەرەتایی/ مراكز الرعاية الاولية، primary health care center (PHC)، لە دەرەوەی شارەکان (لە ناوچە دوورەکان) تا دێت نەخۆشخانە و خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتن زیاتر دەبێت.
- *کۆی ژمارەی دەستگا تەندروستییەکان لەبارە*. سەرجەم پارێزگاکان نەخۆشخانەی گشتیی حکومی، نەخۆشخانەی فریاکەوتن، نەخۆشخانەی منداڵانیان هەیە، (بنکە تەندروستییەکان، PHC) زۆربەی خزمەتگوزارییە چاودێریی سەرەتایی دابین دەکەن.

- دابینکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی (*Health care provider*) شارەزان و پابەندن بە تەندروستیی نەخۆشەوە. هەندێک لە باشترین دکتۆرەکانی عێراق کۆچیان کردووە بۆ هەرێمی کوردستان.
- پابەندێتی (التزام) ی ڕابەرانی سیستمی تەندروستی زۆر بەهێزە، و چەند ئامانج و ئەولەوییەتێکی ستراتیجییان داڕشتووە بۆ چاکترکردن.

سیستمی چاودێریی سەرەتایی تەندروستیی (The primary health care system) لە هەرێم ئەم خاڵە نەرێنییانەی هەیە:


- ژمارەی ئەو بنکە تەندروستییانەی دکتۆریان هەیە و دابەشکردنی بنکە تەندروستییەکان (PHC) و ستافی پزیشکی بە باشترین شێوە نییە. ژمارەی بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (کە بە لای کەمەوە یەک پزیشکی تێدایە) دەکەوێتە خوار ئاستی ستانداردی نێودەوڵەتییەوە. هەندێک کەمتر لە 30 لە سەتی بنکە تەندروستییەکان (249 بنکە لە کۆی 847 بنکەی تەندروستی) بە لای کەمەوە یەک دکتۆری تێدایە، ئەو 598 دەستگایەی دەمێنێتەوە نییانە. ئەو خزمەتگوزارییانەی لە هەر جۆرێک لە دەستگاکان پێشکەش دەکرێت ستاندارد نییە، شێوازی ڕاپۆرتنووسین ستاندارد نییە. دەستگاکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی بە یەکترییەوە نەبەستراونەتە و تۆڕبەند نەکراون، ڕەوانەکردن (الاحالة، referrals) ی نەخۆش ڕێکوپێک نییە.
- کواڵیتی و چەندایەتیی (چاودێریی سەرەتایی) جۆراوجۆرە. کواڵیتییەکە بە شێوەیەکی سیستماتیکی پێوانە (قیاس) ناکرێت، و زۆربەی کارمەندان مەشقیان لەسەر شێوازەکانی چاکترکردنی کواڵیتی نەبینیوە. زۆر بەرپرسی تەندروستی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەتوانرێت کار لەسەر چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکانی (بنکەکانی تەندروستیی بنچینەیی) بکرێت.
- دابەشکردنی دکتۆرەکان بە شێوەیەکی ناڕێکەێکوپێکە و ماوەی کارکردنیان زۆرە، وەک پێویست سوود لە پەرستیارەکان وەرناگیرێت و مەشقی گونجاویان بۆ دابین ناکرێت. ژمارە و دابەشکردنی ستافی پزیشکی بە شێوەیەکی نموونەیی نییە، بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان/ناوچە دوورەکان. زۆر پزیشکی بواری گشتیی (ممارس عام، general practitioner) ی (بنکە تەندروستییەکان) نە دەخرێنە ژێر سەرپەرشتی و نە ڕاهێنان دەبینن، زۆربەی دکتۆرەکان تەنێ بەیانیان دەوام دەکەن، باقی ڕۆژەکە دەچنە کلینک (نۆرینگە، عیادە) ی تایبەتی خۆیان. پێناسەی پیشەیی (کارنامە، Job descriptions) و پێوەری توانستی کارمەندان لە ئارادا نییە، و مەشق بە ژمارەیەکی کەم لە بەڕێوەبەرانی خزمەتگوزاری تەندروستی دەکرێت.
- (سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی) بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەکارناهێنرێن بۆ پشتگیریی کردن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، یان بۆ بەڕێوەبردنی سیستمەکە. کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا بە شێوەیەکی ستاندارد نین، و بە شێوەیەکی باش و تەواو سوود لە تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر وەرناگیرێت. پێویستە سیستمەکانی داتا زیاتر بکرێن و ئەو سیستمانەی ئێستا بەش ناکەن، داتاکان وەک پێویست لە کاتی خۆیاندا لەبەردەست نین، بە شێوەیەکی ئاسایی داتا لە هەموو ئاستە پێویستەکاندا بەکارناهێنرێت. (تۆماری نەخۆش) لە بنکەکانی ئەمبولاتۆری لە ئارادا نییە.
- بە شێوەیەکی گشتیی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە بودجەی حکومەت دەدرێت، و سیستمی دارایی هیچ حەوافزێکی تێدا نییە بۆ هاندانی چوستی (الکفاءة، efficiency). ژمارەیەکی ئێجگار کەم بیمەی تایبەتیان هەیە.

*سیستمێکی خزمەتگوزاریی* کە جەخت *بخاتە سەر چاودێریی سەرەتایی* (خزمەتگوزاریی بنچینەیی، چاودێریی یەکەمی) ڕێگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆش دەکات چەندین ئاستەنگی لەم جۆرە چارەسەر بکات. مۆدێلێکی نموونەیی بریتییە لە سیستمێکی خزمەتگوزاریی هەمەلایەن و گشتگیر کە لە ئاستێکی گونجاودا خزمەتگوزارییەکان دابین بکات، حەوافز بخاتە پێش نەخۆشەکان هەوڵ بدەن لە کۆمەڵگەکەدا بە شوێن فریاگوزاریی بەپەلە و هی تردا بگەڕێن، و زانیاریی تەندروستی لە هەموو ئاستەکاندا بە یەکتری دەگەیەنێت. ئەو سیستمانەی گەیاندن کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەموو ئاستەکاندا بە یەکتری دەگەیەنن کواڵیتییەکی بەرزی خزمەتگوزاری دابین دەکەن و دەرەنجامی کلینکیی (نۆرینگەیی، عیادی) باشتر دەستەبەر دەکەن، خەرجی تێچووش کەمتر دەبێت.

## ئایندەی دابینکردن (عرض، Supply) و بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

بۆ مەزەندەکردنی ئەو سەرچاوانەی پێویستن، تیمی ڕەند چەند مۆدێلێکی داڕشت بۆ پێشبینیکردنی دابینکاری (عرض، supply) و داواکاری (طلب، demand) ی ئایندەیی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان، یەکەم مۆدێل بریتی بوو لە (حاڵەتی بنەڕەتی)، مۆدێلی حاڵەتی بنەڕەتیی (الحالة الاساسية) لەسەر ئەو مەزەندەیە داڕێژراوە کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و کڵێشەکانی بەکارهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی وەک ئێستا دەمێننەوە و تا 2020 ناگۆڕێن. ئنجا چەند سیناریۆیەکی جۆراوجۆرمان داڕشت، گریمانەکانی ئەم مۆدێلەمان گۆڕی بە گوێرەی ئەو بۆشایی و کەلێنەی لە نێوان دابینکردن (عرض) و پێداویستییەکان (الاحتياجات، needs) هەیە(شێوەی S.1).

**شێوەی S.1**
**پلانی داڕشتنی مۆدیلەکە بە گشتی**




**مەزەندەکردنی داواکاری (طلب، Demand) لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی: حاڵەتی بنەڕەتی**

ئێمە لە بەراییدا پێشبینی دابینکاری و بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیمان بۆ 2015 و 2020 کرد، لەم بارەدا (واتە باری بنەڕەتی) زیادبوونی دانیشتوان بە شێوەیەکی مامناوەندییە و بە گوێرەی ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی هەرێمە لەم چەند ساڵەی دواییدا (3 لە سەت زیادبوونی ساڵانە لە نێوان 2010 و 2020)، لەم حاڵەتدا گریمانی ئەوەمان کردووە کە کڵێشەکانی دابینکردن و بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی وەک خۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێت. خشتەی S.1 بریتییە لە زیادبوونی بڕی سەرچاوە پێویستەکان بە گوێرەی ئەم هەلومەرجانە.

**مەزەندەکردنی داواکاری لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی: سێ سیناریۆ بۆ ئایندە**

ئنجا ئێمە مەزەندەی ئەوەمان کرد چۆن سەرچاوەی زیاتر پێویست دەبێت کاتێک گریمانەکان بگۆڕین (بڕوانە خشتەی S.2)، بە جەختکردنەوە لەسەر سێ نیشاندەری بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەر پارێزگایەک:

- کۆی مانەوەی نەخۆش لە نەخۆشخانە
- کۆی سەردانکردنی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن
- کۆی ژمارەی سەردانی نەخۆشەکانی دەرەوە (نەخۆشی دەرەوە واتە ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە نامێننەوە)

**سیناریۆی 1** مەزەندەی ئەوە دەکات ژمارەی دانیشتوان بە خێرایی زیاد بکات لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئابووریی نەوت، ساڵانە ژمارەی کارمەندانی بیانی لەناو وڵات بە نزیکەی 2.4 لە سەت زیاد دەکات، کە زۆربەیان کوڕی گەنجن. زیادبوونی ژمارەی کۆچکردووان دەبێتە مایەی زیادبوونی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوان بە تێکڕای 4.8 لە سەت لە

**خشتەی S.1**
**دەستی کار و ژمارەی قەرەوێڵەی پێویست – پێشبینیکراو، حاڵەتی بنەڕەتی (الحالة الاساسية، Base Case)**

| سەرچاوەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی | 2015 | 2020 |
|---|---|---|
| قەرەوێڵەی خەستەخانە | +1,343 | +2,574 |
| دکتۆر | +1,070 | +2,097 |
| پەرستیار | +1,681 | +3,325 |
| دانساز | +126 | +246 |
| عدد الصيادلة | +82 | +151 |

**خشتەی S.2**
**پوختەی گۆڕانکارییە پێشبینیکراوەکان بۆ سەرچاوەی پێویست لە 2020 بۆ هەر سیناریۆیەک، بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتی بنەڕەتی**

| سیناریۆ | مانەوە لە نەخۆشخانە | سەردانی فریاکەوتن | سەردانی نەخۆشی دەرەوە |
|---|---|---|---|
| زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە خێرایی | 28.2% | 74.2% | 7.9% |
| چاکتربوونی (چاودێریی سەرەتایی) (لای کەمی مەزەندە) | –1% | –20% | 20% |
| گەشەی کەرتی تایبەتی تەندروستی (لای کەمی مەزەندە) | 2.0% | 0% | 5.0% |
| گەشەی کەرتی تایبەتی تەندروستی (لای زۆری مەزەندە) | 10.0% | 0% | 20.0% |

نێوان 2010 و 2020، لە 2020 کۆی ژمارەی پێشبینیکراوی دانیشتوان دەگاتە نزیکەی 8.75. ئەم کرێکارە بیانییانە بە ڕێژەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە دەخەون و خزمەتگوزاریی فریاکەوتن بەکاردەهێنن، ژمارەیەکی کەمیش وەک نەخۆشی دەرەوە سەردانی نەخۆشخانەکان دەکەن و لە نەخۆشخانەکان نامێننەوە. لەم سیناریۆیەدا تا 2020 ڕێژەی خەوتن (مانەوە) لە نەخۆشخانە بە ڕێژەی 28 لە سەت زیاد دەکات بە بەراورد لەگەڵ (حاڵەتی بنەڕەتیی)، و ڕێژەی سوود وەرگرتن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بە نزیکەی 74 لە سەت زیاد دەکات، و ڕێژەی نەخۆشی دەرەوە (ئەو نەخۆشانەی دەچنە نەخۆشخانە بەڵام نامێننەوە) بە ڕێژەی 8 لە سەت زیاد دەکات.

**سینداریۆی 2** مەزەندەی ئەوە دەکات کە چاودێریی سەرەتایی (خزمەتگوزاریی بنچینەیی، الرعاية الاولية) بەرەوپێش چووە، واتە ژمارەیەکی کەمتر حاڵەتی خەواندن (مانەوە) لە نەخۆشخانە ڕوودەدات لەبەر ئەو خزمەتگوزارییەی لە دەستگاکانی ئەمبولاتۆری (مرافق حراكية ، ambulatory facilities) پێشکەش دەکرێن، بەم شێوەیە نەخۆشی دەرەوە زیاتر نەخۆشخانە بەکاردەهێنن، و نەخۆشخانەی فریاکەوتن کەمتر بەکاردەهێنرێت. بە گوێرەی ئەم مەزەندانە مانەوە لە نەخۆشخانە بۆ نەخۆشیی درێژخایەن (مزمن) بە ڕێژەی 20 لە سەت کەم دەبێتەوە، و سەردانی نەخۆشەکانی دەرەوە بە ڕێژەی 20 لە سەت زیاد دەکات، ڕێژەی بەکارهێنانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنیش 20 لە سەت کەمتر دەبێتەوە.

**سیناریۆی 3** مەزەندەی ئەوە دەکات کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بەرفراوان ببێت. دەرەنجامی ئەم مەزەندەیە بریتییە لە زیادبوونی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە ( 2 تا 10 لە سەت ژمارەی نەخۆشەکانی ناوەوە (واتە ئەو نەخۆشانەی لەناو نەخۆشخانە دەمێننەوە) زیاد دەکات، 5 تا 20 لە سەت ژمارەی نەخۆشەکانی دەرەوە (واتە ئەو نەخۆشانەی دەچنە نەخۆشخانە بەڵام نامێننەوە) زیاد دەکات، و هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی فریاکەوتن).

لەو مۆدیلانەوە ئێمە گەیشتین بەم سەرەنجامانە:

- بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە ئاییندەدا پشت دەبەستێت بە ژمارەی دانیشتوان
- پێویستە وەبەرهێنانێکی مەزن لە بواری تەندروستی (پزیشکەکان، نەخۆشەکان، و بنکە تەندروستییەکان) بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی داواکاری (طلب، Demand) لەسەر خزمەتگوزاریی پێشبینیکراو.
- ئەگەر چاودێریی سەرەتایی (خزمەتگوزاریی سەرەتایی/بنچینەیی، الرعاية الاولية) باشتر بێت، ئەوسا کەمتر نەخۆش لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و کەمتر ژووری فریاکەوتن بەکاردەهێنرێت
- گەشەی کەرتی تایبەتی تەندروستی دەبێتە مایەی زیاتر بەکارهێنانی سیستمەکە لە زۆربەی بوارەکاندا.

## سیستمی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی

وەزیری پلاندانان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە ڕەند (RAND) کرد پێداچوونەوەی ڕەوتە بنەڕەتییەکانی (داراییکردن (تەمویل) ی خزمەتگوزاری تەندروستی) بکات بۆ داڕشتنی نەخشەڕێگایەک بە مەبەستی هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنی سیاسەتێک لەم بوارەدا. ئێمە (1) پێداچوونەوەی (داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی) و ڕەوت و ئاڕاستە گشتییەکانیمان کرد، (2) لێکۆڵینەوەمان لە چۆنیەتی کاری دەوڵەتانی تر کرد لە بواری سیستمی داراییدا، (3) پرۆفایلێکی گشتییمان داڕشت بۆ سیستمی دارایی ئێستای هەرێمی کوردستان، و (4) ئەو پرسانەمان دیاریکرد کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر بکات بۆ دانانی سیستمی ئاییندەی دارایی.

دارایی بواری تەندروستی بریتییە لە پرۆسەی پرسازی (تعبئة، mobilizing) و تەرخانکردنی پارە بۆ داپۆشین (تغطية، cover) ی پێداویستییە تەندروستییەکانی دانیشتوانەکە، وەک تاکەکەس و وەک کۆمەڵگە. مەبەست لە دارایی تەندروستی بریتییە لە دابینکردنی دارایی و فەراهەمکردنی حەوافزی دروست بۆ ئەوەی هەموو کەس دەستیان بە تەندروستیی گشتیی و کەسیی بگات.

دارایی بواری تەندروستیی هیچ وڵاتێک بە تەواوەتی لە هی وڵاتێکی تر ناچێت، چونکە ئامانجەکان، بارودخۆی فەرهەنگی، و ڕەوشی تەندروستی هەر وڵاتێک لە وڵاتێکی تر جیاوازە. ئەگەر سیستمی دارایی تەندروستی هەر شێوەیەک بێت و هەر ڕەوتێک پیادە بکات، بەڵام هەر پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بداتەوە:

- کێ شایستەیە بۆ داپۆشین (تغطية، coverage) ی بواری تەندروستی؟
- کام خزمەتگوزاریی دادەپۆشرێت؟
- سەرچاوەی پارەی ئەم خزمەتگوزارییانە چییە؟
- چۆن داراییەکان کۆدەکرێنەوە؟
- چۆن پارە دەدرێت بە خزمەتگوزاری پێشکەشکراو؟

زۆربەی سیستمەکانی دارایی یەکێک لەو پێنج جۆرە سەرەکییەی (سیستمەکانی دارایی تەندروستیی) پیادە دەکات کە لە شێوەی S.2 پیشاندراوە. جۆری سیستمی وڵاتەکە پشت دەبەستێت بە چەند فاکتەرێک، وەک سیستمەکانی داتا، توانای کۆکردنەوەی باج، دەستی کاریی گشتیی، ژمارەی دکتۆرەکان، ئاستی خوێندەواریی دانیشتوانەکە، و پێشکەوتوویی سیستمەکانی بانک و بیمە (insurance). بە نزیکەیی سیستمی هەموو وڵاتێک سیستمێکی ئاوێتە یە.
(سیستمی دارایی تەندروستی) هەر وڵاتێک بریتییە لە توخمێکی پڕبایەخی (سیستمی تەندروستی) ی وڵاتەکە. سیستمی دارایی بوار بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەی پێویست دەڕەخسێنێت بە شێوەیەکی ڕەوا بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریی پێویست و باش پێشکەشی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە بکرێت. سیستمی دارایی بریتییە لە پێناسەکردنی ئەو قەرەبوو (تعويض، compensation) ەی کە دابینکارەکان وەریدەگرن، و حەوافزی تێدایە بۆ جەختکردنەوە لە چوستی (كفاءة، efficeincy) و کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان. سیستمەکە هەروەها ڕەنگدانەوەی بەها فەرهەنگی و ئابوورییەکانی وڵاتەکەیە.
بە شێوەیەکی گشتیی سیستمی ئێستای خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کوردستان بریتییە لە سیستمی بودجەی گشتیی. سستەمێکی هاوشێوە هەموو عێراقییەکان دەگرێتەوە، و ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە بنکەی چاودێریی سەرەتایی و نەخۆشخانە و دەستگای تری تەندروستیی پێشکەش دەکرێت. هەندێک خزمەتگوزاریی لە لایەن نەخۆشخانەی تایبەتیی و لە لایەن پزیشکانەوە لە کلینیکی تایبەت پێشکەش دەکرێن.
پارەی زۆربەی خزمەتگوزارییەکان لە بودجەی گشتیی دەدرێت (حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگاکان، یان بەغداد)، پارەی دکتۆری تایبەت و نەخۆشخانەی تایبەت لە لایەن تاکەکەسەوە دەدرێت. بە تیۆر، حکومەت هەردوو کەرتی تەندروستیی گشتیی و تایبەت بەڕێوە دەبات. بیمەی تایبەتی وەک ئەوەیە هەر نەبێت. ژمارەیەکی ئێجگار کەم هاو-پارەدان (تغطية مشتركة،مشاركة في التسديد/الأجر، Co-pay) لە ئارادایە. نرخەکان بە خێرایی بەرز دەبنەوە، هەروەک چۆن خەرجی چارەسەرکردن لە هەندەران بە خێرایی بەرز دەبێتەوە. ئەم سیستمە حەوافزێکی کەمی تێدایە بۆ چوستی، جۆری، یان کۆنترۆڵی نرخ.

**شێوەی S.2**
**سیستمە سەرەکییەکانی دارایی کەرتی تەندروستی**




RAND *MG1148-S.2*

لە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا داتا، سیستمەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری، و شارەزایی پێشکەوتووی بواری بەڕێوەبردن وەک پێویست لە ئارادا نین کە بتوانن بە سەرکەوتوویی سیستمێکی بەڕێوەبردن هەڵسوڕێنن کە جەخت لە حەوافز بکاتەوە، وەک بیمەی کۆمەڵایەتی یان پلانە نیشتمانییەکانی تەندروستی. پێش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بە سەرکەوتوویی دەست بە جاکسازی بکات، پێویستە ئەم مەرجانە دابین بکات. لەگەڵ ئەمەشدا، هەرێمی کوردستان بە خێرایی گەشە دەسەنێت، ڕەنگە لە ئاییندەیەکی نزیکدا بتوانێت هەنگاو بەرەو دامەزراندنی ئەو سیستمانەی دارایی تەندروستی بنێت کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بودجە نابەستن. پلانی ورد و بەربژارکردن بە شێوەیەکی دانا دەبێتە مایەی گەیشتن بە دەرەنجامی وڵاتانی دەوڵەمەند بە نرخێکی زۆر کەمتر.

بۆ وردبوونەوە لە ڕێکارەکانی سیستمی دارایی، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند ڕەهەندێکی ئەو پێنج پرسیارە سەرەکییەی سەرەوە تاوتوێ بکات و کاریان لەسەر بکات. ڕەهەندەکان ئەمانەی خوارەوەن.

**کێ شایستەی داپۆشین (ڕووماڵ، تغطیة، coverage) ی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانە؟**

- ئایا ئەوانەی خەڵکی کوردستان و عێراق نین هەمان ئەو سوود (مزایا، استحقاقات، benefits) انەی بواری تەندروستی دەیانگرێتەوە کە هاووڵاتیانی کوردستان هەیانە، ئەگەر وایە، ئایا هەمان بڕی پارە دەدەن؟
- ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق *پلانی جیاوازیی داراییان* هەیە کە *سوودەکانیان جیاواز بێت*؟ ئەگەر وایە، چۆن سوودەکان ڕێکدەخرێن؟
- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان شایستەیی (الاهلیة، الاستحقاق، eligibility) بەڕێوە دەبات و ساخ دەکاتەوە (بۆ نموونە، دەرکردنی ناسنامەی بیمە –کارتی بیمە-، insurance identification card)؟

**ئەو خزمەتگوزارییانە کامانەن کە دادەپۆشرێن؟**

- ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن و ئەوانەی داناپۆشرێن کامانەن؟
- ئەو پرۆسەیە کامەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنێت بۆ بڕیاردان لەسەر داپۆشین؟
- چۆن لیستی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دادەپۆشرێن نوێ (update) دەکرێتەوە بۆ تەکنەلۆجیا نوێیەکان؟
- چۆن خەرجی چارەسەری ئەو خزمەتگوزارییانە کە لە هەرێمی کوردستان دەست ناکەون دارایی دەکرێت؟

**سەرچاوەی داراییەکان بۆ دانەوەی پارەی خزمەتگوزارییەکان چییە؟**

- بڕ (مقدار) ی چەند لە داهاتی نیشتمانی تەرخان دەکرێت بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی؟
- کێ ئەرکی دابینکردنی سەرچاوەکان لە ئەستۆ دەگرێت: حکومەت (حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پارێزگا)، تاکەکەس، و/یان کۆمپانیا؟
- بڕی هاوبەشی کردن لە پارەدان و ڕێژەی لێبراوەکان چەند دەبێت، ئایا بە پێی جۆری خزمەتگوزاریەکە دەگۆڕێن؟
- چۆن ئەو خزمەتگوزاریانە کە بۆ هەژاران دابینکراوە دارایی دەکرێت؟
- ئەوانەی نیشتەجێی کوردستان نین چەند پارە بدەن لە بەرامبەر چارەسەر؟

**چۆن دارییەکان کۆدەکرێنەوە؟**

- ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی بودجەی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوە، یان بەرەو هەندێک جۆری بیمە هەنگاو دەنێت؟
- ئەگەر حکومەتی هەرێم هەوڵ بۆ سیستمێکی بیمە بدات، ئایا سەر بە کەرتی گشتی دەبێت یان سەر بە کەرتی تایبەت، خۆویستانە دەبێت یان بەزۆر (ناچارەکی)؟
- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداد سیستمەکان پێکەوە ڕێک دەخەن و هەماهەنگیان دەکەن؟

**شێوازی پارەدانەکە چۆن دەبێت؟**

- چ میکانیزمێک دادەنرێت بۆ پرۆسەکە و هەروەها بۆ پارەدان بە خزمەتگوزارییەکان و بە کارمەندەکان؟
- ئایا پاداشت دادەنرێت لەناو سیستمەکەدا بۆ هاندانی چوستی (کفاءة، efficiency) و ئاستی بەرهەمهێنان؟
- ڕێژەی پارەدانەکە بۆ خزمەتگوزارییەکان چەند دەبێت؟

- ئایا سیستمێکی (پارەدانی پێشبینی کراو، متوقع، prospective) بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی هاندانی چوستی؟
- ئایا پێویستە پارەدانەکە ببەسترێتەوە بە توانستی یان ئاستی ئەو کۆشش (جهد، effort)ەی کە دابینکارەکە یان نەخۆشخانەکە دەیکات؟

لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەوەی ئاخۆ کام سیستمی دارایی تەندروستی باشترین سیستمە بۆ هەرێمی کوردستان، شایانی سەرنجە خەرجکردنی پارەیەکی زۆر لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی گەرەنتی نییە بۆ ئەوەی دەرەنجامە تەندروستییەکان باش دەبن. بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە 7000 دۆلار سەرف دەکات بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی هەر کەسێک – زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر. بەڵام لە کۆریا، کە نزیکەی 1500 دۆلار سەرف دەکات بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هەر سەرێک، تێکرای پێشبینیکراوی ژیان (تەمەن) بەرزترە وەک لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە چەند وڵاتێکی تریش هەر تێکرای پێشبینیکراوی ژیان بەرزترە ئەگەرچی ئەو پارەیەی کەسێک لەسەر خزمەتگوزارییەکە خەرجی دەکات کەمترە، وەک کوبا، یابان، ئیسپانیا، فەرەنسا، سویسرا، کەنەدا، نەرویج، دانیمارک، و شانشینی یەکگرتوو. زۆر فاکتەری تر هەیە بێجگە لە فاکتەری خەرجییەکانی تەندروستی کە کار دەکەنە سەر تێکرای پێشبینیکراوی ژیان (تەمەن)، بەڵام کاریگەری هەرە بنچینەیی بریتییە لەو شێوازەی وڵاتان بۆ ڕێکخستن و پێدانی پارەی تەرخانکراو کە بۆ بواری تەندروستی پیادەی دەکەن.

بڕیاردان لەسەر دامەزارندنی سیستمێکی دارایی تەندروستی و دامەزراندنی ئەم سیستمە بابەتێکی ئاڵۆز و ئەرک و پێداویستییەکی گەورەیە. بۆ ئەوەی سیاسەتی باش دابڕێژرێت، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەی سەرجەم سیاسەتەکان و رێکارەکان بکات، بە تایبەت جەخت بخاتە سەر ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

- چ زانیاریەکی سەرەتایی کە بۆ بەڕێوەبردنی هەر سیستمێک لەو سیستمانە پێویستە؟
- چ کردارێک پێویستە ئێستا بگیرێتەبەر بۆ چاکترکردنی چوستی (کفاءة، efficiency) و کۆنترۆڵکردنی خەرجییەکان (کولفە)؟
- ئەو حەوافزانە کامانەیە کە پێویستە لە سیستمەکە دابنرێت بۆ جەختکردنەوە لە کواڵیتیی بایەخپێدانی تەندروستی بۆ سەرجەم هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان؟

هەروەها پێویستە پلانێکی دارایی ستراتیجیی بۆ بواری تەندروستی دابڕێژرێت و کارنامەیەک دابنرێت بۆ جێبەجێکردنی. سیستمی دارایی بریتییە لە بەردی بناغە بۆ کارکردنی ڕێکوپێک و کارای سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها بۆ گەشەپێدانی هەرێمەکە و تەندروستیی خەڵکەکە.

## چاکترکردنی (چاودێریی سەرەتایی/چاودێریی یەکەمی)

چاودێریی سەرەتایی (هەروەها پێی دەگوترێت چاودێریی یەکەمیی، خزمەتگوزاریی بنچینەیی، الرعاية الأولية، Primary care) بریتییە لە بەردی بناغەی سەرکەوتنی سیستمی مۆدێرنی خزمەتگوزاریی تەندروستی. (چاودێریی سەرەتایی) بریتییە لە پارسەنگی ڕێکخستنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ڕێی دابینکردنی پەیوەندییەکی بەردەوامی نێوان نەخۆش-نۆرینگەکار بە مەبەستی گەیاندنی زۆرترین خزمەتگوزاری، هەروەها (چاودێریی سەرەتایی) ڕێچکەیەکە بەرەو سەرچاوەی تری خزمەتگوزاریی. لەبەرئەوەی چاکترکردنی چاودێرییە سەرەتاییەکان ئێجگار پڕبایەخە بۆ جەختکردنەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان دەژین، جێی سەرسوڕمان نییە کە وەزیری تەندروستی و بڕیاربەدەستی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێشینەیەکی یەکەم دایدەنێن.

بۆ کارکردن لەسەر ئەم ئەولەوییەتە، ئێمە لێکۆڵینەوەمان لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی (چاودێریی سەرەتایی) کرد، لەگەڵ پێداویستییەکانی کارمەندانی تەندروستی و سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی. چاکترکردنی ئەم بوارانە دەبێتە مایەی پتەوکردن و بەهێزکردنی سەرجەم (سیستمی چاودێریی تەندروستی، health care system) لە هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا، و هەروەها بەرەو ئایندە. بۆ ئەنجامدانی چاکترکردن و بەرەوپێشبردن، دەتوانرێت سوود لە نەریتی نایابی پزیشکیی کوردستان وەربگیرێت، هاوکات خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەرفراوان، و هاوچەرخ بکرێن.

بە گوێرەی ئەو شیکردنەوەیەی ئێمە ئەنجامماندا بۆ سیستمی ئێستا، و لەژێر تیشکی تاوتوێ لەگەڵ بەرپرسان و سەرکردەکانی بواری تەندروستی، و بنەما سەرەکییەکانی (چاودێریی سەرەتایی سەدەی بیست و یەکەم) ی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) (WHO) و ئینستوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پزیشکایەتی (IOM)، تیمی ڕەند لە سێ بواردا چەندین ڕاسپاردەی دارشت بۆ چاکترکردنی (سیستمی چاودێریی سەرەتایی، نظام الرعاية الاولية، primary care system) ی لە هەرێمی کوردستان: (1) ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دەزگا و خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی)، (2) کارمەندانی تەندروستی (دەستی کاری بواری تەندروستی)، و (3) سیستمەکانی زانیاریی بواری تەندروستی.

**ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دەستگا و خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی)**

شێوازی ئێستای ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی سیستمی (چاودێریی سەرەتایی) هەندێک خاڵی ئەرینی گرنگی هەیە، کە دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت و بکرێن بە بناغە. هاوکات، هەندێک ئاستەنگ ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە پێویستە چارەسەر بکرێن بە مەبەستی چاکترکردنی چوستی، بەردەوامیی، و کواڵیتیی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی). ئەمەی خوارەوە بریتییە لە سێ دەستپێشخەریی سەرەکی بۆ چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبەردنی خزمەتگوزارییەکان و دەستگاکانی (چاودێریی سەرەتایی):

- دابەشکردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک
- داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ ڕەوانەکردن (إحالة، referral) و درێژەدان بە بایەخپێدان (Care)
- داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ درێژەدان بە چاکترکردنی کواڵیتی (CQI)

**دابەشکردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و کارا.** جۆر و قەبارە و شوێنی نەخۆشخانەکان بە گشتیی بە شێوەیەکی ستانداردن لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان. بەڵام بنکە تەندروستییەکان (بنکە تەندروستییەکانی چاودێریی سەرەتایی، مراكز الرعاية الصحية الاولية، (PHCs)) کەمتر ستانداردن، ژمارەی بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (ئەوانەی دکتۆری لێیە) لە ئاستی ستانداردی عێراق و نێودەوڵەتی کەمترە. یاسای عێراق باسی چەند جۆرێکی بنکەی تەندروستی دەکات (بە گوێرەی ڕیزبەندی ئەلف و بێ ڕیز کراون، أ تا د) و هەندێک پێوەری داناوە بۆ: ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی دادەپۆشرێن، ژێرخانی بیناسازی، و ستافی هەر جۆرێک لەم دەستگایانە، بەڵام ئاشکرایە ئەم پێوەرانە بە شێوەیەکی سیستماتیکی و وەک یەک پیادە نەکراون لە هەرێمی کوردستان.

بە گوێرەی کارەکان، سیستمی (چاودێریی سەرەتایی) لە هەرێمی کوردستان دوو ئاست (بنکەی تەندروستی) ی هەیە:

- *بنکەی سەرەکیی تەندروستیی (جۆرەکانی أ، ب، ج)*- بە گشتی بنکە سەرەکییەکان خزمەتی 5000 تا 10000 کەس دەکەن و بە لای کەمەوە یەک پزیشک دەوامی تێدا دەکات. لە بنکەی سەرەکییدا سەرجەم خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکرێن. بنکەی جۆری (ب) هەروەها وەک بنکەی مەشقی تەندروستی و هاوکارانی پزیشکان سوودی لێ وەردەگیرێت، لە بنکەی جۆری ج حاڵەتی نائاڵۆزی لەدایکبوونی منداڵیش ئەنجام دەدرێت، هەروەها نەشتەرگەریی فریاکەوتنی پزیشکی و نەشتەرگەری تێدا ئەنجام دەدرێت.
- *لقی بنکەی تەندروستی/بنکەی تەندروستیی لاوەکیی (جۆری د)*- بە گشتیی ئەم جۆرە بنکەیە خزمەتی تا 5000 سەر دانیشتوان دەکات، و پەرستیارێکی نێرینە دەوامی تیدا دەکات، لەگەڵ پەرستیارێکی مێینە، و یاریدەدەرێکی پزیشکی. خزمەتگوزاریی سادەی دایکایەتی و تەندروستی منداڵ، کوتان، و تیمار و چارەسەریی سادە پێشکەش دەکات.

بەرپرسانی تەندروستی ئاماژەیان بەوە کرد کە مەرج نیە بنکە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی گونجاو دابەش کرابن، و بە شێوەیەکی سیستماتیکی بەپێی بنەماکان ڕێکنەخراون، و نەخراونەتە ژێر چاودێری بە گوێرەی پێوەرەکانی وەک جۆر، قەبارەی دانیشتوان، ئاستی کارمەندان، و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکەن. بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) لە هەرێمی کوردستان پێشکەش دەکرێن، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نییە. پسپۆڕان هەروەها پسپۆڕان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە بەڕێوەبردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بخرێتە ناو چەپکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) چونکە نزیکەی سێ چارەکی ئەو بارانەی مردن کە دەتوانرێت ژیان تیایاندا رزگار بکرێت – لەناویدا بەشێکی زۆر لە حاڵەتەکانی مردن لە هەرێمی کوردستان- دەگەڕێنەوە بۆ فاکتەری ئاکار (ڕەفتار) ی تەندروستی و ژینگەیی، وەک پارێزی کردن (جۆری خواردن)، وەرزش و راهێنان، جگەرە کێشان، و خواردنەوەی ئەلکهول. ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە دەتوانرێت هەر یەکێک لەم حاڵەتانە بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکرێتەوە لە ڕێی ڕۆشنبیریی جەماوەریی و دەستپێشخەریی تری شێوازی خۆپارێزی.

پێویستە ئامانجێکی سەرەکی لە کوردستان بریتی بێت لە گۆڕینی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) بە شێوەیەک کە هەمەلایەنتر بێت، زیاتر لەیەکچوو (ستاندارد) بێت، و گشتگیر (بۆ هەمووان) بێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان ستانداردی دانەناوە بۆ شوێنەکانی گردبوونەوە (شوێنی گردکردنەوە، شوێنی دیاریکراو، المنطقة السكانية المحددة، catchment areas)، تەرخانکردنی ستاف، و ئاستەنگەکانی پێش چوستیی خزمەتگوزارییەکان و چاکترکردنی سیستماتیکی. ئەگەر ئەم ستانداردانە بە شێوەیەکی سیستماتیکی پیادە نەکرێن، ئەوسا ئامانجەکانی

دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هەمووان و خزمەتگوزاریی کواڵیتی بەرز نایەتە دی. مەرجێکی سەرەکی بۆ چاکترکردنی کواڵیتی و چوستیی خزمەتگوزارییەکان و ئاستی بەرهەمهێنانی کارمەندان بریتییە لە دانانی ستاندارد بۆ مەودای خزمەتگوزارییەکان لە هەر ئاستێک لە ئاستەکان. بۆیە، ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین دەستبەجێ بایەخ بدرێت بە (أ) ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی ئاستەکە، (ب) جەختکردنەوە لەوەی دەستگاکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئامێر و کەرەستە و ستافیان بۆ دابین بکرێت و بتوانن هەموو خزمەتگوزارییەکانی ئاستەکەیان دابین بکەن، و (ج) جەختکردنەوە لە کواڵیتی ئەو خزمەتگوزارییانە.

ئامانج لە دابەشکردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی (چاودێریی سەرەتایی) بە شێوەیەک کە هەموو تاکێک دەستی پێبگات، بایەخ بە نەخۆش بدەن، تەواوکەری یەکتری بن، کارا بن و پێداویستییەکانی سەدەی بیست و یەکەمی دانیشتوانی کوردستان دابین بکەن. بە ڕەچاوکردنی ئەم ئامانجانە، ئێمە پێشنیاری شەش ستراتیج دەکەین بۆ چاکترکردنی دابەشکردنی کارای دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان، هاوکات پێویستە هێندە خۆگونجێن (مرن) بن کە هەلومەرجە خۆجێیە جۆراوجۆرەکان تیایاندا ڕەنگبداتەوە:

- *پێناسەکردنی ڕێکوپێکی مەودای ئەو خزمەتگوزارییانەی لە عیادەکانی کەرتی گشتیی پێشکەش دەکرێن*
- *ڕێکخستنی سیستمی نوێ و سیستمی ئێستای بنکە تەندروستییەکان بە گوێرەی سیستمێکی تۆڕبەندی سێ ئاست و ستاندارد*
- داڕشتنی پلانێک بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی ستانداردەکان لە هەر جۆرێکی دەستگاکاندا
- بەرفراوانکردنی گەیاندن و کواڵیتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ڕێی تێلیمیدیسن (پزیشکایەتیی لە دوورەوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری)
- بەرفراوانکردنی چالاکییەکانی خوێندن و پەروەردەی تەندروستی لە نۆرینگەکان و خوێندنگەکان
- داڕشتنی پلانی هەڵمەتی ئاشناکردن و ڕۆشنبیریی جەماوەریی بە مەبەستی هاندانی ئاکاری سەلامەت و تەندروست.

سەرجەم ئەم ڕاسپاردانە ئێجگار پڕبایەخن. بەڵام، پێدەچێت دوو دانەی یەکەم هەرە گرنگترین بن و بتوانرێت لە ئایندەی نزیکدا پیادە بکرێن.

**داڕشتن و پیادەکردنی سیستمێک بۆ [ڕەوانەکردن (تحویل، Referral) و درێژەدان بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی].** وەک ڕاپۆرتێکی سەرەکیی (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی) ئاشکرای دەکات، پێویستە دەروازەی دەستپێک (خاڵی دەستپێکردن، ئەو خاڵە/شوێنەی یەکەمجار نەخۆش سەردانی دەکات بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی تەندروستی، نقطة الدخول) ێکی ڕێکوپێک هەبێت بۆ نەخۆشەکان بۆ چوونە ناو سیستمی تەندروستی، پێویستە (خاڵی دەستپێک) پەیوەندییەکی بەردەوامی هەبێت لەگەڵ تیمی دابینکردنی (چاودێریی سەرەتایی، الرعایة الاولیة)) (WHO, 2008b). (درێژەدان بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی) واتە دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ نەخۆش بە شێوەیەکی پچڕ-پچڕ نییە (بەش-بەش نییە)، هەروەها پێویست ناکات نەخۆشەکە بۆ هەموو خزمەتگوزارییەکی تەندروستی لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە یان بچێت سەردانی پسپۆڕ/اختصاصی بکات. بە شێوەیەکی نموونەیی، نابێت لە کاتی ڕەوانەکردنی نەخۆشدا زانیاریی ون ببێت یان پەیوەندی لە نێوان دابینکارەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بپچڕێت. خزمەتگوزاریی کارا پشت بە درێژەپێدان (بەردەوامێتی) دەبەستێت، نەوەک تەنێ خزمەتگوزاریی تەندروستی گشتیی، بەڵام هەروەها بەڕێوەبردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، تەندروستیی منداڵبوون/دووگیانێتی، تەندروستیی هزری، (گەشەی تەندروستیی منداڵ) یش دەگرێتەوە. کۆمەڵگەی خزمەتگوزارییش هەروەها پێویستی بەوەیە سیستمەکە هێندەی بکرێت ئاسان بێت و نەخۆشەکان بتوانن بە ئاسانی بەکاری بهێنن.

لە ئێستادا، هیچ سیستمێک لە هەرێمی کوردستان نییە کە خاڵێکی ڕێکوپێکی (خاڵی دەستپێک) بێت بۆ نەخۆشەکان بۆ ناو سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی – بۆ نموونە، دابینکارێکی (چاودێریی سەرەتایی) یان تیمێکی (چاودێریی سەرەتایی). بە هەمان شێوە، شێوازێکی دامەزراو و چەسپاو نییە بۆ پەیوەندی نێوان دابینکارێک و ڕاوێژکارێک کاتێک دابینکارێک حاڵەتێک ڕەوانە دەکات بۆ لای پسپۆڕێکی ڕاوێژکاری (اختصاصي استشاري). ئەم دوو پێکهێنەرەی بەردەوامێتیی (درێژەپێدانی خزمەتگوزاریی تەندروستی) ئێجگار پڕبایەخن بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامی باشتری تەندروستی و کەمکردنەوەی کولفە.

ئامانجی (سیستمی ڕەوانەکردن و درێژەدان بە خزمەتگوزاری) بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی لە کاتی گونجاوی خۆیدا خزمەتگوزارییەکانی دابین بکرێت بۆ نەخۆشەکان و بە گوێرەی هەرە گونجاوترین ڕێوشوێن ئەنجام بدرێت و هەماهەنگییەکی باش بکرێت لە نێوان ئاستەکانی خزمەتگوزارییەکان و دابینکارەکان. پێویستە ئەو نەخۆشانەی ڕەوانە دەکرێن بۆ لای پسپۆڕەکان (اخصائییەکان) یان بۆ نەخۆشخانەکان بتوانن بگەڕێنەوە بۆ لای کلینیکی یەکەم –"home clinic" یان دابینکارە ئەسڵییەکە بۆ بەدواداچوون (متابعة) ی بەردەوام. بە شێوەیەکی نموونەیی، ئەمە مانای ئەوەیە پێویستە نەخۆش بتوانێت لە هەموو سەردانێکدا هەمان دابینکار، یاخود هەمان تیمی دابینکار، ببینێت، و ڕەوانەکردن لە نێوان پسپۆڕەکە و دابینکارە بنەڕەتییەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و هەماهەنگ بێت.

سیستمێکی لەم جۆرە پێویستی بەوەیە خزمەتگوزارییەکی ئاست-بەرز لە ئارادا بێت لە هەر ئاستێک لە ئاستەکانی خزمەتگوزارییدا. هەروەها، پێویستە بە لای کەمەوە سەرجەم دابینکارەکان دەستیان بگات بە (تۆماری تەندروستی) ی نەخۆشەکە بۆ ئەوەی ئاگادار بن لە ئەنجامەکانی تاقیگە و پشکنینەکان، و سەرچاوەکان بە فیرۆ نەدەن بە دووبارەکردنەوەی هەندێک پرۆسە و کردەی پزیشکییەوە. (تۆماری ئەلیکترۆنیی تەندروستی) تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگە خۆش دەکات بۆ (ڕەوانەکردن –احالة- و درێژەدان بە خزمەتگوزاریی)، بەڵام ئەمانە تاکە شێوازێک نین بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە. ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا چوار ڕاسپاردە پێشکەش دەکەین بۆ چاکترکردنی (ڕەوانەکردن و درێژەدان بە خزمەتگوزاریی):

- *داڕشتن و پیادەکردنی سیستمێک بۆ ڕەوانەکردنی نەخۆش*
- لێکۆڵینەوە لە گونجاوێتی و سەرکەوتوویی شێوازی تەرخانکردنی (شوێنی کۆکردنەوەی دانیشتوان) و "کلینکی یەکەم، home clinic" و "دابینکاری چاودێریی سەرەتایی" بۆ سەرجەم دانیشتووان.
- دەستکردن بە هەنگاوەکانی بەرایی گواستنەوە بەرەو (تۆماری ئەلیکترۆنیی نەخۆش) لە سەرجەم ئاستەکاندا لە سەرتاسەری هەرێم، بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی (ڕەوانەکردن و درێژەدان بە خزمەتگوزاریی)
- ئاشناکردنی جەماوەر بەو خزمەتگوزارییانەی لە ئارادایە، و چۆن ئەو خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنرێن، لەگەڵ بابەتی ڕەوانەکردن بۆ (ناوچەکانی کۆکردنەوە) و بۆ شوێنی تر.

سەرجەم ئەم ڕاسپاردانە ڕەبایەخن، بەڵام زەحمەتە لە ئاییندەیەکی نزیکدا لە یەک کاتدا کار لەسەر هەموویان بکرێت. پێدەچێت یەکەم ڕاسپاردەی سەرەوە هەرە گرنگترین ڕاسپاردە بێت و تا ڕادەیەک دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

**داڕشتن و پیادەکردنی بەرنامەیەک بۆ (بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی، تحسين الجودة المستمر، Continuous Quality Improvement).** (ئینستوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پزیشکایەتی، 2005) (IOM) شەش خەسڵەتی دیاریکردووە بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی ئاست-بەرز، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییش باسی حەوت دانە دەکات:

1. *سەلامەتیی (السلامة، Safety):* ڕێگەنەدان بە ڕوودانی برینداربوونی نەخۆش لە ئەنجامی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەشیان دەکرێت بۆ یارمەتیدانیان.
2. *کارایی (الفعالية، Effectiveness):* دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی مەعریفەی زانستی (بە پشتبەستن بە بەڵگە) بۆ سەرجەم سوودمەندان، و دوورکەوتنەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ئەوانەی ڕەنگە سوودی لێ وەرنەگرن (کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی و کەمرۆیی).
3. *جەختکردنەوە لە نەخۆش:* دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شیوەیەک کە تایبەت بێت و بەرسڤ بێت بۆ خەسڵەتەکان و پێویستییەکان و بەهاکانی کەسە نەخۆشەکە، و جەختکردنەوە لەوەی ڕەچاوی بەهاکانی نەخۆشەکە بکرێت لە بڕیارەکانی نۆرینگەییدا)
4. *کاتبەندی:* دوورکەوتنەوە لە چاوەڕوانی و دواکەوتن و دواخستن (تأخير)، دواخستن زیان بە دابینکارەکانیش و وەرگری خزمەتگوزارییەکانیش دەگەیەنێت.
5. *چوستی (الكفاءة، Efficiency):* دوورکەوتنەوە لە بەفیرۆدانی کەلوپەل و کەرەستە و ئامێر و بیرۆکە و وزە.
6. *یەکسانی (المساواة، Equity):* پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە شێوەیەک کە جیاواز نەبێت لەبەر خەسلەتە کەسییەکان وەک جێندەر، نەتەوە، شوێنی جوگرافی، و ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری
7. *دابینکردن (الايصال، Access):* خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هەموو کەسێکی هەرێمەکە دابین بکرێت. بە شێوەیەکی گونجاو دەستگاکان دابەش بکرێن و مەودای گونجاوی خزمەتگوزاریی دابین بکەن، دانیشتوانەکە ئاشنا بن بەو خزمەتگوزارییانەی بەردەستن و بتوانن بگەنە ئەو شوێنانە و بتوانن کولفەکەی لە ئەستۆ بگرن.

تا ئێستا هیچ بەرنامەیەکی چەسپاو و گەورە لە ئارادا نییە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستای دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان، و وەرگرتنی وانە و پەند لە هەر کێشەیەک کە سەرهەڵبدات، یان گۆڕانکاری پێویست ئەنجام بدرێت یان حەوافزی پێویست دابنرێت لە سیستمەکە بۆ هاندانی کواڵیتی. ئەم چالاکییانە بریتین لە دڵی (بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی/درێژەدان بە چاکترکردنی کواڵیتی)، کە توخمێکی بنەڕەتییە لە خزمەتگوزاریی کارا.

ئامانجی (بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی/ درێژەدان بە چاکترکردنی کواڵیتی) بریتییە لە بەردەوام هاوکاریکردنی سیستمەکان و پسپۆڕانی تەندروستی بۆ چاکترکردنی کواڵیتیی دابینکردن و دەرەنجامەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ڕێی دەستگەیشتن بە مەعریفە و ئامرازی کارا. مەرجێکی بنەڕەتیی بۆ (چاکترکردنی بەردەوامی کواڵیتی) بریتییە لە داڕشتنی ستانداردی کاری کلینکی بە شێوەیەک کە چوونیەک (ستاندارد) بێت و پشت بە بەڵگە ببەستێت. لەم ڕاپۆرتەدا ئێمە پێشنیاری شەش دەستپێشخەری دەکەین بۆ (بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی):

- *داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلەکانی بەڕێوەبردنی نۆرینگە، پشتئەستوور بە بەڵگە، لە دەستگاکانی ئەمبولاتۆری (مرافق حراكية، ambulatory facilities).*
- *پێناسەکردن و بەرفراوانکردنی مەودای سەلامەتی کار و مومارەسەری پەرستیارەکان لە دەستگاکانی ئەمبولاتۆری.*
- یەکخستنی فۆرمی ستانداردی بینینی نەخۆش (بۆ نموونە چێک لیست، checklists) بۆ ئاسانکردنی (پرۆتۆکۆلەکانی بەڕێوەبردنی کلینیک) لە (بنکە تەندروستییەکان) لە سەرجەم ئاستەکاندا.
- دەستنیشانکردن و تاقیکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی چوستی (كفاءة، efficiency) ی بۆ چاکترکردنی وەرگرتن و چارەسەرکردنی نەخۆش
- داڕشتن و پیادەکردنی ڕووپێو (ڕووماڵ، مسح) ی ورد سەبارەت بە ڕەزامەندی کلایەنت و ستاف لە بنکە تەندروستییەکان.
- دەستکردن بە لێکۆڵینەوە لە گونجاوێتی ئەگەری وەرگرتنی ئیعتماد (بروایێدان، accreditation) لە ئاستی ناوچەکە و ئاستی نێودەوڵەتی بۆ خزمەتگوزارییەکانی ئەمبولاتۆری و دەستگاکانی نەخۆشی ناوەوە.

پێویستە لە سەرجەم ئاستەکانی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا کار لەسەر (بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی) بکرێت، بەڵام دەستنیشانکردنی تەواوی دەستپێشخەرییەکان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی لەو جۆرە لە هەرێمی کوردستان کات دەخایەنێت. لە ماوەی کورتخایەنیدا، ئەو دوو دەستپێشخەرییەی یەکەم بریتین لە هەرە پربایەخترین و گونجاوترین دەستپێشخەری، و پێدەچێت تا ڕادەیەک بتوانرێت پیادە بکرێن. بەم شێوەیە، دەشێت بە ئەولەوییەت دابنرێن بۆ ماوەی کورتخایەن.

**کاربەدەستانی تەندروستی (دەستی کاری بواری تەندروستی)**

چەندین لێکۆڵینەوە ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە قەبارە و خەسڵەتەکانی کاربەدەستانی پیشەی تەندروستی پەیوەستن بە دەرەنجامەکانی تەندروستییەوە. ئامادەکردنی کارمەندانی تەندروستی – وەک دکتۆر، پەرستیار، کارمەندانی ئاستی مامناوەندیی تەندروستی، و هی تر – لە لایەک پێویستی بە پلاندانانی وردە و لە لایەکی تر پێویستی بە وەبەرهێنانی ستراتیجییە لە بواری پەروەردەدا، بۆ کارکردن لەسەر پێشینەکان سیستمی تەندروستیی. پاش ئەوەی مەشق بە کارمەندانی تەندروستی دەکرێت، پێویستە بە باشی بەڕێوە ببرێن (واتە، چاودێرییکردنی کارمەندان نۆرینگەییەکان، و بەردەوام هێشتنەوەی ئەو کارمەندانەی و نۆژەنکردنەوەیان). بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە پێویستی بە داڕشتنی سیاسەت و دەستپێشخەرییە.

عێراق مێژوویەکی هەیە لە خزمەتگوزاریی نایابیی پزیشکیی و مەشق. هەندێک لە باشترین پزیشکەکانی عێراق لەم دواییەدا کۆچیان کردووە بۆ هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی سیستمی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی داخورانێکی بەرچاو بۆوە لە سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێندا، بەڵام لە 1991 ەوە ڕەوشەکە بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە. دەستی کاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین خاڵی ئەرێنییە، بەڵام هێشتا چەندین بواری گرنگی قەبارە و شایستەیی پێویستی بە بایەخپێدان و بەرەوپێشبردنە. بۆ نموونە، ژمارەی دکتۆر لە هەرێمی کوردستان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ زۆر وڵاتی تری ناوچەکە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان. دکتۆرەکان ژمارەیان کەمە و وەک پێویست مەشقیان پێناکرێت، هەروەها دابەشکردنیان نارێکە (بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان)، و ژمارەی کاتژمێرەکانی دەوامکردنیش ناڕێکوپێکە.

لە هەرێمی کوردستان خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆریی کەرتی گشتیی تا ڕادەیەکی زۆر تەنێ پشت دەبەستێت بە یەک ساڵ خزمەتی ئیلزامی دکتۆری تازە دەرچووی مومارەسەی عام، پاش ئەوەی ساڵێک یان دوو ساڵ مەشقی کلینکی (نیشتەجێ) ی دوای خوێندن تەواو دەکەن. ئەم خزمەتە ئیلزامییە بە یەک ساڵی مەشقی فەرمیی نۆرینگەیی دانانرێت. لە ماوەی ئەم ساڵەدا، ئەم دکتۆرانە هیچ ڕاهێنان و ڕاوێژێک نابینن، سەرپەرشتیان ناکرێت، و هیچ پشتگیرییەکی گەشەپێدانی پیشەییان پێشکەش ناکرێت، بە شێوەیەکی سنووردار دەستیان دەگاتە سەرچاوەی پیشەیی، وەک ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی پسپۆڕان. وا باوە دکتۆرەکان بەیانیان خزمەتی نۆرینگەیی گشتیی پێشکەش بکەن و پاش نیوەڕۆش نەخۆشی تایبەت ببینن. هەموو ئەو دکتۆرانەی خوێندن و مەشقی کلینکی تەواو دەکەن، حکومەت دایاندەمەزرێنێت (و مووچە و خانەنیشینییان بۆ تەرخان دەکرێت)، بەڵام ئەو مووچەیەی لە بەرامبەر کارکردنیان لە کەرتی گشتیی وەریدەگرن مووچەیەکی کەمە، ئەمانە لە بینینی نەخۆشی تایبەت بڕێکی زیاتر داهات پەیدا دەکەن.

بە گوێرەی وتەی بەرپرسانی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرنجەکانی ئێمە، گیروگرفتەکانی بواری پەرستیارێتی و برینپێچی ئێجگار شلۆقن. ژمارەی پەرستیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ژمارەی هاووڵاتیان زیاترە لەوەی هەندێک وڵاتانی ناوچەکە بەڵام لە هەندێک وڵاتی تریش کەمترە. وەزارەتی تەندروستی ئاماژەی بەوە کرد کە ڕەنگە ژمارەی پەرستیاران لە کوردستان خۆی لەخۆیدا گرفتێکی هێندە شلۆق نەبێت وەک گرفتی دابەشکردنیان، کارزانییان و پسپۆڕێتییان لە سەرجەم ئاستەکاندا. وەزیری تەندروستی و زۆربەی بەرپرسانی تری تەندروستی کە ئێمە

گفتوگۆمان لەگەڵ کردن بە تایبەتی نیگەرانن لەوەی پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراو لە ئارادا نییە بۆ شارەزاییەکانی پەرستیاری، پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراو لە ئارادا نییە بۆ ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان، لە ئەنجامیشدا وەک پێویست سوود لە پەرستیاران وەرناگیرێت لە خزمەتگوزاریی کلینکییدا.

لە خوارەوە تاوتوێی دوو ستراتیج دەکەین بۆ چاکترکردنی دەستی کاری تەندروستی لە کوردستان:

- پتەوکردنی شارەزایی پیشەیی لە ڕێی خوێندن و مەشقەوە
- چاکترکردنی دابەشکردنی کارمەندانی تەندروستی، و چاکترکردنی ئەدایان لە ڕێی دەستپێشخەریی سەرچاوە مرۆییەکانەوە.

**پتەوکردنی شارەزایی پیشەیی لە ڕێی خوێندن و مەشقەوە.** دەستی کاری مەشقدیتە بریتییە لە دڵی هەموو سیستمێکی خزمەتگوزاریی تەندروستی. ژمارە و کواڵیتی کارمەندانی تەندروستی کاریگەریەکی بەرچاوی هەیە لەسەر هەموو دەرەنجامێکی تەندروستی، بەکارهێنانی سەرچاوەکانی بەردەست بە شێوەیەکی چوست و کارا پشت دەبەستێتی بە بڕیارەکانی کارمەندانی تەندروستییەوە. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە دەستی کار بە باشترین شێوە سەرچاوەکانی بەردەست بەکاردەهێنێت ئەگەر بە باشی مەشقیان پێکرێت و هان بدرێن. (ئینستوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پزیشکایەتی، IOM) (2005) پێشنیاری ئەوە دەکات ئەزموونی کرداری بخرێتە نێو خوێندن، ئەزموونی کرداری بوار بۆ نۆرینگەکاران دەڕەخسێنێت لە پێنج بواری سەرەکییدا شارەزا ببن: (1) بایەخپێدان و خزمەتگوزارییەک کە جەخت بخاتە سەر نەخۆش، (2) توانای کارکردن لەگەڵ تیمی پسپۆڕێتیی جۆراوجۆر (3) ،(interdisciplinary) پیادەکردنی پەیڕەوکاری پشتئەستوور بە بەڵگە، (4) چاکترکردنی جۆری، و (5) بەکارهێنانی زانیاری (المعلوماتية، informatics).

لەم ڕاپۆرتەدا ئێمە یازدە دەستپێشخەریی دیاریکراو پێشکەش دەکەین بۆ چاکترکردنی خوێندن و مەشقی پیشەیی:

- *دامەزراندنی لیژنەیەکی جێبەجێکاریی پسپۆڕ بۆ داڕشتن و چاودێریی پەیڕەوی نوێی خوێندن و مەشق، بۆ داڕشتنی پێوەرەکانی ڕێپێدان و بنەماکانی پێدانەوە/ساخکردنەوەی بڕوانامە، دامەزراندنی قوتابیان لە سەرجەم پیشە پزیشکییەکان، و بەڕێوەبردنی دابینکردنی کارمەندانی پزیشکی بۆ پڕکردنەوەی ئەو داواکارییەی پێشبینی دەکرێت بۆ ئایندە.*
- *دامەزراندنی قوتابیانی پزیشکی و پەرستیاریی دەرەوەی شارەکان وەک شێوازێک بۆ ڕاکێشانی پسپۆڕان بۆ خزمەتی بەردەوام لە دەرەوەی شارەکان*
- *دانانی (چاودێریی سەرەتایی، الرعاية الاولية) لە مەنهەجی کۆلیژ و پەیمانگەکانی پزیشکی و پەرستیاریی.*
- *زیاترکردنی بواری کارکردنی پزیشکی بوارە گشتییەکان لە ماوەی ئەو ساڵەی کە بە ناچاری لە بنکەکانی تەندروستی خزمەت دەکەن، لە ڕێی دابینکردنی پاداشت و هۆکاری هاندەر بۆ خزمەتکردن لە دەرەوەی شارەکان لەگەڵ دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی.*
- باشترکردنی پرۆفایلی (پزیشکیی خێزان، فامیلی میدیسن) وەک بناغەیەک بۆ خزمەتگوزاریی هاوچەرخی پزیشکی و خوێندنی پزیشکی.
- دانانی (چاودێریی سەرەتایی، الرعاية الاولية) بە نۆرە (ڕۆتەیشن) ی کلینکی کۆلیژ و پەیمانگەکانی پزیشکی و پەرستیاری
- باشترکردنی مەشق لەسەر شارەزاییە پەیڕەوکراو و کردارییەکان لە ماوەی خوێندن و مەشقی کۆلیژ و پەیمانگەکانی پزیشکی و پەرستیاری، ماوەی پەیڕەوکردن، ئەو ساڵەی لە شوێنە دوورەکان خزمەت دەکەن، و هەر مەشقێکی تری دوای خوێندن.
- تەواوکردنی دیزاین و جێبەجێکردنی مەنهەجی نوێی پەرستیاری، و خوێندن و مەشق لە هەر سێ ئاستەکەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان (زانکۆ، کۆلیژ، پەیمانگە).
- داڕشتن و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی سیستمی درێژەدانە بە خوێندنی ئیلزامی بۆ پیشەکانی پزیشکی، پەرستیاری، دانسازی و دەرمانسازی.
- داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ بڕوانامەی ڕێپێدان و ساخکردنەوەی پیشەکانی پزیشکی
- باشترکردنی مەشق و دروستکردنی ڕێچکەیەکی پیشەیی بۆ پسپۆڕانی (پزیشکیی خۆپارێزی/وقائی).

هەموو ئەم دەستپێشخەرییانە شێوازی بەهادارن بۆ چاکترکردنی شایستەیی و کارزانیی پیشەیی. بەڵام ڕەنگە چوار دانەی یەکەم هەرە گونجاوترین بن وەک ئەولەویەتیی کورت خایەن لەبەرئەوەی پڕبایەخن و دەتوانرێت جێبەجێ بکرێن.

**چاکترکردنی دابەشکردنی کارمەندەکان و ئەدایان لە ڕێی دەستپێشخەریی سەرچاوە مرۆییەکانەوە.** دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی، بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان (ناوچە دوورەکان)، گرفتێک نییە تایبەت بێت بە کوردستان. ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە کە لێکۆڵینەوەکان جەختێکی بەرچاویان لێکردووە. (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) باسی چەند فاکتەرێک دەکات کە کار دەکەنە سەر هەڵبژاردەی دکتۆرەکان، پەرستیارەکان و مامانەکان بۆ کارکردن لە دەرەوەی شارەکان. هەندێک فاکتەر هەن کارمەند ڕادەکێشن (بۆ نموونە درفەتی زیاتری دامەزراندن یان بەرەوپێشچوونی پیشەیی، داهات و دەرماڵەی زیاتر، هەلومەرجی باشتری ژیان و کارکردن، سەرپەرشتیی باشتر، و زۆر ژینگەی تری هاندەر بۆ کارمەند و خێزانەکانیان). هەندێک فاکتەری تر هەیە دەبنە مایەی دوورکەوتنەوەی کارمەندان لە کارکردن لە دەرەوەی شارەکان (بۆ نموونە، نادڵنیایی لە کار، ژینگەی هەژاری کۆمەڵایەتی و ئابووریی، ئاستی لاوازی ژیان و کارکردن، دەستگەیشتنی منداڵانی کارمەندەکان بە خوێندن ئاسان نییە، هەلی کاری گونجاو نییە بۆ هاوسەری کارمەندەکە، و ماندووبوونێکی زۆری تێدایە).

لەم ڕاپۆرتەدا ئێمە پێشنیاری شەش دەستپێشخەری دەکەین بۆ چاکترکردنی بەڕێوەبردنی کارمەندانی تەندروستی:

- *داڕشتن و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی شایستەیی و کارزانییە پێویستەکان و (وەسفی وەزیفیی) ی کارمەندی پسپۆڕ لە سەرجەم ئاستە پەیوەندادارەکاندا.*
- داڕشتنی پلانێک بۆ دابەشکردنی ستاف بە گوێرەی ئەو ستانداردانەی لە یاسادا دیاری کراوە بۆ هەر جۆرە دەستگایەک
- پێناسەکردن و جێبەجێکردنی سەرپەرشتییەکی سیستماتیکی و پشتگیریکار بۆ پزیشکەکان، پەرستیارەکان و کارمەندی تری تەندروستیی بنکە تەندروستییەکان، بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان.
- داڕشتنی حەوافزی گونجاو بۆ ڕاکێشانی دکتۆر و برینپێچ بۆ کارکردن (و مانەوە) لە ناوچە دوورەکان.
- زیاترکردنی فۆرمەکانی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئینتەرنێت، لەناویدا فۆرمی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ خوێندن، مەشق، دامەزراندن، بڕوانامەی ڕێپێدان، درێژەدان بە خوێندن، و بەڵگەنامەی تر.
- داڕشتن و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی ستراتیجی کەمکردنەوەی ساختەکاری لە پیشەی پزیشکیی تایبەت لە لایەن کەسانی ڕێپێنەدراو (بۆ نموونە، یاریدەدرێکی پزیشک ریکلام بۆ خۆی بکات وەک پزیشکی دابینکاری خزمەتگوزاریی)

هەموو ئەم دەستپێشخەرییانە دەتوانن بەڕێوەبردنی دەستی کاری تەندروستی باشتر بکەن. بەڵام یەکەم دانە زۆر پڕبایەخە و پێدەچێت بتوانرێت لە ماوەی کورتخایەنیدا جێبەجێ بکرێت.

**سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی**

سیستمە نوێیەکانی زانیاریی تەندروستی ئێجگار پڕبایەخن بۆ چاکترکردنی کواڵیتی و چوستی. سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی پشت دەبەستێت بە داتا بۆ بڕیاردان لەسەر وەبەرهێنان لە سیاسەت و بەرنامەکاندا و بۆ چاودێریکردنی جێبەجێ کردنیان. بە شێوەیەکی گشتیی، داتاکان دەگۆڕدرێن بۆ زانیاری ئەوتۆی گونجاو لە بوارەکانی مەودا، وردەکاری، کواڵیتی، و کاتبەندییەکەیان و بتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە سەرجەم ئاستەکاندا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک. (سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی، نظم المعلومات الادارية، Management information systems (MISs)) بوار دەڕەخسێنن بۆ چاودێریکردنی سەرچاوە و سامان و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، و بەکارهێنانی کلینک. (سیستمەکانی چاودێری و بەرسف) پشتگیری دەکەن لە چاودێریکردنی فاکتەرەکانی مەترسیی مردن، نەخۆشکەوتن (نەخۆشکەوتن (نەخۆشاوی، مراضة، morbidity))، و مەترسییە تەندروستییەکان. پیادەکردنی ئەم جۆرە سیستمانە پێویستی بە کارمەندی مەشقدیتە و ڕێوشوێنی ستاندارده لەسەر کۆکردنەوە، پرۆسەکردن، شیکردنەوە، و پێشکەشکردنی داتا. (تۆماری نەخۆش) توخمێکی سەرەکییە لە بەڕێوەبردنی دەستگاکانی (چاودێریی سەرەتایی، الرعاية الاولية) و بەردی بناغەیە بۆ ڕەوانەکردن (الاحالة) ی چوست و (درێژە/بەردەوامی ی چارەسەر و خزمەتگوزاریی).

ئاشکرایە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوادارن داتای لەم جۆرەیان هەبێت، بەڵام، "فەرهەنگێک بۆ کارکردن" – کە تێیدا کۆکردنەوە و پرۆسەکردن و شیکردنەوە و پێشکەشکردن و بەکارهێنانی داتا کارێکی ڕۆتینی و ئاسایی بێت و تا ڕادەیەک ئاسان بێت- هێشتا لە ئارادا نییە. ئەمەی خوارەوە بریتییە لە تاوتوێی دوو ستراتیجی بەرفراوان، تەریب لەگەڵ دوو جۆری بەرفراوان لە سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی:

- داڕشتن و جێبه‌جێکردنی (سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی تەندروستی)
- باشترکردنی (سیستەمەکانی چاودێری و بەرسف)

ئەم دوو سیستەمە خزمەتی بەڕێوەبەرەکان دەکەن له ئاستی هەرێم، پارێزگاکان، و شارۆچکە و ناحییەکان و ئێجگار پڕبایەخن، دەتوانرێت له ماوەیەکی کورتخایەندا ئەم چاکترکردن و بەرەوپێشچوونانە ئەنجام بدرێت چونکە ئێستا بناغەیەکی گرنگ له ئارادایە.

سێیەم جۆری سیستەمی داتا – تۆماری کلینکیی نەخۆش- بە شێوەیەکی سەرەکی سوودی بۆ دابینکارانی کلینیک (clinical providers) هەیە، هەروەها ئێجگار پڕبایەخە بۆ (چاودێریی سەرەتایی، الرعایة الاولیة). بەلام هێشتا بناغەی ئەم جۆرە سیستەمە له ئارادا نییە. پێویستە یەکێک له ئەولەوییاتەکان له ماوەیەکی کورتخایەندا بریتی بێت له کارکردن بۆ دانانی بەردی ئەم بناغەیە.

**داڕشتن و جێبەجێکردنی (سیستەمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن/کارگێڕیی) ی تەندروستی.** (سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی، نظم المعلومات الادارية، (Management information systems (MISs، سیستەمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن) ی تەندروستی بریتین له داتا دەربارەی سەرچاوەکانی تەندروستی (بۆ نموونە، دەستگاکان، ستافەکان و تەرخانکردنی ستاف، ئامێر، کەرەستە و کەلوپەل، و دەرمان) و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن، هەروەها بەکارهێنانی خزمەتگواریی تەندروستی (ژمارەی کلاینتەکان بە گوێرەی ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەش دەکرێت). (سیستەمەکانی زانیاریی کارگێریی) پشتگیری له بەڕێوەبردنی سەرچاوە تەندروستییەکان دەکەن و دەتوانن یارمەتیدەر بن له جەختکردنەوە له داپۆشین (تغطیە، تامین، coverage)، ئەدا، و چوستیی خزمەتگوزارییەکە. بۆ نموونە، ئەم سیستمانە دەتوانن هاوکاری بەڕێوەبەرەکان و بڕیاربەدەستان بکەن بۆ شوێنپێ هەڵگرتن و بەدواداچوونی دابەشکردنی دەستگاکان/خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بە مەبەستی جەختکردنەوە له داپۆشینی گونجاو و لەبار، گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان له دەستگا تەندروستییەکان، ژمارە و کارزانییەکانی ئەو کارمەندانەی تەندروستی کە ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکەن، ئامێر و کەرەستە و کەلوپەلەکانی دەستگا تەندروستییەکانی خۆپارێزی و تەشخیص (diagnostic)، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، ڕێژەی سەتیی ئەو هاوولاتیانەی له لایەن هەر خزمەتگوزارییەکەوە دادەپۆشرێت، بەکارهێنانی کارای کارمەندانی تەندروستی، ڕێژەی ئەو هاوولاتیانەی نیاز هەیە خزمەتگوزاریی خۆپارێزییان پێشکەش بکریت، و (ڕەوانەکردنی نەخۆش و درێژەدان بە خزمەتگوزاریی) له ئاستە جیاوازەکان و دابینکارانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

ئێمە لەم ڕاپۆرتەدا دوو ڕاسپاردەی سەرەکی پێشکەش دەکەین بۆ داڕشتن و گەشەپێدان و جێبەجێکردنی (سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی) ی تەندروستی، هەر یەکێکیان له چەندین توخم پێک دێت:

- *چاودێرییکردنی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی کلینیک*
- *چاودێرییکردنی بەکارهێنانی کلینیک*

پێدەچێت یەکەم ڕاسپاردە لەو دوو ڕاسپاردەیەی سەرەوە هەرە پربایەخترین و گونجاوترین بێت بۆ کارکردن لەسەری له ماوەیەکی کورتخایەندا. هەروەها پێدەچێت چاودێریکردنی بەکارهێنانی کلینیک زۆر گرنگ بێت و کەمێک زەحمەتتر بێت. هەردووکیان ڕۆڵی گەورەیان هەیە له باشترکردنی بەڕێوەبردن، و دواجاریش چاکترکردنی چوستی و کارایی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی).

**باشترکردنی سیستەمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە.** (چاودێریی تەندروستیی گشتیی) بریتییە له پرۆسەی کۆکردنەوە و دابەشکردنی داتای پەیوەست بە تەندروستی بە شێوەیەکی سیستماتیک بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئەنجامدانی کاری تەندروستیی گشتی و بەڕێوەبردنی بەردەوام. ئەم زانیاریانە فاکتەرەکان و ڕێژەی مردن، نەخۆشکەوتن، و مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشییە درمییەکان (گوازراوەکان) و نەگوازراوەکان و برینداربوون لەخۆدەگرن. هەندێک له خەسڵەتە ئەرێنییەکانی هەر سیستمێکی چاودێریی بریتییە له داپۆشینی بەرفراوان و نوێنەرایەتیکردن، داتای کواڵێتی-بەرز، و دابینکردنی زانیارییەکان له کاتی خۆیدا. سیستمی لەو جۆرە بوار دەڕەخسێنیت بۆ چاودێریی ڕەوتەکانی دەرەنجامی تەندروستی و فاکتەرەکانی مەترسی، دۆزینەوەی پێشهاتی تەندروستیی نائاسایی، و ئەنجامدانی کاری لەبار و گونجاو بۆ بەرسڤی پێشهاتی نائاسایی یان ڕەوتی نائاسایی. ئەنجامدانی کاری بەرپرسیارانە بە گوێرەی چاودێری پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاریی ئەوتۆیە کە بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ ئەنجامدانی کار، دەستنیشانکردنی قەبارەی گونجاوی دەستی کار و توانای شیکاریی (بە تایبەتی لەو بوارانەی کە زانستی ژمارە و ئاماریان بەسەردا پیادە دەکرێت)، و میکانیزم و ڕێوشوێنی بەرسڤدانەوە، و/یان ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زیاتر).

ئەم ڕاپۆرتە یازدە ستراتیج لەخۆ دەگرێت بۆ چاکترکردنی سیستمی چاودێری و بەرسف لە حکومەتی هەرێمی کوردستان:

- *دانانی بنەما و پێوەر بۆ ئەو نەخۆشی و بارودۆخانەی دەخرێنە ناو پرۆسەی چاودێریی ئاساییەوە*
- *دانانی ستاندارد بۆ فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا (چاودێری بە گوێرەی نیشاندەرەکان (المؤشرات، indicator)*
- *دامەزراندن و مەشقکردن بەو کارمەندانەی بەرپرسیار دەبن لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانی چاودێری*
- هەڵسەنگاندنی سیستمە هەنووکەییەکانی چاودێری بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لە ئاستی ناوچەیی تا دەگاتە ئاستی هەرێم
- دانانی ستاندارد بۆ سەرچاوەکانی زانیاریی چاودێری
- دانانی ستاندارد بۆ پرۆسەی ڕاپۆرتنووسین، لە ئاستی ناوچەییەوە تا دەگاتە ئاستی هەرێم
- دانانی ڕێوشوێن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک داتا پرۆسە بکرێت لە ئاستی پارێزگاکان و هەرێم
- داڕشتن و بڵاوکردنەوەی شیکردنەوەی ستانداردی زانیارییەکانی چاودێری لە سەرجەم ئاستە گونجاوەکاندا (شارۆچکە، پارێزگا، هەرێم)
- داڕشتن و پیادەکردنی سیستمێک بۆ (هۆشدارکردنەوە (ئاگادارکردنەوە، انذار، alert) ی دەستبەجێ) (چاودێریی پشتئەستوور بە پێشهات)
- داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی ستاندار بۆ وەڵامدانەوەی پێشهاتەکان
- چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستیی

ئەم ستراتیجانە بریتین لە بەرەوپێشچوونێکی دروست بەرەو چاکترکردنی چاودێری و بەرسف و ئێجگار پڕبایەخن لە بەدەستهێنانی ئامانجە گشتییەکە. بەڵام ڕەنگە پیشینە کورتخایەنەکان جەخت بخەنە سەر سێ ستراتیجی یەکەم، کە هەرە گرنگترینن و بۆ پیادەکردن گونجاوترینن.

### گۆشەنیگایەک بەرەو ئایندە

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەوپێشچوونی گەورەی ئەنجام داوە بەرەو چاکترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێم و تەندروستیی خەڵکەکەی. بەڵام دەکرێت لەوە زیاتر ئەنجام بدرێت، بە تایبەتی لە بواری چاکترکردنی کواڵیتی، چوستی، ڕێکخستن، بەڕێوەبردن، دەستی کار و سیستمەکانی زانیاری ئەم جۆرە دەستپێشخەریانە هەمیشە بەگرنگی دەمێننەوە کاتێک هەرێمی کوردستان لە ڕێڕەوی هاوچەرخکردن و تێکەڵ بوون بە جیهانی دەروە بەردەوام دەبێت.

## سوپاس و پێزانین

به پێویستی دەزانین ئەوپەڕی پێزانینی خۆمان دەرببڕین بۆ هاوکاری پڕبەهای سەرجەم خەڵکی هەرێمی کوردستان، کە ئێجگار هاوکار بوون بە درێژایی ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە. ئێمە بە تایبەتی سوپاسی سپۆنسەرکردن و ڕێنمایی دانایانەی ئەم کارە دەکەین لە لایەن وەزارەتی پلاندانانەوە، کە لەژێر سەرپەرشتی ئەوانەوە لێکۆڵینەوەکە ئەنجام دراوە، و بە تایبەتی سوپاسی وەزیری پلاندانان، دکتۆر عەلی سندی، دەکەین، بۆ ڕێنمایی و ڕاوێژە پڕبەهاکانی. ئێمە هەروەها زۆر سوودمان وەرگرت لە ڕاوێژ و سەرنج و بۆچوونی بەڕێز زاگرۆس فەتاح، بەڕێوەبەری گشتی هاوکاری و هەماهەنگی پەرەپێدان لە وەزارەتی پلاندانان. ئێمە خۆمان بە قەرزاری سەرجەم کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی دەزانین کە زۆر هاوکارییان کردین، بە تایبەتی دەمانەوێت سوپاسی وەزیری تەندروستی بکەین، دکتۆر تاهیر هەورامی، کە سەرنج و ڕێنمایی پڕبەهای پێدایین.

زۆر خەڵکی تر ئێجگار یاریدەدەر بوون بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە. سوپاسی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و سەرجەم ستافی وەزارەتی تەندروستی دەکەین – دکتۆر عەبدولا سەعید (بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی دهۆک)، دکتۆر خالید عەلی عەبدوڵلا (بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر)، دکتۆر ڕێکەوت ڕەشید (بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی)، دکتۆر جەمیل عەلی رەشید (بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری تەندروستی)، و دکتۆر ڤیان جاف (بەڕێوەبەری گشتیی پلاندانان). سوپاسی تایبەتیمان بۆ دکتۆر ئەمیر عومەر بۆ کارکردنی وەک ڕێکخەری سەرەکی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و دکتۆر ئیبتیهال مەرقۆس بۆ هاوکاریی پڕبەهای لە داینکردنی داتا.

هەروەها حەز دەکەین پێزانینی خۆمان دەربرین بۆ پێداچوونەوەی نایابی ئەم بەڵگەنامەیە لە لایەن دکتۆر لی هیلبۆرن، دکتۆر مارک فریدبێرگ، و خاتوون ڕۆبن مێیلی. سەرنجەکانیان کارەکەی ئێجگار چاکتر کرد. هەروەها پێویستە سوپاس و پێزانینی خۆمان دەربرین بۆ دکتۆر هیلبۆرن بۆ بابەتەکەی لەسەر سەلامەتیی نەخۆش کە لە (کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ چاکسازی و گەشەپیدانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان) لە شوباتی 2011 لە هەولێر پێشکەشی کرد، و لە پاشگری F دانراوە.

## کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ACSC | حاڵەتی هەستیار بۆ خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆری |
| ACT | چارەسەر بە ئاوێتەی ئارتیمیسنین |
| AHRQ | ئاژانسی لێکۆڵینەوە و کواڵیتیی تەندروستیی |
| ANC | خزمەتگوزاریی دایک لە ماوەی پێش-منداڵبوون |
| ARI | هەوکردنی سەختی کۆئەندامی هەناسە |
| B-EOC | چاودێریی سەرەتایی منداڵبوون |
| BRFSS | سیستمی چاودێریی فاکتەرە مەترسییەکانی ئاکار |
| CDC | بنکەی کۆنترۆڵی نەخۆشییەکان و خۆپارێزی |
| C-EOC | خزمەتگوزاریی هەمەلایەنی گشتگیر بۆ منداڵبوون |
| CHW | کارمەندی تەندروستیی کۆمەڵگەیی |
| CME | درێژەدان بە خوێندنی پزیشکیی |
| CMU | داپۆشینیی گشتیی تەندروستیی بۆ هەمووان (فەرەنسییە) |
| CNE | درێژەی خوێندنی پەرستیاری |
| CQI | بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی |
| DG | بەڕێوەبەری گشتیی |
| DMO | بەرپرس/کارمەندی پزیشکیی قەزا |
| DPT | ملەخڕێ و گزاز و کۆکەڕەشە-شاهوق، DPT3ئاماژەیە بە سێیەم دۆزی کوتانی DPT |
| DRG | (گروپی پەیوەست بە تەشخیس) |
| ED | نەخۆشخانە/بەش ی فریاکەوتن |
| EIS | بەرنامەی مەشق لەسەر نەخۆشیی پەتایی –وبائي- |

| | |
|---|---|
| EMT | کارمەندی تەکنیکی فریاکەوتنی پزیشکی |
| EPI | بەرنامەی بەرفراوانکراوی کوتان |
| ESR | خێرایی نیشتنی خرۆکە سوورەکان، ئی ئێس ئاڕ |
| GDP | کۆی بەرهەمهێنانی خۆجێی |
| GIS | سیستمی زانیاریی جوگرافی |
| GP | پزیشکی گشتیی، الممارس العام |
| HAS | دەستگای تەندروستی (فەرەنسییە) |
| Hgb | هیمۆگلۆبین |
| HF | دەستگای تەندروستی |
| HMO | ڕێکخراوی پاراستنی تەندروستی |
| HMN | ڕێکخراوی (تۆڕبەندی پێوانەکردنی تەندروستی) |
| ICD | پۆلێنی نێودەوڵەتیی نەخۆشییەکان |
| ICT | تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن |
| IEC | زانیاری، پەروەردە، و گەیاندن |
| IMCI | بەڕێوەبردنی هەمەلایەنەی نەخۆشییەکانی منداڵ |
| IMF | سندوقی پارەی نێودەوڵەتی |
| IOM | ئینستیتوتی پزیشکیی، ئینستیتوت ئۆف مێدیسین |
| IT | تەکنەلۆجیای زانیاری |
| KRG | حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| KRI | هەرێمی کوردستان - عێراق |
| KRSO | دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
| MD | پزیشک |
| MDG | ئامانجەکانی هەزارە بۆ گەشەسەندن |
| MIS | سیستمی زانیاریی بەڕێوەبردن/کارگێڕیی |
| MOH | وەزارەتی تەندروستی |
| MSA | ژمارەی پاشکەوتی پزیشکی |
| NGO | ڕێکخراوی ناحکومی |

| | |
|---|---|
| NHI | بیمەی تەندروستیی نیشتمانیی |
| NHS | خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی |
| NICE | ئینستیتوتی نیشتمانی بۆ نایابێتیی تەندروستی و نۆرینگە |
| NRI | ڕێژەی سروشتیی زیادبوون |
| OECD | ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەسەندن |
| OPD | نەخۆشخانە/بەشی نەخۆشی دەرەوە (ئەو نەخۆشەی لە نەخۆشخانە نامێنێتەوە) |
| ORS | خوێی دژە-وشکبوونەوە لە دەمەوە |
| ORT | چارەسەری وشکبوونەوە لە دەمەوە، دژە-وشکبوونەوە لە دەمەوە، ئۆ ئاڕ تی |
| PCT | سندوقی چاودێریی سەرەتایی |
| PHC | بنکەی تەندروستی (بنکەی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی/یەکەمی) |
| QHW | کارمەندی شایستە/کارزان ی تەندروستی |
| RTA | ڕووداوی هاتووچۆ |
| SARS | هەوکردنی سەختی سییەکان |
| SMC | بنکەی تایبەتمەندی پزیشکیی |
| SSK | دەستگای بیمەی کۆمەڵایەتیی (تورکییە) |
| TB | سیل |
| UAE | ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەب، ئیمارات |
| UNGA | ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان |
| USAID | ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی نێودەوڵەتی |
| WBC | خرۆکەی سپیی خوێن |
| WDI | نیشاندەرەکانی گەشەسەندنی جیهانیی |
| WHO | ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی |

# پێشەکی

لە کاتێکدا لە وڵاتانی سەرتاسەری جیهان لە ئەنجامی گەشەسەندنی ئابوورییەوە ئاستی ژیان بەرز دەبێتەوە، زۆر وڵات ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە هەوڵەکانیاندا بۆ هاوچەرخکردنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ بەرسڤی زیادبوونی پێداویستییە تەندروستییەکان، و سەرهەڵدانی باشترین نموونە و شێوازەکانی کارکردن. زیادبوونی پێداویستییە تەندروستییەکان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان و ڕەوشی تەندروستی، کە لە وڵاتانی تازە-گەشەسەندوو بریتییە لە ژمارەی زۆری لەدایکبوون و ژمارەی زۆری ڕێژەی مردن و تەشەنەسەندنی گرفتی تەندروستی (نەخۆشیی گواستراوە، بارودۆخی دایکایەتی و ماوەی لەدایکبوونی منداڵ) تا دەگاتە ژمارەی کەمی لەدایکبوون و ژمارەی کەمی ڕێژەی مردن لە وڵاتانی پیشەسازی (نەخۆشیی نەگوازراوە و برینداربوون). هاوکات، تەکنەلۆجیای نوێ و بایەخدان بە کواڵیتیی خزمەتگوزاریی تەندروستی پشتگیریان لە هەوڵەکانی هاوچەرخکردنی مومارەسەی پزیشکی و گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی کردووە.

هەرێمی کوردستان خاوەنی مێژوویەکی نایابی پزیشکایەتییە، کادری شایستە و سەرکردەی تەندروستیی خۆبەختکردووی هەیە لە سەرجەم ئاستەکاندا، و دەتوانن بەو شارەزایی و ئەزموونەی هەیانە هەرێمەکە بەرەو سەردەمێکی نوێ لە خزمەتگوزاریی تەندروستی ببەن. هەرچەندە لە سی ساڵی ڕابردوودا (چاودێریی سەرەتایی، الرعاية الاولية، چاودێریی یەکەمین، primary care) کۆڵەکەی دابینکردن و گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بووە لە سەرجەم جیهاندا، لەگەڵ ئەوەشدا (چاودێریی سەرەتایی) پاشماوەیەکی ڕابردوو نییە فڕێ بدرێت و شێوازی نوێ جێگەی بگرێتەوە. لە ڕاپۆرتێکی ساڵی 2008 ی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)دا، بە ناوی (چاودێریی سەرەتایی: ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی پێشووتر)، دکتۆر مارگرێت چان، بەڕێوەبەری گشتیی، جەختی لەوە کردۆتەوە کە "زانیارییەکانی جاڕنامەی Alma-Ata [ ی 1978، کە (چاودێریی سەرەتایی) بە مۆدیلێک داناوە بۆ سیاسەتی تەندروستیی جیهانیی] تاقی کراونتەوە و تا ئێستاش هەر ڕاست و دروستن" (WHO, 2008b, p.viii). (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) و ڕێکخراوی تر بڕوایان وایە کە سیستمێکی تەندروستی کە جەخت بخاتە سەر (چاودێریی سەرەتایی) باشترین چوارچێوەیە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەموو وڵات و ناوچەیەکی سەرتاسەری جیهان. ئەو کارانەی لێرەدا پێشنیار کراون سوود لە خاڵە ئەرێنییەکانی سیستمی تەندروستی ئێستای هەرێم دەبینن و هاوکات هاوچەرخی دەکەن بۆ ئەوەی بتوانێت وەڵامی پێداویستییە تەندروستییەکانی سەدەی بیستویەکەمی هاووڵاتیانی کورد بداتەوە، بە سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای مۆدێرن و باشترین نموونە پیادەکراوەکان.

دوای تاوتوێ بەراییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2008 داوای لە ڕەند (RAND) کرد لێکۆڵینەوە لەسەر چوار بوار ئەنجام بدات، یەکێکیان بریتی بوو لە خزمەتگوزاریی تەندروستیی. ئێمە ڕێککەوتین لێکۆڵینەوەکەمان جەخت بخاتە سەر (چاودێریی سەرەتایی). لە ئەنجامی پێشهاتەکاندا، دوایین گرێبەست ئیمزا نەکرا تا ئەو کاتەی حکومەت گۆڕا. لەژێر تیشکی گۆڕانی ئەولەوییەتەکاندا، ڕەند ڕازی بوو سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە (چاودێریی سەرەتایی)، پێداچوونەوەیەکی گشتیی ئەنجام بدات بۆ لایەنە سەرەکییەکانی (سیاسەتی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی) کە ببێت بە بناغە بۆ تاوتوێی ئایندە. پلانی کارەکە لە لایەک ڕەنگدانەوەی دانپێدانان بوو بە بایەخی خزمەتگوزاریی تەندروستی و لە لایەکی تر بە پێداویستبوونی دەستکردن بە بیرکردنەوە لە سیستمێکی هاوچەرختری دارایی. لەم ڕاپۆرتەدا ئێمە دەرەنجامی گەورە پێشکەش دەکەین لە هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئێستای سیستمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، وەسفی لایەنە سەرەکییەکانی مۆدیلێکی خزمەتگوزاری دەکەین، تیشک دەخەینە سەر پوختەی خەسڵەتە سەرەکییەکانی (چاودێریی سەرەتایی، الرعاية الاولية) لە سەردەمی نوێدا، ئەمەش لە چوارچێوەی مۆدیلێکی هەمەلایەنی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا، هەروەها تیشک دەخەینە سەر داواکاریی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی و پێداویستیەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاریی، و هەندێک دەستپێشخەریی پەیوەست بە سێ توخمە سەرەکییەکەی ژێرخانی (چاودێریی سەرەتایی، الرعاية الاولية) پێشکەش دەکەین: ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان، دەستی کار، و پشتگیری لە سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی.

## شێواز

ئێمە چەند شێوازێکی ستانداردمان بەکارهێنا بۆ لێکۆڵینەوەکە. یەکەم، پێداچوونەوەیەکی چڕوپڕی سەرجەم ئەدەبیاتی ناوەوە و دەرەوەی کوردستانمان کرد. ئەمە بریتی بوو لەو ئەدەبیاتەی توانیمان لە هەرێمی کوردستان پەیدای بکەین، هەروەها زانیاری پەیوەندیدار لەسەر (چاودێریی سەرەتایی، الرعایة الاولیة) و بابەتی تری جێی بایەخ. ئنجا سەردانی ژمارەیەکی زۆر بڕیاربەدەست، کارمەندی تەندروستی، نەخۆش، بەرپرسی حکومی، و کەسانی تری بواری تەندروستیمان کرد لە هەرێمی کوردستان و چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و تێگەیشتن لە ئەولەوییاتەکانیان. هەروەها هەموو داتایەکی ناوخۆمان کۆکردەوە کە پەیوەست بێت بە سەرچاوەکان، خزمەتگوزارییەکان، و بارودۆخی تەندروستی.

ئەگەرچی هەوڵی ئێمە سنووردار و بەرتەسک بوو، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو داتایەی لەبەردەست بوو، بەڵام شێوازی ساکارمان بەکارهێنا بۆ پێشبینی و ڕاڤەی داواکاری (طلب، demand) لەسەر خزمەتگوزارییەکان بۆ پێنج تا دە ساڵی داهاتوو. ئێمە ئەم خوێندنەوە و پێشبینییانە و کلێشەکانی بەکارهێنانی ئێستامان بەکارهێنا بۆ سەرژمێرکردنی سەرچاوە (قەرەوێڵە، دکتۆر، پەرستیار، هتد) ی پێویست بۆ ئاییندە. ئێمە هێندەی بکرێت سەیری سەرچاوەکانی بەردەستمان کرد بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوە بدەین لەسەر کەلێن و بۆشایی نێوان بەردەست (دابینکاری، العرض، supply) و داواکاری (الطلب، demand). ڕەوشی هەرێمی کوردستانمان بەراورد کرد لەگەڵ ڕەوشی چەند وڵاتێکی تری هەرێمی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بۆ ئەوەی باشتر تێبگەین لە پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لە ئاییندەدا. هەروەها نەخشەی (سیستمی زانیاریی جوگرافی، GIS (geographic information system))مان داڕشت بۆ شوێنی بنکە تەندروستییەکانی هەولێر، و تا ڕادەیەکی کەمتریش بۆ پارێزگاکانی تر، کە ئێمە هێندەی پێویست داتامان نەبوو لەسەریان.

هەروەها ئێمە شیکردنەوەی تێروتەسەلی سیاسەتمان کرد. بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی لەبەردەست بوون، و بە گوێرەی پێداویستییەکانی هەرێمەکە، لیستێک ڕێکارمان داڕشت بۆ چۆنیەتی چاکترکردنی (چاودێریی سەرەتایی)، کارکردن لەسەر کەمیی داتا، و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بابەتی دارایی تەندروستی. ئێمە لیستێک ڕێکاری سیاسەتمان پێشکەش کرد و تەکنیکی هەموارکراوی (دێلفی، Delphi) مان بەکارهێنا، ڕێکارەکان پاش تاوتوێی نێوان بڕیاربەدەستانی هەرێمی کوردستان و تیمی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی بایەخیان و بە گوێرەی گونجاوێتییان بۆ جێبەجێکردن بە ڕیز لە لیستێک ڕێک خران. ئەمە بواری بۆ ڕەخساندین چەند گۆڕانکارییەک هەڵبژێرین کە ئێمە زۆر بە گرنگیان دادەنێین بۆ جێبەجێکردن لە دوو ساڵی داهاتوودا.

## هێڵکاریی ئەم ڕاپۆرتە

ئەم ڕاپۆرتە بەم شێوەیەی خوارەوە داڕێژراوە:

- بەشی دوو بریتییە لە پوختەی دەرەنجامە سەرەکییەکانمان لەسەر سیستمی ئێستای تەندروستی لە کوردستان، و تیشک دەخاتە سەر مۆدیلێکی هەمەلایەن و گشتگیر بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی، و خەسڵەتە سەرەکییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) ی هاوچەرخ لەم بارودۆخەدا.
- بەشی سێ بریتییە لە شێواز و لە ئەنجامەکانی مۆدیلەکانی داواکاریی ئاییندەیی و پێداویستییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە گوێرەی سێ سیناریۆ – حاڵەتی بنچینەیی (الحالة الاساسیة، base case) و سێ سیناریۆ بۆ ئاییندە.
- بەشی چوار بریتییە لە پێداچوونەوەیەکی سیستمی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ئەو پرسیارانەی پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان بداتەوە لە هەنگاوەکانیدا بەرەو هاوچەرخکردنی سیستمی دارایی تەندروستی.
- بەشی پێنج بریتییە لە تاوتوێی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، و هەندێک دەستپێشخەریی لەخۆدەگرێت لەسەر (دابەشکردن و مەودای خزمەتگوزارییەکان)، (ڕەوانەکردن و درێژەدان بە خزمەتگوزاریی)، و (درێژەدان بە چاکترکردنی کواڵیتی).

- بەشی شەش بریتییە لە تاوتوێی خەسڵەتەکانی کارمەندانی تەندروستی و هەندێک ڕاسپاردەی تێدایە لەسەر خوێندن/مەشق و بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان.
- بەشی حەوت بریتییە لە تاوتوێی (سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی) بۆ پشتگیری لە چالاکییەکانی سیستمی تەندروستی، و هەندێک راسپاردەی تێدایە لەسەر (سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە)، و سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی (MIS).
- بەشی هەشت بریتییە لە پوختەیەک و سەرەنجامەکانی چاپتەرەکانی پێشوو، و هەندێک ڕاسپاردەی تێدایە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو.

**ئەگەری سیاسەتی کارکردن**

- دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە نزمترین ئاستی جۆری خزمەتگوزارییدا بە شێوەیەک کە سەلامەت بێت و کارا (فعال، effective) بێت بۆ هەر نەخۆشێک
- دروستکردنی هاندەر بۆ نەخۆشەکان بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن لە دەستگای کۆمەڵگەییدا چارەسەریان دەست بکەوێت، ئەگەر بگونجێت.
- سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای زانیاری (IT) بۆ ئاوێتەکردنی زانیاری لە سەرتاسەری ئاستەکانی خزمەتگوزارییدا.

لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هیواوە دەڕوانێتە ئایندە، چەند رێکارێکی سیاسەت و دەرفەتی لە پێشە بۆ هاوچەرخکردن و گونجاندنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی. لە مۆدیلی خزمەتگوزاریی (سەدەی بیست و یەک)دا، (چاودێریی سەرەتایی، الرعایة الاولیة، primary care) بریتییە لە بەردی بناغە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و خزمەتکردن وەک (خاڵی ڕەوانەکردن، نقطة الاحالة، point of referral) بۆ لای خزمەتگوزاریی تایبەتمەند و پسپۆڕ. لەم چاپتەرەدا پێداچوونەوەیەک پێشکەش دەکەین بۆ سیستمی ئێستای تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، باسی خەسڵەتەکانی سیستمێکی هەمەلایەن دەکەین بە گوێرەی نوێترین لێکۆڵینەوەکان، و باسی رۆڵی (چاودێریی سەرەتایی) دەکەین لە سیستمێکی لەم جۆرەدا. بڕوامان وایە پێویستە ئاڕاستەی (چاودێریی سەرەتایی) و ئەو ئامانجانەی لەم چاپتەرەدا هاتووە بتوانن هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن لە داڕشتنی دید (رؤیا، vision) ی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی لە سەردەمی نوێدا، بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانەکە و وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەم هەرێمەی کە بە خێرایی گەشە دەکات.

## ڕەوشی ئێستا

دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە گەنج و لاو پێکدێت و بە خێرایی ژمارەیان زیاد دەکات، بە تایبەتی لە پارێزگای دهۆک و لەناو شارەکان. گروپی تەمەنی نێوان 11 بۆ 15 ساڵ و 56 بۆ 60 ساڵ بە شێوەیەکی رێژەیی ژمارەیان کەمترە لە هەرەمی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەیە بۆ رێژەی بەرزی مردن لە ئەنجامی بەدخۆراکی و جەنگ، لە ماوەی حوکمی سەدامدا، پێش دامەزراندنی ناوچەی (دژە-فڕین).

### رێژەی مردن

ڕاپۆرتێکی وەزارەتی تەندروستی باسی هۆی سەرەکیی مردن لە 2009 دەکات، بۆ ئەوانەی تەمەنیان پێنج ساڵ و زیاترە و بۆ ئەو منداڵانەی لە خوار پێنج ساڵییەوەن، بڕوانە خشتەی 2.1. پێدەچێت ئەمانە ئەو حاڵەتی مردنانە بن کە لە دەستگاکانی تەندروستی ڕوویانداوە نەوەک هەموو حاڵەتەکانی مردن. لەگەڵ ئەمەشدا، خشتەکە گۆشەنیگایەکە بۆ بینینی پلە و بایەخی فاکتەرە سەرەکییەکانی مردن. سەرجەم حاڵەتەکانی مردن لە ئەنجامی برینداریێتییەوە خراونەتە ناو یەک جۆر پۆلێنی مردن، زۆر جار ئەو برینداریانە فاکتەری سەرەکیین بۆ مردنی ئەوانەی پێنج ساڵ و گەورەترن، هۆیەکانی مردنی ئەم گروپی تەمەنە تەبایە لەگەڵ کلیشەی وڵاتانی تر.


**خشتەی 2.1**
**هۆ و فاکتەرە سەرەکییەکانی مردن لە کەسانی گەورەتر لە پێنج ساڵ و منداڵانی خوار پێنج ساڵان، 2009**

| پلە | مردنی ئەوانەی تەمەنیان لە پێنج ساڵ زیاترە | | مردنی منداڵانی خوار پێنج ساڵان | |
|---|---|---|---|---|
| | حاڵەت | # | حاڵەت | # |
| 1 | برینداریی (هەموو جۆرەکانی) | 925 | ناکامی | 399 |
| 2 | شێرپەنجە (چەند جۆرێکی جیاواز) | 463 | ژەهراویبوونی خوێن | 170 |
| 3 | سەکتە | 450 | خنکانی ساوا | 127 |
| 4 | نەخۆشی دڵ (جۆراوجۆر) | 442 | تەنگەنەفەسی | 113 |
| 5 | جەڵتە | 359 | برینداری (هەموو جۆرەکان) | 106 |
| 6 | هەوکردنی دەماغ | 241 | تشوهاتی خلقی | 64 |
| 7 | وەستانی گورچیلە | 177 | نیومۆنیا-ذات الرئة | 49 |
| 8 | شەکرە | 39 | دڵشکستەی کۆرپەلە | 42 |
| 9 | شکستی کۆهەناسە | 30 | گەدە وڕیخۆڵە | 23 |
| 10 | فشاری خوێن | 28 | الصفاق | 18 |

سەرچاوە: وەزارەتی تەندروستی/ ئاماری پلاندانان (ئایاری 2010).

ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، بەڵام لە هەرێمی کوردستان مردنی ناکام و کۆرپە (ساوای تەمەن کەمتر لە 1 مانگ) نزیکەی یەک-سێی سەرجەم حاڵەتی مردنی منداڵانە (0-11 مانگی) (ئەمە بریتییە لە 1270 حاڵەت لە کۆی 3833 حاڵەت، واتە 33 لە سەت)، و مردنی نزیکەی دوو-سێی سەرجەم ئەو منداڵانەی لە خوار پێنج ساڵییەوەن (3833 لە 5776، واتە 66 لە سەت). بە شێوەیەکی گشتیی ئەم ڕێژانە هەردووکیان هاوشێوەن لەگەڵ ئەوەی باقی جیهان. تەریب لەگەڵ ئەم ڕێژانە، کە تێیدا ڕێژەی مردنی منداڵ بە ناکامی لە نێو ساوایان ومردنی ساوا لەنێو منداڵان بە شێوەیەکی نارێژەیی بەرزە، زۆرترین حاڵەتەکانی مردنی منداڵ لە خشتەی 2.1 ئەوە دەردەخات کە هەلومەرجەکان زیاتر بریتین لە مردنی منداڵ بە ناکامی و کۆرپەیی (خوار تەمەن یەک ساڵ).

**شێوەی 2.1**
**ڕێژەی مردنی کۆرپە، ساوا، و منداڵی خوار 5 ساڵ لە هەرێمی کوردستان**





سەرچاوە: ڕاپۆرتی ساڵانەی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی.
RAND *MG1148-2.1*

ڕێژەی مردنی کۆرپە بە ناکامی لە هەرێمی کوردستان (8.98 لە هەزار منداڵی لەدایکبوو بە زیندوویی) بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە ڕێژەیەکی مامناوەندییە و بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە ناوچەی خۆرهەلاتی دەریای ناوەڕاست یان بە گشتیی بە بەراورد لەگەڵ جیهان (شێوەی 2.2)


لە بەرامبەردا، ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا (27.09 لە هەزار منداڵی لەدایکبوو بە زیندوویی) و منداڵی خوار تەمەنی پێنج ساڵ (40.83 لە هەزار منداڵی لەدایکبوو بە زیندوویی) لە کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزترە لە ڕێژەی وڵاتانی تری ناوچەکە، بەڵام هێشتا کەمترە لە ڕێژەی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یان بە گشتیی بە بەراورد لەگەڵ جیهان (شێوەی 2.3 و 2.4)

**شێوەی 2.2**
**ڕێژەی ناکامیی ساوا لە کوردستان و چەند وڵاتێک**





سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، ئاماری جیهانیی، 2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە.
RAND *MG1148-2.2*

**شێوەی 2.3**
**ڕێژەی مردنی منداڵ لە کوردستان و چەند وڵاتێک**




سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، ئاماری جیهانیی، 2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە.
RAND *MG1148-2.3*

**شێوەی 2.4**
**ڕێژەی مردنی منداڵی خوار پێنج ساڵان لە کوردستان و چەند وڵاتێک**





سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی، ئاماری جیهانیی، 2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە
RAND *MG1148-2.4*

### نەخۆشکەوتن


ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009، داتای گرنگی تێدایە لەسەر نەخۆشکەوتن و تووشبوون بە هەر یەکێک لە سێ گروپە سەرەکییەکەی (حاڵەتی تەندروستی) کە لە ڕاپۆرتی (Global Burdenof Disease) ی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)دا هاتووە – نەخۆشییە گواستراوەکان، نەخۆشییە نەگوازراوەکان، و برینداریی. شێوەی 2.5 و 2.6

**شێوەی 2.5**
**ڕێژەی حاڵەتەکانی هەندێک نەخۆشی کە دەتوانرێت بە کوتان ڕێگەیان لێ بگیرێت**




سەرچاوە: ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009.
RAND *MG1148-2.5*

**شێوەی 2.6**
**ڕێژەی ڕووداوەکانی نەخۆشیی تری گوازراوە**




سەرچاوە: ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009.
RAND *MG1148-2.6*


بریتییە لە حاڵەتە ڕاگەیەندراوەکانی نەخۆشییە گوازراوەکان. ساڵی 2009 هیچ حاڵەتێکی تیتانیەسی کۆرپە (گزاز)، کۆلێرا، هاریی، یان بلهارزیا لە هیچ پارێزگایەک ڕاپۆرت نەکراوە. ئەم ژمارانە ئەوە دەردەخەن کە زۆر گرنگە داتای پۆلێنی نەخۆشییەکان بە گوێرەی شوێنەکان لەبەردەست (متوفر) بێت.لە 2009، لە هەر پارێزگایەکی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی دوو پارێزگاکەی تر، ڕێژەی حاڵەتەکانی نیکاف (ملەخرێ) و مێکوتە لە دهۆک ئێجگار زۆر بوون، ڕێژەی کۆکە ڕەشە (السعال الديكي، pertussis) ئێجگار زۆر بوو لە هەولێر، و ڕێژەی سوورێژە و هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی ئێجگار زۆر بوون لە سلێمانی. هەروەها داتای کۆکراوە و بەراوردکراو بە گوێرەی شارۆچکە و ناحیە زۆر سوودی دەبێت بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی تەشەنەسەندنی نەخۆشی کە پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە بێت بۆ دۆزینەوە و ڕێنمایی هەندیک ڕێوشوێنی کۆنترۆڵکردن.

ڕێژەی حاڵەتەکانی هەندێک نەخۆشیی گوازراوە (مێکوتە، و برۆسیلا brucella) لە کوردستان زیاتر بوون بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر، و ڕێژەی هەندێک نەخۆشیی تر (کۆکەڕەشە، و دڕکە –سورێژەی ئەڵمانی-) کەمتر بوون (شێوەی 2.7).

ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009، هەروەها داتای تێدایە لەسەر ڕێژەی خەوتن (مانەوە) لە نەخۆشخانە بۆ هەندێک نەخۆشیی درێژخایەن (شێوەی 2.8). شێوەکە ئەوە دەردەخات کە ڕێژەکانی مانەوە لە نەخۆشخانە لە دهۆک بەرزتربووە بۆ هەموو نەخۆشییەکان، بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی مانەوە لە نەخۆشخانە لە هەولێر و سلێمانی. ئەم داتایانە بە تەنێ ئەوە دەرناخەن ئاخۆ نەخۆشییەکان لە دهۆک بەربڵاوترن یان ئاخۆ فاکتەری تر هەیە، بۆ نموونە مەیلی گەڕان بۆ چارەسەر، کە هۆکاری بەرزی ڕێژەی مانەوەیە لە نەخۆشخانە.


دواجار، ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009، زانیاری تێدایە لەسەر جۆرەکانی حالەتی برینداری کە لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن چارەسەر کراون (شێوەی 2.9) و جۆری مردنی ناکاو کە لە بنکەکانی پزیشکی دادوەریی (فۆرێنزیک) تۆمار کراون. وەک لە شێوەکەوە دیارە، ڕووداوی هاتووچۆ هۆیەکی گەورەی برینداربوونە، بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتەکانی تری برینداربوون، بە تایبەتی لە سلێمانی و دهۆک. ڕێژەی مردن بە سووتان لە هەولێر زۆر زیاتر بوو بە بەراورد لەگەڵ دهۆک یان سلێمانی بەڵام ئەم ژمارەیە بە تەنێ ئەوە پیشان نادات ئەگەر ئەمە مەترسییەکی بەردەوام بێت، یان کارەساتێک بێت کە یەک جار ڕوودەدات. ڕێژەی مردن لە ئەنجامی تەقینەوەوە لە دهۆک ئێجگار زیاتر بوو، بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر. لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی هەڵومەرجەکانی مردن بە سووتان لە هەولێر، بە گشتی سووتان هۆی سەرەکی مردن بووە، ئنجا ڕووداوی هاتووچۆ دێت بە تایبەتی لە دهۆک و هەولێر. ڕێژەی مردن بە تەقەکردن لە دهۆک و هەولێر زیاتر بوو بە بەراورد لەگەڵ سلێمانی. داتاکانی برینداری ئاماژە بەوە دەکەن

**شێوەی 2.7**
**ڕێژەی هەندێک حاڵەتی نەخۆشیی گواستراوە لە کوردستان، ئوسترالیا، و ویلایەتە یەکگرتووەکان**




سەرچاوە: ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە. ژمارەکانی ئوسترالیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە وێبسایتی ناشناڵ سێرڤەیلانس
RAND *MG1148-2.7*


**شێوەی 2.8**
**ڕێژەی مانەوە لە نەخۆشخانە بۆ نەخۆشییە نەگوازراوەکان**




سەرچاوە: ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009.
RAND *MG1148-2.8*


زۆر گرنگە کار بکرێت بۆ کەمکردنەوەی مردن بە ڕووداوی هاتووچۆ لە هەموو پاریزگاکان، لەگەڵ کارکردن لەسەر مەترسییەکانی سووتان لە هەولێر، ئەگەر ئەم داتایانە ئاماژە بە مەترسییەکی ڕاستەقینە و بەردەوامی سووتان بکەن لەو پارێزگایە.

**شێوەی 2.9**
**جۆرەکانی حاڵەتەکانی برینداری، کە لە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن خزمەت کراون**




سەرچاوە: ڕاپۆرتی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی.
RAND *MG1148-2.9*

**شێوەی 2.10**
**جۆرەکانی برینداربوونی تا مردن لە بنکەکانی پزیشکیی فۆرێنزیک**




سەرچاوە: ڕاپۆرتی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی.
RAND *MG1148-2.10*

### فاکتەرەکانی مەترسی

بە بەراورد لەگەڵ داتای نەخۆشکەوتن و مردن، هیچ زانیارییەکمان نەدۆزییەوە لە هەرێمی کوردستان لەسەر فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستیی وەک: جگەرە، دایت (جۆری خواردن)، و چالاکیی جەستەیی یان فاکتەری ژینگەیی. ئەم زانیارییانە زۆر گرنگن بۆ ئەو بڕیارانەی لەسەر ئەولەوییەتی گرفتە تەندروستییەکان دەدرێن. هەندێک لەم فاکتەرانە لە لایەن (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) ەوە لە دووتوێی (ئامانجەکانی گەشەسەندن بۆ هەزارەی سێهەم- MDG) ئاماژەیان پێکراوە. خشتەی 2.2 بریتییە لە بەراوردی نێوان ئەم جۆرە فاکتەرە لە چەند وڵاتێکی ناوچەکە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتیی، و جیهان.

**خشتەی 2.2**

**هەندێک فاکتەری مەترسیی تەندروستی، بە گوێرەی شوێن**

| | % ی هاوولاتیان کە دەستیان دەگاتە ئاوی خواردنەوە (2008) | | | % ی هاوولاتیان کە ئاوەڕۆیان بۆدابین بین کراوە (2008) | | | % منداڵی بچووکتر لە پێنج ساڵ (2000-2009) | | % قەڵەوی گەورەتر لە 15 ساڵ، 2006 | | % جگەرەکێش گەورەتر لە 15 ساڵ، 2006 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **شوێن** | **شار** | **دەرەوە** | **کۆ** | **شار** | **دەرەوە** | **کۆ** | **کەمکێش** | **کێش زیاد** | **نێر** | **مێ** | **نێر** | **مێ** |
| کوردستان | — | — | — | — | — | — | — | — | — | — | 40.0 | 5 |
| عێراق | 91 | 55 | 79 | 76 | 66 | 73 | 27.5 | 15.0 | 26.2 | 38.2 | 29.6 | 3.4 |
| ئوردن | 98 | 91 | 96 | 98 | 97 | 98 | 17.5 | 14.8 | — | — | 42.9 | 9.1 |
| لوبنان | 100 | 96 | 99 | 100 | — | — | 16.5 | 16.7 | — | — | 42.9 | 9.1 |
| عومان | 92 | 77 | 88 | 97 | — | — | — | — | 16.7 | 23.8 | 20.5 | 1.3 |
| قەتەر | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | — | — | — | — | — | — |
| تورکیا | 100 | 96 | 99 | 97 | 75 | 90 | 15.6 | 9.1 | 15.6 | 23.9 | 51.3 | 19.5 |
| ئیمارات | 100 | 100 | 100 | 98 | 95 | 97 | — | — | 17.1 | 31.4 | 25.0 | 2.6 |
| خ. ناوەڕاست | 93 | 76 | 83 | 83 | 45 | 61 | — | — | — | — | 32.0 | 4.4 |
| بەریتانیا | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | 100 | — | — | 24.0 | 24.0 | 26.1 | 23.5 |
| جیهان | 96 | 78 | 87 | 76 | 45 | 60 | — | — | — | — | 41.1 | 8.9 |

سەرچاوە: داتای کوردستان- وەزارەتی تەندروستیی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی تر، WHO, World Health Statistics 2010.

لە ئەزموونی هەندێک وڵاتی هاوشێوەی دیمۆگرافییەوە، پێشبینی زیادبوونی ئاستی نەخۆشییە درێژخایەنەکان دەکرێت لە هەرێمی کوردستان تەریب لەگەڵ زیادبوونی تەمەنی دانیشتووان، شارنشینی، و پەیداکردنی سامان. ئەم گۆڕانکارییە دیمۆگرافیانیە زۆر جار شێوە ژیانێک لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە کەمتر تەندروستییە، وەک جگەرە کێشان، خۆراکی ناتەندروستی و چالاکیی کەمتری جەستەیی، شارنشینییش هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی ڕووداوی هاتووچۆ لەگەڵ خۆی دەهێنێت (کە شۆفێر و ڕێبوارانی تێدا بریندار دەبێت یان دەمرێت، سەرنشین و خەڵکی پیادەش). ئەمانە هەندێک ئاستەنگن کە دەتوانرێت کەم بکرێنەوە، ئەگەر بە شێوەیەکی باش کاریان لەسەر بکرێت. سیستمی تەندروستیی (سەدەی بیست و یەکەم بە جەخت خستنە سەر بایەخپێدانی تەندروستیی بنچینەیی) زۆر لەبار و گونجاوە بۆ بەدیهێنانی (ئامانجەکانی گەشەسەندنی هەزارە) و بۆ کارکردن لەسەر ئاستەنگەکانی گۆڕانکاریی دیمۆگرافییدا کە ئێستا هەرێمی کوردستان بە خۆیەوە دەیبینێت.

**خاڵە ئەرێنییەکانی سیستمی ئێستای (چاودێریی سەرەتایی) لە کوردستان**

چاودێریی سەرەتایی (الرعاية الاولية، Primary care، چاودێریی یەکەمی) لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن بنکە تەندروستییەکانی کەرتی گشتییەوە پێشکەش دەکرێت — لە لایەن بنکەی تەندروستیی سەرەکی، کە بە لای کەمەوە یەک (بە شێوەیەکی گشتیی، تەنێ یەک) دکتۆری لێیە، هەروەها لە لایەن لقەکانی بنکە تەندروستییەکان (بنکە تەندروستییە لاوەکییەکان) ەوە کە کارمەندێکی یاریدەدەری پزیشکی لێیە. چاپتەری پێنج-حەوت وردەکاریی زیاتری تێدایە لەسەر (سیستمی چاودێریی سەرەتایی) ی ئێستا. کاتێک تیمی لێکۆڵینەوەی ڕەندسەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو لە دەستگا و خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) هەندێک خاڵی ئەرێنی تێدا دۆزییەوە، کە لە خوارەوە تاوتوێ کراون.

**دەستگەیشتن (دابینکردن، Access).** دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکە بە گشتیی باشە. زۆربەی خەڵکەکە لە دووریی 30 خولەک دەژین لە جۆرێک لە جۆرەکانی بنکەی خزمەتگوزاریی چاودێریی سەرەتایی (بنکەی تەندروستی)، و تا دێت نەخۆشخانە و خزمەتگوزاریی فریاکەوتن لە ناوچە دوورەکان (دەرەوەی شارەکان) زیاتر دەبێت.

**دەستگاکان.** ئەگەرچی کۆی ژمارەی دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە گشتیی لەبار و گونجاوە، بەڵام ژمارەی بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (بنکەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بنچینەیی) (کە بە لای کەمەوە یەک دکتۆری لێیە) وەک پێویست نییە و بە گوێرەی ستاندارده نیشتمانییەکان نییە، بە وتەی چەندین بەرپرسی تەندروستی،

بە باشیی دابەش نەکراون. لە بنکە تەندروستییەکان هەندێک یان هەموو (چاودێرییە سەرەتاییەکان) پێشکەش دەکرێت. پێدەچێت دەرمانخانەی بنکە تەندروستییەکان پڕ دەرمان بێت و بە باشی ئیش بکەن. تاقیگەکانی بنکە تەندروستییەکان دەتوانن تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی ستاندارد چەند تاقیکردنەوەیەک ئەنجام بدەن کە تەبایە لەگەڵ بایەخپێدانی ئامبیولاتۆری (ambulatory care).

بە گشتیی، ستانداردی هەموو پارێزگاکان بەرزترە لە ستانداردی نێودەوڵەتی و عێراقییە کە 10000 کەس لە دانیشتوان یەک بنکەی تەندروستییان هەیە (لیژنەی هەمیشەیی فرە-ئاژانسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ هێشووی تەندروستیی جیهانیی، 2009، کۆماری عێراق، 2010). جێی سەرنجە، ستانداردەکانی عێراق بەرزترن لەوانەی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) و ڕێکخراوی تر پەسندیان کردووە لە ڕەوشی فریاگوزاریی کارەساتدا (لیژنەی هەمیشەیی فرە-ئاژانسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ هێشووی تەندروستیی جیهانیی، 2009، پرۆژەی سفیر، 2004). ئەگەرچی حکومەتی عێراق داوا دەکات بۆ هەر 5000 کەسێک یەک بنکەی لاوەکی (مستوصف) هەبێت و یەک بنکەی تەندروستی "سەرەکی" هەبێت بۆ هەر 10000 هاووڵاتییەک، بەڵام ستانداردی نێودەوڵەتیی (پەیوەست بە کارەسات) بۆ ئەمانە بریتییە لە 10000 کەس و 50000 کەس یەک لە دوای یەک. بە تێکرا، ژمارەی ئەو خەڵکانەی لە یەک بنکەی تەندروستی خزمەت دەکرێن (دکتۆری لێ بێت یان لێی نەبێت) لە کوردستان بریتییە لە 6172 کەس، و سێ پارێزگاکە زۆر لێکتری جیاوازن (4796 لە سلێمانی، 7316 لە هەولێر، و 8762 لە دهۆک). بەڵام زانیاری زیاتر لەسەر دابەشبوونی ئەم بنکانە زۆر سوودبەخش دەبێت، بە گوێرەی ژمارەی ئەو خەڵکانەی خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێن –تێکرای ژمارەی دانیشتوان بۆ هەر جۆرە بنکەیەکی تەندروستی لەگەڵ تێکرای ئەو هاووڵاتییانەی هەر بنکەیەکی دیاریکراو پێشکەشی دەکات. ئەم زانیارییە تەنێ سەبارەت بە دهۆک هەبوو، کە تێکرای ئەو خەڵکانەی کە 64 بنکە تەندروستییەی هەر یەکێکیان دکتۆرێکیان هەیە خزمەتی 13173 کەس دەکەن (لە نێوان 7317 کەس لە ئامێدی تا دەگاتە 18102 کەس لە زاخۆ)، و تێکرای دانیشتوانی ئەو بنکانە خزمەتی دەکەن کە پزیشکیان نییە بریتییە لە 2632 کەس (بە تێکرای 1157 کەس لە قەزای شێخان تا دەگاتە 7216 کەس لە قەزای بەردەڕەش). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دابەشکردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان تکایە بڕوانە چاپتەری چوار.

سەرجەم پارێزگاکان نەخۆشخانەی گشتیی حکومییان هەیە و بە لای کەمەوە یەک نەخۆشخانەی فریاکەوتن و خەستەخانەیەکی منداڵان هەیە. تێکرای ژمارەی ئەو هاووڵاتیانەی نەخۆشخانەکانی کوردستان دایدەپۆشن بریتییە لە 93357 بۆ کوردستان بە گشتیی (بە تێکرای 84761 کەس لە سلێمانی تا 89992 کەس لە هەولێر و 126557 کەس لە دهۆک). ئەمە گەورەترە لەو ستانداردەی بە یاسا دیاریکراوە، کە تێیدا هاتووە دەبێت بە لای کەمەوە نەخۆشخانەی 50 قەرەوێڵەیی هەبێت بۆ دانیشتوانێکی زیاتر لە 40000 کەس (پەیوەندیی شەخسی لەگەڵ دکتۆر عەبدوڵڵا سەعید عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی – دهۆک، 3 ی تشرینی دووەمی 2010)

**کارمەندان.** لە سەرەدانی ژمارەیەکی ئێجگار زۆ دەستگای تەندروستیدا، بۆمان دەرکەوت دابینکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە گشتیی خەڵکانێکی خاوەن مەعریفە و میهرەبانن، و زۆر دڵسۆزن. لە تاوتوێکان لەگەڵ ڕابەرانی تەندروستیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێیان وتین هەندێک لە باشترین پزیشکەکانی عێراق، کە لە مێژوودا باشترین سیستمی پزیشکی هەبووە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کۆچیان کردووە بۆ کوردستان. ئەو دکتۆر، دانساز و دەرمانسازانەی بنکە تەندروستییەکان کە ئێمە سەردانمان کردن زۆر سەرقاڵ و بە-بەرهەم بوون. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ژمارە و دابەشبوونی پسپۆڕانی پزیشکی بڕوانە چاپتەری شەش.

**ئەدا (الاداء، Performance).** پێوانەکردنی توانستی سیستمی تەندروستی ئەوەی دەرخستووە کە کوردستان نە لەوپەڕی سەرەوەیە و نە لەوپەڕی خوارەوەی لیستی وڵاتانی ناوچەکەیە، هەندێک نیشاندەری توانست بۆ کوردستان لە (خشتەی 2.3) پیشان دراوە بۆ نموونە، ڕێژەی سەتیی لەدایکبوون کە بە ئامادەیی کارمەندی شارەزای تەندروستی بوو بێت لە خوار ڕێژەی وڵاتانی تری ناوچەکەیە، بەڵام لە سەروو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانە بە گشتیی. ئاستی داپۆشینی کوردستان بە کوتانی سوورێژە (90 لە سەت) و سێینەی چالاکار ((diphtheria/pertussis/tetanus (DPT3) (18 لە سەت) دەکەوێتە ناوەڕاستی ئاستی وڵاتانی تری ناوچەکە. ڕاپۆرت نییە لەسەر داپۆشینی خزمەتگوزارییەکانی پێش لەدایکبوونی منداڵ و ڕێژەی ئەو منداڵانەی دووچاری هەوکردنی توندی کۆئەندامی هەناسەدان (التهابات الجهاز التنفسي الحاد، acute respiratory infections) ن گەیەندراونەتە دەستگایەک یان سکچوون و ڕشانەوەیان هەبێت (وشکبوونەوە، diarrhea) (چارەسەری دژەوشکبوونەوە لە دەمەوە، oral rehydration therapy) یان وەرگرتبێت. ئەو نەخۆشییە ڤایرۆسییانەی کوتانیان هەیە، نەخۆشی گواستراوەن، و کوتان لە لایەک منداڵەکە دەپارێزێت و لە لایەکی تر کۆمەڵگە دەپارێزێت لە تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکە، چارەسەری گونجاو بۆ نەخۆشییەکانی بواری هەناسە و وشکبوونەوە لە منداڵاندا هەروەها دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی دوو فاکتەر لە دە فاکتەرە سەرەکییەکانی مردنی منداڵان لە کوردستان و لە جیهان.

**خشتەی 2.3**

**هەندێک نیشاندەری ئەدای سیستمی تەندروستی، بە گوێرەی شوێن**

| | % داپۆشینی خزمەتگوزاریی پێش منداڵبوون (2000-2009) | | % لەدایکبوونی منداڵ بە ئامادەبوونەوە کارمەندی کارزان(2000–2008) | % داپۆشینی کوتانی منداڵان، 12-23 مانگ | | % منداڵانی خوار 5 ساڵان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شوێن | ≤1 سەردان | ≤4 سەردان | | سوورێژە (2008) | DPT3 (2008) | گەیەندراوە دەستگا بۆ ARI | وشکبوونەوە و وەرگرتنی ORT |
| کوردستان | — | — | 88 | 90 | 81 | — | — |
| عێراق | 84 | — | 89 | 69 | 62 | 81.6 | 30.7 |
| ئوردن | 99 | 94 | 99 | 95 | 97 | 75.0 | 74.9 |
| لبنان | 96 | 76 | 98 | 53 | 74 | — | — |
| عومان | 100 | 83 | 98 | 99 | 92 | — | — |
| قەتەر | — | — | 100 | 92 | 94 | — | — |
| تورکیا | 92 | 54 | 83 | 97 | 96 | 41.0 | — |
| ئیمارات | — | — | 100 | 92 | 92 | — | — |
| خ. ناوەڕاست | 65 | 44 | 59 | 83 | 82 | — | — |
| شانشینی یەکگرتوو | — | — | 99* | 86 | 92 | — | — |
| جیهان | 78 | 48 | 66 | 83 | 82 | — | — |

سەرچاوە: داتای کوردستان - وەزارەتی تەندروستی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی تر - WHO, World Health Statistics 2010


* داتای شانشینی یەکگرتوو بۆ 1990-1999 (بۆ 2000-2009 بەردەست نییە)

**ئاستەنگەکانی (چاودێریی سەرەتایی)**

ئێمە چەند توخمێکمان دەستنیشانکرد لە سیستمی (چاودێریی سەرەتایی، الرعاية الاولية، چاودێریی یەکەمیی) کە دەتوانرێت کار بۆ چاکترکردنیان بکرێت. ئەمەش بە پشتبەستن بە پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان، تاوتوێ لەگەڵ بڕیاربەدەستانی تەندروستیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، و چاودێرییەکانی ئێمە لە کاتی سەردانەکانمان بۆ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانە لە سەرتاسەری سێ پارێزگاکە. هەروەها ئێمە دەزانین بەڕێوەبردن لە کوردستان پێویستە تەبا بێت لەگەڵ پرەنسیپەکانی کەرتی تەندروستی و بەلایەنی کەمەوە بەپێی ئەو بنەمایانە بێت کە حکومەتی ناوەندیی بەغداد دایناوە، ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەو ستانداردانەش تێپەڕێنێت.

**ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان.** وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، کۆی گشتیی ژمارەی بنکە تەندروستییەکان بە گوێرەی ژمارەی ئەو دانیشتووانەی دادەپۆشرێت، دەکەوێتە ئاستێکی پەسەندی ستانداردەکانەوە، بەڵام ژمارەی بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (کە بە لای کەمەوە یەک دکتۆر دەوامی لێبکات) لەو ئاستە ستانداردەدا نییە، زۆربەی دەسەڵاتدارانی کەرتی تەندروستی هەست بەوە دەکەن کە دەستگاکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک دابەش نەکراون. سیستمی ئێستای بنکە تەندروستییەکان بریتییە لە دوو یان سێ جۆری سەرەکیی دەستگا: (دەستگای جۆرەکانی أ، ب، و ج، زۆرینەی زۆری ئەمانە تەنێ یەک دکتۆری موماریسی گشتییان (ممارس عام، GP) هەیە و 598 لقیش (کە دەکاتە 71 لە سەت) پزیشکییان نییە (جۆری د ـی بنکەی تەندروستی). ڕێژەی سەتیی ئەو بنکە تەندروستییانەی ستافی پزیشکیان هەیە بە تێکڕا لە نێوان لای کەمی 21 لە سەتە لە سلێمانی و لای زۆری 49 لە سەتە لە دهۆک، لە هەولێریش ڕێژەکە بریتییە لە 36 لە سەت (شێوەی 2.11). بەڵام، پۆلێنکردنی دەستگاکانی تەندروستی و ڕاپۆرتەکانیان لە هەر سێ پارێزگاکە هاوشێوە نییە، و بە شێوەیەکی مەرکەزیی ستاندارد دانەنراوە بۆ کارکردنیان (یاسای نوێی لێ دەرچێت، کە ئێمە نەمانتوانی دەستمان بکەویت، بەڵام لە پێناسە و پێوەری دیاریکراوی بنکە ئەمبولاتۆرییەکانیان ambulatory centers تێدەگەین. جۆرەکانی أ تا ز). ڕەوشی بینایەی هەندێک بنکەی تەندروستیی کۆن خراپە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە.

**شێوەی 2.11**
**ئەو بنکە تەندروستییانەی پزیشکی لێیە، و ئەو لق (بنکەی لاوەکیی) انەی لێی نییە، بە گوێرەی پارێزگا**




ژمارەی بنکە تەندروستییەکان

سەرچاوە: ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009.
RAND *MG1148-2.11*

ژمارەیەکی کەم بەڕێوەبەری تەندروستی لە ئاستی هەرێم، پارێزگا و قەزا، یان ئاستی دەستگا، مەشقی فەرمی بینیوە لەسەر ڕابەرایەتی یان بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی.

پێناچێت بنکە لاوەکییەکان/لقەکان (جۆرەکانی د) و بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (جۆرەکانی أ، ب، و ج) بە شێوەیەکی سیستماتیکی پێکەوە بەسترابنەوە و تۆڕبەند (تشبیک) بن، واتە بە شێوەیەک پێکهاتبن کە بنکەیەکی ئاست بەرز خزمەتگوزاریی ڕەوانەکردن پێشکەشی هاووڵاتیان بکات لە هەمان ناوچەی کۆکردنەوە (catchment area). بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی بە شێوەیەکی مەرکەزییە، لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دێتە خوارەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی لە هەر پارێزگایەک و ئنجا بۆ نووسینگە پزیشکییەکان (فەرمانگەی پزیشکی) و ئنجا بۆ هەر یەکێک لە دەستگا تەندروستییەکان.


ڕەنگە یەکێک لە هەرە شلۆقترین ئەو ئاستەنگانە بریتی بێت لە نەبوونی (تۆماری نەخۆش) بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێکوپێک لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان. (تۆماری کلینکی) بریتین لە توخمێکی سەرەکیی (چاودێریی سەرەتایی)، بۆ ئاسانکردنی چاکترکردنی(کواڵیتی) و (بەردەوامیی خزمەتگوزارییەکە و ڕەوانکردنی نەخۆش) بە شێوەیەکی کارا و ڕێکوپێک.

**مەودای خزمەتگوزارییەکان.** ئەو خزمەتگوزارییانەی بنکەکانی تەندروستی دابینی دەکەن بە شێوەیەکی ستاندارد نییە لە پارێزگاکانی کوردستان. لە ژمارەیەکی زۆر (بنکەی تەندروستی) سەرجەم یازدە خزمەتگوزارییە بنچینەییەکەی (چاودێریی سەرەتایی) دابین ناکرێت (شێوەکانی 2.12 و 2.13). لە لایەکەوە، بەشێکی زۆر لە بنکە تەندروستییەکان و لە لقەکانیش لە هەولێر چاودێریی گەشەی مندال دەکەن. لە لایەکی ترەوە، بایەخپێدان و خزمەتگوزاریی پێش لەدایکبوونی منداڵ تەنێ لە نزیکەی کەمێک زیاتر لە نیوەی بنکە تەندروستییەکانی هەولێر پێشکەش دەکرێت و لە لقەکان (بنکە لاوەکییەکان، ئەوانەی پزیشکی لێ نییە) پێشکەش ناکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی خزمەتگوزارییەکانی پێش لەدایکبوونی منداڵ بە تایبەت تەنێ لە لایەن دکتۆرەوە پێشکەش دەکرێت، بە تایبەتی دکتۆری تایبەتمەندی مێینە. خزمەتگوزارییەکانی کوتان و دژە-وشکبوونەوە لە ڕێی دەممەوە لە ژمارەیەکی زۆر بنکەی تەندروستی پێشکەش دەکرێت لە هەولێر و لە دهۆک، بەڵام ژمارەیەکی کەم لقەکانی ئەم دوو پارێزگایە ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکەن. سەرەڕای ئەمەش، هەندێک لەو دەستگایانەی هەولێر کە ئێمە سەردانمان کردن و خزمەتگوزاریی (دژە-وشکبوونەوە لە ڕێی دەممەوە) پێشکەش دەکەن، بە باشترین شێوازی جیهانیی ئەم خزمەتگوزارییە پێشکەش ناکەن لە شوێنەکە. بەڵکو، پاکەتی شەکر-خوێی (دژە-وشکبوونەوە لە ڕێی دەممەوە) دەدەن بە دایک و باوکان بۆ ئەوەی بیبەنەوە بۆ ماڵەوە و بە خۆیان بیگرنەوە و منداڵەکانیان چارەسەر بکەن. تەنێ دوو-سێی بنکە تەندروستییەکانی هەولێر تاقیگەیان هەیە، بەڵام ئامێر و کەرەستە و شێوازەکانی ئەم تاقیگانە زۆر لە یەکتری جیاوازن و ستاندارد نین. ئەو نەخۆشانەی دێنە بنکەکە بە بێ ئەنجامی تاقیکردنەوە دێن بۆ بنکەکە، یان ئەوانەی داوای تاقیکردنەوەی تریان لێدەکرێت، بۆ شوێنی تر ڕەوانە دەکرێن بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە.

**ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاریی (الإحالة واستمرارية توفير الرعاية).** وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لە ئێستادا هیچ تۆمارێکی نەخۆش لە ئارادا نییە لە (بنکەکانی چاودێریی ئەمبولاتۆری، مراكز الرعاية المتنقلة، مرافق حراكية، ambulatory care centers) و هیچ سیستمێکی ڕەوانەکردنی ڕێکوپێک نییە بۆ ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ چاودێرییە سەرەتاییەکان لە لقێکەوە بۆ بنکەیەک کە پزیشکی لێ بێت یان بۆ لای پسپۆڕ. بنکە تەندروستییەکان بە "عیادەی یەکەم" دانانرێت لای نەخۆشەکان و دابینکارەکان. شێوازی ڕەوانەکردنەکەش بریتییە لە سەرنجێکی کورت کە بە دەست نووسراوە و بە شێوەیەکی ستاندارد نییە. دواتر زۆربەی جار نەخۆشەکان ناگەرێنەوە بۆ لای ئەو بنکە تەندروستییەی ڕەوانەی

**شێوەی 2.12**

**ئەو خزمەتگوزارییانەی چاودێریی سەرەتایی کە لە بنکە تەندروستیی و لقەکانی هەولێر پێشکەش دەکرێن**





سەرنج: ANC = خزمەتگوزاریی پێش لەدایکبوونی منداڵ بۆ دایک، GM = چاودێریی گەشەسەندن/گەورەبوون، Vax = کوتان، ORS = خوێی دژە وشکبوونەوە.

**RAND** *MG1148-2.12*

**شێوەی 2.13**

**ئەو خزمەتگوزارییانەی چاودێریی سەرەتایی کە لە بنکە تەندروستییەکان (ئەوانەی پزیشکیان لێیە) و بنکە لاوەکییەکان (ئەوانەی بێ پزیشکن) پێشکەش دەکرێن**




**RAND** *MG1148-2.13*

کردبوون، ئەمەش بۆ مەبەستی بەدواداچوونی خزمەتگوزارییەکە. هیچ شێوازێکی سیستماتیکی لە ئارادا نییە بۆ تۆمارکردن و ڕەوانەکردن، ڕەنگە پسپۆڕەکە لە چوارچێوەی پرۆسەی ڕەوانەکردنەکەدا هیچ داتایەکی گرنگی پێ نەگات لەسەر ڕەوش و حاڵەتی نەخۆشەکە وەک بەشێک لە پرۆسەی ڕەوانەکردنەکە. بە هەمان شێوە، بە بێ ئەوەی سیستمێک لە ئارادا بێت کە تێیدا پسپۆڕەکە زانیاری بگەڕێنێتەوە بۆ (مومارِیسی گشتیی، ممارس عام، general practitioner، GP) نەخۆشەکە سوودی تەواو وەرناگرێت لە ڕاوێژکارییەکە لە بواری خزمەتگوزاری و بایەخپێدانی بەردەوامدا.

**کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکان.** لە دەرەنجامی پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان و سەردانە مەیدانییەکانی تیمی ڕەندەوە دەرکەوتووە کە کواڵیتی و بەردەستێتی (بەدەستگەیشتن، توفیر، availability) ی (چاودێریی سەرەتایی)

جۆراوجۆرە و ستاندارد نییە، هەروەها کوالێتیی بە شێوەیەکی سیستماتیکی پێوانە (قیاس) ناکرێت. بە شێوەیەکی سەرەکی بنکە تەندروستییەکانی (چاودێرییە سەرەتاییەکان) پشت بە رۆتەیشن (نۆرە) ی پزیشکی مومارسی گشتی دەبەستن (مومارسی گشتیی، ممارس عام، general practitioner, GP)، ئەم مومارسە گشتییانە تەنێ یەک ساڵ یان دوو ساڵ مەشقیان تەواو کردووە. تەنێ 29 لە سەتی کۆی(847) بنکە تەندروستییەکانی کوردستان دکتۆریان هەیە. ئەو دکتۆرە مومارسە گشتییانە لەو ساڵەدا کە مولزەمن بە دەوامکردن لە بنکە تەندروستییەکان ناخرێنە ژێر هیچ چاودێریی ڕاوێژکاری و سەرپەرشتییەوە. زۆربەیان رۆژانە 50 نەخۆش و زیاتریش دەبینن، لە ماوەی دەوامی ئاساییاندا کە رۆژانە چوار کاتژمێرە هەر نەخۆشێک بۆ پێنج خولەکێک دەبینن، و ئەگەر رۆژی کارەکە درێژتر بێت ئەوسا کەمێک زیاتریش لەوە. لە هەندێک دەستگادا ئەو ئامێرانەی بۆ ستافی کلینک پێویستن (وەک ئامێری تیشکی ئێکس بۆ دکتۆری دان یان ئامێری تاقیگەی کلینکی) یان هەر نییە یاخود بە تەواوەتی ئیش ناکات. هەندێک بواریش وەک پێویست دەرمانی نییە، بە تایبەتی بۆ دەرمانە گرانەکانی شێرپەنجە. یەکێک لە هۆیەکان بریتییە لە لێشاوی نەخۆش لە باشووری وڵاتەکەوە، بە تایبەتی موسڵ، کە دێن بۆ کوردستان (بە تایبەتی بۆ دهۆک) بۆ خزمەتگوزاری و دەرمان. ئەم لێشاوی نەخۆشانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە دەبێتە مایەی زەحمەتبوونی پلاندانان بۆ خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستییەکان و دەرمانی بنکە تەندروستییەکان سەرف دەکات. ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان نەبینی لەسەر چالاکیی سیستماتیک بۆ دەستنیشانکردنی بوارە زەحمەت و گرفتاوییەکانی گەیاندنی چاودێریی سەرەتایی و چاکترکردنی. تا ئێستا زۆربەی کارمەندان هیچ مەشقێک یان ڕێنماییەکیان نەدیوە لەسەر شێوازەکانی چاکترکردنی کوالێتی.

**دەستی کار (کارمەندان، الأیدی العاملة، Workforce).** هەندێک کەلێن و کەموکوڕیی گرنگ هەیە لە بڕ (ژمارە)، دابەشکردن، و شارەزاییەکانی دکتۆر و پەرستیارەکانی (چاودێریی سەرەتایی). بە تایبەت گرفتەکانی بواری پەرستیاری زۆر سەختن. ئەگەرچی ڕەنگە هێندەی پێویست ژمارەی پەرستیار هەبێت، بەلام خوێندن و مەشقیان و بەکارهێنانیان لە سیستمی تەندروستیدا بە گوێرەی ئاستی پێشبینیەکانی وەزارەتی تەندروستی و زۆر بەرپرسی تری بواری تەندروستیی سەرجەم هەرێمی کوردستان نییە. بەرزکردنەوەی ئاستی کارزانی و شارەزایی پەرستیاران یەکێکە لە هەرە ئەولەوییاتەکانی وەزارەت. لە ئێستادا پەرستیارەکان وەسفی وەزیفی (job description) ان نییە. زیاتر حەز دەکەن لە بنکە تەندروستییەکان دەوام بکەن نەوەک لە نەخۆشخانەکان چونکە دەوامیان کەمترە. بەڵام لەو بنکە تەندروستییانەی ئێمە سەردانمان کرد پێدەچێت بەرپرسیارێتییەکان سنووردار بێت و وەک پێویست سوودیان لێ وەرنەگیرێت – بە شێوەیەکی سەرەکی کوتان دەکەن و دەرزی لێدەدەن، نەوەک ڕێنمایی و فێرکاری و راوێژی بواری تەندروستی ، یان خزمەتگوزاریی تری سادەی پزیشکی پێشکەش بکەن.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، و بە تێروتەسەلی لە چاپتەری شەشدا باس کراوە، نزیکەی یەک لە سێی بنکە تەندروستییەکان یەک پزیشکی لێیە، بەڵام لە نێوان پارێزگایەک و پارێزگایەکی تردا جیاوازییەکی گەورە هەیە، لە لای کەمی 21 لە سەت لە سلێمانی تا دەگاتە لای زۆری 49 لە سەت لە دهۆک (شێوەی 2.11). هەندێک مومارسی گشتی نوێ ساڵی یەکەمی دەوامی ئیلزامییان لە بنکە تەندروستییەکان بەسەر دەبەن. ژمارەیەکی زۆر پزیشکی بوارە گشتییەکانی بنکە تەندروستییەکان مەشقی نۆرینگەیی خۆیان تەواو نەکردووە و بە گشتیی نە سەرپەرشتیاریان دەکرێت و نە راوێژیان پێشکەش دەکرێت، ئەوانەی ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن هەست دەکەن لە لایەنی پیشەییەوە پێنەگەییون (کامڵ نەبوون). سیستمی ئێستای رۆتەیشن (نۆرە) ئاستەنگێکی بونیاتییە لە پێش خزمەتگوزاریی (چاودێریی سەرەتایی)، کە تێیدا درێژەدان بە خزمەتگوزارییەکە پێکهێنەرێکی بنچینەییە. هەروەها، ژمارەی پزیشکەکان بە گشتیی بۆ ژمارەی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، کەمە – بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر، تەنێ 11 پزیشک هەیە بۆ 10000 هاووڵاتی – بە بەراورد لەگەڵ 16-33 پزیشک بۆ هەر 10000 هاووڵاتیەک لە وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (بڕوانە چاپتەری پێنج). هەروەها، زۆر پزیشک تەنێ بەیانیان دەوام دەکەن، و ئێواران و هەندێک جاریش زۆربەی رۆژەکە تەرخان دەکەن بۆ کلینکی تایبەت. ئەوەی کاریگەری ئەم گرفتانە توندتر دەکات لەسەر پیشەی پزیشکی و پەرستیاری ئەوەیە کە درێژە نادرێت بە خوێندن، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان.

**پشتگیریی زانیاریی.** "فەرهەنگی بەکارهێنانی داتا بۆ کار" لە ئارادا نییە. لە ئێستادا ئەو داتایەی کۆدەکرێتەوە و دابەش دەکرێت وەک پێویست نییە و ناتوانێت هاوکار بێت لە دەرکردنی بڕیار و ڕێسا یان چاودێرییکردنی سیستمەکە. تۆماری نەخۆش، کە توخمێکی تری بناغەییە لە (چاودێریی سەرەتایی) لە ئارادا نییە، هەروەها ڕەوانەکردن (احالة) ی کارا لە ئارادا نییە. ئەگەرچی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەیەک سەرقاڵی ئەمە بووە، بەڵام تا ئێستا فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتای تەندروستی لە سەرجەم پارێزگاکاندا یەک نەخراون و نەکراون بە ستاندارد. تەنانەت ئەگەر فۆرمەکان ستاندارد و وەک یەکتریش بن هێشتا بۆ ئەوەی بۆ تۆماری نەخۆش کارا بن، پێویستە بەکاربهێنرێن. لەگەڵ ئەمەشدا، فۆرمی ستاندارد تەنێ یەکەم هەنگاوە بەرەو چاودێری سیستمی تەندروستی و تۆماری ئەلیکترۆنی. پێویستە داتا پرۆسە بکرێت، شی بکرێتەوە و بە ڕوونی پێشکەش بکرێت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی چاودێری ئاراستە و ڕەوتی تەندروستی بکرێت و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەڕێوە ببرێت. لە ئێستادا، تەنێ بە شێوەیەکی سنووردار کۆمپیوتەر بۆ تۆمار بەکاردەهێنرێت لەو دەستگایانەی کۆمپیوتەریان

هه‌یه‌. زۆربه‌ی زانیارییه‌كان له‌سه‌ر پارچه‌ كاغه‌ز تۆمار ده‌كرێن، و هیچ تۆمارێكی ورد و تێروته‌سه‌ل یان درێژخایه‌نی نه‌خۆش هه‌ڵناگیرێت.

له‌به‌رئه‌وه‌ی به‌ شێوه‌یه‌كی گشتیی كۆمپیوته‌ره‌كان بۆ تۆمار به‌كارناهێنرێن، توانای چاودێریی كواڵیتی زۆر سنووردار و به‌رته‌سكه‌. ئه‌و داتایه‌ی هه‌یه‌ كواڵیتییه‌كه‌ی به‌ گشتیی جێی دڵنیایی نییه‌، پێده‌چێت ته‌نێ له‌ دهۆك به‌ شێوه‌یه‌كی رێكوپێك وردبینی داتای ده‌ستگا ئه‌نجام بدرێت و سه‌رنج و بۆچوونی له‌سه‌ر بدرێت.

ئه‌گه‌رچی داتای كۆكراوه‌ هه‌یه‌ له‌سه‌ر هه‌ندێك نیشانده‌ر (مؤشر، indicator) ی سه‌ره‌كی، زۆربه‌ی جار داتای پێویست له‌به‌رده‌ست نییه‌، و ناتوانرێت به‌راورد بكرێت، و به‌ شێوه‌یه‌كی ئه‌وتۆ پۆلێن نه‌كراوه‌ كه‌ بتوانرێت ئه‌و شیكردنه‌وانه‌ی بۆ بكرێت كه‌ بڕیاربه‌ده‌ستان و به‌ڕێوه‌به‌ره‌كان پێویستیان پێیه‌تی. هه‌روه‌ها پێده‌چێت به‌ شێوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی زانیارییه‌كان له‌ ئاسته‌كانی پارێزگا و مه‌ركه‌زییدا له‌به‌رده‌ست بن (ده‌سته‌ی ئامار له‌ هه‌رێمی كوردستان (KRSO) و فه‌رمانگه‌ی پلاندانان و فێركردن له‌ وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی)، كه‌میی ژماره‌ی ئه‌و كارمه‌ندانه‌ی مه‌شقیان بینیوه‌ بریتییه‌ له‌ ئاسته‌نگێك بۆ داتا ئینتری و شیكردنه‌وه‌ی داتا له‌ سه‌رجه‌م ئاسته‌كاندا.

## ڕه‌هه‌نده‌ سه‌ره‌كییه‌كانی مۆدیلێكی هه‌مه‌لایه‌نی خزمه‌تگوزاریی

پێویسته‌ حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان كار له‌سه‌ر سیاسه‌تێكی پڕبایه‌خ بكات له‌ پلانه‌كانی سیستمی ئایینده‌یی خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستی بۆ ده‌ ساڵی داهاتوو. دروستكردنی مۆدیلێكی نموونه‌یی خزمه‌تگوزاری وه‌نه‌بێت كارێكی ئاسان بێت. وا پێویسته‌ بڕیاربه‌ده‌ستانی حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان هاوسه‌نگی ڕابگرن له‌ نێوان پێنج توخمی سه‌ره‌كیی خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستییدا: (1) ده‌ستگه‌یشتن (access)، (2) مه‌ودا، (3) دابینكردن، (4) یه‌كتری ته‌واوكردن (تكامل، integration)، و (5) كواڵیتی (quality). حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان ده‌توانێت لێكۆڵینه‌وه‌ له‌م توخمانه‌ بكات و به‌ شێوه‌یه‌كی ئه‌وتۆ رێكیان بخات كه‌ سیستمێكی سه‌لامه‌ت، كات-گونجاو، كارا، بایه‌خده‌ر به‌ نه‌خۆش، چوست، و یه‌كسان بهێنێته‌ ئاراوه‌. [1]

لێكۆڵینه‌وه‌كان ئه‌وه‌ ده‌رده‌خه‌ن ئه‌و سیستمانه‌ی به‌ شێوه‌یه‌ك خزمه‌تگوزارییه‌كان پێشكه‌ش ده‌كه‌ن كه‌ ته‌واوكه‌ری یه‌كتری بن، خزمه‌تگوزارییه‌كی جۆری به‌رز به‌رهه‌م ده‌هێنن و ده‌ره‌نجامه‌ نۆژینگه‌یه‌كانیان باشترن، هه‌روه‌ها خه‌رجییه‌كان كه‌مترن. به‌ گوێره‌ی ئه‌و مۆدیله‌، كوردستان پێویستی به‌ سیستمێكی بایه‌خپێدانی ته‌ندروستییه‌ كه‌ خزمه‌تگوزارییه‌كانی به‌رده‌ست و پێداویستیه‌كانی هاووڵاتیان هاوسه‌نگ بكات، ئه‌مه‌ش له‌ رێی پێدانی پاداشت ئه‌وتۆوه‌ كه‌ هانی نه‌خۆشه‌كان بدات هه‌وڵ بۆ خزمه‌تگوزاریی گونجاو بده‌ن و رێنمایی نۆژینگه‌یه‌كان پێشكه‌ش بكات. مه‌رج نییه‌ خزمه‌تگوزاری زیاتر مانای ئه‌وه‌ بگه‌یه‌نێت خزمه‌تگوزارییه‌كه‌ باشتره‌. ڕاستییه‌كه‌ی، له‌ زۆر بارودۆخدا خزمه‌تگوزاریی زیاتر ڕه‌نگه‌ ببێته‌ مایه‌ی ئه‌وه‌ی ده‌ره‌نجامی نائاسایی كلینكیی هه‌بێت (بۆ نموونه‌، رێژه‌ی زیاتری تووشبوون، بریندار‌بوون له‌ كاتی چاره‌سه‌ردا)، و نه‌خۆشه‌كانیش كه‌متر ڕازی ده‌بن (بۆ نموونه‌، نه‌خۆشه‌كه‌ ناچار ده‌بێت زۆر چاوه‌ڕێ بكات تا نۆره‌ی دێت).

مۆدیلی نموونه‌یی سیستمی خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستی پێویستی به‌ ژێرخانێكه‌ خزمه‌تگوزاریی ئه‌وتۆ پێشكه‌ش بكات كه‌ هانی نه‌خۆشه‌كان بدات به‌ هه‌ره‌ كه‌مترین چری و هه‌ره‌ گونجاوترین شێوه‌ خزمه‌تگوزاریی پێویست و سه‌لامه‌ت و كارا (فعال) یان ده‌ست بكه‌وێت. پێویسته‌ سیستمه‌كه‌ هاوكات هانی ئه‌وه‌ بدات زێده‌ڕۆیی نه‌كرێت و هاوكات هانی خزمه‌تگوزاریی خۆپارێزی بدات شانبه‌شانی خزمه‌تگوزاریی ته‌شخیس و چاره‌سه‌ر. له‌ ئه‌زموونی مێژووی وڵاتانی تازه‌ گه‌شه‌سه‌ندوودا، له‌ به‌راییدا جه‌خت ده‌خرێته‌ سه‌ر دابینكردنی خزمه‌تگوزارییه‌كی مه‌ركه‌زیی له‌ناو نه‌خۆشخانه‌كان له‌ شاره‌ گه‌وره‌كان، له‌گه‌ڵ بنكه‌ی ته‌ندروستی له‌ شوێنه‌ دووره‌كان. له‌گه‌ڵ گه‌شه‌سه‌ندنی ئابووریی ئه‌و وڵاتانه‌دا، ره‌وشی ته‌ندروستی باشتر ده‌بێت، و سیستمی خزمه‌توزاریی ته‌ندروستی كامڵ ده‌بێت و پێده‌گات، و جه‌خته‌كه‌ له‌ خزمه‌تگوزاریی ناو نه‌خۆشخانه‌كانه‌وه‌ ده‌گوازرێته‌وه‌ به‌ره‌و مۆدیلێكی هه‌مه‌لایه‌ن كه‌ ته‌واوی ژیانی تاكه‌كه‌س ده‌گرێته‌وه‌. (چاودێریی سه‌ره‌تایی) به‌ردی بناغه‌ی ئه‌م جۆره‌ سیستمه‌یه‌.

---

1 .U.S. Institute of Medicine quality domains (IOM, 2001)

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی سێ ئامانجی سەرەکی بکات لە کارکردنیدا بۆ هاوچەرخکردنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی:

1. ***پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لە ئاستی گونجاودا.*** بۆ نموونە ئەمە ڕەنگە بریتی بێت لە دانانی حەوافز بۆ گواستنەوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دەتوانرێت لە دەزگای ئاسایی و کۆمەڵگەدا پێشکەش بکرێت، لەنەخۆشخانەکانی چاودێری چڕ (الرعایة المرکزة) نەهێڵرێن و بگوازرێنەوە بۆ دەزگاکانی چڕی نزمتر و لە کۆمەڵگەدا پێشکەش بکرێن.
2. ***دانانی حەوافز بۆ نەخۆشەکان تا لەناو کۆمەڵگەکە بۆ خزمەتگوزاریی بگەڕێن، ئەگەر بگونجێت.*** ئەمە مانای ئەوەیە خزمەتگوزاریی مانەوە لەناو نەخۆشخانە و چالاکییەکانی فریاکەوتنی ناو نەخۆشخانە بۆ ئەوانە تەرخان بکریت کە زۆر پێویستیان پێیەتی.
3. ***پێکەوە گرێدانی زانیاریی تەندروستی لەسەرجەم ئاستەکانی خزمەتگوزارییدا.*** واتە بەکارهێنانی تۆڕ (شبکە) ی سەلامەت بۆ دەستگەیشتن بە زانیاریی بنەڕەتیی لەسەر نەخۆش.

چالاکیی لەم جۆرە ڕۆڵی دەبێت لە دروستکردنی مۆدیلێکی نموونەیی خزمەتگوزاری، کە تێیدا خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە گوێرەی ڕێوشوێنی ڕێکوپێک دابین دەکرێن، سەرجەم هاووڵاتیان دادەپۆشرێن (ڕووماڵ دەکرێن، تغطیة، cover) بەڵام تەنێ هانی نەخۆشەکان دەدرێت هەوڵی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی بدەن لە ڕێوشوێنی گونجاودا، و تەکنەلۆجیاش دەخرێتە گەڕ بۆ جەختکردنەوە لە لێشاوی ڕێکوپێکی زانیاریی بەناو سیستمەکەدا.

**ئامانجی 1 – پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی لە ئاستی گونجاودا**

لە مۆدیلێکی نموونەیی خزمەتگوزارییدا، داپۆشین (ڕووماڵ، تغطیة، coverage) بۆ هەمووانە و خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی گونجاودا پێشکەش دەکرێن- ئاستی گونجاو واتە نزیکترین دەزگا لە ئاستی کۆمەڵگە کە تێیدا دەتوانرێت چارەسەری خزمەتگوزارییەکی باش و بە سەلامەتی پێشکەشی نەخۆشەکە بکرێت. بۆ نموونە، پێویستە نەخۆشخانەکانی چاودێری چڕ (الرعایة المرکزة، acutecare) تەرخان بکرێت و هەڵبگیرێت بۆ ئەوانەی پێویستیان بەو خزمەتگوزارییانەیە، بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانرێت لە چوارچێوەی ئەمبیولاتۆرییدا ambulatory ئەم خزمەتگوزارییەکان بە سەلامەتی پێشکەش بکرێت. ئەو نەخۆشانەی کە حاڵەتیان سەخت نییە یان بارودۆخیان ئاڵۆز نییە پێویستە بتوانن لە دەستگای نەخۆشی-دەرەوە المریض الخارجي، outpatient)خزمەتگوزاریی وەربگرن. ئەو نەخۆشخانەی هەوڵ دەدەن لە نەخۆشخانە چارەسەر وەربگرن ڕەنگە خۆیان تووشی ئەگەری مەترسییەکانی ئەو جۆرە شوێنانە بکەن. (بۆ نموونە، ڕێژەیەکی زیاتری هەڵەی پزیشکی و تووشبوون بە نەخۆشیی خەستەخانەیی). ئامادەبوونیان لەوێ هەروەها ڕەنگە قەتیسبوون (قەرەباڵغی) دروست بکات و ببێتە مایەی دواکەوتنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە نەخۆشی تری ئەوتۆ کە بە ڕاستی پێویستیان بە خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشی-ناوەوەیە (بۆ نموونە نەشتەرگەریی شێرپەنجە). (نەخۆشی-ناوەوە، نەخۆشی نیشتەجێ، المریض الداخلي، مریض مقیم inpatient)

جەختکردنەوە لەوەی کە خزمەتگوزاری لە نزمترین ئاستدا پێشکەش بکرێت و هاوکات سەلامەت بێت و چارەسەر دابین بکات و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەر هەر نەخۆشێک بکات، پێویستی بە ژێرخانێکە کە بتوانێت خزمەتگوزاریی ئاست-بەرزی ئەوتۆ پێشکەش بکات کە بۆ ئەو ئاستە گونجاو بێت. پێشکەش نەکردنی هەندێک خزمەتگوزاری لەناو نەخۆشخانە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە پێویستیان بە نەخۆشخانە نەبێت دەبێتە مایەی چاکتربوونی دەرەنجامی چارەسەر و خزمەتگوزارییەکان.

ئەو دابینکارانەی بەردەوام خزمەتگوزاری و چارەسەر دابین دەکەن دەتوانن خزمەتگوزاریی باشتر و گونجاوتر پێشکەش بکەن لەوانەی ناوبەناو پێشکەشیان دەکەن. بەم شێوەیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بکات بۆ دامەزراندنی بنکەی خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆری کە تێیدا ڕێوشوێن و خزمەتگوزاریی گونجاو پێشکەش دەکرێت بۆ سوود وەرگرتن لە دەرەنجامە باش و کاراکانی خزمەتگوزاریی لەم جۆرە. سیاسەتیکی لەم جۆرە دەبێتە مایەی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیدا، و سەرچاوەی ناو نەخۆشخانەکان سەرقاڵ نابن بە دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەوە.

خزمەتگوزارییەکانی ئەمبیولاتۆری بریتین لە خزمەتگوزاریی جۆراوجۆر، هەر یەکێکیان پێویستی بە پسپۆڕێتی و مەشقی تایبەتی خۆیەتی. ئەم خزمەتگوزارییانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر ئەمەندەش نین:

- *چاودێریی سەرەتایی (الرعایة الاولیة، Primary care).* ئەو دابینکار و دەستگایانەی (چاودێریی سەرەتایی) پێشکەش دەکەن جەخت دەخەنە سەر پزیشکایەتیی منداڵان، گەورە، و پیر بە گشتیی. لەم شوێنانە هەروەها (چاودێریی سەرەتایی) ی هزر (ژیریی، عقلي، mental) و (دان) پێشکەش دەکرێن، ئەگەرچی مەرج نییە لەناو هەمان دەستگادا پێشکەش بکرێن. دابینکارانی (چاودێریی سەرەتایی) تایبەتمەندن لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی هەمەلایەن و گشتگیر بۆ نەخۆش و خێزان، هەماهەنگیی خزمەتگوزاریی لەگەڵ پسپۆر و دابینکاری تر بۆ جەختکردنەوە لەوەی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی گونجاو و کارا بەکاربهێنرێن (بڕوانە بەشی داهاتوو – بە ناوی "چاودێریی سەرەتایی لە سەدەی بیست و یەکەم").

- *خزمەتگوزاریی پێش لەدایکبوونی منداڵ و منداڵبوون.* وا باوە خزمەتگوزارییەکانی ماوەی پێش لەدایکبوونی منداڵ لەو شوێنانە دابین بکرێت کە (چاودێریی سەرەتایی) لێ پێشکەش دەکرێت. دەتوانرێت خزمەتگوزاریی نائاڵۆزی منداڵبوونیش لە بنکەیەک پێشکەش بکرێت کە ئامێر و کەرەستە و ستافی گونجاوی لێ بێت ئەگەرچی نەخۆشخانەش نەبێت. سەردانی رێکوپێک و ناوبەناو بۆ خزمەتگوزاریی پێش لەدایکبوونی منداڵ باشترین دەرەنجامی دەبێت بۆ دایک و منداڵەکە. توانای گەیشتن بە شێوەیەکی ئاسان بەم بنکانە، چاوەڕێ نەکردنی دوورودرێژ لە چاوەڕوانی خزمەتگوزارییدا، و دابینکاری مەشقدیتە دەبنە مایەی ئەوەی (ئامانجی گەشەسەندنی هەزارە) بێتە دی – کە ژنان لە ماوەی دووگیانییدا تەندروست بن و دەرەنجامی باش بهێنرێتە دی- و بەم شێوەیەش جەخت لەوە دەکرێتەوە ئەو منداڵانەی ئەمڕۆ لەدایک دەبن، کە نەوەی دواڕۆژی کوردەکانن، تەندروست و ساغ بن.
- *خزمەتگوزاریی تایبەتی نەخۆشی دەرەوە (ئاوتپەیشنت).* دابینکاری تایبەتمەند خاوەنی پسپۆڕێتییەکی تایبەتن لە نەخۆشی منداڵان، نەخۆشی هەناو، نەشتەرگەریی، و بەشە لاوەکییەکانیان. ئەو نەخۆشخانەی نەخۆشییەکی دیاریکراو یان فاکتەری دیاریکراوی مەترسییان هەیە بە دەرەنجامێکی تەندروستی باشتر دەگەن کاتێک دابینکارێکی تایبەتمەندی مەشقدیتە خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش بکات. خزمەتگوزاریی رۆتینی لە لایەن ئەو دابیناکارانەوە باشتر و کاراتر پێشکەش دەکرێت کە جەخت دەخەنە سەر (چاودێریی سەرەتایی) و دەتوانن هەندێک نەخۆشی دیاریکراو رەوانە بکەن بۆ لای پسپۆڕی تایبەتمەند کاتێک پێویست بێت. بە گشتیی ئەو خزمەتگوزارییانەی پسپۆڕانی تایبەتمەند (ئیخسائی، specialist) پێشکەشی دەکەن گرانترن. سەرەڕای ئەمە، لەبەرئەوەی ژمارەی پسپۆڕانی تایبەتمەند کەمە بۆ هەر تایبەتمەندییەک، کاتێک بە باشترین شێوە خزمەتی کۆمەڵگە دەکرێت کە پسپۆڕەکان (تایبەتمەندەکان) خزمەتی ئەوانە بکەن کە پێویستیان پێیانە. نابێت مۆدیلە نموونەییەکە کلینیکی ئەوتۆ لەخۆبگرێت کە تەنێ لە یەک بواردا تایبەتمەند بێت، بەڵکو پێویستە هانی کلینکی فرەچەشنێتی (فرە-تایبەتمەندی) بدرێت کە تێیدا نەخۆشەکە دەستی بە تایبەتمەندی جۆراوجۆر دەگات. لە هەرێمی کوردستان کلینکی فرە تایبەتمەند هەیە، و هەندێک بەرپرسی تەندروستی پێیان ڕاگەیاندین کە هیوادارن بتوانن لە ئایندەدا کلینکی فرە-تایبەتمەند دابمەزرێنن.
- *خزمەتگوزاریی دەستبەجێ (بەپەلە، الرعایە العاجلة، Urgentcare).* بنکەکانی خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆریی دەستبەجێ چارەسەری ئەو نەخۆشانە دەکەن کە نەخۆشی یان برینداررییەکی کەم یان مامناوەندییان هەیە. پێویستە خزمەتگوزاریی لەم جۆرە بە شێوازێک دابنرێت بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغیی نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن و نەخۆشخانەکان، ئەگەر ئەمە گرفتێک بێت، هەروەها میکانیزمێک دەبێت بۆ جیاکردنەوە و ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ ئاستی بەرزتری خزمەتگوزاریی فریاکەوتن ئەگەر پێویست بێت. پێویستە دابینکاری شارەزا لە دەستگاکانی (خزمەتگوزاریی دەستبەجێ) دابنرێن کە مەشقی گونجاویان بینیبێت لەسەر ئەو حاڵەتانەی دێنە ئەم جۆرە شوێنە. هەروەها پێویستە بە ئاسانی بتوانن دەستیان بگات بە خزمەتگوزارییە تەواوکەرەکانی وەک تاقیگە، و تیشکگرتن، و دەرمان.
- *نەشتەرگەریی ئەمبولاتۆری و خزمەتگوزاریی پەیوەندار.* زۆربەی ئەو خزمەتگوزارییانەی ئێستا لە نەخۆشخانەکان دابین دەکرێت لە سەرتاسەری جیهاندا دەرکەوتووە دەتوانرێت بە سەلامەتی لە شوێنی ئەمبولاتۆری پێشکەش بکرێت لە لایەن تیمی مەشقدیتەوە. بۆ نموونە خزمەتگوزارییەکانی وەک پشکنینی کۆلۆن، نەشتەرگەریی لێڵبوونی چاو cataract، و دەرهێنانی لوزەتین. پێویستە سیستمی ئایندە هانی بەرفراوانکردنی نەشتەرگەری ئەمبولاتۆری و بەشەکانی یان دەستگای سەربەخۆی چاودێریی بدات. ئەمەش دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی فشار لەسەر دەستگاکانی خەواندنی نەخۆش (ئەو نەخۆشخانانەی نەخۆشیان تێدا دەمێنێتەوە) و هاوکات خزمەتگوزارییەکی سەلامەت و کارا و هەرزان و گونجاو دابین دەکرێت.

**ئامانجی 2 – دانانی حەوافز بۆ ئەوەی نەخۆش هەوڵ بدات لە کۆمەڵگە چارەسەری دەست بکەویت، ئەگەر بگونجێت.**

توانای ئاسانکردنی بارگرانی سەر شانی ئەو نەخۆشخانەیەی نەخۆش تیایاندا دەخەوێت و دەستگاکانی فریاکەوتن پێویستی بە گۆڕینی فەرهەنگی چۆنیەتیی تێڕوانینی دانیشتوانە لە خزمەتگوزاریی ئەو جۆرە نەخۆشخانە و خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆری. پێویستە چالاکییەکانی ئێستا بۆ پلاندانان، لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتیش، جەخت بخاتە سەر دامەزراندنی ژێرخانی کۆمەڵگە تا خزمەتگوزاریی ئەوتۆی ئەمبولاتۆری پێشکەش بکات کە لە دەرەوەی نەخۆشخانانە بە شێوەیەکی کارا و رێکوپێک پێشکەش بکرێن. لەگەڵ دامەزراندنی ئەم دەستگایانەدا، پێویستە ڕێوشوێنی دارایی و حەوافزی ئەوتۆ دابنرێت کە هانی نەخۆشەکان بدات هەوڵ بدەن لە شوێنی هەرە گونجاو خزمەتگوزارییەکانیان دەست بکەوێت. پێویستە بڕوا بە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بهێنرێت کە دەستگای تریش هەیە بێجگە لە نەخۆشخانەکان کە دەتوانن خزمەتگوزاریی باشی تەندروستی وەک ئەوانەی نەخۆشخانەکان دابین بکەن. دەکرێت سیستمی دارایی بە شێوەیەکی ئەوتۆ دابڕێژرێت کە حەوافزی گونجاو دابین بکات بۆ بانگەشە و هاندان بۆ مۆدیلێکی خزمەتگوزاریی کە هانی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری

بدات لە شوێنی (چاودێریی سەرەتایی) - وەک ئەوەی ئەو بەشە پارەیەی پێویستە نەخۆشەکە خۆی بیدات لە حاڵەتی هاو-پارەداندا کەمتر بکرێتەوە بۆ وەرگرتنی چاودێرییە سەرەتاییەکان بە بەراورد لەگەڵ خزمەتگوزاریی تایبەتمەند، یاخود دەرماڵەیەک بدرێت بە دکتۆرەکان لە بەرامبەر کارکردنیان لە ناوچە دوورەکان. پێویستە هەروەها کار لەسەر نەریتی فەرهەنگی و فەلسەفی بکرێت.

**ئامانجی 3 – پێکەوە گرێدانی زانیاری لە سەرجەم ئاستەکانی خزمەتگوزارییدا**

دامەزراندنی ژێرخانێکی باش بۆ زانیاری تەندروستی کە پشتئەستوور بێت بە تەکنەلۆجیا تا ڕادەیەکی زۆر دەبێتە مایەی ئاسانکردنی دامەزراندنی سیستمێک کە بایەخ بە نەخۆش بدات و جەخت بکاتەوە لە درێژەدان بە خزمەتگوزاریی لە سەرجەم ئاستەکان و شوێنەکان، هەر لە کلینیکەکانەوە تا دەگاتە نەخۆشخانەکان و تا "کلینکی یەکەم/ کلینکی ماڵ". هەبوونی ژێرخانێکی کارای زانیاری دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی پەیوەندیکردنێکی نادروست، جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو بابەتەکانی بوارێکی پەیوەست بە نەخۆشەکان (وەک حەساسییەت، هەر دەستپێشخەرییەکی پێشوو) زانراو بێت، و ناهێڵێت خزمەتگوزارییەک بە شێوەیەکی ناپێویست زیاد لە جارێک پێشکەش بکرێت و دووبارە بکرێتەوە (بۆ نموونە، دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی تاقیگەکان، لێکۆڵینەوە لە ئەشیعە). پێویستە سیستمی ئایینده نەتەنێ ئەو خزمەتگوزارییە ئەمبولاتۆرییانەی هەبێت کە لە سەرەوە باس کران بەڵکو هەروەها بتوانێت خزمەتگوزارییە تەواوکەرەکان دابین بکات (وەک، دەرمانخانە، تاقیگە، و ڕێدیۆلۆجی)، و دواجار پێویستە هەموویان تەواوکەری یەکتری بن و پێکەوە گرێدراو بن لە ڕێی سیستمێکی زانیاریی ئەلیکترۆنییەوە.

## (چاودێریی سەرەتایی) لە سەدەی بیست و یەکەم

(ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) (چاودێریی سەرەتایی) بە ڕێکخەرێک دادەنرێت بۆ هەماهەنگی خزمەتگوزاری و درێژەدان بە بایەخپێدان و خزمەتگوزاریی لە سەردەمی نوێدا. بەم شێوەیە، (چاودێریی سەرەتایی) بریتییە لە پارسەنگی مۆدیلێکی فرە-لایەنی ڕێکوپێک وەک لە سەرەوە باس کراوە. پێویستە (چاودێریی سەرەتایی) تەندروستی بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکان و گۆڕانی بارودۆخەکان. لە 2003، (ئەنجومەنی جیهانیی تەندروستی) ی سەر بە (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) هێشتا پاش تێپەڕینی 25 ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی (جاڕنامەی ئەلما ئاتا) دا جەختی لە بایەخی (چاودێریی سەرەتایی) تەندروستی کردۆتەوە "هێشتا چەندین وڵات (چاودێریی سەرەتایی) بە بەردی بناغەی سیاسەت و چوارچێوەی گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی دادەنێن، و لێکۆڵینەوە لە داڕشتنەوەی ئەم مۆدیلە دەکەن بۆ گونجاندنی لەگەڵ چەندین بابەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر. (چاودێریی سەرەتایی) تەندروستی لە وڵاتانی تازەگەشەسەندوو و ئەوانەی داهاتیان مامناوەندییە جەخت دەخاتە سەر گەیاندنی خزمەتگوزاریی گونجاو لە ئاستی گونجاودا. خەسڵەتێکی سەرەکی هەر مۆدیلێکی خۆجێی خزمەتگوزاریی تەندروستی بنچینەیی لە ئاییندەدا بریتی دەبێت لە خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی گۆڕاو بە خێرایی، وەڵامدانەوەی پێداویستییە خۆجێیەکان، و سەرچاوەی پێویست و سەقامگیری" (WHO ,2003, p. 2).

تێڕوانین لە (چاودێریی سەرەتایی) زۆر تێپەڕاندووە لەوەی کە جاران بڕوا دەکرا تەنێ بریتی بێت لە "خزمەتگوزارییەکی لاواز بۆ خەڵکی هەژار" (WHO, 2008b, p. xiv). ڕاستییەکەی، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی پێی وایە "ئێجگار بچووککردنەوە"ی (چاودێریی سەرەتایی) کارێکی ترسناکە لەو شوێنانەی کە سەرچاوەکان سنووردارن و ئاماژە بەوە دەکات کە لەو شوێنانەی داهات کەم و سنووردارە ناکرێت (چاودێریی سەرەتایی)

- "بچووک بکرێتەوە بۆ بنکەیەکی تەنیای تەندروستی یاخود کارمەندێکی تەندروستیی کۆمەڵگە"
- "بچووک بکرێتەوە بۆ یەک کەناڵی گەیاندن بۆ چالاکیی ئەولەوییەتی تەندروستی"
- "تەنێ بۆ چارەسەری نەخۆشییە باوەکان بێت"
- "تەکنەلۆجیای لاواز و ئاست-نزمی لێ بێت، لەگەڵ خزمەتگوزاریی ناپسپۆڕانە، بۆ ئەو لادێیە هەژارانەی ناتوانن پارەی زیاتر بدەن" (WHO, 2008b, p. xvii).

بەڵگەکان پشتگیری لەوە دەکەن کە دابینکارێکی ڕێکوپێک و ئاسایی و جێی متمانە وەک خاڵی دەروازە (entrypoint) هەبێت بۆ ناو سیستمی (چاودێریی سەرەتایی) تەندروستی. بەڵگەکان هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن بە شێوەیەکی کاراتر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەکاردەهێنرێت و ڕەزامەندیی نەخۆش زیاتر دەبێت (خشتەی 2.4). وەک

**خشتەی 2.4**

**بەڵگە لەسەر سوودەکانی هەبوونی (خاڵی دەستپێک/ دەروازە، Entry Point) بۆ ناو (سیستمی خزمەتگوزاریی تەنددروستیی)**

| **ڕۆڵ** |
|---|
| ڕەزامەندیی زیاتر لە خزمەتگوزارییەکان |
| پابەندبوونی زیاتر و ڕێژەی کەمتری خەواندن لە نەخۆشخانە و کەمتر بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی تایبەتمەند و فریاکەوتن |
| کەمتر راوێژکاریی لەگەڵ تایبەتمەندەکان |
| باشتر بەکارهێنانی سەرچاوەکان |
| باشتر تێگەیشتن لە لایەنە دەروونییەکانی گیروگرفتەکانی نەخۆش |
| باشتر پیادەکردنی ڕێوشوێن و خزمەتگوزاری خۆپارێزی لە لایەن هەرزەکارانەوە |
| دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی چارەسەر |

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، 2008 ب، هەر بابەتێک زیاتر لە یەک ئەدەبیاتی لەسەر نووسراوە

(ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی) ئاماژەی بۆ کردووە "زانیاریی باشتر و بەرەوپێشچوونە تەکنەلۆجییەکان دەرفەتی نوێ دروست دەکەن" و "داهێنانی تەکنەلۆجی سەرچاوەیەکە بۆ چاکترکردن و بەرەوپێشچوونەکان و ڕەوتەکانی ئێستا ئەوە دەردەخەن کە ژمارەیەکی زۆر لەو خزمەتگوزارییانە بەرفراوانتردەکەن کە تیمەکانی (چاودێریی سەرەتایی) پێشکەشی دەکەن" (WHO, 2008b, p. 102).

(ئینستیتوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەرمان (IOM) The U.S. Institute of Medicine) لە 1996 لە باسی کارەکانی پێشووتردا ئاماژە بەوە دەکات کە (چاودێریی سەرەتایی) تەندروستی بە گوێرەی چەند ڕەهەندێکی جۆراوجۆر پێناسە کراوە (IOM 1996). IOM ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕاڤەی جۆراوجۆری وشەی سەرەتایی/ بنچینەیی. "سەرەتایی" واتە یەکەم دانە (خاڵی چوونە ناوەوە، دەستپێک بەرەو ناوەوە)، "سەرەتایی" هەروەها واتا پڕبایەخترین (پڕبەها بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی). ئاڵۆزییەکە چەند وەسفێکی (چاودێریی سەرەتایی) دەگرێتەوە:

- *ئەو خزمەتگوزارییانەی هەندێک کلینیکی دیاریکراو پێشکەشی دەکەن* – بۆ نموونە، ئەو دکتۆرانەی لە بواری پزیشکیی خێزاندا خوێندوویانە و مەشقیان بینیوە، پزیشکیی گشتیی هەناو، نەخۆشیی منداڵان، پزیشکایەتیی منداڵبوون و نەخۆشیی ژنان.
- *هەندێک چالاکیی دیاریکراو* – کە بە هەموویان بریتین لە کۆمەڵگەی چاودێرییە سەرەتاییەکان و هی تریش، هەروەها خزمەتگوزاریی تایبەتمەند و نەخۆشی ناو نەخۆشخانەش دەگرێتەوە.
- *ئاستێکی خزمەتگوزاری یان ئاستێکی دەستگای دابینکردنی خزمەتگوزاریی* – ئەمبیولاتۆری لە بەرامبەر خزمەتگوزاریی نەخۆشی ناو نەخۆشخانە، خاڵێکی دەستپێک (خاڵی دەروازە، entry point) بۆ ناو سیستمەکە کە دەچێتە ناو خزمەتگوزارییەکی دووەمین (لاوەکی، ثانوي) ی لە نەخۆشخانەی کۆمەڵگەدا و خزمەتگوزاریی سێیەمین لە نەخۆشخانەی تایبەتمەند یان نەخۆشخانەی فێرکاریی.
- *ستراتیجێک بۆ ڕێکخستنی سیستمی تەندروستی* – جەختکردنەوە لە بایەخپێدان و خزمەتگوزاریی لەناو کۆمەڵگەکەدا و کەمتر جەخت بکرێتەوە لە نەخۆشخانە یان خزمەتگوزاریی تەکنەلۆجیای چڕ.

(چاودێریی سەرەتایی) ناو (سەدەی بیست و یەکەم) هەموو ڕەهەندەکانی ئەم لیستە دەگرێتەوە. ساڵی 1996 (ئینستیتوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەرمان، IOM) بۆ (چاودێریی سەرەتایی لە ئاییندەدا) دەستکاری پێناسەکەی ساڵی 1978 ی (چاودێریی سەرەتایی) کرد و بە شێوەیەکی نوێ ڕێکی خستەوە کردەوە، ئەمەش بە گوێرەی گۆڕانکاری لە پێداویستییە تەندروستییەکان و گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ماوەی بیست ساڵدا:

> (چاودێریی سەرەتایی) بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی هەمەلایەن لە هەموو ئاست و کاتێک، بە شێوەیەک کە بە ئاسانی نەخۆشەکان دەستیان پێبگات، لە لایەن ئەو کارمەندانەی کلینیکەوە کە بەرپرسیارن لە وەڵامدانەوەی بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی خزمەتگوزاری کەسیی، و گەشەپێدانی شەراکەتێکی بەردەوام لەگەڵ نەخۆشەکان، و مومارەسەکردنی لەناو خێزان و کۆمەڵگەدا (IOM, 1996, p .31).

IOM بە وردەکارییەوە باسی هەر چەمکێکی بنەڕەتی ناو ئەم پێناسەیە دەکات:

- *هەمەلایەن (متكامل، فره-لایەن، متكامل، Integrated)* – خزمەتگوزاریی لە شوێن و ئاستی جۆراوجۆردا، و بە درێژایی کات
  - *گشتگیر:* کار لەسەر هەر گرفتێکی هەر قۆناغێکی ژیان بکات
  - *هەماهەنگ:* زانیاری و خزمەتگوزاریی دابین بکات بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی نەخۆش و ئەم خزمەتگوزاریی و زانیارییانە پێکەوە ببەستێتەوە.
  - *بەردەوام:* کارمەندانی کلینیک یان دابینکاران بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بەردەوام زانیاری و خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەن.

- بە *ئاسانی دەست پێی بگات* – نەخۆشەکان بە ئاسانی بتوانن دەستیان بگات بە نۆڕینگەکان بۆ هەر گرفتێکی تەندروستی، بۆ نموونە، لە شوێنەکە یان بە تەلەفۆن، IOM ئاماژە بەوە دەکات کە گەیاندن (اتصالات) ی ئەلیکترۆنی زیاتر گونجاوە و باوە.
- *خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی* – ئەو خزمەتگوزارییانەی بۆ باشترکردن، پاراستن، و گەڕاندنەوەی تەندروستی پێشکەش دەکرێن
- *کارمەندانی کلینیک* – کەسێک (دکتۆر یان خەلکی تر) کە بناغەیەکی مەعرفیی دانپێدانراویان هەیە و ڕێپێدراون خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێشکەش بە نەخۆشەکان بکەن.
- *بەرپرسیاربوون (المسائلة، Accountable)* – بەرپرسیارێتییەکانی کارمەندان و تیمەکانی کلینیکی و سیستمەکان لە بەرامبەر کوالێتیی خزمەتگوزارییەکان، ڕەزامەندی نەخۆشەکان، بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کارا، و ئەخلاقییاتی ئاکار.
- *زۆربەی پێویستییەکانی تەندروستیی کەسیی* – کارمەندانی نۆرینگەکانی (چاودێریی سەرەتایی) خوێندن و مەشقیان بینیوە لەسەر دەستنیشانکردن (تەشخیس) و بەڕێوەبردنی زۆربەی گرفتە تەندروستییەکان (جەستەیی، هزر (ژیر) یی، و کۆمەڵایەتی) و دەزانن کەی پێویست بە ڕەوانەکردن (احالة) دەکات
- *شەراکەتی بەردەوام* – پێویستە پەیوەندی نێوان نەخۆش و تیمی کلینیک/کارمەندانی کلینیک بەردەوام بێت لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا (IOM, 1996, pp. 32–33).

جێی سەرنجە، IOM ئەرک و کارەکانی (تەندروستیی گشتیی) دەردەهێنێت لە پێناسەکەی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) بۆ (چاودێری سەرەتایی تەندروستیی)،و زاراوەیەکی کەمێک جیاواز بەکاردەهێنیت: (*چاودێریی سەرەتایی*). لەگەڵ ئەمەشدا، ڕاسپاردەکانی IOM لە 1996 تەبایە لەگەڵ چەند خاڵێکی گرنگی ناو ڕاپۆرتی 2008 ی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی):

- یەکەم، لە وەسفی درێژەدان بە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە سەردەمی نوێدا: "(چاودێریی سەرەتایی) دەبێتە مایەی چاکتربوونی کوالێتی و چوستی خزمەتگوزاری و بواری دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی گونجاو. . . بە بێ (چاودێریی سەرەتایی) هیچ سیستمێکی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە تەواو (کامل) دانانرێت" (IOM, 1996, p. 3).
- دووەم، ڕاپۆرتی IOM جەخت لە دوایین ڕاپۆرتی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) دەکاتەوە کە داوا دەکات سیاسەتی گشتیی ئەوتۆ دابڕێژرێت کە "هەلومەرجی گونجاو بۆ (چاودێریی سەرەتایی)" دروست بکات" (IOM, 1996, p. 112).
- سێیەم، ڕاپۆرتی IOM جەخت لەوە دەکاتەوە کە "(چاودێریی سەرەتایی) تەنێ بریتی نییە لە ئاستێکی نزمی خزمەتگوزاریی تایبەت یان کارێکی لاوەکیی خزمەتگوزاریی تایبەت" (IOM, 1996, p. 124).


پێویستە ئەدا (الأداء، performance) ی (خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی) بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، ئەمەش لە پێناو جەختکردنەوە لە دابینکردنی بۆ هەمووان، لەپێناو کوالێتیی تەکنیکیی خزمەتگوزارییەکە، و لە پێناو دەرەنجامە تەندروستییەکان و ڕەزامەندیی نەخۆش و ڕەزامەندیی کارمەندانی کلینیک. زانیارییەکان لە (چاودێریی سەرەتایی) دا پشتگیری دەکەن لە سیستەمەکانی تۆمارکردن و هەڵگرتن و نۆژەنکردنەوەی داتای کلینکی، ڕێگە خۆش دەکەن بۆ دەرکردنی بریاری کلینیکیی (وەک، ڕێنمایی لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی کارە نۆرینگەییەکان، ئەلگۆریسمی کلینکی)، زانیارییەکان هەروەها ڕێگە خۆش دەکەن بۆ چاودێریی کوالێتی خزمەتگوزارییەکان، و دابینکردنی بابەتی ڕۆشنبیریی بۆ نەخۆش، زانیاری لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی خزمەتی دەکرێت، و درێژەدان بە خوێندن لە لایەن ستافی (چاودێریی سەرەتایی) ەوە.

دانانی چەمکە مۆدێرنەکانی (چاودێریی تەندروستیی) بەو شێوەیەی WHOو IOM تەبەنییان کردووە، دەبێتە مایەی ئەوەی نەخۆشەکان لە ڕێی سیستمی (چاودێریی سەرەتایی)ەوە دەستیان بگات بە سەرچاوەیەکی ئاسایی خزمەتگوزاری تەندروستی (بۆ نموونە، دابینکارێکی چاودێریی سەرەتایی یان تیمێکی چاودێریی سەرەتایی لە "کلینکی ماڵەوە" یان "خانەی پزیشکایەتی") کە خزمەتگوزاریی کوالێتی بەرزی جەوهەری بە شێوەیەکی ئەوتۆی گونجاو پێشکەش بکات کە نەخۆشەکەش و دابینکارەکەش لێی ڕازی بن:

- چاودێری لە یەکەم - دەستپێک بۆ خزمەتگوزاری خۆپارێزی و تاڕادەیەک بوارێکی فراوانی هەڵومەرجەکانی تەندروستی نەخۆشییە توند و درێژخایەنەکان
- بەردەوام بەڕێوەبردنی برێکی گونجاو و بەرفراوان لە گرفتەکانی تەندروستی
- درێژەدان بە خزمەتگوزارییەکان بە درێژایی کات
- هەماهەنگی بۆ ڕەوانەکردن کاتێک پێویست بە هەڵسەنگاندن یان خزمەتگوزاریی دابینکاری تر بکات.

ئەم چەمکانە لە شێوەی 2.14 زیاتر ڕوون کراونەتەوە. پەیوەندیی مەرکەزیی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان نەخۆش و کارمەندی کلینیک، و تیمێکی گەورەی خزمەتگوزاریی تەندروستییش پشتگیری پێشکەشی کارمەندەکە دەکات.

**شێوەی 2.14**
**چوارچێوەی (چاودێریی سەرەتایی) لە سەدەی بیست و یەکەمدا**




سەرچاوە: لە وەزارەتی تەندروستی، 2008b، IOM، 1996.
**RAND** *MG1148-2.14*

ئەم چەمکانە بە تێروتەسەلی لە شێوەی2.14 پیشان دراون. پەیوەندیی مەرکەزییەکە لە نێوان نەخۆش و عیادەوانەکەدایە، عیادەوان (کلینیککار) لە لایەن تیمێکی بەرفراوانی خزمەتگوزاریی سەرەتایی و سیستمێکی هەمەلایەنی دابینکردن لەناو کۆمەڵگەکە پشتگیری و هاوکاری دەکرێت. سیستمی خۆجێی چاودێریی سەرەتایی دەتوانێت نەخۆش ڕەوانە بکات بۆ لای دکتۆری تەشخیسی پسپۆڕ، و چارەسەرکار و خزمەتگوزاریی برینپێچی و هی تر و هەروەها بۆ نەخۆشخانە، و بۆ "کلینکی یەکەم"، ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەگەڕێنەوە بۆی بۆ درێژەدان بە وەرگرتنی خزمەتگوزاری.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی لە ڕاپۆرتی (تەندروستی جیهانیی، 2008) بە ناونیشانی: خزمەتگوزاریی چاودێریی سەرەتایی: ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی تر بە پێویست دادەنرێت، هاتووە: " ژینگەی نێودەوڵەتیی ئێستا پەسەندە بۆ نۆژەنکردنەوەی خزمەتگوزاریی چاودێریی سەرەتایی" (لاپەڕە xix). لە ڕاپۆرتەکەدا هەروەها هاتووە "دەستپێکردنی ئەو چاکسازییانەی کە جەخت دەخەنە سەر دابینکردنی چاودێریی سەرەتایی بۆ سەرجەم خەڵک ڕێگە خۆش دەکات بۆ ڕاستکردنەوە و چاککردنەوەی [تێکچوونی شیرازەی خزمەتگوزارییەکان و ئەو سیستەمە داراییانەی هەر لە بەرژەوندیی خەڵکی دەوڵەمەندە].. و دەتوانێت سوود وەربگرێت لەو داهێنانە تەکنەلۆجییانەی ڕێگە خۆش دەکەن بۆ خزمەتگوزاریی بەپەلە، سادە، جێی متمانە، و هەرزان" (لاپەڕە، 104). ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر چوار بواری چاکسازیی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هەمووان: داپۆشین (تغطية، coverage) بۆ هەمووان (واتە هەموو خەڵک لەخۆبگرێت)، دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، سیاسەتی گشتیی، و سەرکردایەتی. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە خۆی سیاسەتی دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هەمووان پیادە دەکات. بەم شێوەیە، سێ بواری چاکسازییەکەی تر ڕەنگە زیاتر شایانی ئەوە بن ڕەچاو بکرێن:

- **چاکسازیی لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی – بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەک دابین بکرێت کە بایەخ بە نەخۆشەکە بدات، هەمەلایەن و گشتگیر و بەردەوام بێت (بنیاتنانی تواناکان بریتین لە بوارەکانی ژێرخان، سەرچاوە مرۆییەکان، زانیاریی، تەکنەلۆجیا، و دارایی)**

- **چاکسازیی لە سیاسەتی گشتیی – ئاوێتەکردن و یەکتری تەواوکردنی تەندروستیی گشتیی و چاودێریی سەرەتایی لە ڕێی سیاسەتەکانی بواری سیستمەکانی تەندروستی، تەندروستیی گشتیی، و بواری تر بە مەبەستی بەرەوپێشبردن و پاراستنی تەندروستیی کۆمەڵگەکان (وەک سیاسەتەکانی بواری سەرچاوە مرۆییەکان، پێدانی بڕوانامە –ئیعتیماد-، دەرمان، تەکنەلۆجیا، و کۆنترۆڵی جۆریی)**

- **چاکسازیی لە بواری سەرکردایەتییدا – بۆ جەختکردنەوە لەوەی بەرپرسەکان زانیاریی پێویستیان هەیە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی لە کەرتی تەدروستی**

**هەندێک نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی پەیڕەوکردنی باشی تەندروستی، ئاستی گونجاوی خزمەتگوزارییەکان، و نیشاندەر و قۆناغەکان** (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) هەندێک ڕێنمایی بڵاوکردۆتەوە کە تایبەتن بە فریاگوزاریی کارەسات و بوژانەوە (گەڕاندنەوە بۆ رەوشی پێشوو)، بەڵام ئێمە بڕوا دەکەین ئەمانە پەیوەندییان هەبێت بە سیستمی تەندروستی کوردستانەوە. بۆ نموونە، خشتەی 2.5 بریتییە لە وێنەی موومارەسەی باش کە لە ڕێنماییەکانەوە وەرگیراون. لێرەدا لیستێک داڕێژراوە بە ناوی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە لایەن ئاستەکانی کۆمەڵگە، بنکەکانی تەندروستی (بنچینەیی)، و نەخۆشانەکان (دووەمی یان سێیەمی) ەوە پێشکەش دەکرێن، بڕوانە خشتەی 2.6. هەروەها نیشاندەرە ستاندارده نێودەوڵەتییەکان و قۆناغەکانی ئەم خزمەتگوزارییانە لە خشتەی 2.7 دانراون.

**خشتەی 2.5**
**هێڵکاریی شێوازی کارکردن (موومارەسە) ی باش**

| بوار | شێوازی کار |
| --- | --- |
| خزمەتگوزاریی گشتیی تەندروستی | بە لای کەمەوە یەک بنکەی تەندروستی بۆ هەر 10000 کەسێک<br>رۆڵی موماریسی پزیشکیی مامناوەندیی (پەرستیار، مامان، کارمەندی تەندروستی)<br>لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان<br>کارمەندانی تەندروستیی کۆمەڵگەیی (CHws): رۆڵیان هەیە لە دابینکردنی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی منداڵان، وەک بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیی حاڵەتەکانی هەوکردنی سییەکان لە ناوچە دوورەکان وەک ستراتیجێک بۆ گەیشتن بەو کۆمەڵە پەرشوبڵاوانەی لە ناوچە دوورەکانن و کامپەکانی ئاوارەیی کە دەست نایانگاتێ |
| تەندروستیی منداڵ | ئەو منداڵانەی هەوکردنی سییان هەیە بەڵام لە ماوەی 24-48 کاتژمێردا دەستیان<br>دەگاتە چارەسەرێکی گونجاو دابینکردنی زینک بەشێکە لە چارەسەر بۆ ئەو منداڵانەی توشی وشکبوونەوە دەبن<br>تەواوکەری ڤیتامین A دەدرێت بە منداڵانی خوار پێنج ساڵ<br>خوێی دژە-وشکبوونەوە لەماڵەوە هەیە<br>چارەسەرێکی ئاوێتە لەگەڵ ئارتیمینین (ACT) چارەسەری هەڵبژاردەیە بۆ مەلاریا، لەگەڵ تاقیکردنەوەی تەشخیسی و تەشخیسی مایکرۆسکۆپی |
| خۆراک پێدان | بەدخۆراکیی سەخت لە ئاستی بنکەی تەندروستییدا بەڕێوە دەبرێت |
| تەندروستی دایکایەتی ومنداڵی کۆرپە و ساوا | شەش ئەرکی (خزمەتگوزاریی بنچینەیی منداڵبوون، B-EOC) لە ئاستی بنکەی تەندروستییدا پێشکەش دەکرێت:<br>(1) بەڕێوەبردنی لێدانی دەرزی دژە میقرۆب، (2) بەڕێوەبردنی لێدانی دەرزی منداڵبوون، (3) بەڕێوەبردنی لێدانی دژەتەشەنج بۆ تشنج و ارتعاجی منداڵبوون، (4) لابردنی پەردەی تورەگەی کۆرپە، (5) لابردنی پاشماوە، و (6) یارمەتی دەرکردنی منداڵ<br>پاککردنەوەی کەرەستەی منداڵبوون لەگەڵ ڕاوێژ و ئامۆژ لەسەر چۆنیەتی پاککردنەوەی کەرەستەکان و پلانی ئامادەکاریی منداڵبوون<br>خزمەتگوزاریی سەروەختی منداڵبوون (دایکایەتی و منداڵی کۆرپەی تازە لەدایکبوو) لە ماوەی 24-48 کاتژمێر لە منداڵبوون بە یارمەتی کارمەندێکی پزیشکایەتی یان کارمەندی مەشقدیتەی تەندروستیی کۆمەڵگەیی<br>میکانیزمی ڕەوانەکردن، لەگەڵ بایەخێکی تایبەتی بە (بایەخپێدانیی بنەڕەتیی هەمەلایەنەی منداڵبوون) (C-EOC)، کە بریتییە لە شەش ئەرکی B-EOC لەگەڵ (7) نەشتەرگەری قەیسەری (سیزەرییانە)، و (8) گواستنەوەی خوێن، کەرەستەی ژیانەوەی منداڵی تازە لەدایکبوو و کارمەندی مەشقدیتە ئامادەن لە هەموو خزمەتگوزارییەکی لەدایکبوونی منداڵ، و مەشق بە کارمەندەکان کراوە لەسەر بایەخپێدانی سەرەکیی بە منداڵی کۆرپەی تازە لەدایکبوو، لە ناوییدا ژیانەوەی کۆرپەکەی تازەلەدایکبوو<br>کارکردن بۆ زیاترکردنی ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵ لە دەستگاکان. |

سەرچاوە: لە چاپتەری 6 ی WHO, 2009 وەرگیراوە "/ Ensuring Standards "; signal functions of B-EOC and C-EOC fromu NICEF
.WHO/uNFPA, 1997

**خشتەی 2.6**
**هێڵکاری لیستەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان: خزمەتگوزاریی بە گوێرەی ئاستەکە**

| ئاستی خزمەتگوزارییەکە | بوار | خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەیی | تەندروستیی منداڵ | (بەڕێوەبردنی هەمەلایەنەی نەخۆشییەکانی منداڵ) پێکهاتەی کۆمەڵگە: زانیاری، پەروەردە، و گەیاندن (IEC) بۆ بایەخپێدەر –بەخێوکەر-ی منداڵ، دۆزینەوەی حاڵەت<br>چارەسەر لە ماڵەوە بۆ تا/مەلاریا، ARI، وشکبوونەوە<br>پرسازیی –تعبئە- و پشتگیریی کۆمەڵگە بۆ هەڵمەتی بەرفراوانی کوتان |
| | نەخۆشییە گواستراوەکان | کۆنترۆڵی نەخۆشی-گوێزەرەوە: پەردە کولە، سپرای مێرکوژ لەناو ماڵ و دەرەوە)<br>پرسازیی کۆمەڵگە و پشتگیریی بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی کوتان<br>IEC لەسەر نەخۆشییەکانی ناوچەکە – بۆ نموونە، سیل. |
| | تەندروستی دایک و کۆرپە | لەدایکبوون لە ماڵەوە، دابەشکردنی کەرەستە و کەلوپەل بۆ ژنی دووگیان، IEC و گۆڕانی ئاکار، ئاشنایەتیی بە مەترسییەکان و کەی و لە کوێ یارمەتی دەست دەکەوێت، کاروباری شیردانی دایک |
| | نەخۆشیی نەگواستراوە، برینداری، و تەندروستیی عەقڵی | بایەخ بەخۆدان، دابینکردنی خزمەتگوزاریی بنچینەیی تەندروستی و پشتگیریی دەروونی، ئاشناکردن و ڕەوانەکردنی حاڵەتە سەختەکان بۆ چارەسەر، وەک پێویست بۆ ئەو کەسانەی دەستگا دیسچارجی کردوون |
| چاودێریی سەرەتایی | خزمەتگوزاریی گشتیی لە نۆرینگە | خزمەتگوزاریی بۆ نەخۆشی دەرەوە (ئەوانەی لە نەخۆشخانە ناخەون)<br>خزمەتگوزاریی بنچینەیی تاقیگە<br>توانای سنوودار –کەم-ی مانەوە لە نەخۆشخانە (5-10 قەرەوێڵە)<br>توانای ڕەوانەکردن (احالة): ڕێوشوێنی ڕەوانەکردن، هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن |
| | تەندروستیی منداڵ | کوتانی ئاسایی لە بەرامبەر ئەو نەخۆشییانەی لە ئاستی نیشتمانی کوتانیان بۆ دەکرێت، و زنجیرەی سارد<br>نۆرینگەیی بۆ منداڵی خوار پێنج ساڵان لە لایەن ستافێکی مەشقدیتەی تەندروستییەوە IMCI<br>پشکنین بۆ منداڵانی بەدخۆراک: چاودێریی گەشە (کێش/تەمەن)، چوارچێوەی ناوەڕاستی قۆڵ، کێش/درێژیی، درێژیی/تەمەن |
| | نەخۆشیی گواستراوە | شوێنی چاودێریی بۆ سیستمی ئاگادارکردنەوە –انذار-ی پێشوەخت لە نەخۆشی پەتایی<br>وەڵامدانەوەی تەشەسەندنی نەخۆشیی<br>تەشخیس و چارەسەری سیل<br>تەشخیس و چارەسەری نەخۆشیی تری ناوچەکە |
| | تەندروستی دایک و کۆرپە | بایەخپێدان بە منداڵبوون بۆ منداڵبوونێکی خاوێن و سەلامەت و ئاسایی<br>بایەخپێدانی بنچینەیی بە کۆرپە: ژیانەوەی کۆرپە، گەرمیی، پاراستنی چاو، بایەخپێدانی ناوک و وێڵاش، شیردانی دایک<br>بایەخپێدانی بنچینەیی منداڵبوون: دەرزیی ئەنتیبایەتیک، دەرمانیی خێراکردنی منداڵبوون، دەرمانی دژەتەشەنوج، لابردنی مەشیمە بە دەست، خاوێنکردنەوەی دوای منداڵبووون (وەک، هاوکاریی منداڵبوون بە شەو و ڕۆژ و هەموو ڕوژێکی هەفتە،<br>چاودێریی پاش منداڵبوون: پشکنینی دایک و کۆرپە (تا شەش هەفتە)، وەڵامدانەوەی هەر نیشانەیەک سەرهەڵبدات، پشتگیریی لەوەی دایک شیری خۆی بدات بە منداڵەکەی، ئاشناکردن بە پلاندانانی خێزانیی |
| | نەخۆشیی نەگواستراوە، برینداری، و تەندروستی عەقڵی | بەڕێوەبردنی حاڵەتەکانی بریندابوون و قوربانیان (حاڵەتی کارەسات)<br>چارەسەری پەستان<br>چارەسەری شەکرە |
| خزمەتگوزاریی دووەمین و سێیەمین | خزمەتگوزاریی گشتیی لە نۆرینگە | خزمەتگوزاریی نەخۆشی ناوەوە (ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە دەمێننەوە) (بەشی پزیشکیی، منداڵان، و منداڵبوون، و ژنان)<br>نەشتەرگەریی فریاکەوتن و هەندێک جۆری نەشتەرگەری و کردەی پزیشکی<br>خزمەتگوزارییەکانی تاقیگە (وەک تاقیگەی تەندروستیی گشتیی)<br>خزمەتگوزارییەکانی بانکی خوێن (ئێستا پێی دەگەوترێت خزمەتگوزارییەکانی گواستنەوەی خوێن)<br>خزمەتگوزارییەکانی تیشکی ئێکس (ئێستا پێی دەگوترێت خزمەتگوزاریی شێوەیی) |
| | تەندروستیی منداڵ | بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو منداڵانەی نەخۆشی سەخت یان زۆر سەختیان هەیە (دابینکردنی دەرزی و شلە و دەرمان، ئۆکسجین) |
| | تەندروستی دایک و کۆرپە | خزمەتگوزاریی بنچینەیی فریاکەوتنی هەمەلایەنە: B-EOC ، نەشتەرگەریی (نەشتەرگەریی قەیسەریی)، گواستنەوەی خوێن بە شێوەیەکی سەلامەت |
| | نەخۆشیی نەگواستراوە، برینداری، و تەندروستیی عەقڵیی | ئیعادەی تەئهیل بۆ پەککەوتە و بریندار<br>خزمەتگوزاریی دەروونیی بۆ نەخۆشی دەرەوە<br>یەکەی دەروونیی سەخت بۆ نەخۆشی ناوەوە |

سەرچاوە: بە دەستکارییەوە لە، WHO, 2009، چاپتەری 9 "Standard Services and Indicators Lists"

**خشتەی 2.7**
**نیشاندەر و قۆناغەکانی سەرچاوە و چاودێرییە سەرەکییە تەندروستییەکان**

| نیشاندەر | قۆناغ: نێودەوڵەتی | قۆناغ: عێراق |
|---|---|---|
| **بەردەست (هەبوون) ی خزمەتگوزاریی تەندروستی** | | |
| تێکرای هاوولاَتیانی داپۆشراو بە دەستگای تەندروستیی (HF). بە گوێرەی جۆری دەستگا و یەکەی بەڕێوەبردن | *ستاندارەدەکانی سفیر :*<br>• 10,000 بۆ یەک یەکەی تەندروستی<br>— 5-2 ستاف بە لای کەمەوە یەک کارمەندی کارزانی تەندروستی، و 50 ڕاوێژکاریێی لە یەک رۆژ بۆ یەک کارمەندی کارزان<br>• 50,000 بۆ یەک بنکەی تەندروستیی<br>— ≤5 کارمەندی کارزانی تەندروستی کە یەکێکیان MD بێت، بۆ 50 ڕاوێژی نەخۆشی دەرەوە بۆ هەر کارمەندێکی کارزان، یەک کارمەند بۆ 30-20 قەرەوێڵە<br>• 250,000 بۆ یەک نەخۆشخانەی قەزا<br>— ≤1 MD کە شارەزایی کردە و نەشتەرگەریی هەبێت | • 5,000 بۆ بنکەی تەندروستی لاوەکی،<br>• 10,000 بۆ بنکەی سەرەکیی تەندروستی |
| ژمارەی HF کە خزمەتگوزاریی بنچینەیی منداڵبوون پێشکەش دەکەن (B-EOC) بۆ 500,000 کەس، لە لایەن یەکەی کارگێڕیی | • ≥4 B-EOC<br>• 125,000• بۆ یەک HF لەگەڵ B-EOC | |
| ژ. HF کە C-EOC هەبێت بۆ 500,000 کەس، لە لایەن یەکەی کارگێڕی بەڕێوە دەبرێت | • ≥1 C-EOC<br>• 500,000 بۆ یەک HF لەگەڵ C-EOC | |
| ڕێژەی سەتیی HF بێ تەواوبوونی دەرمانی بنەڕەتیی لە 4 گروپی دەرمانەکان، لەلایەن یەکەی کارگێڕییەوە بەڕێوە دەبرێت | 100 | |
| کەس ژ. قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بۆ هەر 10000 (دایکایەتی و نەخۆشی ناوەوە) بە گوێرەی یەکەی کارگێری | >10 | 25 |
| ژ. کارمەندانی تەدنروستی (کۆی گشتی پزیشک، پەرستیار، و مامان) بۆ 10000 کەس، بە گوێرەی یەکەی کارگێری | 22 | 40 |
| ژمار CHW بۆ 10000 کەس، بە گوێرەی یەکەی کارگێڕی | • ستانداردی WHO: ≥10<br>*ستنادناردی سفیر*<br>• 500–1,000 یەک CHW بۆ<br>• یەک شارەزای بواری منداڵبوون بۆ 2,000 | |
| **داپۆشینی خزمەتگوزاریی تەندروستی** | | |
| ژ. راوێژ بۆ نەخۆشیی دەرەوە بۆ یەک کەس لە ساڵێکدا،بە گوێرەی یەکەی کارگێڕی | ≤1 سەردانی نوێی یەک کەس لە یەک ساڵدا | |
| ژمارەی ڕاوێژ بۆ هەر نۆرینگەکارێک لە یەک رۆژدا، بە گوێرەی یەکەی کارگێڕی | 50> | |
| داپۆشین بە کوتانی سوورێژە (6 مانگ تا 15 ساڵ) | • >95% لە کام یان شار<br>• >90% لە ناوچە دوورەکان | 100% |
| داپۆشین بە DPT3 لە خوار یەک ساڵییەوە، بە گوێرەی یەکەی کارگێری | 95%< | |
| ڕێژەی سەتیی حاڵەتی لەدایکبوون بە هاوکاریی شارەزایەک | 90%< | 90% (تا 2014) |
| ڕێژەی سەتیی لەدایکبوونی پێشبینیکراو بە نەشتەرگەریی قەیسەری، بە گوێرەی یەکەی کارگێڕی | ≤5% و ≥15% | |

سەرچاوە: لە WHO وەرگیراوە، چاپتەری 9 "Standard Services and Indicators Lists"، پرۆژەی سفیر، 2004، ژمارەکانی عێراق لە کۆماری عێراق، 2010 وەرگیراوە

# پێشبینیی شێوازی ئایندەی بەکارهێنانی چاودێری تەندروستیی لە سیستمی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان

**ئەگەری سیاسەتی کار**

- *زیاترکردنی کارمەندانی تەندروستی و توانای نەخۆشخانەکان بۆ دابینکردنی پێویستییەکان* – زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان سەرچاوەی سەرەکییە بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاییندەدا.
- *بنیاتنانی دەستی کاری تەندروستیی بنچینەیی* – بەرنامە تەندروستییەکانی خۆپارێزی تاکەکەسی و گشتیی دەبێتە مایەی کەمتر مانەوە لە نەخۆشخانە و بەکارهێنانی ژوورەکانی فریاکەوتن.
- *پتەوکردنی ژێرخان و کارمەندانی تەندروستیی کەرتی تایبەت* – گەشەسەندنی کەرتی تایبەت دەبێتە مایەی بەکارهێنانی زیاتری سەرجەم سیستمەکە.


## پێشەکی

بۆ هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دانانی پلان بۆ ئاییندە، ئێمە چەند ڕاڤەیەکمان داڕشت بۆ ئاییندەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی. لە ڕێی خوێندنەوەی داواکاری (طلب، demand) ی ئاییندە (وەک، بەکارهێنان) لەسەر خزمەتگوزارییەکان و پلانی دابینکاری (عرض، supply) ی ئاییندە (بۆ نموونە، نەخۆشخانە، بنکە تەندروستییەکان، و دەستی کار)، ئێمە دەتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین ئاخۆ ئەو دابینکارییەی بەردەست دەبێت بەشی داواکارییەکانی ئاییندە دەکات. ئنجا ئەوسا دەتوانین دەستکاری مۆدیلەکان بکەین بۆ ئەوەی ببینین ئاخۆ بە گوێرەی سیناریۆی جۆراوجۆر ئەو کەلێن و بۆشاییەی هەیە لە نێوان داواکاری و دابینکاریدا زیاتر دەکات یان کەمتر دەکات. هەروەها دەتوانین لێکۆڵینەوە بکەین لەوەی ئاخۆ سیاسەتەکانی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوار دەڕەخسێنن بۆ حکومەت ئەو ئامانجانە بهێنێتە دی کە بۆ کەرتی تەندروستیی دایڕشتووە. حەزمان دەکرد مۆدیل دابڕێژین بۆ سیستمەکان لە ئاستی شارۆچکە و ناحیەکانیش، بەڵام نەبوونی داتا ڕێگری کردین.

پرۆسەی دانانی مۆدیل لە دوو هەنگاو پێک دێت (بڕوانە شێوەی 3.1):

1. **داڕشتنی مۆدێلێکی بنەڕەتی (الانموذج الاساسي، base model):** مۆدیلە بنەڕەتییەکە بریتییە لە خوێندنەوە و ڕاڤەی داواکاریی (طلب، demand) ی لەسەر خزمەتگوزاریی لە ساڵانی 2015 و 2020 بە بەکارهێنانی هەمان ئەو کڵێشانەی خزمەتگوزاری کە ئێستا لە ئارادان بەڵام بە ڕەچاوکردنی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان، زیادبوونەکە تەبایە لەگەڵ مەزەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان.
2. **لێکۆڵینەوە لە کاریگەری سێ سیناریۆکە لەسەر داواکاری (طلب، demand) ی ئاییندەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان:** ئێمە لێکۆڵینەوەمان لەو سیناریۆیانە کرد کە بڕوامان وایە کاریگەریان دەبێت لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاییندەدا، یان ئامانجی بڕیاربەدەستانن وەک بە ئێمەیان ڕاگەیاند. ئێمە ڕاڤەی کاریگەری سیناریۆی ساڵانی 2015 و 2020 دەکەین. ئەمانەی خوارەوە بریتین لە سیناریۆکان:
   - زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی باڵغ بە خێرایی – ئەوانەی کار دەکەن (بۆ نموونە، بۆ پیشەسازیی نەوت).
   - باشتربوونی دابینکردنی (چاودێرییە سەرەتاییەکان)
   - گەشەسەندنی کەرتی تایبەتی تەندروستی

**شێوەی 3.1**
**هێڵکاریی پلانی دانانی مۆدێل**





RAND *MG1148-3.1*

ئێمە بۆ هەر یەکێک لەم سیناریۆیانە مۆدێلێکمان دانا و مەزەندەی ئەوتۆمان بۆ داڕشت کە کار بکەنە سەر داواکاری و دابینکاری (عرض و طلب، demand and supply) لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی. ئێمە مۆدێلەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکخست: (1) باسی شێوازی داڕشتنی مۆدێلی بنەڕەتی دەکەین، هەروەها تیشک دەخەینە سەر خوێندنەوەی ئاییندەی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنان (داواکاری) ی لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکەین لە ئاییندەدا بە گوێرەی نموونەی بنەڕەتی، (2) چەند سیناریۆیەک دادەڕێژین و وەسفی شێوازی مەزەندەکردنی کاریگەرەکانی هەر سیناریۆیەک دەکەین لەسەر بەکارهینانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، و (3) ئەنجامی مۆدێلەکان پێشکەش دەکەین، هەروەها سەرچاوە و وەبەرهێنانی پێویست لە ئاییندەدا بە مەبەستی پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکووڕیی لە نێوان داواکاری لەسەر خزمەتگوزاری تەندروستی و دابینکاریی خزمەتگوزاریی تەندروستی.

ئێمە بە پشتبەستن بە مۆدێلە تیۆرییە بنەڕەتییەکەی داواکاری و دابینکاری لەگەڵ ئەو بەکارهێنانەی پێشبینی دەکرێت و لە شێوەی 3.2 پیشان دراوە، ڕاهێنانی مۆدێلەکەمان داڕشت.

**شێوەی 3.2**
**چوارچێوەی چەمک بۆ داڕشتنی مۆدێل**




RAND *MG1148-3.2*

## بنیاتنانی مۆدیلی بنەڕەتی(الانموذج الاساسی، Base Model)

لە مۆدیلە بنەڕەتییەکەدا مەزەندەی ئەوەمان کردووە کە ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی ئێستا دابین دەکرێن (وەک ڕێژەی ئێستای دکتۆرەکان، پەرستیارەکان، و ژمارەی قەرەوێڵەکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان) و کلێشەکانی بەکارهێنانی ئێستای خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان هەر بەم ڕێژەیە وەک خۆیان بە نەگۆڕی دەمێننەوە تا 2020. بەم شێوەیە، لەم حاڵەتەدا زیادبوونی داواکارییەکە تەنێ لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەوە سەرچاوە دەگرێت. بێگومان گۆڕانکاری ڕوودەدات، بەڵام هەبوونی مۆدیلێکی بنەڕەتی کە تیشک بخاتە سەر کاریگەرەکانی فاکتەرە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی (وەک زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان) بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت بە وردی سەیری گۆڕاوە گرنگەکانی تر بکەین. بە مەبەستی مەزەندەکردنی حاڵەتی بنەڕەتی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەمان نا:

- بەدەستهێنانی داتا لەسەر بەکارهێنانی ئێستای خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی پارێزگا
- کۆکردنەوەی داتا لەسەر ژمارەی دانیشتوانی ئێستا، و ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان
- بەکارهێنانی پێشبینیکراو بۆ ساڵی 2015 و 2020 بە جارانکردنی ئاستەکانی بەکارهێنانی ئێستا لەگەڵ ڕێژەی پێشبینیکراوی زیادبوونی دانیشتوان، بە مەزەندەی ئەوەی کە دابینکاری (عرض، supply) وەک پێویست دەبێت لە بەرامبەر داواکاری (طلب، demand) ە زیادبووەکە.

### بەکارهێنانی بنەڕەتیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی

ئێمە ڕێژەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیمان بە گوێرەی ئەو داتایە مەزەندە کرد کە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پلاندانان بۆ ساڵی 2009 خستییانە بەردەستمان، ئەمە دواترین ساڵە کە داتای لەسەر هەبێت. خشتەی 3.1 بریتییە لە کۆی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بۆ هەر پارێزگایەک، خشتەی 3.2 ڕێژەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پیشان دەدات (بۆ هەر 1000 کەسێک لە دانیشتوانەکە) بە گوێرەی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2009.

**خشتەی 3.1**
**هێڵی بنەڕەتی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی (2009) بە گوێرەی پارێزگا**

| | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی دانیشتوان | 1,887,518 | 1,139,012 | 2,201,450 | 5,227,980 |
| خەوتن لە نەخۆشخانە (ژمارەی مانەوە لە نەخۆشخانە) | 169,601 | 119,729 | 292,033 | 581,363 |
| بەکارهێنانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن (ژمارەی سەردانکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن) | 230,919 | 218,139 | 268,821 | 717,879 |
| بەکارهێنان لە لایەن نەخۆشی دەرەوە (ژمارەی سەردان لە لایەن نەخۆشی دەرەوە) | 1,689,815 | 2,855,841 | 3,884,290 | 8,429,946 |

سەرچاوە: راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009

**خشتەی 3.2**
**هێڵی بنەڕەتی بۆ ڕێژەکانی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی (بۆ 1000 کەس لە دانیشتوان) بە گوێرەی**

| | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کۆ کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی خەوتن لە نەخۆشخانە (مانەوە لە خەستەخانە) | 89.9 | 105.1 | 132.7 | 111.2 |
| ڕێژەی بەکارهێنانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن (سەردانی فریاکەوتن) | 122.3 | 191.5 | 122.1 | 137.3 |
| ڕێژەی بەکارهێنانی نەخۆشی دەرەوە (سەردانی کلینیک) | 895.3 | 2,507.3 | 1,764.4 | 1,612.5 |

سەرچاوە: ژمارەی دانیشتوان – وەزارەتی تەندروستی، 2009، بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی – ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009

ئێمە بۆ مەزەندەکردنی ڕێژەی بەکارهێنانی ئاستی پارێزگا سوودمان لە کۆکراوەی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنانەکان وەرگرت. ڕێژەکەمان بەم شێوەیە حساب کرد کە

$$R_{gi} = U_{gi} / P_g$$

کاتێک

$R_{gi}$ بریتییە لە ڕێژەی بەکارهێنانی هێڵی بنەڕەتیی خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو ($i$) لە پارێزگایەک ($g$).

$U_{gi}$ بریتییە لە بڕی خزمەتگوزاریەک ($i$) کە بۆ پارێزگایەک بەکاردەهێنرێت ($g$).

$P_g$ بریتییە لە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگایەک ($g$)

لەبەرئەوەی ئەو داتایەی لەبەردەستمان بوو بەرتەسک و سنووردار بوو، تەنێ توانیمان ڕێژەی بەکارهێنان لە ئاستی پارێزگادا مەزەندە بکەین. ئەگەر داتای زیاترمان لەبەردەست بوایە (وەک، بەکارهێنان لە ئاستی شارۆچکەدا) ئەوسا دەمانتوانی پێداچوونەوەی مەزەندەکانمان بکەین.

**خوێندنەوەی زیادبوونیی ژمارەی دانیشتوان**

خوێندنەوەی زیادبوونی ژمارەی هاوولاتیان پشت بە داتای ساڵی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی دەبەستێت. ئێمە لەسەر ئاستی پارێزگا ژمارەی دانیشتوانی 2015 و 2020 مان ڕاڤە کرد (بڕوانە خشتەی 3.3)، بە بەکارهێنانی ئەم گریمانانەی خوارەوە:

- ڕێژەی سروشتیی زیادبوونمان بەکارهێنا (NRI) (واتە ژمارەی خاوی لەدایکبوون کەم ڕێژەی خاوی مردن) بۆ هەر پارێزگایەک بە گوێرەی داتای بەردەست:
  - هەولێر: 2.2 لە سەت
  - دهۆک: 3.6 لە سەت
  - سلێمانی: 1.9 لە سەت

  بۆ ئامارەکانی مردن و لەدایکبوون، سوود لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009، وەرگیراوە.
- گریمانەی ڕێژەیەکی مامناوەندیی کۆچمان کرد. لەبەرئەوەی هیچ ئامارێکی جێی متمانە نییە لەسەر کۆچ لە هەرێمی کوردستان و و ئەم دە ساڵەی دوایی حاڵەتێکی نموونەیی نییە (ڕەنگدانەوەی گەڕانەوەی کوردەکانە پاش دامەزراندنی ناوچەی دژە-فڕین و هەروەها کۆچکردنی ئەم دواییەی خەڵک لە باشووری عێراقەوە بۆ کوردستان وەک پەناگەیەک)، ئێمە پوختەی کۆچی ئوردنمان وەرگرت، کە بریتی بوو لە 0.6 لە سەت. ئوردن وەک نیشانەیەک هەڵبژێدرا چونکە ڕێژەی پوختی کۆچکردن بە مامناوەندی دادەنرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، و وڵاتێکە کە ڕەوشەکەی لە ڕەوشی ئێستای هەرێی کوردستان دەچێت.

**خشتەی 3.3**

**خوێندنەوەی ئاییندەی ژمارەی دانیشتوان لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ 2015 و 2020**

| پارێزگا | NRI | کۆچ | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە | دانیشتوان 2009 | دانیشتوان 2015 | دانیشتوان 2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2.2% | 0.6% | 2.8% | 1,887,518 | 2,227,665 | 2,557,498 |
| دهۆک | 3.6% | 0.6% | 4.2% | 1,139,012 | 1,457,923 | 1,790,908 |
| سلێمانی | 1.9% | 0.6% | 2.5% | 2,201,450 | 2,553,007 | 2,888,493 |
| **کۆی هەرێم** | | | 3.0% | **5,227,980** | **6,238,595** | **7,236,899** |

سەرچاوە: ژمارەی دانیشتوان – وەزارەتی تەندروستی/وەزارەتی پلاندانان، 2009.

سەرنج: NRI+ کۆچ = ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە (NRI: ڕێژەی سروشتیی زیادبوون).

2 ئەگەرچی ئێمە ئاگاداری بەدیلەکانین بۆ مەزەندەکردنی ژمارەی دانیشتوان، وەک چوارچێوەی ئەم ئامارەی دوایی، بەڵام بڕیارمان دا هەمان ئەو ژمارانە بەکاربهێنین کە وەزارەتی تەندروستی بەکاری هێناوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەکان بەراورد بکەین. چونکە ئێمە بە تایبەت جەخت دەخەینە سەر ڕێژەی گۆڕانکارییەکە، ئەمە شێوازێکی گونجاو بوو بۆ حسابەکان.

**بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاییندەدا: حاڵەتی بنچینەیی (الحالة الاساسية، Base Case)**

لە حاڵەتی بنچینەییدا گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا تەنێ لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیانەوە ڕوودەدات. خوێندنەوەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاییندەدا مەزەندەی ئەوە دەکات کە کڵێشەکانی هێڵی بنەڕەتیی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی ناگۆڕێت، کڵێشەی گەیاندن و بەکارهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. ئێمە بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستییمان لە ئاییندەدا بەم شێوەیە هەژمار کرد:

$$U_{gst} = B_{gs} \times P_{gt}$$

کە

$U_{gst}$ بریتییە لە بەکارهێنانی ئاییندەی خزمەتگوزارییەکی تەندروستیی *(s)* (وەک، خزمەتکردنی نەخۆشی دەرەوەی نەخۆشخانەکان) لە پارێزگایەکی دیاریکراو *(g)*

$B_{gs}$ بریتییە لە ڕێژەی سەتیی بەکارهێنانی هێڵی بنەڕەتی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی *(s)* لە پارێزگایەکی دیاریکراو *(g)*

$P_{GT}$ بریتییە لە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگایەک *(g)* لە ئاییندەدا لە ساڵێکی دیاریکراودا *(t)* (بۆ نموونە، 2015)

بە بەکارهێنانی ئەم شێوازە، ئەم نیشاندەرانەی خوارەوەمان هەژمار کرد بۆ ئاییندەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هەر پارێزگایەک:[3]

- کۆی ژمارەی داخڵکردن (مانەوە) لە نەخۆشخانە
- کۆی ژمارەی سەردانکردنی نەخۆشخانە و بەشەکانی فریاکەوتن
- کۆی ژمارەی سەردانکردنی نەخۆشخانە لە لایەن نەخۆشەکانی دەرەوە (ئەوانەی لە نەخۆشخانە نەخەوتوون).

**شێوازی شیکردنەوەی سیناریۆکان**

مۆدیلە بنەڕەتییەکە بە گوێرەی ئەو مەزەندەیە داواکاریی ئایندە لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی دەخوێنێتەوە کە ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن و کڵێشەی خزمەتگوزارییەکە وەک خۆیان دەمێننەوە و ناگۆڕێن. لە هەنگاوی دووەمی پرۆسەی داڕشتنی مۆدیلەکەماندا ئێمە مەزەندەی ئەوەمان کرد کە چۆن گۆڕانکاری لە ڕەوشی هەنووکەییدا (وەک، سیناریۆکانی چاکسازی لە سیستمی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی) کار دەکاتە سەر بەکارهێنانی ئاییندە. ئێمە بە گوێرەی سیناریۆکان ڕاڤەی مۆدیلە بنەڕەتییەکەی سەرەوەمان کرد بەڵام پێکهاتەی بنچینەیی نمونەکەمان نەگۆڕی. بۆ ئەوەی کاریگەری سیناریۆکان پیشان بدەین، ئێمە یەک هۆکارمان زیاد کرد، $\gamma_{rg}$، بۆ مۆدیلەکە:

$$U_{gst} = B_{gs} \times P_{gt} \times \gamma_{rg}$$

کە تێیدا $\gamma_{rg}$ بریتییە لە کاریگەری مەزەندەکراو *(r)* ی گۆڕانکارییەکی دیاریکراو لە گۆڕاوێکی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا بۆ هەر سیناریۆیەک (وەک، زیادبوونی بەپەلەی ژمارەی هاوڵاتیان یان گەشەسەندنی خێرای کەرتی تایبەت) لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی (وەک خەواندن لە نەخۆشخانە) لە پارێزگایەکی دیاریکراو *(g)*. ئێمە مەزەندەی کاریگەری هەر سێ سیناریۆکەمان کرد.

---

[3] ئێمە لێرەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە لە ڕێی زیادبوونی دابینکارییەوە (العرض، supply) دەتوانرێت وەڵامی زیادبوونی داواکاریی (الطلب، demand) بدرێتەوە

**ناوەڕۆکی سیناریۆکان**

**سیناریۆی 1: بەپەلە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی باڵق (البالغیین، Adult) - ئەوانەی دەتوانن کار بکەن.** لە یەکەم سیناریۆدا ئێمە ڕەچاوی ئەوە دەکەین کە چۆن دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان و گەشەی بەرچاوی ئابووریی کار دەکاتە سەر ئاییندەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی. وڵاتانی تری دەوڵەمەند بە نەوت، وەک ئیمارەتە یەکگرتووەکانی عەرەب و قەتەر، زیادبوونێکی بەپەلەی ژمارەی دانیشتوانیان بە خۆیانەوە بینی، ئەمەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە دەرەنجامی کۆچکردنی گەنجانی تەمەنی کارکردن (بە تایبەتی کوڕان). ئەم کۆچکردووانە وا باوە بۆ ماوەیەکی کاتیی دەمێننەوە، و پرۆفایلێکی جیاوازی خزمەتگوزاریی تەندروستییان هەیە وەک لە خەڵکە ڕەسەنەکە. ئەمانە گەنجن، نێرینەن، و کارمەندی بواری بیناسازی و نەوتن. لەم سیناریۆیەدا ئێمە گریمانەی ئەوەمان کرد کە ڕێژەیەکی بەرز (2.4 لە سەت) ی کۆچکردن ڕوودەدات، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لە ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو ڕوویدا. ڕەنگە ئەم کۆچکردنە لە وڵاتانی ترەوە بێت، وەک هندستان و مالیزیا، لە وڵاتانی تری دەوڵەمەند بە نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەمان شت ڕوویداوە، یان ڕەنگە بریتی بێت لە کۆچکردنی کرێکاران لە بەشەکانی تری عێراقەوە.

ئێمە زانیارییەکانی ووڵاتی قەتەرمان بەکارهێنا بۆ ئەنجامدانی نمونەی شیکارێکی بەکارهێنانەکە لە لایەن خەڵکە کۆچکردووەکەوە. بەڵگەکانی قەتەر ئەوە دەردەخەن کە ئەم کارمەندە بیانییانە ڕێژەیەکی بەرزی بەکارهێنانی خەواندن لە خەستەخانە بە خۆیانەوە دەبینن (200 لە 1000 کەس لە بەرامبەر بە 111 کەس لە خەڵکەکەی هەرێمی کوردستان) و ڕێژەیەکی زۆر نەخۆشخانەی فریاگوزارییش بەکاردەهێنن (500 سەردان لە لایەن 1000 کەسەوە لە بەرامبەر 137 سەردان لە لایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە)، و ڕێژەی نەخۆشەکانی دەرەوە (ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە ناخەون) نزم دەبێت (600 سەردان لە لایەن 1000 کەسەوە لە بەرامبەر 1612 سەردان لە لایەن خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە). ئەم کارمەند و کرێکارانە خزمەتگوزاریی ئاسایی بەکارناهێنن و یەکەی دەروازەیان بۆ ناو سیستمی تەندروستی بریتی دەبێت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن. خشتەی 3.4 خوێندنەوەی ژمارەی دانیشتوانەکە پیشان دەدات بە گوێرەی سیناریۆی بەخێرایی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان. کۆی ژمارەی ئێستای دانیشتوانی هەر پارێزگایەک بە ڕێژەی ئەو زیادبوونە گەشەی کردووە کە لە قەتەر بینراوە. هیچ هەوڵێکمان نەدا دۆزینەوەی نەوت ببەستینەوە بەو شوێنەی ڕەنگە زیادبوونی دانیشتوانەکەی تێدا ڕووبدات. ئەگەر بەم شێوەیە لێکدانەوەمان بکردایە و تێکڕای ڕێژەی زیادبوون لە ئاستی نیشتمانییدا بریتی بوایە لە 2.4%، ئەوسا ئەنجامەکە بریتی دەبوو لە زیاترکردنی ڕێژەی گەشەی ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی، کە زۆربەی عەمباری ژێرزەویی نەوت و گاز لەخۆدەگرێت، و کەمترکردنی ڕێژەی گەشەکە لە دهۆک و هەولێر.

**سیناریۆی 2: چاکترکردنی دابینکردنی (چاودێریی سەرەتایی).** شێوەی 3.3 بریتییە لە بەراوردی نێوان ئاستەکانی ئێستای بەکارهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی لە لایەن نەخۆشەکانی دەرەوە (ئەوانەی لە نەخۆشخانە نەخەوتوون) لە کوردستان لەگەڵ ئاستەکان لە هەندێک وڵاتی تر. ڕێژەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان لە لایەن نەخۆشەکانی دەرەوە لە کوردستان (1621 کەس لە 1000 کەسی دانیشتوانەکە) کەمترە لە هی وڵاتانی تری ناوچەکە، بۆ نموونە، ئوردن (3000 سەردان لە لایەن 1000 کەسی دانیشتوانەکەوە) و تورکیا (5000 سەردان لە لایەن 1000 کەسی

**خشتەی 3.4**


**سیناریۆی زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوان: ژمارەی دانیشتوان لە ئاستی پارێزگادا، 2015 و 2020**

| پارێزگا | NRI | کۆچ | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە | دانیشتوان 2009 | دانیشتوان 2015 | دانیشتوان 2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 2.2% | 2.4% | 4.6% | 1,887,518 | 2,472,186 | 3,095,563 |
| دهۆک | 3.6% | 2.4% | 6.0% | 1,139,012 | 1,615,710 | 2,162,185 |
| سلێمانی | 1.9% | 2.4% | 4.3% | 2,201,450 | 2,834,097 | 3,498,132 |
| **کۆی گشتی هەرێم** | 2.4% | 2.4% | 4.8% | **5,227,980** | **6,921,993** | **8,755,880** |

سەرچاوە: ژمارەی دانیشتوان – وەزارەتی پلاندانان، 2009

**شێوەی 3.3**

**ژمارەی سەردانی نەخۆشی دەرەوە بۆ 1000 کەس لە دانیشتوانی هەرێی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ هەندێک وڵاتی تر**




سەرچاوە: نیشاندەرەکانی گەشەسەندنی جیهانیی (بانکی جیهانی)، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە، 2009.
سەرنج: نازانین هۆی چییە ڕێژەی سەردانەکان لە هەولێر زۆر کەمترە وەک لەوەی سلێمانی و دهۆک ئەگەرچی گومان دەکرێت هۆی جیاوازییەکە کاروباری نووسینی ڕاپۆرت بێت.

RAND *MG1148-3.3*

دانیشتوانەکەوە). لە هەندێک حاڵەتدا، ڕێژەکان کەمترن لەوانەی وڵاتانی ئەوروپاش. بۆ نموونە، هۆڵەندا، کە سیستمێکی کارای تەندروستی هەیە، 5400 سەردانی نەخۆشی دەرەوە هەیە لە لایەن 1000 کەسی دانیشتوانەکەوە.
لە سیناریۆی دووەمدا ئێمە نمونەیەکمان داڕشت بۆ کاریگەرەکانی چاکتربوونێکی خێرای توانست لە چەند نیشاندەرێکی سەرەکیی جۆری خزمەتگوزاریی تەندروستی. کاریگەرە مەزەندەکراوەکانی ئەم بەرەوپێشچوونانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- ڕێژەی 20 لە سەت کەمبوونەوەی مانەوە لە نەخۆشخانە بۆ (حاڵەتەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە ئەمبولاتۆری، ambulatory care sensitive conditions (ACSCs)) (Dorr, Wilcox, etal., 2006; Bindman, Chattopadhyay, etal., 2005; Gadomski, Jenkins, etal., 1998). حاڵەتەکانی خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆری (ACSC) بریتین لەو حاڵەتە درێژخایەنانە کە تێیدا نەخۆش کەمتر داخڵ دەکرێن لە نەخۆشخانە ئەگەر وەک پێویست (چاودێریی سەرەتایی)ان پێشکەش بکرێت (وەک شەکرە). ئەگەر نەخۆشێکی شەکرە وەک پێویست خزمەتگوزاریی پێشکەش بکرێت ئەوسا کەمتر ئەگەری ئەوەیە لەبەر کاریگەرەکانی پەیوەست بەنەخۆشی شەکرە لە نەخۆشخانە داخڵ بکرێت. لە 2009 دا 28404 کەس لەبەر حاڵەتەکانی ئەمبولاتۆری لە نەخۆشخانە ماونەتەوە (4.9 لە سەتی کۆی حاڵەتەکانی مانەوە لە نەخۆشخانە) لەبەر نەخۆشییەکانی وەک شەکرە، فشاری خوێن، نەخۆشییەکانی دڵ، و هەوکردنی مولولەی خۆین. (بڕوانە خشتەی 3.5).
- زیادبوونی حاڵەتەکانی سەردان لە لایەن نەخۆشەکانی دەرەوە (Counsell, Callahan, etal., 2007; Gadomski, Jenkins, etal., 1998; Wasson, Gaudette, etal., 1992; Reid, Coleman, etal., 2010).

**خشتەی 3.5**

**ژمارەی ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە داخڵ کراون لەبەر نەخۆشیی درێژخایەن، بە گوێرەی جۆری نەخۆشییەکە، 2009**

| | هەولێر | دهۆک | سلێمانی | کۆ کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| شەکرە | 2,106 | 1,954 | 2,630 | 6,690 |
| فشار (پەستان) ی خوێن | 4,410 | 3,659 | 2,269 | 10,338 |
| نەخۆشییەکانی دڵ | 1,443 | 1,913 | 2,952 | 6,308 |
| هەوکردنی مولولەی سی | 472 | 3,870 | 726 | 5,068 |
| گۆی گشتی | 8,431 | 11,396 | 8,577 | 28,404 |
| ڕێژەی سەتیی بۆ کۆی ژمارەی داخڵکردن لە نەخۆشخانە | 5.0 | 9.5 | 2.9 | 4.9 |

سەرچاوە: وەزارەتی تەندروستی، 2009، ڕاپۆرتی ساڵانە، چاپتەری 1، خشتەی 9.

- کەمبوونەوەی حاڵەتەکانی بەکارهێنانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن (Counsell, Callahan, etal., 2007; Gadomski, Jenkins,etal., 1998; Wasson, Gaudette, etal., 1992) بە ڕێژەی 20 لە سەت.

**سیناریۆی 3:** بەرفراوانکردنی بواری تەندروستی لە کەرتی تایبەت. سێیەم سیناریۆ گریمانی ئەوە دەکات کە بەرفراوانکردنی بواری تەندروستی لە کەرتی تایبەت دەبێتە مایەی زیاتر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی (Fiedler, 1996; Waitz- kin, Jasso-Aguilar, andIriart, 2007). کاتێک ژمارەی دابینکارەکان (مزودي الخدمات، providers) زیاتر بێت ئەوسا دانیشتوانەکە باشتر دەستیان بە خزمەتگوزاریی دەگات، و ئەزموونەکان ئەوە دەردەخەن کە زیاتر داوای خزمەتگوزارییەکە دەکرێت. ڕەنگە هەندێک نەخۆش واز لە خزمەتگوزاریی گشتیی بهێنن و پەنا بۆ خزمەتگوزاریی تایبەت ببەن، بەڵام بە گشتیی پێدەچێت کاریگەری لەسەر سەرجەم سیستمەکە بریتی بێت لە زیادبوونی بەکارهێنانەکە.

کاریگەرەکانی ئەم سیناریۆیە بریتین لە:

- زیادبوونی بەکارهێنانی دەزگاکانی خەواندنی نەخۆش بە ڕێژەی 2 تا 10 لە سەت.
- زیادبوونی بەکارهێنانی دەزگاکانی نەخۆشی دەرەوە بە ڕێژەی 5 تا 20 لە سەت.
- هیچ گۆڕانکارییەک ڕوونادات لە بەکارهێنانی دەزگای فریاکەوتن (Fiedler, 1996; Waitzkin, Jasso-Aguilar, and Iriart, 2007).

## شێوازی بەراوردکردنی ئەنجامەکانی(بەکارهێنان (داواکاری) ی خزمەتگوزاریی تەندروستی) لە ئاییندەدا لەگەڵ (دابینکردن (عرض، Supply) ی خزمەتگوزاریی تەندروستی)

دوای جێبەجێکردنی سیناریۆکان و مەزەندەکردنی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئاییندەدا، ئێمە مەزەندەی ئەو خزتگوزارییە تەندروستییەمان کرد کە پێویستە دابین بکرێت بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیی ئاییندەیی. ئێمە ڕێژەی بەکارهێنانی ئێستای خزمەتگوزاریی بۆ دابینکاریی ئێستای خزمەتگوزاریی تەندروستی بەکارهێنا و ئنجا خوێندنەوەی ئەم ڕێژەیەمان کرد بۆ ئاییندە بۆ دیاریکردنی ئەو زیادبوونەی پێویستە لە خزمەتگوزاریی تەندروستییدا ڕووبدات بۆ هێشتنەوەی ئەم ڕێژەیە وەک خۆی. بۆ نموونە، ڕێژەی نێوان ژمارەی خەواندن لە نەخۆشخانەکان بۆ ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان لە 2009 بەسەر ساڵانی 2015 و 2020 پیادە کرا بۆ مەزەندەکردنی ژمارەی قەرەوێڵەی پێویست لە ئاییندەدا بۆ ئەوەی هەمان ژمارە قەرەوێڵە بە گوێرەی دانیشتوان هەبێت وەک ئەو ڕێژەیەی کە ئێستا هەیە.

ئێمە ڕێژە ستاندارده نێودەوڵەتییەکانمان بەکارهێنا بۆ ئەوەی بتوانین خوێندنەوەکانمان بەراورد بکەین، و بۆ ئەوەی پێشنیاری چەند بەهایەک بکەین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ داڕشتنی ئایندەیی بۆ توانای سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی.

ئێمە لێکدانەوەیەکی هاوشێوەمان ئەنجامدا بۆ ڕێژەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ ژمارەی کارمەندانی کەرتی تەندروستی بۆ مەزەندەکردنی ژمارەی کارمەندانی پێویست لە ئاییندەدا. ئەم مەزەندانە بیرۆکەیەک دەدەن بە بەرپرسانی سیاسەتی تەندروستی لەسەر داواکاریی ئاییندەیی بە گوێرەی ئەم مەزەندە و گریمانانە، بەڵام هەروەها بڕیاربەدەستانی سیاسەتی تەندروستی دەتوانن بڕیار لەسەر سیاسەتی ئەوتۆ بدەن کە پێیان وا بێت کار دەکاتە سەر ئەم ڕێژانە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا. بۆ نموونە، ڕەنگە بڕیاربەدەستان بڕیار بدەن هێندەی بکرێت زۆرترین ڕێوشوێنەکان بگوازنەوە بۆ حاڵەتەکانی نەخۆشی دەرەوە. ڕەنگە وا پێشبینی بکرێت ئەمە ببێتە مایەی گۆڕانی ڕێژەی ژمارەی ڕۆژانی نەخۆشخانە لە ئاییندەدا. ئێمە سوودمان لە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی داتا وەرگرت، وەک:

- داتای دیمۆگرافی
  - ژمارەی دانیشتوان، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
  - ڕێژەی خاوی مردن، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
  - ڕێژەی خاوی لەدایکبوون، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
  - ڕێژەی کۆچ، وۆڕڵد فاکت بووک، (2008)
  - بەکارهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی
  - مانەوە (خەوتن) لە نەخۆشخانە، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
  - سەردان لە لایەن نەخۆشی دەرەوە، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
- دەستگاکانی تەندروستیی، نەخۆشخانە و ئەمبولاتۆری، وەزارەتی تەندروستی (2009)

- کارمەندانی تەندروستیی
  - دکتۆرەکان، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
  - پەرستیارەکان، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
  - دانسازەکان، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
  - دەرمانسازەکان، وەزارەتی تەندروستی، (2009)
- نێودەوڵەتیی
  - (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)، (2010)
  - ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و گەشەسەندن، (2011)

## ئەنجامەکانی مۆیدلەکە

**بەکارهێنان (استخدام، Utilization) ی خزمەتگوزاری تەندروستی و داینکاری (عرض، Supply) ی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ئێستادا[4]**

بە گوێرەی ئەو داتا و زانیارییانەی لە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگیراون و لە ڕاپۆرتەکانی بانکی جیهانیی و (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)دا هاتوون، بەکارهێنانی دەستگای نەخۆشی دەرەوە لە کوردستان کەمترە لەوەی هەندێک وڵاتی دیاریکراو، و ڕێژەی مانەوە لە نەخۆشخانە لە کوردستان هاوشێوەیە لەگەڵ ڕێژەکانی وڵاتانی تر (شێوەی 3.4). بۆ نموونە، ڕێژەی مانەوە لە نەخۆشخانە لە کوردستان بریتییە لە 111.2بۆ هەر 1000 کەسێک و ئەمەش نزیکە لەوەی هۆڵەندا و شانشینی یەکگرتوو.

سەبارەت بە داینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی، لە کوردستان ژمارەی دکتۆر، دانساز، و دەرمانساز کەمە بۆ هەر 10000 کەسێک بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە و هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە داتاکانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی). بۆ نموونە، کوردستان 11.1 پزیشکی هەیە بۆ 10000 کەس، ئوردن 26 ی هەیە، کوێت 18 ی هەیە، و میسر 24 ی هەیە بۆ هەر 10000 کەسێک (بانکی جیهانیی، 2010). لە کوردستان هەروەها ژمارەی قەرەوێڵەکانیش کەمترە بۆ هەر 10000 کەسێک بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر، وەک ئوردن، تورکیا، لوبنان، و باقیی جیهان بە گشتیی. لە لایەکی ترەوە، ژمارەی پەرستیارەکان لە کوردستان نزیکە لە هەندێک وڵات (Waitzkin, Jasso-Aguilar, and Iriart, 2007). بۆ بەراوردی زیاتر بڕوانە هێڵکارییەکانی چاپتەری شەش، شێوەکانی 6.1 و 6.4.

**حاڵەتی بنەڕەتی: ئەنجامەکانی (چاودێریی سەرەتایی).** ئێمە ئاستەکانی ئێستای خزمەتگوزاریی تەندروستییمان بەکارهێنا بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی ئایندە. (واتە، خوێندنەوەکان تەنێ پشتیان بەستووە بە زیادبوونی پێشبینکراوی ژمارەی دانیشتوان لە ساڵانی 2015 و 2020). پێشبینییەکانی (حاڵەتی بنەڕەتی) ئەوەی دەرخستووە کە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە کوردستان (مانەوە لە نەخۆشخانە، و سەردانی نەخۆشی دەرەوە) بە ڕێژەی 19 لە سەت زیاد دەکات لە 2015 و 38 لە سەت زیاد دەکات لە 2020 (خوێندنەوە بە گوێرەی پارێزگا لە شێوەی A.1 و A.2 لە پاشگری A دانراوە).


زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کوردستان پێویستی بە زیاترکردنی کارمەندانی تەندروستی و ژێرخانی تەندروستییە. پێشبینی دەکرێت کوردستان لە 2015 پێویستی بە 1070 دکتۆر و 1681 پەرستیار و 126 دکتۆری دان و 82 دەرمانساز و 1343 قەرەوێڵەی تر دەبێت تا بتوانێت ڕێژەکانی ئاستی ئێستای دەستی کار-ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی قەرەوێڵە-ژمارەی دانیشتوان وەک خۆی بهێڵێتەوە. خشتەی 3.6 بریتییە لە پوختەی خوێندنەوەی ژمارەی کارمەندانی تەندروستی و قەرەوێڵەی پێویست بۆ 2015 و 2020.

---

4 هەبوونی داتای زیاتر ڕێگە خۆش دەکات بۆ شیکردنەوەی تێروتەسەل کە ببێتە مایەی باشترکردنی خوێندنەوەکانمان. نموونەی داتای تری سوودبەخش بریتین لە داتای بەکارهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی بە گوێرەی نەخۆشی، نەشتەرگەری و کردەی پزیشکی، جێندەر، و تەمەن (تەنێ زانیاری لەسەر ئاستی هەرێم لەبەردەست بوو)، خزمەتگوزاریی بنچینەیی و داتای نەخۆشی دەرەوە بە گوێرەی تەمەن و هۆی سەردانەکە، زانیاری لەسەر خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت، و داتا لەسەر کارمەندانی تەندروستی (تەنێ پۆلێنی بەرفراوان لەبەردەست بوو).داتای ورد و تێروتەسەلتر بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت لە ئاستێکی وردتردا و ڕاسپاردەی ئامانجێکی تر پێشکەش بکەین. بە مەبەستی بەرەوپێشچوون پێویستە کوردستان ڕەچاوی کۆکردنەوەی داتا بکات بە شێوەیەکی سیستماتیکی لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەموو بوار و کەرتەکاندا بە شێوەیەکی ستاندارد بۆ سەرجەم وڵاتەکە، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ چاودێری درێژخایەن و ساخکردنەوەی داتا و ڕەوتەکان.

5 سەرەڕای ئەو حەقیقەتەی کە ژمارەی پەرستیاران لە کوردستان نزیکە لە هی چەند وڵاتێکی تر، زۆر کەس لەوانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردن وا هەستیان دەکرد کە پەرستیاران هەمان ئاستی خوێندن و مەشقیان نەبینیوە وەک هی وڵاتانی تر، و بەرپرسیارێتییەکانیان لە بواری مەودای کار وەک یەکتری نییە.

**شێوەی 3.4**
**مانەوە لە نەخۆشخانە بۆ 1000 کەس لە دانیشتوان لە 2009**




سەرچاوە: پرۆژەی ژمارەی دانیشتوان، وەزارەتی تەندروستی/وەزارەتی پلاندانان، قۆناغەکان، OECD, 2011.
RAND *MG1148-3.4*

چاکترکردنی ئاستی بەرهەمی کارمەندانی ئێستا ڕەنگە ببێتە مایەی کەمترکردنەوەی پێویستبوونی ئەو زیاترکردنانە. بۆ نموونە، ئێستا دکتۆرەکان رۆژانە تەنێ چەند کاتژمێرێکی کەم دەوام دەکەن لە کەرتی گشتیی و دەگوترێت بەشێکی زۆری ئەم ماوەیە بە شێوەیەکی چالاکانە کار ناکەن. دەتوانرێت ئاستی بەرهەمهێنان لە کەرتی گشتیی زیاتر بکرێت لە رێی ئەوەی وا لە دکتۆرەکان بکرێت بە شێوەیەکی جددیتر کار بکەن لەو ماوەیەدا، بۆ نموونە، بە دانانی خەڵات و پاداشت بۆ ئاستی بەرهەم. ئەگەر کاتژمێری زیاتر کار بکەن لە کەرتی گشتیی لە ئەنجامی سیاسەت یان حەوافزێکی دارایی، ئەمە لەو کاتە دەگەڕێنێتەوە کە بۆ کەرتی تایبەت بەسەری دەبەن. ئەمەش بە تەنێ بەس نییە بۆ پێداویستبوونی خزمەتگوزارییەکانی دکتۆرەکان (وەک، دەرەنجام لە کەرتی گشتی و تایبەت). لە سەرنجەکانمان و تاوتوێکاندا کۆدەنگییمان بینی لەسەر ئەوەی دکتۆرەکان دەتوانن کاتێکی زیاتر بەسەر ببەن لە کەرتی گشتیی و ئاستی بەرهەمیان زۆر زیاتر بەرز بکەنەوە. بۆ نموونە، ئەگەر ئەو دکتۆرانەی بەرهەمیان زیاترە پارەی زیاتریان پێبدرێت لە کەرتی گشتیی، ئەمە دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی هەمان چوستی (كفاءة، efficiency). هەندێک بڕیاربەدەست پێشنیاری ئەوەی کرد کە دکتۆرەکان یان دەبێت لە کەرتی گشتیی کار بکەن، یاخود لە کەرتی تایبەت، نەوەک لە هەردووکیان.

بەڵام، ئەگەر کوردستان بیەوێت رێژەی کارمەندانی تەندروستی-دانیشتوان و قەرەوێڵەی نەخۆشخانە-دانیشتوان بگاتە ئاستی وڵاتانی تر، ئەوسا مەرجەکان زۆر لەوە زیاتر دەبن. بۆ نموونە، بۆ گەیشتن بە ئاستی وڵاتێکی وەک ئوردن لە 2015، لە جیاتی 1343 قەرەوێڵەی نەخۆشخانە، هەرێمی کوردستان پێویستی بە 4753 قەرەوێڵەی تر دەبێت، یان 250 لە سەت. سەبارەت بە ژمارەی پزیشک، بۆ ئەوەی لە 2015 بگات بە رێژەی کارمەندانی تەندروستی-دانیشتوان،

**خشتەی 3.6**
**کارمەندان و قەرەوێڵەی نەخۆشخانەی پێشبینیکراو بۆ حاڵەتی بنەڕەتی (base case).**

| سەرچاوەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی | 2015 | 2020 |
|---|---|---|
| قەرەوێڵەی نەخۆشخانە | +1.343 | +2.574 |
| دکتۆر | +1.070 | +2.097 |
| پەرستیار | +1.681 | +3.325 |
| دانساز | +126 | +246 |
| دەرمانساز | +82 | +151 |

پێویستی بە 10041 دکتۆری تر، و 11104 پەرستیار و 43330 دانساز و 8378 دەرمانسازی ترە. لە هەموو بارێکدا، زیادبوونێکی بەرچاوی پێکەوە گرێدراو هەیە.

بە بەکارهێنانی ئوردن بۆ بەراورد، کە لە کۆتاییە بەرزەکەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، مانای ئەوە نییە پێویستە کوردستان خوێندن و مەشق بۆ پێگەیاندنی 10000 دکتۆری تر دابین بکات لە پێنج ساڵی داهاتوودا، بەڵکو، بۆ پیشاندانی ئەوەیە کە ئاستی ئێستای دابینکاری (العرض، supply) ی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کوردستان نزمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر. بەم شێوەیە، ئوردن بریتییە لە لای سەرەوەی ئاستێکی مەعقول بۆ کارمەندانی زیاتر و توانای زیاتری نەخۆشخانە کە کوردستان هیوادارە لە پێنج ساڵی داهاتوودا بنیاتی بنێت. بۆ بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تر بۆ خوێندنەوەی سالانی 2015 و 2020 بڕوانە پاشگری A (بڕوانە شێوەی A.3 تا A.10).

**ئەنجامەکانی کاریگەری هەر سیناریۆیەک**

ئەم بڕگەیە بریتییە لە ئەنجامەکانی نمونەی سێ سیناریۆکەی سەرەوە.

**سیناریۆی یەکەم: زیادبوونی خێرای دانیشتوانی باڵق-تەمەنی کارکردن.** لەم سیناریۆیەدا ئێمە مەزەندەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان دەکەین بە بەراورد لەگەڵ حاڵەتی بنەڕەتی (الحالة الاساسیة، base case). زیادبوونی چالاکیی ئابووریی، بە تایبەتی لە پیشەسازیی نەوت، دەبێتە مایەی ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆر گەنجان بۆ کارکردن لە کوردستان (هەم بیانی و هەم عێراقیی بەدەر لە کورد). مەزەندەی ئێمە بۆ ڕێژەی کۆچ بریتییە لە 2.4 لە ساڵێکدا (بە بەراورد لەگەڵ 0.6 لە سەت لە حاڵەتی بنەڕەتی کە لە سەرەوە هاتووە) ئەم ڕێژەیە بریتییە لە تێکڕای زیادبوونی دانیشتوان بە ڕێژەی 3 لە سەت لە سەرتاسەری کوردستان (هەولێر 2.8 لە سەت، دهۆک 4.2 لە سەت، و سلێمانی 2.5 لە سەت).

زیادبوون لە پوختەی کۆچ دەبێتە مایەی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی 4.8 لە سەت لە ساڵێکدا بە تێکڕا لە ساڵی 2010 تا ساڵی 2020 (هەولێر 4.6 لە سەت، دهۆک 6.0 لە سەت، و سلێمانی 4.3 لە سەت). بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی 3 لە سەت لە سیناریۆی حاڵەتی بنەڕەتی. کۆی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بە گوێرەی خوێندنەوەی ئەم سیناریۆیە لە ساڵی 2020 بریتی دەبێت لە نزیکەی 8.75 ملیۆن کەس (بڕوانە خشتەی 3.7).

لە ئەزموونی ئێمەوە لە لێکۆڵینەوە لە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە قەتەر، بۆمان دەرکەوت گەنجان زیاتر لە نەخۆشخانە دەمێننەوە (خەواندن) و زیاتر دەچن بۆ دەزگایەکی فریاکەوتن: ڕێژەی 0.2 بۆ هەر کەسێک مانەوە لە نەخۆشخانە لە بەرامبەر 0.09–0.15 لە کوردستان، سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بە ڕێژەی 0.5 بۆ هەر کەسێک لە بەرامبەر 0.14–0.20 لە کوردستان، و ڕێژەی کەمتری بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی نەخۆشی دەرەوە. ڕێژەی سەردان بە بڕی 0.6 بۆ هەر کەسێک لە بەرامبەر 1.5–2.7 لە کوردستان. ئێمە ئەم مەزەندانەمان لەناو خوێندنەوەکان دانا. واتە، ئەو کلێشەیەی ئێستا هەیە بۆ بەکارهێنانی نەخۆشخانە بەکارهێنرا بۆ خوێندنەوەی داواکاری (طلب، demand) لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە ئەنجامی زیادبوونی کۆچ.[6]

لەو سیناریۆیەدا کە ژمارەی دانیشتوان بە خێرایی زیاد دەکات، بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات بە بەراورد لەگەڵ (حاڵەتی بنەڕەتی)، وەک لە خشتەی 3.8 پیشان دراوە. مانەوە لە نەخۆشخانە بە ڕێژەی نزیکەی 28 لە سەت زیاد دەکات، سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بە ڕێژەی 74 لە سەت زیاد دەکات، و سەردانی نەخۆشەکانی دەرەوە بە ڕێژەی 8 لە سەت زیاد دەکات لە 2020.

**سیناریۆی 2: باشتربوونی دابینکردنی (چاودێریی سەرەتایی).** یەکێک لە ئەولەوییەتەکان بۆ چاکترکردنی (سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی) لە کوردستان بریتییە لە چاکترکردنی (سیستمی چاودێریی سەرەتایی). بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕێکارێکی فرە لایەن بگیرێتە بەر، کە لە چاپتەرەکانی پێنج – حەوت بە تێروتەسەلی باسی کراوە. لەم سیناریۆیەدا، تەبا لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی دواتر پێشکەش دەکرێن، گریمانی ئەوە دەکەین کە بەرەوپێشچوونی (سیستمی چاودێریی سەرەتایی) دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی مانەوە لە نەخۆشخانە بۆ حاڵەتەکانی ئەمبولاتۆری (ambulatory care sensitive conditions). پێشبینی ئەوە دەکەین ژمارەی سەردانی نەخۆشەکانی دەرەوە (ئەوانەی لە نەخۆشخانە نامێننەوە) زیاتر بکات بەڵام بەکارهێنانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن کەمتر دەکات. ئەم گریمانانە بریتی دەبن لە کەمبوونەوەی مانەوە لە نەخۆشخانە بۆ نەخۆشییە درێژخایەنەکان بە ڕێژەی 20 لە سەت (Dorr, Wilcox, et al., 2006; Bindman, Chattopadhyay, et al., 2005; Gadom- ski, Jenkins, et al., 1998)، و زیادبوونی ژمارەی سەردانی نەخۆشەکانی دەرەوە بە ڕێژەی 20 لە سەت (Counsell, Callahan, et al., 2007; Gadomski, Jenkins, et al., 1998; Wasson, Gaudette, et al., 1992; Reid, Coleman, et al., 2010)، و کەمبوونەوەی بەکارهێنانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بە ڕێژەی 20 لە سەت (Counsell, Callahan, et al., 2007; Petersen, Burstin, et al., 1998; Reid, Coleman, et al., 2010). پێویستە سەرنج لەوە بدرێت کە ژمارەی قەرەوێلەکانی

[6] ئێمە پشتگیری لەو شێوازە ناکەین کە قەتەر مامەڵەی پێدەکات لەگەڵ کرێکارانی بیانی، بەڵام ئەمە ڕەوشێکە پێدەچێت لە هەرێمی کوردستان دووبارە ببێتەوە.

**خشتەی3-7**
**سیناریۆی 1، خوێندنەوە (اسقاط، projection) ی ژمارەی دانیشتوان**

| پارێزگا | زیادبوونی دانیشتوان 2015 گەشەی ماماوەندی | زیادبوونی دانیشتوان 2020 گەشەی ماماوەندی | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانە 2010-2020 ڕێژەی گەشەی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| باری بنەڕەتی | | | |
| هەولێر | 2,227,665 | 2,557,498 | 2.8% |
| دهۆک | 1,457,923 | 1,790,908 | 4.2% |
| سلێمانی | 2,553,007 | 2,888,493 | 2.5% |
| **کۆی ژمارەی دانیشتوان** | 6,238,595 | 7,236,899 | 3.0% |
| زیادبوونی خێرای دانیشتوان | | | |
| هەولێر | 2,472,186 | 3,095,563 | 4.6% |
| دهۆک | 1,615,710 | 2,162,185 | 6.0% |
| سلێمانی | 2,834,097 | 3,498,132 | 4.3% |
| **کۆی ژمارەی دانیشتوان** | 6,921,993 | 8,755,880 | 4.8% |

**خشتەی 3.8**
**بەراوردکاریی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی: سیناریۆی بەراوردی نێوان حاڵەتی بنەڕەتیی و زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوان**

| | مانەوە (خەوتن) لە نەخۆشخانە | سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن | سەردانی نەخۆشی دەرەوە |
|---|---|---|---|
| 2015 | | | |
| باری بنەڕەتی | 692,086 | 863,498 | 10,154,364 |
| زیادبوونی خێرای دانیشتوان | 829,577 | 1,208,260 | 10,553,688 |
| % جیاوازی | 19.9 | 39.9 | 3.9 |
| 2020 | | | |
| باری بنەڕەتی | 801,228 | 1,008,588 | 11,876,483 |
| زیادبوونی خێرای دانیشتوان | 1,027,438 | 1,756,820 | 12,815,843 |
| % جیاوازی | 28.2 | 74.2 | 7.9 |

نەخۆشخانەکان وەک خۆی بە چەسپاوی دەمێنێتەوە، بەڵام چڕیی نەخۆشەکان، و بەم شێوەیەش قەرەوێڵەکان، زیاتر دەکات، و پێویستە سەرچاوەی زیاتری نەخۆشخانەی بۆ دابین بکرێت. خشتەی 3.9 بریتییە لە پوختەی کاریگەری سیناریۆی بەرەوپێشچوونی (چاودێریی سەرەتایی).

**سیناریۆی 3: زیادبوونی گەشەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە کەرتی تایبەت.** پێشبینی دەکرێت خزمەتگوزاریی تەندروستیی کەرتی تایبەت لە ئاییندەدا گەشە بکات. لەبەر زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیان کە لە ئەنجامدا داواکاری لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستییش زیاد دەکات، پێشبینی ئەوەمان نەکرد کەرتی تایبەتی تەندروستیی جێگەی کەرتی گشتیی بگرێتەوە بە پلەیەکی مەزن. بەڵکو، تەبا لەگەڵ ئەزموونی ئێمە لە وڵاتانی تر پێمان وایە گەشەسەندنی کەرتی تایبەتی تەندروستی دەبێتە مایەی زیاتربوونی پوختەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی سەرجەم سیستمەکە لە کوردستان.

**خشتەی 3.9**
**کاریگەری چاکتربوون (پەرەسەندن، بەرفراوانبوون) ی سیستمی چاودێریی سەرەتایی لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی**

| | مانەوە لە نەخۆشخانە | سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن | سەردان لە لایەن نەخۆشی دەرەوە |
|---|---|---|---|
| 2015 | | | |
| حاڵەتی بنەڕەتی | 692,086 | 863,498 | 10,154,364 |
| چاکبوونی چاودێریی سەرەتایی | 685,208 | 690,798 | 12,185,237 |
| % جیاوازی | –1 | –20 | 20 |
| 2020 | | | |
| حاڵەتی بنەڕەتی | 801,228 | 1,000,588 | 11,876,483 |
| چاکبوونی چاودێریی سەرەتایی | 793,131 | 800,470 | 14,251,780 |
| % جیاوازی | –1 | –20 | 20 |

لەم سیناریۆیەدا، ئێمە مەزەندەی ئەوە دەکەین مانەوە لە نەخۆشخانە بە ڕێژەی 2-10 لە سەت زیاد دەکات، سەردانی نەخۆشەکانی دەرەوە بە ڕێژەی 5-20 لە سەت زیاد دەکات، سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن گۆڕانی بەسەردا نایەت. خشتەی 3.10 و 3.11 مەزەندەی لای زۆر و لای کەم پیشان دەدات بۆ کاریگەری بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی. لای کەمی مەزەندەکە مەزەندەی کەمترین بەکاردەهێنێت (بۆ نموونە، 2 لە سەت لە حاڵەتی مانەوە (خەوتن) لە نەخۆشخانە)، و لای زۆریش زۆرترین مەزەندە بەکاردەهێنێت (بۆ نموونە 10 لە سەت لە حاڵەتی مانەوە لە نەخۆشخانە).

**خشتەی 3.10**
**کاریگەری گەشەی کەرتی تایبەتی تەندروستی لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، مەزەندەی لای کەم**

| | مانەوە لە نەخۆشخانە | سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن | سەردان لە لایەن نەخۆشی دەرەوە |
|---|---|---|---|
| 2015 | | | |
| حاڵەتی بنەڕەتی | 692,086 | 863,498 | 10,154,364 |
| بەرفراوانبوونی کەرتی تایبەت | 705,928 | 863,498 | 10,662,082 |
| % جیاوازی | 2 | 0 | 5 |
| 2020 | | | |
| حاڵەتی بنەڕەتی | 801,228 | 1,000,588 | 11,876,483 |
| بەرفراوانبوونی کەرتی تایبەت | 817,253 | 1,000,588 | 12,470,307 |
| % جیاوازی | 2 | 0 | 5 |

**خشتەی 3.11**
**کاریگەری گەشەی کەرتی تایبەتی بواری خزمەتگوزاریی تەندروستی لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، مەزەندەی لای زۆر**

| | مانەوە لە نەخۆشخانە | سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن | سەردان لە لایەن نەخۆشی دەرەوە |
|---|---|---|---|
| 2015 | | | |
| حاڵەتی بنەڕەتی | 692,086 | 863,498 | 10,154,364 |
| بەرفراوانبوونی کەرتی تایبەت | 761,295 | 863,498 | 12,185,237 |
| % جیاوازی | –10 | 0 | –20 |
| 2020 | | | |
| حاڵەتی بنەڕەتی | 801,228 | 1,000,588 | 11,876,483 |
| بەرفراوانبوونی کەرتی تایبەت | 881,351 | 1,000,588 | 14,251,780 |
| % جیاوازی | –10 | 0 | –20 |

## پوختە

لە حاڵەتی بنەڕەتی و لە سێ سیناریۆکەدا، زیادبوونی دانیشتوان فاکتەری سەرەکییە بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە ئاییندەی نزیکدا. هەر زیادبوونی مامناوەندیی ژمارەی دانیشتوان بە تەنێ دەبێتە مایەی زیادبوونی 20 لە سەت لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەلایەن نەخۆشی خەوتوو لە نەخۆشخانە (نەخۆشی ناوەوە) و ئەوانەی لە نەخۆشخانە نامێننەوە (نەخۆشی دەرەوە) لە 2015، و زیادبوونی بە ڕێژەی 40 لە سەت لە 2020. ئەم زیادبوونە پێشبینیکراوە مانای ئەوە دەگەیەنێت پێویستە بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی کارمەندانی تەندروستی و توانای نەخۆشخانەکان زیاد ببێت. لە ئێستادا، ژمارەی دکتۆرەکان بە ڕێژەیەک زیاد دەکات کە بەشی ئەوە دەکات ڕێژەی ئێستای ژمارەی دکتۆر-ژمارەی هاووڵاتیان بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. بەڵام، ڕێژەی ئێستای دکتۆر-بۆ-دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان کەمترە وەک لەوەی وڵاتانی دراوسێ. کاتێک داواکاری لەسەر خزمەتگوزاری لە ئاستی نێودەوڵەتییدا دەست پێدەکات، پێویستبوونی دکتۆر و پێکهاتەی تری خزمەتگوزاری تەندروستی بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات. ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی پەسەند ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بخوێنینەوە، چونکە ئەمە زۆر پشت بە سەرمایە و تەرخانکردنی بودجە دەبەستێت و ئەمانەش گەرەنتی نین. لەگەڵ ئەمەشدا، ژمارەی قەرەوێڵەکان لە خووار ئاستی نێودەوڵەتییەوەیە و بە ڕەچاوکردنی ئەو زیادکردنەی ئێستا ژمارەی قەرەوێڵەکان بە خۆیەوە دەیبینێت، پێدەچێت خراپتریش ببێت.

سیناریۆی چاکتربوون و گەشەسەندنی (سیستمی چاودێریی سەرەتایی) ئەوە دەردەخات کە بەرنامەکانی خۆپارێزی (وقائی، preventive) ی تاک و گشتیی دەبنە مایەی کەمبوونەوەی ڕێژەی مانەوە لە نەخۆشخانە و بەکارهێنانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن. بەڵام، بۆ گەیشتن بە ئاستی ئەم کەمکردنەوەیە پێویستە پلان بۆ چاودێریی سەرەتایی و دەستی کار و ژێرخان دابنرێت، و جێبەجێش بکرێن. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەم چاکسازییانەی بواری تەندروستی جێبەجێش بکرێن، بە گوێرەی کلێشەکانی ئێستای بەکارهێنان، هێشتا پێویستە ژمارەی ستاف و دەستگاکان بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بکرێن تا بتوانن پێداویستییەکانی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بەرفراوانی ئابووریی دابین بکەن، چونکە کاریگەری زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان زاڵ دەبێت بەسەر ئەو سیناریۆیانەی مۆدێلیان بۆ داڕێژراوە. ئەگەر کلێشەکانی بەکارهێنان بهێنرێنە دی، و ئەو ئاستی خزمەتگوزارییە دابین بکرێت کە لە وڵاتانی ناوچەکە هەیە، ئەوسا پێداویستبوون بە قەرەوێڵە و ستافی تر لە هەموو ئاستەکاندا ئێجگار زیاتریش دەبێت.

گەشەی کەرتی تایبەتی تەندروستیی هەر بەردەوام دەبێت. کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە دابینکردنی داواکاریی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە کوردستان. گەشەسەندنی کەرتی تایبەت دەبێتە مایەی زیاتر بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، ئەمەش مانای ئەوەیە پێویستە دابینکاری زیاتری خزمەتگوزاریی تەندروستیی و ژێرخان هەبێت.

لە دوایین شیکردنەوەدا، نادڵنیاییەکی زۆر هەیە لە مەزەندەی لەم جۆرەدا. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەوە ڕوونە کە کوردستان ڕووبەڕووی پێداویستبوونێکی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەبێتەوە کە ئێجگار بە خێرایی ڕوو لە زیادبوونە و زیاتر دەبێت – ئەو خزمەتگوزارییانە کە زۆر گران دەکەون لەسەر سیستمی ئێستا. بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستییانە دەبێت نەوەک تەنها سەرچاوەی زیاتر بخرێتە گەڕ بەڵکو هەروەها پێویستە بە داناییەوە سیاسەتەکان دابڕێژرێت و ڕێکارەکان هەڵبژێردرێت، سیستمەکانی دارایی باشتر بکرێت، و حەوافز دابنرێت لە سیستمەکەدا بۆ چاکترکردنی ئاستی تەندروستی و هەروەها بۆ چاکترکردنی کواڵیتی و کارایی (کفاءة، effectiveness). چاپتەری داهاتوو باسی ئەم بابەتانە دەکات.

## پێشەکی

یەکێک لە هەرە گرنگترین بناغەکانی سیستمی تەندروستیی نیشتمانی بریتییە لە ئامرازەکانی داراییکردن (تەمویل). داراییکردن (تەمویل) فاکتەرێکی پڕبایەخ و مەرکەزییە بۆ بەدیهێنانی سەرجەم ئامانجە گشتیی و تایبەتییەکانی تەندروستی.
ئەم چاپتەرە وەڵامدانەوەی هەندێک داواکاریی دیاریکراوی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ پیداچوونەوەی ڕەوت و ئاڕاستە بنچینەییەکانی داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و بۆ پێشنیارکردنی نەخشەڕێگایەکی ئایندەیی بۆ هاوکاریی لە داڕشتنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا. ئەگەرچی ئێمە پێداچوونەوەیەکی سیستمی دارایی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بە تێروتەسەلی ناچینە وردەکارییەکەیەوە و شی ناکەینەوە، سیاسەتێکی دیاریکراویش پێشنیار ناکەین. بەڵکو، ئێمە هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە دیاریکراوانە بدەینەوە کە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستیان پێیەتی تا بتوانن چاکسازی بکەن لە سیستمی دارایی تەندروستییدا. لێرەوە، ئەم چاپتەرە (1) پێداچوونەوەیەکە بۆ دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ڕەوتە بنچینەییەکانی، (2) تێڕوانین لە کاروباری دارایی وڵاتانی تر، (3) پێداچوونەوەیە بۆ سیستمی ئێستای دارایی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، و (4) ئەو پرسیارانە دەستنیشان دەکات کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان بداتەوە لە دانانی سیستمی ئایندەی داراییدا.

## پوختەیەک لە دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی

(ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) (WHO) بەم شێوەیە پێناسەی داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی دەکات، بریتییە لە "ئەرک و کاری سیستمی تەندروستی لە بواری پڕسازیی (تعبئة، mobilization)، کۆکردنەوە، و تەرخانکردنی پارە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی تەندروستی بۆ خەڵک، وەک تاک و کۆمەڵ، لە سیستمی تەندروستییدا". هەروەها، (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) باسی ئەوە دەکات کە "ئامانجی داراییکردنی تەندروستی بریتییە لە دابینکردنی دارایی، هەروەها داڕشتنی حەوافزی دارایی بۆ دابینکارەکان، بۆ جەختکردنەوە لەوەی هەموو کەسێک دەستی بگات بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتیی و تەندروستی کەسیی" (Islam, 2007, p. 71).

### پرسە سەرەکییەکان

داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بریتییە لە پرسی بنچینەیی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستی. سیستمی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کێ پارە دەدات بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی، چەند پارە دەدات، و چۆن پارە دەدات. هەروەها بڕیار لەسەر جۆری ئەو خزمەتگوزارییە دەدات کە دابین دەکرێت، و پێشکەشی کێ دەکرێت. (بڕوانە شێوەی 4.1). ئەم پرسیارە ئاڵۆزانە، کە پەیوەستن بە کۆکردنەوە و دابەشکردنی دارایی بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی، حەوافزی ئەوتۆ دادەنێن کە دەبێتە بناغە بۆ شێوازی کارکردنی دابینکاران و نەخۆشەکان. بڕیاربەدەستان لە هەموو وڵاتێک دواجار دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، ئنجا ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، و وەڵامەکانیشیان نەخشەی سیستمی دارایی تەندروستیی دەکێشێت.

**شێوەی 4.1**
**کاروبارە سەرەکییەکانی داراییکردن**




RAND *MG1148-4.1*

سیستمی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی هیچ دوو وڵاتێک وەک یەکتری نییە، چونکە هەر وڵاتێک ئامانجی خۆی هەیە و فەرهەنگ و ڕەوشی تەندروستی خۆی هەیە. دواجار، زۆربەی وڵاتان هەوڵ دەدەن جەخت لەوە بکەنەوە کە هەموو هاووڵاتیان دەستیان بگات بە خزمەتگوزارییە بنچینەییە تەندروستییەکان و بە یەکسانی بۆ هەمووان تەرخان بکرێن و بە شێوەیەکی کارا دابین بکرێن.

لەم تاوتوێیەدا، وا پەسەندە دارایی خزمەتگوزاریی بۆ پێنج بواری سەرەکی دابەش بکرێت:

- کێ دادەپۆشرێت (شایستەیی، الأهلیة، eligibility)
- ئەو خزمەتگوزارییانە کامانەن کە دادەپۆشرێن (پاکێجی سوودەکان)[1]
- سەرچاوەی داراییەکان (کێ پارەکە دەدات)
- کۆکردنەوەی داراییەکان
- تەرخانکردنی پارەکان (دانەوەی پارەکان)

**شایستەیی: کێ دادەپۆشرێت (ڕووماڵ، تغطیة، Cover).** (شایستەیی بۆ خزمەتگوزاری) بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کێ مافی وەرگرتنی خزمەتگوزاریی هەیە، کێ پارە وەردەگرێت و/یان ئایا کەرتی گشتیی یان کەرتی تایبەت دابینی بکات. زۆر وڵات دەستگەیشتن بە پاکێجی بنەڕەتیی خزمەتگوزاریی تەندروستییەکان بە "ماف" ی هەموو هاووڵاتییەک دادەنێن. زۆربەی وڵاتان، وەک هەرێمی کوردستان، ئەم پرەنسیپەیان لەناو دەستورەکانیان دارشتووە، یان بە یاسا دایانڕشتووە. ئەگەرچی هەندێک لەم وڵاتانە بە مافێکی دەستوریان داناوە کە خزمەتگوزاریی تەندروستیی بۆ هەمووان دابین بکریت بەڵام ئەو سوودانەیان دیاری نەکردووە کە ئەم مافە لەخۆی دەگرێت. لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە سەرجەم هاووڵاتیان مافی خزمەتگوزارییە تەندروستییە بنەڕەتییەکانیان هەیە. تا ئەمڕۆ، ئەمە مانای ئەوەیە کە هاووڵاتیان دەتوانن دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنن، کە لە بنەڕەتەوە بە خۆڕایین.

**ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن: پاکێجی سوودەکان.** پێویستە سەرجەم پلانە داراییەکانی ئاستی نیشتمانی و هەروەها ئاستی تایبەت ئەو خزمەتگوزارییانە دیاری بکەن کە دادەپۆشرێن لە پلانەکەدا. دیاریکردنی پاکێجی سوودەکان تەنێ پڕبایەخ و شلۆق نییە بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی سوودی باشیان هەیە بەڵکو هەروەها کار دەکاتە سەر ئاستی ئەو سەرچاوانەی دەخرێنە بەردەست بۆ پارەدان بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن. زۆربەی بڕیاربەدەستانی

[1] هەندێک تاوتوێی ئەو پرسیارەش دەکەن کە ئاخۆ کام ئاستی پاراستنی دارایی کەسیی داپۆشرێت. ئێمە لێرەدا باسی ئەم بابەتە ناکەین.

بواری تەندروستی لەسەر ئەوە کۆکن کە پێویستە پلانی نیشتمانی چەپکی بنەڕەتیی خزمەتگوزارییەکان لەخۆ بگرێت وەک چاودێریی سەرەتایی، فریاکەوتن، نەخۆشخانە، و دکتۆر. هەروەها ڕێککەوتن هەیە لەسەر ئەوەی کە هەندێک خزمەتگوزاریی دیاریکراو (وەک جوانکاری و نەشتەرگەریی پلاستیک کە تەنێ بە مەبەستی جوانکردنی رووخسار بێت نەوەک نەشتەرگەریەکی پێویست پاش ڕووداوێک یان کەموکوڕییەکی بۆماوەیی) نابێت داپۆشرێت. گرفتەکە بریتییە لە دیاریکردنی وردەکاریی داپۆشینەکە، و هەروەها ئەو شتانەی دادەپۆشرێن لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دەگۆڕێن. شێوەی 4.2 بریتییە لە هەندێک لەو خزمەتگوزارییانەی وا باوە داپۆشرێن، و هەندێک لەوانەی دانەپۆشرێن، لە پاکێجی سوودەکاندا بە گشتیی، بەڵام بە نزیکەیی هەموو وڵاتەکان جیاوازن لە یەکتری کاتێک دێتە سەر دیاریکردنی وردەکاریی داپۆشینەکە.

لە زۆر وڵاتان، دارایی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە ڕێگە بدات بە دەستگاکان هەندێک جۆری تاقیکردنەوە یان هەندێک جۆری خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەن، بەم شێوەیەش خزمەتگوزارییەکان بەرتەسک و سنووردار دەکرێن. نموونەیەک لەسەر ئەوەی کە چۆن حکومەتەکان کار لەسەر ئەم بابەتە دەکەن بریتییە لە ویلایەتی ئۆریگۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە بە شێوەیەکی دانایانە پاکێجی سوودەکانی بەکارهێناوە لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام خزمەتگوزاری داپۆشرێت بۆ هاوڵاتییە هەرە هەژارەکانی بە گوێرەی بەرنامەی مێدیکێید (Medicaid).[2] لە حاڵەتی ویلایەتی ئۆریگۆن، بڕیاربەدەستان هەوڵیان دا خزمەتگوزارییەکانی مێدیکێید بە گوێرەی ئەو خزمەتگوزارییانە ڕێک بخەن کە زۆرترین سوودیان هەبێت بۆ نەخۆشەکان. هەمان ئەو خزمەتگوزارییانەیان دابین کرد بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی شایستەی مێدیکێید وەک یەکتری. بەڵام لەبەر سنووردارێتیی بودجە هێندەی پێویست پارەیان نەبوو تا هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی لەبەردەستن پێشکەش بە هەموو سوودمەندەکان بکەن، بۆیە بە لیستەکەدا چوونە خوارەوە و هەرە پڕبایەخترین خزمەتگوزارییەکانیان تەمویل کرد تا ئەو خاڵەی کە بودجەکە بە کۆتایی هات.

**سەرچاوەکانی دارایی.** ئەرکێکی گەورەی داراییکردن بریتییە لە بڕیاردان لەسەر ئەو سەرچاوانەی پێویستن بۆ دارایی کردنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ئنجا بەدەستهێنانی ئەو سەرچاوانە. وا باوە سیستمەکانی کۆکردنەوەی سەرچاوە بە گوێرەی ئامانجەکان دابڕێژرێن بۆ جەختکردنەوە لەوەی سەرچاوەکان هێندەی بکرێت

- گونجاون بۆ ئەوەی پارەی خزمەتگوزارییە داپۆشراوەکان بدەن و بە شێوەیەکی وەرزی (چارەک) دەگات.
- بە شێوەیەکی یەکسان و چوست (کفۆ، efficient) کۆدەکرێنەوە
- بەشی ئەوە دەکەن تەندروستی گشتیی و چاودێریی سەرەتایی داپۆشن
- خەڵکی نەخۆش، بریندار، و هەژار بپارێزێت لە باری گرانیی دارایی.

سەرچاوەی داراییەکان لە سیستمێکەوە بۆ سیستمێک و بە گوێرەی ئاستی گەشەسەندنی وڵاتەکان، جۆراوجۆر و جیاوازن. ڕەنگە داراییەکە لە سەرچاوەی تایبەت، گشتیی، و هەرەوەزییەوە بێت بە شێوەی جۆراوجۆر و لێک جیاواز و لە هاوکاریی خێرەومەند (خێرخواز) یان نێودەوڵەتییەوە بێت (بڕوانە شێوەی 4.3).

**شێوەی 4.2**
**پاکێجی باوی سوودەکان**

**ئەو خزمتگوزارییانەی وا باوە داپۆشرێن**

- خزمەتگوزاریی نەخۆشی ناوەوە
- دەرمانی ڕەچەتە
- خزمەتگوزاریی تایبەتمەندکار و گشتگیرکار – عام بۆ نەخۆشی دەرەوە
- تەشخیسەکان
- خزمەتگوزاریی دایکایەتیی و منداڵبوون
- تەندروستی هزری و بەکارهێنای مادەی هۆشبەر
- خزمەتگوزاریی رۆتینیی دان
- پشکنینی چاو
- پشکنینی بیستن
- چارەسەرکردنەکان
- خزمەتگوزاریی خۆپارێزیی

**ئەو خزمتگوزارییانەی وا باوە دانەپۆشرێن**

- خزمەتگوزاریی ناپێویستی پزیشکیی
- چارەسەری ئەزموونگەرایی
- نەشتەرگەریی جوانکاریی
- خزمەتگوزاریی لە هەندەران

RAND *MG1148-4.2*

---

[2] مێدیکێید (Medicaid) بریتییە لە بەرنامەیەکی بیمەی تەندروستیی حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ خەڵکی هەژار.

**شێوه‌ی 4.3**
**سه‌رچاوه‌ بۆ داراییکردنی ته‌ندروستی**

| تاکه‌که‌س | کۆرپۆره‌یشن (کۆمپانیا) | حکومه‌ت |
|---|---|---|
| • پاره‌ی تایبه‌ت – ئه‌هلی-<br>• رسومی به‌کارهێنه‌ر<br>• پاره‌ی بیمه<br>• خێر | • پاره‌ی تایبه‌ت – ئه‌هلی-<br>• رسومی به‌کارهێنه‌ر | • بودجه‌ی نیشتمانی<br>• بودجه‌ی ده‌وڵه‌ت<br>• بودجه‌ی خۆجێی<br>• پاره‌ی بیمه<br>• رسوم<br>• یارمه‌تیی نێوده‌وڵه‌تی |

RAND *MG1148-4.3*

**کۆکردنه‌وه‌ی داراییه‌کان له‌ سندوقێکدا (pooling).** سروشتی سیستمه‌که‌ هه‌ر چۆن بێت، سه‌رجه‌م سیستمه‌ نیشتمانییه‌کانی دارایی خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستی داهات کۆده‌که‌نه‌وه‌ (واته‌، داهات کۆده‌کرێته‌وه‌ و ده‌خرێته‌ سندووقێکه‌وه‌ و به‌ گوێره‌ی پێداویستی دابه‌ش ده‌کرێت). ڕاستییه‌که‌ی، یه‌کێک له‌ پره‌نسیپه‌ جه‌وهه‌رییه‌کانی بیمه‌ (دڵنیایی، ضمان، insurance) بریتییه‌ له‌ کۆکردنه‌وه‌ی دارایی له‌ سندووقێکدا (pooling) بۆ له‌ ئه‌ستۆگرتنی پاره‌دانه‌که‌ (پێی ده‌گوترێت دابه‌شکردنی مه‌ترسییه‌که‌). ئه‌و سیستمانه‌ی داهات کۆده‌که‌نه‌وه‌ له‌ سندوقێکدا به‌ شێوه‌یه‌ک داڕێژراون به‌ چوستی (الكفاءة، *efficiently*) و یه‌کسانی (المساواة، *equitably*) مه‌ترسیی نه‌خۆشییه‌کان به‌ڕێوه‌ ببه‌ن. بۆ نموونه‌، پاره‌دان بۆ نه‌شته‌رگه‌رییه‌کی ئێجگار گران، وه‌ک چاندنی گورچیله‌، کاره‌سات ده‌بێت بۆ زۆربه‌ی تاکه‌کان. به‌ڵام، چاندنی گورچیله‌ نه‌شته‌رگه‌رییه‌کی ده‌گمه‌نه‌، به‌م شێوه‌یه‌ ئه‌گه‌ر تێکڕای خه‌رجی بۆ هه‌ر یه‌ک که‌س وه‌ربگرین له‌ نێو ژماره‌یه‌کی زۆر خه‌ڵکدا، ئه‌وسا تێکڕای پاره‌دانه‌که‌ به‌شێکی بچووک ده‌بێت له‌ داهاتی هه‌ر تاکێکیان. هه‌مان پره‌نسیپ پیاده‌ ده‌کرێت به‌سه‌ر ئه‌و نه‌شته‌رگه‌ری و کرده‌ پزیشکییانه‌ی که‌ ده‌گمه‌نن به‌ڵام گرانن، وه‌ک نه‌شته‌رگه‌ریی چاندن/ گه‌یاندنی شاده‌ماری کلاوه‌ (جراحة زرع/توصيل الشريان التاجي).

ئه‌گه‌رچی حکومه‌ته‌کان یان کۆمپانیا گه‌وره‌کان ده‌توانن له‌ ڕێی بودجه‌وه‌ یان پاره‌ی کۆمپانیاکه‌وه‌ پاره‌دانه‌که‌ له‌ ئه‌ستۆ بگرن، شێوازێکی سه‌ره‌کی بۆ کۆکردنه‌وه‌ دارایی له‌ سندوقێکدا (pool) له‌ ڕێی جۆرێک له‌ جۆره‌کانی سیستمی بیمه‌وه‌ ده‌بێت، وه‌ک:– گشتیی (نیشتمانی، ده‌وڵه‌ت، یان له‌ ئاستی خۆجێی)، کۆمپانیا (کۆرپۆره‌یشن)، یان تایبه‌ت. ده‌توانریت به‌ شێوه‌یه‌ک سیستمه‌ نیشتمانییه‌کان ڕێک بخرێت که‌ حکومه‌ت ته‌نێ میکانیزمی بیمه‌که‌ به‌ڕێوه‌ ببات و به‌ خۆی هیچ خزمه‌تگوزارییه‌کی ته‌ندروستی دابین نه‌کات (پێی ده‌گوترێت بیمه‌ی ته‌ندروستیی کۆمه‌ڵایه‌تی/سۆشیاڵ). ئه‌ڵمانیا و یابان نموونه‌ن له‌سه‌ر وڵاتانی داهات-به‌رز له‌ سیستمی بیمه‌ی ته‌ندروستیی سۆشیاڵ. له‌ هه‌ندێک وڵات له‌ یاسادا هاتووه‌ که‌ پێیسته‌ هه‌موو که‌سێک بیمه‌ی ته‌ندروستیی تایبه‌ت بکرێت له‌ ڕێی دابینکاری ئه‌هلیی بیمه‌وه‌. ئه‌و بیمانه‌ی که‌ تێیدا حکومه‌ت به‌ خۆی داراییه‌کان کۆده‌کاته‌وه‌ وا باوه‌ له‌ ئاستی نیشتمانییدا (سه‌رجه‌م وڵاته‌که‌) ڕێک بخرێت، به‌ڵام هه‌ندێک وڵات بیمه‌ی گشتییان له‌سه‌ر ئاستی هه‌رێمایه‌تی یان ویلایه‌ت ڕێک خستووه‌. بۆ نموونه‌، له‌ که‌نه‌دا بیمه‌ی ته‌ندروستیی هه‌یه‌ له‌سه‌ر ئاستی هه‌رێمه‌کان و به‌ گوێره‌ی هه‌مان ڕێسا و ڕێنمایی نیشتمانی داڕێژراوه‌، به‌ڵام داراییه‌کان له‌ ئاستی هه‌رێمایه‌تییدا ڕێک ده‌خرێن و به‌ڕێوه‌ ده‌برێن.

له‌ به‌رامبه‌ر ئه‌مه‌، له‌ سیستمی (خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستیی نیشتمانی، الخدمات الصحية الوطنية national health service (NHS)) حکومه‌ت داراییه‌کان کۆده‌کاته‌وه‌ و خۆی وه‌ک دابینکاری خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستی کار ده‌کات. زۆربه‌ی سیستمه‌کانی (خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستیی نیشتمانی) به‌ شێوه‌یه‌کی ئیلزامیی بۆ هه‌موو که‌سن، له‌ داهاتیی گشتیی حکومه‌ت دارایی ده‌کرێت، و به‌ شێوه‌یه‌کی باو که‌رتی گشتیی خزمه‌تگوزارییه‌کان دابین ده‌کات. نموونه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ی که‌ سیستمی (خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستیی نیشتمانی) پیاده‌ ده‌که‌ن بریتین له‌ شانشینی یه‌کگرتوو و وڵاتانی سکانده‌ناڤیا. گه‌یاندنی خزمه‌تگوزارییه‌ ته‌ندروستییه‌کان له‌م وڵاته‌ به‌ گوێره‌ی ناوچه‌ی یه‌که‌ی کارگێڕیی دیمۆگرافی ڕێک خراوه‌. (سیستمی تاک-پاره‌ده‌ر له‌سه‌ر ئاستی پارێزگا یان هه‌رێم) جیاوازه‌ له‌ مۆدیلی (خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستیی نیشتمانیی)دا – که‌ تێیدا داپۆشین (ڕووماڵ، تغطية، coverage) ی هه‌مووان ئیلزامییه‌ و له‌ باجی گشتیی ده‌درێت، به‌لام تێیدا کریاره‌کان له‌ ئاستی پارێزگا (یان هه‌رێمایه‌تی) به‌ گوێره‌ی ڕێنماییه‌ نیشتمانییه‌کان کار ده‌که‌ن و گرێبه‌ست ده‌که‌ن له‌گه‌ڵ دابینکاری ته‌ندروستیی گشتیی یان ئه‌هلی. که‌نه‌دا نموونه‌یه‌که‌ له‌ نموونه‌کانی (سیستمی تاک پاره‌ده‌ر له‌سه‌ر ئاستی پارێزگا).

**ته‌رخانکردنی سه‌رچاوه‌کان، یاخود پاره‌دان (تسديد/دفع، Payment).** دوایین بابه‌تی بنچینه‌یی که‌ پێویسته‌ ڕه‌چاو بکرێت بریتییه‌ له‌ ته‌رخانکردنی سه‌رچاوه‌ (تخصيص الموارد، *resource allocation*) – کڕینی خزمه‌تگوزارییه‌کان و پێویستییه‌کان. ئه‌مه‌ پرۆسه‌یه‌که‌ بۆ پێدانی ئه‌و داراییانه‌ی کۆکراونه‌ته‌وه‌ به‌ دابینکارانی خزمه‌تگوزارییه‌که‌ له‌ به‌رامبه‌ر گه‌یاندنی خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستی. کڕینه‌که‌ ده‌کرێت به‌ شێوه‌یه‌کی تێپه‌ڕ بێت یان ستراتیجی. کڕینی تێپه‌ڕ بریتییه‌ له‌ پیاده‌کردنی بودجه‌یه‌ک که‌ پێشتر دیاری کراوه‌ یان بریتییه‌ له‌ دانه‌وه‌ی پاره‌ی پسووڵه‌کان کاتێک پسووڵه‌کان

پێشکەش دەکرێن. کڕینی ستراتیجی بریتییە لە گەڕانی بەردەوام بۆ باشترین شێواز بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای سیستمی تەندروستی لە ڕێی بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە پێویستە کام خزمەتگوزاری بکڕدرێت، چۆن، و بۆ کێ بکڕدرێت.

پێویستە شێوازی کڕینی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەک بێت کە هانی ئەوە بدات بڕی گونجاوی جۆری گونجاوی خزمەتگوزارییەکان بکڕدرێت. بڕی پارەدانەکان بۆ دابینکاری خزمەتگوزارییەکان لە سندووقێک یان لە تاکەکەس هەندێک حەوافز دادەڕێژرێت بۆ کارکردنی سیستمەکە بە ڕێکوپێکی و کارایی. هەروەها پێویستە پارەدانەکان هێندەی پێویست دارایی بدات بە دابینکارەکان تا بتوانن دەستی کار بەکرێ بگرن و ئەو شتانە بکڕن کە پێویستیان پێیەتی بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان. مەرج نییە لە هەموو حاڵەتەکاندا بە هەمان شێوە دارابییەکان بەکاربهێنرێت، و دەتوانرێت چەند سیستمێکی پارەدان بەکاربهێنرێت بۆ هەندێک ئەرک و کاری دیاریکراوی هەمان سیستمە گشتییەکەی داراییکردنی تەندروستی.

بە شێوەیەکی گشتیی وا باوە دارایی تەندروستی بۆ کڕینی هەموو ئەمانەی خوارەوە بەکاربهێنرێت:

- خزمەتگوزاریی نەخۆشخانە
- خزمەتگوزاریی پزیشک
- دەرمان
- تەندروستیی گشتیی
- خزمەتگوزاریی تاقیگە
- تەکنەلۆجیای زانیاری/تۆماری پزیشکی
- خزمەتگوزاریی فریاکەوتن
- پەرستیاری و تاقیگەی تر
- بینایە و ئامێر و کەلوپەل
- چاودێریی سەرەتایی
- گەڕاندنەوە بۆ کۆمەڵگە (اعادة التأهیل، Rehabilitation)
- خزمەتگوزاریی دانسازیی

شێوازی پارەدان بە دابینکارەکە (تسدید المدفوعات للمزود، *provider payment*) بریتییە لە بەشێکی پڕبایەخ لە ڕێوشوێنی کڕینەکە. جۆرە باوەکانی شێوازەکانی پارەدان بە دابینکار لە سەرتاسەری جیهاندا، بریتییە لەمانەی خوارەوە:

- باجی تەندروستی (باج لەسەر هەموو کەسێک) (بڕێکی چەسپاو لەسەر هەر کەسێک بۆ ماوەیەک کە پێشتر دیاری کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە) وا باوە ساڵێک، وەک خزمەتگوزاری نەخۆشی دەرەوە و دکتۆر و دەرمان)
- بەرامبەر-هەر-خزمەتگوزارییەک (پارەدان بۆ هەر خزمەتگوزارییەک یان کردەیەکی پزیشکی پاش ئەوەی دابین دەکرێت)
- بودجەی سەرتاسەری (دابینکردنی بودجەیەکی ساڵانە بۆ چەند خزمەتگوزاریی دیاری کراو)
- بودجەی هێڵ-کەرەستە (بودجە بۆ خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی چەند پۆلێنێک، وەک مووچە و سەرمایە)
- گروپ بە گوێرەی تەشخیس (DRG) (بڕە پارەدانێکی دیاریکراو بە گوێرەی تەشخیسەکان بە بێ ڕەچاوکردنی کولفەی خزمەتگوزارییەکە لەسەر ئەو دەستگایەی نەخۆشەکە لەلای دەمێنێتەوە)

سیستمی پارەدان لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانە لە 25 ساڵی ڕابردوودا لە سەرتاسەری جیهاندا گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتان شێوازێکی پارەدان بەکاردەهێنن زۆربەی جار بە گوێرەی تەشخیسە لە بەرامبەر بە خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانەکان. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانە بۆ (مێدیکێیر، Medicare) بە گوێرەی ئەو تەشخیسە دەدرێت کە خزمەتگوزارییەکەی پێشکەش دەکرێت.[3] بەم شێوەیە، نەخۆشخانە پارەیەکی "ستاندارد" وەردەگرێت بۆ تەشخیسێک کە بڕیار دەدات بۆ چاککردنەوەی ئێسقانی حەوز یان بۆ لەدایکبوونێک بە نەشتەرگەریی سیزەریی (قەیسەریی)، ئەمەش بە بێ ڕەچاوکردنی ئەو سەرچاوەیەی نەخۆشخانەکە بەکاریدەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکە یان بە بێ ڕەچاوکردنی درێژیی ئەو ماوەیەی نەخۆشەکە

[3] مێدیکێر- Medicare بریتییە لە بەرنامەیەکی بیمەی گەورەی فیدراڵی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە 65 ساڵ زیاترە، ئەوانەی کەمئەندامن، و بۆ ئەوانەی پێویستیان بە پاککردنەوەی خوێنە.

لە نەخۆشخانە بەسەری دەبات.[4] لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەمە هانی نەخۆشخانەکان دەدات کاراتر بن بە بێ ئەوەی کوالّیتی خزمەتگوزارییەکە بکەوێتە مەحەکەوە. بێگومان مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ لە نەخۆشخانە و کولفەی نەخۆشخانە دوو بابەتی پێکەوە گرێدراون.

پارەدان بە گوێرەی سەر بۆ ساڵێک یان باجی سەرانە شێوازێکی باوە. مۆدیلە نموونەییەکەی ئەم جۆرە سیستمە بریتییە لە ڕێکخراوی پارێزگاری لە تەندروستی (HMO)، کە پارەیەکی ساڵانە وەردەگرێت بۆ دابینکردنی هەموو خزمەتگوزارییەک کە نەخۆشێک ڕەنگە پێویستی پێبێت لە نێو چەپکی سوودە دیاریکراوەکاندا. چەندین جۆری تری میکانیزمی پارەدان هەیە، بەڵام ڕەوتەکە دوور دەکەوێتەوە لە شێوازی (بەرامبەر-خزمەتگوزاریی)، کە تێیدا کۆمپانیای بیمەکە پارەی ئەو پسووڵانە دەدات کە بۆی دێت لە لایەن دابینکارەکەوە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی کردووە، دوور دەکەوێتەوە و هەنگاو دەنێت بەرەو شێوەیەک لە سیستمێکی پارەدانی پێکەوەیی (بەکۆمەڵ)، کە تێیدا حەوافزەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی کولفە و چاکترکردنی کوالّیتی شوێنی خۆی گرتبێت.

## سیستمە داراییە باوەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی

ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان وڵاتاندا سەبارەت بە چۆنیەتیی داراییکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بەڵام زۆربەی سیستمەکان دەکەونە خانەی پێنج جۆری سەرەکییەوە: (1) تەرخانکردنی لە بودجەی حکومەت، (2) بیمەی تەندروستیی کۆمەڵایەتی/سۆشیاڵ، (3) خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی، (4) بیمەی تایبەتیی تەندروستی، و (5) پارەدانی تایبەت (بڕوانە شێوەی 4.4). ڕاستییەکەی، بە نزیکەیی هەموو وڵاتانی جیهان سیستمێکی ئاوێتەیان هەیە، و ڕەنگە سیستمێکی حکومی شانبەشانی سیستمێکی تایبەتی پیادە بکرێت کە بە تەواوەتی لە شێوازی پارەدانەکە لێک جیاواز بن. ئێمە بە شێوەیەکی سەرەکی باسی چوار شێوازی باو دەکەین کە حکومەتی نیشتمانی بەکاریدەهێنێت بۆ داپۆشین (تغطیه، coverage) ی خەڵکەکەی (2-5 لە سەرەوە). شێوەی 4.4 بریتییە لە پوختەی خەسڵەتە سەرەکییەکانی هەر شێوازێک لەو شێوازانە.

**شێوەی 4.4**
**سیستمە باوەکانی داراییکردن**




RAND *MG1148-4.4*

[4] لە ڕاستییدا، سیستمی Medicare هەندێک لەوە ئاڵۆزترە. هەندێک دەستکاری نرخی ستانداردی (پارەدان بە گوێرەی تەشخیس، DRG) کراوە بۆ ڕەچاوکردنی فاکتەری وەک شوێنی دوور (دەرەوەی شارەکان)ئەوەی ئاخۆ نەخۆشخانەکە نەخۆشخانەی فێرکارییە، تاد. هەروەها هەندێک دەرماڵە (موخەسسەسات) دانراوە بۆ حاڵەتەکانی نائاسایی، حاڵەتی ئەوتۆ کە ئێجگار گرانترە. حالەتەکانی سووتان، کە زۆربەی جار پێویستی بە مانەوەیە لە نەخۆشخانە بۆ چەندین مانگ بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە و بەرسڤی نەخۆشەکان بۆ چارەسەرەکە ئێجگار لێکتری جیاوازە و ناتوانرێت پێشبینی بکرێت، نموونەیەکە لەسەر حاڵەتی نائاسایی.

**شێوەی 4.5**
**نموونەی سیستمەکانی داراییکردنی گشتیی تەندروستی لە چەند وڵاتێکی جیهان**

| بودجەی گشتیی | خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی | بیمەی تەندروستیی کۆمەڵایەتیی | بیمەی تەندروستیی تایبەت |
|---|---|---|---|
| • حکومەتی هەرێم<br>• عێراق<br>• غانا<br>• نیپاڵ<br>• قەتەر | • کەنەدا<br>• نیوزیلاندا<br>• ئوستراليا<br>• ئیتاڵیا<br>• شانشینی یەکگرتوو | • فەرەنسا<br>• ئەڵمانیا<br>• یابان<br>• تورکیا<br>• ئیمارات | • ویلایەتە یەکگرتووەکان<br>• یۆنان<br>• سنگافورە<br>• هۆڵەندا |

RAND *MG1148-4.5*

وەک لە شێوەی 4.5 دەردەکەوێت وڵاتان – بە تایبەت ئەوانەی ئابوورییەکانیان هاوشێوەیە و لە هەمان بەشی جیهانن- سیستمی دارایی تەواو لێکجیاواز بەکاردەهێنن. هەر سیستمێک بریتییە لە ڕەنگدانەوەی سەرچاوە داراییەکانی وڵاتەکە و پێداویستییە فەرهەنگییەکان و بەهاکانی. هەر سیستمێکیش لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە.

**ئەو سیستمانەی پشت بە بودجەی گشتیی دەبەستن**

لە زۆربەی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو و ئەو وڵاتانەی سیستمێکی پێگەیشتووی کۆکردنەوەی داتایان نییە و/یان سیستمێکی پێگەیشتووی بەڕێوەبردنیان نییە، ئەو سیستمانە دەبینرێن کە پشت بە بودجەی گشتیی دەبەستن. بە گشتیی لەم سیستمانەدا لە بودجەی گشتییەوە دارایی وەزارەتی تەندروستی دەکرێت کە ئەمیش دارایی دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی دەکات، و بەڕێوەیان دەبات و دەستگای گشتیین. ئەو سیستمانەی پشت بە بودجەی گشتیی دەبەستن ئەم لایەنە ئەرێنی و نەرێنییانەی خوارەوەی هەیە:

**لایەنە ئەرێنییەکان:**

- کارکردن و بەڕیوەبردن پێویستی بە سیستمی پێشکەوتووی بەڕێوەبردن نییە
- دەتوانرێت بە ئاسانی دەستکاری بکرێت بۆ ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حکومەت
- بەڕێوەبردن و کارگێڕیکردنی گران ناکەوێت
- دەتوانرێت لە ڕێی بودجەوە کۆنترۆڵی کولفەکان بکرێت.

**لایەنە نەرێنییەکان:**

- ئەو سەرچاوانەی بۆ کەرتی تەندروستی تەرخانی دەکات لە ئاستی پێویستدا نییە
- بە خاویی وەبەرهێنان دەکات لە تەکنەلۆجیای نوێدا
- مووچە و کرێی کەم دەدات، و هاندەر نییە بۆ دەستی کار
- حەوافزی کەم دادەنێت بۆ هاندانی ئەدا، و کواڵیتی، و کۆنترۆڵی کولفە
- لە لایەن دەسەڵاتداری سیاسییەوە بە شێوەیەکی مەرکەزی کۆنترۆڵ دەکرێت، کە ڕەنگە بە شێوەیەکی یەکسان خزمەتگوزارییەکان تەرخان نەکەن
- ڕێگە نادات بە پلانداني درێژخایەن چونکە داراییەکە پشت بە بودجە دەبەستێت و ڕەنگە بودجەکە لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاواز بێت.

**خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی (National Health Service)**

ئەو وڵاتانەی سیستمی (خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی) پیادە دەکەن، وەک شانشینی یەکگرتوو، سندوقی بیمەی گشتیی نەوەک هەر تەنێ داراییەکان کۆدەکاتەوە و پارە بۆ خزمەتگوزارییەکان دەدات، بەڵکو هەروەها ئەو دەستگایانەش بەڕێوە دەبات کە خزمەتگوزارییەکان پێشکەش دەکەن. سیستمەکانی (خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی) ئەم لایەنە ئەرێنی و نەرێنییانەی خوارەوەی هەیە:

**لایه‌نه‌ ئه‌رێنییه‌كان**

- چالاكیی چوست (كفؤ، Efficient)
- وا باوه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی یه‌كسان داراییه‌كان ته‌رخان بكات و خزمه‌تگوزارییه‌كان پێشكه‌ش بكات، به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ دارایی بیمه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی
- باشتر كۆنترۆڵی كولفه‌ی دكتۆر و نه‌خۆشخانه‌كان ده‌كات

**لایه‌نه‌ نه‌رێنییه‌كان**

- دابینكردنی خزمه‌تگوزاریی گشتگیر و هه‌مه‌لایه‌نی پزیشكیی كارێكی ئاڵۆزه‌ و كولفه‌ی گرانه‌
- چاودێریكردن و به‌ڕێوه‌بردنی ئه‌م سیستمه‌ پێویستی به‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تییه‌كی ئێجگار پێشكه‌وتوو و كارمه‌ندانی پزیشكیی پێشكه‌وتووه‌
- زۆربه‌ی جار سیاسه‌ته‌كه‌ ناكۆكه‌ له‌گه‌ڵ خواستی خه‌ڵكانی ده‌وڵه‌مه‌ند كه‌ ده‌یانه‌وێت خزمه‌تگوزارییه‌كی باشتریان ده‌ست بكه‌وێت وه‌ك له‌وه‌ی له‌ كه‌رتی گشتیی هه‌یه‌
- دابینكردنی خزمه‌تگوزارییه‌كه‌ به‌ گوێره‌ی كاته‌ و پێویستی به‌ چاوه‌ڕوانییه‌، ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ مایه‌ی بێهووده‌ بوونی زۆر نه‌خۆش و ڕه‌نگه‌ ده‌ره‌نجامی نه‌خوازراوی پزیشكی هه‌بێت و بازاڕی لاوه‌كیی گه‌شه‌ بكه‌ن.

**بیمه‌ی ته‌ندروستیی كۆمه‌ڵایه‌تیی (الضمان الصحي الاجتماعي، Social Health Insurance)**

وا باوه‌ سیستمه‌كانی (بیمه‌ی ته‌ندروستی كۆمه‌ڵایه‌تیی) به‌ شێوه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ له‌ حكومه‌ت كار بكه‌ن، ئه‌گه‌رچی ڕه‌نگه‌ بڕێكی باش دارایی له‌ بودجه‌ی گشتیی وه‌ربگرن. وا باوه‌ داراییه‌كه‌ له‌ باجی مووچه‌ یان كاركردنه‌وه‌ بێت و ڕاسته‌خۆ ده‌خرێته‌ سه‌ر سندووق (ته‌مویل) ی بیمه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی. سندووقی بیمه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی گرێبه‌ست ده‌كات – زۆربه‌ی جار به‌ كۆمه‌ڵ- بۆ دابینكردنی خزمه‌تگوزارییه‌كه‌ له‌گه‌ڵ دابینكاری تایبه‌ت (ئه‌هلی) و/یان گشتیی. سندوقی بیمه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی به‌ گوێره‌ی یاسا داده‌نرێت و بوار ده‌دات به‌ كاری سه‌ربه‌خۆ و به‌شداری یه‌كسان بۆ ناو سندوقه‌كه‌. سیستمه‌كانی (بیمه‌ی ته‌ندروستیی كۆمه‌ڵایه‌تی) ئه‌م لایه‌نه‌ ئه‌رێنی و نه‌رێنییانه‌ی خواره‌وه‌ی هه‌یه‌:

**لایه‌نه‌ ئه‌رێنییه‌كان:**

- دارایی، كه‌ به‌ گوێره‌ی ڕێژه‌یه‌كی سه‌تییه‌ له‌ مووچه‌كه‌، سه‌ربه‌خۆ و دووره‌ له‌ كاریگه‌ر و پرۆسه‌ی سیاسی
- په‌یوه‌ندییه‌ك هه‌یه‌ له‌ نێوان بڕی پشكداری (مساهمة) و چه‌پكی سووده‌كان
- هه‌میشه‌ پاداشت و هانده‌ر هه‌یه‌ بۆ جۆر و كۆنترۆڵكردنی خه‌رجی
- به‌وه‌ جیا ده‌كرێته‌وه‌ كه‌ داراییه‌كه‌ی تا ڕاده‌یه‌كی زۆر سه‌قامگیره‌، ئه‌مه‌ش بوار ده‌ڕه‌خسێنێت بۆ پلاندانانی درێژخایه‌ن.

**لایه‌نه‌ نه‌رێنییه‌كان**

- كه‌متر پێشكه‌وتووه‌ وه‌ك سیستمی باجی گشتیی
- ڕه‌نگه‌ ببێته‌ مایه‌ی ساركردنه‌وه‌ له‌ دامه‌زراندنی گشتیی
- به‌ زه‌حمه‌ت به‌ڕێوه‌ ده‌برێت چونكه‌ پێویستی به‌ هه‌ماهه‌نگییه‌كی باش هه‌یه‌ له‌ نێوان لایه‌نه‌كان
- پێویستی به‌ بڕێكی زۆر داتایه‌ بۆ ئه‌وه‌ی سیستمه‌كه‌ به‌ شێوه‌یه‌كی كارا كار بكات و چاودێری ئه‌دا بكات
- ڕه‌نگه‌ به‌ ئاسته‌م كۆنترۆڵی سووده‌كانی چه‌پكه‌كه‌ بكرێت له‌ كاتی دابه‌زینی ئابووریدا
- له‌م سیستمه‌دا وا پێویست ده‌كات كه‌رتی فه‌رمیی ئابووریی، كه‌ ده‌توانرێت باجی له‌سه‌ر دابنرێت، گه‌وره‌ بێت به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ كه‌رتی نافه‌رمی، كه‌ به‌ زه‌حمه‌ت باج ده‌كرێت یان كۆنترۆڵ ده‌كرێت.

**بیمه‌ی ته‌ندروستیی تایبه‌ت (ئه‌هلیی)**

سیستمه‌كانی (بیمه‌تی ته‌ندروستیی تایبه‌ت) بریتییه‌ له‌ تاكه‌كه‌س و خێزان كه‌ بیمه‌ی ته‌ندروستیی تایبه‌ت ده‌كڕن بۆ خۆیان. له‌ ئاستی وڵاتدا، حكومه‌ت ده‌توانێت بڕیار بدات به‌ ناچار كردنی هه‌موو كه‌س و كۆمپانیایه‌ك بۆ كڕینی بیمه‌ی تایبه‌ت (ئه‌هلیی) بۆ خۆیان یان بۆ كارمه‌نده‌كانیان. ئه‌م جۆره‌ سیستمه‌ گیروگرفتی زۆره‌، و به‌ گشتیی ئه‌م سیستمه‌ نه‌یتوانیوه‌ وه‌ك ستراتیجێكی نیشتمانی، كارا و چوست بێت. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌شدا، به‌ نزیكه‌یی هه‌مو وڵاتێك بوار ده‌دات به‌ بیمه‌ی ته‌ندروستیی تایبه‌ت (ئه‌هلیی) و ڕێپێدراوه‌ شانبه‌شانی سیستمێكی گشتیی نیشتمانیی كار بكات بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و كه‌سانه‌ی داپۆشین (تغطیة، coverage) ی باشتریان ده‌وێت، و ده‌توانن پاره‌كه‌ی بده‌ن، بتوانن داپۆشینی تری ته‌واوكه‌ر بۆ خۆیان بكڕن. ئه‌وسا پرسیاری سه‌ره‌كی بریتی ده‌بێت له‌وه‌ی ئاخۆ بیمه‌ی تایبه‌ت ته‌واوكه‌رێكه‌ بۆ سیستمی گشتیی یان

ئاخۆ ڕێگە دەدرێت بە خەڵک بیمەی تایبەت بکڕن و ئنجاش بچنە پلانی گشتیی. ئەگەر بوار بەمەی دوایی بدرێت، بە نزیکەیی هەمیشە دەبێتە مایەی هەبوونی دوو توێژ لە خزمەتگوزاریی بە گوێرەی کواڵیتی، و سیستمی تایبەت (ئەهلی) بۆ خەڵکی تەندروست و دەوڵەمەند دەبێت و سیستمی گشتیی بۆ خەڵکی هەژار و نەخۆش دەبێت. سیستمەکانی جۆری بیمەی تەندروستیی تایبەت ئەم لایەنە ئەرێنی و نەرێنییانەی خوارەوەیان هەیە:

**لایەنە ئەرێنییەکان**

- دەتوانرێت وەک تەواوکەر بەکاربهێنرێت بۆ بەرنامەکانی حکومەت بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و کەموکووڕییەکان
- دەتوانرێت لە لایەن خاوەنکارەکانەوە دابین بکرێت بە جیا لە بەرنامەکانی حکومەت
- داڕشتنی پاکێجی سوودەکان و ڕێکارەکانی پارەدان تا ڕادەیەکی زۆر خۆگونجێن (مرن) ن
- کەرتی گشتیی دەتوانێت گرێبەستی لەگەڵ بکات بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامە گشتییەکان.

**لایەنە نەرێنییەکان**

- کۆمپانیاکانی بیمە هانی ئەو کەسانە نادەن خۆیان تۆمار بکەن کە پێیان وایە مەترسیی نەخۆشییان هەیە، وەک پیر، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی ئاستی مەترسییەکانیان، و ئەمەش ڕەنگە لە بەرژەوەندیی گشتیی نەبێت. ئەگەر بوار بدرێت بە بیمەی تایبەت جێگەی پلانە گشتییەکان بگرێتەوە، ئەوسا لە ئەنجامدا دوو توێژ لە خزمەتگوزارییەکی تەندروستی دروست دەبێت، و تێیدا دەوڵەمەندەکان خزمەتگوزارییەکی کواڵیتی-بەرز وەردەگرن.
- کۆمپانیاکان بایەخێکی کەم دەدەن بە تەندروستی گشتیی و وا باوە بە شێوەیەکی نەگونجاو بایەخ بە چاودێریی سەرەتایی و خزمەتگوزاریی خۆپارێزی دەدەن.
- کۆمپانیاکانی بیمە زیاتر بایەخ بە زیادکردنی قازانج دەدەن وەک لە بایەخدان بە تەندروستیی کۆمەڵگە.

**لێشاوی داراییەکان (تدفق التمویلات/الاموال، Flow of Funds)**


شێوازێکی تر بۆ لێکۆڵینەوە لە داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بریتییە لە بەدواداچوونی لێشاوی داراییەکان – بە مانایەکی تر، بەدواداچوونی پارە. شێوەی 4.6 بریتییە لە لێشاوی داراییەکان لە چەند وڵاتێک کە شێوازی داپۆشین (ڕووماڵ، تغطیة، coverage) و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکەیان دیاریکراوە.

بێجگە لە هاوکاریی دەرەکی یان خێرومەندی، خانەوادەکان (واتە خێزانەکان) سەرچاوەی سەرەکیی دارایی سیستمەکەن و هەروەها وەرگری خزمەتگوزارییەکەن. خانەوادەکان باج دەدەن بە حکومەت. حکومەت هەروەها سەرچاوەی تری دارایی هەیە، وەک باج لەسەر کۆمپانیا و کارگە، رسوم، و کرێ. لە حاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، یەکێک لە سەرچاوەکان بریتییە لە داهاتی نەوت کە لە بەغدادەوە دێت. سەرجەم سەرچاوەکانی دارایی دەخرێنە سندووقێکەوە لای حکومەت (واتە کۆدەکرێنەوە) لە لای حکومەت و/یان کۆمپانیاکانی بیمەی تایبەت یان بیمەی کۆمەڵایەتی. کاتێک کۆمپانیاکانی بیمە ئەو داراییانە کۆدەکەنەوە کە لەبەردەستیان دادەنرێت، ئەوسا دەبێت بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی پارە بە کام خزمەتگوزاریی بدەن (بە شێوەیەکی گشتیی بریتییە لە نەخۆشخانە، دکتۆر، یان چاودێریی سەرەتایی) و چەند پارە بدەن. خانەوادەکان دەتوانن ڕاستەوخۆ پارە بدەن بە ئاژانسی کۆکردنەوەی پارە بە شێوەی قیستی مانگانە یان ڕاستەوخۆ پارەکە بدەن بە دابینکارەکە وەک کرێی بەکارهێنەر یان ڕاستەوخۆ لە گیرفانی خۆیان بیدەن.

**بەراوردی نێوان وڵاتان**

زۆر لێکۆڵینەوە بەراوردیان کردووە لە نێوان وڵاتانی جۆراوجۆری سەرتاسەری جیهان بە گوێرەی چەند فاکتەرێکی جۆراوجۆری بواری دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەرەنجامەکانی ئەو خەرجییانە. هەموو بەڵگەکان کۆکن لەسەر ئەوەی وڵاتانی دەوڵەمەند بە گشتیی، و هەروەها بە گوێرەی ژمارەی هەر تاکێکی کۆمەڵگەکە، زیاتر خەرج دەکەن لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستیی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی هەژار. وڵاتانی دەوڵەمەند هەروەها تا دێت بەشێکی زۆر و زیاتر لە داهات لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی خەرج دەکەن بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی هەژار. ئەم کلێشەیە جێی سەرسوڕمان نییە. ئەولەوییەتی وڵاتانی هەژار وا باوە بریتی بێت لە دابینکردنی خۆراک و پەناگە. کاتێک ئەم پێداویستییانە دابین کران، ئەوسا دەتوانرێت سەرچاوەی زیاتر بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی تەرخان بکرێت.


**شێوەی 4.6**
**چۆن سیستمەکانی دارایی تەندروستی کار دەکەن (لێشاوی پارە)**




RAND *MG1148-4.6*

بە بەکارهێنانی داتای بانکی جیهانیی، پابلۆ گۆترێت و جۆرج شیبەر (2006) ئەو گۆڕانکارییانەیان شیکردەوە کە لە خەرجییەکانی تەندروستییدا ڕوودەدات لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە قەبارەی ڕەها (الحجم المطلق، absolute size) ی دانیشتوان یان لە ئەنجامی گۆڕانی پێکهاتەی تەمەن و ڕەگەزی دانیشتووانەوە ڕوودەدەن (بڕوانە شێوەی 4.7). لە ئەوروپا، کە تێیدا ژمارەی دانیشتوان زۆر لەسەرخۆ زیاد دەکات، زۆربەی گۆڕانکاریی لە خەرجییەکانی تەندروستییدا لە ئەنجامی پیربوونی دانیشتوانەکانەوەیە. بۆ نموونە، نەخۆشییە درمییەکان تەنها 3 لە سەتی باری نەخۆشی بووە لە ئەوروپا لە 2002، و بریندارییش تەنها 15 لە سەت، 82 لە سەتی لە ئەنجامی نەخۆشیی ترەوە بووە، بە شێوەیەکی سەرەکییش نەخۆشییە درێژخایەنەکان.

**شێوەی 4.7**
**گۆڕانکاری لە خەرجییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە کوێرەی ناوچە**




سەرچاوە: ڕووپێوی (2000 National Medical Expenditures Survey and HNP Stats)، لە گۆتەرت و شیبەر وەرگیراوە، 2006.
RAND *MG1148-4.7*


لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا، بە عێراقیشەوە. ئێستا گۆڕانی قەبارەی ڕەهای دانیشتوان گرنگترە. بۆ نموونە، نەخۆشییە درمییەکان هۆی 67 لە سەت لە نەخۆشییەکان بوو لە ئەفریقیا لە 2002، و برینداریش 12 لە سەت، 21 لە سەتیش بۆ باقیی نەخۆشییەکانی تر. بەڵام لە ئاییندەدا، پیربوونی دانیشتوان دەبێتە مایەی زیاتربوونی خەرجییەکان لەسەر نەخۆشییە درێژخایەنەکان.

مەرج نییە خەرجکردنی بڕێکی زۆر لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی ببێتە مایەی دەرەنجامی تەندروستیی باش. زۆر شێواز هەیە بۆ پێوانەکردنی پەیوەندی نێوان خەرجییەکان و دەرەنجامەکان، بەڵام یەکێک لە ڕێگە باوەکان بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە خەرجییەکانی هەر یەک کەسێک لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی لە بەرامبەر تێکرای پێشبینیکراوی تەمەن (متوسط العمر المتوقع، life expectancy) (بڕوانە شێوەی 4.8). بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە 7,000 دۆلار سەرف دەکات لەسەر هەر کەسێک بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی – زیاتر لە هەر وڵاتێکی تر. بەڵام تێکرای پێشبینکراوی تەمەن لە کۆریا بەرزترە بە بەراورد لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەگەرچی کۆریا نزیکەی 1,500 دۆلار سەرف دەکات لەسەر یەک کەس بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، هەروەها هەمان شت بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی دەکەونە سەروو هێڵەکەوە لە شێوەی 4.8. بێجگە لە خەرجیی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستیی، چەندین فاکتەر هەیە کە کار دەکەنە سەر تێکرای تەمەن، بەڵام شێوازی ڕێکخستن و سەرفکردنی داراییە سنووردارەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی کاریگەری پڕبایەخیان هەیە.

**داهاتی تاکەکەس (دخل الفرد، Income per Capita) و سیستمەکانی دارایی**

شێوەی 4.5 ئەوە پیشان دەدات کە وڵاتانی هەمان ناوچە (بۆ نموونە ئەوروپا) سیستمی دارایی تەندروستیی جیاوازیان هەیە. جۆری سیستمی وڵاتێک پشت بە چەند فاکتەرێک دەبەستێت، وەک سیستمەکانی داتا، توانای کۆکردنەوەی باج، دەستی کار، ژمارەی دکتۆرەکان، بەکارهێنانی داینکاری تری خزمەتگوزاریی تەندروستی، ئاستی خوێندەواریی دانیشتوان، و پێشکەوتوویی سیستمەکانی بانک و دارایی. شێوەی 4.9 بریتییە لە بەراوردی نێوان توانای دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە (تایبەت – بە پارەی گیرفان، کۆکراوە (سندوق) ی ئەهلیی، و حکومی) ی وڵاتانی داهات نزم، مامناوەندی، و بەرز. بۆ نموونە، ئەو سەرچاوانەی بە شێوەیەکی تایبەت (ئەهلی) کۆدەکرێنەوە (وەک بیمەی تایبەت –ئەهلی) لە وڵاتە داهات نزمەکان کەمتر باوە و کەمتر کاری پێدەکرێت، ئەم وڵاتانە پلان و بەرنامەی پێشکەوتووی بیمە و میکانیزمی ئەوتۆیان نییە کە کار بە سیستمی لەو جۆرە بکەن.

**شێوەی 4.8**
**تێکرای پێشبینکراوی ژیان، لە بەرامبەر خەرجییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەندێک وڵات، 2009**





سەرچاوە: ئەندرو گلمان، "Statistical Modeling, Causal Inference, and Social Science, Healthcare Spending and Life Expectancy." http://www.stat.columbia.edu/~gelman/blog, (December 30, 2009).

RAND *MG1148-4.8*

لەگەڵ دەوڵەمەندبوونی وڵاتاندا، ڕێکارە داراییەکانیان بەرفراوانتر دەبێت. ڕێکەوت نییە کە تەنێ چەند وڵاتێکی ژمارە کەمی کەمداهات بیمەی کۆمەڵایەتی کارا یان خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی کارایان هەیە. بەرنامەی لەم جۆرە پێویستی بە سیستمی داتا و تەکنەلۆجیای زانیاری پێشکەوتووە، توانای ئیدارەی گشتیی پێشکەوتوو، و دەستی کاری خاوەن ئاستی خوێندەواری بەرز، و سیستمی ئەوتۆی کۆکردنەوەی داهات کە بتوانێت کار لەسەر ئەم جۆرە بەرنامانە بکات، ئەمانە تەنێ هەندێک لە فاکتەرەکانن و فاکتەری تریش هەیە. فاکتەری تری پەیوەندددار بە گەشەپێدانی پلانی پێشکەوتوو و ئاڵۆزتری دارایی تەندروستی بریتین لە:

- بودجەی خزمەتگوزاریی گشتیی گەورە بە گوێرەی هەر تاکێک
- سیستمی ئیدارەی گشتیی و باجی پێشکەوتوو
- تەکنەلۆجیای زانیاری و داتای پێشکەوتوو
- کۆمپانیای ئەوتۆی بیمەی تایبەت کە بتوانێت پرۆسەکان و پارەدانەکان بەڕێوە ببات
- کەمتر پشتبەستن بە هاوکاریی نێودەوڵەتی (ڕێژەی سەتیی دارایی لە سەرچاوەی دەرەکی 7.9 لە سەت بوو لە وڵاتانی کەم-دەرامەت، 0.86 لە سەت بوو لە وڵاتانی دەرامەت –کەم-و-مامناوەندی، و0.43 لە سەت بوو لە وڵاتانی دەرامەت مامناوەندی-و-بەرز، و 0.03 لە سەت بوو لە وڵاتانی دەرامەت-بەرز [Gottret, 2006])
- داهاتی بەرزی تاکەکەس.
- گۆڕان لە بارگرانی نەخۆشی بۆ هەڵومەرج و خزمەتگوزاریە درێژخایەنەکان
- زیادبوونی نیگەرانی حکومەت سەبارەت بە جۆریەتی و کۆنترۆڵ کردنی خەرجی تێچوو.

**شێوەی 4.9**
**جیاوازی وڵاتان لە سەرچاوەکانی داراییکردن**




سەرچاوە: Gottret, Schieber, and Waters, 2008.
RAND *MG1148-4.9*

**چۆنیەتی کارکردنی هەندێک وڵات لەسەر دارایی (تمویل، Financing)، داپۆشین (ڕووماڵ، تغطیة، Coverage) و پارەدان (تسدید/دفع، Payment) ی خزمەتگوزاریی تەندروستیی**

ئەم بەشە تایبەتە بە باسکردنی چۆنیەتی کارکردنی هەندێک وڵات لەسەر ئاستەنگە داراییەکان، کە ڕەنگە پەیوەندی هەبێت بە کوردستانەوە. وڵاتەکان، و ئەو خاڵە سەرەکییانەی پیشانی دەدەن، بریتین لە:

- شانشینی یەکگرتوو – دانانی ئەولەوییەت بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن
- فەرەنسا – پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی کواڵیتی بەرز و دابینکردنی بۆ هەمووان
- سنگافورە – پێشکەشکردنی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە شێوەیەکی کارا
- تایوان – پێشکەشکردنی داپۆشین بۆ هەمووان لە ڕێی یەک پارەدەرەوە
- تورکیا – بەکارهێنای بیمەی تەندروستیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بیمەی تایبەت و گشتیی پێکەوە
- مەکسیک – پێشکەشکردنی بیمەی تەندروستی بۆ دانیشتوانی ناوچە دوورەکان.

بۆ زانیاری لەسەر ئامارە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتانە بڕوانە خشتەی 4.1.

**شانشینی یەکگرتوو – دانانی ئەولەوییەت بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن.** دەستگای (خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی، NHS) لە شانشینی یەکگرتوو زیاتر لە 87 لە سەتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دابین دەکات لە شانشینی یەکگرتوو. هەر وڵاتێکی شانشینی یەکگرتوو (خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانیی، NHS) ی خۆی بەڕێوە دەبات. NHS ی بەریتانی لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە بەڕێوە دەبرێت و 152 مەڵبەندی تەندروستی بە گوێرەی دابەشبوونی جوگرافی کارەکانی ئەنجام دەدەن، پێیان دەگوترێت (سندوقی چاودێریی سەرەتایی، PCT). هەر مەڵبەندێک لەو مەڵبەندانە تێکرای 400,000 هاووڵاتی دادەپۆشن. وەزارەتی تەندروستی بودجەیەکی گشتیی دادەڕێژێت بۆ تەرخانکردنی دارایی بۆ مەڵبەندەکان، کە لە ساڵی دارایی 2007 دا 64.3 ملیار پاوەند بوو (96.1 ملیار دۆلاری ئەمریکی).

(ئینستوتی نیشتمانیی بۆ نایابیی تەندروستی و کلینکی، The UK National Institute for Health and Clinical Excellence (NICE) لە شانشینی یەکگرتوو لە ساڵی 1999 (دەستگای تایبەتی تەندروستی) دادەمەزرێنێت، بنەمای نوڕینگەیی و پارەدانەوە بۆ (خزمەتگوزاریی تەندروستیی نیشتمانی) دادەڕێژێت. ئینستوتەکە باشترین ڕێوشوێنی پیادەکردن دادەڕێژێت بۆ نەخۆشەکان، دابینکارەکان و بەرهەمهێنەکان. ئینستوتەکە بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی ئەو تەکنەلۆجیا پزیشکیی و بەرهەمە دەرمانسازییانەی پێشنیار دەکرێن بخرێنە خزمەتگوزارییەوە لە لایەن (خزمەتگوزاریی

**خشتەی 4.1**
**داتا لەسەر دارایی لە هەندێک وڵات**

| نیشاندەر | UK | فەرەنسا | سنگافورە | تایوان | تورکیا | مەکسیک |
|---|---|---|---|---|---|---|
| داهاتی تاک | $36,128 | $34,400 | $47,937 | $14,663 | $13,767 | $14,266 |
| ڕێژەی مردنی منداڵ | 4.9 | 3.6 | 2.4 | 5.0 | 21.4 | 28.8 |
| تێکڕای پێشبینیکراوی ژیان لە لەدایکبووندا | 79.3 | 81.0 | 80.5 | 78.3 | 72.0 | 74.9 |
| قەڵەوی (لە % ی کەسانی باڵق) | 22.7 | — | 6.9 | — | 11.4 | 23.4 |
| خەرجکردن لەسەر تەندروستی بۆ هەر تاکێک | $2,784 | $3,554 | $1,228 | $879 | $645 | $756 |
| خەرجی تەندروستی بە گوێرەی % ی داهاتی تاک | 8.2 | 11.0 | 3.3 | 6.1 | 4.8 | 6.6 |
| خەرجیی تەندروستیی % (گشتیی) | 87% | 80% | 33% | 59% | 73% | 44% |
| ژمارەی دکتۆر بۆ هەر 10000 کەسێک | 23 | 34 | 15 | — | 16 | 20 |
| دانیشتوان (بە ملیۆن) | 61.4 | 62.0 | 62.0 | 23.0 | 73.9 | 106.4 |
| جگەرە کێشان (% ی دانیشتوانی تەمەن +15) | 35.7 | 31.7 | 31.7 | — | 35.5 | 24.7 |

سەرچاوە: (نیشاندەرەکانی گەشەسەندن لە جیهان، 2010)، بانکی جیهانی

تەندروستیی نیشتمانی)ەوە – کارایی کلینکی و کارایی نرخ دوو ستانداردی سەرەکین بۆ هەڵسەنگاندنەکە. ئینستوتەکە هەروەها ڕێنمایی کلینکی ئامادە و دابەش دەکات سەبارەت بە باشترین ڕێوشوێنە کلینکییەکان، ئامێرە پزیشکییەکان، و بەرهەمە دەرمانسازییەکان، هەروەها بۆ ئەولەوییەتەکان وەک بەرنامەکانی قەڵاچۆکردنی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر، و بەرنامەکانی کوتان.[5]

**پەرەپێدانی خزمەتگوزاریی کواڵیتی-بەرز و دابینکردنی بۆ هەمووان.** سیستمی تەندروستیی فەرەنسا بریتییە لە داپۆشینێکی ئیلزامیی بیمەی بنچینەیی تەندروستیی بۆ هەمووان. ساڵی 2000 بەرنامەی (بیمەی تەندروستیی بۆ هەمووان) (Couverture Maladie Universelle—CMU) بەرفراوان کرا و پاکێجێکی لەخۆگرت بۆ داپۆشینی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بۆ خەڵکانی کەم-دەرامەت. لە ئێستادا نزیکەی 92 لە سەت لە دانیشتوان دەستیان دەگات بە پاکێجەکە، ئەمە سەرەڕای خزمەتگوزاریی تەندروستیی بنەڕەتیی. پاکێجەکە – کە بە شێوەیەکی گشتیی لە ڕێی بیمەی تایبەتییەوە بەڕێوە دەبرێت- قەرەبووی هاو-پارەدان دەکات و ئەو خزمەتگوزارییانە دابین دەکات کە سیستمی گشتیی بە تەواوەتی دایناپۆشێت، وەک خزمەتگوزاریی چاو و دان (Buchmueller and Couffinhal, 2004).

بڕیاربەدەستانی تەندروستیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن زۆر سوود لە سیستمە فەرەنسییەکە وەربگرن. نزیکەی نیوەی دکتۆرەکانی فەرەنسا موماریسی گشتیین لە دەستگای تایبەت.. موماریسە گشتییەکان لەسەر بنچینەی کرێ-بەرامبەر-خزمەتگوزاریی پارە وەردەگرن بەڵام زۆر کەمتر وەردەگرن (لە 2004 بە تێکرا 84,000 دۆلار) بە بەراورد لەگەڵ هاوشانەکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (146,000دۆلار) و شانشینی یەکگرتوو (121,000دۆلار). کرێ و ئەو حەوافزانەی لەگەڵیدایە لە لایەن یەکێتی پزیشکان و سندوقی بیمەی تەندروستیی (بیمەی کۆمەڵایەتی) ەوە دانوستانی لەسەر دەکرێت. پسپۆڕان (تایبەمتەند، ئیخسائی) ی فەرەنسی هەروەها بە گوێرەی خزمەتگوزاری-بەرامبەر-کرێ پارەیان پێدەدرێت، و ئەو پارەیەی پەیدایان کردووە (لە 2004 تێکرا 144,000دۆلار) کەمترە لەوەی پسپۆڕانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیدای دەکەن (236,000 دۆلار) و ئەوانەی شانشینی یەکگرتوو (153,000دۆلار) (Fujisawa and Lafortune, 2008). سی و شەش لە سەت لە دکتۆرەکان یان لە نەخۆشخانەی گشتیی کار دەکەن یان لە دەستگای تری گشتیی و حکومەت مووچەیان پێدەدات.[6]

بۆ کارکردن لەسەر بابەتی کواڵیتی، لە ساڵی 2004 (دەستگای نیشتمانیی فەرەنسیی بۆ تەندروستی، Haute Autoritéde Santé—HAS) دامەزرا و بەرپرسیارە لە کواڵیتی، هەڵسەنگاندنی تەکنەلۆجیا و هەڵسەنگاندنی ئامێرە پزیشکییەکان، و دەرمانەکان، و ڕاسپاردە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی کە پێویستە بیمەی تەندروستی بیانگرێتەوە. HAS بەرپرسیارە لە بڕیاری بۆ بیمەی تەندروستیی گشتیی و پاکێجی بیمە کە یان بیمەی کەرتی تایبەت دەیدات یاخود سیستمی گشتیی. بە هەمان شێوەی کارکردنی NICE لە شانشینی یەکگرتوو، HAS بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی تەکنەلۆجیای تەندروستی و دانانی ناوەڕۆکی پاکێجەکانی سوودەکان بۆ بیمەی گشتیی و تایبەت.

**سنگافورە – دارایی کارا بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی.** سنگافورە بە کولفەیەکی کەم توانیویەتی دەرەنجامی نایابی تەندروستیی بەدەست بهێنێت. بەشی حکومەت لە کۆی خەرجییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە 50 لە سەتەوە دابەزی لە 1965 بۆ 25 لە سەت لە 2000. بە گوێرەی بەرنامەی مێدیسێیڤ (Medi save Program)، هەموو ئەو هاووڵاتییانەی کار دەکەن پێویستە 6 تا 8 لە سەتی باجی داهاتیان (بە گوێرەی تەمەن پۆلێن کراوە) بخەنە حسابێکی تەوفیری تاکەکەسییەوە، کە پێی دەگوترێت ژمێرەی پاشکەوتکردن پزیشکیی (medical saving saccount (MSA)). ئەم داراییانە لە باج بەخشراون و دەتوانرێت دواجار تەنها لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی خەرج بکرێن – وەک زۆربەی خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانە و هەندێک جۆری دیاریکراوی حاڵەتی نەخۆشی دەرەوە، و جەخت دەخاتە سەر بارە درێژخایەنەکان. (حسابی تەوفیری پزیشکیی) پارە بۆ نزیکەی 10 لە سەتی دارایی تەندروستی دابین دەکات لە سنگافورە (Lim, 2004; Taylor and Blair, 2003; Gottret and Schieber, 2006).

**تایوان – دارایی کردنی هەموو کەسێک لە ڕێی یەک پارەدەرەوە.** تایوان لە 1995 بەرنامەیەکی دروست کرد بە ناوی (بیمەی تەندروستیی نیشتمانیی، (National Health Insurance (NHI). (بیمەی تەندروستیی نیشتمانیی) بریتییە لە بەرنامەیەکی بیمەی کۆمەڵایەتیی حکومی، بەشداریکردن تێیدا ناچاریە. تایوانییەکان تێکڕای تەمەنی پێشبینیکراویان بەرزە و بریتییە لە 76 ساڵ – بە بەراورد لەگەڵ پێش پەنجا ساڵدا ئەمە بەرەوپێشچوونێکی گەورەیە، ئەوسا تێکڕای تەمەنی پێشبینیکراو 53.4 ساڵ بوو بۆ پیاوان و 56.3 ساڵ بوو بۆ ژنان. تایوان نزیکەی 6 لە سەتی کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی خەرج کردووە لە 2002، بە کۆی 752 دۆلاربۆ هەر هاووڵاتییەک.

---

5 بۆ زانیاری زیاتر، تکایە بڕوانە http://www.nice.org.uk.

6 هەموو ژمارەکان بە دۆلاری ئەمریکین

سەرچاوە سەرەکییەکانی داراییکردنی (بیمەی تەندروستیی نیشتمانی) بریتییە لە پشک لە داهاتی ئەوانەی بیمەیان هەیە لەگەڵ خاوەنکارەکانیان. ئەم داهاتانە بە پشتگیری حکومیی تەواو دەکرێن. ساڵی 2001 ڕێژەی 40 لە سەتی داهاتەکانی بیمەکە راستەوخۆ لە لایەن تاکەکەسەکانەوە هاتبوو، و 32 لە سەتی لە خاوەنکاری ئەهلییەوە. باقیی 28 لە سەتەکە لە حکومەتە خۆجێیەکان و حکومەتی ئاستی نیشتمانییەوە هاتبوو – بە لەخۆگرتنی هەردوو بەشەکان لە قیستی کارمەندانی گشتیی و پشتگیری لە داهاتیی گشتیی باج، ئەگەرچی گرفتێک هەبووە کە حکومەت لە کاتی خۆیدا پارەکانی نەداوە.

بەرنامەی (بیمەی تەندروستیی نیشتمانیی) وەک تاکە پارەدەرێک کار دەکات، لە 1999، گرێبەستی لەگەڵ 94 لە سەتی دەستگا پزیشکییەکانی تایوان کرد، کە زۆربەیان کلینکی گشتیی و تایبەت بوون. لە ڕێی بودجەی گشتیی نیشتمانییەوە پلان بۆ بودجەی نەخۆشخانەکان دادەڕێژرێتەوە، و دکتۆری نەخۆشخانەکان مووچەی مانگانەیان پێدەدرێت. خزمەتگوزارییەکانی تریش بە گوێرەی پارەدان-بەرامبەر-خزمەتگوزاریی پارەکەیان دەدرێتەوە بە گوێرەی نرخێکی نیشتمانیی دیاریکراو، و پارەی چاودێریی سەرەتایی بە گوێرەی ژمارەی ئەو خەڵکانەیە کە خزمەتگوزارییان پێشکەش کراوە. وەک سیستمی زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە گەیشتوونەتە ئەم قۆناغەی گەشەسەندن، سیستمی بیمەی تەندروستی لە تایوان نیگەرانە دەبارەی کۆنترۆلکردنی خەرجیەکان، و زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانەوە. بۆ ئەوەی لە ڕێی بەرنامەی (بیمەی تەندروستیی نیشتمانی) ەوە لە ئاییندەدا بە شێوەیەکی گونجاو دارایی کۆبکرێتەوە، بێگومان وا پێویست دەبێت بەشی پشکەکان زیاتر بکرێت (Morlock et al., 2004).

**تورکیا – بەکارهێنانی بیمەی تەندروستیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ بیمەی تایبەت و گشتیی پێکەوە.** لە تورکیا سێ پلانی سەرەکیی بیمەی کۆمەڵایەتیی هەیە کە خزمەتگوزاریی تەندروستی دابین دەکەن: بیمەی کۆمەڵایەتی (سۆسیال سیگۆرتلەر کوروم، پێی دەگوترێت SSK)، کە نزیکەی 52 لە سەت لە کۆی دانیشتوان دەگرێتەوە (دادەپۆشێت)، و بیمەی باغ-کور (23 لە سەت) بۆ ئەوانەی خۆیان بۆ خۆیان کار دەکەن، و ئەمکەلی ساندیگی (15 لە سەت) بۆ کارمەندانی گشتیی. SSK لە ڕێی 12.5 لە سەتی باجی مووچەوە دارایی دەکرێت – 7.5 لە سەت لە لایەن خاوەنکارەکەوە دەدرێت و5 لە سەت لە لایەن کارمەندەکەوە دەدرێت. سەرەڕای هەبوونی ئەم سیستمانە و سیستمی (گرین کارد) بۆ خەڵکی هەژار، مەزەندە دەکرێت نزیکەی 10 ملیۆن تورک (نزیکەی 13 لە سەتی ژمارەی هاووڵاتیان) دەستیان ناگات بە خزمەتگوزاریی تەندروستی. ئەوانەی لە کەرتی کشتوکاڵدا کار دەکەن جێی نیگەرانین چونکە سیستمەکانی (SSK) و باغ-کور بە تەواوەتی ئەم گروپە داناپۆشن. سوودەکان و داپۆشینی نێو پلانی بیمەی کۆمەڵایەتی و گرین کارد، جۆراوجۆرن.

بیست و حەوت لە سەدی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە پارەی گیرفان دارایی دەکرین. زۆربەی خەرجییە گشتییەکانی تەندروستی دەچێت بۆ مووچە و دەرمان، خەرجییە گشتییەکان لەسەر خزمەتگوزاریی خۆپارێزی لە 12.1 لە سەتەوە لە 1996 کەمی کردووە بۆ 6.3 لە 2001 لە کۆی خەرجییەکان. خەرجییە تەندروستییەکان بۆ یەک کەس ئێجگار جۆراوجۆر و جیاوازە. بیمەی تەندروستیی تایبەت ئەگەرێکی گەورەی لە پێشە بۆ بەرفراوانبوون لە وڵاتەکە، بەڵام ئێستا تەنێ 1 لە سەتی هاووڵاتیانەکە دادەپۆشێت، ئەمەش لە ڕێی 35 کۆمپانیاوە. ئاستەنگی سەرەکی لە پێش گەشەسەندنی بیمەی تایبەت بریتی بووە لە بەرتەسکێتی توانای دانەوەی پارەکان و توانای بەرتەسکی خەڵکەکە بۆ پارەدان.

ئێستا لە تورکیا ئارەزوویەکی گەورە لە ئارادایە بەرەو داپۆشین (ڕووماڵ، تغطية، coverage) ی سەرتاسەری و یەکخستنی بەرنامەی بیمەی تەندروستیی گشتیی. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت پێناسەی پاکێجی سوودە بنەڕەتییەکان بکرێت، پێدەچێت بتوانرێت بەرفراوان بکرێت لە ڕێی کڕینی بیمەی تایبەتی ترەوە (Morlock et al., 2004).

**مەکسیک – دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ دانیشتوانی ناوچە دوورەکان.** لە ساڵانی 1950 - ەوە مەکسیک گۆڕانکاری گەورە بە خۆیەوە دەبینێت لە تێکڕای پێشبینیکراوی تەمەن و کەمبوونەوەی بەردەوام لە ڕێژەی مردنی منداڵان. کڵێشە باوەکانی مردن و نەخۆشکەوتن لە زۆربەی ویلایەتەکانی مەکسیک چیتر بریتی نییە لە نەخۆشیی گوازراوە، و ڕێژەی نەخۆشکەوتن بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان و ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە ئاست و جۆری ژیانەوە، زیادی کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا، مەکسیک لە خوار ئاستی وڵاتانی (ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشەسەندن، OECD) ەوەیە لە چەند بوار و نیشاندەرێکی ڕەوشی تەندروستییدا.

ڕێژەی مردنی منداڵ و ساوا دووەم بەرزترینە لە ناوچەی OECD دوای تورکیا، و ڕێژەی مردنی دایکایەتییش زۆر بەرزترە وەک لە تێکرای وڵاتانی OECD.

لە ساڵانی 1990 -ەوە دەسەڵاتدارانی مەکسیک دەستیان بە چالاکیی چاکسازیی کرد بۆ بەرفروانکردنی دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو هاووڵاتیانەی بیمەیان نەبوو و بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و دابینکردنی بۆ هاووڵاتیان. ئامانجی (سیستمی چاودێریی کۆمەڵایەتیی لە بواری تەندروستی) بریتییە لە چاکترکردنی بواری دارایی تەندروستیی بۆ ئەو کەسانەی بیمەی کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە، پەیداکردنی سەرچاوەی نوێ بۆ سیستمەکە، و هاوسەنگکردنی حەواڵەی دارایی نێوان حکومەتی فیدراڵی بەرەو ویلایەتەکان.

بەرنامەی (PROGRESA) ی مەکسیک کار لەسەر هەژاران دەکات و بە گوێرەی حاڵەتەکان پارەی کاشیان پێدەدات. بەرنامەکە 20 لە سەتی دانیشتوانەکە دەگرێتەوە، کە بریتییە لە 20 لە سەتی کۆی داهاتی ئەم گروپە. لە بواری تەندروستییدا کاتێک ئەندامانی خێزانەکە ساڵانە چەند سەردانێکی کلینک بکەن، بە تایبەتی دایکان و منداڵان، ئەوسا پارەکانی دەدرێت. ئەمە بووە مایەی زیادبوونی داخڵبوون لە قوتابخانە، کەمبوونەوەی ئاستی بەدخۆراکی و نەخۆشیی منداڵان، و کەمبوونەوەی هەژاری.

سەرەڕای ئەمە، مەکسیک هەوڵ دەدات بەرنامەیەکی پاراستنی دارایی دابڕێژێت ( بە ناوی Seguro Popular) بۆ داپۆشینی هاووڵاتیانی بێ بیمە. پلانەکە بریتی دەبێت لە پاکێجێکی بنەڕەتیی سوودی پزیشکی و دەرمان بۆ خەڵکانی کەم دەرامەت و داهات-مامناوەندی کە بیمەی کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە. ئەم پاکێجە بە تەواوەتی چاودێریی سەرەتایی و نەخۆشی دەرەوە دەگرێتەوە بۆ لیستێکی دیاریکراو لە نەخۆشی، هەروەها خزمەتگوزاریی فریاکەوتن، خزمەتگوزاریی نەخۆشی ناوەوە، و نەشتەرگەری دەگرێتەوە بۆ زۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە باری سەختن بۆ خێزانەکان. خێزانەکان بە گوێرەی داهاتیان بەشداریی لە سندوقەکەدا (لە داراییەکەدا) دەکەن، و بۆ خێزانە هەرە هەژارەکان، پاکێجەکە بە تەواوەتی بە خۆڕاییە. لە ئێستادا، سوودمەندەکان هیچ ڕێگەیەکی تریان لە پێش نییە بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی، بەڵام لەگەڵ بەرفراوانبوونی بەرنامەکە دەتوانن بچنە هەر مەڵبەندێکی تەندروستی یان نەخۆشخانەیەکی گشتیی لەناو ئەو ویلایەتەی لێی نیشتەجێن. ئامانجی Seguro Popular بریتییە لە داپۆشینی 11 ملیۆن خێزان لە حەوت ساڵی داهاتوودا (Frenk et al., 2003; OECD, 2005).

## سیستمی ئێستای دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

لە سەرەوە تاوتوێی هەندێک ڕەوتی سەرەکییمان کرد لە داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و ئاماژەمان بەوە کرد کە وڵاتانی جۆراوجۆر بە شێوازی جۆراوجۆر کار لەسەر بابەتەکانی دارایی تەندروستی دەکەن. وەک ژێدەرێک بۆ سەرەنجامی ڕاسپاردەکانمان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێت بە کارنامەی لێکۆڵینەوە لەسەر بابەتەکانی دارایی تەندروستی، ئەمەی خوارەوە بریتییە لە وەسفێکی گشتیی سیستمی ئێستای دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان. لە بواری گەشەسەندنی ئابووریدا، ئەمڕۆکە کوردستان وەک وڵاتێکی داهات-مامناوەندییە (middle-income). فشارێکی گەورە دەکەوێتە سەر سیستمەکانی داتا، تەکنەلۆجیای زانیاری، و فەرمانگەکانی حکومەت لە کارکردن لەسەر بەرنامەی بیمەی کۆمەڵایەتیی دەستبەجێ. لە کوردستان، داهاتی خێزانەکان تا دێت زیاد دەکات، ئاستی خوێندەواریی بەرزە، و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی و نەتەوەی توند و تۆکمەیە. هەرێمی کوردستان هەروەها حکومەتێکی دیمۆکراتی هەیە و وەک پێویست شارەزایی هەیە لە بەڕێوەبردنی سیستمەکە.

ئێستا کاتێکی زۆر باشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بکات بە هەڵسەنگاندنی ڕێکارە ئایندەییەکان بۆ دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستیی، پلانی تێروتەسەل دابڕێژێت بۆ پیادەکردنی ئەو سیستمەی هەڵیدەبژێرێت، بۆ داڕشتنی پلانی ستراتیجیی دارایی تەندروستی، و بۆ دانانی میکانیزمی تایبەت بە بەدەستهێنانی دەرەنجامەکان. پێویستە لە دوو توێی پلانەکەدا ڕەچاوی گەشەسەندنی سیستمی تەکنەلۆجیای زانیاری و داتای بوارەکە بکرێت (بڕوانە چاپتەری حەوت)، کە ئێجگار پڕبایەخن بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی ئاڵۆزی دارایی و بیمە. پلاندانانی ورد بوار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنێت سەرچاوەکانی خۆی بە دانایی بەکاربهێنێت و دەرەنجامی باشی ئەوتۆ بەدەست بهێنێت کە تەبا بێت لەگەڵ دید (ڕۆیا، vision)ەکەی.

لە ئێستادا خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کورستاندا لە لایەن کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەتەوە دارایی دەکرێت. لە کەرتی گشتیی، بودجەی حکومی پارەی هەموو خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتییەکان دەدات، هەروەها دارایی نەخۆشخانە گشتییە جۆراوجۆرەکان دەکات (وەک، نەخۆشخانەی گشتیی، فریاکەوتن، و ژنان) و هەروەها مەڵبەند و بنکە تەندروستییە جۆراوجۆرەکان. ئەم دەستگایانە هەندێک دەستگای تر هەیە کە پشتگیرییان لێ دەکەن و لە دارایی گشتیی پارەیان پێ دەدرێت وەک تاقیگە و خزمەتگوزاریی تری لاوەکی.

حکومەت هەروەها پارەی خەرجیی نەشتەرگەریی لە دەستگا پزیشکییەکان دەدات. زۆربەی کولفەکان بریتییە لە مووچەی کارمەندانی تەندروستی (دکتۆر، پەرستیار، برینپێچ و مامان، دانساز، دەرمانساز، تەکنیکاری تاقیگە، شۆفێری ئەمبولانس، خزمەتگوزار، ... هتد)، هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ لە بودجەی گشتیی پارەی دەرمان، تاقیگەکان، دانسازی، کوتان، خەرجییەکانی ئەمبولانس، خانەنشینی، مەشق و خوێندن و ئەو بوارانە دەدرێت.

حکومەت لە ڕێی بودجەی وەبەرهێنانەوە پارەی خەرجییە گەورەکانی تەندروستی دەدات. ئەمانە بریتین لە کڕینی ئامێر، دروستکردنی بینا، و خەرجیی تری گەورە. بودجەی وەبەرهێنان لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دابین دەکرێت، هەروەها لە لایەن پارێزگاری پارێزگاکان، و بەغداد بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

بودجەی گشتیی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ساڵی دارایی 2010 بڕیتی بوو لە 629,712 ملیۆن دینار، لەم پارەیە بڕی 531,424 ملیۆن دیناری تەرخان کرابوو بۆ خەرجیی تەشغیلیی و 98,288 ملیۆن دیناری بۆ وەبەرهێنان تەرخان کرابوو. بڕی 5.2 لە سەتی بودجەی گشتیی بۆ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان تەرخان دەکرێت، کە بڕێکی کەمە بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت پێوەرەکانی ناوچەکەش. هەروەها جێی سەرنجە لە چاوپێکەوتنەکانماندا بەرپرسەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە بڕی بەرایی بودجەکە هێندەی پێویست نەبوو کە بتوانێت ئەو ئاستە بەدیبهێنێت کە دابینکارەکان بە پێویستیان داناوە بۆ داپۆشینی چاودێریی سەرەتایی و دەرمان. بە گشتیی، ئەو پارێزگایانەی کۆنترۆڵی بودجە خۆجێییەکان (ناوچەییەکان) دەکەن کاتێک بگەنە بەرزترین سنووری بودجەکانیان، ئەوسا سەرچاوەی تری دارایی دروست دەکەن لە ڕێی گواستنەوەی پارە لەو بوارانەوە کە بایەخیان کەمترە، بەمەش بودجەی وەبەرهێنان کەم دەبێتەوە، و داوای دارایی تەواوکەر دەکەن لە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی دارایی.

لە (کۆنگرەی نێودەوڵەتیی بۆ چاکسازیی و گەشەسەندنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی، 2011) لە هەرێمی کوردستان، کە لە 2-4 ی نیسان ساز کرا، چەند پێشکەشکارێک ئاماژەیان بەوە کرد کە قەبارەی مەزەندەکراو بۆ خەرجییەکان لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی، بەوەی 20-30 لە سەتی کۆی خەرجییەکان لە کەرتی تایبەت بووە، و 70-80 لە سەتییش لە لایەن کەرتی گشتییەوە بووە. بە بەکارهێنانی ئەم مەزەندانە ئێمە دەتوانین ڕێژەی سەتیی (کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، اجمالي الناتج المحلي، GDP) ی تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی بە بڕی نزیکەی 3 لە سەت دابنێین. لە بەرامبەر ئەمە، مەزەندەی عێراق بە گشتیی لە 2007 بریتی بووە لە 2.5 لە سەت، ئوردن 8.9 لە سەت، تورکیا 5لە سەت، و لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپیش بریتییە لە 8-10 لە سەت (World Bank, 2010).

بە تێگەیشتنی ئێمە، پرۆسەی دانانی بودجە لەوێوە دەست پێدەکات کە وەزارەتی تەندروستی داوا لە پێنج بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەکات پێداویستییەکانی خۆیان مەزەندە بکەن بۆ ساڵی داهاتوو. وەزارەتی تەندروستی پێداچوونەوەی ڕاپۆرتەکان دەکات و بودجەیەکی بەکاربردن دادەنێت و لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان تاوتوێی دەکات. ئنجا ئەو بودجەیە پێشکەشی وەزارەتی دارایی دەکرێت، ئەمیش لەلای خۆیەوە پێداچوونەوەی داواکارییەکە دەکات و بودجەیەک دەستنیشان دەکات کە وا باوە هەمیشە کەمتر بێت لەوەی کە داواکراوە. لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکەدا بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەتوانن داوا بکەن و داواش دەکەن کە بودجەکەیان بۆ بەرز بکرێتەوە، و داراییەکان لێرە و لەوێ دەگوازنەوە بۆ تەمویلکردنی ئەو بوارانەی کە پێشینەیەکی زۆر گرنگن، وەک مووچە و دەرمان.

جێی سەرنجە کە کارمەندانی پزیشکی مووچە وەردەگرن، و دەزگاکانیش بودجە وەردەگرن. پەیوەندیی نییە لە نێوان مووچە و توانست (الأداء، performance) تەنانەت پەیوەندیی نییە بە کاتژمێرەکانی کارکردنیشەوە. سیستمەکە پاداشت و خەڵاتی ئەو دەزگایانە ناکات کە کاری باش دەکەن. ئەم جۆرە شێوازی "کرياری"ە هیچ پاداشت و خەڵاتێکی تێدا نییە بۆ هاندانی خەڵک بۆ خۆماندووکردن و هەوڵدانی زیاتر بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاریی جۆری باشتر.

وەک لەسەرەوە باسمان کرد، بڕێکی بەرچاو لە خزمەتگوزاریی لە لایەن ئەو دکتۆرانەوە دابین دەکرێت کە لە نووسینگەی تایبەتی خۆیان کار دەکەن و خەڵک لە گیرفانی خۆی پارەی خەرجییەکان دەدات. هەروەها تا دێت ژمارەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان زیاد دەکات. سەرجەم ئەم دەستگایانە پارەی کاش وەردەگرن لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن. ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ نرخ لە وڵاتانی خۆرئاوا، کرێی ئەم دەستگایانە مەعقولە، بەڵام ئێجگار گرانن بە بەراورد لەگەڵ خزمەتگوزارییەکانی کەرتی گشتیی، کە زۆر دەعم دەکرێت.

بێجگە لە هەندێک بیانیی کەم، بە نزیکەیی هیچ کەسێک بیمەی تایبەتی نییە. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جددی بیر لە سیستمێکی نوێی بیمەی کۆمەڵایەتیی دەکاتەوە، پێویستە دەست بکات بە پرۆسەی هاندانی پێکهێنانی کۆمپانیای بیمەی تایبەت بۆ ئەوەی بتوانن گەشە بدەن بە شارەزایی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی سیستمێکی بیمە کە قیست وەربگرێت، پسووڵە دەربکات، و پارە بدات بە دابینکارەکان. ڕاستییەکەی، جۆرە باوەکانی بیمە (ئۆتۆمبیل، ماڵ، و بیمەی ژیان) بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان لە ئارادا نین.

ئەمەی خوارەوە بریتییە لەو پرسە سیاسەتانەی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر بکات لە کاتی هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی دارایی ستراتیجیی تەندروستی بۆ ئاییندە بۆ هەر بوارێک لەو بوارانەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد (شایستەیی –الأهلية، eligibility-، داپۆشینی خزمەتگوزارییەکان، کۆکردنەوەی داهاتەکان، کۆکردنەوەی تەمویل/ دارایی (pooling)، تەرخانکدنی سەرچاوەکان، و پارەدان).

**شایستەیی (الاهلية، Eligibility)**

لە ئێستادا ئەو هاوولاتیانەی عێراق کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نین دەتوانن بچنە دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و پزیشکی بە هەمان شێوەی دانیشتوانی کوردستان. ئەوانەی دانیشتوی کوردستانن بەڵام هاوولاتی کوردستان و هاوولاتی عێراق نین بە گوێرەی دەستور هەمان پارێزگاری نایانگرێتەوە.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی چەند پرسێکی بواری (شایستەیی) بداتەوە کاتێک ڕەچاوی سیستمی نوێی دارایی دەکات. ئەم پرسانە بریتین لە:

- ئایا ئەوانەی هاوولاتیی عێراقی نین دادەپۆشرێن (دەیانگرێتەوە)، ئەگەر وایە، ئەو سوودانە کامانەیە کە دەیانگرێتەوە؟ زۆربەی وڵاتان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کرێکاری بیانی داناپۆشن، و لە وڵاتانی دەوڵەمەند بە-نەوت ڕەنگە 60-70 لە سەتی دانیشتوانەکە هاوولاتی نەبن، ئەمەش بابەتێکی ئێجگار گرنگە.
- ئایا ئەو هاوولاتییە عێراقییانەی دانیشتوی هەرێمی کوردستان نین بەردەوام دەبن لە وەرگرتنی هەمان ئاستی داپۆشین وەک ئەوەی ئێستا دانیشتوانی هەرێم هەیانە؟ و ئایا کرێیەک وەردەگیرێت؟
- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان شایستەیی ساخ دەکاتەوە و بەڕێوەی دەبات؟ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان شایستەیی بۆ بەکارهێنانی سیستمەکە ساخ بکاتەوە، و ڕەنگە وەک زۆر وڵاتی تر، کارتێکی بیمە یان ناسنامە دەربکات.

**سوودەکان – ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن**

لە کوردستان هەموو هاوولاتییەک شایستەی پاکێجێکی بەرفراوانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و دان و فریاگوزارییە کە لە نەخۆشخانە گشتییەکان و مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکان پێشکەش دەکرین. ئەم خزمەتگوزارییانە بەرتەسک و سنووردارن لەبەر سنووردارێتی بودجە، کەرەستە و ئامێر و دەرمانی بەردەست، و خوێندن و مەشقی ستافەکە. ئێمە نازانین ئەگەر شوێنێک هەبێت لیستێکی تێروتەسەلی ئەو خزمەتگوزارییانەی لێ بێت کە دادەپۆشرێن، یان پرۆسەی دەستنیشانکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن کامەیە، لە زۆربەی وڵاتانیش هەر ئاوایە.

لە زۆر وڵات، وەک کوردستان، دارایی بەردەست بەربەستێکە لە پێش ئەو خزمەتگوزارییانەی دابین دەکرێن. لە کوردستان یەکێک لە ڕێگەچارەکانی نەبوونی خزمەتگوزاریی بریتییە لە ناردنی نەخۆشەکە بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی لە هەندەران. وا تێدەگەین لە کوردستان حزبی سیاسی جۆراوجۆر بڕێکی باش پارە دەدات بۆ چارەسەر بۆ ئەندامی پارتەکانیان کاتێک پێویستیان بە چارەسەرێک بێت کە لە هەرێمی کوردستان یان عێراق ئەو خزمەتگوزارییە بەردەست نەبێت.

ئەو پرسانەی داپۆشین (ڕووماڵ، شمولکردن، تغطية، Coverage) کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاییندەدا وەڵامی بداتەوە بریتین لە:

- ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییانە کامانەن کە دادەپۆشرێن؟
- ئەو ڕێوشوێنانە کامەیە کە حکومەت پیادەی دەکات بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن؟
- چۆن ئەم بڕیارە دەدات بۆ تەکنەلۆجیا و دەرمانی نوێ؟
- سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی دەبێت سەبارەت بە چارەسەر لە هەندەران؟

**کۆکردنەوەی داهات و سەرچاوەکانی داراییکردن**

لە ئێستادا داراییکردنی کەرتی تەندروستی گشتیی لە ڕێی بودجەی گشتییەوەیە. زۆربەی داراییەکە لە بودجەی مەرکەزیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دێت، ولە ڕێی وەزارەتی تەندروستییەوە دەدرێت بەوانەی خزمەتگوزارییەکان دابین

دەکەن (نەخۆشخانە، مەڵبەند و بنکەی تەندروستی، و مووچەکی کارمەندان). داراییکردنی بودجەی مەرکەزیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرەکی لەو 17 لە سەتەوە دێت کە لە بەغداد بۆی تەرخان دەکرێت. هەندێک دارایی بۆ وەبەرهێنان یان بۆ کڕینی ڕاستەوخۆی کەلوپەل و ئامێر بۆ کەرتی تەندروستی ڕاستەوخۆ لە بەغدادەوە دێ و/یان لە حکومەتەوە. وەزارەتی تەندروستی ڕەزامەندی دەدات، و داراییەکان ڕاستەوخۆ لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەچێت بۆ ئاستی پارێزگاکان. لێشاوی تەمویل بۆ وەبەرهێنانی گەورە بابەتێکی ئاڵۆزترە و لەم سەرچاوانەوە دێت (1) بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی دارایی بۆ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی ئاستی پارێزگاکان، (2) بودجەی پارێزگا، و/یان (3) بەغداد – ڕاستەوخۆ بە شێوەی ئامێر و کەرەستە، یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێی پارێزگارەکانەوە.

لە ئێستادا، داهاتی سەرچاوەکانی تر بچووک و کەمن. بۆ نموونە، خەڵک پارەیەکی ئێجگار کەم دەدات لە بەرامبەر سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتییەکان: لە مەڵبەند و بنکە تەندروستییەکان، نەخۆش تەنێ 250 دیناری عێراقی دەدات و بلیتێک وەردەگرێت تا پشکنینی بۆ بکرێت، و 500 دینار دەدات ئەگەر دەرمانی بوێت. دەتوانرێت باج و ڕسوم بکرێن بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دارایی داهاتوو. لە ئێستادا 5.2لە سەتی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەرتی تەندروستییە، و ئەزموونی وڵاتانی تر ئەوە پیشان دەدات کە ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات لە دە ساڵی داهاتوودا.

ئەگەرچی ژمارەکان بە تەواوەتی وەک خۆیان لەبەردەست نین، بەڵام هاووڵاتیان بڕێکی بەرچاو پارە لە گیرفانی خۆیان دەدەن بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستیی تایبەت، کە وا باوە پاش نیوەڕۆیان و ئێواران لە لایەن هەمان ئەو دکتۆرانەوە دابین بکرێت کە بەیانیان لە کەرتی گشتیی کار دەکەن. تا دێت ژمارەی نەخۆشخانە تایبەتییەکان زیاتر دەکات، بە تایبەتی لە هەولێر، ئەم نەخۆشخانانە زۆر بچووکترن لە نەخۆشخانە حکومییەکان.

پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر چەند بابەتێکی پەیوەست بە کۆکردنەوەی داهات بکات بۆ تەمویلی سیستمی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی، کە تا دێت گەورەتر دەبێت. ئەم بابەتانە بریتین لە:

- پێویستە چەند لە بودجەی گشتیی تەرخان بکرێت بۆ خزمەتگوزاریی تەندروستی؟
- چ توێژێکی هاوڵاتیان چ بەشێک (پشک، سەهم) لە ئەرکی داراییکردنی سیستمەکە لە ئەستۆ دەگرن؟
- چ سستمێکی باج یان داهات بەکاردەهێنرێت و لە ڕێی چ میکانیزمێکەوە (باجی گشتیی، بڕین لە مووچە، ...هتد)؟
- چۆن کۆکردنەوەی داهات ڕێک دەخرێت بە ڕەچاوکردنی سیستمەکانی ئێستای باج، ژمێریاری و کۆکردنەوە لە هەرێمی کوردستان؟
- ئاست و جۆری ئەو کرێیانە چییە کە لە بەکارهێنەران وەردەگیرێت؟
- چۆن دارایی ئەو خزمەتگوزارییانە دەکرێت کە پێشکەش بە هەژاران دەکرێت؟


**تەرخانکردنی سەرچاوەکان، یان پارەدان (الدفع/التسديد، Payment)**

لە کەرتی گشتیی تەندروستیی لە کوردستان، پارەدانی خزمەتگوزارییەکان و کردەکان (وەک کرێی دکتۆر و پەرستیاران) نە کراوە بە ئامرازێک و بەکارهێنرێت. بە گشتیی خەڵک بڕێک پارەی دیاریکراوی کەم دەدەن و ئەو خزمەتگوزارییەیان پێشکەش دەکرێت کە پێویستیانە. پزیشکەکان لەبەرئەوەی لە ناوچە دوورەکان دەوام دەکەن یان لەبەرئەوەی کە ئەرکێک ئەنجام دەدەن کە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە پڕبەهایە بۆ حکومەت، مووچەیەکی جیاوازتریان پێنادرێت.[7] لەمەش گرنگتر، لەبەرئەوەی بەهای نرخەکان هێندەی بەهای ئەو سەرچاوانە نین کە بەکاردەهێنرێن، پاداشت و خەڵاتێکی کەم لە ئارادایە بۆ بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی کارا یان بۆ ئەوەی دکتۆرەکان بە کارایی کار بکەن. بۆ نموونە، دکتۆرەکان مووچەی مانگانە وەردەگرن و دواتریش تا ماون خانەنشینی وەردەگرن، ئەمە جۆراوجۆر نییە یان پشت بە ژمارەی کاتژمێرەکانی دەوام نابەستێت، یان بە ئاستی بەرهەمهێنانیان یان بە جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن. هەندێک بەرپرسانی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشنیاری ئەوەیان کرد کە جارێکی تر سیستمەکە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئاستی ئەو کارە بێت کە پێشکەش دەکرێت – بۆ نموونە، لە ڕێی پێدانی مووچەی جیاوازەوە بە گوێرەی ژمارەی کاتژمێرەکانی

---

7 هەندێک پارێزگا گرنگی پێدانێکی تایبەتیان وەک پێشینە بەکارهێناوە، بە تایبەتی بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پزیشکانەی کە ئامادەن بۆ ساڵی سێیەم لە ناوچە دوورەکان خزمەت بکەن بۆ بەشداری پێکردنیان لە خولەکانی مەشق پێکردن و خوێندندا.

**شێوەی 4.10**
**ڕێڕەوی پارە لە هەرێمی کوردستان**




RAND *MG1148-4.10*

دەوام کردن یان ئەو کردە پزیشکییانەی ئەنجام دراون. ئەم جۆرە گۆڕانکارییە یەکێک دەبێت لە شێوازەکانی بەکارهێنانی مووچە وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و هاندانی کارایی بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی.[8]
شێوەی 4.10 بریتییە لە لێشاوی ئێستای داراییکردنی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان.

## هەنگاوەکانی داهاتوو: کارناماوە و پلانی شیکارییانەی (دارایی تەندروستیی)

بۆ پلاندانان بۆ ئاییندە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی پێنج هەنگاویی ئەنجام بدات:

- هەنگاوی 1: شیکردنەوەی سیستەمەکەی ئێستا
- هەنگاوی 2: داڕشتنی دید (ڕۆیا)ێک بۆ ئاییندە
- هەنگاوی 3: داڕشتنی پلانێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە
- هەنگاوی 4: داڕشتنی پلانێکی ستراتیجیی دارایی تەندروستیی
- هەنگاوی 5: جێبەجێکرندی پلانەکە.

### هەنگاوی 1: شیکردنەوەی سیستەمەکەی ئێستا

پێویستە کرداری پلاندانان بە شیکردنەوەی خاڵە بەهێزەکان (ئەرێنی، نقاط القوة، strengths) و خاڵە لاوازەکان سیستمی ئێستای دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی دەست پێبکات. پێویستە شیکردنەوەکە داتای پەیوەست بە دارایی و سیستەمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەخۆبگرێت، لەگەڵ ڕەوشی مەرجە پێشوەختەکانی پێویست بۆ سیستەمە جۆراوجۆرەکانی دارایی. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار بدات هەنگاو بەرەو سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی یان تەنانەت تایبەت (ئەهلی) بنات، ئەوسا پێویستی بە سیستمی کۆکردنەوەی زانیاری و تەکنەلۆجیای زانیاری زۆر پێشکەوتوو دەبێت. پێویستە هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەدا جەخت بخرێتە سەر سەرچاوەکان و کۆکردنەوەی داراییەکان، سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی سەرچاوەکان، تەرخانکردنی سەرچاوە و کڕینی خزمەتگوزاری و پێداویستی (بۆ نموونە، تاقیگە)، چەپکی سوودەکان، چارەسەرکردنی خەڵکانی نەدار و بەشمەینەت، و پاداشت و خەڵاتێکی ناو سیستەمەکە.

---

8 پێویستە بڕیاربەدەستان بە وریاییەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدەن. لەو وڵاتانەی کە بە گوێرەی ژمارەی سەردانەکان پارە دەدرێت، ڕەنگە پزیشکەکان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ژمارەیەی زۆر نەخۆش ببینن و هانیان بدەن دیسان بگەڕێنەوە بۆ لایان، کە ئەمە بەس نییە و ڕەنگە نەبێتە مایەی ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێت

هەر کاتێک هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەلی سیستەمەکەی ئێستا بە تەواوەتی ئەنجام درا، ئەوسا دەتوانرێت دەست بە پرۆسەی گۆڕانکاری لەو سیاسەتانەدا بکرێت کە دەستبەجێ کار دەکەنە سەر چاکترکردنی کواڵیتی، دابینکردن، و کولفە. ڕاهێنانێکی لەو جۆرە مەرجێکی پێشوەختە بۆ دارشتنی دیدێک بۆ ئایندە.

**هەنگاوی 2: دارشتنی دید (رؤیا، Vision) ێک بۆ ئاینندە**

پێویستە پرۆسەی دارشتنی دیدێک بۆ سیستمی ئایندەی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان بە دارشتنی لیستێکی تێروتەسەل دەست پێبکات بە ڕێکارە گونجاوەکان و گۆڕانکارییەکان لەو سیاسەت و سەرچاوانەی پێویستن بۆ جێبەجێکردنیان بە سەرکەوتوویی. دوابەدوای کارکردن لەسەر ئەم بوارانە دەتوانرێت کۆبوونەوەیەک بکرێت بۆ کۆکردنەوەی سەرکردەکانی حکومەت، پزیشکایەتی، و کۆمەڵگە بۆ دارشتنی دیدێک بۆ ئایندە. پێشنیاری ئەوە دەکەین ئەم کۆبوونەوەیە لەژێر سەرپەرشتیی وەزارەتی تەندروستی بێت، کە دەتوانێت ڕاسپاردە و ڕێکار پێشکەش بکات بۆ ئەوەی دەسەڵادارانی بەرپرس لە حکومەت ڕەچاوی بکەن. بۆ جەختکردنەوە لەوەی کۆمەڵگە لە ئایندەدا ڕەزامەند دەبێت و بەشداری تێدا دەکات، پێویستە بەشداری بکرێت بە پیاوانی کار، هاووڵاتیان، نوێنەرانی بەکارهێنەرە سەرەکییەکانی سیستمەکە (وەک ژنان)، و نوێنەرانی گروپە بەشمەینەت و لاوازەکان (وەک نەداران و خەڵکی ناوچە دوورەکان).

کاتێک لەسەری ڕێککەوتن، پێویستە لە ڕێی پەیوەندیی گشتیی یان هەڵمەتی میدیاوە دیدەکە بگەیەنرێت بە جەماوەر بۆ وەرگرتنی سەرنج و بیروبۆچوون و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی بۆ گۆڕانکارییە درێژخایەنەکان. پێویستە دوای ئەوە پێناسەی پرۆسە و هەنگاوە دوایەکان بکرێت بۆ بەدیهێنانی دیدە درێخایەنەکان.

**هەنگاوی 3: دارشتنی پلانی کۆکردنەوەی داتا و لێکۆڵینەوە**

هەر کاتێک ئەو دیدە دارێژرا کە کۆی دەنگەکانی لەسەر بێت، ئەوسا دەتوانرێت ئەجێندای لێکۆڵینەوە بۆ پشتگیری لە پلانێکی تێروتەسەلی ستراتیجیی دارایی تەندروستی و سیستمێکی نوێی دارایی دابرێژرێت و جێبەجێ بکرێت. پێویستە بۆ ئەم مەبەستە چالاکیی گەورە ئەنجام بدرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا لەسەر هەموو بوارەکانی سیستەمەکە، وەک ڕەوشی تەندروستی، خەرجیەکان، کلێشەی نەخۆشییەکان، پێداویستییەکانی تەندروستیی گشتیی و چاودێریی سەرەتایی (بڕوانە چاپتەری حەوت). لێکۆڵینەوە پێویستەکە پشت دەبەستێت بە دیدەکە و ئەو ئاراستەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایرشتووە، هەروەها پێداویستبوونی شیکردنەوەی زۆر لەو پرسیارانەی سەرەوە.

بێگومان کۆکردنەوەی داتای ئاست-بەرز پێویستی بە ڕووپێو (ڕوومال، مسح، survey) ی تێروتەسەلی خانەوادە و ڕووپێوی دەزگا/دابینکار هەیە بۆ دیاریکردنی ڕەوشی تەندروستی، و هەبوونی خزمەتگوزارییەکان لە کەرتی گشتیی و تایبەت.

**هەنگاوی 4: دارشتنی پلانی تێروتەسەلی ستراتیجیی دارایی تەندروستیی**

بە بەکارهێنانی ئەو داتا و زانیارییانەی دارێژراوە، وەزارەتی تەندروستی دەتوانێت پلانێکی تێروتەسەلی ستراتیجیی دارایی تەندروستی دابرێژرێت بە گوێرەی دیدەکە. پێویستە پلانەکە چەند ساڵێک بگرێتەوە بە دیدێکی درێژخایەن و هەروەها چەند ئامانجێکی دیاریکراوی ئەوتۆوە کە بتوانرێت لە چەند ساڵی داهاتوودا بهێنرێنە دی. پێویستە پلانەکە بە ڕوونی باسی ئەوە بکات کە چۆن ئەو مەرجە سەرەکیانە دەبنە مایەی بەدیهێنانی دیدەکە (وەک، سیستەمەکانی داتا، تەکنەلۆجیای زانیاری، و بەڕێوەبردن) دەستەبەر دەکرێن. بۆ نموونە، بە نزیکەیی هەموو ڕێکارەکانی بیمە پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیای بیمە دەبێت، کۆمپانیای بیمەی ئەوتۆ کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و باش بەڕێوە ببرێت. لە ئێستادا کۆمپانیای لەو جۆرە لە هەرێمی کوردستان نییە. هەروەها پێویستە وەزارەتی تەندروستی ئامانجی ستراتیجی سەرەکی ئەوتۆ هەڵبژێرێت، ئەگەر بەدەست بهێنرێن، کاریگەری گشتیی دەبێت لەسەر ڕێگەخۆشکردن بۆ بەدیهێنانی بەشەکانی تری پلانەکە. لە ڕاستییدا، دەستگاکان ناتوانن لە یەک کاتدا جەخت بخەنە زیاتر لە چەند ئامانجێکی دیاریکراو، بۆیە پێویستە زۆر بە وریاییەوە ئەو لایەنانەی سیستەمەکە کە زۆرترین کاریگەری گشتییان دەبێت، هەڵبژێردرێن، جێبەجێ بکرێن، و چاودێری ئەدایان بکرێت.

**هەنگاوی 5: جێبەجێکردنی پلانەکە**

جێبەجێکردنی زۆربەی پلانەکان پێویستی بە بڕیارە لەسەر هەنگاوەکانی 1-4. بەم شێوەیە، چەندین بوار هەیە کە دەتوانرێت تیایاندا دەست بکرێت بە پرۆسەی جێبەجێکردن لە ماوەیەکی کورتخایەندا کاتێک دیدە ستراتیجەکە و ڕەوتەکە (ئاراستەکە) دارێژران. بۆ نموونە، بە نزیکەیی هەموو سیستمە نوێیەکانی دارایی پێویستیان بە داتا و زانیاریی ئەوتۆیە بۆ دانانی سیستمی ڕێژە و بەڕێوەبردن، دەتوانرێت جێبەجێکردنی ئەم بوارانە تەریب بێت لەگەڵ هەنگاوەکانی 1-4.

لێکۆڵینەوەکانی تا ئەمڕۆ ئەوە دەردەخەن کە ڕێکارەکانی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی ئێجگار گرنگن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی وڵاتێک لە خزمەتگوزاریی تەندروستی و گەشەسەندن، هەروەها بۆ بەدەستهێنانی دەرەنجامی باشتری تەندروستیی بە نرخێکی پەسەند، و ئەوەی کە پێویستە بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی قووڵەوە، و ئەگەر بکرێت کۆدەنگیی نیشتمانییان بۆ کۆبکرێتەوە.

## پوختە و دەرەنجام

سیستمی دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی هەر وڵاتێک پێکهێنەرێکی ئێجگار پڕبایەخی سیستمی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکەیەتی، کە ڕێگە بۆ سەرجەم بەشەکانی تر خۆش دەکات. سیستمی دارایی بوار بۆ کۆکردنەوەی یەکسانی سەرچاوەی پێویست دەڕەخسێنێت بە مەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی گونجاوی کارا بۆ سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگە. سیستمی دارایی ئەو حەوافزانە لەخۆدەگرێت کە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ کارایی و کواڵیتی خزمەتگوزاری، هەروەها بۆ ئەو قەرەبووەی دەدرێت بە دابینکارەکان. هەروەها سیستمەکە ڕەنگدانەوەی بەها بنەڕەتی و ئابوورییەکانی دەوڵەتەکەیە. هەموو وڵاتێک سیستمێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە زیاتر لە یەک دارایی لەخۆ دەگرێت.

ئێستا لە کوردستان سیستمی پێشکەوتووی داتا و تەکنەلۆجیای زانیاری و شارەزایی کارگێڕیی پێویست لە ئارادا نییە بۆ بەڕێوەبردنی سیستمی پێشکەوتووی کارگێڕی، وەک بیمەی کۆمەڵایەتی یان پلانی تەندروستیی نیشتمانی. پێویستە ئەم جۆرە مەرجانە لە ئارادا بن پێش ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دەست بە چاکسازی بکات. هەرێمی کوردستان بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت و پێدەچێت بتوانێت هەنگاوی داهاتوو بنێت لە دامەزراندنی ئەو سیستمانەی کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بودجە نابەستن. پلاندانانی ورد و هەڵبژاردەی دانا ڕێگە بۆ کوردستان خۆش دەکات بۆ بەدیهێنانی دەرەنجامی تەندروستی وڵاتانی پێشکەوتوو بە کولفەیەکی ئێجگار کەمتر.

# ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی)

**ئەگەری سیاسەتی کار**

*دابەشکردنی دەستگا و خزمەتگوزارییەکان*

- پێناسەکردنی مەودای گونجاوی خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستییەکان
- داڕشتنی پلان بۆ دابەشکردنی دەستگاکانی خزمەتگوزاریی بنچینەیی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک
- داڕشتنی پلان بۆ خزمەتگوزاریی ستاندارد لە هەر ئاستێکی دەستگاکە
- بەرفراوانکردنی خزمەتگوزاریی لە ڕێی تێلیمیدیسن (پزیشکایەتی لە دوورەوە، telemedicine)
- داڕشتن و جێبەجێکردنی هەڵمەتی ئاشناکردن و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر

*ڕەوانەکردن (احالة، referral) و درێژەی خزمەتگوزاریی*

- لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە گونجاوێتی (جدوی، feasiblity) ی چەمکی "کلینکی یەکەم/کلینکی ماڵەوە/ home clinic"
- داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمی ڕەوانەکردنی نەخۆش (نظام احالة المريض، patient referral system)
- هەنگاوی بەرایی بەرەو شێوازی تۆماریی تەندروستیی ئەلیکترۆنی
- هاندان و گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی ناوخۆیی لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی بەردەستن و پێشکەش دەکرێن

*بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی*

- جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلەکانی بەڕێوەبردنی عیادەیی (بروتوكولات ادارة العيادة، clinical management protocols)
- بەکارهێنانی فۆرمی ستانداردی بینینی نەخۆش
- پێناسەکردنی مەودای مومارەسە بۆ پەرستیارەکانی بنکە تەندروستییەکان
- دەستنیشانکردن و تاقیکردنەوەی ڕێوشوێنەکانی چاکترکردنی لێشاوی نەخۆش
- ڕووپێو (مسح) ی ڕەزامەندیی خزمەتخواز (کلایەنت، بەکاربەر) و ستاف لە بنکە تەندروستییەکان
- لێکۆڵینەوە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئیعتماد (دانپێدانان/بڕواپێدان، accreditation) ی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی

## پوختە

(سیستمی چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی) لە هەرێمی کوردستان هەندێک خاڵی ئەرێنیی سەرەکی هەیە کە دەتوانرێت وەک بناغەیەک سوودیان لێ وەربگیرێت. بەڵام، ڕابەرانی تەندروستی و دابینکارانی کلینک (عیادە) یی سەرجەم ئاستەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبنەوە لە هەوڵیاندا بۆ چاکترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەرەنجامە تەندروستییەکان. چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) یەکێکە لەو پێشینانەی وەزیری تەندروستی و دەسەڵاتدارانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لێ دەکەنەوە. ئەم جۆرە بەرەوپێشبردن و چاکترکردنانە بەردی بناغەی سەرجەم سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستین لە کوردستان، و لە ئایندەشدا هەر بەم شێوەیە دەمێننەوە.

لەم بەشەدا، ئێمە تاوتوێی هەندێک ڕاسپاردە دەکەین بۆ ئەو چالاکییانەی لە دوو سێ ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێن بە مەبەستی چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان – بە سوود وەرگرتن لەو دەستپێشخەرییانەی ئێستا لە ئارادان لەگەڵ بڕیاردان لەسەر پێشینەکان و زنجیرەبەندی (ڕیزبەندی، تسلسل) ی چالاکییە پێشنیارکراوەکان. هەندێک لەو چالاکییانەی پێشنیار کراون بریتین لە هەنگاوی پێشوەخت بۆ چالاکیی درێژخایەن.

ڕاسپاردەکان لە بنەماکانی چاودێریی سەرەتایی ناو (سەدەی بیست و یەکەم)ەوە سەرچاوە دەگرن (بە تایبەتی ئەوانەی WHO و IOM پشتگیرییان لێ دەکەن)، وەک لە چاپتەری دوو باس کراوە:

- دابەشکردنی دەزگاکان و خزمەتگوزارییەکان
- ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاریی
- چاکترکردنی بەردەوامی جۆری (CQI).


## ڕەوشی هەنووکەیی لە کوردستان

سەرەڕای چەندین ساڵ لە نەبوونی وەبەرهێنان لە سەردەمی سەدام حسێندا، سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نۆڕینگە دەرەکیەکان لە کوردستان زۆر باشە لە بواری ژمارەی دەزگاکان و جۆری ئەو خزمەتگوزارییانەی دابین دەکرێت. ئەمەش بەشێکی لەبەر نەریتی دێرینی نایابێتیی پزیشکی و ئاوەدانکردنەوەی پڕکۆششی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا.

جۆر و قەبارە و شوێنی نەخۆشەخانەکان تا ڕادەیەک هاوشێوەیە لە سەرتاسەری سێ پارێزگاکە، بەڵام بنکە تەندروستییەکانی چاودێریی سەرەتایی (بنکە تەندروستییەکان، PHC) کەمتر بە شێوەیەکی هاوشێوەن. لە هەر سێ پارێزگاکە بنکەی تەندروستی هەیە، ئەگەرچی پێدەچێت ژمارەی سەرجەم بنکە تەندروستییەکان بە گوێرەی پێوەرە نیشتمانی بێت (بڕوانە شێوەی 5.1)، بەڵام ژمارەی ئەو بنکە تەندروستییە سەرەکییانەی کە بەلایەنی کەمەوە یەک دکتۆری لێیە (ئەمە بە گوێرەی پێوەرەکە) کەمترە لە پێوەری نێودەوڵەتی و عێراق (بڕوانە شێوەکانی 5.2 و 5.3). هەروەها، دەسەڵاتدارانی تەندروستی باسی ئەوە دەکەن کە بنکە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی گونجاو دابەش نەکراون.


تەنها لە دهۆک توانیمان داتا بدۆزینەوە لەسەر داپۆشین (ڕووماڵ، تغطیة، coverage) ی هاووڵاتیان بە گوێرەی جۆری دەزگا تەندوستییەکان (خشتەی 5.1). (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی لە دهۆک چاودێری داپۆشینی هاووڵاتیان و ئەو خزمەتگوزارییانە دەکات کە هەر دەستگایەک پێشکەشی دەکەن، بە گوێرەی قەزا و جۆری دەزگاکە). جێی سەرسوڕمان نییە ئەو بنکە تەندروستییانەی پزیشکیان هەیە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی دادەپۆشن – بە تێکڕا نزیکەی 13000 کەس لە سەرجەم قەزاکان- و وا باوە لە شار و شارۆچکە گەورەکان هەبن. لە بەرامبەردا، ئەو بنکانەی یاریدەدەری پزیشکیان لێیە و دکتۆریان نییە، ژمارەیەکی کەم هاوڵاتی دادەپۆشن - نزیکەی بە تێکرای 2600 لە سەرجەم پارێزگاکە- و خزمەتی ژمارەیەکی کەم کۆمەڵگە و لادێ دەکەن. چاودێریکردنی داپۆشینی هاووڵاتیان لەلایەن هەر دەزگایەکەوە ڕێگە بۆ بەڕێوەبەرەکان خۆش دەکات کات و چۆنیەتی خزمەتگوزارییەکان هەڵبسەنگێنن یان تەنانەت کەی و چۆن دەزگای تر زیاد بکرێت بۆ خزمەتکردنی زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیان کاتێک لەو ئاستە یان پێوەرە تێدەپەڕێت کە بۆ ژمارەی هاووڵاتیانی داپۆشراو دانراوە (بەو شێوەیەی لە پلانی ستراتیجی حکومەتی عێراق بۆ ساڵانی 2010-2014 دیاری کراوە).

**شێوەی 5.1**
**ژمارەی سەرجەم بنکە تەندروستییەکان بۆ هەر 10000 کەسێک**





سەرچاوە: داتای کوردستان: ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009، داتای عێراق، WHO, 2009.
RAND *MG1148-5.1*

**شێوەی 5.2**
**ژمارەی بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان بۆ 10000 کەس**




سەرچاوە: داتای کوردستان: ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009. داتای عێراق، WHO, 2009.
RAND *MG1148-5.2*

**شێوەی 5.3**
**تێکڕای دانیشتوانی داپۆشراو بە بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان**




* ستانداردی عێراق: 1 بنکەی تەندروستی بۆ 10000 کەس.
سەرچاوە: داتای کوردستان: ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009. داتای عێراق، WHO, 2009.
RAND *MG1148-5.3*

بنەما و پێوانەکانی بنکە تەندروستییەکان وەک یەکتری نین یان چاودێریان ناکرێت بە گوێرەی ئەم پێوەرانە: جۆر، قەبارەی ئەو دانیشتوانەی خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێن، ئاستی ژمارەی کارمەندان، و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن. تا تشرینی دووەمی 2010، وەزیری تەندروستی هەر سەرقاڵی پرۆسەی کارکردن بوو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستی لە هەولێر، دهۆک، و سلێمانی بۆ هەڵسەنگاندنی شوێنەکان و چڕبوونەوەی دانیشتوان لەو شوێنانەی نۆڕینگەی لێیە وەک هەنگاوێک بەرەو دابەشکردنی باشتر و بە پێوانە-کردنی خزمەتگوزارییەکان. یاسایەکی عێراقی لە ئارادایە و کاری پێدەکرێت کە پێوەری داناوە بۆ پێناسە و دامەزراندنی جۆرە جیاوازەکانی بنکە نۆڕینگە دەرەکییەکان، بەڵام تا ئێستا بنکە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی پێوانەیی بە گوێرەی ئەو پێوەرانە ڕێک نەخراون. بە هەمان شێوە، ئەو خزمەتگوزارییانەی لە بنکە تەندروستییە جۆراوجۆرەکان پێشکەش دەکرێت لەناو و هەروەها لە نێوان پارێزگاکان بە شێوەیەکی پێوانەیی نییە. چەند بەرپرسێک باسی ئەوەیان کرد کە (پێناسەی پێشەیی، job descriptions) لە ئارادا نییە بۆ کارمەندە سەرەکییەکانی ئەم دەزگایانە.

نەبوونی پێوەر بۆ هەڵبژاردنی شوێنێک وەک (شوێنی کۆکردنەوە، catchment area) (ئەو شوێنەی لە نێوان چەند گوند یان کۆمەڵگەیەکدایە و بنکەیەکی لێ دروست دەکرێت تا لە هەموو لایەک نزیک بێت و هەموویان بتوانن بەکاری بهێنن)، و نەبوونی پێوەر بۆ دانانی کارمەند و خزمەتگوزارییەکان ئاستەنگە لە پێش چووستی و چاکترکردنێکی سیستماتیکی. ئامانجەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ هەمووان و خزمەتگوزاریی ئاست-بەرز بە بێ پیادەکردنێکی سیستماتیکیانەی ئەو پێوەرانە نایەتە دی. چاودێریی هەمیشەی بەرپرسانی پزیشکیی ئێجگار گرنگە بۆ چاودێریی ژمارەی کارمەند و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن.

**خشتەی 5.1**
**داپۆشین (ڕووماڵ، تغطیة، Coverage) ی هاوولاتیان بە گوێرەی جۆری دەزگای تەندروستی، دهۆک**

| شار | تێکڕای دانیشتوان | | | | ژمارەی بنکە بۆ دە هەزار کەس | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | دانیشتوان | بۆ یەک بنکە | دانیشتوان[a] | ژمارە | دانیشتوان | تێکڕای ژمارەی دانیشتوان بۆ بنکەیەک | ژمارەی بنکەکان بۆ دە هەزار کەس[b] |
| دهۆک | 18 | 264.065 | 14.670 | 0.68 | 8 | 17.496 | 2.187 | 4.57 |
| زاخۆ | 11 | 199.131 | 18.102 | 0.55 | 6 | 13.165 | 2.194 | 4.55 |
| ئاکرێ | 7 | 87.926 | 12.560 | 0.80 | 14 | 41.094 | 2.935 | 3.41 |
| بەردەڕەش | 3 | 41.732 | 13.910 | 0.72 | 7 | 50.514 | 7.216 | 1.39 |
| ئامێدی | 11 | 80.496 | 7.317 | 1.37 | 11 | 15.583 | 1.416 | 7.06 |
| سومێل | 7 | 86.016 | 12.288 | 0.81 | 11 | 26.945 | 2.450 | 4.08 |
| شێخان | 7 | 83.730 | 11.961 | 0.83 | 10 | 11.569 | 1.157 | 8.64 |
| کۆی گشتی | 64 | 843.096 | 13.173 | 0.75 | 67 | 176.366 | 2.632 | 3.80 |

سەدرچاوە: دکتۆر عەبدوڵڵا سەعید، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی، دهۆک
[a] ستانداردی نیشتمانی گەورەترە یان یەکسانە بە 1.
[b] ستانداردی نیشتمانی گەورەترە یان یەکسانە بە 2.

هەروەها، پێدەچێت سروشتی سیستمەکانی بەڕێوەبردنی ئێستا تەواو جیاواز بن و لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر، و لە قەزا بۆ قەزایەکی تر و لە دەستگایەکەوە بۆ دەستگایەکی تر زۆر جیاواز بن. شێوازی لەم جۆرە سەرکەوتوو نییە. ڕەنگە هەندێک بەڕێوەبەر و کارگێڕانی خۆجێی چالاکیی بەفیرۆ بدات بە "دووبارە دۆزینەوەی ئاگر" لە بنکەکانیان یان لە قەزاکانیان، و هێشتا پارێزگا یا بەڕێوەبەرانی تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەروبوومی ئەو چوستییە کارگێڕییانەیان نەچنیوەتەوە کە دێتە بەرهەم لە بە-ستانداردکردن-ی دەستگاکان، ستافەکان و خزمەتگوزارییەکانەوە. کاراکردنی پێکهاتەی کارگێڕی مانای ئەوە نییە هاوچەشنێتی توند بسەپێندرێت: ئەگەر بەڕێوەبەرە خۆجێیەکان هەندێک نرمونیانیان هەبێت (مرونة) بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە خۆجێیەکان، بەڵام هاوکات بخرێنە ژێر بەرپرسیاریەتی (مسائەلە) لە بەرامبەر ئەنجامەکان، ئەوسا تەواوی سیستمەکە سوودمەند دەبێت لە ڕادەیەک لە هاوچەشنێتی سیستمەکە و ئەو داهێنانانەی لە جۆراوجۆرێتی دروستی خۆجێییەوە دێتەکایەوە. داهێنانی نایابی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستیی هەولێر، دهۆک، و سلێمانی بە باشی سوودەکانی خۆگونجاندن و مرونەت پیشان دەدات لە دووتوێی چەند چوارچێوەیەکی گشتییدا.

لە ئاخاوتنەکانمان لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی و کارمەندانی تەندروستی، دوو بوارمان دەستنیشان کرد، کە ئەگەرچاکتر بکرێن، دەتوانن دابینکردنی تەندروستی لە کوردستان پتەوتر بکەن:

- ***بەردەوامیی خزمەتگوزاریی (درێژەی خزمەتگوزاری، استدامة الخدمات)*** — لە ئێستادا سیستمێکی پتەوی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە خاڵێکی بەردەوامی پەیوەندیی بێت بۆ نەخۆش لەگەڵ سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی، وەک دابینکار یان تیمێکی تەرخانکراوی چاودێریی سەرەتایی. بە هەمان شێوە، شێوازێکی چەسپاو و دامەزرێندراو لە ئارادا نییە بۆ گەیاندن (پەیوەندی، تواصل، ) ی نێوان ڕەوانەکار (ئەو دابینکارەی نەخۆشەکە ڕەوانە دەکات) لەگەڵ پسپۆڕی ڕاوێژکار (الاخصائی استشاری).. ئەم دوو پێکهێنەرەی درێژەی خزمەتگوزاریی ئێجگار ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ دەرەنجامی تەندروستی باشتر و خەرجی-کەمتر.
- ***بەردەوام چاکترکردنی ئاستی جۆریەتی*** — بە شێوەیەکی بەرفراوان، بەرنامەیەکی سەقامگیر لە ئارادا نییە کە ئاستی جۆری ئێستای دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی هەڵبەسەنگێنێت لە هەرێمی کوردستان، وانە و پەند دەربهێنێت لە هەر ئاریشەیەک سەرهەڵبدات، یان گۆڕانکاری و پاداشت و خەڵاتی گونجاو دابڕێژێت و دابنێت لەناو سیستمەکە بۆ هاندانی. ئەم چالاکییانە بریتین لە دڵی (بەردەوام چاکترکردنی ئاستی جۆریەتی)، کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی خزمەتگوزاریی کارایە.

لەم بەشانەی داهاتوودا ئێمە ئەو پرەنسیپانە دادەڕێژین کە ڕاسپاردەکانمان لەسەر داناوە بۆ پتەوترکردن و تۆکمەکردنی دابەشکردن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان، ڕەوانەکردنەکان، درێژەی خزمەتگوزاریی، و بەردەوام چاکترکردنی خزمەتگوزاری. پاشان بە تێروتەسەلی باسی ڕاسپاردەکانمان دەکەین.

### ئامانجەکانی چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی

بە سوود وەرگرتن لە شێوازی کار و چالاکیی وڵاتانی تری جیهان، ئێمە پێشنیار دەکەین سێ ئامانج دابنرێت بۆ چاکترکردنی سترەکچەر و بەڕێوەبردنی سیستمی چاودێریی سەرەتایی:

- ئامانجی 5.1: دابەشکردنی دەزگاکان و خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) بە کارایی و چوستی.
- ئامانجی 5.2: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ [ڕەوانەکردن (احالة، referral) و درێژەدان بە خزمەتگوزاری].
- ئامانجی 5.3: داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ [درێژەدان بە چاکترکردنی ئاستی جۆریەتی]

### زانیاری سەرەتایی و پاساو

دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێویستی بە چەند ئامراز و پرۆسەیەکە بۆ ئەوەی بەرهەمی هەبێت، بۆ ئەوەی دەرەنجامی کورتخایەن و کاریگەری درێژخایەنی هەبێت. شێوەی 5.4 بریتییە لە توخمە بنەڕەتییەکانی دابینکردن (گەیاندن) ی خزمەتگوزاریی تەندروستی. لە بەشەکانی داهاتوودا بە تێروتەسەلی باسی ئەمانە دەکرێت، و بە گوێرەی سێ ئامانجە سەرەکییەکان داڕێژراون.

#### ڕێکخستنی دەزگاکان و کایەی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی)

هیچ تاکە پێوەرێکی "دروست" بوونی نیە بۆ داڕشتنی پێکهاتەی دابینکردنی خزمەتگوزاری چاودێری سەرەتایی. بەڵام، ئەزموونی نێودەوڵەتی ئەوە دەردەخات کە دەبێت هێندەی پێویست بێت بە گوێرەی پێداویستیی دانیشتوانەکە کارا و چوست بێت، هاوکات هێندە خۆگونجێن بێت بتوانێت خۆی لەگەڵ بارودۆخی خۆجێی و گۆڕانی هەلومەرجەکە بگونجێنێت. ئێمە دەزانین یاسای عێراق باسی جۆرە جیاوازەکانی بنکەی تەندروستیی کردووە (جۆرەکانی أ تا ز) و پێوەری داناوە بۆ: ژمارەی ئەو دانیشتوانەی دادەپۆشرێن، ژێرخانی ماددەیی، و کارمەند لە هەر دەستگایەک. بەڵام ئەوە ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەم پێوەرانە بە شێوەیەکی سیستماتیکی و وەک یەک لە سەرتاسەری هەرێمەکە پیادە دەکرێن. هەروەها، پێدەچێت سیستمی جەوهەریی چاودێریی سەرەتایی تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە دوو جۆر بنکە ببەستێت:

**شێوەی 5.4**
**سیستمی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی**




سەرچاوە: بە دەستکارییەوە لە Massoud et al., as cited by Islam, 2007.

RAND *MG1148-5.4*

- ***مەڵبەندی تەندروستی*** (بنکەی تەندروستیی سەرەکیی) (جۆرەکانی أ، ب، و ج) – خزمەتی 5000 تا 10000 کەس دەکات، و بە لای کەمەوە یەک دکتۆر دەوامی تێدا دەکات.
  - ***جۆری أ:*** سەرجەم خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) پێشکەش دەکات
  - ***جۆری ب:*** هەمان خزمەتگوزارییەکانی جۆری أ پێشکەش دەکات لەگەڵ مەشقپێکردنی ستافی یاریدەدەر و هاوکاری پزیشکی دەستگاکە و لە خوێندنگە پزیشکییەکان
  - ***جۆری ج:*** سەرەڕای سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی بنچینەیی، خزمەتگوزاریی منداڵبوونی ئاڵۆز و خزمەتگوزاریی فریاکەوتنی پزیشکیی و نەشتەرگەریی سادەش پێشکەش دەکات
- ***بنکەی تەندروستیی لاوەکیی/لق (جۆری د)*** – خزمەتی کەمتر لە 5000 کەس دەکات و یەک پەرستیاری نێرینە و یەک پەرستیاری مێینە دەوامی تێدا دەکات، لەگەڵ یاریدەدرێکی پزیشکی، خزمەتگوزاریی سادەی تەندروستی دایکایەتی و منداڵان، کوتان، و خزمەتگوزاریی برینپێچیی سادە پێشکەش دەکات

نەمانتوانی زانیاری لەسەر بنکەی جۆرەکانی ە، ن، و، و ز پەیدا بکەین، بەڵام بڕوامان وایە ئەمانە ئاماژە بن بە کلینکی تایبەتمەند و بیمە و ڕەنگە بنکەی (بەپێی-داواکاری) کە لە پاش نیوەڕۆیان و ئێواران دەکرێنەوە.

بەشێکی زۆر لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی (چاودێریی سەرەتایی یان بنچینەیی) (وەک لە جاڕنامەی Alma Ata ی 1978 پێناسە کراوە) لە هەرێمی کوردستان دابین دەکرێن، بەڵام بە شێوەیەکی سەقامگیر نییە. ئەمەش مانای ئەوەیە پێویستە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکان بریتی بێت لە یەکخستن و هاوشێوەکردنی خزمەتگوزارییەکان و لە ئاستێکی گونجاودا بۆ هەمووان بێت. ئەگەرچی سەرنجی ئێمە ئەوە بوو کە وەک پێویست سوود لە زۆربەی بنکەکان وەرنەگیراوە، ژمارەیەکی زۆر ڕاپۆرت لە لایەنی ترەوە باسی ئەوە دەکەن کە تەنێ لە 2-3 کاتژمێری یەکەمی دەوامدا بەیانیان بەچڕی و پڕی بەکاردەهێنرێن. زۆر بنکەی تەندروستی پاکێجێکی تەواو لە خزمەتگوزارییە بنچینەییە بنەڕەتییەکان پێشکەش ناکەن. بەم شێوەیە، پێویستە لە بەراییدا دەستبەجێ جەخت بخرێتە سەر (1) ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی ئاستی گونجاوی خزمەتگوزارییەکە، (2) جەختکردنەوە لەوەی وەک پێویست ئامێر و ستاف بۆ دەستگاکان دابین کراوە و دەتوانن سەرجەم خزمەتگوزارییە گونجاوەکان دابین بکەن، و (3) جەختکردنەوە لە کواڵیتی ئەو خزمەتگوزارییانە.

یەکخستنی مەودای خزمەتگوزارییەکان لە هەر ئاستێک لە ئاستەکانی خزمەتگوزارییدا بریتییە لە پێشمەرجێک بۆ چاکترکردنی کواڵیتی و چوستیی خزمەتگوزارییەکان و زیاترکردنی ئاستی بەرهەمی ستافەکان. ئەم جۆرە شێوازە تەبایە لەگەڵ ئەو مەودای خزمەتگوزارییەی لە جاڕنامەی Alma-Ata Declaration دا هاتووە، و لەو کاتەوە (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) کار لەسەر چەسپاندنی دەکات. ڕاستییەکەی، ڕاپۆرتێکی ئەم دواییەی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) باسی هەندێک خزمەتگوزاری دیاریکراو دەکات کە پێشنیاری دەکات بۆ هەر ئاستێک لە ئاستەکانی خزمەتگوزاری (WHO and Iraq Ministry of Health, 2009). هەندێک لەم پێشنیارانە لە خشتەی 5.2 دانراوە. ئامێر و ستافەکانی بنکەیەک، هەروەها ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستییە بنچینەییانەی پێشکەش دەکرێن، تەنها هەر بۆ خۆیان بایەخدارنین بەڵکو بۆ تەواوکردنی یەکترییش پڕبایەخن. بۆ نموونە، خزمەتگوزارییەکانی دان کاراتر دەبن ئەگەر ڕەیدۆلۆجی دان لە هەمان شوێن بێت، و خزمەتگوزاریی پزیشکی باشتر دەبێت بە وێنەگرتنی تیشکیی لە شوێنەکە ( بۆ نموونە، تیشکی ئێکس) و خزمەتگوزاریی تەشخیسیی تاقیگەیی.

پسپۆڕان ڕێژەیەکی بەرفراوانی خزمەتگوزاریی بە پەسەند دادەنێن کە لە چوارچێوەی (چاودێریی سەرەتایی) دا پێشکەش بکرێت، لەناویدا زیادکردنی بەرنامەی خۆپارێزی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان بۆ بواری خزمەتگوزاریی تەندروستیی بنچینەیی لە کوردستان: ڕەفتارە مەترسیدارەکان هۆی نزیکەی نیوەی ئەو حاڵەتانەی مردنن کە دەتوانرێت خۆیان لێ بپارێزرێت، وەک بەدخۆراکی، ئەنجام نەدانی وەرزش و چالاکیی جەستەیی، جگەرە کێشان، و خواردنەوەی ئەلکهول (McGinnis and Foege, 1993). داتای بەردەست لەسەر حاڵەتەکانی مردن لە کوردستان پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکەن: برینداربوون لە ڕووداوی هاتووچۆ، نەخۆشیی دڵ و دەمار، فشاری خوێن، و شەکرە هەرە هۆی سەرەکیی مردنن لە هەرێمەکە و کوڵفەیەکی گرانن لەسەر سیستمی تەندروستی. ئەزموونەوەکان ئەوە دەردەخەن کە دەتوانرێت بە شێوەیەکی بەرچاو هەر یەکێک لەوانە کەم بکرێتەوە لە ڕێی ڕۆشنبیرکردن و ئاشناکردنی جەماوەر و دەستپێشخەریی تر بۆ خۆپارێزی. ڕاستییەکەی خۆپارێزیی بنچینەیی و هاندانی ڕێوشوێنی تەندروست دەتوانن 70 لە سەتی ئەو نەخۆشییە گرانانە بگۆڕن کە درێژخایەنن (Fries et al., 1993). گەیاندن و ئاشناکردنی کارای خەڵک بەو مەترسییە تەندروستییانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە و شێوازەکانی کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانە دەبنە مایەی کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی نەخۆشکەوتن و مردن. چالاکییەکی تری گرنگ بریتییە لە ئاشناکردنی خەڵک بەو

**خشتەی 5.2**

**هەندێک ڕاسپاردەی (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) ی بۆ خزمەتگوزاریی (چاودێریی سەرەتایی) کە پێویستە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی دەستگاکانی ئەمبولانتۆری عێراق پێشکەش بکرێن**

| خزمەتگوزاریی | بنکەی تەندروستی لاوەکی | بنکەی تەندروستیی سەرەکی |
|---|---|---|
| خزمەتگوزاریی پێش لەدایکبوونی منداڵ | | |
| زانیاری، پەروەردە، گەیاندن | بەڵێ | بەڵێ |
| تەشخیسی دووگیانێتی–سکپڕێتی | مەزەندە | بەڵێ |
| سەردانی پێش لەدایکبوونی منداڵ- کێش، درێژی، پەستانی خوێن | بەڵێ | بەڵێ |
| کوتانی گزاز | (دیاریکراو نیە) | بەڵێ |
| تەواوکەری فرە خۆراکی ورد | بەڵێ | بەڵێ |
| پێوانەی شەکری خوێن، شیکردنەوەی میز | نەخێر | بەڵێ |
| تەشخیسی کەم-خوێنی | نەخێر | بەڵێ |
| چارەسەری کەم-خوێنی | بەڵێ—ئاسن، فۆلیک، | بەڵێ—ئاسن، فۆلیک، خوێن |
| دۆزینەوەی مەترسی لەسەر دووگیانی | بەڵێ, ڕەوانەکردن | بەڵێ |
| خزمەتگوزاریی منداڵبوون | | |
| دۆزینەوەی مەترسی لەسەر کۆرپەلە | بەڵێ, ڕەوانە | بەڵێ |
| هاوکاریی منداڵبوونی ئاسایی | نەخێر | بەڵێ (جۆری C) |
| منداڵبوون بە بەکارهێنانی ئامراز | ڕەوانە | بەڵێ (جۆری C) |
| خزمەتگوزاریی پاش-منداڵبوون | | |
| پاراستنی منداڵ لە نەخۆشیی چاو | بەڵێ | بەڵێ |
| تەواوکەری فیتامینات | بەڵێ | بەڵێ |
| چارەسەری کەم-خوێنی | بەڵێ | بەڵێ |
| دابینکردنی ئامۆژگاری و ڕاوێژ بۆ پلاندانانی خێزانی، دابەشکردنی کۆندۆم و دەرمانی ڕێگرتن لەمنداڵبوون کەلەڕێگای دەمەوەبکاردێت | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاریی بۆ منداڵی پێنج ساڵە و بچووکتر | | |
| چاودێریی گەشەسەندن | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاریی دان | بەڵێ | بەڵێ |
| کوتانی ئاسایی (بی سی جی,دی پی تی,پۆلیۆ, سوورێژە) | بەڵێ | بەڵێ |
| بەڕێوەبردنی حاڵەتی ستاندارد بۆ منداڵی تووشبوو بە هەوکردنی سەختی هەناسە، بەدەر لە هەوکردنی سی | بەڵێ | بەڵێ |
| هەوکردنی سی | بەڵێ | بەڵێ |
| هەوکردنی سەختی سی | چارەسەری پێش ڕەوانەکردن، ڕەوانەکردنی دەستبەجێ | چارەسەر و ڕەوانەکردن ئەگەر پێویست بێت |
| هەوکردنی سەختی گوێ | بەڵێ | بەڵێ |
| تای مامناوەندی | بەڵێ | بەڵێ |
| تای سەختی نەخۆشیی | چارەسەری پێش ڕەوانەکردن، ڕەوانەکردن | چارەسەری پێش ڕەوانەکردن، ڕەوانەکردن |
| تا- وئەگەری تووشبوونی بەکتریایی | بەڵێ | بەڵێ |

**خشتەی 5.2—(درێژە)**

| خزمەتگوزارییەکان | بنکەی لاوەکی | بنکەی سەرەکی |
| --- | --- | --- |
| تا، پێناچێت هەوکردنی بەکتریایی هەبێت | بەڵێ | بەڵێ |
| دەسنیشانکردنی نەخۆشییەکی وشکبوونەوە | بەڵێ | بەڵێ |
| چارەسەری وشکبوونەوەی ئاساییی/مامناوەندیی | بەڵێ | بەڵێ |
| چارەسەری وشکبوونەوەی سەخت | چارەسەر بە ئۆ ئارِ ئێس و ڕەوانەکردن | بەڵێ, ڕەوانەکردن ئەگەر پێویست بێت |
| سکچوون | بەڵێ | بەڵێ |
| سوورێژە، (بە بێ پاشخان لەسەر چاو یان دەم) | بەڵێ | بەڵێ |
| بەدخۆراکی (ئێجگار کێشی کەم نییە)، کەم خوێن نییە | بەڵێ | بەڵێ |
| کەمخوێن یان کێشی ئێجگار کەم | ڕەوانەکردن ئەگەر پێویست بیت | بەڵێ, ڕەوانەکردن ئەکەر بیوست بیت |
| هەوکردنی چاو، دەم، و جێیەک لە پێست | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاریی کۆنترۆڵی نەخۆشییە نەگوازراوەکان | | |
| پشکنین بۆ فشار - پەستان | ڕەوانەکردنی حاڵەتی جێی گومان | بەڵێ |
| چارەسەری پەستان | نەخێر | بەڵێ, ڕەوانەکردن ئەگەر پیویست بیت |
| تەشخیسی دل و نەخۆشییەکانی موولوولە و بۆری خوین | نەخێر | بەڵێ |
| چارەسەرەکەی | نەخێر | ڕەوانە |
| پشکنین بۆ شەکرە | ڕەوانەکردنی ئەو حاڵەتانەی جێی گومانن | بەڵێ |
| چارەسەری حاڵەتە نائالۆزەکانی شەکرە | (دیاریکراو نییە) | بەڵێ |
| تەشخیسی هەوکردنی جومگەکان | ڕەوانە | بەڵێ |
| چارەسەری هەوکردنی جومگەکان | چارەسەری نیشانەکان و ڕەوانەکردن | بەڵێ, ڕەوانە ئەکەر بیویست بیت |
| تەشخیسی هەوکردنی ڕێچکەی میز | ڕەوانەکردن ئەگەر هەر بەردەوام بیت | بەڵێ |
| چارەسەرەکەی | بەڕێوەبردنی بەرایی, ڕەوانەکردن وەک پێویست | بەڵێ, ڕەوانەکردن وەک پێویست |
| لێڵبوونی گلێنەی چاو تەشخیسی ساد نەخۆشیەکی چاوە | ڕەوانەکردنی حاڵەتی جێی گومان | بەڵێ |
| تەشخیسی گلاکوما | نەخێر | بەڵێ |
| خزمەتگوزاریی تەندروستیی عەقڵیی | | |
| دۆزینەوەی حاڵەت | بەڵێ | بەڵێ |
| دابینکردنی فریاکەوتنی سەرەتایی دەروونی (ئارامکردنەوە، هەڵسەنگاندن و جەختکردنەوە لە پێویستیەکان، پەیوەندی لەگەڵ پشتگیریی کۆمەڵایەتی) | بەڵێ | بەڵێ |
| تەشخیسی نەخۆشیەهزریەکان، دڵەڕاوکە، خەمۆکی-کەئابە | بەڵێ (بەدواداچوون) | بەڵێ |
| بە دواداچوونی نەخۆشی دەروونیی | بەڵێ | بەڵێ |
| خزمەتگوزاریی فریاکەوتن | | |
| بەڕێوەبردنی ژیانەوەی دڵ (سی پی ئارِ)، کەمی شەکری خوێن و بەئاگابوون فریاکەوتنی هەستەوەری | فریاکەوتنی سەرەتایی و ڕەوانە | بەڵێ، ڕەوانە ئەگەر زەحمەت بێت |

سەرچاوە: WHO, 2009

خزمەتگوزارییە تەندروستییانەی بەردەستن. چونکە خەڵک بۆ خزمەتگوزارییەک ناگەڕێن کە نەزانن هەیە. هەروەها، پێویستە بۆچوونیان بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان ئەرێنی بێت و بیانەوێت هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی بدەن – پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێت کە ئەو خزمەتگوزارییانە دەتوانن پێویستییەکانی ئەوان بەدەست بهێنن لە بوارەکانی کواڵیتی، کاتی گونجاو، و وەڵامدانەوەی کلینیکی.

**ڕەوانەکردن (احالة، Referrals) و بەردەوامیی خزمەتگوزاریی**

درێژە و بەردەوایی خزمەتگوزاریی پێویستی بەوەیە ڕەوانەکردنێکی کارا لە ئارادا بێت بۆ ناردن و هاتنەوەی نەخۆش بۆ ئاستی یەکەمی ئەو دەستگا خزمەتگوزارییە تەندروستییەی بەکاری هێناوە. ئەگەر ئەو دەزگایە یەکەمە نەتەوانێت خزمەتگوزارییە پێویستەکانی بۆ دابین بکات (بۆ نموونە، تەشخیسی پێشکەوتووی تایبەتمەند، خۆپارێزی، و خزمەتگوزاریی تەندروستی تایبەتمەند، بڕوانە شێوەی 2.14). (درێژە (بەردەوامی) ی خزمەتگوزاریی) مانای ئەوەیە کە بایەخپێدان و چارەسەری نەخۆش بریتی نییە لە ئەڵقەی لێک جیاواز و سەربەخۆ – پێویست ناکات نەخۆشەکە یان دابینکارەکە هەموو جارێک لە هەموو ئاستێکی خزمەتگوزارییدا یان لە سەردانی پسپۆڕاندا لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە. نابێت کەلێن ولێکدابڕان هەبێت لە خزمەتگوزارییدا لە ئەنجامی ونبوونی زانیاریی یان لە ئەنجامی نەبوونی پەیوەندیی لە نێوان دابینکارەکان. وەک لە ڕاپۆرتی 2008 ی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) هاتووە، پێویستە نەخۆشەکان "خاڵێکی دەستپێکی ڕێکوپێکیان هەبێت کە دەروازە بێت بۆ ناو سیستمی تەندروستی، بۆ ئەوەی بتوانرێت پەیوەندییەکی پڕمتمانە دروست بکرێت لە نێوان خەڵک و دابینکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستی" (WHO, 2008b, p. 42). بایەخپێدان و خزمەتگوزاری وەنەبێت لەناو ژووری ڕاوێژکردن دەست پێبکات و هەر لەوێ کۆتایی بێت. پەیڕەو کردنی "شێوازێکی سەقامگیر و پتەو بۆ بەڕێوەبردنی گرفتەکانی نەخۆش" تا ئەو کاتەی بە تەواوەتی گرفتەکە یەکلا دەکرێتەوە یان چاک دەکرێتەوە، بە شێوەیەکی ئێجگار بەرچاو دەبێتە مایەی چاکترکردنی دەرەنجامەکان. (بڕوانە خشتەی 5.3) (WHO, 2008b, p. 49).

بایەخپێدان و خزمەتگوزاریی کارا و چوست تەنێ پشت بە بەردەوامیی خزمەتگوزاریی گشتیی بنچینەیی نابەستێت، بەڵکو هەروەها پشت دەبەستێت بە بەڕێوەبردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان، تەندروستیی وەچە خستنەوە (دروستکردنی منداڵ)، تەندروستیی هزر (عەقڵ) ی، و تەندروستیی منداڵ. هەروەها، بۆ درێژەدان بە خزمەتگوزاری پێویستە هەر ئاستەنگێک لاببردرێت کە دێتە پێش نەخۆشەکان، وەک ڕێنمایی زێدەئاڵۆز، ڕاوێژی ناپێویست یان گران، و ئەو سیستمانەی ڕەوانەکردن کە بە زەحمەت کاریان لەگەڵ دەکرێت.

**(کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان) و (درێژەدان بە چاکترکردنی کواڵیتی)**

(ئینستیتوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەرمان، IOM) بەم شێوەیە پێناسەی (کواڵیتیی خزمەتگوزاریی تەندروستی، جودة الرعاية الصحية، health care quality) دەکات "کواڵیتی خزمەتگوزاری بریتییە لە پلەی زیاترکردنی ئەگەری دەرەنجامی تەندروستیی خواستراو بۆ تاکەکەس و دانیشتوان، و تەبا لەگەڵ مەعریفەی ئێستای پسپۆڕانە" (IOM, 1996, p. 47). (2001) IOM شەش خەسڵەتی خواستراو بۆ کواڵتیی خزمەتگوزاریی تەندروستیی دەستنیشان دەکات، و لە ڕاپۆرتێکی دوای ئەوەدا (2005) پێناسە و پێوەر و چالاکیی بۆ هەر یەکێک لەو شەش خەسڵەتە یان ئامانجە دەستنیشان دەکات:

- *سەلامەتیی:* زیان-نەگەیاندن بە نەخۆش لە کاتی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێت بە مەبەستیی چاککردنەوەیان
- *کارایی (الكفاءة، Effectiveness):* دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بە گوێرەی مەعریفەی زانستی (پشتئەستوور بە بەڵگە) بۆ هەموو ئەوانەی دەتوانن سوودی لێ وەربگرن، و خۆدوورخستنەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ئەوانەی پێناچێت سوودی لێ وەربگرن (کەمکردنەوەی زێدەڕۆیی یان کەمڕۆیی).

**خشتەی 5.3**
**ڕۆڵی درێژە (بەردوامی) ی خزمەتگوزاریی لە باشتر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی**

کەمترکردنەوەی سەرجەم ئەو حاڵەتانەی دەبنە هۆی مردن
باشتر دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی
کەمتر مانەوە (خەوتن) لە نەخۆشخانە
کەمتر ڕاوێژکردن لای پسپۆڕان
کەمتر بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی فریاکەوتن
باشتر دۆزینەوەی کاریگەرە پێچەوانەکانی چالاکیی پزیشکیی

سەرچاوە: لە (WHO, 2008b) وەرگیراوە

- *نەخۆش-وەک-تیشکۆ (Patient-centeredness):* (جەخت-خستنە سەر نەخۆش) دابینکردنی خزمەتگوزاریی بە گوێرەی پەسندکاری، پێداویستی، و بەهای نەخۆشەکە، و جەختکردنەوە لە ڕەچاوکردنی بەهاکانی نەخۆشەکە لە بڕیاری کلینکییدا.
- *کاتبەندی:* دوورکەوتنەوە لە چاوەڕوانی و هەندێک جار دواکەوتن (تەئخیربوون) ی زیانبەخش بۆ ئەوانەی خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێت و ئەوانەی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن.
- *چوستی (الکفاءة، Efficiency):* دوورکەوتنەوە لە بەفیڕۆدان، وەک بەفیڕۆدانی ئامێر، کەرەستە و کەلوپەل، بیرۆکە، و وزە
- *یەکسانی:* دابینکردنی خزمەتگوزاریی بە شێوەیەک کە کوالێتییەکی جیاواز نەبێت لەبەر خەسڵەتە کەسییەکان وەک جێندەر، نەتەوە، شوێنی جوگرافی، و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی.

(ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) باسی ئەوە دەکات توخمێکی تر، توخمی حەوتەم، کە ئێجگار پێویستە، دەبێت زیاد بکرێت بۆ ئەو شەش دانەیەی پێشو:

- *دەستپێگەیشتن (دابینکردن، Access):* خزمەتگوزاریی بۆ هەمووان بێت لە هەرێم، نەوەک تەنێ دەستگا بە شێوەیەکی گونجاو دابەش کرابێت لە ناوچەکان بەڵکو هەروەها دەستگاکان مەودای گونجاوی خزمەتگوزاریی پێشکەش بکەن، و خەڵک ئاگادار بن لەوەی ئەو خزمەتگوزارییانە بەردەستن، و بتوانن بگەنە ئەو دەستگایانە و لە بواری داراییەوە لە توانایاندا هەبێت بەکاریان بهێنن (WHO, 2008b).

هەر کاتێک بتوانرێت دەرەنجامەکان بپێورێن ("نەخۆشەکان چۆنن؟") وا پەسەندە پرۆسەکە بپێورێت ("چی کراوە؟")، بەڵام ئەمەی دووەم ئاسانترە. بەکردار، ئاسانترە پرۆسەی خزمەتگوزارییەکە بپێورێت و باشتر بکرێت، نەوەک دەرەنجامەکان. شایانی جەخت لێکردنەوەیە کە ڕاستەوخۆ بڕ (مقدار) ڕاقە ناکرێت بۆ کوالێتی. دەستگەیشتنی هەمووان بە خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی یەکسان، بابەتێکی پڕبایەخە، بەڵام دوایین خاڵی نموونەیی بریتی نییە لە دەستگەیشتنێکی یەکسانی هەمووان بە خزمەتگوزارییەک کە نەتوانێت دڵ ڕازی بکات، بەڵکو، لە لایەک خزمەتگوزارییەکە بۆ هەمووان دابین بکات، و لە لایەکی ترەوە خزمەتگوزارییەکی کوالێتی بەرز دابین بکات.

ئەو شەش چالاکییە دیاریکراوەی پەیوەستن بە چاکترکردنی کوالێتی و لەم چاپتەرەدا پێشنیار کراون تەبان لەگەڵ ئەم توخمانەی خزمەتگوزاریی کوالێتی-بەرز. هەروەها تەبان لەگەڵ چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی تر بە مەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی پێیان دەگوترێت (ئامانجەکانی گەشەسەندن بۆ هەزارەی سێهەم، MDG) کە لە ساڵی 2000 ڕێککەوتنی لەسەر کراوە (ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، 2000 ,[UNGA]). هەروەها، تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، وەک پلاندانان و هەنگاوی کۆنکریتی بەرەو تۆماری ئەلیکترۆنیی تەندروستی و گەیاندن لە ڕێی ئینتەرنێتەوە، بناغەیەکی پڕبایەخە بۆ چالاکییەکانی چاکترکردنی کوالێتی.

## هەندێک چالاکیی پێشنیارکراو بۆ چاکترکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی)

ئەو دەستپێشخەریانەی کەلەم بەشەدا پێشنیارکراون مەبەست لێیان بەهێزکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چاودێری تەندروستی سەرەتاییەلەهەرێمی کوردستان لەو بوارانەی کەلەسێ ئامانجەکەدا باسیان لێوەکرا:

- دابەشکردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی کارا
- ڕەوانەکردن (احالە) و درێژە (بەردەوامی) ی خزمەتگوزارییەکان بۆ نەخۆش لە سەرجەم ئاست و شوێنە جۆراوجۆرەکان، و بەدرێژایی کاتد
- چاکترکردنی کوالێتی بۆ ئەوەی خزمەتگوزارییەکان گشتگیر و هەمەلایەن، چوست، و کارا بن.

دەستپێشخەری و چالاکییەکان جۆراوجۆرن، هەیە درێژخایەنە و هەیە کورتخایەنە، هەروەها ئاستی چالاکی و سەرچاوە پێویستەکانیش جۆراوجۆرن. زۆربەیان یەکتری پتەوتر دەکەن و پێویستە لەم چوارچێوەیەدا کار بۆ جێبەجێکردنیان بکرێت. هەروەها، ڕەنگە نەتوانرێت سەرجەم ئەم پێشنیارییانە پێکەوە جێبەجێ بکرێن، پێویستە ئەولەوییەت دابڕێژرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو ئەرکەکان بە قۆناغ ئەنجام بدرێن.

خاڵێکی بنەڕەتی کە پێویستە لە بیرمان بێت ئەوەیە کە دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بریتییە لە سیستمێکی داینامیکی. بۆ ئەوەی سیستمەکە بەڕێوە بچێت پێویستە هەماهەنگی هەبێت لە نێوان چەندین بەشی کارلێکردوو – دەستگاکان، خزمەتگوزارییەکان، کارمەندان، و داتا. هەر گۆڕانکارییەک لە هەر توخمێک لەم توخمانە کار دەکاتە سەر چەند دانەیەکی تر. بۆیە، پێویستە چالاکی و دەستپێشخەرییەکانی ئەم چاپتەرە پێکەوە ڕەچاو بکرێن و لەژێر تیشکی چالاکییەکانی تری چاپتەرەکەدا کاریان لەسەر بکرێت. بۆ نموونە، وا پەسەندە کە ستانداردی بەرز و پرۆتۆکۆلی باشتر دابڕێژرێت بۆ خزمەتگوزارییەکان و دەستگاکان، پێویستە مەشقی گونجاو بە کارمەندان بکرێت و هانبدرێن پێشکەشی بکەن (وەک دواتر لە چاپتەری شەش باس کراوە). بە هەمان شێوە، چەندین چالاکی و دەستپێشخەری لەو چالاکییانە، وەک سیستمی ڕەوانەکردن کە لەم چاپتەرە باس کراوە، تا ڕادەیەکی زۆر پشت دەبەستێت بە سیستمە پەیوەندداره‌کانی داتا (بڕوانە چاپتەری حەوت)، چونکە بە بێ هەبوونی داتا ناکرێت کارگێڕان و دابینکارانی خزمەتگوزاری تەندروستی بزانن ئەو کارەی دەیکەن تا چەند باشە، بە تایبەتی ئەو شتانەی پێویستە چاکتر بکرێن، هەروەها، پێوەرێکی سەرەکی بۆ هەڵبژاردن و پەسند کردنی چالاکی جۆراوجۆر بریتی دەبێت لە پێشبینیی کردنی داواکاریی ئایندە لەسەر خزمەتگوزارییەکان.

**ئامانج 5.1: دابەشکردنی دەستگا و خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی بە شێوەیەکی چوست (کفؤ، Efficiently)**

ئامانج لە دابەشکردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی/چاودێریی یەکەمیی) بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی تەندروستی بنچینەیی کە هەمووان بتوانن دەستیان پێی بگات، هەمەلایەن و گشتگیر، و چوست بێت، و بە گوێرەی پێداویستییەکانی سەدەی بیست و یەکی خەڵکی کوردستان بێت. سیستمێکی دەستگا و خزمەتگوزاریی تۆکمەی ئەمبولاتۆری بریتییە لە بەردی بناغەی سەرجەم سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی. بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی باش و دابینکردنی خزمەتگوزاریی هەمەلایەن و گشتگیر خزمەتی چوستی حکومەت دەکات و پێویستییەکانی نەخۆشەکان جێبەجێ دەکات. خزمەتگوزارییەک کە نەخۆش بە تیشکۆ دابنێت بریتییە لە تاجی سیستمە هاوچەرخەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی – بە گوێرەی ڕاسپاردەکانی WHO و IOM، هەروەها بە گوێرەی ئەولەوییاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. بۆیە، پێویستە بە شێوەیەک خزمەتگوزارییەکان دابەش بکرێن و سەرچاوەکان تەرخان بکرێن کە بە باشترین شێوە خزمەتی زۆرینەی پێویستییەکانی نەخۆش بکەن. سەرەڕای ئەمەش، پێویستە سیستمەکە هێندە خۆگونجێن بێت تا بتوانێت ڕەنگدانەوەی بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە بێت و هاوکاتیش سەقامگیری و چوستی بەڕێوەبردنەکە بپارێزێت.

هەبوونی سیستمێک بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێریکردنی کارایی (فعالية، effectiveness) ی چاکسازییەکان دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ فێربوون و سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکان بەدرێژایی بە درێژایی پرۆسەی چاکترکردنی سیستمی تەندروستی. زۆر گرنگە فەرهەنگێک دابمەزرێندرێت کە تێیدا سوود و وانە لە "شکست و هەڵەکان"ی ئەدای سیستمەکە وەربگیرێت و بکرێن بە دەرفەتێک بۆ چاکترکردن، نەوەک بناغەیەک بۆ ڕێوشوێنی سزادان. هەندێک ئاستەنگ دێنە پێش خودی پرۆسەی گۆڕانەکە، دانانی ستاف و ئامێر و کەرەستە، و بەڕێوەبردنی دەستگا و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها لە بواری مەشقکردن بە دەستی کار. پێشنیاری ئەوە دەکەین ڕاپۆرتنووسین و سەرپەرشتیی وەک ئامرازێک بەکاربهێنرێت بۆ چاودێریی بەرەوپێشچوونی ئەم گۆڕانکارییانە، و پابەندێتی هەمووان بە ستاندارده نوێیەکانەوە. (سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی، MIS) دەبێتە مایەی پتەوترکردنی چاودێریی لەم جۆرە وەک لە چاپتەری حەوت باس کراوە. ئێمە پێشنیاری شەش دەستپێشخەری و چالاکیی دیاریکراو دەکەین بۆ چاکترکردنی دابەشکردنی دەستگا و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی (پێی دەگوترێت "SVC").

**خزمەتگوزاریی-1: پێناسەکردنی مەودای ئەو خزمەتگوزاریانەی کلینیکەکانی کەرتی گشتیی پێشکەشی دەکەن.**

مەودای خزمەتگوزارییەکان ئاماژەیە بەو خزمەتگوزارییانەی کە پێویستە لە دەستگایەک پێشکەش بکرێن. ئێمە لێرەدا ئاماژە بەو خزموتگوزارییانە دەکەین کە لە بنکەکانی تەندروستی و ئەو بەشانەی نەخۆشخانەکان پێشکەش دەکرێت کە نەخۆشەکان شەوی تێدا نابەنە سەر. زۆر گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە دابینکردنی چاودێریی سەرەتایی بۆ هاووڵاتیانی شوێنە دوورەکان هەمیشە گرانتر دەکەوێت بۆ هەر کەسێک بە بەراورد لەگەڵ شارەکان. ئەمەش ئاستەنگێکە، بەڵام نابێت هۆیەک بێت بۆ سڵکردن لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ ناوچە دوورەکان، ئەمەش ستانداردێکە بەردەوام (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) جەختی لێ دەکاتەوە.

هەندێک دەستگای (سیستمی چاودێریی سەرەتایی) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی بەرچاو لە خزمەتگوزاریی باو پێشکەش دەکەن (بڕوانە خوارەوە)، بەڵام ئەم خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی هاوچەشن و سەقامگیر پێشکەش ناکرێت لە سەرجەم دەستگاکان، و خزمەتگوزارییەکان چوونیەک نین لە ستانداردی بەرزدا. ئامانجی ئەم پێشنیارانە بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی دەستگا و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ دابەش بکرێن کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی بنکە تەندروستییەکان لە هەموو دەستگا گونجاوەکان وەک یەک پێشکەش بە هەمووان بکرێت، و کوالێتییان بەرز بێت. ئامانجەکە بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەک کە هەموو دانیشتوانی کوردستان دەستیان پێ بگات و کوالێتیەکەی بەرز بێت.

لای که‌می ستانداردی پێشنیارکراو بۆ (چاودێریی سه‌ره‌تایی) بریتین له‌:

- خزمه‌تگوزاریی خۆپارێزی و چاره‌سه‌ر (تیمار) ی بنچینه‌یی
  - هه‌ڵسه‌نگاندنی ته‌ندروستی و پۆلێنکردن و بڕیاردانیی بنچینه‌یی کلینیک
  - هه‌ڵسه‌نگاندن، به‌ڕێوه‌بردن، و خۆپارێزی له‌ نه‌خۆشییه‌ درێژخایه‌ن و گرفته‌ سه‌خته‌کانی ته‌ندروستی، و ده‌رمانی پێویست بۆ ئه‌م گرفتانه‌
  - چاودێریی سه‌ره‌تایی له‌دایکبوون، منداڵ، و هه‌رزه‌کاریی، بۆ نموونه‌:
    - چاودێریی گه‌شه‌ی منداڵ
    - کوتان
    - خوێیه‌کانی دژه‌-وشکبوونه‌وه‌ (وا په‌سه‌نده‌ دابینکارێکی مه‌شقدیته‌ له‌ جێگه‌که‌دا خزمه‌تگوزاریی پاکه‌تی خوێاوی دژه‌-وشکبوونه‌وه‌ پێشکه‌ش به‌ دایک و باوکان بکات بۆ ئه‌وه‌ی له‌ ماڵه‌وه‌ چاره‌سه‌ری ته‌واو پێشکه‌ش بکرێت
  - چاودێریی سه‌ره‌تایی به‌رایی (پێویسته‌ مه‌وداکه‌ی دیاری بکرێت، به‌ لای که‌مه‌وه‌ سه‌باره‌ت به‌ ئاستی ته‌کنیکاری پزیشکی فریاکه‌وتنی بنچینه‌یی (EMT-I) به‌ گوێره‌ی ستاندارده‌کانی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان یان ستاندارێکی هاوشێوه‌)
  - خوێندنه‌وه‌/چاودێریی فشار (په‌ستان) ی خوێن، کێش، و پله‌ی گه‌رما (بۆ ژنانی دووگیان و نه‌خۆشی فشاری خوێن)
  - ڕۆشنبیریی له‌سه‌ر خۆپارێزی و نه‌خۆشیی درێژخایه‌ن
- خزمه‌تگوزارییه‌ ته‌ندروستییه‌ کلینیکییه‌کان
  - خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستیی گشتیی بۆ گه‌وره‌ و منداڵ که‌ موماریسی گشتیی (GP) بتوانێت پێشکه‌شی بکات، وه‌ک خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستیی پیران (به‌ته‌مه‌ن) و عه‌قڵیی له‌ لایه‌ن ستافی مه‌شقدیته‌ی ده‌ستگاوه‌
  - خزمه‌تگوزاریی ڕۆتینیی کۆرپه‌له‌ و مامانێتی که‌ موماریسی گشتیی، په‌رستیار، یان مامان پێشکه‌شی بکه‌ن
  - خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستی دان (پێویسته‌ به‌ ئامێر و که‌ره‌سته‌ی گونجاوی بواری دانه‌)
  - خزمه‌تگوزاریی پشتگیریی: ڕێدیۆلۆجی، تاقیگه‌، و ده‌رمانگه‌
  - بووژاندنه‌وه‌ی دڵ
- خزمه‌تگوزاریی ته‌ندروستیی تایبه‌تمه‌ند یان پێشکه‌وتووی ئه‌مبولاتۆری (ambulatory)
  - خزمه‌تگوزاریی له‌ لایه‌ن موماریسی گشتی یان پسپۆڕی خزمه‌تگوزاریی (پزیشکیی خێزان، منداڵبوون/نه‌خۆشیی ژنان، پزیشکیی هه‌ناو، و منداڵان)، وه‌ک به‌ڕێوه‌بردنی حاڵه‌تی ئاڵۆزی درێژخایه‌ن
  - ددانسازیی پێشکه‌وتوو
  - چاودێریی (نه‌خشه‌ی کاره‌بایی دڵ)
  - ته‌شخیسی تری ئاڵۆز/پێشکه‌وتوو، به‌ گوێره‌ی پێداویستبوونی گونجاو له‌گه‌ڵ ته‌کنه‌لۆجیای گونجاو بۆ جۆری ج له‌ بنکه‌ی ته‌ندروستی له‌ قه‌زا یان پارێزگا و شارۆچکه‌کان (وه‌ک سه‌روو-ده‌نگ، هه‌ندێک جۆری پشکنینی نمونه‌یی –عینة-، و تاقیکردنه‌وه‌ی سترێس –شه‌که‌تیی-).

ده‌توانرێت هه‌ندێک جۆری *(خزمه‌تگوزاریی پێش له‌دایکبوونی منداڵ)* به‌ شێوه‌یه‌کی به‌رچاو به‌رفراوان بکرێت زیاتر له‌و خزمه‌تگوزارییه‌ی ئێستا هه‌یه‌. بۆ نموونه‌، چاودێریی ئاسایی دووگیانی (بۆ نموونه‌، خوێندنه‌وه‌ی کێش، فشاری خوێن) ده‌توانرێت له‌و بنکه‌ ته‌ندروستییه‌ لاوه‌کیی و له‌و بنکه‌ ته‌ندروستییه‌ سه‌ره‌کییانه‌ بکرێت که‌ دکتۆری تایبه‌تمه‌ندیان نییه‌. ئه‌مه‌ زیادکردنێکی گرنگه‌ بۆ خزمه‌تگوزارییه‌ ته‌ندروستییه‌ بنچینه‌ییه‌کان و هاوکاری حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان ده‌کات بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئامانجی پێنجه‌م له‌ (ئامانجه‌کانی هه‌زاره‌ی سێهه‌م) – چاکترکردنی ته‌ندروستیی دایکایه‌تی. پێشکه‌شکردنی خزمه‌تگوزاریی پێش منداڵبوونی ئاسایی و پێشکه‌شکردنی له‌ لایه‌ن که‌سێکی شاره‌زاوه‌ له‌ بواری منداڵبوون ده‌بێته‌ مایه‌ی چاکترکردنی مانه‌وه‌ و ژیانی دایک و منداڵ به‌ شێوه‌یه‌کی ئێجگار زۆر. له‌ ئێستادا ئه‌م خزمه‌تگوزارییه‌ ته‌نێ له‌ چه‌ند بنکه‌یه‌کی ته‌ندروستی هه‌یه‌، و ته‌نێ له‌ لایه‌ن دکتۆری تایبه‌تمه‌نده‌وه‌ پێشکه‌ش ده‌کرێت (زۆربه‌ی جار دکتۆری ئافره‌ت). به‌ گوێره‌ی ڕاپۆرتی (ڕێکخراوی ته‌ندروستیی جیهانیی)، له‌ لوبنان، لیبیا، و ئوردن زیاتر له‌ 95 له‌ سه‌تی ژنانی سکپڕ ده‌خرێنه‌ ژێر سه‌رپه‌رشتیی شاره‌زاوه‌، و 95 له‌ سه‌تی حاڵه‌ته‌کانی منداڵبوون به‌ سه‌رپه‌رشتی کارمه‌ندێکی مه‌شقدیته‌ ئه‌نجام ده‌درێت. (ڕێکخراوی ته‌ندروستیی جیهانیی) به‌ جددی پشتگیری له‌ دابینکردنی خزمه‌تگوزاریی شاره‌زا ده‌کات له‌ کاتی منداڵبووندا. ئامانجی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان بریتییه‌ له‌ جه‌ختکردنه‌وه‌ له‌وه‌ی هه‌موو ژنێکی دووگیان ده‌ستی بگات به‌ خزمه‌تگوزاریی باش پێش له‌داکیبوونی منداڵ و ئه‌م خزمه‌تگوزارییه‌ی بۆ دابین بکرێت، و سه‌رجه‌م حاڵه‌ته‌کانی منداڵبوون به‌ سه‌رپه‌رشتیی کارمه‌ندێکی شاره‌زا ڕووبدات.


زۆربه‌ی *نه‌خۆشییه‌ درێژخایه‌نه‌کان* پێویستیان به‌ چاودێریی دکتۆره‌، له‌ لایه‌ن موماریسی گشتیی بنکه‌ی ته‌ندروستییه‌وه‌ بێت یان له‌ لایه‌ن پسپۆڕێکه‌وه‌ له‌ بنکه‌ی سه‌ره‌کیی ته‌ندروستیی، یان له‌ بنکه‌ی ڕه‌وانه‌کردن، به‌ گوێره‌ی ئاڵۆزیی حاڵه‌ته‌که‌.

ئامانجی پێشنیارکراو بریتییە لەوەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵگەیی لە ئارادا بێت لە زۆربەی ئاستە خۆجێیەکاندا. بۆ نموونە، دەتوانرێت لە لقێکی بنکەی تەندروستییە خۆجێیەکان چاودێری پەستانی خوێنی ئەو نەخۆشانە بکرێت ڕەوشیان سەقامگیرە، و ناوبەناویش سەردانی موماریسی گشتیی بکەن لە بنکەی سەرەکیی تەندروستی لە ناوچەکەیان. لە بەرامبەردا، ئەو نەخۆشانەی فشاری خوێنیان هەیە بەڵام بە زەحمەت کۆنترۆڵی پەستانەکە دەکرێت پێویستە بەردەوام سەردانی پسپۆڕ بکەن لە بنکەی تەندروستیی سەرەکی یان لە بنکەی ڕەوانەکردن. ئەوەی خوارەوە بریتییە لە پرۆتۆکۆڵەکانی بەڕێوەبردنی کلینیک (بڕوانە بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی-1، ئامانجی 5.3). بە گوێرەی داتای بەردەست لەسەر حاڵەتەکانی مردن، ئەو نەخۆشییە درێژخایەنانەی پێویستە بە پەلە جەختیان بخرێتە سەر لە دوو ساڵی داهاتوودا بریتییە لە پەستان (فشار)، کەمبوونی خڕۆکەسوورەکانی خوێن، شەکرە، و، لەسەر ئاستی جیهانییش، هەناسەتەنگی.

**خزمەتگوزاریی -2: ڕێکخستنی سیستمی نوێ و ئەو سیستمەی کە هەیە لەگەڵ دەستگا نوێیەکانی (چاودێریی سەرەتایی) لە سیستمێکدا کە سێ توێژ (ئاست) بێت لەگەڵ هەندێک ستانداردی دابینکردن.** زۆر گرنگ دەبێت جەخت بکرێتەوە لەوەی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستیی بنچینەیی بە شێوەیەکی ئەوتۆ دابەش بکرێت کە بگاتە هەرە توخمی دەرەکیی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی و هاووڵاتیان. ئەو سیستمەی ئێستا لە ئارادایە بە شێوەیەکی نموونەیی چوست، بەرپرسیار، یان سەقامگیر نییە. هەروەها،ڕوون نییە ئاخۆ یاسای کارپێکراو، کە باسی جۆری جیاوازی دەستگای تەندروستی و پێوەری داپۆشینی خزمەتگوزارییەکە دەکات، پیادە دەکرێت. ئەمانەی خوارەوە بریتین لە هەندێک ڕاسپاردە.

- پێویستە سیستمە جەوهەرییەکە لەسەر سێ جۆری سەرەکیی دەستگای نەخۆشی دەرەوە دابمەزرێت (بڕوانە شێوەی 5.5)
  - بنکەی تەندروستی (یان لقی بنکەی سەرەکی/مستەوسەف) ی تەندروستیی (بنکەی تەندروستی جۆری د): بۆ خزمەتی گوندەکان.
  - مەڵبەندی تەندروستی (یان بنکەی سەرەکی) ی تەندروستیی (بنکەی تەندروستی جۆری أ): بۆ خزمەتی ناحیەکان، یان شارۆچکەکان
  - بنکەی ڕەوانەکردن (بنکەی تەندروستیی جۆری ب و ج): شارە گەورەکان، بە گشتیی شارۆچکەکان و قەزای پارێزگاکان.


**شێوەی 5.5**
**سترەکچەری تۆڕبەندیی سێ ئاست بۆ دەستگاکانی چاودێریی سەرەتایی**




RAND *MG1148-5.5*

- پێداچوونەوە بە شێوازی دابەشبوونی ئێستای دانیشتوان (قەبارە، شوێن، و چڕیی) و ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوان
- جەردی شوێن، ئەو دانیشتوانەی خزمەت دەکرێن، و خەسڵەتیی فیزیایی بیناکانی سەرجەم کلینیکەکانی کەرتی گشتیی لەناو هەر پارێزگایەک.
  – پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان (سیستمی زانیاریی جوگرافی، GIS) بەکاربهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی:- شوێن و ئەو دانیشتوانانەی خزمەت دەکرێن لە هەر دەستگایەکی بنکەی تەندروستیی بنچینەیی، و خەسڵەتە سەرەکییەکانی هەر دەستگایەک، وەک قەبارە و کارمەندان (شێوەی 5.6 بریتییە لە نموونەیەکی هێڵکاری لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سیستمی زانیاریی جوگرافی بۆ ئەم مەبەستە).
  – چاودێریی (سیستمی زانیاریی جوگرافی) ی چاودێری داینامیکی دانیشتوان و شوێنی دەستگاکان لەگەڵ کاتدا ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەردەوامیی پرۆسەی بەڕێوەبردنی دابەشکردنی دەستگاکان، وەک بەرزکردنەوەی ئاستی دەستگاکان (یان نزم کردنەوەیان) لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر.
- پێداچوونەوەی پێداویستییە پێشبینیکراوەکانی دەستگاکان بۆ پێنج ساڵی تر (بڕوانە چاپتەری سێ).
- دانانی ستانداردی هەڵسەنگاندن لەناو پلانی دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. ڕادەی دەستپێگەیشتن (ئاستی بەردەستێتی، access) ی خزمەتگوزارییەکان بە دوو شێوە دەپێورێت:- یان بە گوێرەی ئەو کاتە دیاری دەکرێت کە نەخۆشێک پێی دەچێت تا دەگاتە دەستگاکە، یاخود بە گوێرەی دوورییەکە. پێویستە ستانداردەکان ئەو پێوەرانە ڕەچاو بکەن کە لە یاساکەدا هاتووە، وەک ڕەچاوکردنی قەبارە و شوێنی ئەو دانیشتوانەی خزمەت دەکرێن و دووریی نزیکترین بنکە. ستانداردەکانی دەستپێگەیشتن (بەردەستێتی) بە گوێرەی جۆری دەستگاکان بریتین لە:
  – *لق/بنکەی لاوەکیی تەندروستی* (جۆری د) – لق یان بنکەی لاوەکیی تەندروستی (مستەوسەف) بە گشتیی خزمەتی یەک لادێ یان زیاتر دەکات، و پێویستە دوورییەکەی گونجاو بێت ( بۆ نموونە، 30 خولەک لە سەرجەم بنکەکانی دانیشتوانێکی 50 کەسییەوە، و 60 خولەک بۆ هەر کەسێکی ناوچەکە). پلانی گەشەپێدانی نیشتمانیی عێراق باسی ئەوە دەکات یەک لق/بنکەی لاوەکیی خزمەتی تا 5000 کەس دەکات.
  – *مەڵبەندی تەندروستی (بنکەی سەرەکیی تەندروستی)* (جۆری أ) – بنکەی سەرەکیی تەندروستی جۆری أ بە گشتیی خزمەتی شارۆچکەیەک دەکات (ئاستی ناحیە) و پێویستە دوورییەکی گونجاو بێت (بۆ نموونە، 60-90 خولەک بۆ هەر کەسێکی ناوچەکە). ستانداردی نیشتمانیی عێراق باسی ئەوە دەکات مەڵبەندی تەندروستی (بنکەی سەرەکیی تەندروستی) خزمەتی تا 10000 کەس دەکات.

**شێوەی 5-6**
**نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاریی جوگرافی) ی بنکە تەندروستییەکان و لقەکانی لە پارێزگای هەولێر**




RAND *MG1148-5.6*

– *بنکەی ڕەوانەکردن* (احالة، Referral) – بنکەی ڕەوانەکردن (جۆری ب یان ج) بە گشتیی دەکەوێتە ناحیە یان قەزای پارێزگاکان (بۆ نموونە بنکەی نەخۆشخانەی نەخۆشی دەرەوە لە قەزا) و پێویستە دوورییەکەی گونجاو بێت هەمووان لەو ناوچەیە (قەزایە) بتوانن دەستیان بگاتێ.

– پێویستە ستانداری دەستپێگەیشتن دابنرێت بۆ دەستگا تایبەتییەکان، وەک بنکە و نەخۆشخانەی 24/12 کاتژمێر.

• هەڵسەنگاندنی پێداویستییە پێشبینیکراوەکان و دەستگاکانی ئێستا بۆ داڕشتنی پلانێکی دابەشکردنەوە لەناو هەر پارێزگایەک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پارێزگاکان یان بۆ کەمترکردنەوە، زیاد کردنی ژمارەی دەستگاکان یان کەمکردنەوە، بە گوێرەی پێویست، بۆ ئەوەی تەبا بن لەگەڵ ستانداردی ناو یاساکە.

– بەکارهێنانی نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاری جوگرافتی) بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ پێویستە هەندێک دەستگای جۆرێکی دیاریکراو ئاوێتە بکرێن بۆ خزمەتکردنی دانیشتوانی شوێنێکی دیاریکراو، بە گوێرەی ستانداردەکانی دەست پێگەیشتن.

– ڕەچاوکردنی بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکانی هەندێک دەستگا ئەگەر ژمارەیەکی زۆر خەڵک ناچار بن دوورییەکی زۆر ببڕن کە زیاتر بێت لەوەی لە ستانداردەکانی دەست پێگەیشتن دەستنیشان کراوە. دەتوانرێت ئەمانەی خوارەوە لەناو ستراتیجەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی دەستگاکان دابنرێت:

- دابینکاری زیاتر و/یان درێژکردنەوەی ماوەی دەوام
- خزمەتگوزاریی زیاتر لە ئاستی لای کەم بۆ ئەو جۆرە دەستگایە
- کەمکردنەوەی نرخی هاتووچۆ و/یان تەرخانکردنی هۆی گواستنەوە بۆ دەستگای ئاست بەرزتر لەو دەستگایە
- شوێنی مانەوەی شەوانە یان مانەوەی تر لە بنکە تەندروستییە گەورەکان (ئەگەر پێویست بێت)

– ڕەچاوکردنی بەدیل بۆ دکتۆری تایبەتمەند لە کاتی دابەشکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی پێش لەدایکبوونی منداڵ و کاتی لەدایکبوونی منداڵ.

- لە بنکە لاوەکییەکان، دەتوانرێت چاودێریی فشاری خوێن و کێش بکرێت، هەروەها دەتوانرێت لە بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (مەڵبەندەکان) چاودێریی تری کلینکی ئەنجام بدرێت لە لایەن دکتۆری موماریسی گشتیی، مامان، پەرستیار، یان کارمەندی تری کارزان.
- پیادەکردنی نەریتە فەرهەنگییەکان، ڕەنگە وا پێویست بێت دابینکارەکە ئافرەت (مێینە) بێت، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت ئاخۆ نێرینەیەکی مەشقدیتەی کارمەندی خزمەتگوزاریی تەندروستی پەسەند دەبێت.
- پێویستە تەنێ حاڵەتە ئاڵۆزەکان لە لایەن دکتۆری تایبەتمەندەوە کاری لەسەر بکرێت لە ئاستی شارۆچکە (قەزا) یان پارێزگا.
- پێویستە ستانداردەکان ئەوە دەستنیشان بکەن کە پێویستە ئەو ژنە دووگیانانەی لە لقی بنکە تەندروستییەکان دەپشکنرێن ڕەوانە بکرێن بۆ (مەڵبەند، بنکەی سەرەکی) ی تەندروستی یان ناوچەی کۆکردنەوە بۆ خزمەتگوزاریی زیاتر یان ئاڵۆزتری حاڵەتی پێش منداڵبوون.
- یەکەی گواستراوە (بزواو، متنقل) یش بەدیلێکی ترە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئاسایی پێش لەدایکبوونی (کۆرپەلە) بۆ هەندێک ناوچە
- پێویستە هۆی گواستنەوە و گەیاندنی گونجاو دابین بکرێت بۆ کارمەندی شارەزا لە بواری منداڵبوون بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا بگەنە ئەو ژنانەی منداڵیان دەبێت (بۆ نموونە، دوو کاتژمێر یان کەمتر)

– خزمەتگوزاریی بزواو (متنقل) (وەک دان، کۆکردنەوەی نمونەی تاقیگە، و تاقیکردنەوە لە مەیدان، سەردانی تایبەتمەندەکان، خزمەتگوزاریی پێش منداڵبوون و تەندروستیی دایکان، و خزمەتگوزاریی نەخۆشیی درێژخایەن) ڕەچاو بکرێت لە جیاتی دەستگای چەسپاو، یان دابین بکرێت سەرەڕای دەستگای چەسپاو، لە هەندێک ناوچەدا، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و ناوبەناو و وەک پێویست دابین بکرێت (بۆ نموونە، هەموو 1-4 هەفتەیەک)

• داڕشتنی وەسفی بەرپرسیارێتییەکانی بەڕێوەبردن و پەیوەندیی خزمەتگوزاریی لە نێوان لقەکانی بنکە تەندروستییەکان، بنکە سەرەکییەکان، و بنکەکانی ڕەوانەکردنی ناوچەیەکی کۆکردنەوە، وەک ڕێوشوێنی ڕەوانەکردن (بڕوانە بەشی "ڕەوانەکردن" لە خوارەوە).

پەرسیارەسەرەکیەکان دەربارەی گونجانی ئەو ئاستەن کەتیایدا دەسەڵات پێویستەلامەرکەزی بێت بۆ دەزگاکانی تەندروستی یاخود ئاستی قەزایی و سروشتی پەیوەندی نێوان دەزگاکان لەسەر ئاستەجیاوازەکانی نێو ناوچەیەکی کۆکردنەوەی دیاریکراودا. بە گوێرەی هەلومەرجی ناوچەکە و بڕیارەکانی بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاستی پارێزگاکان، دەکرێت پێکهاتەی بەڕێوەبردنەکەشێوازێکی ئۆتۆنۆمی خۆجێی گرنگی هەبێت.

- بەرپرسی پزیشکیی لە ئاستی قەزا (DMO, District Medical Officer)، کە لە نەخۆشخانەی قەزا یان لە بنکەی ڕەوانەکردن دەبێت، بەرپرسیارێتییەکی کارگێڕیی ڕوونی لەسەر شانە لە بەرامبەر سەرجەم دەستگاکانی ناو قەزاکە، وەک لقەکانی بنکە تەندروستییەکان، بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان، و نەخۆشخانەی قەزا.
- دەتوانرێت بنکەکانی ڕەوانەکردن ببەسترێنەوە و تۆڕبەند بکرێن لەگەڵ بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان و لقەکان لە سەرتاسەری قەزاکە (لە ناوچەکانی کۆکردنەوە لە ئاستی ناحیە و گوندەکان)

بە سوود وەرگرتن لە دوایین مومارەسە نموونەییەکان، هەرە داهێنانی سەرەکی ئەوەیە کە "پێکەوە گرێدراو/ تۆڕبەند" واتە ئاستی سەرەوە سەرچاوەیەکی ڕەوانەکردن دابین دەکات، هەروەها ڕەنگە مەشق و پشتگیری و چارەسەرکردنی گرفت دابین بکات، بۆ ئەو دەستگایانەی پێوەی بەستراوەتەوە.

- ڕاستییەکەی، جۆری ب لە بنکە سەرەکییەکانیش هەڵبژاردەن چونکە سەرەڕای خزمەتگوزاری، هەروەها مەشقیش پێشکەش دەکەن.
- بنکەکانی ڕەوانەکردن تەنێ خزمەتگوزاریی تایبەتمەند دابین ناکەن بەڵکو هەروەها دەتوانن بناغەیەکی تر بن بۆ مەشقکردن بە کارمەندان و وەک چارەسەرکەرێکی گیروگرفت و پشتیوانێک بن بۆ لقەکانی بنکەکان و جۆری أ لە بنکە سەرەکییەکان.
- ڕوون نییە ئاخۆ ستافی بنکەی سەرەکی تەندروستی ڕۆڵێکی یەکسان دەگێڕن لە دابینکردنی پشتگیری بۆ لقەکانی بنکەکان (بنکە لاوەکییەکان) لە ناوچەکانی کۆکردنەوە یان ئاخۆ لقەکان/لاوەکییەکان و بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان وەک یەک دەخرێنە ژێر سەرپەرشتی و وەک یەک ڕاستەوخۆ پشتگیرییان لێ دەکرێت لە لایەن بەرپرسی پزیشکیی قەزاوە. بەڵام، ئەو شێوازەی کە تێیدا هەر ئاستێک پشتگیری پێشکەشی ئاستەکەی خوار خۆی دەکات زۆر سەرکەوتوو بووە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە 30 ساڵی ڕابردوودا (WHO, 2008b).
- پێویستە سترەکچەری کارگێڕیی تاقی بکرێتەوە (لە چەند بوارێکدا) و بگونجێندرێت بۆ ئەوەی بە گوێرەی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی کار بکات لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

شێوازەکانی پیادەکردنی سترەکچەری سەرەکی لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر جیاوازە، تەنانەت لە قەزایەکەوە بۆ قەزایەکی تر جیاوازە. پێویستە ئامانجەکە بریتی بێت لەوەی تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاستی خۆجێیدا خۆگونجێن بێت و هاوکات بەڕێوەبردنێکی سەقامگیر، چوست و بەرپرسیار بێت. هەندێک ئاستەنگ هەیە لە پێش دروستکردنی سترەکچەری ستانداردی کارگێڕی چونکە ئاڵۆزییەک هەیە لە نێوان سەربەخۆیی بەڕێوەبەرە خۆجێیەکان و تەبایی تەواوی سیستمەکە. ڕەنگە بەڕێوەبەرە خۆجێیەکان دژی گۆڕانکاری بوەستنەوە لە پێگەکەیان و لەو شێوازانەی کە لێی ڕاهاتوون.

پێدانی سەربەخۆیی بە بەڕێوەبەرانی خۆجێی بۆ داهێنان ڕەنگە زۆر سوودی هەبێت، بەڵام داهێنان پەیوەستە بە مسائەلە و چوستییەوە. بۆ نموونە، ئەو سەربەخۆییەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان هەیانە لە پارێزگاکان بووە مایەی چەندین داهێنان لە هەر پارێزگایەک.

نموونەیەکی تر، لە دەرەوەی ناوچەکە، بریتییە لە بەرنامەی "گەشەسەندنی نموونەی مەیدان"ی تایلاند، کە سەربەخۆیی دابوو بە کارمەندانی تەندروستی لە مەیدان کە داهێنان بکەن و شێوازی نوێ بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندورستی تاقی بکەنەوە بە گوێرەی چەند ڕەهەندێک. ئەمەش بواری بۆ ڕەخساندن خزمەتگوزارییەکە لەگەڵ بارودۆخی خۆجێی بگونجێنن، بەڵام هاوکات وا پێویست بوو داهێنانەکان بە گوێرەی چەند ئامانجێکی ئەدا بێت و دەخرایە ژێر پێداچوونەوەوە و دەخرایە دوو توێی پلانە کارگێڕییەکانی ئاستی قەزاکەوە. ئەنجامەکانیش بریتی بوون لە داهێنانی گەورە و خۆگونجاندن لەگەڵ پێداویستییە خۆجێیەکان کە ئەمانیش تەبا بوون لەگەڵ ئامانجەکانی سیستمی تەندروستی و پلانی کارگێڕی (وەزارەتی تەندروستیی تایلاند، 2001).

### خزمەتگوزاریی-3: داڕشتنی پلانێک بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی بە گوێرەی ستانداردی گونجاو بۆ هەر جۆرە دەستگایەک


- دەستنیشانکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە هەر جۆرێک لە دەستگاکان پێشکەش دەکرێن، و هەر خۆگونجاندنێکی ڕێگە پێدراو لە سەرجەم پارێزگاکان. نموونەکان بریتین لە:
  - خزمەتگوزاریی خۆپارێزی و چارەسەر (تیمار) ی بنچینەیی، وەک لە سەرەوە باس کراوە، لە لایەن لقەکانی بنکە تەندروستییەکانەوە پێشکەش دەکرێت (جۆری د) و بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (جۆرەکانی أ، ب، و ج)
  - خزمەتگوزاریی گشتیی پزیشکیی، دان، تیشک، و تاقیگە لە لایەن بنکە سەرەکییەکانی تەندرستییەوە پێشکەش دەکرێت (جۆرەکانی أ، ب، ج)
  - خزمەتگوزاریی تایبەتمەندی پزیشکی، دان، تاقیگە، و خۆپارێزیی لە بنکەکانی ڕەوانەکردن (جۆری ب، و ج)
- دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی کارمەندان بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە. پێویستە سترەکچەری کارمەندان بەستریتەوە بە تۆڕی سێ توێژیی دەستگاکانی ئەمبولاتۆری وەک لە سەرەوە باس کراوە (واتە، لقەکانی بنکە تەندروستییەکان، بنکە سەرەکییەکان، و بنکەکانی ڕەوانەکردن). پێویستە ستانداردی وەسفی وەزیفی و شایستەیی دابرێژرێت بۆ هەر جۆرە ستافێک لە هەر ئاستێکی خزمەتگوزارییدا (بۆ کارزانییەکان و بۆ ئەدا –الأداء)، وەک لە چاپتەری شەشدا وەسف کراوە.
  - پێویستە لە دانانی ستاف بۆ لقەکانی بنکە تەندروستییەکان یەک پەرستیاری مەشقدیتەی ئاستی 3 لەخۆ بگرێت لەگەڵ بە لای کەمەوە یەک یاریدەدەری پزیشکی کە خوێندن و مەشقی پێویستی بینی بێت (تەبا لەگەڵ خوێندن و مەشقی ئێستای ئەم ئاستە لە کوردستان). بە شێوەیەکی نموونەیی، ئەم جۆرە ستافە خەڵکی ئەو ناوچەیە دەبن، لە لایەن کۆمەڵگەی خۆجێیەوە بۆ خوێندن و مەشق دەپاڵێورێن، و دواجار کۆمەڵگە ڕەزامەندییان لەسەر دەدات. پێویستە خوێندنەکە ئامادەیان بکات بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی خۆپارێزی و فریاکەوتنی سەرەتایی سادە.
  - پێویستە ستافی بنکەی تەندروستی سەرەکیی جۆری أ بە لای کەمەوە بریتی بێت لە یەک دکتۆری موماریسی گشتیی (زۆربەی جار دکتۆرێکی نوێی بە نۆرە)، بە لای کەمەوە یەک پەرستیاری مەشقدیتەی ئاستی 2 یان 3، مامانێکی مەشقدیتە، دانسازێک، دەرمانسازێک، تەکنیکارێکی تاقیگە و تیشک، و چەند یاریدەدەرێکی پزیشکی و دان. پێویستە لە بەکارهێنانی موماریسی گشتییدا وەک بەڕێوەبەری کلینیک لە هەندێک دەستگا، کە زۆربەی جار بریتییە لە دکتۆرێکی نوێ کە بە نۆرە بەشداری دەکەن، خاڵە ئەرێنی و خاڵە نەرێنییەکان ڕەچاو بکرێن. بۆ نموونە، ڕەنگە یەک تاکە موماریسی گشتی ڕووبەڕووی ئاستەنگی فەرهەنگیی بواری جێندەر ببێتەوە، هەروەها پێویستە موماریسە گشتییەکە مەشق لەسەر بەڕێوەبردن ببینێت پێش بینینی ئەم ئەرکە ئەگەر بەڕێوەبردنی کلینیکەکە یەکێک بێت لە بەرپرسیارێتییەکانی.
  - پێویستە ستافی بنکەی ڕەوانەکردنی جۆری ب و ج یەک یان زیاتر موماریسی گشتیی لێ بێت، دکتۆرێکی پسپۆڕ (تایبەتمەند، وەک منداڵبوون/نەخۆشیەکانی ئافرەتان، پزیشکیی هەناو، و دکتۆری منداڵان)، چەند دانسازێک (بە لای کەمەوە یەک دکتۆری دان)، پەرستیاری زیاتر (بە لای کەمەوە یەکێکیان پەرستیاری ئاستی 1 یان 2 بێت)، فێرکاریی تەرخانکراو بۆ ڕۆشنبیریی تەندروستیی (ئامۆژگار)، و ڕەنگە هەروەها ستافی (بەرپرسی پزیشکیی قەزا) و کارگێڕیی قەزا) (مەگەر ئۆفیسی پزیشکیی قەزا لە شوێنێکی جیاواز بێت).
- دەستنیشانکردنی کەلوپەل و ئامێری پێویست بۆ دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە و ڕێوشوێنی ستانداردی کڕینی ئامێر و کەرەستە، مەشق لەسەر ئامێرەکان، و چاککردنەوە و صیانەیان.
  - هەندێک بنکەی تەندروستی زۆر بە باشی ئامێر و کەرەستەیان بۆ دابین کراوە. بەڵام لە هەندێک شوێن، پێویستە ئامێر و کەلوپەلی تر دابین بکرێت بۆ بنکەکان، وەک یەکەی تیشکی ئێکس بۆ ئەو شوێنانەی دکتۆری دانی لێیە. ئامانجەکە بریتییە لەوەی هەر دەستگایەکی ئاستێکی دیاریکراو وەک پێویست ستاف و ئامێری هەبێت کە بتوانێت خزمەتگوزارییەکانی ئاستەکە دابین بکات بە گوێرەی ستانداردەکانی خزمەتگوزاریی.
- ڕووپێوی سەرجەم ئامێر و خزمەتگوزارییەکان لە هەموو کلینکەکانی کەرتی گشتیی هەر پارێزگایەک بکرێت (بە بەکارهێنانی (سیستمی زانیاریی جوگرافی) بۆ هەڵسەنگاندنی بەرایی و بەدواداچوونی چاودێری).

– حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت (سیستمی زانیاری جوگرافی) بەکاربهێنێت نەوەک تەنێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شوێن و دانیشتوانانەی خزمەت دەکرێن لە لایەن دەستگاکانی بنکە تەندروستییە بنچینەییەکانەوە، بەڵکو هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی خەسڵەتە سەرەکییەکانی ئەم دەستگایانەش، وەک ژمارەی ژوورەکان، کارمەندان، ئەو خزمەتگوزارییانەی ئێستا دابین دەکرێن، و ئامێرەکان (بڕوانە شێوەی 5.7، 5.8، و 5.9 وەک نموونەی هێڵکاری بۆ نەخشەکێشانی سیستمی زانیاریی جوگرافی بۆ ئەم مەبەستە لە پارێزگاری هەولێر).

• هەڵسەنگاندنی پێداویستییە پێشبینیکراوەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی ئێستا دابین دەکرێن بۆ داڕشتنی پلانێک کە بۆشایی و کەلێنەکانی خزمەتگوزارییەکان چارەسەر بکات لە دوو ساڵی داهاتوودا. پێویستە ئەولەوییەت دابنرێت

**شێوەی 5.7**


**نەخشەکێشانی (سیستمی زانیاریی جوگرافی) بۆ خزمەتگوزاریی کوتان لە بنکە تەندروستییەکان**




RAND *MG1148-5.7*


**شێوەی 5.8**

**نەخشەی (سیستمی زانیاریی جوگرافی) بۆ خزمەتگوزارییەکانی دان لە بنکە تەنروستییەکانی هەولێر**




RAND *MG1148-5.8*

**شێوەی 5.9**
**نەخشەکێشانی سیستمی زانیاری جوگرافی بۆ دابەشبوونی تاقیگەکان لە هەولێر**




RAND *MG1148-5.9*

بۆ شوێنەکان، دەستگاکان، ئاستە دیاریکراوەکانی خزمەتگوزاریی، یان فاکتەری تری گرنگ بۆ بەڕێوەبەرانی تەندروستی.

**خزمەتگوزاریی-4: بەرفراوانکردنی گەیاندن و کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان لە ڕێی تێلیمیدسنەوە (پزیشکایەتی لە دوورەوە).** توخمێکی بنچینەیی سەرپەرشتی و چارەسەرکردنی گرفت بریتییە لە گەیاندن (اتصالات، telecom munications) ی باش. گەیاندن بوار بۆ کارمەندانی تەندروستی دەڕەخسێنێت لە شوێنەکە و دەستبەجێ کار لەسەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی نەخۆش بکەن، بە بێ دواکەوتن (تەئخیربوون) بە هۆی گەیاندن یان گواستنەوە. سەرپەرشتی لە ڕێی گەیاندنەوە، یاخود وەک پێی دەگوترێت تێلیمیدیسن، لە چەندین ناوچەی مەینەتباری جیهاندا سەرکەوتوو بووە، لە ئالاسکاوە تا فیجی (Bice et al., 1996). بەڵام ئەمە چالاکییەکی درێژخایەنە. بۆ ماوەی کورتخایەن، چالاکییە پێشنیاکراوەکان بریتین لە:

- داڕشتنی پلانێک و تاقیکردنەوەیەکی بەرایی بۆ تێلمیدیسنی گونجاو بۆ جۆرەکانی ب و ج، و هەروەها جۆری أ، بۆ نموونە، بە لای کەمەوە بۆ یەک دەستگا لە هەر جۆرێک لە جۆرەکان لە هەر پارێزگایەک.

**خزمەتگوزاریی-5: بەرفراوانکردنی چالاکییەکانی خوێندن و پەروەردەی تەندروستی لە کلینک و قوتابخانەکان.** دەتوانرێت کار بکرێت لەسەر بەرفراوانکردنی بەرچاوی چالاکییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی، کەمکردنەوەی مەترسی، و پزیشکایەتیی خۆپارێزی لە سیستمی تەندروستیی بنچینەیی دووتوێی ئامانجەکانی سەدەی بیست و یەکەم. پێویستە چالاکیی ئەنجام بدرێت بۆ کارکردن لەسەر ئەولەوییەتەکان و تەواوکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی خۆپارێزی کە لە سیستمی ئێستادا ئەنجام دەدرێن، وەک کوتان، پەروەردە و خوێندنی تەندروستی، و هەندێک خۆپارێزیی تەندروستیی (وەک شەکرە). پێویستە زانیاری زیاتر کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر ئاستی ئێستای تەشەنەسەندنی نەخۆشیی و ئاشنایەتیی و مەعریفەی دانیشتوانەکە و بۆچوونیان و ڕەفتاریان لە بەرامبەر ئەم حاڵەتانە هەڵبسەنگێندرێت. ڕەنگە بە زەحمەت بتوانرێت سەرنجی خەڵک ڕابکێشرێت و پەیامەکە بگەیەندرێت مەگەر بە باشی پەیامی تەندروستی دابڕێژرێت و تایبەت بێت بە فەرهەنگەکە.

هه‌ندێک چالاكیی پێشبینیكراو بۆ دوو ساڵی داهاتوو:

- چاكتر كردنی په‌روه‌رده‌ی ته‌ندروستی له‌ بنكه‌ ته‌ندروستییه‌كان. بنكه‌ ته‌ندروستییه‌كانی هه‌موو ئاسته‌كان ده‌توانن سوود وه‌ربگرن له‌ "جه‌ماوه‌ره‌كه‌یان" بۆ گه‌یاندنی په‌روه‌رده‌ی ته‌ندروستیی. ده‌ستپێكێكی باش ئه‌نجام دراوه‌ له‌ رێی دانانی پۆسته‌ری په‌روه‌رده‌ی ته‌ندروستییه‌وه‌ له‌ناو بنكه‌ ته‌ندروستییه‌كان و له‌ هه‌ندێک ناوچه‌ی شاره‌كان، ده‌توانرێت ئه‌م چالاكییانه‌ پته‌وتر و به‌رفراوانتر بكرێن. پێویسته‌ به‌ تایبه‌ت ئه‌م په‌یامه‌ ته‌ندروستییانه‌ بگه‌یه‌ندرێت به‌و نه‌خۆشانه‌ی سه‌ردانی كلینكه‌كان ده‌كه‌ن، ده‌توانرێت ئه‌م په‌یامانه‌ له‌ لایه‌ن دكتۆره‌كان، په‌رستیاره‌كان، خۆبه‌خشی مه‌شقدیته‌، ڤیدیۆ و چاپه‌مه‌نییه‌وه‌ بگه‌یه‌ندرێت، یان له‌ شوێنه‌كانی چاوه‌ڕوانكردن یان كاتێک نه‌خۆش ده‌بینرێت. پێویسته‌ بابه‌ته‌كان هاوشێوه‌ی ئه‌وانه‌ی خواره‌وه‌ بن بۆ په‌روه‌رده‌ی خوێندن. به‌ گوێره‌ی ئه‌و بابه‌تانه‌ی كه‌ باس ده‌كرێن، پێویست ناكات لیستی په‌یامه‌كان زۆر به‌رفراوان بن. ئامانجه‌كه‌ بریتییه‌ له‌ گه‌یاندنی په‌یامه‌كان به‌ خه‌ڵک به‌ چه‌ندین شێوازی جۆراوجۆر و له‌ رێی كه‌ناڵی گه‌یاندنی جۆراوجۆره‌وه‌، به‌ مه‌به‌ستی گه‌یاندنی په‌یامی ته‌ندروستی به‌ خه‌ڵک بۆ ئه‌وه‌ی ڕه‌فتاری ئه‌وتۆ ئه‌نجام بده‌ن كه‌ مه‌ترسیی نه‌خۆشكه‌وتنیان كه‌م ده‌كاته‌وه‌.
- باشتر كردنی خوێندنی ته‌ندروستی له‌ قوتابخانه‌كان. باشتر كردنی به‌رنامه‌ به‌رده‌وامه‌كانی خوێندن و پێوانه‌كردنی ئه‌نجامه‌كان. ئامانجه‌كه‌ ته‌نێ بریتی نییه‌ له‌ خوێندنی منداڵان به‌ڵكو هه‌روه‌ها بۆ گه‌یاندنی په‌یامه‌ ته‌ندروستییه‌كان به‌ خێزانه‌كانیان و بۆ ئاشناكردن و چه‌سپاندنی ڕه‌فتاری ئه‌وتۆ كه‌ مه‌ترسییه‌كان كه‌متر بكاته‌وه‌. ڕه‌نگه‌ وا گرنگ بێت ئه‌م بابه‌تانه‌ی خواره‌وه‌ له‌ سه‌رجه‌م ساڵانی خوێندندا دووباره‌ بكرێنه‌وه‌ (وه‌ک: به‌ لای كه‌مه‌وه‌ سێ جار بۆ قوتابی ته‌مه‌ن 6 تا 14 ساڵ دووباره‌ بكرێته‌وه‌):
  - پاک و خاوێنی تاكه‌كه‌سی و ته‌ندروستی گشتی (شوشتنی ده‌سته‌كان و خۆڕزگاركردن له‌ پاشماوه‌ی مرۆیی و شتی هاوكشێوه‌)
  - پاكژیی دان (به‌كارهێنانی فڵچه‌ و داوی ددان، هۆیه‌كانی بۆگه‌نبوون و خراپبوونی دان)
  - ئاگاداربوون له‌ قه‌ڵه‌وی و خواردنی دایت و مه‌شق و وه‌رزش
  - خۆپاراستن له‌ بریندار‌بوون (ڕێگه‌وبان، كه‌وتنه‌ خواره‌وه‌، ئاگر، نوقم بوون له‌ ئاودا، تاد، به‌ گوێره‌ی هه‌لومه‌رجی هه‌رێمی كوردستان)
  - مه‌ترسییه‌كانی جگه‌ره‌ (وه‌ک ڕه‌بو، نه‌خۆشی دڵ، و شێرپه‌نجه‌)
  - ته‌ندروستیی بواری منداڵبوون (تا ئه‌وه‌نده‌ی له‌گه‌ڵ فه‌رهه‌نگ و نه‌ریتی ناوخۆ بگونجێت، ده‌توانرێت باسی بواره‌كانی منداڵبوون بكرێت وه‌ک جووتبوون به‌ شێوه‌یه‌كی دوور له‌ مه‌ترسیی نه‌خۆشی، ئه‌و نه‌خۆشییانه‌ی به‌ جنس بڵاو ده‌بنه‌وه‌، رێگرتن له‌ سكپڕبوون، تاد)
- مه‌شقكردن به‌ ستافی گونجاو و دابینكردنی كه‌ره‌سته‌ی فێركاری بۆ چالاكییه‌كانی ناو كلینک و قوتابخانه‌كان
  - پێویسته‌ فێركاری مه‌شقدیته‌ی ته‌ندروستیی وانه‌كان و بابه‌ته‌كان بڵێنه‌وه‌ (وه‌ک پسپۆڕ به‌ سه‌ردان بێت یان مامۆستای تایبه‌ت یان ستافی كلینیک كه‌ مه‌شقیان بینیێت له‌سه‌ر په‌روه‌رده‌ی ته‌ندروستی)
- چاودێریكردنی چالاكی و ئه‌نجامه‌كان (وه‌ک، ڕووپێو (مسح) ی فاكته‌ره‌كانی مه‌ترسیی ته‌ندروستی، یان ڕووپێوی (مه‌عریفه‌، هه‌ڵوێست، موماره‌سه‌، Knowledge, Attitudes, and Practices surveys] KAP).

**خزمه‌تگوزاریی – 6: داڕشتن و جیبه‌جێكردنی هه‌ڵمه‌تی په‌روه‌رده‌ی ته‌ندروستی بۆ جه‌ماوه‌ر بۆ ئاشناكردنیان به‌ ڕه‌فتاری سه‌لامه‌ت و ته‌ندروست كه‌ تایبه‌ت بن به‌ هه‌رێم**

- داڕشتن، جێبه‌جێكردن و هه‌ڵسه‌نگاندن (پێوانه‌كردن) ی كاریگه‌ری هه‌ڵمه‌ته‌كانی په‌روه‌رده‌ی ته‌ندروستیی میدیاكان
  - بڵاوكردنه‌وه‌ی په‌یام له‌ رێی ته‌له‌فیزیۆن، ڕادیۆ، و ئینته‌رنێته‌وه‌ له‌ رێی چاوپێكه‌وتن، ڕیكلامی خزمه‌تگوزاریی گشتیی، و میوانداریی كه‌سانی خاوه‌ن كاریگه‌ره‌وه‌
  - ڕه‌چاوكردنی زنجیره‌یه‌كی "مانگی ته‌ندروستی"، وه‌ک مانگێک بۆ سه‌لامه‌تیی له‌ رێگه‌وبانه‌كان، و مانگێک بۆ ته‌ندروستیی دڵ
  - ئه‌نجامدانی لێكۆڵینه‌وه‌ له‌سه‌ر هه‌ندێک بابه‌تی جێی بایه‌خ بۆ هه‌ڵمه‌ته‌كانی میدیا، وه‌ک ئه‌مانه‌:
    - سه‌لامه‌تیی هاتووچۆ و له‌سه‌ر رێگه‌وبانه‌كان
    - جگه‌ره‌ كێشان

- شەکرە
- خواردنی تەندروست و ڕاهێنان و وەرزش
- ژینگەی پاکوخاوێن، و ڕاگرتنی پاکوخاوێنیی کەسی

**ئامانجی 5.2: داڕشتن و پیادەکردنی سیستمێک بۆ (ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاریی)**

ئامانجی [سیستمی ڕەوانەکردن و درێژە (بەردەوامی) ی خزمەتگوزاریی] بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی نەخۆشەکان لە کاتی هەرە گونجاو و دەستگای گونجاودا خزمەتگوزارییەکانیان پێبگات و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەماهەنگی لە نێوان ئاست و داینکارە جۆراوجۆرەکاندا بکرێت. نابێت دواکەوتن (تأخیر) ی بێ مانا یان پچڕان ڕووبدات لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا. پێویستە ئەو نەخۆشانەی ڕەوانە دەکرێن بۆ لای تایبەتمەند و نەخۆشخانەکان بگەڕێنەوە بۆ کلینکەکەی یەکەمجاریان بۆ دابینکاری خزمەتگوزارییە بنچینەییەکە بۆ بەدواداچوون یان درێژەی بەڕێوەبردن. بە شێوەیەکی نموونەیی، ئەمە واتە پێویستە نەخۆشەکە لە هەر سەردانێکدا هەمان دابینکاری چاودێریی سەرەتایی ببینێتەوە، یان بە لای کەمەوە هەمان ئەو تیمە، و پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نەخۆشەکە بە هەردوو ئاراستەکەدا بۆ لای پسپۆڕ و بۆ لای تیمە یەکەمییەکە هاتووچۆ بکات. سیستمێکی لەم جۆرە لەسەر بناغەی خزمەتگوزاریی باش دادەمەزرێت لە هەر ئاستێک لە ئاستەکانی خزمەتگوزارییدا. هەروەها، پێویستە بە لای کەمەوە هەموو دابینکارەکان دەستیان بگات بە تۆمار (ریکۆرد) ی تەندروستیی نەخۆشەکە بۆ ئەوەی لە هیچ زانیارییەکی گرنگ بێبەش نەبن یان سەرچاوە بەفیڕۆ نەدرێت بە دووبارەکردنەوەی هەندێک چالاکی و کار. تۆماری ئەلیکترۆنیی تەندروستی ئێجگار ڕێخۆشکەرە بۆ سیستمی چوستی ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاریی، بەڵام ئەمە تاکە ئامرازێک نییە بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە. ئێمە چوار چالاکیی دیاریکراو پێشنیار دەکەین بۆ چاکترکردنی ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاریی (پێی دەگوترێت REF).

**ڕەوانەکردن-1: لێکۆڵینەوە لە جەدوای ناوچەی کۆکردنەوەی دانیشتوان و "کلینکی ماڵەوە" و "دابینکاری چاودێریی سەرەتایی" بۆ سەرجەم دانیشتوان**

- ئەمە هاوشێوەی سیستمی "ماڵی پزیشکیی" ی هەندێک وڵاتی ترە. واتە هەر ناوچەیەکی کۆکردنەوە کلینیکێکی لێیە کە تێیدا کەسێ دەتوانێت و پێویستە خزمەتگوزاریی تەندروستی لێ دەست بکەوێت کاتێک پێویستی پێی بێت. دابینکردنی خزمەتگوزاریی باش لە هەر ئاستێک لە ئاستەکاندا بریتییە لە بەردی بناغەی ڕەوانەکردن و لێرەشەوە بەردی بناغەی درێژەی خزمەتگوزاریی. (سەرنج بدە ئەمە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی باشترین نموونە نێودەولەتییەکانی ئێستای ئەو سیستمە تەندروستییانەی جەخت دەخەنە سەر (چاودێریی سەرەتایی).
  - ئەوەندەی بکرێت، پێویستە هەمان تیمی چاودێریی سەرەتایی یان دابینکاری چاودێریی سەرەتایی لە کلینکی ماڵەوە نەخۆشەکە ببینێت لە کاتی سەردانی نەخۆشەکەدا.
- داڕشتنی ستراتیج و تاقیکردنەوەی بۆ پاراستنی درێژەی خزمەتگوزارییەکان لەو دەستگایانەدا کە ساڵانە نۆرە بە دکتۆرەکان دەکەن (وەک، لە ڕێی تیمێکی چاودێریی سەرەتاییەوە کە چەند پەرستیارێکی هەمیشەیی هەبێت و تۆماری پزیشکیی بەردەوام بپارێزرێت و کاری لەسەر بکرێت).
- چاودێریکردنی ڕەزامەندیی نەخۆش و دابینکار بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ ئەم سیستمە توانیویەتی زیاتری بکات، و بۆ دەستنیشانکردنی هەر دەرفەتێک بۆ بەرەوپێشچوون و چاکترکردن.
- چاودێریی چوستی (كفاءة، efficiency) ی سیستمەکە لە بواری بەکارهێنانی سەرچاوەکانی دارایی و پزیشکی و هەڵسەنگاندنی کارای (فعالية، effectiveness) ی دەرەنجامە تەندروستییەکان

**ڕەوانەکردن-2: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمی ڕەوانەکردنی نەخۆش**

- داڕشتنی پلانێک بۆ ڕەوانەکردن لەنێو ناوچەی کۆکردنەوە
  - لە لقی بنکە تەندروستییەکانەوە بۆ بنکەی سەرەکیی تەندروستی یان بۆ بنکەی ڕەوانەکردن (و بە پێچەوانەشەوە)
  - لە بنکە سەرەکییەکانی تەندروستییەکانەوە بۆ بنکەکانی ڕەوانەکردن ( وبە پێچەوانەشەوە)
  - لە هەر ئاستێکی کلینیکەوە بۆ نەخۆشخانەی گشتیی لە ناوچەی کۆکردنەوە (و بە پێچەوانەشەوە)
- داڕشتنی بەڵگەنامە و نووسراوی ستاندارد (وەک فۆرمی ڕەوانەکردن یان دەفتەری نەخۆش) بۆ ڕەوانەکردن و هاتنەوە لە کلینکی یەکەم و دابینکاری چاودێریی سەرەتایی
  - ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ پێویستە ئەمانە ستاندارد بن لە ئاستی پارێزگادا یان لە نێو پارێزگاکاندا

– ڕەوانەکرنەکە ڕەنگە زانیاری تێدابێت لەسەر، بۆ نموونە، ناوی نەخۆش، تەمەن، و جێندەر، بەرواری ڕۆژی ڕەوانەکردنەکە، نەخۆشیی نەخۆشەکە (ناڵە و ئازاری سەرەکیی نەخۆش)، تەشخیسی ئەو دابینکارەی ڕەوانەی کردووە، کورتەیەک لە مێژوویی تەندروستی، لەگەڵیدا ئەنجامی تاقیکردنەوەکان یان ئەنجامی چارەسەر تا ئەمڕۆ (وەک، "پەستانی خوێنی 100/160 ی سەرەڕای وەرگرتنی چارەسەر بە دژە پەستان - hydrochlorothiazide)، هۆی ڕەوانەکردنەکە یان هەندێک پرسیار بۆ ئەو دابینکارەی بۆی ڕەوانە دەکرێت (وەک، "تکایە هەر تاقیکردنەوەیەکی تەشخیسیی پێویستی بۆ ئەنجام بدرێت لەگەڵ پێشنیاری دەرمانی گونجاو یان چارەسەری تر بۆ پەستانی نەخۆشەکە).
– سەرنجێک لەو دابینکارەی بۆی ڕەوانە کراوە بۆ دابینکارە بنچینەییەکە لەسەر فۆرمێکی ستاندارد کە تێیدا ئەم زانیارییانە هەبێت: ڕۆژی بینینەکە، ئەنجامەکانی ڕاوێژکارییەکە (وەک ئەنجامی تاقیکردنەوەی تر کە کرابێت، یان ئەو چارەسەرەی پێشکەش کراوە)، تەشخیسەکان، کاری زیاتری پێشنیارکراو، و وەڵامی پرسیاری تری دیاریکراو.
– ئەگەر تۆماری ئەلیکترۆنی لەبەردەست نەبێت، پێویستە تۆماری پزیشکیی نەخۆشەکە هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ڕەوانەکردنەکە بۆ ئەوەی پزیشکەپسپۆڕەکە بزانێت پێشتر چی بۆ نەخۆشەکە کراوە.
– مەگەر نەخۆشەکە پێویستی بە تاقیکردنەوە یان چارەسەری ئاڵۆز بێت، نابێت پزیشکەپسپۆڕەکە درێژە بە خزمەتگوزاریی نەخۆشەکە بدات، و پێویستە بەرپرسیارێتییەکە بگەڕێندرێتەوە بۆ کلینەکەی یەکەم و دابینکاری چاودێریی سەرەتایی.

- سیستمێکی ڕەوانەکردن وەک ئەزموونی دەستپێک کە بە لای کەمەوە لەنێو یەک ناوچەی کۆکردنەوە لە هەر پارێزگایەک ئەنجام بدرێت لە 2012.
- داڕشتنی سیستمێکی دەستپێک بۆ تاقیکردنەوەی ڕەوانەکردن لە دەرەوەی ناوچەی کۆکردنەوە لە 2013 – لە هەر ئاستێکدا لە خزمەتگوزاریی نەخۆشی دەرەوە لە کلینکەوە تا دەگاتە پزیشکی پسپۆڕ لە دەرەوەی ناوچەی کۆکردنەوە، لە هەر ئاستێکی کلینک بێت تا نەخۆشخانەی نەخۆشی دەرەوە لە دەرەوەی ناوچەی کۆکردنەوە.
- دەستکاریکردنی فۆرمەکان و/یان پرۆسەکە بە گوێرەی ئەو سیستمەی بۆ تاقیکردنەوە بەکاردەهێنرێت
- بەرزکردنەوەی ئاستەکە (لە 2014)

**ڕەوانەکردن 3-: هەنگاوی بەرایی بنرێت لە ماوەی ئینتقالییدا بەرەو تۆماری ئەلیکترۆنیی تەندروستی لە سەرجەم ئاستەکاندا لە هەرێم بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکانی ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاریی.** پێویستە سەرجەم دابینکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی پەیوەندار بتوانن دەستیان بگات بە تۆمارەکان. سیستمێکی ئینتەرنێت کە بە پاسۆرد پارێزراو بێت کارێکی پەسەندە. پێویستە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنرێت:

- دەستنیشانکردنی ستراتیجە بەراییەکان وەک پردێک بەرەو سیستمی هەمەلایەن و گشتگیر (وەک، تۆماری تاقیگە و دەرمانخانە، سەرنجی ڕەوانەکردن لەسەر ئینتەرنێت تەنانەت ئەگەر تۆماری تەواوی ئەلیکترۆنی تەندروستیی لەبەردەست نەبێت)
- جێبەجێکردنێکی بەرایی بۆ تاقیکردنەوەی سیستمە گشتگیر و هەمەلایەنەکە لەم بوارانەدا:

– ڕەنگە یەکەمجار لە نەخۆشخانە گشتییەکان، بنکەکانی ڕەوانەکردن و بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان (مەڵبەندی تەندروستی)، و دواجار لە بنکە لاوەکییە تەندروستییەکان (بنکەی تەندروستی)
– ڕەنگە دهۆک لە باشترین پێگەدا بێت وەک یەکەمین پارێزگا ئەم سیستمە دەستپێکە ئەزموونگەراییەی تێدا جێبەجێ بکرێت و دواجار لەسەرجەم ئاستەکاندا تۆماری ئەلیکترۆنی تەندروستیی جێبەجێ بکرێت

**ڕەوانەکردن–4: بەرفروانکردنی ئاشناکردنی دانیشتوانەکە بە خزمەتگوزارییە بەردەستەکان، بەکارهێنانی گونجاو، و ڕەوانەکردن بۆ ناوچەکانی کۆکردنەوەی خۆجێی و بۆ ئەولاتریش.** لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە دانیشتوانی ناوچەکە ئاگادار نەبن لەو خزمەتگوزارییانەی بنکە تەندروستییەکانی ناوچەکە پێشکەشی دەکەن. نەبوونی هۆشیاری و ئاگاداربوون لە خزمەتگوزارییەکان گرفتێکی باوە لە سەرتاسەری جیهاندا، و ئەمەش بەتایبەتی لەلایەن بەڕێوەبەری نۆڕینگەکانی لە سلێمانی وەک گرفتێک دووپاتکرایەوە. هەروەها پێیان ڕاگەیاندین هەندێک کەس لەبەر هۆی "کۆمەڵایەتی" دێن بۆ کلینیک – ئافرەتان بە دەرفەتێکی دادەنێن لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە و خەڵکی تر ببینن- نەوەک لەبەر هۆی تایبەت بە پزیشکایەتی. سەرەڕای ئەمە، سیستمی ناپێشکەوتووی ڕەوانەکردنی ئێستا، کە گەیاندن (پەیوەندیی، تواصل) ی ئاسایی تێدا نییە لە نێوان موماریسە گشتییەکان و پسپۆڕەکان، ڕەنگە ببێتە مایەی ئەوەی ناتوانرێت بە شێوەیەکی باش سوود لە تایبەتمەندەکان (پسپۆڕەکان) وەربگیرێت. ئەمەش ئاڵۆزتر دەبێت کاتێک نەخۆشەکان بڕوایان وایە تەنێ خزمەتگوزاریی نەخۆشخانەکان باشن، یان کە متمانە نییە بە خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆ. پێویستە کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان هێندە باش بێت کە دانیشتوان بۆ ئاستی گونجاوی خزمەتگوزاریی ڕابکێشێت، بەرەو شوێنی گونجاو و لەبەر هۆی گونجاو.

ئامانجی ئەو دەستپێشخەرییە دیاریکراوانەی پێشکەش کراون بریتییە لە ناساندن و ئاشناکردن بە خزمەتگوزارییەکانی بەردەست (متوفر) لە هەر ئاستێک لە ئاستەکانی بنکە تەندروستییەکان، و بە مەبەستی داڕشتن و گەشەپێدانی سیاسەتی تایبەت بە هاندانی بەکارهێنانی ئاستی گونجاوی خزمەتگوزاریی (وەک، خەڵک هەوڵ بدەن ئاستی گونجاوی خزمەتگوزارییان دەست بکەوێت لە ئاستی گونجاوی دەستگاکە لە ناوچەکانی کۆکردنەوەی کەتیایدا دەژین، و خۆپاراستن لە زێدەڕۆییکردن بە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری و دەستگاوە). ئەو شێوازانەی لە وڵاتان و هەرێمی تر سەرکەوتوو بوون بریتین لە:

- ئاشناکردن و ناساندن لە لایەن ستافی بنکە تەندروستییەکانەوە
  - قوتابخانەکان
  - کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەکە
  - گەڕان ماڵ بە ماڵ
- ئاشناکردن و ناساندن لە ڕێی میدیاوە
  - پۆستەر/ناميلكە
  - بابەت و وتار لە ڕۆژنامەکان
  - ڕاپۆرت لە ڕادیۆ و ئیزگە
  - پێشکەشکردنی بەرنامەی پڕ-زانیاری و کات بەسەربردن (ترفيهى) لە ناو کۆمەڵگەکان یان لە ڕێی کەناڵەکانی میدیاوە، وەک تەلەفیزیۆن یان ئینتەرنێت
- شێوازی داهێنەرانە
  - هەواڵنامەی کلینکی
  - تویتەر - Twitter.

**ئامانجی 5.3: داڕشتن و جێبەجێکردنی بەرنامەیەک بۆ (درێژەی چاکترکردنی کواڵیتی، بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی، CQI)**
ئامانجی CQI بریتییە لە هاوکاریی سیستمەکانی تەندروستی و پسپۆڕەکان لە بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتیی گەیاندن و دەرەنجامەکانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ڕێی داینکردنی مەعریفە و ئامرازی کاراوە (IOM, 2005). مەرجێکی سەرەکیی بۆ CQI بریتییە لە داڕشتن و چەسپاندنی ستانداری کلینکی هاوشێوە و چوونیەک و پشتئەستوور بە باشترین بەڵگە. لێرەدا باسی هەندێک هەنگاوی سەرەتایی دەکەین، و دواتریس باسی سیستمێک دەکەین بۆ کۆکردنەوە شیکردنەوە و کارکردن لەسەر داتای ئەدا (بيانات الأداء).
**(CQI-1، بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی-1): داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلەکانی بەڕێوەبردنی کلینیک بۆ ئەو بارودۆخ و حاڵەتە باوانەی لە دەستگاکانی ئەمبولاتۆری (و نەخۆشخانەکان) دەبینرێن.** هەبوونی ڕێنمایی یەکخراو و چوونیەک لەسەر شێوازی مومارەسەی حاڵەتە تەندروستییە باوەکان کە پشتئەستوورن بە بەڵگەی "باشترین شێوازی مومارەسە" ڕێگە خۆش دەکەن بۆ جەختکردنەوە لە پێشکەشکردنی چارەسەرێکی بەردەوام و کواڵیتی-بەرز. ئەم ڕێنمایانە لە لایەک هانی داینکارەکە دەدەن زانیاری پێویست کۆ بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی گونجاوی حاڵەتەکە و لە لایەکی تریش لای کەمی تاقیکردنەوەی تەشخیسیی پێویست دەستنیشان دەکەن، سەرەڕای چارەسەری گونجاو بۆ ئەو حاڵەتە تەندروستییە. پێشنیاری ئەوە دەکەین ئاستی ئەو دەستگایەش دەستنیشان بکەن لەگەڵ جۆری ئەو کارمەندانەی ئەم جۆرە کردە پزیشکییانە ئەنجام دەدەن. وەک بەشێک لەم ئامانجە، شیت (فۆرم)ێکی تێروتەسەل دادەڕێژرێت بە ناوی حاڵەتە باوەکان لەگەڵ بەڵگەی باشترین کردە (کار). ئەگەرچی ڕەنگە ئەو ئینتیباعە دروست بکات کە "ژمارەیەکی زۆر فۆرم" لە ئارادا دەبێت، بەڵام ئەزموونەکان ئەوەیان دەرخستووە کە فۆرمی لەم جۆرە دەبێتە مایەی چاکترکردنی چوستی و ئەدای کلینیک و هەروەها دەرەنجام بۆ نەخۆش (Dexheimer et al., 2008; Balas et al., 2000). چالاکییە سەرەکییەکانی تەشخیس و چارەسەر لە تۆماری نەخۆشەکەدا یان لە دەفتەری تەندروستییدا تۆمار دەکرێت (کە سلێمانی دەستی بە جێبەجێکردنی ئەمە کردووە بۆ هەندێک حاڵەت و هەندێک چارەسەری دیاریکراو). وردەکاریی ڕێنماییەکان و پرۆتۆکۆلەکان ناکەوێتە دووتوێی ئەم ڕاپۆرتە، و پێویستە ڕێنمایی بەکارهێنانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان لە ئاستی ناوخۆدا دابڕێژرێت بۆ ئەوەی پەیوەندیدار و تایبەت بن بە ڕەوشی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێک سەرچاوەی باش هەیە کە دەتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت، وەک.

- ئاژانسی لێکۆڵینەوە و کواڵیتی تەندروستیی (Agency for Health care Research and Quality) (http://www.ahrq.gov/clinic/epcix.htm) (AHRQ) – بریتییە لە ئاژانسێکی سەر بە وەزارەتی تەندروستیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و خزمەتگوزارییە مرۆییەکان کە پەیامەکەی بریتییە لە چاکترکردنی کواڵیتی، سەلامەتی، چوستی و کارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ سەرجەم ئەمریکییەکان لە ڕێی پشتگیریی لەو لێکۆڵینەوانەی یارمەتی خەڵک دەدەن بڕیاری ئەوتۆی پشتئەستوور بە زانیاری بدەن کە کواڵیتی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان چاکتر بکات، و سەرچاوەی پەیوەندداری بۆ بەکاربهێنرێت، وەک:
  – لیستێکی ڕاپۆرتەکانی پەیوەندار بەکردەبەڵگەدارەکان – ڕاپۆرتی بەڵگەدار کەلەبەرەوپێشچووندایەیاخود تەواوبووەو پەیوەندارەبەکردارەکانی نۆرینگەیی، خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی، یاخود شێوازەکانی توێژینەوە.
  – (خانەی ڕێنمایی نیشتمانیی، National Guide line Clearing house (http://www.guideline.gov) – سەرچاوەیەکی گشتییە بۆ ڕێنمایی لەسەر مومارەسەی عیادەیی پشتئەستوور بە بەڵگە.
- (تیمی کاری خزمەتگوزارییە خۆپارێزییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، United States Preventive Services Task Force) (http://www.uspreventiveservicestaskforce.org) – لیژنەیەکی سەربەخۆیە لە پسپۆڕانی نافیدراڵی لە بواری خۆپارێزی و دەرمانسازیی پشتئەستوور بە بەڵگە (دابینکاری چاودێریی سەرەتایی لە بواری پزیشکایەتی ناوخۆ، منداڵان، پزیشکایەتیی خێزان، منداڵبوون/نەخۆشیی ژنان، پەرستیاری، و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری تەندروستییانە) کە پێداچوونەوەی بەڵگە زانستییەکانی بواری جۆرجۆری خزمەتگوزاریی خۆپارێزی ئەنجام دەدات و ڕاسپاردە پێشکەش بە دکتۆرەکانی خزمەتگوزاریی بنچینەی و سیستمەکانی تەندروستی دەکات، ئەم ڕاسپاردانە لە ژێر ناوی "ڕاگەیاندنی ڕاسپاردەکان" بڵاودەکرێنەوە."
- هەرەوەزی کاکرەن (Cochrane Collaboration) (http://www2.cochrane.org/reviews/en/index_list_all_protocols. html) - بریتییە لە تۆڕەبەندییەکی ناوخۆیی زیاتر لە 28000 کەس کە زیاتر لە 10 وڵات هاتوون کە ئامانجەکەی بریتییە لە هاوکاریی دابینکارەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی، بڕیاربەدەستان، نەخۆشەکان، و ئەوانەی داکۆکییان لێ دەکەن و بایەخیان پێدەدەن تا بتوانن باشترین بڕیاری پشتئەستوور بە زانیاری بدەن لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی، بە پشت بەستن بە باشترین بەڵگەی لێکۆڵینەوە، لە ڕێی ئامادەکردن، نۆژەنکردنەوە، و پەرەوکردنی توانای دەستگەیشتن بە پێداچوونەوەکانی (کاکرەن، Cochrane)، کە لە کتێبخانەی (Library of Systematic Reviews) دەست دەکەون.

هەندێ ڕاسپاردەی دیاریکراو بۆ چالاکیەکانی ماوەی کورتخایەن:

- دەستنیشانکردن و کۆکردنەوەی پسپۆڕانی عێراقی، وەک پسپۆڕانی پزیشکی، دان، پەرستیاری، و دەرمانساز، پرۆفیسۆری زانکۆکان، و یەکێتییە پیشەییەکان وەک پێویست
- دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتانەی پێویستییان بە ڕێوشوێن و خزمەتگوزاریی خۆپارێزی، چارەسەریی، و بایەخپێدانی بەردەوامە لە بنکە ئەمبولاتۆرەکان، بە شوێنە دوورەکانیشەوە. هەندێک لەو حاڵەت و پرۆتۆکۆلانەی کە پێویستە یەکەمجار کاریان لەسەر بکرێت بریتین لەمانەی خوارەوە (ئەمە تەنێ وەک خاڵی دەستپێک):
  – چاودێریی گەشەی منداڵ (وەک ڕێنمایی لەسەر نیشاندەرەکانی گەشەی نائاسایی، و کەی و چۆن بەدواداچوونی زیاتر بکرێت)
  – خشتەی کوتان و ڕێنمایی بۆ کارگێڕی
  – چارەسەری دژە-وشکبوونەوە لە دەمەوە (ORT)
  – پرۆتۆکۆلەکانی سەردانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی خۆپارێزی (بە گوێرەی گروپی تەمەن)
  – بایەخپێدانی سەروەختی منداڵبوون (ئاستی بنچینەیی بۆ مامان یان دابینکاری تری نا-پزیشک، هەروەها ئاستی پێشکەوتووی خزمەتگوزارییەکانی سەروەختی منداڵبوون)
  – تەشخیس و بەڕێوەبردنی ڕەبو
  – تەشخیس و بەڕێوەبردنی پەستان (فشار)
  – تەشخیس و بەڕێوەبردنی شەکرە
  – شێرپەنجەی منداڵدان

- داڕشتن و گەشەپێدانی (پرۆتۆکۆلی بەڕێوەبردنی کلینیک) بۆ ئەو حاڵەتانەی پەیوەستن بە کاری دکتۆرەکان و پەرستیاران، و دانساز و دەرمانساز و تەکنیکاری تاقیگەوە
  - ڕەچاوکردنی باشترین شێوازی کار (ممارەسە ) لە کوردستان، و تەواوکردنی بە باشترین ممارەسەکانی ئاستی عێراق و ئاستی نێودەوڵەتی
  - پێداچوونەوە و پەسندکردن یان گونجاندنی ئەو پرۆتۆکۆلانەی ئێستا لەبەردەستن (بۆ نموونە، لە هەولێر و دهۆک)
  - بەکارهێنانی کەرەستەکانی عێراق و کوردستان و سوود وەرگرتن لە کەرەستەی نێودەوڵەتی بۆ پەسندکردنیان، ئەگەر پێویست بێت
  - وەسفکردنی پەیوەندییەکانی کار بۆ سەرجەم تیمەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی (دکتۆرەکان، پەرستیارەکان، و سەرجەم ئەوانەی تر)
  - داواکردنی سەرنجی پەرستیاری و پزیشکی بۆ دانانی لەناو تۆماری نەخۆشەکان
- دانانی ئامانجێک بۆ یەکخستنی (پرۆتۆکۆلی بەڕێوەبردنی کلینک) بۆ هەر سێ پارێزگاکە، تەنانەت ئەگەر لە بەراییدا لە ئاستی هەر پارێزگایەکدا بە جیا دابڕێژرێت.

**(درێژەی چاکترکردنی کواڵیتی- 2: (CQI-2): ڕەچاوکردنی دانانی [فۆرمی یەکخراو (ستاندارد) ی تایبەت بە بینینی نەخۆش] (وەک، چێکلیست) بۆ ئاسانکردنی بەکارهێنانی (پرۆتۆکۆلەکانی بەڕێوەبردنی کلینک) لە بنکە تەندروستییەکانی هەموو ئاستەکان.** ئەمە چالاکییەکی درێژخایەنە کە دوو ساڵ زیاتر دەخایەنێت. ئامانجەکە بریتییە لە بەدەستهێنانی زانیاریی سەرەکی لەسەر هەر نەخۆشێک. ئەمە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لەسەر نەخۆشەکە زانراون لەگەڵ جۆری ئەو خزمەتگوزارییەی وەریگرتووە. فۆرمێکی داڕێژراو دەبێتە مایەی کەمبوونەوەی دووبارەکردنەوەی هەمان چالاکی، چاکترکردنی درێژەی خزمەتگوزاری، و دەبێتە مایەی ئەوەی زانیارییە بنچینەییەکان کەمتر دووچاری بزربوون یان بیرچوونەوە ببن. ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین فۆرمەکان لە ئاستی خۆجێی (ناوچەیی)دا دابڕێژرێن (کڵێشەی وڵاتانی تر تەبەننی نەکرابن) بۆ ئەوەی زۆر پەیوەست بن بە ڕەوشی ناوخۆییەوە. پێویستە نە تەنێ بۆ تۆمارکردنی سەردانەکانی نەخۆش بەکاربهێنرێن، بەڵکو هەروەها پێویستە بەکاربهێنرێن بۆ تۆمارکردنی ڕەوانەکردن بۆ لای تایبەتمەند (پسپۆڕ)، لیستی دەرمانەکانی نەخۆش، ڕاپۆرتەکانی ڕێیدۆلۆجی، و ئەنجامەکانی تاقیگە. بەکارهێنانی فۆرمی ستاندارد هەروەها دەبێتە مایەی ئاسانکردنی کاری تۆمارکردنی زانیارییەکان (داخڵکردنی داتا) و بەڕێوەبردنی داتا. پیادەکردنی تۆماری کاغەزی ستاندارد دەبێتە مایەی ئاسانکردنی گواستنەوە بەرەو تۆماری ئەلیکترۆنیی کۆمپیوتەریی، کە بریتییە لە ئامانجی درێژخایەن.

پەسندکردنی "فەرهەنگی داتا بۆ بەکارهێنان/ بەکارهێنانی داتا بۆ کار" و "فەرهەنگی کواڵیتی/ثقافة الجودة" مانای ئەوەیە پێویستە ڕووبەڕووی هەندێک ئاستەنگی پێشبینیکراو ببینەوە، وەک کەموکووڕیی (ناکاری) ی دامەزراوەیی و پێداویستبوونی چارەسەرکردنی ڕەوشی جۆراوجۆری ناوخۆیی. بەم شێوەیە، زۆر گرنگە ڕاوێژ بە بەڕێوەبەرانی بواری تەندروستیی هەموو ئاستەکان بکرێت و فۆرمە تازەکان تاقی بکرێنەوە و بۆ ئەزموونگەرایی بەکاربهێنرێن. لە بەراییدا، بەکارهێنانی فۆرمی نوێ کە پێیان ئاشنا نین هێندە چوست نابێت. هەروەها، ڕەنگە هێشتا هەندێک زانیاری تێدا نەبێت، یان ڕەنگە داوای زانیاری ئەوتۆی تێدا بکرێت کە پەیوەست نەبێت بە ڕەوشە تایبەتییەکەی نەخۆشەکەوە. هەروەها، ڕەنگە ئاستەنگی لۆجیستیک هەبێت لە دابەشکردنی فۆرمەکان بەسەر هەموو بنکەکاندا و لەسەر دابینکردن و هەبوونیان هەمیشە لەبەردەست. ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە لە بەراییدا لە ماوەیەکی کورتخایەندا ئەنجام بدرێن بریتین لە:

- بەرفراوانکردن و گشتاندنی بەکارهێنانی کارتی تۆمار (تسجیل) و نەخۆشی، یاخود دەفتەری تەندروستیی نەخۆش، وەک لە سلێمانی پیادە دەکرێت
- داڕشتن و تاقیکردنەوەی فۆرمی نوێ بۆ خزمەتگوزاری و ڕێوشوێنی ستاندارد، وەک ئەمانە:
  - بینینی نەخۆش لە چاودێریی سەرەتایی
  - لیستی دەرمانەکانی نەخۆش
  - لیستی حاڵەتە پزیشکییە درێژخایەن و هەنووکەییەکانی نەخۆشەکە
  - تۆماری کوتان
  - فۆرمی ڕەوانەکردنی نەخۆش
  - فۆرمی وەڵامدانەوەی راوێژی پسپۆڕەکە
  - فۆرمی ڕاپۆرتی تاقیگە
  - فۆرمی ڕاپۆرتی ڕێیدۆلۆجی

- تاقیکردنەوە و پێداچوونەوەی فۆرمەکان لە هەر پارێزگایەک
- چاودێریکردنی پابەندێتی لە ڕێی سەردانی ڕانەگەیەندراو لە لایەن (بەرپرسی تەندروستیی قەزا) یان شێوازێکی تری وردبینی
- داواکردنی پێشنیار بۆ پێداچوونەوەی زیاتر لەلایەن بەکارهێنەران و هەروەها پێداچوونەوەی تر بەپێی پێویست.
- پیادەکردنی بەکارهێنانی فۆرمەکان لە سەرتاسەری سیستمی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان
- داڕشتنی فۆرمی تری ستاندارد کاتێک هەست دەکرێن پێویستن
- وەرچەرخانێکی خێرا، بەپێی توانا، بەرەو سستەمێکی تۆمارکردنی ئەلکترۆنی.

**(درێژەی چاکترکردنی کواڵیتی – 3) (CQI-3): پێناسەکردن و بەرفراوانکردنی مەودای کاری پەرستیاران لە دەستگاکانی ئەمبولاتۆری**

- پێناسەکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانی پەرستیارانی هەر ئاستێک لە ئاستەکانی مەشق و بۆ هەر ئاستێک لە ئاستەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی
  - دەستنیشانکردنی پێداویستبوونی پەرستیار بۆ هەندێک خزمەتگوزاریی دیاریکراو لە لقی بنکە تەندروستییەکان، بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان، و بنکەکانی ڕەوانەکردن
  - پێناسەکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانی هەر ئاستێکی ئێستای پەرستیاران
    - ئاستی 1: ئاستی کۆلیج/زانکۆی پەرستیاری (یەک کۆلیج لە هەر پارێزگایەک، ئەمانە کەمتر لە 1000 لە نزیکەی 30000 پەرستیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن، کەمتر لە 100 پەرستیاریان لە ئاستی دکتۆران، خوێندن و پەروەردەکە سێ، پێنج، و/یان نۆ ساڵ دەخایەنێت)
    - ئاستی 2: پەرستیاریی ئاستی قوتابخانە (خوێندنی ئامادەیی لەگەڵ سێ ساڵ خوێندنی تری پەرستیاری)
    - ئاستی 3: پەرستیاری ئاستی پەیمانگە (پەیمانگەکانی هەولێر، شەقلاوە، سلێمانی، سێ ساڵ خوێندنی ئامادەیی لەگەڵ دوو ساڵ خوێندنی پەرستیاری)
    - ئاستی 4: یاریدەدەری پەرستیار و مامان (خوێندنی سەرەتایی لەگەڵ شەش مانگ خوێندن و مەشق) – بڕوانە ئەم جۆرە ڕاهێنانە کۆتایی پێهێنرا لە 2010.
- ئامادەکردنی پەرستیار بۆ هاوکاری لە بەردەوامیدان بە پەیوەندی نێوان نەخۆش و دابینکارانی (یەکەم کلینک)
  - ئەمە بە تایبەتی بەسەر ئەو دەستگایانەدا پیادە دەبێت کە تێیدا ساڵانە دکتۆری موماریسی گشتیی نۆرە دەکەن
  - ستافی بەردەوامیی پەرستیاری لە لقی بنکە تەندروستییەکان و بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان، ئەگەر بە باشی مەشق ببینن و شارەزا بن، دەتوانن درێژەی ئەم کارە دامەزراوەییە هەڵبسوڕێنن.

**درێژەی چاکترکردنی کواڵیتی – 4 (CQI-4): دەستنیشانکردن و تاقیکردنەوەی پێوەرەکان بۆ چاکترکردنی هاتووچۆی نەخۆش (هامشۆ/لێشاوی نەخۆش)**

- ئەنجامدانی شیکردنەوەی (لێشاو، هاتووچۆ، هامشۆ) ی نەخۆش، ئەگەر بگونجێت، و داڕشتنی ستراتیج بۆ کەمترکردنەوەی ماوەی چاوەڕوانیی نەخۆش و ڕێکخستنی ئەو کاتەی لە کلینیک بەسەر دەبرێت بە باشترین شێوە (وەک، دابینکردنی ڕۆشنبیریی تەندروستی) و ئەو کاتەی لەگەڵ دابینکارەکە بەسەر دەبرێت – بۆ نموونە، داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێکی بینینی نەخۆش لە ماوەی کاتژمێرەکانی بەیانیانی بنکە تەندروستییەکان تەبا بێت لەگەڵ نەریتە فەرهەنگییەکان.
- ڕەچاوکردنی ڕێوشوێنی ئەوتۆ کە دکتۆرە سەرقاڵەکانی بنکە تەندروستییەکان بتوانن بە باشترین شێوە کاتی بینینی نەخۆشەکە دەستنیشان بکەن
  - ڕەچاوکردنی دانانی سیستمێکی چاوپێکەوتن (بە ڕەچاوکردنی دابونەریتی ئەو کاتانەی ژنان دەتوانن تێیدا سەردانی کلینکەکان بکەن – لە نێوان بەیانی و نانی نیوەڕۆدا، لەگەڵیدا کاتی پێویست بۆ چوونە بازاڕ و ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ)
  - مەشقکردن و بەکارهێنانی یاریدەدەری پزیشکی بۆ هاوکاری دکتۆرەکان لە بواری تۆماری نەخۆش و زانیاری و بەڵگەنامەی ڕەوانەکردن
  - مەشقکردن و بەکارهێنانی یاریدەدەری پزیشکی و پەرستیاران لە ئەنجامدانی ئەرکی تر، وەک تۆمارکردنی نیشانە ژیارییەکان، بەڕێوەبردنی کاروباری دەرمان، و پەروەردە و ئاشناکردنی تەندروستیی.
  - دابینکردنی ڕاوێژ و پشتگیریی پزیشکی بۆ دکتۆرەکانی ناوچە دوورەکان (دەرەوەی شارەکان) لە کاتی ڕاستەقینەدا (وەک بە ئینتەرنێت، و یان ڕاوێژی پزیشکی بە-تەلەفۆن) بۆ هاوکارییان لە کارکردن لەسەر حاڵەتە پزیشکییە سەخت یان ئاڵۆزەکان لە بنکە تەندروستییەکاندا، نەوەک ڕەوانەکردنی نەخۆشەکان بۆ شوێنێکی تر

- داڕشتن و تاقیکردنەوەی چالاکیی ڕێکخستنی چاوپێکەوتن، شیکردنەوەی لێشاوی نەخۆش، و پشتگیریی مرۆیی یان ئەلیکترۆنی لە کلینک-کاران

**درێژەی چاکترکردنی کوالیتی – 5 (CQI-5): داڕشتن و پیادەکردنی (ڕووپێوی ڕەزامەندیی کلایەنت) و (ڕووپێوی ڕەزامەندیی ستاف) بە شێوەیەکی ناوبەناو لە دەستگاکانی بنکە تەندروستییەکان**

- پزیشکانی هەرێمی کوردستان وا هەست دەکەن نابێت لە باسکردنی ڕەزامەندی کلایەنتدا حوکم بدرێت لەسەر سروشت یان کوالیتی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان، پێیان وایە دەبێت ئەم جۆرە بوارانە بگرێتەوە: وەک ماوەی چاوەڕوانیکردن، ئەو کاتەی لەگەڵ دابینکارەکە بەسەری دەبەن، و کوالیتی کارلێکی کەسیی، بەڵام، پێویستە ژمارەیەکی زۆر کاروبار ڕەچاو بکرێت لە (ڕووپێوی ڕەزامەندیی کلایەنت)دا بۆ ئەوەی بڕیاربەدەستان تێگەیشتنێکی باشیان هەبێت لە بۆچوون و خواستەکانی ئەو خەڵکانەی خزمەتیان دەکەن.
- پێویستە لە (ڕووپێوی ڕەزامەندیی ستاف)دا باسی ئەو بوارانە بکرێت کە دەتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت لە لایەن خودی دابینکارانەوە، وەک بەڕێوەبردنی کلینیک، یان بەرپرسانی بواری تەندروستی

**درێژەی چاکترکردنی کوالیتی – 6 (CQI-6): دەستکردن بە لێکۆڵینەوە لە جەدوای پرۆسەی ئیعتیبار (دانپێدانان) ی هەرێمایەتی و دواجاریش نێودەوڵەتی بە خزمەتگوزارییەکانی ئەمبولاتۆری و نەخۆشخانەکانی مانەوەی نەخۆش**

- لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی وڵاتانی تر لە بواری داڕشتنی ستانداردەکان و ئیعتبار (دانپێدانان، accreditation)، وەک هەنگاوێک بەرەو دانپێدانانی نێودەوڵەتیی
- پێناسەکردنی جۆرەکانی ئەو دەستگا یان خزمەتگوزارییانەی ئەم جۆرە پرۆسەیە دەیانگرێتەوە، و پێناسەکردنی ئەولەوییەتەکانی هەنگاوەکانی یەکەم
- ڕەچاوکردنی کاتبەندییەکی گونجاو بۆ بەدەستهێنانی ئیعتبار بۆ جۆرە جیاوازەکانی دەستگا تەندروستییەکانی هەرێم، و ڕەچاوکردنی تاقیکردنەوەیەک لەم بوارەدا پێش ئەوەی دەست بکرێت بە جێبەجێکردنی بە تەواوەتی.

## ئەولەوییەتەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو

ئەم بەشانەی داهاتوو تایبەتن بە ژمارەیەکی زۆر چالاکیی پێشنیارکراو، هەموویان پڕبەهان بەڵام جێبەجێکردنی زۆربەیان ساڵەهای دەوێت. ئاشکرایە ناکرێت دەستبەجێ هەموو ئەم ڕاسپاردە کورتخایەنانە جێبەجێ بکرێت. بۆیە، زۆر گرنگە ئەولەوییەت دابنرێت بۆ دوو سێ ساڵی داهاتوو، هەنگاوی بەرایی دابنرێت بەرەو دەستکەوتە درێژخایەنەکان. خشتەی 5.4 بریتییە لە لیستێک چالاکیی پێشنیارکراو و حوکمدانی چەندایەتی لەسەر بایەخ (کاریگەری چاوەڕوانکراو) و جەدوا (ئاسانیی جێبەجێکردن، feasibility) ی هەر یەکێکیان، بە گوێرەی بارودخۆی کوردستان. شێوەی 5.10 بریتییە لە وەسفێکی وێنەیی زانیاریی خشتەکە، پێشنیاری چەند ئەولەوییەتێکی تێدایە بۆ کارکردن لەسەریان لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا.


ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە ئەولەوییەتەکانی دوو سێ ساڵی داهاتوو بریتی بن لە هەرە گرنگترین و گونجاوترین دەستپێشخەرییەکان. بەڵام وەک پێشتر باسمان کرد بەشە جیاجیاکانی سیستمی چاودێریی سەرەتایی بە توندی پێکەوە بەستراون و کارلێکتری دەکەن. ڕەنگە بەشێک پشت بە بەشێکی تر ببەستێت. بەم شێوەیە، پێویستە دەستپێشخەرییەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی ئەنجام بدرێن. وەک لە شێوەی 5.10 دەردەکەوێت، دوو سەرەکیترین ئەولەوییەت بریتی دەبێت لەو دوو دەستپێشخەرییە ئێجگار پڕبایەخ و گونجاوە (خانەکەی لای سەرەوە دەستی ڕاست، خۆڵەمێشییەکە لە شێوەکەدا):

- SVC-1: پێناسەی مەودای گونجاوی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە کلینیکەکانی کەرتی گشتیی پێشکەش دەکرێن (بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشەکانی نەخۆشی دەرەوە)
- SVC-2: ڕێکخستنی ئەو سیستمەی کە هەیە لەگەڵ دەستگا نوێیەکانی چاودێریی سەرەتایی بە گوێرەی سیستمێکی تۆڕبەندی سێ ئاست و بە گوێرەی ستانداردەکان.

**خشته‌ی 5.4**
**هه‌ڵسه‌نگاندنی بایه‌خ و جه‌دوای چالاکییه‌ پێشنیارکراوه‌کان: رێکخستن و به‌ڕێوه‌بردنی چاودێریی سه‌ره‌تایی**

| ناو | وه‌سف | بایه‌خ | گونجاوێتی (جه‌دوا) |
|---|---|---|---|
| Goal 5.1: دابه‌شکردنی ده‌ستگا و خزمه‌تگه‌زارییه‌کانی چاودێریی سه‌ره‌تایی به‌ شێوه‌یه‌کی چوست (SVC) | | | |
| SVC-1 | پێناسه‌ی مه‌ودای گونجاوی ئه‌و خزمه‌تگوزارییانه‌ی له‌ بنکه‌ ته‌ندروستییه‌ گشتییه‌کان پێشکه‌ش ده‌کرێت (بنکه‌ ته‌ندروستییه‌کان و به‌شی نه‌خۆشی ده‌ره‌وه‌ له‌ نه‌خۆشانه‌کان) | زۆر | زۆر |
| SVC-2 | رێکخستنی سیستمی ده‌ستگاکانی چاودێریی سه‌ره‌تایی به‌ گوێره‌ی سیستمێکی تۆڕبه‌ندی سێ ئاست و به‌ گوێره‌ی ستانداردکان | زۆر | زۆر |
| SVC-3 | داڕشتنی پلانێک بۆ دابینکردنی خزمه‌تگوزارییه‌کان به‌ گوێره‌ی ستانداردکانی ده‌ستگاکان | زۆر | که‌م- مامناوه‌ندی |
| SVC-4 | به‌رفراوانکردنی گه‌یاندن و کواڵیتیی خزمه‌تگوزارییه‌ ته‌ندروستییه‌کان له‌ رێی تێلیمیدیسن | مامناوه‌ندی | که‌م |
| SVC-5 | به‌رفراوانکردنی چالاکییه‌ په‌روه‌رده‌یی و فێرکارییه‌کانی ته‌ندروستی له‌ نۆرینگه‌کان و خوێندنگه‌کان | زۆر | مامناوه‌ندی |
| SVC-6 | داڕشتن و جێبه‌جێکردنی هه‌ڵمه‌تی رۆشنبیریی ته‌ندروستی بۆ جه‌ماوه‌ر بۆ هاندان و گه‌شه‌پێدانی ئاکاری ته‌ندروستی په‌یوه‌ست به‌ هه‌رێمه‌که‌ | مامناوه‌ندی -زۆر | که‌م-مامناوه‌ندی |
| Goal 5.2: داڕشتن و جێبه‌جێکردنی سیستمێک بۆ ڕه‌وانه‌کردن و درێژه‌دان به‌ خزمه‌تگوزاریی (REF) | | | |
| REF-1 | لێکۆڵینه‌وه‌ له‌ جه‌دوای ته‌رخانکردنی شوێنی کۆکردنه‌وه‌ (نه‌خۆشخانه‌یه‌ک) بۆ دانیشتوانه‌کانی ناوچه‌یه‌ک و "کلینکی یه‌که‌م" و "دابینکاری یه‌که‌می چاودێری" بۆ خه‌ڵکی گونده‌کانی ئه‌و ناوچه‌یه‌ | مامناوه‌ندی | مامناوه‌ندی |
| REF-2 | داڕشتن و جێبه‌جێکردنی سیستمی ڕه‌وانه‌کردنی نه‌خۆش | زۆر | مامناوه‌ندی |
| REF-3 | هه‌نگاوی به‌رایی بۆ گواستنه‌وه‌ به‌ره‌و تۆماری ته‌ندروستیی ئه‌لیکترۆنی له‌ هه‌موو ئاسته‌کاندا له‌ سه‌رتاسه‌ری هه‌رێم، بۆ ئاسانکردنی (ڕه‌وانه‌کردن و درێژه‌دان به‌ خزمه‌تگوزاریی) | مامناوه‌ندی | که‌م |
| REF-4 | ئاشناکردنی جه‌ماوه‌ر به‌ خزمه‌تگوزارییه‌کانی به‌رده‌ست، و به‌کارهێنانی گونجاو، و ڕه‌وانه‌کردن له‌ دووتوێی ناوچه‌کانی کۆکردنه‌وه‌ و هه‌روه‌ها بۆ شوێنی تریش | مامناوه‌ندی | مامناوه‌ندی |
| Goal 5.3: داڕشتن و جێبه‌جێکردنی به‌رنامه‌یه‌ک بۆ (درێژه‌ی چاکترکردنی کواڵیتی/ به‌رده‌وام چاکترکردنی کواڵیتی، (CQI) | | | |
| CQI-1 | داڕشتن و جێبه‌جێکردنی پرۆتۆکۆلی به‌ڕێوه‌بردنی نۆرینگه‌یی که‌ پشتئه‌ستوور بێت به‌ به‌ڵگه‌ بۆ ئه‌و حاڵه‌ته‌ باوانه‌ی له‌ ده‌ستگاکانی ئه‌مبولاتۆری (و نه‌خۆشخانه‌کان) ده‌بینرێن | زۆر | مامناوه‌ندی |
| CQI-2 | فۆرمی ستانداردی بینینی نه‌خۆش (وه‌ک چێکلیست) بۆ ئاسانکردنی به‌کارهێنانی پرۆتۆکۆلی به‌ڕێوه‌بردنی نۆرینگه‌ له‌ سه‌رجه‌م ئاسته‌کانی ده‌ستگاکانی بنکه‌ی ته‌ندروستی | مامناوه‌ندی | مامناوه‌ندی |
| CQI-3 | پێناسه‌کردن و به‌رفراوانکردنی مه‌ودای ئه‌نجامدانی کاری په‌رستیاران له‌ ده‌ستگاکانی ئه‌مبولاتۆری | زۆر | مامناوه‌ندی |
| CQI-4 | ده‌ستنیشانکردن و تاقیکردنه‌وه‌ی ڕێوشوێنه‌کانی ئینسیابییه‌تی نه‌خۆش | مامناوه‌ندی | مامناوه‌ندی |
| CQI-5 | داڕشتن و جێبه‌جێکردنی ڕووپێوی وردی ڕه‌زامه‌ندیی کلایه‌نت وستاف ناوبه‌ناو له‌ بنکه‌ ته‌ندروستییه‌کان | مامناوه‌ندی | مامناوه‌ندی |
| CQI-6 | ده‌ستکردن به‌ لێکۆڵینه‌وه‌ له‌ جه‌دوای به‌ده‌ستهێنانی ئیعتباری هه‌رێمایه‌تی و دواجار نێوده‌وڵه‌تی بۆ خزمه‌تگوزارییه‌کانی ئه‌مبولاتۆری و نه‌خۆشی ناوه‌وه‌ | مامناوه‌ندی | که‌م |

**شێوەی 5.10**
**چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی پێشینەکانی ناو چالاکییە پێشنیارکراوەکان: ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی چاودێریی سەرەتایی**




RAND *MG1148-5.10*

گروپی دووەمی ئەولەوییاتەکان بریتین لەو چوار دانەیەی زۆر پڕبایەخن بەڵام جەدوایان مامناوەندییە (خانەکەی لای سەرەوە، دەستە چەپ، خۆڵەمێشیی کاڵ):

- REF-2: دارِشتن و جێبەجێکردنی سیستمی ڕەوانەکردنی نەخۆش
- SVC-5: بەرفراوانکردنی چالاکیەکانی پەروەردەی تەندروستی لە کلینک و خوێندنگەکان
- CQI-1: دارِشتن و جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی کلینکی بە گوێرەی بەڵگە بۆ ئەو حاڵەتە باوانەی لە دەستگاکانی ئەمبولاتۆری (و نەخۆشخانەکان) دەبینرێن
- CQI-3: پێناسەکردن و بەرفراوانکردنی مەودای کاری پەرستیارەکان لە ئەمبولاتۆرەکان

بەڵام دەتوانرێت بۆ بڕیار دروستکردن پشت بە بەهەرە بەسترێت و سوود لەو سیاسەتانە وەربگیرێت کە ئێستا کاریان پێدەکرێت. بۆ نموونە ڕەنگە وا پەسەند بێت بۆ دابەشکردنەوەی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان کار لەسەر زۆربەی دەستپێشخەرییەکان بکرێت چونکە ئەوانە پێکەوە گرێدراون، و ڕەنگە وا گونجاو بێت دەستپێشخەری بۆ بنیاتنانی سیستمێکی ڕەوانەکردنی سیستماتیک بکرێت و کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکە چاکتر بکرێت، ئەگەرچی هەندێک لەم دەستپێشخەرییانە بایەخیان کەمتریش بێت و زەحمەتتر بن لەوانەی تر. دواجار، پێویستە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێم ئەولەوییاتەکان بۆ ماوەی کورتخایەن، مامناوەندی، و درێژخایەنی دەستنیشان بکەن بۆ دابەشکردن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەمبولاتۆری لە چوارچێوەی بەرفراوانکردنی گەشەپێدانی سیستمی تەندروستی و چاکسازیی هەرێمایەتی و نیشتمانییدا.

## کارمەندانی تەندروستی

**ئەگەری سیاسەتی کار**

*مەشق و خوێندن*

- دامەزراندنی لیژنەیەک بۆ چاودێریی گۆڕانکاری لە پەروەردە و خوێندن و مەشق و مۆڵەتدپێدان و ساخکردنەوەی کارمەندانی تەندروستی
- چاکترکردنی پرۆفایلی پزیشکایەتیی خێزان وەک بناغەیەک بۆ خزمەتگوزاریی مۆدێرنی پزیشکی و خوێندنی پسپۆڕانە
- پەسەندکردنی دامەزراندنی قوتابیانی پزیشکی و پەرستیاریی شوێنە دوورەکان
- دانانی خزمەتگوزاریی بنچینەیی لەناو مەنهەجی قوتابخانە پزیشکی و پەرستیارییەکان و لە نۆرەی کلینکی
- چاکترکردنی مەشقکردن لەسەر کارزانیی عەمەلیی کلینک
- چاکترکردنی ئەزموونەکانی دکتۆری موماریسی گشتی لە ماوەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بنچینەیی ئیلزامی
- داڕشتنەوەی مەنهەجی پەرستیاری
- داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمی ئیلزامیی CME، بڕوانامەپێدان و پێدانەوە/ساخکردنەوەی بەڵگەنامە بە دکتۆرەکان و پەرستیارەکان
- چاکترکردنی پرۆفایل بۆ پزیشکایەتیی خێزانی و پزیشکایەتی خۆپارێزی و دروستکردنی ڕێچکەی کار

*بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان*

- داڕشتنی پلانێک بۆ دابەشکردنی دکتۆرەکان و پەرستیارەکان لە سەرتاسەری کوردستان، دانانی سیستمێکی حەوافز بۆ هاندانی خزمەتکردن لە ناوچە دوورەکان
- داڕشتنی خەسڵەتەکانی دکتۆرەکان و وەسفی وەزیفی
- دابینکردنی سەرپەرشتییەکی پشتگیریکار
- بەکارهێنانی فۆرمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئینتەرنێت
- جێبەجێکردنی ستراتیج بۆ کەمترکردنەوەی ساختەکاری بە ناوی پزیشکییەوە

### پێشەکی

زۆر لێکۆڵینەوە ئەوەی پیشان داوە کە قەبارە (ژمارە) و شارەزایی کارمەندانی تەندروستی وڵاتێک پەیوەستە بە دەرەنجامە تەندروستییەکانەوە. بۆ نموونە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (2009a) بە بەڵگەوە باسی پەیوەندییەکی ئەرێنی دەکات لە نێوان چڕیی دەستی کاری تەندروستی و دەرەنجامە تەندروستییەکان، وەک ڕێژەی مانەوە (نەمردن)ی دایکانی دووگیان، ساوایان و منداڵان. ژمارەی کارمەندانی مەشقدیتە و کارزان تەبایە لەگەڵ ئاماری لەو جۆرە. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە کواڵیتیی دکتۆرەکان (و کواڵیتی مەشقی دکتۆرەکان) توخمێکی پڕبایەخە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان. بۆ نموونە، پێداچوونەوەیەکی ئەم دواییەی کۆهەرەن لە 30 مەشقی پزیشکان بۆی

دەرکەوتووە کە ئەنجامدانی (کۆبوونەوەی فێرکاری) دەبێتە مایەی زیاترکردنی ڕێژەی پابەندێتی بە ڕێنماییەکان بە تێکڕای 6 لە سەت (Forsetlund, Bjorndal, etal., 2009). لە هەرێمی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست، ئلجەردەلی و هاوڕێیانی (2007) بۆیان دەرکەوتووە کە چڕی دکتۆرەکان لە وڵاتانی کەمداهات و وڵاتانی داهات مامناوەندی و بەرز لە هەرێمەکە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە سەرجەم نیشاندەرەکانی تەندروستییەوە، لەناویدا ڕێژەی کەمی مردن و تێکڕای بەرزی ماوەی پێشبینیکراوی ژیان، بە گوێرەی شیکارییەکەیان، چڕی پەرستیار پەیوەستە بە کەمی ڕێژەیی مردنی دایکانی دوو گیان لە لای هەر دوو گروپەکە (داهات کەم و داهات زۆر).

ئامانجی زۆربەی بڕیاربەدەستانی تەندروستی بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی کارمەندانی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە لایەک شایستەییەکی باشیان هەیە و لە لایەکی تر بە باشی دابەش کراون. پلانی ستراتیجیی تایلاند بۆ سەرچاوە مرۆییەکانی تەندروستی دیدێکی چڕوپڕ لەخۆدەگرێت: "سەرچاوەی مرۆیی بۆ تەندروستی وەک ژمارەی پێویست لەبەردەستن، وەک شارەزایی ئاوێتەی جۆراوجۆر، و بە شێوەیەکی یەکسان دابەش کراون، و بە بنەمای خوڕەوشتیەوە کاری بۆ دەکەن، دڵخۆشن بە کارەکەیان لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی لە بەرسڤی پێداویستییە تەندروستییە ناوخۆیی و نیشتمانییەکان" (Songkhla, 2009). IOM پێشنیاری ئەوە دەکات ئەزموونی کرداری بخرێتە ناو خوێندنەوە بۆ ئەوەی کارمەندانی کلینیک شارەزا بن لە پێنج بواری سەرەکییدا:

- دابینکردنی خزمەتگوزاریی بە گوێرەی نەخۆش-تیشکۆ (جەخت بخاتە سەر نەخۆش)
- کارکردن بە تیمی فرە-تایبەتمەندی
- کارکردن بە پشت بەستن بە بەڵگە
- پیادەکردنی چاکترکردنی کواڵیتی، و
- بەکارهێنانی ئینفۆرماتیکس (informatics، المعلوماتية). (IOM, 2005, p.8)

ئەم پرەنسیپانە تەبان لەگەڵ تێگەیشتنی ئێستای ئێمە لە سیستمێکی تەندروستی کە جەخت بخاتە سەر خزمەتگوزاریی بەو شێوەیەی کە (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) و IOM باسیان کردووە (WHO, 2008b; IOM, 1996). بڕوامان وایە ئەم پرەنسیپانە پەیوەنددارن بە سیستمی تەندروستیی کوردستانیشەوە.

وەنەبێت بتوانرێت ئەزموونی هەموو وڵاتێکی تر ڕاستەوخۆ بەسەر کوردستاندا پیادە بکرێت. بەڵام ڕەنگە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوا بخوازن سوود لە چەند وانەیەکی گشتیی وەربگرن لە ئەزموونی جیهانییەوە لە بواری دابەشکردنی کارمەندانی تەندروستی، بە تایبەتی بۆ خزمەتگوزاریی لە ناوچە دوورەکان (دەرەوەی شارەکان):

- پێویستە ئامانجی سیاسەتەکان بریتی بێت لە زیاترکردنی ئەو فاکتەرانەی دکتۆر و پەرستیارەکان ڕادەکێشنن بۆ کارکردن لە ناوچە دوورەکان و خۆپاراستن یان کەمکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی پاڵ بە دکتۆرەکان و پەرستیارەکان دەنێن دوور بکەونەوە لەو ناوچانە (ئەو فاکتەرانە بە تێروتەسەلی لە بەشی "باکگراوند و هۆیەکان" باس کراون)
- کاریگەری دەستپێشخەری و چالاکیی ئاوێتە زیاترە وەک لە دەستپێشخەرییەک بە تاک و تەنیا.
- هەندێک پرسیار لەسەر سیاسەتەکان تا ئێستا بێ وەڵامن و پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر بکرێت و بەڵگەی زیاتریان لەسەر کۆبکرێتەوە (وەک، کارایی ئەو سیاسەتانەی ئامانجەکانیان بریتییە لە چاکترکردنی بەڕێوەبردن و کاریگەری ژینگەی کار لەسەر دامەزراندن و خۆدوورخستنەوەی کارمەندانی تەندروستی). ئەم جۆرە سیاسەتانە، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە کوردستان جێبەجێ بکرێن و هەڵبسەنگێندرێت، ڕۆڵیان دەبێت لەسەر بناغەی بەڵگەکان لە ئاستی نیشتمانی، هەرێمایەتی و جیهانییش لەم بوارەدا.

ئەو پێشنیار و ڕاسپاردانەی لەم چاپتەرەدا باس کراون کار لەسەر ئەم خاڵانە دەکەن (أ) خوێندن و پەروەردە و مەشق بۆ کارمەندانی تەندروستی، و (ب) دابەشکردن و ئەدایان.

### ڕەوشی ئێستای کوردستان

عێراق خاوەنی مێژوویەکە لە خزمەتگوزاریی و خوێندنی نایابی تەندروستی. هەندێک لە باشترین دکتۆرەکانی عێراق لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویان کردۆتە هەرێمی کوردستان. ئەگەرچی سیستمی تەندروستیی

کوردستان لە سەردەمی سەدام حوسێندا تووشی داچۆڕان بوو، بەڵام لە -1991ەوە ڕەوشەکە ڕووی لە سەقامگیری کردووە. ئەم سیستمە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێزبوونی بەخۆیەوە بینی، ئەگەرچی هێشتا چەند ڕەهەندێکی هەیە پێویستی بە چاکترکردنە لە بواری ژمارە و کارزانیی کارمەندانی تەندروستی. کارمەندانی تەندروستی بریتین لە دکتۆرەکان، پەرستیاران (مامانەکانیش)، دانساز، دەرمانساز و پسپۆڕانی تری بواری تەندروستی (وەک تەکنیککاری تاقیگە و یاریدەدەری پزیشکی و دان، و هی تر).

ئێمە لەو داتایەی کۆمان کردۆتەوە لە ڕێی سەردانکردنی ژمارەیەکی زۆر دەستگای تەندروستی، و لە میانی تاوتوێکانمان لەگەڵ سەرکردەکانی بواری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ئاستی پارێزگاکان، ئێمە دەگەینە ئەوەی کە هەرە گرنگترین کەموکووڕییەکانی بواری دەستی کاری تەندروستی بریتین لە (1) کەموکووڕی لە ژمارەی دکتۆرە گشتییەکان و پەرستیارەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی ئەمبولاتۆری، و (2) دابەشکردنی دکتۆر و پەرستیارەکان بە شێوەیەکی نموونەیی نییە، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان (دەرەوەی شارەکانی هەولێر، دهۆک، و سلێمانی). ئەم ناوچانە نزیکەی 61 لە سەتی دانیشتوانەکەیان لەخۆگرتووە، لە هەولێر کە 54 لە سەتە تا دەگاتە سلێمانی کە 59 لە سەتە، و لە دهۆکیش 73 لە سەتە، ئەمەش بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری چوارچێوەی ئاماری سەرەتای 2010 (کە بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەست نییە بەڵام هەرە نوێترین مەزەندەی دابەشبوونی دانیشتووانە بەسەر قەزا و ناحییەکاندا، و تاکە سەرچاوەی ئێمەیە بۆ مەزەندەکردنی دابەشبوونی هاووڵاتیان بەسەر شارەکان/دەرەوەی شارەکاندا). بەرپرسانی تەندروستی باسی ئەوەیان بۆ کردین کە بە گشتیی ناوچە دوورەکان/دەرەوەی شارەکان شوێنی مانەوەی باشیان نییە بۆ کارمەندان، دەرفەتی خوێندن کەمە بۆ منداڵەکانیان، ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی هاندەری نییە، ژمارەی پەرستیارانی کەمە، و ناتوانرێت خزمەتگوزاریی تایبەتمەند، نەشتەرگەریی، و ترۆومە پێش بە ژمارەی زۆری نەخۆشەکان بکرێت.


**دکتۆرەکان**

کەموکووڕیی بواری دکتۆرەکان لە کوردستان بێجگە لە نەبوونی مەشق و خوێندن/شارەزایی هەروەها بوارەکانی وەک ژمارەیان، دابەشکردنیان، و ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردنیش دەگرێتەوە. لە کوردستان بە بەراورد لەگەڵ زۆر وڵاتی تری ناوچەکە و جیهان بە گشتیی ڕێژەی ژمارەی دکتۆرەکان بۆ ژمارەی دانیشتوانەکە کەمە، بەڵام کەمێک زیاترە لە هەرێمی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست وەک لە زانیارییەکانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)دا هاتووە (شێوەی 6.1). هەولێر و سلێمانی ژمارەی دکتۆریان زیاترە (12.9 و 12.7بۆ 10,000 کەس لە دانیشتوان) و دهۆک کەمتری هەیە (5.3). ئامارەکانی 2004 ی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) ئەوە دەردەخەن کە عێراق بە گشتی 5 دکتۆری هەیە بۆ هەر 10,000 هاووڵاتییەک. بە گوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستی، نزیکەی 16 لە سەتی سەرجەم دکتۆرەکان (950 لە 5,819) "پسپۆڕ/تایبەتمەند"ن – لە بوارەکانی نەشتەرگەری، پزیشکایەتیی هەناوی گشتیی، منداڵان، منداڵبوون/ژنان، و نزیکەی 84 لە سەتیان موماریسی گشتیین کە دوو یان سێ ساڵ مەشقی پاش کلینیکیان بینیوە پاش دەرچوون لە زانکۆ. لە ئێستا نزیکەی 260 دکتۆر ساڵانە لە خوێندنگە پزیشکیەکانی کوردستان دەردەچن، و ئەمەش ڕێژەی دکتۆرەکان بۆ ژمارەی هاووڵاتیان زیاتر یان کەمتر بە سەقامگیری دەهێڵێتەوە بە زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیان بەم ڕێژانەی ئێستای، بەڵام زیادبوونی ژمارەی دکتۆرەکان بەم ئاستەی ئێستای ناتوانێت کەموکووڕییەکە چارەسەر بکات بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە.

خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆری کەتی گشتیی تەنێ پشت بە خزمەتگوزاریی ئیلزامیی یەک ساڵی دکتۆرە موماریسە گشتییە تازەکان دەبەستێت، ئەمانە ساڵێک یان دوو ساڵ مەشقی (نیشتەجێ)ی کلینکییان بینیوە پاش دەرچوونیان لە کۆلیژە، و دوای ئەوە بۆ یەک ساڵ بۆ دواجار دەگەڕێنەوە بۆ مەشقی نیشتەجێی و ئنجا دەتوانن دەست بکەن بە تایبەتمەندێتی. ئەوانەیان کە هەرە کارزانن دەتوانن شوێنێک لە کلینیکی شارەکان بۆ خۆیان دابین بکەن، ئەوانەی تریشیان ڕەوانە دەکرێن بۆ بنکە تەندروستییەکان لە ناوچە دوورەکان و وا باوە لەوێ تاکە دکتۆرێکی کلینیکەکە بن.

ساڵی ڕاستەقینەی خزمەتگوزاریی سەپێندراوی کلینیکی لە نێو ساڵانی مەشقی پاش تەواوکردنی زانکۆ بە ساڵێکی فەرمی مەشقی کلینیکی دانانرێت: چونکە لەم ساڵەدا، ئەم دکتۆرانە هیچ سەرپەرشتییەکی فێرکاری نابینن، یان پشتگیریی تر لە بواری گەشەپێدانی کارزانی، و بە شێوەیەکی سنووردار دەستیان دەگاتە سەرچاوەی پسپۆڕانە، وەک ئینتەرنێت و جۆرناڵی پزیشکی. لە سەرنج و تاوتوێکانمان لەگەڵ چەند دکتۆرێک لەم دکتۆرانە، و سەرنجی بەرپرسانی تەندروستی، ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم دکتۆرە

**شێوەی 6.1**
**ژمارەی دکتۆر بۆ هەر 10,000 کەسێک لە کوردستان و لە هەندێک وڵاتی تر**




سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان، World Statistics 2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە، 2009.
RAND *MG1148-6.1*


گەنجانە نەوەک هەر تەنێ ماندوونەناسن بەڵکو هەروەها زۆر پەرۆشن بۆ تەواوکردنی خزمەتگوزاریی ئیلزامی و گەڕانەوە بۆ خوێندن و مەشقی تایبەتمەند و کارکردن لە شار. بە نزیکەیی هەموویان بەیانیان خزمەتگوزاریی کلینیک پێشکەش دەکەن و پاش نیوەڕان نەخۆشی تایبەت دەبینن. هەموو ئەو دکتۆرانەی مەشقی کلینکیی تەواو دەکەن کاریان لە حکومەت پێدەدرێت (مووچە و خانەنشینی)، بەڵام مووچەکانیان لە بەرامبەر کاریان لە کەرتی گشتیی زۆر کەمە و پارەیەکی زۆر زیاتر لەوە لە بینینی نەخۆشی تایبەت پەیدا دەکەن.

**پەرستیاران**

بە گوێرەی وتەی بەرپرسانی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرنجەکانی خۆمان، گرفتی بواری پیشەی پەرستیاری ئێجگار سەختە. ڕاپۆرتی ساڵانەی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی ئەوە دەردەخات کە لە سەرتاسەری هەرێم 8,860 پەرستیار هەیە، یان نزیکەی 17.0 پەرستیار بۆ هەر 10,000 کەسێک لە هاووڵاتیان. ڕوون نییە ئاخۆ ئەم ژمارەیە بۆ هەر سێ ئاستە سەرەکییەکە (لە چوار ئاستەکە)ی پەرستیارانە (زانکۆ، خوێندنگەکانی پەرستیاری، و پەیمانگەکانی تەندروستی) یان بۆ هەر چوار ئاستەکەیە بە یاریدەدەرانی پەرستیاری و مامانیشەوە (مامانەکان تەنێ یەک خولی مەشق دەبینن بەڵام بەوانیش دەگوترێت پەرستیار). ڕێژەکانی کۆی ژمارەی پەرستیاران و مامان بۆ هەر 10,000 کەسێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە لە شێوەی 6.2 پیشان دراوە. ژمارەی پەرستیاران بۆ ژمارەی هاووڵاتیان لە کوردستان زیاترە وەک لە هەندێک وڵاتی تر (وەک لوبنان، تورکیا، ئێران، و سوریا) بەڵام کەمترە لە هەندێک وڵاتی تر (وەک ئوردن، میسر، عومان، ئیمارات،و قەتەر). بە وتەی بەڕێز وەزیری تەندروستی، *ژمارەی* پەرستیاران لە کوردسان هێندە گرفتێکی گەورە نییە بە بەراورد لەگەڵ گرفتەکەی لە *بواری دابەشکردنیان، کارزانییەکانیان، و شایستەییان* لە هەموو ئاستەکاندا.

وەزیر و زۆربەی بەرپرسەکانی تری تەندروستی نیگەرانن لە ناشایستەیی مەشقی پەرستیاران (کە دکتۆرەکان پێشکەشیان دەکەن، نەوەک فێرکاری پەرستیاریی)، لە نەبوونی پێناسەیەک بۆ شارەزایی پەرستیاری، و لە نەبوونی پێناسەیەک بۆ ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان و ئەرکەکان، بۆیە لە ئەنجامدا وەک پێویست لەخزمەتگوزاری کلینکی و ئەمبولاتۆری سوود لە پەرستیاران وەرناگیرێت.

**شێوەی 6.2**
**پەرستیار و مامان بۆ هەر 10,000 کەسێک لە دانیشتوان، لە کوردستان و لە هەندێک وڵاتی تر.**




سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان، World Statistics 2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە، 2009.
RAND MG1148-6.2

بۆ کارکردن لەسەر چارەسەرکردنی ئەم گرفتانەی پەیوەستن بە پیشەی پەرستیاران، لەم دواییەدا لە هەر پارێزگایەک فەرمانگەیەکی پەرستیاران کرایەوە، پێشبینی دەکرێت تا ناوەڕاستی 2012 وەسفی وەزیفییان بۆ دابڕێژرێت، تا شوباتی 2011 ئەمانە یەکلا نەکرابوونەوە.

#### کارمەندانی تری تەندروستی


ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی تەندروستی هەروەها ژمارەی دانساز و دەرمانسازەکان و ڕێژەکەیان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووانەکە دەردەخات. شێوەکانی 6.3 و 6.4 بریتین لە بەراورد لە نێوان ژمارەی دانساز و دەرمانسازەکان بۆ 10,000 کەس لە هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ڕێژەکانیان لە وڵاتانی تر. ژمارەکان بە ڕوونی ئەوە دەردەخەن کە ژمارەی دانساز و دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی ئێجگار کەمترە لەوەی وڵاتانی ناوچەکە، لەوەی هەرێمی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)، و جیهانیش بە گشتیی.

## ئامانجەکانی سیاسەتی بەرەوپێشبردنی کارمەندانی تەندروستی

لە شیکردنەوەی داتاکان و تاوتوێی ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەر و کارمەندانی تەندروستی و ئەزموونی وڵاتانی ترەوە، ئێمە پێشنیاری چەند سیاسەتێک دەکەین بۆ بەرەوپێشبردنی دەستی کاری تەندروستی لە کوردستان:


- ئامانجی 6.1: چاکترکردنی شارەزایی کارمەندان لە ڕێی پەروەردە و خوێندن و مەشقەوە — لە بەراییدا جەخت بخرێتە سەر دکتۆر و پەرستیاران و ئنجا کارمەندانی تری تەندروستی وەک دانساز، دەرمانساز، و کارمەندانی تاقیگە.
- ئامانجی 6.2: باشترکردنی دابەشکردن و ئەدای کارمەندانی تەندروستی لە ڕێی چالاکیی لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان.

**شێوەی 6.3**
**دانسازەکان (دکتۆرەکانی دان) بۆ 10,000 کەس لە دانیشتوان لە کوردستان و لە هەندێک وڵاتی تر**




سەرچاوە: رێکخراوی تەندروستیی جیهان، World Statistics 2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە، 2009.
RAND *MG1148-6.3*

**شێوەی 6.4**
**دەرمانسازەکان (صیدلانی) بۆ 10000 کەس لە دانیشتوان لە کوردستان و لە هەندێک وڵاتی تر**




سەرچاوە: رێکخراوی تەندروستیی جیهان، World Statistics 2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی وەرگیراوە، 2009.
RAND *MG1148-6.4*

## زانیاری سەرەتایی و پاساو

### گەشەپێدانی کارمەندانی شارەزا

دڵی هەر سیستمێکی خزمەتگوزاریی تەندروستی بریتییە لە کارمەندانی مەشقدیتە. ژمارە و کواڵیتیی کارمەندانی تەندروستی بە شێوەیەکی بەرچاو کار دەکاتە سەر دەرەنجامە تەندروستییەکان، لەنێویاند نیشاندەرە سەرەکییەکانی وەک داپۆشینی کوتان، ژیانی ساوا، منداڵ، و دایکانی دوو گیان، و دەرەنجامەکانی


نەخۆشییەکانی وەک دڵ، و بەدخۆراکی (WHO, 2006). سەرەڕای ئەمەش، ئەو بڕیارانەی کارمەندانی تەندروستی دەیدەن بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئاخۆ سەرچاوەکان بە کارایی و چوستی بەکاردەهێنرێن، یان بەفیڕۆ دەدرێن و بە هەڵە بەکاردەهێنرێن. کارمەندی مەشقدیتە بە باشترین شێوە سەرچاوەکانی بەردەست بەکاردەهێنێت. هەروەها کارمەندانی تەندروستی لە پێگەیەکدان دەتوانن بەرەوپێشچوونی بواری سیستمی تەندروستی دەستنیشان بکەن و جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی باش مەشقیان پێبکرێت و هان بدرێن.

بابەتی کارمەندانی تەندروستی هێندە کاریگەرە لەسەر گەیاندنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان کە (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) (2006) سەرتاسەری ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی لە 2006 تەرخان کرد بۆ ئەم بابەتە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، دابینکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستی نزیکەی دوو لە سێی کارمەندانی تەندروستی پێک دەهێنن کە 59 ملیۆن کارمەندە، یەک سێیەکەی تر بریتین لە بەڕێوەبەرانی تەندروستی و کارمەندانی پشتگیری. چڕی هێزی کاری تەندروستی کەبەلایەنی کەمەوە لەخوارەوەی نزمترین ئاستە 2.5 – 2.2ی کۆی ژمارەی کارمەندانی تەندروستییە بۆ هەر 1000 کەسێک و بەم ڕێژەیەوە مەحاڵە بتوانرێت داپۆشینی پێویست ئەنجام بدرێت بۆ چالاکییە تەندروستییە بنەڕەتییەکان، بەو چالاکییانەشەوە کە لە دووتوێی (ئامانجەکانی گەشەسەندن بۆ هەزارەی سێیەم، MDG) دا هاتوون. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەیەکی دەستگای رۆکفیلەر باسی ئەوە دەکات کە چڕیی کەمتر لە ڕێژەی 2.5 ژمارەی کارمەندانی تەندروستی (تەنێ دکتۆرەکان، پەرستیاران، و مامانەکان) بۆهەر 1000 کەسێک لە دانیشتوان نەیتوانیوە ڕێژەی 80 لە سەتی حاڵەتەکانی لەدایکبوون بە ئامادەبوونی کارزانێک لە بواری منداڵبوون یان بۆ کوتانی سوورێژە داپۆشێت (Che ne tal., 2004). ئەو بابەتانەی دەبنە مایەی کەموکووڕیی کارمەندانی تەندروستی بریتین لە کەمیی مووچە و کرێ، بەڕێوەبەرایەتیی ناپشتگیرکار، پیشان نەدانی ڕێزیی کۆمەڵایەتی پێویست پێیان، و لاوازیی گەشەسەندنی پیشەیی. کوردستان لە سەروو تخووبی لای کەمە، کە نزیکەی 28 کارمەندی تەندروستی هەیە (دکتۆر، پەرستیار، و مامان) بۆ هەر 10000 کەسێک لە هاووڵاتیان، یان 2.8 بۆ 1000 کەس. بەڵام پێویستە بە باشی مەشق بە کارمەندانی تەندروستی بکرێت و بە شێوەیەکی گونجاو دابەش بکرێن تا بتوانن چارەسەر دابین بکەن بۆ زیادبوونی حاڵەتەکانی نەخۆشیی درێژخایەن، وەک شەکرە، بۆ ژمارەیەکی زۆر دانیشتوان کە بەردەوام ژمارەیان زیاد دەکات، هاوکاتیش دابینکردنی پێداویستییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بنچینەیی، وەک کوتان و نەخۆشییە درمییەکان.

بەڕێوەبردنی کارمەندانی تەندروستی "بۆ ئەوەی کارمەندی گونجاوی خاوەن کارزانیی گونجاو لە شوێنی گونجاو دابنرێت و کاری گونجاو بکات" (WHO, 2006, p.xx) پێویستی بەوەیە ڕەچاوی تەواوی ماوەی ژیانی کارمەند بکرێت، هەر لە سەرەتاوە (پلاندانان، دامەزراندن، و خوێندن) تا کاتی دەرچوونی (وەک خانەنشین بوون)، وەک لە شێوەی 6.5 پیشان دراوە. ئامادەکردنی دەستی کار، وەک دکتۆر و پەرستیار و کارمەندانی ئاستی مامناوەندی، و هی تر، پێویستی بە پلاندانانی ورد و وەبەرهێنانی ستراتیجییە لە خوێندن و مەشقدا، هەمووی بە شێوەیەک دابڕێژرێت کە بتوانێت کار لەسەر ئەولەوییەتە سەرەکییەکانی سیستمی تەندروستی وڵات بکات. کاتێک مەشق بە کارمەندان کرا، ئەوسا پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو بەڕێوەبردنیان بکرێت، و چاودێریی کارزانییەکان بکرێت، و بەردەوام کارزانییەکان پارێزگارییان لێ بکرێت و نۆژەن بکرێنەوە. هەروەها، بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی ئەم سەرمایە مرۆییە، پێویستە لە ڕێی هەندێک سیاسەتەوە کەمبوونەوەی ژمارەیان لە ئەنجامی خانەنشینی و کۆچەوە کەم بکرێتەوە.

کلیلی سەرەکی بۆ ئامادەکردنی دەستی کار بریتییە لە دامەزراندنی دەستگای بەهێزی پەروەردەیی و ڕێکخستن بە گوێرەی پلانێکی ستراتیجیی تۆکمە. پێویستە پلانی دەستگاکانی خوێندن و پەروەردە نەوەک تەنها دروستکردنی باڵەخانە و فێرکار لەخۆبگرێت، بەڵکو پێویستە بەرنامەی ئەوتۆ لەخۆبگرێت کە جەخت بخاتە سەر بوارە سەرەکییەکانی کار، وەک چاودێریی سەرەتایی و تەندروستیی لە ناوچە دوورەکان. هەروەها پێویستە مەشقی کارای پزیشکی بە فێرکارەکان بکرێت. سەرەڕای ئەمانەش، لەبەرئەوەی مەعریفەی پزیشکیی بە خێرایی بەرەوپێش دەچێت، پێویستە جەخت نەخرێتە سەر "زانینی هەموو شتێک" بەڵکو بخرێتە سەر "شارەزایی" درێژخایەن و کارزانیی مەشقدیتەکان بۆ ئەوەی بەردەوام بە درێژایی پیشەکەیان ئاشنا بن بە تازەترین شێوازەکانی کاری پزیشکایەتی. بەم شێوەیە سترەکچەرێکی کارای ڕێکخستن بریتییە لە توخمێکی پڕبایەخ و پێویستە تەنێ جەخت نەخرێتە سەر پابەندێتی بە شێوازی کاری گونجاو بەڵکو هەروەها جەخت بخرێتە سەر بایەخی درێژەدان بە خوێندن و مەشق و پاراستنی کارزانییەکان و نوێکردنەوەیان.

**شیوەی 6.5**
**ستراتیجەکانی دەستی کار لە ماوەی ژیانی کار**




سەرچاوە: *رێکخراوی تەندروستی جیهانی: راپۆرتی تەندروستی جیهانی 2006 - کارکردن بە هاوکاری لە پێناو تەندروستی*
RAND MG1148-6.5

**دابەشبوونی پسپۆڕانی پزیشکی، بە تایبەتی لە ناوچە بێبەشەکان**


دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان (دەرەوەی شارەکان)، گرفتێک نییە تایبەت بێت بە کوردستان. ڕاستییەکەی، لە سەرتاسەری جیهان ئەم گرفتە هەیە و جێی بایەخی لێکۆڵینەوەکان بووە. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، 20 لە سەتی دانیشتوان لە ناوچە دوورەکان دەژین، و تەنێ 9 لە سەتی دکتۆرەکان لەو ناوچانە خزمەت دەکەن. لە کەنەدا، 24 لە سەتی دانیشتوانەکە لە ناوچە دوورەکان دەژین، بەڵام تەنێ 9.3 لە سەتی دکتۆرەکان لەو ناوچانە کار دەکەن (بڕوانە شێوەی 6.6). دەتوانین ئاماری هاوشێوە لە کوردستانیش ببینین. وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، نزیکەی 61 لە سەتی کۆی دانیشتوانی هەرێم لە دەرەوەی شارەکان دەژین، هەموو ئەم شوێنانە دوورەدەست نین، چونکە شارۆچکەشیان لێیە. زانیاریمان دەست نەکەوت لەسەر ژمارەی ئەو دکتۆرانەی لە ناوچەکانی خوار ئاستی پارێزگاوە کار دەکەن و بەم شێوەیە نەمانتوانی بە وردی وەسفی دابەشبوونی دکتۆرەکان یان کارمەندی تری تەندروستی بکەین لەم ئاستەدا.

(ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) باسی هەندێک فاکتەر دەکات کە کار دەکەنە سەر هەڵبژاردە و بڕیاری دکتۆر و پەرستیار و مامانەکان بۆ کارکردن لە ناوچە دوورەکان، ئەمانە پۆلێن دەکرێن بۆ دوو جۆر: بۆ فاکتەرەکانی "ڕاکێشان" کە کارمەندەکان ڕادەکێشن و بۆ فاکتەرەکانی "پاڵپێوەنان" کە دووریان دەخەنەوە (خشتەی 6.1).

لێکۆڵینەوەکانی ئوسترالیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان باسی فاکتەری هاوشێوە دەکەن، وەک پێشبینی قەرەبووی زیاتر بۆ ئەو دکتۆرانەی لە ناوچە دوورەکان خزمەت دەکەن، دەرفەتی خوێندن کەمە بۆ منداڵی دابینکارانی تەندروستی، ماندووبوونێکی زۆر و ژمارەیەکی زۆر نەخۆش و کاتی حەوانەوەش نییە، هەروەها هەست بە گۆشەگیری دەکەن، پشتگیری هاوڕێیانی لێ نییە، ناتوانرێت لەگەڵ هاوڕێیان یان ڕاوێژکاران تاوتوێی بابەتی پزیشکی بکرێت (Simmons et al., 2002; Williams, Ehrlich, and Prescott, 2001). لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، کۆمەڵگە دوورەکان بچووکن، هەژارن، و گۆشەگیرترن و بە زەحمەت کلینیککار لایان دەمێنێتەوە لەبەر نیگەرانیی لە گۆشەگیری، دەستگای کەمی تەندروستی، نەبوونی هەلی کار و خوێندن بۆ خێزانەکانیان (IOM, 2005).

هەندێک بڵاوکراوە زانیاری باشیان تێدابوو لەسەر دەستپێشخەری بۆ چاکترکردنی دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی و بەڵگە لەسەر سەرکەوتوویی ئەم دەستپێشخەرییانە. هەرە پتەوترین دەستپێشخەری بریتی بوو لە (Cochrane Collaboration)، کە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی ئەنجام دا لەسەر بڵاوکراوە و کتێبەکان و 1844 ناونیشان گەڕا. بۆیان دەرکەوت کە هیچ لێکۆڵینەوەیەک ئەو پێوەرە گشتگیرەی پێداچوونەوە سیستماتیکییەکەیانی تێدا نەبووە (Groble re tal., 2009).

**شێوەی 6.6**
**بەراوردی نێوان دانیشتوانی ناوچە دوورەکان و دکتۆری ناوچە دوورەکان، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا**




RAND *MG1148-6.6*

**خشتەی 6.1**
**ئەو فاکتەرانەی دەبێتە مایەی ڕاکێشانی کارمەندانی تەندروستی بۆ ناوچە دوورەکان، و ئەو فاکتەرانەی دەبنە مایەی دوورکەوتونەوە لێی**

| فاکتەرەکانی ڕاکێشان | ئەو فاکتەرانەی دەبنە مایەی دوورکەوتنەوە |
|---|---|
| هەلی باشتری کار و دامەزراندن (وەک، دەستگەیشتن بە پەروەردە و خوێندن و گەیاندن و گەشەسەندنی پیشەیی)، داهات و مووچەی باشتر<br>هەلومەرجی کار و ژیانی باشتر<br>ژینگەیەکی هاندەر بۆ خۆ و خێزان<br>سەرپەرشتیی باشتر | نادڵنیایی لە وەزیفە<br>ژینگەی لاوازی کۆمەڵایەتی و ئابووری<br>هەلومەرجی لاوازی کار و ژیان<br>لاوازیی دابینکردنی خوێندن بۆ منداڵی کارمەند نەبوونی هەلی کاری گونجاو بۆ هاوسەری کارمەند<br>باری گرانی کار |

سەرچاوە: (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)، 2009a.

لەگەڵ ئەمەشدا، زانیارییان تێدابوو لەسەر شێوازی مژدەبەخش بەڵام ئەم شێوازانە پێشتر تاقی نەکراونەتەوە بە شێوازی پتەوی پێویست. زنجیرەیەک کۆبوونەوەی پسپۆڕان بە سپۆنسۆری (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) لە شوباتی 2009- ەوە دەستی پێکرد و ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کرد لەسەر بابەتی "زیاترکردنی کارمەندانی تەندروستی لە ناوچە دوورەکان لە ڕێی چاکترکردنی مانەوەیان" (WHO, 2009a). هەروەها، ڕاپۆرتی IOM ی 2005 هەندێک گۆشەنیگای پڕبایەخی تێدایە لەسەر دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی (IOM, 2005).

پێداچوونەوە سیستماتیکییەکەی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) و (Cochrane Collaboration) ستراتیجەکانی دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەندان پۆلێن دەکەن بۆ چوار پۆلێنی بەرفراوان:

- تدخلات دەستپێشخەریی بۆ گەشەسەندنی پەروەردەیی و پیشەیی بەردەوام
- دەستپێشخەریی لە بواری ڕێسا و ڕێکخستن
- حەوافزی دارایی
- پشتگیریی بەڕێوەبردن، ژینگەی کار، و کۆمەڵایەتی

لیژنەی پسپۆڕانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) لێکۆڵینەوەی لە 31 دەستپێشخەریی 15 وڵات کرد. خشتەی 6.2 ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوانە پیشان دەدات کە تایبەتن بە ستراتیجی جۆراوجۆر بۆ مانەوەی کارمەندان لەو چوار بوارەی سەرەوە، بە گوێرەی بەڵگەی بەهێز، مامناوەندی، و لاواز بۆ هەر ستراتیجێک پۆلێن کراوە.

**خشتەی 6.2**
**بناغەی بەڵگەیی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان بۆ سیاسەتەکانی هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی**

| | پتەویی بەڵگە (ژمارەی لێکۆڵینەوە) | | |
|---|---|---|---|
| | بەهێز | مامناوەندی | لاواز |
| سیاسەتی گەشەپێدانی پەروەردەیی و پیشەیی | 4 | 6 | 1 |
| دامەزراندنی شوێنە دوورەکان | 3 | 2 | 0 |
| کارکردن لە شوێنە دوورەکان لە کاتی مەشقدا | 1 | 2 | 0 |
| درێژەدان بە خوێندن | 0 | 1 | 1 |
| دەرفەتی کار لە خزمەتی مەدەنی/کەرتی گشتیی | 0 | 1 | 0 |
| سیاسەتی رێکخستن | 1 | 3 | 1 |
| زیاترکردنی دەستی کار | 1 | 1 | 0 |
| خزمەتی ئیلزامی لە ناوچە دوورەکان | 0 | 2 | 1 |
| حەوافزی دارایی | 3 | 0 | 2 |
| سەرمووچە | 2 | 0 | 1 |
| زەمالەی خوێندن، قەرز | 1 | 0 | 0 |
| دەرماڵە بۆ خانوو، خوێندن، تاد | 0 | 0 | 1 |
| حەوافزی ژینگەی شوێنی کار (بارودۆخی ژیان و کار) | 0 | 0 | 3 |
| چەند سیاسەتێک | 1 | 1 | 1 |
| حەوافزی دارایی، پیشەیی و شێوازی ژیان | 1 | 1 | 1 |

سەرچاوە، بە دەستکارییەوە لە Palu، 2009.

لیژنەی پسپۆڕانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) بەڵگەی بەهێزی دۆزییەوە لەسەر ئەوەی پسپۆڕانی تەندروستی خەڵکی ناوچە دوورەکان زیاتر ئامادەن لە ناوچە دوورەکان کار بکەن. بەڵگەکان هەروەها ئەوە دەردەخەن کە نۆرەی قوتابیانی پزیشکی لە ناوچە دوورەکان کاریگەری هەبووە لەسەر بڕیاری دواییان بۆ کارکردن لەو ناوچانەی وەک پێویست خزمەتیان ناکرێت. نۆژەنکردنەوەی پەیڕەوی پزیشکی بە شێوەیەک کە بابەتی تەندروستیی ناوچە دوورەکانیش لەخۆبگرێت دەبێتە مایەی چاکتربوونی شایستەیی و زیاتربوونی پەرۆشی بۆ کارکردن لەو شوێنانە. لیژنەیەکی پسپۆڕانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) بۆیان دەرکەوت کە دەستپێشخەریی بواری ڕێکخستن و ڕێسا ئەنجامی نائاشکرای هەبووە لە بواری کاراییدا. پلانی پێدانی قەرز، حەوافزی ڕاستەوخۆی دارایی، و بەرنامەی پزیشکیی-نیشەتجێ لەگەڵ نۆرە زۆرترین ڕێژەی تەواوکردنی خزمەتگوزاریی و مانەوەی دکتۆرەکانی هەبووە. حەوافزی دارایی ڕاستەوخۆ بۆ کارکردن لە ناوچە دوورەکان مژدەبەخش بووە، بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، بەڵام ئەنجامێکی ئەرێنی کەمی هەبووە لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان (مالی، زامبیا، و باشووری ئەفریقیا). هەروەها، پشتگیریی پیشەیی و کۆمەڵگەیی لە کارمەندانی ناوچە دوورەکان سیاسەتێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی هەڵسەنگاندنی چەندایەتی تا ئێستا لەو بارەیەوە لەبەردەست نییە، ئەم شێوازانە بریتین لە سەرپەرشتیی پشتگیریکارانە، ئینتەرنێت، پرۆژەی بەشدارپێکردنی کۆمەڵگەیی، و تۆڕی پسپۆڕان. لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتان هەڵسەنگاندن ئەنجام دراوە و ئەنجامەکان بڵاوکراونەتەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان (مالی، تایلاند، و زامبیای لێ دەرچێت).

پانێڵەکە بڕوای وایە کاتێک چەپکێک دەستپێشخەری ئەنجام بدرێت، نەوەک تەنێ یەک دەستپێشخەری، ئەوسا کاریگەرتر دەبێت (WHO, 2009a). بۆ نموونە، چەپکە دەستپێشخەرییەکەی تایلان لە گەشەپێدانی

پەروەردەیی و پیشەیی (دامەزراندن لە شوێنە دوورەکان، مەشقکردن لە دەستگا تەندروستییە دوورەکان، گەشەپێدانی کۆمەڵگەی پزیشکایەتی، و چاکترکردنی بەڕێوەبردنی کارمەندان)، و دەستپێشخەریی بواری ڕێسا و ڕێکخستن (خزمەتی ئیلزامی) و حەوافزی دارایی بوونە مایەی کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە جیاوازیی ژمارەی کارمەندانی تەندروستی لە ناوچە دوورەکان لە ماوەی 30 ساڵدا (WHO, 2009a). بەڵام، ئەمە چوارچێوەی کاتبەندییەکی بەرفراوانە و بڕیاربەدەستان تامەزرۆی گۆڕانکاریی خێراترن.

لیژنەی پسپۆڕانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) لە گۆشەنیگایەکی گشتگیرەوە پێشنیاری چەند ستراتیجێکیان کرد، وەک لە خشتەی 6.3 پیشان دراوە. ئەم خشتەیە ستراتیجەکان (یان ڕێگەچارەکان) لەخۆدەگرێت بە گوێرەی جۆری دەستپێشخەرییەکە.

شێوازێکی بەدیل بریتییە لە ڕێکخستنی ستراتیجەکان وەک ڕێگەچارەیەک بۆ هەندێک گرفتی دیاریکراو. خشتەی 6.4 بریتییە لە نموونەیەک لەسەر شێوازێکی لەو جۆرە لە لایەن (ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی). زۆربەی ئەو دەستپێشخەرییانەی WHO و USAID پێشنیاریان کردووە، خراونەتە ناو چەدن دەستپێشخەرییەکی بچووکەوە و لە بەشی داهاتووی ئەم چاپتەرەدا پێشکەش کراون. دەستپێشخەرییەکانی ئێمە بە گوێرەی دوو ئامانج ڕێکخراون کە پێشتر لەم بەشەدا باسیان کرا "ئامانجەکانی باشترکردنی دەستی کار".

لێکۆڵینەوە لە چەند وڵاتێک پێداچوونەوەکەی WHO ی ساخ کردۆتەوە. بۆ نموونە، پێدەچێت گەورەترین فاکتەرە ئەرێنییەکانی دامەزراندنی دکتۆری ناوچە دوورەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبەر ئەوە بووە کە بە خۆیان لە ژینگەیەکی لادێی هاوشێوە گەورە بوون، و ئەزموونی فێرکاریی پێویستیان بینیوە لە بواری ژینگەی لادێدا، و لە خوێندنگەیەکی پزیشکی خوێندوویانە کە جەختی کردۆتەوە لەسەر کارکردن لە ناوچە دوورەکان، و لە مەشقی خوێندنی پزیشکایەتییدا پزیشکایەتی

**خشتەی 6.3**
**ڕاسپاردە بۆ چاکترکردنی هێشتنەوەی کارمەندانی تەندروستی**

| پۆلێنی دەستپێشخەرییە | نموونە |
| --- | --- |
| دەستپێشخەریی خوێندن و درێژەدان بە گەشەی پیشەیی | دامەزراندنی ئەو قوتابیانەی لە گوندەکانەوەن بە ئەفزەلییەت، ئەگەری بەشدارییپێکردنی کۆمەڵگە لە هەڵبژاردنی قوتابییەکان<br>گۆڕینی مەنهەج بە شێوەیەک ڕەنگدانەوەی کاروبارەکانی تەندروستیی ناوچە دوورەکان و چاودێریی سەرەتایی بێت<br>دانانی ئەزموونی کۆمەڵگە و نۆرەی نۆرینگەیی لە لێکۆڵینەوەکان<br>دابینکردنی گەشەسەندنی پیشەیی پەیوەست بە خۆجێی و ناوچە دوورەکان، وەک ڕێچکەی پیشەیی<br>دانانی خوێندنگەی پزیشکی و پیشەی تری تەندروستیو بنکەی مەشق لە ناوچە دوورەکان |
| دەستپێشخەریی لە بواری ڕێکخستن | بە مەرجدانانی خزمەت لە ناوچە دوورەکان، بە تەنێ یاخود لەگەڵ حەوافز<br>ڕێکخستن و دانانی مەودای سەلامەتی مومارەسە بۆ هەر جۆرە کارمەندێک<br>ئاسانکردن و ڕێکخستنی عیادەی تایبەت بە شێوەیەکی سنووردار<br>دابینکردنی زەمالەی خوێندن لە بەرامبەر خزمەت لە ناوچە دوورەکان<br>بەرهەمهێنانی کارمەندی نوێ کە خوازیار بن لە ناوچە دوورەکان کار بکەن (گۆڕینی ئەرک، جێگرتنەوە، کارمەندانی ئاستی مامناوەندی) |
| حەوافزی دارایی | پێدانی دەرماڵەی دووری یان هی ناوچە دوورەکان، هەروەها حەوافزی دارایی ناڕاستەوخۆ (یەکەی نیشتەجێکردن، گواستنەوە، خوێندنی منداڵان)<br>پێدانی پشتگیریی دارایی بۆ دکتۆرە گەنجەکان بۆ ئەوەی عیادەی تایبەت بکەنەوە لە ناوچە دوورەکان<br>دانانی مووچە لە بەرامبەر ئەدا |
| بەڕێوەبردن، ژینگەی شوێنی کار، پشتگیریی کۆمەڵایەتی | چاکترکردنی ژینگە و بارودۆخی کار، سەلامەتی، دەستگەیشتن بە تەکنەلۆجیا، کەرەستە و کەلوپەل، دەرمان<br>چاکترکردنی ئاستی ژیان لە ناوچە دوورەکان – دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ و یەکەی نیشتەجێ و مۆبایل، خوێندن بۆ منداڵان، هەلی کار بۆ ئەندامانی خێزان، دەرفەتی کۆمەڵایەتیی/فەرهەنگیی، بەشدارییکردنی کۆمەڵگە<br>بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان: وەسفی وەزیفی، پێناسەی ئاستەکانی کارزانی، چاودێریی و هەڵسەنگاندنی پشتگیریکارانە، گەشەپێدانی پیشەیی<br>کەمترکردنەوەی هەستکردن بە گۆشەگیریی لە ڕێی تۆڕی پیشەیی و تایبەتمەندەوە، یەکێتییەکانی پیشەکارانی ناوچە دوورەکان، بەرنامەی پەیوەندیی تایبەت، تێلیمیدیسن، ڕێچکەی گونجاوی پیشەیی<br>پێدانی دەرفەت و ڕێوشوێنی دانپێدانانی کۆمەڵایەتی |

.SOURCE: Adapted from WHO, 2009b

**خشتەی 6.4**
**چارەسەری شیکارکراو بۆ کێشەکانی سەرچاوە مرۆییەکان**

| ئاریشە | دەستپێشخەریی |
|---|---|
| کەمیی کارمەندی پسپۆڕ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان | مەشقکردن بە کارمەندانی ئاستی خوارەوە و کارمەندانی کۆمەڵگەی تەندروستی لەسەر ئەو ئەرکانەی کەمتر داواکارییان لەسەرە.<br>گواستنەوەی ئەو ئەرکانە بۆ ئەمان<br>هەڵگرتنی سیاسەتی خانەنشینی بە زۆر لە کەرتی گشتیی |
| هێشتنەوە | مووچەیەکی لەبار<br>دانانی خشتەی مووچە<br>دەرماڵە لە بەرامبەر کاری زێدە<br>دروستکردنی ژینگەیەکی باشی کار<br>بەرفروانکردنی بەرنامەی سوودەکان و دەرماڵەکان |
| پاڵنەر | چاکترکردنی مووچە و قەرەبوو، جەختکردنەوە لە دانی مووچە لە کاتی خۆیدا.<br>دابینکردنی سیستمێکی کارای بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی<br>گۆڕینی شێوازی سەرپەرشتیی سزا سەپێنی ئێستا (وەک کەمکردنەوەی حەوافزەکان، گلەیی، کە دەبنە مایەی ترس) و لە جیاتی ئەمە سەرپەرشتییەکی پشتگیریکارانە پیادە بکرێت<br>زیاترکردنی کەفائەی زاتی، مەشقکردن بە کارمەندان لەسەر ئەو بوارانەی داوایان لێ دەکرێت کاری تێدا بکەن، هەڵبژاردنی کارمەندان بە شێوەیەکی گونجاو، پێشبینییەکان ڕوون بن – وەسفی وەزیفی و ستاندارد بە روونی دابڕێژرێت و بگەیەندرێت، سیستمی هەڵسەنگاندن دابڕێژرێت، سەرنج و بۆچوون بدرێت بە کارمەندان لەسەر ئەدایان. پێوانەکردن و ئاگادارکردنەوە لە ئەنجامەکان، دانپێدانان و خەڵاتکردن. |
| دابەشکردنی نایەکسانی کارمەندان و هەندێک ناوچەش (دوورەکان) بە ڕێکوپێکی دانەپۆشراون | پێدانی حەوافزی وەک پارە، مووچە و دەرماڵە بەرامبەر زەحمەتیی کار لە ناوچە دوورەکان، دەرماڵەی تایبەت، قەرز، ئۆتۆمبیل، زەمالەی خوێندن، بەرزکردنەوەی پلە و پایە، بەرپرسیارێتیی کارگێریی، سوودمەندێتی لە پاکێجی خانەنشینی حەوافزی ناپارەیی وەک دەستخۆشی و سوپاسنامە، بەرنامەی دانپێدانان و ڕێزلێگرتنی جەماوەریی، چاکترکردنی وەرگرتنی قوتابیانی خەڵکی ناوچە دوورەکان. مەشق لەو شوێنەی دواتر پزیشکەکان دەوامی لێدەکەن |
| نەبوونی کارزانیی پێویست لە شوێنی کار لە ریزی دەرچووانی خوێندنگە پیشەییەکان | دانانی بازنەی وەرگرتنەوەی سەرنج و بیروبۆچوون و پەیوەندی نێوان خوێندنگە پیشەییەکان و وەزارەتی تەندروستی<br>دانانی قوتابیان لە دەستگاکان بۆ تەتبیق و ئەزموون بە بەکارهێنانی ستافی دەستگاکان یان خوێندنگەکان وەک دەستەی فێرکاریی |
| نەگەیاندنی سەرنج و بیروبۆچوون لەسەر ئەدای کارمەندەکان | پتەوکردنی سەرپەرشتیی:<br>دابینکردنی مەشقی کارگێڕیی بۆ هەڵسەنگێنەران و سەرپەرشتیاران.<br>پێناسەکردن و پتەوکردنی بازنەکانی پێداچوونەوە و چاوپێداخشاندنەوە |
| نەبوونی پلاندانانی هاوبەش و پێداچوونەوە لە نێوان کارمەندان و سەرپەرشتیاران | دارشتنی پرۆسەیەک بۆ ئەنجامدانی:<br>پلاندانانی هاوبەش بە گوێرەی وەسفی وەزیفی و گرێدانی بە پەیام و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەوە<br>پێداچوونەوەی ئەدای کارمەندان ناوبەناو |
| سەرپەرشتیی سزاسەپێن یان توند | مەشقکردن بە سەرپەرشتیاران لەسەر تەکنیکەکانی سەرپەرشتیی پشگیریکارانە پیادەکردنی خۆ-هەڵسەنگاندن لە دەستگاکان. |
| نەبوونی سەرپەرشتیی ناوبەناو و ڕێکوپێک | بەکارهێنانی سەرپەرشتی لە خودی شوێنەکە (بەرپرس، هاوشان)<br>مەشقکردن بە پشکێنەرەکانی تەندروستی لەسەر سەرپەرشتیی و پشتگیریی سەرپەرشتیی لە شوێنی کارەکە. |

سەرچاوە: Islam, 2007

خێزانیان خوێندووە، نموونە یان راوێژکاریان هەبووە (وەک، لەناو خێزان یان لە کۆمەڵگەی پزیشکی یان لە تەندروستیی ناوچە دوورەکان)، یان بریاریان داوە بچنە بواری پزیشکایەتیی خێزان (IOM, 2005; Williams, Ehrlich, and Prescott, 2001). دوو فاکتەرەکەی یەکەم هۆکاری هەڵبژاردنی کارکردن بوون لە شوێنە دوورەکان لای دکتۆرەکانی نەرویج: زیاتر لە 50 لە سەتی دکتۆرەکان باکگراوەندێکی لادێیان هەبوو، مەشقیان لە ناوچەی دوور بینیبوو، و هاوسەرەکەیان باکگراوەندێکی لادێی هەبوو، لە کاتێکدا کەمتر لە 10 لە سەتی ئەو دکتۆرانەی هۆکاری ئەم جۆرە فاکتەرەیان نەبوو، ناوچە دوورەکانیان هەڵبژاردبوو (Kristiansenand Helga,1992).

(ئینستیتوتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ دەرمان، 2005) (IOM)پێشنیاری ئەوەی کردووە سیاسەتەکانی دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەندان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرجەم هەنگاوەکانی (هێڵی دەستی کار) پیادە بکات – قوتابیانی بنەڕەتی و ئامادەیی، کۆششی قوتابخانەکانی پیشەی تەندروستی بۆ ڕاکێشانی کۆمەڵگە لادێییەکان و پەروەردە/مەشقکردن بە کارمەندەکان لە شوێنی لەو جۆرە، و حەوافز بۆ پیشەکاری مەشقدیتە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لە کۆمەڵگە دوورەکان دابمەزرێت و بمێنێتەوە. ئەزموونی کەنەدا، ئوسترالیا، و ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوە دەردەخات کە ئەو سیاسەتانەی دەرفەتی نۆرە (رۆتەیشن)ی کلینکیی ڕاوێژکاریی باش دابین دەکەن بۆ مەشقدیتەکان دەبنە مایەی بەرهەمهێنانی ئاستێکی باش لە دامەزراندن و مانەوە- کارزانی و ئەزموونی دکتۆرەکانی ناوچە دوورەکان پتەوتر دەکات و هەستی گۆشەگیری کەمتر دەکاتەوە. سیاسەتی لەم جۆرە پێویستە تەریب بێت لەگەڵ پشتگیریی ئەکادیمی، گەشەسەندنی شارەزایانە، و خزمەتگوزاریی زانیاریی (Tesson et al., 2005). هەروەها، ڕەنگە بتوانرێت مەودای کارێک لە ناوچە دوورەکان فراوانتر بکرێت (ئەمەش ڕەنگە دەرفەتی بێ وێنەی گەشەپێدانی پیشەیی دابین بکات و بەم شێوەیەش هەندێک کارمەندی تەندروستی بە پەسەندی بزانن)، یان ڕەنگە مەوداکە تەسک بێت (لەم حاڵەتەدا کەمتر پەسەندە). سیاسەتەکانی هێشتنەوەی کارمەند لە شوێنی کار پێویستە هەندێک خاڵ ڕەچاو بکات.

لە هەر شوێنێک کارمەندانی تەندروستی کار بکەن –ئنجا لە شار بێت یان لە دەرەوەی شارەکان- پێویستە بەردەوام مەعریفە و شارەزاییان پەرەی پێبدرێت. شێوازەکای درێژەدان بە مەعریفە و شارەزایی نوێ بریتین لە CME، زانیاری لە ئینتەرنێت و پەروەردە و خوێندن، و دەرفەت بۆ ڕاهێنانی واقعی و نمایش لەسەر پیادەکردنی کارزانییە کرداریەکان. پێویستە سیاسەتەکان بە شێوەیەک دابڕێژرێن کە کارزانییەکان نۆژەن بکەنەوە لەسەر ئەو حاڵەتانەی کەم دەبینرێن و ئەو حاڵەتانەی کەمتر کردەی پزیشکییان لەسەر دەکرێت.

بەکارهێنانی هاوکارانی پزیشک – وەک پەرستیاری مومایس و یاریدەدەری پزیشک- دەتوانێت پێداویستبوونی دامەزراندنی دکتۆر و کولفە کەم بکاتەوە. ئەم جۆرە مومایسانە رۆڵیان هەیە لە چاکترکردنی چوستیی سیستەمەکە. ئەو ژمارە زۆرەی کار و چالاکی لە ناوچە دوورەکان ئەنجام دەدرێت ڕەنگە هاندەرێک بن بۆ پسپۆڕانی تەندروستیی لەو جۆرە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە دووچاری هەمان ئەو کۆتوبەندانە دەبن کە دکتۆرەکان لە ناوچە دوورەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە کاتی هەڵبژاردنی شوێنی کار (Williams, Ehrlich, and Prescott, 2001). کارمەندانی بواری پەرستیاریی دەتوانن وەک هاوکار و یاریدەدەری پزیشکان کار بکەن بەڵام پێویستە مەشقی گونجاو ببینن، پێویستە بە باشی پێناسەی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان بکرێت، و پێویستە ڕێوشوێن و ڕێسا لە ئارادا بێت بۆ ئەوەی دیدگە هەبێت لەسەر سنوور و مەودای کارەکانیان. بە بۆچوونی سەرجەم ئەو بەرپرسە تەندروستییانەی ئێمە سەردانمان کردن، پیشەی پەرستیاری لە کوردستان بە تایبەتی پێویستی بە چاکسازیی گەورەیە – وەک، پەروەردە و خوێندن، مەشق، پێناسەکردنی مەودای کار و وەسفی وەزیفی، و گەشەی بەردەوامی پیشەیی، و هی تریش

چۆن دەتوانرێت دەرەنجامی ئەم دەستپێشخەرییە جۆراوجۆرانە هەڵبسەنگێندرێت؟ ((WHO (2009a) پێشنیاری چەندین ڕێوشوێنی کردووە وەک پێوەر بۆ بەدواداچوونی بەرەوپێشچوونی مانەوەی دەستی کار:

- گۆڕانکاریی لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا لە ڕێژەی چڕیی کارمەندانی تەندروستیی لە نێوان شارەکان و دەرەوەی شارەکان
- ڕێژەی سەتیی ئەو کارمەندانەی تەندروستی کە لە ئەنجامی چالاکییەکانەوە بڕیاریان داوە لە ناوچە دوورەکان/دەرەوەی شارەکان کار بکە
- ماوەی خزمەتی کارمەندی تەندروستی لە شارەکان و لە دەرەوەی شارەکان
- ژمارەی سەردانی نەخۆشی دەرەوە لە ناوچە دوورەکان بەر لە/وەدوای پیادەکردنی دەستپێشخەرییەکانی شوێنی کار
- ڕەزامەندیی نەخۆش لە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ناوچە دوورەکان، رەزامەندیی کارمەندان – بەر لە/وەدوای دەستپێشخەرییەکان
- نیشاندەرەکانی دەرەنجامی تەندروستی لە شارەکان و دەرەوەی شارەکان
- جوولەی کارمەندانی تەندروستی (وەک لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، یان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر) لە بەرامبەر ڕێژەی دەوامکردنیان، ئامادەنەبوونیان، بێکارییان، یان کارکردن لە دوو دەوام.

پانێلی پسپۆڕانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) هەروەها چەند پرسیارێکیان دەستنیشان کرد کە هێشتا لێکۆڵینەوەکە وەڵامێکی ڕوونی نەداوەتەوە:

- ئەو فاکتەرانە کامانەن کە کار دەکەنە سەر بڕیاری کارمەندانی تەندروستی لە هەڵبژاردنی شوێنی مانەوە و کارکردن؟
- چۆن دەستپێشخەرییەکانی مانەوە دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت بە شێوەیەک کە دانانی ستاف لە دەستگا تەندروستییە دوورەکان چاکتر بکات؟
- پێویستە چوارچێوەی ڕێسا و ڕێکخستن چی بێت تا بتوانرێت چەپکی هێشتنەوەی کارمەند دابڕێژرێت و پیادە بکرێت (وەک زیاترکردنی مووچە، بەرهەمهێنانی کارمەندی تەندروستی جۆراوجۆر، یان مەرجەکانی خزمەتی ئیلزامی)؟
- چۆن دەتوانرێت کاریگەری ستراتیجەکانی هێشتنەوە پێوانە بکرێت و هەڵبسەنگێندرێت؟

## هەندێک دەستپێشخەریی دیاریکراو بۆ بەرەوپێشبردنی دەستی کاری تەندروستی

لە خوارەوە هەندێک دەستپێشخەریی هەیە بۆ کارکردن لەسەر بەدیهێنانی دوو ئامانجی سیاسەت – خوێندن و مەشق بۆ چاکترکردنی شارەزایی و پسپۆڕێتی، و بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ چاکترکردنی دابەشکردن و ئەدای ستاف، بە تایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی وەک پێویست خزمەتیان نەکراوە. ئەم دەستپێشخەرییانە پشت بەم پرەنسیپانەی خوارەوە دەبەستن:

- سوود وەرگرتن لە لایەنە ئەرێنییەکانی سیستمی هەنووکەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوود وەرگرتن لە کردارە نموونەییەکان لە هەموو ئاستەکاندا.
- دەستپێشخەریی بۆ کارکردن لەسەر کارمەندان، کارمەندەکانی ئێستا (واتە ئەوانەی لە خزمەتدان) و کارمەندە تەندروستییە نوێیەکان (وەک خوێندن و مەشقی پێش دەستپێکردنی خزمەت، دامەزراندن)
- تەبا بێت لەگەڵ باشترین شێوازەکانی کاری عێراق و نێودەوڵەتی
- گەڕان بۆ شێواز و ڕێگەی داهێنەرانە.

**ئامانجی 6.1: پەرەکردنی شارەزاییە پسپۆڕییەکان لە ڕێی خوێندن و مەشقەوە**

یازدە دەستپێشخەری پێشنیار دەکەین بۆ چاکترکردنی پەروەردە و خوێندن و مەشق (پێیان دەگوترێت"ED"):

**ED-1: دامەزراندنی لیژنەیەکی پسپۆڕیی جێبەجێکار بۆ داڕشتن و چاودێریی ستانداردی نوێی پسپۆڕیی خوێندن، مەشق، مۆڵەتپێدان، دامەزراندنی قوتابیان لە پیشە جۆراوجۆرە پزیشکییەکان، و بەڕێوەبردنی دابینکردنی کارمەندانی پزیشکی بۆ ئەوەی بتوانێت بەرسڤی داواکاریی پێشبینیکراو بداتەوە.**

- باشترکردن و دەستکاریکردنی (بۆردی پزیشکانی هەرێم)
- ئەندامەکان بریتی بن لە، بەڵام هەر ئەمەندەش نەبن، وەزیری پلاندانان، وەزیری خوێندنی باڵا، وەزیری تەندروستی، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تەندروستی لە سێ پارێزگاکە، بەرپرسانی سەندیکا پزیشکییەکان (دکتۆران، پەرستیاران، تاد) و ڕاگری کۆلێژە پزیشکییەکان (پزیشکی، پەرستیاری، دان، دەرمانسازی)

**ED-2: پەرەپێدانی پرۆفایلی پزیشکایەتیی خێزان وەک بناغەیەک بۆ خزمەتگوزاریی هاوچەرخی پزیشکایەتی و پەروەردەی پزیشکایەتی**

- دابەشکردنی زانیاری لەسەر پێداویستبوونی پزیشکایەتیی خێزان، بە خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی و چارەسەریشەوە، بەسەر قوتابیان و پزیشکانی ئێستا و ئاییندەیی لە ساڵانی بەرایی مەشقی پاش دەرچوونیان، لە ڕێی ڕاپۆرت و شێوازی ترەوە، لەگەڵ ڕۆڵی خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی لە زیاترکردنی تێکڕای پێشبینکراوی ژیان و کواڵیتی خزمەتگوزاریی وڵاتانی تر.

- دامەزراندنی پێگەیەکی بەرزی کۆلێژیی بۆ پزیشکایەتیی خێزان لە هەر خوێندنەگەیەکی پزیشکی و پەرستیاری (یان بە لای کەمەوە لە هەر پارێزگایەک)، مەبەستەکە بریتییە لە سەرپەرشتیکردنی مەشق، ڕاوێژ و ئامۆژ، لێکۆڵینەوە و کاری چاودێریی سەرەتایی پزیشکایەتیی کۆمەڵگەیی
  - هەڵبژاردنی گەورە پزیشک (وا پەسەندە هەڵگری ماستەر-دکتۆرا بن) و پەرستیار (ئاستی دکتۆرا) ی خاوەن مەشقی فەرمی و ئەزموون لە پزیشکایەتیی کۆمەڵگەیی، پزیشکایەتیی خێزان، یان بواری تری تایبەتمەندیی پزیشکایەتی/پەرستیارییەتی
  - دابینکردنی دارایی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ کاری پزیشکایەتی/پەرستیارەتیی کۆمەڵگەیی
  - بەکارهێنای ئەم پۆستانە بۆ مەبەستی خزمەتکردنی دوولایەنەی مەشقی تەندروستیی پزیشکیی و گشتیی
  - دامەزراندنی بەشی خێزان/کۆمەڵگە لە خوێندنگەکانی پزیشکایەتی و پەرستیارەتی نەوەک تەنێ بۆ دابینکردنی پسپۆڕێتی پێویست بۆ پەروەردە و مەشقی تەندروستیی ناوچە دوورەکان بەڵکو هەروەها بۆ چاکترکردنی بەرچاوخستنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە ناوچە دوورەکان و ببێت بە پێشرەوێک بۆ لاساییکردنەوە لای قوتابییەکان.
- دانانی حەوافز بۆ دکتۆر و پەرستیارەکان بۆ وەرگرتنی تایبەتمەندێتی لە پزیشکایەتی یان پەرستیارەتیی خێزان یان کۆمەڵگە: ڕەچاوکردنی چەند حەوافزێک وەک دەرماڵەی دارایی، خانوو و خوێندنی منداڵ بە نرخی هەرزانکراو، دابینکردنی کتێب و ڕۆژنامەی پزیشکی بە نرخی هەرزان، دەرفەتی تایبەت بۆ گەشەپێدانی پیشەیی، و دانپێدانانی پسپۆڕانە (وەک ئەوەی خەڵاتی تایبەتییان پێبدرێت)
  - ڕەچاوکردنی پێدانی زەمالەی خوێندن، درێژەی خوێندنی پیشەیی، زیاترکردنی مووچە، یان حەوافزی تر بۆ پزیشکان و پەرستیاران بۆ ئەوەی خوێندن و مەشقی پزیشکایەتیی خێزان/کۆمەڵگە بخوێنن و کاری تێدا بکەن
- تۆکمەکردنی بابەتەکانی پزیشکایەتی خێزان لە مەنهەجی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری.
- دانانی ئەمانەی خوارەوە لەنێو پێوەرەکانی بەرزکردنەوەی پلەوپایەی ئەکادیمی: دابینکردنی CME ئەندامی فاکەڵتی، بڵاوکردنەوە لە جۆرناڵە پسپۆڕییەکان، و کواڵیتی ئامۆژ و ڕاوێژ بۆ موماریسی گشتیی نیشتەجێ.
- دانانی بەرنامەی بەخشین و پێدان بۆ پشتگیریی لە بڕوانامەی وەرگیراو لەڕێگای ئەنتەرنێت و ئەگەری پلە و بڕوانامەی خوێندنی جۆراوجۆر (بۆ نموونە، 1-36 مانگ) بۆ کارمەندانی تەندروستیی لە ناوچە دوورەکان.

**ED-3: دامەزراندنی قوتابیانی پزیشکی و پەرستیاریی خەڵکی ناوچە دوورەکان بە شێوەی پەسندکردن وەک ئامرازێک بۆ ڕاکێشانی کارمەند بۆ خزمەتگوزاریی هەمیشەیی لە ناوچە دوورەکان**

- تەرخانکردنی هەندێک کورسی بێ کێبڕکێ/بۆ ناوچە دوورەکان لە هەر خوێندنگەیەکی پزیشکی و پەرستیاری بۆ قوتابیانی خەڵکی ناوچە دوورەکان/دەرەوەی شارەکان. یەکەمجار بەم شێوازەی ئێستا زۆرینەی قوتابییەکان هەڵبژێرە - بە گوێرەی پلەیان لە تاقیکردنەوەی ئامادەیی - بەڵام قوتابیانی ناوچە دوورەکان تەنێ لە نێو خۆیاندا و بە گوێرەی ئەو پلەیەی لە تاقیکردنەوەکاندا بەدەستیان هێناوە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتری دەکەن.
- ڕەچاوکردنی پرۆسەیەکی هاوشێوە بۆ قوتابیانی مێینەی پزیشکی

**ED-4: دانانی چاودێریی سەرەتایی لە مەنهەجی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری**

- پتەوترکردنی بابەتەکانی چاودێریی سەرەتایی و تەندروستیی ناوچە دوورەکان لە مەنهەجی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری
- دانانی پرەنسیپەکانی چاودێریی سەرەتایی، بابەتەکانی پەیوەست بە ناوچە دوورەکان/دەرەوەی شارەکان، و گەیاندن و دابینکردنی چاودێریی سەرەتایی –کاری تیم، ڕەوانەکردن، درێژەی خزمەتگوزاری، و چۆن دابینکردنی پشتگیریی خزمەتگوزاری لە ناوچە دوورەکان هەڵبسەنگێندرێت
  - بیرکردنەوە لە ئەنجامدانی پشکداری لەگەڵ بنکە سەرکەوتووەکانی ڕاهێنان لە بواری چاودێری تەندروستی لە ناوچە دێهاتیەکانی وولایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا و ئوسترالیا و...هیتر، بۆ دانانی پەیڕەوێک بۆ چاودێری تەندروستی لە ناوچە دێهاتیەکان و دارایی کردنی پەیڕەوەکە بۆ ڕاهێنانی ڕاهێنەران.

**ED-5: دانانی (چاودێریی سەرەتایی، چاودێریی یەکەمیی، الرعایة الاولیة) لە نۆرەی کلینیکیی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری**

- ڕێکخستنی چالاکیی و سەرپەرشتیی گونجاو بۆ نۆرەکردنی چاودێریی سەرەتایی لە ماوەی خوێندنی پزیشکی و پەرستیاری
  - دانانی چالاکییەکی ئاشناکردنی کۆمەڵگە و کاری کلینکی (قوتابخانەکان، تاقیکردنەوەی کواڵیتی ئاو، تاد)
  - سەرپەرشتیی قوتابیانی پزیشکی و پەرستیاری لە لایەن دکتۆری موماریسی گشتی و ئامۆژگاری ترەوە کە بە نۆرە یان بە سەردان لە دەستگا تەندروستییەکانی شوێنە دوورەکان دەبن بۆ ڕاوێژکاری
  - هێنانی تایبەتمەند/پسپۆڕ وەک ڕاوێژکاری میوان یان وانەبێژ.

**ED-6: باشترکردنی مەشق لە بواری عەمەلیی کارزانیی کلینیکی لە ماوەی خوێندن و مەشقی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری، تەتبیق، ساڵی نۆرە، دوای مەشقکردن لە ناوچەدوورەکان، و هەروەها مەشقی دوای تەواوکردنی خوێندن**

- ڕەچاوکردنی "گەشتی پزیشکی" بۆ وانەبێژان و/یان مەشقدیتەکان بۆ بینینی ئەو وڵاتانەی (وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان) کە ئێستا لە سەرجەم ئاستەکانی خوێندن و مەشقدا مەشقی عەمەلیی کلینکیی وەردەگرن

**ED-7: چاکترکردنی ئەزموونی دکتۆرەکانی موماریسی گشتی لە ساڵی ئیلزامیی خزمەتگوزاریی پزیشکییاندا لە بنکە پزیشکییە بنچینەییەکان لە ڕێی دابینکردنی حەوافز بۆ خزمەتگوزاریی لە ناوچە دوورەکان و دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی**

- ڕەچاوکردنی ژمارەیەک حەوافزی هەنووکەیی و هی ئایندە بۆ خزمەتی ئیلزامیی لە ناوچە دوورەکان (وەک دەرماڵە، خاڵی زیاتر بۆ وەرگیران لە مەشق و خوێندنی تایبەتمەند، دەرفەتی ئەفزەلییەت بۆ گەشەپێدانی پیشەیی [وەک بەشداری لە کۆنفرانسێک] و یەکەی نیشتەجێکردن بە خۆڕایی)
- داڕشتنی ستاندارد بۆ شارەزایی و تواناکان بۆ بەدەستهێنانی لەم ساڵدا
- داڕشتنی پێشبینەکان و ئەو شتانەی دکتۆرە موماریسە گشتییەکان چاوەڕوان دەکەن بەدی بهێنرێن لە بواری ژمارەی دەوامی ڕۆژانە، و دانانی حەوافز وەک پێویست بۆ جەختکردنەوە لەوەی ئەوپەڕی بەرهەمهێن بن.
- داڕشتن ستانداردی بەرەوپێشچوونی پیشەیی و دابینکردنی دەرفەتی بەرەوپێشچوونی پیشەیی
  - دابینکردنی تیمی ڕابەرایەتی مەشق و ڕێنمایی پێش دەستکردن بە دانان
  - دابینکردنی ئامۆژ و چاودێریی نۆرینگەیی ناوبەناو
  - هاندانی بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی تۆڕبەندی پیشەیی، بە تایبەتی بۆ کارمەندانی ناوچە دوورەکان.
  - دانانی میکانیزمێک بۆ ڕاوێژ (وەک لە ڕێی ڕاوێژ بە تەلەفۆن بە هێڵێکی دەستبەجێ لەگەڵ بنکە سەرەکییە پزیشکییەکان و نەخۆشخانەکان).
  - دابینکردنی کتێب و جۆرناڵی پزیشکی لە ئینتەرنێت و دابینکردنی ڕاوێژ بە تەلەفۆن یان ڕاوێژی پسپۆڕان.
  - بە مەرج-دانان و دابینکردنی CME ی پەیوەندیدار بۆ کۆمەڵگەی پزیشکی و کاری ناوچە دوورەکان
  - دابینکردنی دەعمی ئەفزەلییەت پێدان یان دەرفەت بۆ ئەو کەسانەی لە شوێنە دوورەکان خزمەت دەکەن
  - ڕێکخستن و سازکردنی کۆنفرانس، بە لای کەمەوە ساڵی دوو جار، بۆ کۆکردنەوەی ئەو دکتۆرانەی نۆرە دەکەن، لەگەڵ کارمەندی تری پزیشکی لە ناوچە دوورەکان- بۆ ئەوەی دەرفەتێک بێت بۆ پێشکەشکردنی نمایشی تەکنیکی و ئاڵوگۆڕی ئەزموون و ئەو پەند و وانانەی فێریان بوون
  - بە مەرجدانانی تەواوکردنی پرۆژەی کۆمیونیتی میدسین (کۆمەڵگەی پزیشکی) و ڕاوێژ و ئامۆژ و پشتگیریی وەک پێویست، دانانی میکانیزمێک بۆ پێداچوونەوەی ئەم پرۆژانە وەک هاندەرێک بۆ بەدەستهێنانی ئەوپەڕی نایابی (و وا پەسەندە لە لایەن هاوکارانەوە پێداچوونەوەی بکرێت)

- دانانی تاقیکردنەوەیەکی نووسراو لە کۆتایی ساڵەکەدا وەک مەرجێک بۆ دەرچوون بۆ ساڵی داهاتووی مەشقی نۆرینگەیی

**ED-8: تەواوکردنی داڕشتنەوەی مەنهەجی پەرستیاریی نوێ و جێبەجێکردنی و مەشقکردن لە هەر سێ ئاستەکەی پەرستیاریی لە هەرێمی کوردستان (لە زانکۆ، کۆلێژ، پەیمانگە)**

- دابینکردنی فێرکاری پەرستیاری لێهاتووی (نەوەک دکتۆری پزیشک) و جەختکردنەوە لە رۆڵی پەرستیاری لەناو تیمە تەندروستییەکاندا
- دانانی زانیاریی بنەڕەتی و ئەزموونی عەمەلی پەیوەندداری لە هەر قۆناغێکدا، بە گوێرەی مەنهەجەکە
- دروستکردنی لیژنە بۆ چاکترکردنی خوێندنی پەرستیاری( بۆ نموونە، بۆ ئەوەی ڕاوێژکاری دەرەکی تێدا بێت، واتە هەڵگری دکتۆرا، پەرستیاران، و یەکێتییەکانی پەرستیاران، و لە لایەن وەزیری تەندروستی و ڕاهێنەرێکی پەرستیارییەوە هاوسەرۆکایەتی بکرێت) بە مەبەستی داڕشتن و چاودێریی کردنی چاکسازییەکانی بواری فێرکاریی پەرستیاریی
- جەختکردنەوە لە بایەخی بەڵگەنامە پزیشکییەکان (وەک سەرنجی پەرستیاران، سەرنجی دکتۆرەکان، تاد) و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم بەڵگەنامانە لە کاری نۆرینگەیی و لە لێکۆڵینەوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی
- دانانی دەستگای کۆمپیوتەر بۆ دەستگەیشتن بە سەرچاوە پسپۆڕییەکان
- دانانی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی (دەبێتە مایەی ڕێزگرتنی زیاتری دکتۆرەکان لە پەرستیاران و بواریان بۆ دەڕەخسێنێت دەستیان بە ژمارەیەکی زۆر وانەی پسپۆڕی و سەرچاوەی ئینتەرنێت بگات)

**ED-9: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمی درێژەدانی خوێندنی ئیلزامیی بۆ کارمەندانی پزیشکی، پەرستیاری، دان، و دەرمانسازی**

- دەستنیشانکردنی پێداویستییەکانی پۆلێنە تەرخانکراوەکان وەک داتا (بۆ تۆماری نۆرینگە بە شێوەی تاک و هەروەها داتا لەسەر دانیشتوانەکە)، سیاسەت، پزیشکایەتیی خۆپارێزی، بەڕێوەبردنی نۆرینگە، پزیشکایەتیی فریاکەوتن، و بوارەکانی تایبەتمەندێتی، هەروەها شێوازی خۆگونجێن بۆ بەدەستهێنانی کۆی خاڵ/کاتژمێرە پێویستەکانی فێرکاریی پزیشکایەتی
- داڕشتنی پلانێک بۆ دابینکردنی درێژەی خوێندن وەک پێویست بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم مەرجانە
  - دانانی ناوەرۆک و دابینکار و کاتبەندی پلانەکە و شێوازی فێرکارییەکە
  - دانانی دەرفەتی مەیدانی و دەرفەت لەڕێگای ئەنتەرنێت
    - گەڕان بۆ سەرچاوەی زانیاری بە تەکنەلۆجیای تەلەفۆنی مۆبایل
    - دابینکردنی ئینتەرنێت بە خۆڕایی یان بە هەرزان (و هەروەها دابینکردنی لاپتۆپ لە لایەن حکومەتەوە)
    - دابینکردنی جۆرناڵی پرۆفیشنەڵ
  - هێنانی تایبەتمەندی باڵا لە ئاستی هەریم و لە ئاستی وڵات بۆ ئەوەی درێژەی خوێندن و مەشق پێشکەش بکەن لە کۆنفرانسەکاندا یان لە بۆنەی تری درێژەی خوێندندا.
  - دانانی یەکەی تیمی تەندروستیی گەڕۆک (بزواو) لەناو ستراتیجەکانی گەشەپێدانی پسپۆڕی بۆ دکتۆرەکان، پەرستیاران، و کارمەندانی تری بنکە تەندروستییەکان، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان
    - دانانی میکانیزم بۆ یەکەی لەم جۆرە بۆ ئاسانکردنی یان بۆ دابینکردنی درێژەدان بە خوێندن بۆ ئەو کارمەندانەی تەندروستی کە لە دەرەوەی شارەکان خزمەت دەکەن
    - دانانی خشتەی چاوپێکەوتن (مەوعید)ی نەخۆش بۆ ئەوەی دکتۆری موماریسی گشتی/ نیشتەجێ بتوانن پێکەوە لەگەڵ پسپۆڕان/تایبەتمەندانی میوان نەخۆش ببینن و بەم شێوەیەش لە لایەک گەشەسەندنی پسپۆڕانە پتەوتر دەکەن و لە لایەکی تریش پێویست ناکات نەخۆشەکە ڕەوانە بکرێت بۆ شوێنی تر
  - دانانی سیاسەتی ئەوتۆ کە بوار بە ماوەی دەوام نەکردنی کارمەندان بدات و دارایی بکرێن بۆ درێژەدان بە خوێندن

- دانانی مەرجەکانی CME و دابینکردنی CME بۆ ئەو دکتۆرە موماریسە گشتییانەی نۆرە دەکەن لە ماوەی ساڵە ئیلزامییەکەدا.
- دانانی مەرجی درێژەدان بە خوێندن لە پێوەرەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەت و بڕوانامەی تایبەتمەندێتی (بڕوانە خوارەوە)
- پشتگیریی لە گەشتی خوێندنی کورتخایەن و ئەزموونی درێژخایەنی نێودەوڵەتی بۆ کارمەندانی تەندروستی، وەک دکتۆرەکان، پەرستیاران، دانسازەکان، دەرمانسازەکان، و کارمەندانی تاقیگە (سەندیکاکان دەتوانن هاوکاری و هەماهەنگی پێشکەش بکەن بۆ ئەزموونی لەم جۆرە).
  - ڕەچاوکردنی دەرەنجامی کۆنکریتی ئەوتۆ لەو گەشتی لێکۆڵینەوانە، وەک ئەوەی پێویستە سەرجەم بەشدارەکان بابەتێکی شیکاری یان پلانێکی کۆنکریتی دابنێن بۆ هەرێمی کوردستان (یان بۆ پارێزگا) بە گوێرەی ئەزموونەکانیان لە هەندەران، دەتوانرێت داوا لە بەشداربووان بکرێت ئەم بابەتە تەواو بکەن پێش ئەوەی دوایین برە پارەیان پێبدرێت یان هەندێک حەوافزی تر.

**ED-10: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ مۆڵەتدان و ڕێپێدانەوە بە کارمەندانی پزیشی**

- بەشدارپێکردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا، وەزارەتی تەندروستی، و سەندیکا پیشەییەکان (وەک پزیشکی، پەرستیاری)
- دانان ئەولەوییەت بۆ ڕیزکردنی ئەو مەرجانە بۆ پیشەی جۆراوجۆر، وەک دکتۆر، پەرستیار، دانساز، و دەرمانساز.
- دانان و جێبەجێکردن و پتەوکردنی شایسەتیی پرۆفیشنەڵی دکتۆرەکان و پەرستیارەکان (و هەروەها دانساز و دەرمانساز و کارمەندانی تاقیگە) بۆ پۆلێنکردنی هەر کارمەندێک لە هەر ئاستێکی خوێندن بۆ هەر ئاستێکی خزمەتگوزاری
  - مەرجی ئەوەی کەپێدانی بڕوانامە بە دکتۆر و پەرستیارەکان بە گوێرەی ئەم کارزانییانە بێت
  - مەرجی ئەوەی کە ناوبەناو نوێ بکرێتەوە
  - مەرجی درێژەدان بە خوێندنی پزیشکی و پەرستیاریی پەیوەست بە کارزانییانە
- ڕەچاوکردنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیەک بە نووسین پاش دوو یان سێ ساڵ لە دەرچوون (واتە، یان لە پێش یاخود لە پاش خزمەتی ئیلزامیی یەک ساڵەی پزیشکەکان)
  - یەکخستنی تاقیکردنەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکان یان لەسەر ئاستی هەرێم بە گشتیی (واتە، لە نەخۆشخانەیەکەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تر نەگۆڕێت)
- داڕشتن و دابەشکردنی مەرجەکانی مۆڵەتپێدان، لەگەڵیدا مۆڵەتی پەرستیاران لە ئاستی جۆراوجۆر
- داڕشتن و دەرکردنی مۆڵەتی پزیشکایەتی (بە قەبارەی گیرفان و هی دیوار)
- داڕشتن و دابەشکردن و جێبەجێکردنی مەرجەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەت (کاتژمێرەکان و شوێنی کەرتە گشتییەکە، توانای بەرهەمهێنان لە کەرتی گشتی، و کاتژمێری پێویست بۆ درێژەدان بە خوێندن [بڕوانە سەرەوە]).

**ED-11: باشترکردنی مەشق و دروستکردنی ڕێچکەیەکی پتەوی پیشەیی بۆ پسپۆڕانی (پزیشکایەتیی خۆپارێزی)**

- دانانی حەوافز بۆ هاندانی بواری (پزیشکایەتیی خۆپارێزی)، لەناویدا نزیک کردنەوەی داهاتی کارمەندانی موماریسی کلینک (و لەگەڵ ئەوەی کلینیکی خۆیان)

- جەختکردنەوە لە مەنهەج و مەشقی پتەو لە بواری زانستە سەرەکییەکانی تەندروستیی گشتییدا: زانستی نەخۆشییەکان، ئامار، و پزیشکایەتیی کۆمەڵگە
– کارکردن لەسەر سەرجەم توخمەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی (پزیشکایەتیی خۆپارێزی) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان: سەلامەتیی سنوورەکان و خۆراک (پەروەردە و خوێندن، تاقیگە، وەرگرتنی سامپڵ)، کواڵیتی ئاو، پەروەردەی تەندروستی (میدیا، مەشق)، تەندروستیی قوتابخانە (چاو، دان، و ژینگە و پاکوخاوێنیی تەندروست)، بایەخپێدانی دایکان پێش منداڵبوون و تەندروستیی دایک و منداڵ، نەخۆشییە درمییەکان، و نەخۆشییە نادرمییەکان.
- گەڕان بە شوێن دەرفەتی بەکارهێنانی ساڵی ئیلزامیی نۆرە وەک مەشقی عەمەلی بۆ پسپۆڕی پزیشکایەتیی خۆپارێزیی لە ئاییندەدا (بۆ نموونە، دەرفەتی درێژەدان بە خوێندن و هەندێک پرۆژەی تر وەک شیکردنەوەی داتای چاودێری ناوخۆیی)
- دابینکردنی مەشقی پێشکەوتوو لە لێکۆڵینەوەی زانستی پەتایەکان و نەخۆشیزانیی پەیڕەوکراو وەک بەشێک لە مەشقی تایبەتمەندێتی لە پزیشکایەتیی خۆپارێزی.
– دواجار پێکهێنانی بەرنامەی پلەی (ماستەر لە تەندروستیی گشتیی، MPH) بۆ مەشقکردن بە بڕیاربەدەستانی تەندروستیی ئاییندەی کوردستان، لەگەڵ نۆرە گرتن لە ناوچە دوورەکان
- دانانی پسپۆڕانی (پزیشکایەتیی خۆپارێزی) لە (وەزارەتی تەندروستی)، نووسینگەکانی تەندروستیی پارێزگاکان، و تەنانەت لە نووسینگە پزیشکییەکانی قەزاکان، و داڕشتنی (وەسفی وەزیفی) بۆیان.
– ڕەنگە ئەرکەکان بریتی بن لە شیکردنەوەی داتای چاودێری، بەڕێوەبردنی لێپێچینەوە لە تەشەنەسەندنی نەخۆشی، و لێکۆڵینەوەی (نەخۆشیزانی) لە هەندێک گرفتی دیاریکراوی تەندروستی بۆ پەیداکردنی زانیاری بۆ هەندێک سیاسەت و دەستپێشخەریی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، وەک شێرپەنجە، نەخۆشییەکانی دڵ، شەکرە، ڕەبو، و برینداریی لە ڕێگەوبان.
– هاندانی بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە و بابەت لە جۆرناڵە پرۆفیشنەڵەکان.

**ئامانجی 6.2: چاکترکردنی دابەشکردن و ئەدای کارمەندانی تەندروستی لە ڕێی دەستپێشخەریی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکانەوە**

ئێمە پێشنیاری شەش دەستپێشخەریی دەکەین بۆ چاکترکردنی بەڕێوەبردنی دەستی کاری تەندروستی (پێی دەگوترێت بەڕێوەبردنی کارمەندانی تەندروستی، MGT)

**MGT-1: داڕشتنی پلانێک بۆ دابەشکردنی ستاف بە گوێرەی ستانداردەکانی ناو یاسا بەسەر هەر جۆرێک لە جۆرەکانی دەستگاکاندا**

- پێداچوونەوەی ژمارە و شایستەیی و شوێنی دکتۆر و پەرستیار و تاقیگەکاران و دەرمانسازان لەناو هەر پارێزگایەک ("سیستمی زانیاری جوگرافی" بەکاربهێنە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرایی و بۆ بەدواداچوونی چاودێری)
- پێداچوونەوەی پێداویستییە پێشبینیکراوەکانی کارمەندان لە پێنج ساڵی داهاتوودا
- پێداچوونەوەی پێشبینیی مەشق بۆ پیشەکان، و دانانی ئەم فاکتەرە لەناو پلاندانانی دابەشکردنی ستاف بەسەر لقی بنکە تەندروستییەکان و بنکە تەندروستییەکان بە تایبەتی
- داڕشتنی پلان بۆ دابەشکردنەوەی ستافی ئێستا و ئاییندەیی لەناو هەر پارێزگایەک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی لقەکانی بنکە تەندروستییەکان و بنکە تەندروستییەکان بە تایبەتی

**MGT-2: داڕشتن، جێبەجێکردن، و چاودێریکردنی کارزانییە پێویستەکان و (وەسفی وەزیفی) بۆ کارمەندانی پسپۆڕ لە سەرجەم ئاستە پەیوەنددارەکان**

- دکتۆرەکان، پەرستیاران (سەرجەم ئاستەکان)، دانسازەکان، دەرمانسازەکان، تاقیگەکاران، و یاریدەدەرەکانی هەر ئاستێک لە ئاستەکانی دەستگای ئەمبولاتۆری
- بەڕێوەبەرەکان لە هەر ئاستێکی دەستگاکان (لقی بنکە تەندروستییەکان، بنکە تەندروستییەکان، و بنکەکانی ڕەوانەکردن)
- DMO، لەگەڵ ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکان لە کلینیک و لە بواری بەڕێوەبردن (وەک، چاودێری و سەرپەرشتیی کلینکی ئەمبولاتۆری)

**MGT-3: داڕشتن و جێبەجێکردنی سەرپەرشتییەکی سیستماتیک و پشتگیریکارانە بۆ دکتۆرەکان، پەرستیاران، و پسپۆڕانی تری تەندروستیی بنکەکانی چاودێریی سەرەتایی، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان**

- ڕەچاوکردنی ڕۆڵی گونجاو بۆ بەڕێوەبەرانی دەستگاکان و DMO لە ناوچە دوورەکان.
  - ڕەچاوکردنی دامەزراندنی خەڵکی گوند و ناوچە دوورەکان بە ئەفزەڵییەت (بۆ زیاترکردنی مانەوەیان لەوێ)
  - دابینکردنی خولی مەشقی بڕوانامەدار لە بواری بەڕێوەبردن، سەرکردایەتی، و (نەخۆشیزانیی تەتبیقی)
  - دابینکردنی سەرچاوەکانی پسپۆڕیی (وەک، ئینتەرنێت، راوێژی پزیشکیی بە تەلەفۆن)
  - دابینکردنی خولی مەشق و کەرەستە بۆ سەرپەرشتیاران بۆ هاندانی گەشەپێدانی "فەرهەنگی بەکارهێنانی داتا بۆ کار" لە سەرتاسەری سیستمی تەندروستی – بەکارهێنانی داتای چاودێری و بەڕێوەبردن لە هەر ئاستێکدا لە بواری بەڕێوەبردن و چاودێری
- داڕشتن و دابینکردنی خولی مەشقی فەرمی بۆ سەرپەرشتیاران (وەک، DMO، بەڕێوەبەری دەستگاکان) لە بواری تەکنیک و ستراتیجەکانی سەرپەرشتی و بۆ سەرپەرشتی دکتۆرەکان، پەرستیاران، و کارمەندی تری تەندروستی – ئەدای چاودێری/پێوانەکردنی چاودێری، وەرگرتنی سەرنج و بیروبۆچوون، ئامادەیی بۆ پێشکەشکردنی ڕێگەچارە بۆ گرفتەکان، و هی تر.
- دانانی بەردی بناغەی سیستمێک بۆ شایستەیی پسپۆڕانە بۆ هەر پۆلێنی وەزیفەیەک و بۆ هەر ئاستێک، و بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان ئاشنا بن بەو شایستەیی و بەو ستانداردانەی چاوەڕوان دەکرێت لێیان
- ڕەچاوکردنی ڕۆڵی گونجاو بۆ پسپۆڕە دێرینەکان/تایبەتمەندەکان لە شارە گەورەکان بۆ ئەوەی سەرپەرشتی و راوێژکاری و ئامۆژگاری پێشکەش بکەن بە تایبەتی بۆ کارمەندانەی ناوچە دوورەکان
- دەستنیشانکردنی شێوازەکانی خەلاتکردنی ئەدای باش، وەک پارە و سوپاسنامەی پسپۆڕانە (وەک خەڵات)، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لە ناوچە دوورەکان کار دەکەن
- دانانی خشتە و شێواز بۆ ئەنجامدانی سەرپەرشتی (وەک سەردانی مەیدانی، تەلەفۆن)

**MGT-4: دانانی حەوافزی گونجاو بۆ راکێشانی ستافی پزیشکی و پەرستیار بۆ خزمەتکردن (و مانەوە) لە ناوچە دوورەکان/لادێکان**

- ڕەچاوکردنی حەوافزی پارە و ناپارەیی وەک دەرماڵەی دارایی، خانوو بە هەرزان، و پەروەردە و فێرکاری بۆ منداڵ، کتێب وجۆرناڵی پسپۆڕانە بە ئەفزەڵییەت یان بە نرخی هەرزان، و چالاکیی گەشەپێدانی پسپۆڕانە (درێژەدان بە خوێندن، خوێندن لە هەندەران، تاد)
  - ئاوێتەکردنی حەوافزی دارایی لەگەڵ دەستپێشخەرییەکان بۆ ئەوەی ژینگەیەکی ئەرێنی و دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی دروست بکات
- دانانی ستاندارد بۆ مووچەی ستاف بە شێوەیەک کە شوێنی کار ڕەچاو بکات
  - دانانی دەرماڵەی زەحمەتیی شوێنی دوور (جیاوازی پارە بۆ ناوچە دوورەکان) بۆ دکتۆرەکان، پەرستیاران، دانسازان، و ئەوانەی تر
  - دانانی دەرماڵەی دارایی بۆ دوو ساڵ پابەندێتی بە خزمەتکردن لە ناوچە دوورەکان
  - دانانی حەوافزی جیا بە گوێرەی فاکتەرەکانی وەک دووریی ناوچە و درێژی ماوەی خزمەتکردن لەو ناوچانە
- هەڵسەنگاندنی گونجاوێتی و جەدوا و کاریگەری حەوافزە جۆراوجۆرەکان لە ڕێی ڕووپێو (مسح) و چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوەوە.
- دانانی ئەفزەڵییەت بۆ ئەو کەسانەی کە خەڵکی ناوچە دوورەکانن
  - کاتێک کەسانی دەرەوەی وڵات دادەمەزرێندرێن، ئەفزەڵییەت بدە بەوانەی باکگراوەندی گوندییان هەیە یان مەشقی لەو جۆرەیان بینیوە

- دابینکردنی ژینگەیەکی کاری گونجاو بۆ کارمەندانی تەندروستی لە ناوچە دورەکان، وەک:
  - دابینکردنی کەرەستە وکەلوپەلی مۆدێرنی گونجاو بۆ ئاستی خزمەتگوزارییەکە، چاودێریی پیشەیی، سەرپەرشتیی پشتگیریکارانە، و/یان بەڕێوەبردنی بەشداریپێکردن، دابینکردنی تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، و تێلیمیدیسن، تۆڕی پشتگیریی لە دابینکارانی ناوچە دوورەکان، ڕێچکەی تۆکمەی کار بۆ ئەوانەی لە ناوچە دوورەکان کار دەکەن، ڕێوشوێن بۆ ڕێزلێنانی کۆمەڵایەتی، و هی تر
- دابینکردنی هەلومەرج و ئاستی ژیانی سەرنجڕاکێش بۆ ئەو کارمەندانەی تەندروستی کە لە ناوچە دوورەکان کار دەکەن، بۆ ئەوانەش کە بۆ ماوەی درێژخایەن لەوێن و بۆ ئەو کارمەندە تایبەتمەندانەی کە ڕەنگە هەر جارێک بۆ چەند ڕۆژێک، هەفتەیەک، مانگێک نۆرە بکەن (وەک یەکەی نیشتەجێکردن، ژینگەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ هاوسەرەکە، دەرفەتی خوێندن بۆ منداڵەکان، و تەکنەلۆجیای گەیاندن و زانیاری بۆ ڤیدیۆکۆنفرانس)
  - دابینکردنی خانووی باش بە خۆڕایی یان بە نرخی هەرزان بۆ کارمەندانی نۆرە و کارمەندانی پزیشکی و پەرستیاریی هەمیشەیی لەو ناوچانە (وەک قەزای شەقلاوە، بۆ پسپۆڕانی پزیشکی)
- خەڵاتکردنی کواڵیتی
  - ڕێزلێنانی کارمەندان بە گوێرەی ڕووپێوی ڕەزامەندیی نەخۆش (بە نموونە، مۆدیلی نەخۆشخانەی سۆران) و/یان پێوەری بەڵگەنامەکراو (موثق)ی ئەدا (وەک، دکتۆری ئەم مانگە، پەرستیاری ئەم مانگە، لەسەر ئاستی کلینیک، یان شارۆچکە، یان پارێزگا)، ڕەچاوکردنی ئەوەی کە سوودێکی بەرجەستەش هاوپێچ بکرێت لەگەڵ ئەم جۆرە ڕێزلێنانە (وەک، پارەیەک بە خەڵات).
  - دانپێدانان بەو بنکە و تیمانەی ئەدایان باش بووە (مۆدیلی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دهۆک)
  - دانانی دەرماڵە یان خەڵات بە گوێرەی ئەدا (ئەولەوییەتی وەزارەتی تەندروستی)، وەک پێوەر و پێوانەی بەرەوپێشبردنی ئەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە.
    - ڕەچاوکردنی خەڵاتی جیاواز بۆ ئەدای زۆر-بەرز و ئاستی بەرهەمهێنانی زۆر-بەرز لە ناوچە دوورەکان، بۆ نموونە وەک، دەرفەتی زیاتر و داپۆشینی دارایی زیاتر بۆ چالاکیی (درێژەدان بە خوێندنی بواری پەرستیاری)
- ئاسانکاری بۆ تۆڕبەندیی کارمەندان بە مەبەستی کەمکردنەوەی هەستکردن بە گۆشەگیریی دکتۆر و پەرستیارەکانی ناوچە دوورەکان
- جەختکردنەوە لە ڕێچکەیەکی پتەوی پیشەیی بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچە دوورەکان خزمەت دەکەن یان ئەو ناوچانەی کەمتر خزمەتگوزاری پزیشکیان بۆ دابین دەکرێت.

**MGT-5: زیاترکردنی بەکارهێنانی فۆرمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئینتەرنێت، وەک فۆرمی داواکاری بۆ خوێندن، مەشق، دانان، مۆڵەتی ڕێپێدان، درێژەی خوێندن، و بەڵگەنامەی تری پەیوەنددار**

- ڕەچاوکردنی پەسندکردنی مۆدیلی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هەولێر بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پیادە بکرێت.

**MGT-6: داڕشتن و پیادەکردنی ستراتیج بۆ کەمکردنەوەی ساختەکاریی لە کاری پزیشکایەتی تایبەت لە لایەن کەسانی ڕێگە پێنەدراوەوە (وەک یاریدەدەری پزیشکی کە وەک دکتۆر خۆیان بناسێنن و خزمەتگوزاریی دکتۆرانە پێشکەش بکەن).**

- ڕەچاوکردنی پیشاندانی مۆڵەتی کارکردن و بڕوانامەی پزیشکی و بەڵگەنامەی تەواوکردنی خوێندن بە شێوەیەکی بەردەوام
- کۆبوونەوەی لیژنەی پسپۆڕانی پزیشکیی، لەگەڵ نوێنەرانی نووسینگەی پارێزگارەکان (کە دەسەلاتیان هەیە کار ئەنجام بدەن) بۆ دۆزینەوەی چەند ستراتیجێک
  - پیادەکردنی سیاسەتەکان بە شێوەیەکی باشتر بۆ ئەوەی ئەو جۆرە کارانە ڕوونەدات
  - تاقیکردنەوەیەکی ئەزموونگەری بۆ پیادەکردنی ستراتیجە نوێیەکان.

## ئەولەوییاتەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو

بەشی داهاتوو تایبەتە بە باسکردنی ژمارەیەکی زۆر دەستپێشخەری، هەموویان پێکەوە گرێدراون. زۆر گرنگە جەخت بخرێتە سەر ئەو ئەولەوییەتانەی دەتوانرێت بە شێوەیەکی مەعقول لە دوو ساڵی داهاتوو و دواتردا پیادە بکرێن. خشتەی 6.5 بریتییە لە لسیتێک بە هەموو پێشنیارەکان و تیشک دەخاتە سەر بایەخیان (کاریگەری پێشبینیکراویان) و جەدوایان (تا چەند بە ئاسانی پیادە دەکرێن) لە رەوشی هەرێمی کوردستاندا. ئەم پلەدانان و ریزبەندییە بە گوێرەی بڕیاری چەند ئەندامێکی تیمی ڕەند بوو، لە هەندێک حاڵەتدا لە ئەنجامی تاوتوێ لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەڵبژاردەی ئەولەوییاتەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو بریتین لەو دەستپێشخەرییانەی کە ئەولەوییەتێکی زۆریان هەیە و زۆربەشیان دەتوانرێت جێبەجێ بکرێن. شێوەی 6.7 بریتییە لە وەسفێکی وێنەیی زانیاری ناو خشتەی 6.5، و پێشنیاری چەند ئەولەوییەتێک دەکات بۆ ئەوەی لە دوو ساڵی داهاتوو کاریان لەسەر بکرێت.

بە بڕیاردان تەنێ لە گۆشەنیگای هەڵسەنگاندنی بایەخ و جەدواوە، ئەو دەستپێشخەرییانەی کە پڕبایەخن و ئەوانەی تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانرێت جێبەجێ بکرێن (ئەو خانانەی کە دەکەونە لای سەرەوە، لای ڕاست، خۆڵەمێشیی تۆخ لە شێوەی 6.7) ڕەنگە ئەولەوییەتی هەرە گەورە بن بۆ کارکردن لە دوو ساڵی داهاتوودا. ئەمانە بریتین لە:

- ED-1: دانانی (لیژنەی پسپۆڕیی جێبەجێکار) بۆ داڕشتن و چاودێریی ستانداردی نوێی پسپۆڕیی خوێندن، مەشق، مۆڵەتپێدان، دامەزراندنی قوتابیان لە پیشە جۆراوجۆرە پزیشکییەکان، و بەڕێوەبردنی دابینکردنی کارمەندانی پزیشکی بۆ ئەوەی بتوانێت بەرسقی داواکاریی پێشبینیکراو بداتەوە.
- ED-3: دامەزراندنی قوتابیانی پزیشکی و پەرستیاریی خەڵکی ناوچە دوورەکان بە شێوەی ئەفزەلییەت وەک ئامرازێک بۆ ڕاکێشانی کارمەند بۆ خزمەتگوزاریی هەمیشەیی لە ناوچە دوورەکان
- ED-4: دانانی (چاودێریی سەرەتایی) لە مەنهەجی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری
- ED-7: چاکترکردنی ئەزموونی دکتۆری موماریسی گشتی لە ماوەی ئەو ساڵەی بە ئیلزامیی خزمەت دەکەن لە بنکە پزیشکییە بنچینەییەکان، لە ڕێی دابینکردنی حەوافز بۆ خزمەتگوزاریی لە ناوچە دوورەکان و دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی
- MGT-2: داڕشتن، جێبەجێکردن، و چاودێریکردنی کارزانییە پێویستەکان و (وەسفی وەزیفی) بۆ کارمەندانی پسپۆڕ لە سەرجەم ئاستە پەیوەندداره‌کان

هەرە پێشبینیەکانی سەرەوە ئەوانەن کە ئێجگار پڕبایەخن، ئەگەرچی تەنانەت جەدوایان مامناوەندیی بێت (خانەکانی سەرەوە ناوەڕاست، خۆڵەمێشیی کاڵ لە شێوەی 6.7):


- MGT-1: داڕشتن، جێبەجێکردن، و چاودێریکردنی کارزانییە پێویستەکان و (وەسفی وەزیفی) بۆ کارمەندانی پسپۆڕ لە سەرجەم ئاستە پەیوەندداره‌کان
- MGT-3: پێناسە و جێبەجێکردنی سەرپەرشتییەکی سیستماتیک و پشتگیریکارانەی دکتۆرەکان، پەرستیاران، و پسپۆڕانی تری تەندروستیی بنکەکانی چاودێریی سەرەتایی، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان
- ED-6: باشترکردنی مەشق لە بواری عەمەلیی کارزانیی کلینیکی لە ماوەی خوێندن و مەشقی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری، تەتبیق، ساڵی نۆرە، دوای مەشقکردن لەناوچەدوورەکان، و هەروەها مەشقی دوای تەواوکردنی خوێندن
- ED-9: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمی درێژەدانی خوێندن بەزۆرەملێ بۆ کارمەندانی پزیشکی، پەرستیاری، دان، و دەرمانسازی

لە لایەکی ترەوە، دووەم پۆلی ئەولەوییەتەکان دەشێت ئەوانە بن کە لە ئاستی دووەمی جەدوادان، تەنانەت ئەگەرچی ئاستی گرنگییان مامناوەندی یان بەرز بێت (خانەی خۆڵەمێشیی کاڵ لەلای ڕاست، ناوەڕاستی شێوەی 6.7):

**خشتەی 6.5**
**ئەگەری بوونی ڕامیارییەکان و هەڵسەنگاندنی کاریگەری و سوودەکانیان: هێزی کار**

| ناو | وەسف | بایەخ | گونجاوێتی (جەدوا) |
|---|---|---|---|
| Goal 6.1: باشترکردنی کارزانی و شارەزایی لە ڕێی پەروەردە و خوێندن و مەشقەوە (ED) | | | |
| ED-1 | دامەزراندنی لیژنەیەکی جێبەجێکاری پسپۆڕ بۆ داڕشتن و چاودێریی ڕێوشوێنە نوێیەکانی پەروەردە و خوێندن، مەشق، ڕێپێدان، دامەزراندنی قوتابیان لە پیشە جۆراوجۆرە پزیشکییەکان، و بەڕێوەبردنی دابینکردنی کارمەندانی تەندروستی بە شێوەیەک کە داواکارییە پێشبینیکراوەکە بهێنێتە دی | زۆر | زۆر |
| ED-2 | باشترکردنی پرۆفایلی پزیشکایەتیی خێزان وەک بناغەیەک بۆ خزمەتگوزاریی پزیشکی و خوێندنی پزیشکیی نوێ | مامناوەندی | کەم- مامناوەندی |
| ED-3 | دامەزراندنی قوتابیانی پزیشکی و پەرستیاریی گوند و ناوچە دوورەکان بە ئەفزەلییەت وەک هۆیەک بۆ ئەوەی کارمەندەکان بە شێوەیەکی هەمیشەیی بمێننەوە لە ناوچە دوورەکان | زۆر | مامناوەندی |
| ED-4 | دانانی (چاودێریی سەرەتایی) لەناو مەنهەجی خوێندنی پزیشکی و پەرستیاری | زۆر | زۆر |
| ED-5 | دانانی (چاودێریی سەرەتایی) لە نۆرەپێکردنی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری | مامناوەندی -زۆر | مامناوەندی |
| ED-6 | چاکترکردنی مەشق لە بواری نۆرینگەی تەتبیقی و عەمەلی لە خوێندن و پەروەردە و ماوەی تەتبیقی و نۆرەی ساڵانە و ماوەی پاش-مەشق و مەشقی پاش-تەواوکردنی کۆلیژی خوێندنگەکانی پزیشکی و پەرستیاری | زۆر | مامناوەندی |
| ED-7 | چاکترکردنی ئەزموونی گشتیی دکتۆری موماریس لە ماوەی ساڵە ئیلزامییەکەی خزمەتی پزیشکی لە بنکەکانی (چاودێریی سەرەتایی) لە ڕێی دابینکردنی حەوافزی تایبەتی و ئەفزەلییەتەوە بۆ خزمەت لە شوێنە دوورەکان، لەگەڵ دەرفەتی گەشەپێدانی پیشەیی | زۆر | زۆر |
| ED-8 | تەواوکردنی داڕشتنەوە و جێبەجێکردنی مەنهەج و مەشقی نوێ لە سێ ئاستەکەی خوێندنگەی کوردستان (زانکۆ، کۆلیژ، پەیمانگە) | زۆر | کەم- مامناوەندی |
| ED-9 | داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمی درێژەی خوێندنی ئیلزامی بۆ پیشەکانی پزیشکی، پەرستیاری، دان، و دەرمان | زۆر | مامناوەندی |
| ED-10 | داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ ڕێپێدانی کار و ساخکردنەوەی پیشە پزیشکییەکان | زۆر | کەم |
| ED-11 | چاکترکردنی مەشق و دروستکردنی ڕێچکەی پیشەی بەهێز بۆ پسپۆڕەکانی بواری پزیشکایەتیی خۆپارێزیی | زۆر-مامناوەندی | زۆر -مامناوەندی |
| Goal 6.2: چاکترکردنی دابەشکردن و ئەدای کارمەندانی تەندروستی لە ڕێی هەندێک دەستپێشخەریی بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان (MGT) | | | |
| MGT-1 | داڕشتنی پلانێک بۆ دابەشکردنی ستاف بە گوێرەی ئەو ستانداردانەی لە یاسادا هاتووە، بۆ هەر جۆرێک لە جۆرەکانی دەستگاکان | زۆر | مامناوەندی |
| MGT-2 | داڕشتن، جێبەجێکردن، و چاودێریی کارزانی و شایستەیی پێویست و وەسفی وەزیفی بۆ پیشەکارانی سەرجەم ئاستەکان | زۆر | زۆر |
| MGT-3 | پێناسەکردن و جێبەجێکردنی سەرپەرشتییەکی سیستماتیک وپشتگیریکار لە دکتۆرەکان، پەرستیاران و پیشەکارانی تری تەندروستیی بنکە تەندروستییەکانی خزمەتگوزاریی سەرەتایی، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان/گوندەکان | زۆر | مامناوەندی |
| MGT-4 | دانانی حەوافزی گونجاو بۆ ڕاکێشانی ستافی پزیشکی و پەرستیاری بۆ ناوچە دوورەکان و مانەوە تیایاندا | زۆر | کەم |
| MGT-5 | زیاترکردنی بەکارهێنانی فۆرمی ئۆنلاینی سەرچاوە مرۆییەکان، وەک داواکاری بۆ خوێندن، مەشق، دامەزراندن، ڕێپێدان، درێژەی خوێندن، و بابەتی تر | مامناوەندی- زۆر | زۆر |
| MGT-6 | داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیج بۆ کەمکردنەوەی ساختەکاریی لە عیادەی تایبەت لە لایەن خەڵکی ڕێپێندەراو (وەک، یاریدەدەرێکی پزیشکی وەک دابینکاری خزمەتگوزاریی پزیشک ڕیکلام بۆ خۆی بکات | زۆر | کەم |

**شێوەی 6.7**
**چوارچێوەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی ئەولەوییەتەکانی ناو دەستپێشخەرییە پێشنیارکراوەکان**




RAND *MG1148-6.7*

- MGT-5: زیاترکردنی بەکارهێنانی فۆرمی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە ئینتەرنێت، وەک فۆرمی داواکاری بۆ خوێندن، مەشق، دانان، مۆڵەتی ڕێپێدان، درێژەی خوێندن، و بەڵگەنامەی تری پەیوەندیدار
- ED-11: باشترکردنی مەشق و دروستکردنی ڕێچکەیەکی پتەوی پیشەیی بۆ پسپۆڕانی پزیشکایەتیی خۆپارێزی

بڕوامان وایە ئەو لیژنە جێبەجێکارە پێشنیارکراوە زۆر گرنگە بۆ پلاندانان و بەڕێوەبردنی دەستپێشخەرییەکان بۆ چاکترکردنی شایستەیی و دابەشکردنی کارمەندانی تەندروستی. ئنجا، پۆلێنکردنی دەستپێشخەرییەکان بە گوێرەی پۆلێنی پیشەیی، پێشنیاری ئەوە دەکەین چەند کارێکی بەرایی بچووک ئەنجام بدرێت بۆ چاکترکردنی کارمەندانی دکتۆری موماریسی گشتیی و کاری بەرایی ئەنجام بدرێت بۆ چاکترکردنی کارمەندانی پەرستیاری.

**دکتۆرەکان**

1. ED-3, ED-4: دامەزراندنی قوتابیانی پزیشکیی ناوچە دوورەکان بە ئەفزەڵییەت، و دانانی خزمەتگوزاریی بنچینەیی لە مەنهەجی خوێندنگەی پزیشکی
2. MGT-1, MGT-2: داڕشتنی پلانێک بۆ دابەشکردنی دکتۆرەکان، داڕشتن و جێبەجێکردن و چاودێریکردنی شایستەییەکان و وەسفی وەزیفیی دکتۆرەکان لە سەرجەم ئاستەکاندا
3. ED-7, MGT-3: پتەوکردنی ئەزموونی دکتۆرەکانی موماریسی گشتیی لە ماوەی ساڵە ئیلزامییەکەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بنچینەیی، بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچە دوورەکان کار دەکەن، و پیادەکردنی سەرپەرشتییەکی سیستماتیک و پشتگیریکار لێیان
4. ED-6: چاکترکردنی مەشق لەسەر کارزانیی عەمەلیی کلینک لە ماوەی نۆرەی خوێندنی پزیشکی و لەسەرجەم ئاستەکانی مەشقی پاش تەواوکردنی خوێندن
5. ED-9: داڕشتن و پیادەکردنی سیستمەکانی ئیلزامی بۆ CME.

**پەرستیاران**


1. ED-3 ئەفزەلییەت بۆ دامەزراندنی قوتابیانی پەرستیاری خەڵکی ناوچە دوورەکان
2. ED-4, ED-5, ED-6, ED-8: دەستکردن بە داڕشتنەوەی مەنهەجی پەرستیاری لەسەرجەم سێ ئاستەکەدا (زانکۆ، کۆلێژ، و پەیمانگە): دانانی پزیشکایەتیی خۆپارێزی، چاودێریی سەرەتایی، و بابەتەکانی تەندروستیی ناوچە دوورەکان لە مەنهەجی پەرستیاری لەگەڵ نۆرەی کلینکی، چاکترکردنی شارەزاییە عەمەلییەکانی پەرستیاری لە ماوەی خوێندن و لە سەرجەم ئاستەکانی مەشقی پاش دەرچوون
3. MGT-2: داڕشتن، جێبەجێکردن، و چاودێریکردنی کارزانییە پێویستەکان و (وەسفی وەزیفی) بۆ کارمەندانی پسپۆڕ لە سەرجەم ئاستە پەیوەندیدارەکان
4. MGT-3: پێناسە و جێبەجێکردنی سەرپەرشتییەکی سیستماتیک و پشتگیریکارانەی دکتۆرەکان، پەرستیاران، و پسپۆڕانی تری تەندروستیی بنکەکانی چاودێریی سەرەتایی، بە تایبەتی لە ناوچە دوورەکان
5. ED-9: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمی درێژەدانی خوێندن ئیلزامیی بۆ کارمەندانی پەرستیاری (CNE)
6. MGT-1: داڕشتنی پلانێک بۆ دابەشکردنی پەرستیاران لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان

بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دواجار بڕیار لەسەر ئەولەوییاتەکانی ماوەی کورتخایەن دەدەن بۆ چاکترکردنی پەروەردە، مەشق، دابەشکردن، و ئەدای کارمەندانی کلینک لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، و بە تایبەتیش جەخت دەخرێتە سەر دکتۆر و پەرستیارانی شارەکان و بە تایبەتیش بایەخپێدانی ئەمبولاتۆری لە ناوچە دوورەکان، کە تێیدا زۆربەی دانیشتوانەکە خزمەتگوزاریی وەردەگرن.

## چاودێریی بەرەوپێشچوون

ئامانج لە سەرجەم پەروەردە، مەشق، دامەزراندن، و هێشتنەوەی کارمەندی شایستەی تەندروستی بریتییە لە ئەدای باش و بەم شێوەیەش دەرەنجامی تەندروستیی باش. ئەم چەمکە لە شێوەی 6.8 پیشان دراوە. بۆ کارکردن بە مەبەستی باشترکردنی ئەدا، پێویستە پێوانەکردن لە ئارادا بێت. پاشگری B بریتییە لە نیشاندەرەکانی USAID پەیوەست بە کارمەندانی تەندروستیی.

**شێوەی 6.8**
**بەڕێوەبردن لە پێناوی ئەدا**




سەرچاوە: لە (دەست پێشخەری فێرکردنی هاوبەش بۆ ساڵی 2004) وەرگیراوە، هەرەک لەلایەن الإسلام لە2007 باسی لێکراوە.
RAND MG1148-6.8

# سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی

**ئەگەری سیاسەتی کارکردن**

*سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی*

- چاودێریی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی کلینیک
- چاودێری بەکارهێنانی کلینیک

*سیستمەکانی چاودێریی و وەڵامدانەوە*

- بە شێوەیەکی سیستماتیکی سیستمە هەنووکەییەکانی چاودێری هەڵدەسەنگێنێت لە ئاستەکانی خۆجێی و هەرێمایەتی
- دامەزراندن و/یان مەشقی کارمەندان
- دانانی ستاندارد بۆ ئەو نەخۆشی و حاڵەتانەی کە دەبێت بکرێن بە ڕاپۆرت، سەرچاوەکانی زانیاری، فۆرمی کۆکردنەوەی داتا، و شیکردنەوەی چاودێریی ئاسایی (چاودێری بە گوێرەی نیشاندەر)
- پرۆسەکردنی داتا
- دانانی سیستمێک بۆ ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ (چاودێری بە گوێرەی ڕووداو)
- یەکخستنی پرۆتۆکۆڵەکان بۆ وەڵامدانەوەی ڕووداوەکان بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا لێپێچینەوە بکرێت
- چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستی

## پوختە

سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی پشت بە داتا دەبەستێت، و ئەم داتایە بەکاردەهێنێت بۆ وەبەرهێنان لە داڕشتنی سیاسەت و بەرنامە، و بۆ چاودێریی جێبەجێکردنیان. داتا دەگۆڕدرێت بۆ زانیاریی مەودای پێویست، تێروتەسەل، کواڵیتی، و لە کاتی خۆیدا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نهێنیپارێزی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەسەرجەم ئاستەکاند پێشکەش بکرێت. ئاشکرایە بڕیاربەدەستانی حکومەت هیوادارن ئەم جۆرە داتایەیان دەست بکەوێت، بەڵام دیارە هێشتا "کلتوری بەکارهێنانی داتا بۆ کار" گەشەی نەکردووە – کۆکردنەوەی داتا و پرۆسەکردنی و شیکردنەوەی و پێشکەشکردنی و بەکارهێنانی.

لەم چاپتەرەدا باسی دوو جۆری بەرفراوانی (سیستمی زانیاری)ی تەندروستی دەکەین، هەردووکیان بە تایبەت بۆ خزمەتی بەڕێوەبەرەکانن لە ئاستی هەرێم و پارێزگاکان و شارۆچکەکان و ئێجگار پڕبایەخن، دەکرێت لە ئاییندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت لەبەرئەوەی بناغەیەکی گرنگ هەنووکە لە ئارادایە. جۆرێکی تری سیستمی داتا هەیە -تۆماری نۆرینگەیی نەخۆش- کە تایبەتە بە دابینکارانی نۆرینگە و نەخۆش و هەروەها ئێجگار گرنگە بۆ (چاودێریی سەرەتایی)، بەڵام تا ئێستا بناغەی ئەم جۆرە داتایە لە ئارادا نییە. پێویستە دانانی بەردی بناغەی ئەم جۆرە داتایە یەکێک بێت لە ئەولەوییەتە کورتخایەنەکان. ئەو دوو سیستمی زانیارییەی لەم چاپتەرەدا باس کراون پشتگیری لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن و تەبان لەگەڵ ئەو دەستپێشخەرییانەی لەم ڕاپۆرتەدا باس کراون:

- *سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی ((Management in formation systems (MISs))*— بۆ چاودێریکردنی سەرچاوەکان، ئەدا، و داراییکردنی سیستەمی تەندروستی و هەروەها بۆ سیستەمەکانی بەڕێوەبردنی نۆرینگەیی (کلینکی، عیادەیی)
- *سیستەمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە* — بۆ چاکترکردنی ڕێژەکان و وەڵامدانەوەی حاڵەتەکانی مەرگ، نەخۆشکەوتن و برینداربوون، و فاکتەرەکانی مەترسی، و وەڵامدانەوەیان لە کاتی پێویستدا.

ئێمە باسی باکگراوەندی ئەو سیستەمە بەرفراوانانە دەکەین، و تیشک دەخەینە سەر هەندێک سیاسەت و هەندێک پرسیاری بواری بەڕێوەبردن کە ئەو داتا پێشنیارکراوە دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە. ئنجا پێشنیاری هەندێک دەستپێشخەری دەکەین بۆ چاکترکردنی سیستەمی ئێستای چاودێری و سیستەمی زانیاریی کارگێڕیی. ئێمە باسی چالاکییەکانی پەیوەست بە دابینکردنی پێویستییەکانی دامەزراندنی داتا و پرۆتۆلەکانی کۆکردنەوە و پرۆسەکردن و شیکردنەوە و دابەشکردن و بەکارهێنانی داتا دەکەین بۆ هەردوو سیستەمەکە. پێشنیاری سەرچاوەکانی داتا دەکەین و نموونەی ڕوونکردنەوە پێشکەش دەکەین لەسەر فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا و پێشکەشکردنی داتا لەناو خشتە و شێوە.

ئەم ڕاپۆرتە زیاتر جەخت دەخاتە سەر (چاودێریی سەرەتایی) (چاودێریی یەکەمیی، الرعایه الاولیة، primary care)، کە پەیوەستە بە نۆرینگەکانەوە، بەڵام لەم چاپتەرەدا ئێمە لە باسی سیستەمەکانی چاودێرییدا باسی سەرجەم ئاستەکانی دەستگا تەندروستییەکان دەکەین. ئەو دوو (سیستەمی زانیاریی کارگێڕیی) ەی پێشنیار کراون (بۆ چاودێریکردنی سەرچاوەکان و خزمەتگوزاریەکانی نۆرینگە و بۆ چاودێریکردنی بەکارهێنانی نۆرینگە) لێرەدا جەخت دەخەنە سەر خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشی دەرەوە (ئەو نەخۆشەی دەچێتە نەخۆشخانە بەڵام لەناو نەخۆشخانە ناخەوێت) بەڵام بە ئاسانی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ چاودێریی ئاستی بەرزتری خزمەتگوزاریی. ئێمە بڕوامان وایە پێویستە ئەم سیستەمانە لە سەرتاسەری سیستەمی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا پیادە بکرێت – وەک نۆرینگەکان و نەخۆشخانەکانی کەرتی گشتی وتایبەتیش- چونکە چاودێریی سەرەتایی کۆڵەکەی سەرجەم کەرتی تەندروستییە و تەنێ توخمێکی سەربەخۆ و گۆشەگیر نییە لەناو ئەو سیستەمەدا. ئێمە گریمانی ئەوە دەکەین کە دوایین ئامانج بریتییە لە سیستەمی زانیاریی هەمەلایەن و جێی متمانە و کواڵیتی بەرز بێت کە پشت بە شێوازی ئەلیکترۆنیی ئینتەرنێت ببەستێت. دەتوانرێت هەنگاوە پێشنیارکراوەکان لە ماوەیەکی کەمد بنرێت و بەرەو درێژخایەنیی درێژ بکرێتەوە. لە کۆتایی چاپتەرەکەدا باسی ئەولەوییەتە پێشنیارکراوەکانی کار دەکرێت.

## ڕەوشی هەنووکەیی لە کوردستان

لە کوردستان بڕێکی گەورە داتای تەندروستی هەیە لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە. بەڵام ئاستەنگی مەزن هەیە لە پێش کارایی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا،و رۆتینی بەکارهێنانی "داتا بۆ کار" لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەرتەسک و سنوورداره. ئێمە چەندین گرفتمان دەستنیشان کرد و دەزانین بڕیاربەدەستان دەیانەوێت چارەسەریان بکەن:

- رۆتینی کۆکردنەوەی داتا بە شێوەیەکی ستاندارد (چوونیەک) نییە لەسەر ئاستی پارێزگاکان.
- بە گشتیی داتا لەسەر کاغەز کۆدەکرێتەوە نەوەک بە شێوەی ئەلیکترۆنی.
- تۆماری (نەخۆش)ی نۆرینگەیی لە بنکەکانی تەندروستی بەردەست نییە.
- زۆربەی داتاکان کەڵەکە کراون (واتە، زانیاریەکی ئێجگار کەمی سوودبەخش لە ئارادایە لە ئاستەکانی قەزا و ناحیە).
- داتای خاو (خام) (داتای بنەڕەتی، ئەوەی کەڵەکە نەکراوە) لەبەردەست نییە و لە یەک شوێن دانرابێت بۆ شیکردنەوەی.
- ئەو داتایەی کۆدەکرێتەوە ئامادە و بەردەست نییە.
- ئەو داتایەی لەبەردەستە بە شێوەیەک نییە کە بگونجێت بۆ شیکارکردن یان بەڕێوەبردن.

سەبارەت بە داتای پەیوەست بە بەڕێوەبردنی سەرچاوە (ادارة المصادر، resource management)، بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە هەولێر و دهۆک ڕاپۆرتی پڕ زانیاری سوودبەخشیان پێداین لەسەر شوێنە گشتییەکان و ئەو خزمەتگوزارییانەی لە هەر بنکەیەکی تەندروستی پارێزگاکانیان پێشکەش

دەکرێت، بەڵام زانیاری لەم شێوەیە لە سلێمانی دەست نەکەوت. ڕوون نییە ئاخۆ وەزارەتی تەندروستی ئەم زانیارییەی لەبەردەستە. ئێمە زانیاری تەواو و سوودبەخشی نۆرینگەییمان لە هیچ شوێنێک نەدۆزییەوە – زانیاری لەسەر ناو، پۆلێن، ژمارەی کۆد، کلێشەی کارمەندان، ئەو خزمەتگوزارییانەی دابین دەکرێن، و بەکارهێنانی نۆرینگە لە لایەن خزمەتگوزارییەکەوە (وەک چاودێریکردنی گەشە، کوتان، چارەسەری دژە - وشکبوونەوە لە دەمەوە، خزمەتگوزاریی پێش منداڵبوون، خزمەتگوزاریی کلینکی حاڵەتی سەخت، و بەدواداچوونی نۆرینگەیی) – و هیچ تۆمارێکی نەخۆش هەڵناگیرێت.

داتای چاودێریی نۆرینگەیی بە شێوەیەکی گشتیی لە دهۆک بە شێوازی ئەلیکترۆنی تۆمار دەکرێت بەڵام لە هەولێر و لە سلێمانی لە لیستی ناوەکان (لە دەفتەری ناوی نەخۆش) و دەردەهێنرێت. نۆرینگەکان لە سەرتاسەری دهۆک کۆمپیوتەریان تێدایە، کە پێمان وایە بۆ ڕاپۆرتی مانگانەی چاودێری و داتای تر بەکاردەهێنرێت، لە کاتێکدا ئەگەرچی زۆر نۆرینگە لە سلێمانی و هەولێر کۆمپیوتەریان هەیە، بەڵام پێیان وتین کە ئەو کۆمپیوتەرانە بە گشتیی بۆ کاروباری بەڕێوەبردن و ڕاپۆرتنووسین بەکارناهێنرێن. هەروەها، لە سەرجەم پارێزگان و لە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کەمیی هەیە لە ژمارەی ستافی مەشقدیتە لەسەر داخڵکردن و پرۆسەکردن و شیکردنەوەی داتا. هەندێک حاڵەتی کەمی لێدەرچێت، پێداچوونەوە و وردبینی داتاکان ناکرێت یان بەکارناهێنرێت بۆ بابەتی بەڕێوەبردن. بۆیە، کواڵیتی داتا گرفتێکی تری هەنووکەییە

بوارێکی تریش کە بەرتەسک و سنووردارە بریتییە لە مەودای ئەو داتایەی ڕاپۆرت دەکرێت یان لەبەردەستە، و داتاکە نە بە شێوەیەکی ستانداردە لە ئاستی سێ پارێزگاکە و نە لە ڕاپۆرتێکەوە بۆ ڕاپۆرتێکی تر تەبایە. داتا لەسەر ڕێژەی مردن لە (ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2009) باسی هۆیە سەرەکییەکانی مردن دەکات بۆ گروپی تەمەنی خوار پێنج ساڵان و گروپی تەمەنی سەروو پێنج ساڵان، هیچ ژمارەیەک یان ڕێژەیەکی تێدا نییە بۆ هۆی مردنەکە، داتاکە بە گوێرەی شوێن و جێندەر و گروپی تری تەمەنەوە پۆلێن نەکراوە. (ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی، 2009) چەند ژمارەیەکی تێدایە لەسەر ژمارەی حاڵەتەکان و ڕێژەی نەخۆشییەکان لە ئاستی پارێزگادا بۆ هەندێک نەخۆشیی گواستراوە، و ڕێژەی مانەوە (خەواندن) لە نەخۆشخانە لە ئاستی پارێزگادا بۆ پێنج نەخۆشیی درێژخایەن. داتا لەسەر ڕێژەی نەخۆشکەوتن بە شێوەیەکی رۆتینی ڕاپۆرت دەکرێت، بەڵام سەرەڕای هەوڵی ئێمە، نەمانتوانی ئەوەمان بۆ دەربکەوێت کە ئاخۆ ئەو داتایە لە ئاستی خۆجێی یان وەزارەتی تەندروستی بەکاردەهێنرێت، و چۆن.

## ئامانجەکانی چاکترکردنی سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی

لە مەزەندەی ئێمەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی کۆکردنەوەی داتا و بەکارهێنانی لە هەرێمی کوردستان و لە ڕاسپاردەکانمانەوە بۆ هاوچەرخکردنی سیستمی تەندروستی لە میانی مۆدیلی خزمەتگوزارییەوە، ئێمە پێشناری ئەوە دەکەین دوو جۆر سیستمی زانیاریی تەندروستی دابڕێژرێت و جێبەجێ بکرێت، کە پێشتر باسمان کردن. پێویستە هەر یەکێکیان هێندەی بکرێت ئینسیابی بێت- کۆکردنەوە و پرۆسەکردنی داتا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بێت و لە سەرجەم ئاستە پەیوەندیدارەکانی بەڕێوەبردندا داتا بەکاربهێنرێت. دەتوانرێت سیستمەکان لەسەر کاغەز یان بە ئەلیکترۆنی بن بەڵام پێویستە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ گەشە بکات بەرەو شێوازی کاتی ڕاستەقینە و ئۆنلاین. ئێمە پێشنیاری دوو ئامانج دەکەین:

- ئامانجی 7.1: داڕشتن و جێبەجێکردنی (سیستمی زانیاریی کارگێڕیی)ی تەندروستی
- ئامانجی 7.2: چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە.

## باکگراوەند و هۆکارەکان

ئەو دوو ئامانجە بەلایەنی کەم کار لەسەر پاکێجی زانیاری دەکەن بۆ دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ داڕشتنی سیاسەتی تەندروستی، بەرنامەکان، و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی سیستمی تەندروستی (لەناوییدا کاروباری دارایی) و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان. ئەمانە تەبان لەگەڵ باشترین شێوازی کاری نێودەوڵەتی.


(ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) (2008a) شەراکەتێکی دروست کردووە بە ناوی (تۆڕی مێرتیکیسی تەندروستی، ((HealthMetrics Network(HMN کە هەندێک ستانداردی داڕشتووە بۆ پتەوکردن و هەماهەنگکردنی سیستمەکانی زانیاری تەندروستی لە وڵاتانی سەرتاسەری جیهان. بڕوامان وایە HMN تیشک دەخاتە سەر بەرەو پتەوکردنی (سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی)ی کوردستان. لۆجیکی سەرەکی HMN بریتییە لە پێداویستبوونی ئاڵوگۆڕی زانیاری تەندروستی بۆ ڕێگرتن لە تەشەسەندنی نەخۆشی و چاکترکردنی تەندروستیی تاکەکان. (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) چەند پرەنسیپێکی داڕشتووە بۆ گەشەپێدانی (سیستمی زانیاریی تەندروستی):

- سەرکردایەتی و خاوەندارێتی وڵاتەکە
- وەڵامدانەوەی پێداویستی و داواکارییەکانی وڵاتەکە
- بنیاتنان لەسەر و سوود وەرگرتن لە دەستپێشخەرییەکان و سیستمەکان
- دروستکردنی کۆدەنگی و بەشداریی لایەنە پەیوەندداراکان
- پرۆسەیەکی لەسەرخۆ و تا دێت زیاد بکات بە دیدێکی درێژخایەنییەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) وێنەی پرۆسەی داتا دەکات (بازنەی داتا-بۆ-کاریگەر) بۆ گۆڕینی داتا بۆ زانیاری و بۆ بەڵگە، و بەکارهێنانی لە دروستکردنی بڕیار و کاریگەر (شێوەی 7.1). چوارچێوەی HMN شەش توخمی سەرەکیی (سیستمی زانیاریی تەندروستی) لەخۆدەگرێت، کە لە دووتوێی سێ پۆلێن دانراوە (خشتەی 7.1).

HMN ی ((ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)) هەروەها پوختەیەکی تێدایە لەسەر سەرچاوە باوەکانی داتا بۆ نیشاندەرە سەرەکییەکان – دیارکار (المحددات، determinants)، سیستمەکانی زانیاری، و ڕەوشی تەندروستی (خشتەی 7.2). وەک لە خشتەکە دەردەکەوێت، دەتوانرێت دیارکارانی تەندروستی (المحددات الصحية، determinants of health) (واتە، فاکتەرەکانی کۆمەڵایەتی-ئابووری، و فاکتەرەکانی دیمۆگرافی، و فاکتەرەکانی ژینگەیی و ئاکار) بە چەند شێوەیەک هەڵبسەنگێندرێت: ئامار (سەرژمێر)، تۆماری مەدەنی، ڕووپێوی دانیشتوان، و تۆماری تاکەکەس. دەتوانرێت تێخستە (ئینپوت، المدخلات، inputs) و دەرخستە (ئاوتپوت، المخرجات، outputs) ی سیستمی تەندروستی (واتە سەرچاوەکان و بەرهەمە ڕاستەوخۆکان) بە چەند شێوەیەک هەڵبسەنگێندرێت: ئامار (سەرژمێر)،

**شێوەی 7.1**
**گۆڕینی داتا بۆ زانیاری بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ بڕیار و کاریگەر**




سەرچاوە:(Health Metrics Network) WHO, 2008a
RAND *MG1148-7.1*

**خشتەی 7.1**
**پێکهێنەرەکانی (سیستمی زانیاریی تەندروستی) بە گوێرەی چوارچێوەی HMN ی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)**

| پۆلێن | پێکهێنەر و خەسڵەتەکان |
|---|---|
| توخمەکان (دانراوەکان، تێخراوەکان، المدخلات، Inputs) | **سەرچاوەکانی** سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی: فیزیکی (بنیاتی) و سترەکچەر<br>توانای ڕابەرایەتی و هەماهەنگیی پرۆسەکە<br>هەبوونی یاسا و سیاسەتی ڕێخۆشکەر<br>سەرچاوەی دارایی<br>کارمەندی کارزان<br>ژێرخانی بنیاتی (وەک نووسینگە، مێز، کۆمپیوتەر، تاد) |
| پرۆسەکان | **نیشاندەر** — بریتییە لە چەند ڕێوشوێنێک کە گۆڕانکاریی لە پرۆفایلی تەندروستیی وڵات پیشان دەدات بوارەکانی پێوانەکردن:<br>هۆکارەکانی پاراستنی تەندروستی: (1) هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هەروەها هۆکاری ئامارو دابەشبوونی دانیشتوان و (2) هۆکاری مەترسیەکانی هەڵسوکەوت: (1) فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیمۆگرافی، (2) فاکتەری ژینگەیی و ئاکار<br>سیستمی تەندروستی: (1) ئینپوت – سیاسەت، دارایی، سەرچاوەی مرۆیی، ڕێکخستن و بەڕێوەبردن، (2) ئاوتپوت – زانیاری، خزمەتگوزاری، هەبوونی زانیاری و خزمەتگوزاری، و کواڵیتی، (3) دەرەنجام (ئاوتکەم) – داپۆشینی خزمەتگوزاریی بەکارهێنان<br>ڕەوشی تەندروستی: (1) ڕێژەی مردن، (2) ڕێژەی نەخۆشکەوتن، و کەمئەندامێتی، (3) پێویستە نیشآندەرەکانی خۆشگوزەرانی بتوانرێت ساخ بکرێنەوە، جێی متمانە بن، دیاریکراو بن، هەستەوەر بن، و بتوانرێت بپێورێن.<br>*هەروەها بڕوانە (نیشاندەرە سەرەکییەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی) لە ڕاپۆرتی ساڵانەی (ئاماری تەندروستی)دا.* |
| | **بەڕێوەبردنی داتا** — بۆ ڕێخۆشکردن بۆ ئەو کەسانەی پێویستیان بەوەیە دەستیان بگاتە هەندێک زانیاری پەیوەنددار، و هاوکات پاراستنی نهێنیی نەخۆشەکە<br>"لای کەمی داتا" پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا ئاسان دەکات و کوالیتی داتا باشتر دەکات<br>"عەمباری داتای هەمەلایەن" داتای سەرچاوەی جۆراوجۆر کۆدەکاتەوە و بەڕێوە دەبات، و بوار بۆ دابەشکردنی بەرفراوانی داتا دەبەخشێت |
| ئاوتپوت | **بەرهەمەکانی داتا** — داتا لە سەرچاوەی جۆراوجۆرەوە کۆدەکرێتەوە و نوێ دەکرێتەوە و دەگۆڕێت بۆ ئاماری سوودبەخشی ئەوتۆ کە بتوانرێت شی بکرێتەوە و لەگەڵ یەکتری بەراورد بکرێت.<br>خولانەوە وەک یەکخستن، شیکردنەوە، ڕافە، پێشکەشکردن، کاریگەر و پیادەکردن |
| | **دابەشکردن** — بڵاوکردنەوە- و بەکارهێنان – دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سیستمی زانیاریی تەندروستی، سوودی ڕاستەوخۆ بۆ ئەوانەی بەشداریی لە سیستمەکەدا دەکەن و حەوافزیش بۆ بەکارهێنەر بۆ ئەوەی بەردەوا سیستمەکە بەکاربهێنرێت و پتەو بکرێت بەشی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی سیستمەکانی تەندروستی |

سەرچاوە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، A8002، (تۆڕبەندی پێوانەکردنی تەندروستیی)

**خشتەی 7.2**
**سەرچاوەکانی داتا بۆ نیشاندەرەکان (المؤشرات، Indicators) ی تەندروستی، بە گوێرەی بوار**

| | بوار | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | سیستمەکانی تەندروستی | | |
| سەرچاوە | دیارکارانی تەندروستی | ئینپوت و ئاوتپوت | دەرەنجام (داپۆشین و بەکارهێنان) | ڕەوشی تەندروستی |
| ئامار (سەرژمێر) | X | X | | X |
| تۆماری مەدەنی | X | | | X |
| ڕووپێوی دانیشتوان | X | X | X | X |
| تۆماری تاکەکەس | X | X | X | X |
| تۆماری خزمەتگوزاری | | X | X | X |
| تۆماری سەرچاوەکان | | X | | |

سەرچاوە: (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)، 2008a ، (تۆڕی مێتریکی تەندروستی، Health Metrics Network).

ڕووپێوی دانیشتوان، تۆماری تاکەکەس، و سەرچاوەکان. دەتوانرێت دەرەنجامە تەندروستییەکان (ئاوتکەمی تەندروستی، النتائج الصحیة، Health outcomes) (واتە داپۆشینی خزمەتگوزاری و بەکارهێنانی خزمەتگوزاری) بە چەند شێوەیەک هەڵبسەنگێندرێت: ڕووپێوی دانیشتوان، تۆماری تاکەکەس، و تۆماری خزمەتگوزاریی. هەروەها، بە گوێرەی HMN، دەتوانرێت ڕەوشی تەندروستی (الوضع الصحی، health status) (واتە ڕێژەی مردن، ڕێژەی بریندابوون و نەخۆشکەوتن، و پەککەوتەیی، و فاکتەرەکانی مەترسی) بە چەند شێوەیەک هەڵبسەنگێندرێت: ئامار، تۆماری مەدەنی، ڕووپێوی دانیشتوان، تۆماری تاکەکەس، و تۆماری خزمەتگوزاری. HMN بە تایبەت ئاماژە بە تۆماری پارەدان یان داتای بیمە ناکات وەک سەرچاوەیەک بۆ زانیاری پەیوەنددار لەسەر دیارکارانی تەندروستی، سیستەمەکانی تەندروستی، و ڕەوشی تەندروستی، بەڵام ئەمانە هەروەها سەرچاوەیەکی پڕبەهان بۆ زانیاری لەو جۆرە.

**سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی**

(سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی/بەڕێوەبردن)ی تەندروستی بە باشی لە ئەدەبیاتەکان پێناسە نەکراون بەڵام دەتوانرێت لەبەرچاوبگیرێن چونکە داتایان تێدایە لەسەر سەرچاوەکانی تەندروستی (وەک، دەستگاکان، ستاف، ئامێر، کەرەستە و کەلوپەل، و دەرمان) و ئەو خزمەتوزارییانەی پێشکەش دەکرێن، هەروەها لەسەر بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی (ژمارەی ئەو کەسانەی خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرێت لە لایەن هەر خزمەتگوزارییەکەوە). ئێمە بڕوامان وایە هەندێک لە (سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی) لە زۆر وڵاتی جیهان بایەخی پێویستی پێ نەدراوە و وەک پێویست بەکارنەهێنراوە، ئەگەرچی بەکارهێنانیان و کاریگەریان بەرچاو بووە (بۆ نموونە، بڕەوانە، Moore,1989; Higgins et al., 1991; and Valdiserri et al., 1993). گەورەترین لیستی زانیاری کە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی دهۆک هەیبێت بریتییە لە زانیاری لەسەر هەر کلینکێک، ئەمە نموونەیەکی باشە لەسەر (سیستمی زانیاریی کارگێڕیی) بۆ چاودێری دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان.

(سیستەمەکانی زانیاریی کارگێڕیی، MIS) پشتگیری لە بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەکەن و دەتوانن ڕێگە خۆش بکەن بۆ جەختکردنەوە لە داپۆشینی خزمەتگوزاری ئەدا، و چوستی. ئەو پرسیارانەی کە نیشاندەرەکانی MIS دەتوانن وەڵامی بدەنەوە بۆ بڕیاربەدەستان و بەڕێوەبەرەکان لە سەرجەم ئاستەکاندا، بریتین لە:

- چ ڕێژەیەکی دانیشتوان لە کاتێکی گونجاودا دەستیان دەگات بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان یان دوورییەکەیان لە ناحیەیەک، لە قەزایەک، یان لە پارێزگایەک، یان لە سەرتاسەری هەرێمدا خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان گونجاو و لەبارە؟ ئایا دابەشبوونی دەستگا تەندروستییەکان/خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی گونجاوە کە بتوانێت خزمەتگوازرییەکە بۆ هەمووان دابین بکرێت؟
- دەتوانرێت کام خزمەتگوزاریی لە کام دەستگای تەندروستی پێشکەش بکرێت؟
- ئایا ژمارەی کارمەندە شارەزاکانی تەندروستی وەک پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم خزمەتگوزارییانە دابین بکات؟
- ئایا دەستگاکان وەک پێویست ئامێر و کەرەستەیان بۆ دابین کراوە کە بتوانن خزمەتگوزاریی خۆپارێزی، تەشخیسی، و چارەسەر دابین بکەن؟
- بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکانی دەستگاکان لە ناحیەکان، قەزاکان، پارێزگاکان، یان سەرتاسەری هەرێم چییە؟ هەر خزمەتگوزارییەک ڕێژەی چەندی دانیشتوانەکە دادەپۆشێت؟
- ئایا بە شێوەیەکی چوست (کفؤ، efficiently) دەستگای تەندروستی (واتە دکتۆرەکان، پەرستیاران، تاقیگەسازان، دەرمانسازان، یاریدەدەرەکان و کارگێڕییەکان) بەکاردەهێنرێن؟
- ئایا خزمەتگوزاریی خۆپارێزی دەگات بە دانیشتوانەکە؟
- ئایا تۆماری نەخۆش دەبێتە مایەی ئاسانکردنی ڕەوانەکردن و درێژەی خزمەتگوزاری لە ئاستە جیاوازەکان و لە نێوان دابینکارە جیاوازەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی؟ (سەرنج لە بایەخی تۆماری تاکەکەسی نەخۆش بدە لە خشتەی 7.2).

**چاودێری و وەڵامدانەوە**

چاودێریی تەندروستیی گشتیی بەم شێوەیە پێناسە کراوە "بریتییە لە کۆکردنەوە و شیکردنەوە و ڕاڤە و دابەشکردنی بەردەوامی سیستماتییکانەی داتا لەسەر کاروباری پەیوەست بە تەندروستی بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ کاری تەندروستیی گشتیی و کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و نەخۆشکەوتن و بۆ چاکترکردنی تەندروستی" (Thacker, 2000, p. 3)، یان بە شێوەیەکی سادە: زانیاریی سیستماتیک بۆ کار (فعل، )ی تەندروستیی گشتیی. پێویستە جەخت بخرێتە سەر بایەخی زانیاری و کار (بەرسڤ، وەڵامدانەوە، response).

بە بەکارهێنانی ڕێنماییەکانی (بنکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی و خۆپارێزی، CDC) بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمەکانی چاودێریی تەندروستی گشتیی (CDC, 2001, 2004) موور و هاوڕێیانی (Moore et al. (2008)) چوارچێوەیەکیان داڕشتووە بۆ دانان و ڕێکخستنی ستراتیج بۆ چاکترکردنی چاودێریی ئەنفلونزا (هەڵامەت) لەسەر ئاستی جیهان. ئەم چوارچێوەیە بەدەر لە هەڵامەتیش پیادە کرا – باسی چەند خەسڵەتێکی سیستمی تەندروستی دەکات و دەتوانرێت وەک بناغەیەک بەکاربهێنرێت بۆ دۆزینەوەی چاکترکردنی چاودێری. نووسەرەکان هەروەها جەختیان کردۆتەوە لە بایەخی تەبایی چاودێرییەکە لەگەڵ ئامانجەکان.

ئەمانەی خوارەوە پێشنیارن بۆ *ئامانجەکانی* چاودێریی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دەتوانن بناغە بن بۆ داڕشتنی سیستمەکانی چاودێری:

- *چاودێریی کارای ڕەوتەکان (رصد الاتجاهات، Effective monitoring oft rends)* لە *دەرەنجامەکانی تەندروستی و فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستی*
- *دۆزینەوەی* ڕووداوی تەندروستی *لە کاتی گونجاودا* لە هەر شوێنێک ڕووبدەن
- *کاری گونجاو* بۆ وەڵامدانەوە بۆ ڕووداو یان ڕەوتی نائاسایی

سێ (خەسڵەتی سیستمی چاودێری) ئێجگار گرنگن بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانە. ئەمانەی خوارەوە بریتین لە سێ خەسڵەتەکە و هەندێک ستراتیج بۆ بەدەستهێنانیان:

- داپۆشینی *بەرفراوان و نوێنەرایەتی*—بریتییە لە ڕێژەیەکی بەرفراوان لە سەرچاوەکانی ڕاپۆرت و ڕێژەی ئەو زانیارییانەی ڕاپۆرت دەکرێن. هەندێک لەو ستراتیجانەی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ جەختکردنەوە لە بەرفراوانێتیی چاودێریی داپۆشین بریتییە لە زیاترکردنی ژمارەی شوێنەکانی نووسینی ڕاپۆرت (وەک، بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشخانەکان، کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەت)، زیاترکردنی جۆری تازەی شوێنەکان (وەک، بەشی فریاکەوتن، کلینکی تایبەت –ئەهلی- و موماریسی تایبەت)، دانانی سەرچاوەی نوێی داتا (وەک ڕووپێوی ناوبەناو)، و جەختکردنەوە لەوەی هەموو سەرچاوەکان ڕاپۆرت بنووسن.
- *کواڵیتیی بەرز*—پێویستی بە زانیاری وردە لەسەر بناغەی پێناسەی ستانداردی حاڵەتەکان، مەشقکردن بە کارمەندەکان، و تاقیکردنەوەی کواڵیتیی بەرزی تاقیگە بۆ حاڵەتە پەیوەندداره‌کان. هەندێک لە ستراتیجەکان بۆ جەختکردنەوە لە کواڵیتیی چاودێرییەکە بریتین لە جەختکردنەوە لە توانای گونجاوی نۆرینگەکان، تاقیگەکان و شارەزایانی نەخۆشی، و وردبینیی داتا.
- *لە کاتی گونجاودا*—بریتییە لە شێوازەکانی دۆزینەوەی حاڵەت و نەخۆشییەکان بە خێرایی، بەردەستەبوونی داتا، شیکردنەوە و دابەشکردنی داتا بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاوی خۆیدا دەست بە لێپێچینەوە و وەڵامدانەوەی حاڵەتی نائاسایی تەندروستی بکرێت. هەندێک لە ستراتیجەکان بۆ جەختکردنەوە لەوەی چاودێرییەکان لە کاتی گونجاوی خۆیاندا ئەنجام بدرێن بریتین لە پەلەکردن لە گواستنەوەی ئەو نموونانە (سامپڵانە)ی ناتوانرێت لە شوێنەکەی خۆیان تاقیکردنەوەیان لەسەر بکرێت، ئینسیابییەتی گواستنەوەی داتا و شیکردنەوەکان، جێبەجێکردنی چاودێریی چالاک کاتێک گونجاو بێت (سیستمی تەندروستی پەیوەندی بە نەخۆشخانە یان نۆرینگەکانەوە دەکات نەوەک چاوەڕێ بکات ئەوان ڕاپۆرتی ڕۆتینی بنێرن)، لەگەڵ بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکانی تەشخیسی ورد و خێرا بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک پێویست بکات.

بەدەستهێنانی ئامانجی کارەکە پێویستی بەمانەی خوارەوەیە:

- *زانیاری ئەوتۆ کە بتوانرێت کاری بۆ بکرێت*—بە شێوەیەکی ئەوتۆ کۆکردنەوەی زانیاری دابڕێژرێت ئەو زانیارییانە کۆبکرێتەوە کە بتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت (کاریان بۆ بکرێت) (actionable).
- *ژمارەی گونجاوی کارمەندان و توانای شیکاریی گونجاو*—بە تایبەتی لە بوارەکانی نەخۆشیزانی تەتبیقی و ئامار.
- *دانانی میکانیزم بۆ وەڵامدانەوە (بەرسف) و ڕێوشوێنەکانی وەڵامدانەوە*—بە تایبەتی بۆ لێپێچینەوە لە تەشەنەسەندنی نەخۆشی (لێپێچینەوەی نەخۆشیزانی، ئێپیدیمیۆلۆجی)، جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی گونجاوی کۆنترۆڵ، و/یان دیزانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زیاتر.

ئەم خەسڵەتانە تەبان لەگەڵ ئەوانەی لە لایەن ئاژانسی تریشەوە باس کراون. بۆ نموونە USAID ئاماژەی بەم خەسڵەتانەی خوارەوە کردووە لە ڕێنماییەکانیدا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی سیستمی تەندروستی (Islam, 2007):

- تەواوێتی (کامڵێتی، Completeness) (بۆ داپۆشینەکە)
– ڕێژەی سەتیی سەرجەم ئەو حاڵەتانەی یان ڕووداوانەی تۆماردەکرێن (دەدۆزرێنەوە، یتم التقاطها، captured) (سیستمەکانی چاودێری)
– تا چەند سیستمەکە هەموو ئەو زانیارییە پەیوەندیدارانە تۆماردەکات کە پێویستن بۆ ئەوەی بڕیارەکان پشتئەستوور بن بە زانیاری و کارا بن و بۆ ئەوەی سەرچاوەیان بۆ تەرخان بکرێت.
- کاتبەندێتی (لە کاتی خۆیدا)
- هەمەلایەنێتی (گشتگیرێتی، تكامل، Integration) و زانیاریی بەڕێوەبردن/کارگێڕیی (پەیوەندی نێوان سیستمە لاوەکییەکان، وەک ڕووپێو بۆ چاودێری)
- بەکارهێنان بۆ دەرکردنی بڕیار.

بە هەمان شێوە، سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) (International Monetary Fund) شەش پێوەری داناوە بۆ هەڵسەنگاندنی کواڵیتیی داتای تەندروستی (IMF, 2006):

- کاتبەندێتی.
- چەندجارەی دووبارەبوونەو (دورية، Periodicity) (ماوەی نێوان پێوانەکردنی نیشاندەرێک تا پێوانەکردنی بۆ جارێکی تر)
- بەردەوامێتی و شەفافییەتی پێداچوونەوە (مراجعة).
- نوێنەرایەتی (تا چەندە داتاکە نوێنەرایەتی دانیشتوانەکە دەکات)
- پۆلێنکردن (دابەشکردنی بۆ چەند پۆلێک) (هەبوونی ئامارەکان بە گوێرەی چەند پۆلێنێک وەک تەمەن، ڕەگەز –نێر یان مێ-، ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ناوچەی جوگرافی یان کارگێڕی، نەتەوە، تاد)
- نهێنیپارێزی. پاراستنی نهێنی داتا کە و سەلامەتیی داتاکە و دەستگەیشتن بە داتاکە (تا چەند شێوازەکانی کارکردن لەسەر داتاکان بە گوێرەی ڕێنمایی و ستانداردەکانی هەڵگرتن و گواستنەوەی داتا ئەنجام دەدرێت)

چاودێریی تەندروستیی گشتیی ئەمانە دەگرێتەوە: ڕێژەی مردن، ڕێژەی نەخۆشکەوتن، و فاکتەرەکانی مەترسی، وەک لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە. بۆ داڕشتنی سیستمی چاودێری چەند ڕێکارێک هەڵدەبژێدرێت. زۆر گرنگە ئەوەمان لەبیر بێت کە هەندێک لەم ڕێکارانە دەبنە بەربەست (کۆتوبەند) لەسەر سوودمەندێتیی داتای چاودێری. بۆ نموونە، سیستمی چاودێری ناتوانێت حاڵەتی نائاسایی زەوەندی نەخۆشیی سەخت یان درێژخایەن بدۆزێتەوە (بەم شێوەیە ناتوانێت کاری لەسەر بکرێت) ئەگەر ئەو نەخۆشییە لەسەر فۆرمی چاودێرییەکە نەنووسرابێت، یان ئەگەر داتا ڕاپۆرتکراوەکە ئەگەرچی نەخۆشییەکەی تێدا نووسراوە بەڵام هێندە تێکەڵە و گروپ یان شوێنێکی دیاریکراوی جیا نەکردۆتەوە. بەم شێوەیە، پێویستە بە گوێرەی ئامانجەکان سیستمەکە دابڕێژرێت و حساب بۆ شێوازی بەکارهێنانی داتاکە بکەین کاتێک سیستمەکە دادەڕێژین.

**چاودێریی ڕێژەی مردن و نەخۆشکەوتن.** لە چاودێریی تەقلیدییانەی تەندروستی گشتییدا داتا کۆدەکرێتەوە لەسەر ڕێژەی مردن (کۆچی دوایی) و نەخۆشکەوتن (نەخۆشی و حاڵەتەکان). دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و هەندێک موماریس داتا لەسەر حاڵەتەکانی مردن و نەخۆشکەوتن دەکەن بە ڕاپۆرت. داتا لەسەر حاڵەت و ڕێژەی مردن لە تۆماری تری ژیارییەوە دێت – بەڵگەنامەی کۆچکردن، وەفاتنامە - کە ئەمیان زیاتر بە شێوەیەکی ستاندارده بە بەراورد لەگەڵ تۆماری نەخۆشخانەکان بەڵام تەنێ هۆی بنەڕەتیی تێدایە سەبارەت بە هۆی مردنەکە. بۆ ئەوەی سیستمی چاودێریکردنی ڕێژەی مردن و نەخۆشکەوتن لە هەرێمی کوردستان سیستمێکی کارا بێت، پێویستە ڕەنگدانەوەی ئەو سێ خەسڵەتەی سەرەوە بێت: داپۆشین (تغطيە)ی بەرفراوان و نوێنەرایەتی، کواڵیتی بەرز و لە کاتی خۆیدا، و داتای ئەوتۆ کە بتوانرێت کاری لەسەر بکرێت – بتوانرێت بە پشتبەستن بەو زانیارییە وەڵامدانەوە دابڕێژرێت و کار ئەنجام بدرێت.

داتا لەسەر ڕێژەی مردن و نەخۆشکەوتن بە بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی (نەخۆشیزانی، پەتازانی، علم الاوبئة، epidemiology) شی دەکرێنەوە – باسکردنی ڕووداوەکان بە گوێرەی کەس، شوێن، و کات. پێویستە ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لەبەردەم بڕیاربەدەستان و بەڕێوەبەرەکانی سەرجەم ئاستەکان هەبێت، و بەکاری بهێنن – هەر لە دەستگاکانی خزمەتی تەندروستییەوە تا نووسینگە تەندروستییەکانی ناحیە، پارێزگا و کارگێڕیی مەرکەزی. داتای چاودێریی مردن و نەخۆشکەوتن ڕێگە خۆش دەکات بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

- هۆ سەرەکییەکانی حاڵەتەکانی نەخۆشکەوتن و مردن چین لە دەستگاکانی تەندروستی، ناحیە، قەزا، پارێزگا و/یان هەرێمی کوردستان؟ ڕەوتەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چۆنە؟ ئایا هیچ ڕووداو یان شێوازێکی نائاسایی لە ئارادایە؟
- لە کوێ، کەی، و لەلای کێ ئەم گرفتانە ڕوودەدات؟ ڕەوتەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چۆنە؟ ئایا هیچ ڕووداو یان شێوازێکی نائاسایی لە ئارادایە؟
- ئایا سیاسەت/بەرنامە/دەستپێشخەریی خزمەتی تەندروستی کاریگەری هەیە لەسەر دەرەنجامە تەندروستییەکان؟ ئایا دەستپێشخەرییەکە نیشانەی داناوە بۆ کارکردنێکی کاریگەر لەسەر هەموو شوێنەکان و هەموو کەسەکان؟

**چاودێریی فاکتەری مەترسی:** لەم چەند دە ساڵەی ڕابردوودا وڵاتانیش و (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)ش دەستیان کردووە بە کۆکردنەوەی داتا لەسەر فاکتەرەکانی مەترسی (risk factors) لە بەرامبەر شێوازی ساکاری چاودێریی کردنی مردن و نەخۆشکەوتن. بۆ نمونەویلایەتە یەکگرتووەکان لە 1984 دەستی کرد بە جێبەجێکردنی (سیستمی چاودێریی فاکتەری مەترسیی ئاکار، BRFSS)، کە CDC 2010) بەم شێوەیە وەسفی دەکات: "گەورەترین سیستەمی بەردەوامی ڕووپێوکردنی تەندروستیە لەجیهاندا کە بە تەلەفۆن بەدواداچوون لەسەر باری تەندروستی و ئاکاری مەترسیدار لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجام دەدات هەموو ساڵێک" پرسیارنامەی BRFSS ی 2010 باسی بوارە سەرەکییەکان و ئیختیارییەکان دەکات وەک لە خشتەی 7.3 پیشان دراوە (CDC, 2009). دەتوانرێت دەستکاری پرسیارنامەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکرێت و بگونجێندرێت بۆ هەرێمی کوردستان.

**خشتەی 7.3**
**ناوەڕۆکی (سیستمی چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستی) (BRFSS)**

| # | وەسف | # | وەسف |
|---|---|---|---|
| بەشە سەرەکییەکانی BRFSS | | | |
| 1 | ڕەوشی تەندروستی | 12 | دیمۆگرافی |
| 2 | شێوە ژیانی تەندروست، ڕۆژانی تەندروست | 13 | خواردنەوەی ئەلکهول |
| 3 | دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاریی تەندروستی | 14 | کوتان |
| 4 | خەوتن | 15 | کەوتنە خوارەوە |
| 5 | مەشق و ڕاهێنان | 16 | بەکارهێنانی پشتێنی خۆبەستنەوە |
| 6 | شەکرە | 17 | لێخووڕینی ئۆتۆمبیل بە سەرخۆشی |
| 7 | تەندروستی لەڕێگای دەم | 18 | تەندروستیی ژنان |
| 8 | نەخۆشی دڵ و موولوولەی خوێن | 19 | پشکنینی شێرپەنجەی پرۆستات |
| 9 | هەناسەتەنگی | 20 | پشکنینی شێرپەنجەی قۆڵۆن و ڕێکە |
| 10 | کەمئەندامێتی | 21 | ئایدز/ئێچ ئای ڤی |
| 11 | جگەرە کێشان | 22 | پشتگیریی هەست و ڕەزامەندیی لە ژیان |
| مۆدیلی هەڵبژاردەی BRFSS | | | |
| 1 | پێش شەکرە | 14 | ڕزگاربوون لە شێرپەنجە |
| 2 | شەکرە | 15 | بایەخپێدەر |
| 3 | (نیشانەکان) ڕۆژانی تەندروست | 16 | کاردانەوە بۆ ڕەگەز |
| 4 | نابینایی و دابینکردنی خزمەتگوزاریی چاو | 17 | دڵەڕاوکێ و خەمۆکی |
| 5 | بەرکەوتنی خۆر | 18 | کەمئەندامێتیی مەعریفی (عەقڵی) |
| 6 | بێ ئۆقرەیی، نەخەوتن وەک پێویست | 19 | بارودۆخی کۆمەڵایەتی |
| 7 | پلاندانانی خێزان | 20 | ئامادەیی گشتیی |
| 8 | مێژووی ڕەبوو | 21 | تەندروستیی ئاژەڵی |
| 9 | هەوکردنی جومگەکان | 22 | ئەزموونی پێچەوانەی منداڵیی |
| 10 | کارمەندی تەندروستیی/مەترسیی بەرز | 23 | هەڵبژاردنی منداڵ بە شێوەی هەرەمەکی |
| 11 | شینگلس (حلأ نطاقي) (Zostavax یان ZOS) | 24 | هەناسەتەنگی منداڵان |
| 12 | گزاز-خەناف (باڵق) | 25 | کوتانی منداڵی |
| 13 | پاپیلۆمی باڵق، الورم الحليمي (HPV) | 26 | پاپیلۆمی منداڵان، (HPV) |

سەرچاوە: CDC, 2010.

لە ئاستی جیهانییدا، (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) هەندێک داتا لەسەر فاکتەری مەترسی بڵاو دەکاتەوە لە ڕاپۆرتە ئامارییەکانیدا، هەندێکیان بۆ چاودێری بەرەوپێشچوون بەرەو (ئامانجەکانی هەزارەی سێیەم) بەکاردەهێنرێن. هەروەها ڕاپۆرتی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی) ((WHO(2010) هەندێک پێناسەی تێدایە بۆ ئەم فاکتەری مەترسییانەی خوارەوە:

- ئەو دانیشتوانانەی دەستیان دەگات بە سەرچاوەی باشی ئاوی خواردنەوە (MDG7)
- ئەو دانیشتووانەی ئاو وئاوەڕۆی باش بەکاردەهێنن (MDG7)
- ئەو دانیشتوانەی سووتەمەنی ڕەق بەکاردەهێنن
- کێشی کەمی منداڵی ساوا (کەمتر لە 2,500 گرام)
- ئەو ساوایانەی تەنێ شیری دایکیان دەخۆن لە شەش مانگی یەکەمی ژیانیاندا
- ئەو منداڵانەی تەمەنیان بچووکترە لە 5 ساڵان و بچووکن
- ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە 5 سالان کەمترە و کێشیان کەمە (MDG1)
- ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە 5 ساڵان کەمترە و کێشیان زیادە
- ئەو باڵقانەی تەمەنیان 15 ساڵ و زیاترە و قەڵەون
- خواردنەوەی ئەلکهول لە نێو ئەو باڵقانەی تەمەنیان 15 ساڵ و گەورەتر
- جگەرە و توتن کێشان لە نێو ئەو باڵقانەی تەمەنیان 15 ساڵ و گەورەترە
- جگەرە و توتن کێشان لە نێو ئەو هەرزەکارانەی تەمەنیان لە نێوان 13-15 ساڵییە
- بەکارهێنانی کۆندۆم لە لایەن باڵقی تەمەن 15-49 ساڵان لە دوایین حاڵەتی بەرزی مەترسیی نەخۆشییە جنسییەکان (MDG6)
- دانیشتوانی تەمەن 15-24 ئەوانەی زانیاری هەمەلایەن و دروستیان هەیە لەسەر ئایدز (HIV/AIDS) (MDG6)

دەتوانرێت بە بەکارهێنانی پرەنسیپەکانی (زانستی نەخۆشی، زانستی پەتا) داتای چاودێریی فاکتەری مەترسییش شی بکرێتەوە. ئەم شیکردنەوانە وەڵامی پرسیاری گرنگی ئەوتۆ دەدەنەوە کە لە سەرجەم ئاستەکاندا بڕیاربەدەستان و کارگێڕانی تەندروستی پێویستیان پێیەتی بۆ داڕشتن و دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە هاوولاتیەکانیان. هەندێک لەم پرسیارانە بریتین لە:

- هەرە گرنگترین فاکتەرەکانی مەترسیی بۆ دانیشتوانی دەستگای تەندروستییەکە، ناحیەکە، قەزاکە، پارێزگاکە و هەرێمی کوردستان کامانەیە؟ ڕەوتەکە چۆنە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا؟
- لە کوێ، کەی، و بۆ کێ ئەم فاکتەری مەترسییانە لە ئارادان؟ ڕەوتەکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا چۆنە؟ ئایا هیچ ڕووداو یان شێوازێکی نائاسایی لە ئارادایە بە گوێرەی شوێن، کات، و کەس؟
- ئایا سیاسەت و بەرنامە و دەستپێشخەریە تەندروستییەکان کاریگەریان هەیە لەسەر فاکتەرەکانی مەترسی؟ ئایا کاریگەریەکە بە شێوەیەکی یەکسان دابەش کراوە بەسەر شوێنەکان و ئەو کەسانەی کەئامانجن (مستهدفن، targeted)؟

میکانیزم و ڕێوشوێنەکانی وەڵامدانەوە (بەرسڤ). زانیاری تەنێ کاتێک سوودبەخشە کە بەکاربهێنرێت. ئەگەر سیستمێکی چاودێری بە باشی دابڕێژرێت ئەوسا دەتوانێت تەشەنەسەندنی توند (سەخت) و ڕەوتی نائاسایی درێژخایەن بدۆزێتەوە، و ڕێوشوێنی پێویست بۆ لێپێچینەوە و دەستپێشخەری گونجاو بگرێتە بەر. بناغەی کارێکی لەم جۆرە بریتییە لە توانایەکی پتەوی نەخۆشیزانیی تەتبیقی. فەرمانگەکانی تەندروستی لە پارێزگا دەتوانن وەڵامی حاڵەت و ڕووداوەکان بدەنەوە و لێپێچینەوە لە هۆیەکانیان بکەن، بەڵام ڕوون نییە ئاخۆ سوود وەردەگرن لە مەشقێکی تۆکمە و سیستماتیکیی نەخۆشیزانیی تەتبیقی.

بۆ نموونە، CDC بەرنامەیەکی مەشقی درێژخایەنی هەیە لەسەر زانستی نەخۆشی کارپێکراو – کە بریتییە لە (خزمەتگوزاریی ڕۆشنبیریی نەخۆشیزانی) و لە ساڵی -1951ەوە مەشقی بە زیاتر لەو شارەزایانی زانستی نەخۆشیەکان کردووە کە دواتر لە فەرمانگە تەندروستییەکانی فیدراڵی، ویلایەت، و خۆجێیدا دامەزراون، هەروەها ژمارەیەکی زۆر کارمەندی بیانییش مەشقیان بینیوە و لە وەزارەتی تەندروستی وڵاتەکانی خۆیان لە پۆستی گرنگ دامەزراون. لە ساڵی -1980ەوە CDC و لەژێر تیشکی بەرنامەکەی EIS یارمەتی دامەزراندنی (بەرنامەی مەشقی مەیدانیی شارەزایانی زانستی نەخۆشیەکان) داوە، کە ئێستا لە زیاتر لە 37 وڵات پیادە دەکرێت، و بەردەوامە لە پشتگیری 15 بەرنامە لە 29 وڵات. بە گشتیی، نزیکەی 2,100 شارەزایانی زانستی نەخۆشیە مەیدانیەکان ئەم بەرنامانەیان تەواو

کردووە، زۆربەیان پێگەی سەرکردایەتییان وەرگرتووە لە وەزارەتی تەندروستییەکانیان. لە 1997، (تۆڕی بەرنامەی مەشق لە نەخۆشیزانی (پەتازانی، ئێپیمیدیلۆجی) و دەستپێشخەریی تەندروستی گشتیی) وەک تۆڕێکی پسپۆڕانە بۆ بەرنامەی مەشقی ئێپیمیدیلۆجی پێکهێنرا. سەرجەم ئەم بەرنامانە لە پۆلی خوێندندا فێرکاری پێشکەش دەکەن سەبارەت بە زانستی نەخۆشی و بۆ ماوەی ساڵێک یان دوو ساڵ مەشقی ماوەی کاریان پێشکەش دەکرێت، لە ناویدا ئەزمونی عەمەلیی مەیدانی. بۆ نموونە، (2006) CDC بابەتی (مەنهەجی سەرەکیی ستاندارد بۆ بەرنامەی مەشقی ئێپیدیمۆلۆجی مەیدانی) بڵاو کردەوە، کە هەروەها ئەو شارەزاییانەی تێدایە کە لە کۆتایی مەشقەکەدا پەیدا دەکرێت. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێت بەرنامەیەکی لەم جۆرە دابڕێژێت، دەتوانێت ئەو کارزانییە (شایستەیی، الکفاءة، competency) جەوهەرییانەی CDC بەکاربهێنێت، پەسند بکات و بیانگونجێنێت بۆ خۆی.

**کارزانیی (شایستەیی، الکفاءة، competency) ی جەوهەری: بەکارهێنانی زانست بۆ چاکترکردنی تەندروستیی گشتیی پشتگیریکردن لە کارزانییەکان *(شایستەییەکان، الکفاءات، competencies)***

- شێوازەکانی زانستی نەخۆشییەکان
  1. بەکارهێنانی شێوازەکانی ئێپیمییۆلۆجی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە بۆ چاکترکردنی پێشکەشکردنی بەرنامەی تەندروستیی گشتیی
  2. وەڵامدانەوەی تەشەنەسەندن (بڵاوبوونەوەی نەخۆشی)
- بایۆستاتیکس
  3. شیکردنەوەی داتای ئێپیمییۆلۆجی بە گوێرەی شێوازی گونجاوی ئامار
- چاودێریی تەندروستی گشتیی
  4. بەڕێوەبردنی سیستمی چاودێریی تەندروستیی گشتیی
- تاقیگە و بایۆسەیفتی (سەلامەتیی بایەلۆجی)
  5. بەکارهێنانی سەرچاوەکانی تاقیگە بۆ پشتگیریی لە چالاکییەکانی ئێپیمییۆلۆجی
- گەیاندن
  6. داڕشتنی گەیاندن (اتصالات)ی تەندروستیی گشتیی
  7. داڕشتن و گەیاندن بۆ تەندروستیی گشتیی بە زارەکی
- تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر
  8. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ هەندێک کاروباری پەیوەست بە کاری تەندروستیی گشتی
- بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی
  9. بەڕێوەبردنی پرۆژەیەکی مەیدانی
  10. بەڕێوەبردنی ستاف و سەرچاوەکان
  11. کارمەندان ببن بە سەرتیپ و ئەندامی کارا
  12. بەڕێوەبردنی بەرپرسیارێتییەکانی کارمەندان
- کاریگەری (فعالیة، effectiveness)ی خۆپارێزی (الوقایة، Prevention)
  13. بەکارهێنانی ئامرازی سادە بۆ شیکردنەوەی دارایی
- فێرکاری و ئامۆژ و راوێژ
  14. مەشقکردن بە کارمەندانی تەندروستیی گشتیی
  15. پێشکەشکردنی ڕاوێژ بە کارمەندانی تەندروستی
- ئێپیمییۆلۆجی نەخۆشییە درێژخایەنەکان و بریندارەکان
  16. هەڵسەنگاندن و دانانی ئەولەوییەت بۆ بایەخی نەخۆشییەکان و هەڵومەرجەکانی تەندروستیی گشتیی

**نیشاندەرەکانی سیستمی زانیاریی تەندروستی**

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهان کۆمەڵێک نیشاندەر (مؤشر، Indicator) ی داڕشتووە بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندن و چاودێریی سیستمی زانیاریی تەندروستی و ڕەوشی تەندروستی، وەک لە خشتەی 7.4 پیشان دراوە (Islam, 2007). بڕوامان وایە ئەمانە پەیوەستن بە کوردستانیشەوە بۆ چاودێری بەرەوپێشچوونی سیستمەکانی چاودێری و سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن کە لە بەشەکانی داهاتوودا بە تێروتەسەلی باسی دەکەین.

**خشتەی 7.4**
**هەندێک نیشاندەری پرۆسەی سیستمی زانیاریی تەندروستی**

| نیشاندەر (المؤشر، Indicator) | سەرنج |
|---|---|
| سەرچاوە، سیاسەت، ڕێوشوێن | |
| سیستمی زانیاریی تەندروستی دەخرێتە بودجەی ئاستی مەرکەزیی، هەرێم و/یان قەزاوە | ئاستی پشتگیرییەکەی حکومەت لە کارکردنی سیستمی زانیاریی کار دەکاتە سەر کواڵیتی و بەردەوامییەتەکەی |
| سیاسەت و یاسا و ڕێوشوێنەکان بە پێویستی دەزانن کە دەزگاکان یان دابینکارانی گشتی و تایبەتی ڕاپۆرت دەربارەی هەندێک نیشاندەر بدەن بەدەستەوە | چوارچێوەیەکی ڕێکخستن بۆ دروستکردن و بەکارهێنانی زانیاریی بواری تەندروستی بۆ میکانیزمەکان دەڕەخسێنێت جەخت لەوە بکەنەوە دابینکار زانیاریی پێویستی لەبەردەست هەبێت |
| بەڵگەی ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە زانیاری تەندروستی بۆ پلاندانان و تەرخانکردنی سەرچاوە بەکاردەهێنرێت | نموونەکان بریتین لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە زانیارییە لە بواری پلاندانان، چاکسازیی، بەرنامەکانی بەڕێوەبردن، و داڕشتنی بەرنامە |
| بە شێوەیەکی سیستماتیکی پێداچوونەوەی نیشاندەرەکان دەکرێت بۆ بەکارهێنانیان بۆ پلاندانان، بەڕێوەبردن، و هەڵسەنگاندن و دەستکاریی پێویست | پێویستە وەک دینامیکی ناو سیستمەکانی زانیاری سەیری نیشاندەرەکان بکرێت، کە پێویستە بەردەوام بە گوێرەی پێداویستییە هەنووکەییەکان بن |
| کۆکردنەوەی داتا و کواڵیتی داتا | |
| ڕێژەی سەتیی ئەو قەزایانەی لە زانیاری ڕاپۆرتەکاندا بەشداربوون | دانانی ڕاپۆرتەکانی دەستگا ئەهلییەکان لەناو سیستمی زانیاریی تەندروستییدا ئێجگار گرنگە ئەگەر کەرتی تایبەت بڕێکی زۆر خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات |
| ڕێژەی سەتیی داتای دەستگایی تەندروستیی تایبەت –ئەهلی- لەناو ڕاپۆرتەکەدا | ڕێنمایی ڕوون دەبێتە مایەی باشتربوونی کواڵیتی داتا |
| بوون (هەبوون، وجود)ی ستاندار و ڕێنمایی ڕوون لەسەر ڕێوشوێنەکانی کۆکردنەوەی داتا و نووسینی ڕاپۆرت | ڕەنگە مەرجەکانی کۆکردنەوەی داتا و نووسینی ڕاپۆرت ئەرکێکی زێدە گران بێت لەسەر شانی کارمەندان، ئەمەش بە شێوەیەکی نەرێنی کار دەکاتە سەر کواڵیتی سیستمی زانیاریی تەنروستی، ڕەنگە داوای ژمارەیەکی زۆر ڕاپۆرت ئەرکێکی زێدە گران بێت بەسەر شانی کارمەندەکانەوە |
| ژمارەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە مانگانە، وەرزییانە، یان ساڵانە لە لایەن دەستگایەکی تەندروستییەوە پێشکەش دەکرێت | دەتوانرێت پێش وەرگرتنی ڕاپۆرت لیستێکی وردبینی هەبێت بۆ جەختکردنەوە لە وردێتی داتاکە، و سەردانی وردبینیی ناوخۆیی بۆ جەختکردنەوە لە کوالیتی داتاکە ئەنجام بدرێت |
| ڕێوشوێن لەسەر ساخکردنەوەی کوالیتیی داتا (وردیی –دقة-، تەواوێتی –تکامل، و گەیشتنی لە کاتی خۆیدا | ڕاپۆرتی لەم جۆرە دەرفەتێکە بۆ پێکەوە کۆکردنەوەی ئەنجامی سیستمی لاوەکیی جۆراوجۆری زانیاری و ئاوێتەکردنی شیکردنەوە و ڕاڤەکانیان |
| بوونی پوختەی ڕاپۆرت لەسەر ئاستی نیشتمانی، کە زانیاری و شیکردنەوە و ڕاڤە لەخۆدەگرێت | ڕاپۆرتی لەم جۆرە دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ بەراووردکردنی ئەنجامەکانی دەزگا لاوەکیە جیاوازەکانی زانیاری، بەمەش پشتگیری لە تۆکمەبوون و شیکارکردن و ڕوونکردنەوە دەکات. |
| شیکردنەوەی داتا | |
| بوونی ژمارەی پێویستی کارمەند و ژێرخان لە هەر ئاستێکدا بۆ یەکخستن و شیکردنەوەی زانیارییەکان | ڕەچاوکردنی تەرخانکردنی ڕێژەیەکی سەتیی پۆستەکان و ئەو شارەزاییەی پێویستە لە کارمەندێکدا هەبێت تا بتوانێت لەم پۆستەدا دابمەزرێت. جۆری ئەو کارمەندە دیاری بکە کە ئەرکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدات لە پرۆسەی شیکردنەوەدا، هەروەها ئاستیی کارزانییەکەشی دیاری بکە.<br>تێبینی بڕی ئەو کاتە بکە بۆ شیکارکردنی زانیارییەکان دەرخانکراوە. |
| بەڵگەی چالاکیی مەشقی بەردەوام لە بواری کۆکردنەوەی داتا و شیکردنەی داتا لە سیستمی زانیارییدا | مەشقکردن کلیلی پاراستنی توانای شیکاریی کارمەندەکانە |
| هەبوونی ڕێنمایی نووسراو سەبارەت بە شێوازەکان و بەرهەمەکانی شیکردنەوەی داتا | ڕێنمایی ڕوون بەردی بناغەی شیکردنەوەی داتایە |

**خشتەی 7.4 — بەردەوامی خشتەی سەرەوەیە**

| نیشاندەر | سەرنج |
|---|---|
| ئەو داتایەی لە بەرنامە تەندروستییەکان وەردەگیرێت دەکرێت بە گروپ و پۆلێن بۆ ئەوەی بۆ ڕاپۆرت بەکاربهێنرێن، ئەم بەڵگەنامانەش بڵاو دەکرێنەوە | خەرجی چاککردنەوەی سیستمی هەمەلایەن و گشتگیری زانیاری هەرزانترە و بوار دەڕەخسێنن بۆ شیکەرەوە و بڕیاربەدەستان پەیوەندیی نێوان نیشاندەری بەرنامەی جۆراوجۆر ببینن و پێکەوە گرێیان بدەن (وەک، حاڵەتەکانی سوورێژە، و کوتانەکان بۆ دژە سوورێژە).<br>فلۆچارت (هێڵکاری) جۆراوجۆر هەیە بۆ توخمەکانی سیستمی زانیاری و تێیدا ئەوە دەردەخەن داتاکان لە کوێدا خراونەتە سەر یەک و کراون بە گروپ. |
| هەبوونی کۆلکە (قاسم مشترک، denominator) ی گونجاو بۆ شیکردنەوە | نموونەکان بریتین لە پۆلێنکردنی دانیشتوان بە گوێرەی گروپی تەمەن، بە گوێرەی دەستگای ناوچەی کۆکردنەوە، بە گوێرەی ڕەگەز، بە گوێرەی ژمارەی ژنانی دووگیان.<br>کۆلکەی ورد بەردی بناغەی شیکردنەوەی داتایە |
| هەبوونی شیکردنەوەی داتا لە کاتی گونجاودا، بەو شێوەیەی لایەنە پەیوەندداەکان و بەکارهێنەرەکان دەستنیشانیان کردووە | ئەمە بەسەر ئاستەکانی قەزا، پارێزگا، ومەرکەزییدا دەچەسپێت |
| بەکارهێنانی زانیاری بۆ بەڕێوەبردن، داڕشتنی سیاسەت، و بەرپرسیاربوون (مسائەلە) | |
| بەکارهێنانی داتا بۆ پلاندانان، داڕشتنی بودجە، یان چالاکیی کۆکردنەوەی دارایی لە ساڵی پاردا | نیشاندەرەکە بیرۆکەیەکمان پێدەدات لەسەر ئاستی پابەندێتیی (ئیلتزام)ی حکومەت، و هەروەها نیشاندەرێکە بۆ ئەو میکانیزمانەی پیادە دەکرێن بۆ بەکارهێنانی داتاکە لە لایەن سیستمی زانیاریی تەندروستییەوە |
| داتا یان ئەنجامەکانی شیکردنەوە دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەوانەی داتاکەیان دابین کردووە بۆ ئەوەی ئاگادار بکرێن لە ئەدای بەرنامەکە | سەرنج و بیروبۆچوون (نووسراو یان بە زارەکی) سادەترین شێوازە بۆ بەکارهێنانی داتا، ئەمەش شێوازی بەڕێوەبردنی زانیاریی پیشان دەدات لە ئاستە جۆراوجۆرەکان |

سەرچاوە: بە دەستکارییەوە لە Islam, 2007

## دەستپێشخەری تایبەت و ڕاسپێردراو

ئەم دەستپێشخەرییانەی خوارەوە باسی هەنگاوەکانی چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن دەکەن. هەندێک پرەنسیپی گشتگیر هەیە کە بۆ هەر دوو جۆر سیستمەکە پیادە دەکرێت:

- تەنێ ئەو زانیارییە کۆبکەرەوە کە بەکاردەهێنرێت، و هەموو ئەو داتایەی کۆدەکرێتەوە، بەکاربهێنە.
- (یەکخستنی) دانانی ستانداردێک بۆ کۆکردنەوەی داتا لە ئاستی هەر سێ پارێزگاکەدا.
- پرۆسەی تەریبکردنی داتا بۆ بەرفراوانکردنی گواستنەوە و پرۆسەکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان، و دواجار بگۆردرێت بۆ شێوازی کۆکردنەوەی ئەلیکترۆنی
- کەمکردنەوەی بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی داتای ڕێکخراو، هێندەی بکرێت، و بوار بە شیکردنەوەی توندوتۆڵی داتای دەرەنجامەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەندروستی بدرێت بۆ بەڕێوەبردن و وەڵامدانەوە لە سەرجەم ئاستەکاندا.
- جەختکردنەوە لە ژمارەی گونجاوی ستاف لەگەڵ کارزانی (شایستەیی، competency) ی پێویست (وەک، ستافی پێویست بۆداخڵکردن و پرۆسەکردن و شیکردنەوەی داتا)
- بەکارهێنانی پلانی پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی وەک (پۆلێنی نێودەوڵەتی بۆ نەخۆشییەکان 10- (International Classification of Diseases-10 [ICD-10]، سەرنج بدە لەوەی (دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان) پلانی داناوە بۆ گواستنەوە بۆ ڕێسای ICD-10)، نیشندەرەکان (وەک، نیشاندەرەکانی (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)، WHO) و قۆناغەکان (وەک، ستانداردەکانی WHO، IOM، و ڕێکخراوی ستانداردەکانی نێودەوڵەتی International Standards Organization-، و کۆمیسیۆنی هاوبەشی نێودەوڵەتی) هێندەی پەیوەندیی بە ڕەوشی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت.
- دانانی تەکنەلۆجیای نوێ لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، و ئەنجامدانی هەندێک دەستپێشخەریی بۆ ئەزموونگەرایی، پێش ئەوەی بەرنامەکان بەرفراوان بکرێن (پێش ئەوەی بە تەواوەتی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان پیادە بکرێت، پرۆژەکان تاقی بکرێنەوە).
- سوود وەرگرتن لە هەندێک شێوازی کاری نموونەیی کە ئێستا لە هەندێک قەزا و پارێزگا دەکرێت، و دۆزینەوەی شێوازێک بۆ پیادەکردنی ئەم کارانە لەسەر ئاستێکی بەرفراوان.

ئەم چالاکییانەی خوارەوە پێنج هەنگاوی سەرەکیی لەخۆدەگرن بۆ سیستمەکانی چاودێری و سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن/کارگێڕیی:

- پێداچوونەوە و تەواوکردنی هەندێک پێداویستیی داتا
  – بۆ نموونە، باسکردنی ئامانجەکان، دیزاینی سەرەکی، و توخمەکانی داتا بۆ سیستمێکی داتا.
- داڕشتن و پیادەکردنی پرۆتۆکۆل بۆ کۆکردنەوەی داتا و نووسینی ڕاپۆرت
  – بۆ نموونە: سەرچاوەکانی زانیاری، هەندێک زانیاری دیاریکراو کە پێویستە راپۆرت بکرێن، دانانی داتای خاو یان داتای کەڵەکەکراو (یەکخراو)، ماوەی نێوان نووسینی ڕاپۆرتەکان و دابەشکردنی ڕاپۆرتەکان، و مەشقکردن یاخود دامەزراندنی ستاف بۆ کۆکردنەوە یان داخڵکردنی داتا.
- داڕشتن و پیادەکردنی پرۆتۆکۆل بۆ پرۆسەکردن، شیکردنەوە، و پێشکەشکردنی داتا
  – بۆ نموونە: لە کوێ و چۆن داتای خاو یان یەکخراو پرۆسە دەکرێت، چۆن و کێ داتا شی دەکاتەوە لە هەر ئاستێکدا (دەستگا، قەزا، پارێزگا، یان بە شێوەیەکی ناوەندیی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە)، چۆن داتا پێشکەش دەکرێت، و مەشقکردن یان دامەزراندنی ستاف بۆ پرۆسەکردن و شیکردنەوە و پێشکەشکردنی داتا.
- داڕشتن و پیادەکردنی پرۆتۆکۆل بۆ ئەوەی داتا لە کاتی خۆیدا دابەش بکرێت
  – بۆ نموونە: بڕیاردان لەسەر باشترین شێواز/پێشکەشکردن، شێوە، و ئەو ماوانەی کە تێیدا شیکردنەوە لە نێوان لایەنە پەیوەندداره‌کاندا ئاڵوگۆڕ دەکرێت (وەک، لە ئاستی مەرکەزی، پارێزگا، قەزا، و دەستگاکاندا)، ساخکردنەوەی هەڵەکان ناوبەناو و وردبینی لە دەستپێکەوە لە هەره ئاستی خۆجێیدا، و داینکردنی سەرنج و بۆچوونی بنیاتنەرانە بۆ ئەوانەی داتا ڕاپۆرت دەکەن و تواناسازکردنیان بۆ ئەوەی بتوانن بەرپرسیارێتییەکانی خۆیان باشتر بەڕێوە ببەن (وەک، دەستگا، قەزا).
- بەکارهێنانی زانیاری بۆ وەڵامدانەوە، بەڕێوەبردن، و داڕشتنی سیاسەت
  – بۆ نموونە، بۆ دەستکردن بە وەڵامدانەوەیەکی زانستیانەی نەخۆشیەکان لە بەرامبەر بە تەشەنەسەندنی نەخۆشییەک یان بۆ لێپێچینەوە لە حاڵەتێکی نائاسایی درێژخایەن و بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەوییاتەکان لە بەرامبەر هەنێک حاڵەت یان شوێنی نەخۆشییەک یان بۆ گروپێکی دیاریکراوی دانیشتوانەکە.

ئەم بەشەی خوارەوە تایبەتە بە دەستپێشخەرییە پێشنیارکراوەکان.

#### ڕێکخستنی هەماهەنگی و چاودێریکردنی دەستپێشخەرییەکانی داتا

لەبەرئەوەی هەندێک سیستمی پێشنیارکراو یان توخمی سیستم جیاواز دەبن یان تەنانەت نوێ دەبن لای هەندێک بەڕێوەبەر لە هەرێمی کوردستان، زۆر گرنگە سوود لە ئەزموون وەربگیرێت و کۆدەنگییەک پەیدابکرێت بۆ گەشەپێدانی سیستمەکان و هەروەها بۆ شێوازی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو سیستمانە. بۆ ئەم مەبەستە، ئێمە یەک دەستپێشخەریی گشتیی پێشنیار دەکەین (پێی دەگوترێت "GEN"):

**GEN-1: دانانی (لیژنەی داتای تەندروستی) بۆ چاودێری و جێبەجێکردنی سیستمە پێشنیارکراوەکانی زانیاری**

- دەشێت (لیژنەی داتای تەندروستی) هەمان لیژنەی جێبەجیکاری پزیشکی بێت کە لە ED-1 پێشنیار کراوە، یان لیژنەیەکی لاوەکیی سەر بە لیژنەکە بێت، یاخود گروپێکی تەواو جیاواز بێت. پێویستە لە ئاستی مەرکەزییدا نوێنەرانی دەسەڵات لەناو ئەم گروپەدا هەبێت (وەک دەستەی ئامار لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی،- پلاندانان)، بەڕێوەبەرە گشتییەکانی تەندروستی لە سێ پارێزگاکە، و ڕەنگە بە لای کەمەوە یەک DMO لە هەر پارێزگایەک پێویست بێت، هەروەها نوێنەری بەڕێوەبەرانی نووسینگەی ئامار و هەر نووسینگەیەکی ئێپیدیمیۆلۆجی لە ئاستی هەرێم و پارێزگاکان.
- ئەم گروپە بەرپرسیار دەبێت لە:
  – گەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر داڕشتنی ناوەڕۆک، شێوە، ماوەی زەمەنی، و توخمی تری پەیوەست بە (سیستمەکانی چاودێری) و (سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن/کارگێریی) خوارەوە:
  – چاودێریی و جێبەجێکردنی ئەم سیستمانە و چاودێریی بەرەوپێشچوونەکە
  – پێشنیاری دەستکاریکردنی سیستمەکە بەپێی پێویست

- ئەم گروپە دەشێت سێ مانگ جارێک کۆبوونەوە بکات و پێداچوونەوەی داتاکە بکات بۆ وردبینیی کردنێکی ئاست بەرز.

لە بەشی داهاتوو هەندێک چالاکیی تێروتەسەل پێشنیار دەکەین بۆ بەدیهێنانی دوو ئامانجەکە – بۆ چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە و داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی. هەروەها ئێمە چەند نموونەیەک پێشکەش دەکەین لەسەر شێواز و فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا و خشتە و وێنەی داتا.

**ئامانجی 7.1: داڕشتن و بەڕێوەبردنی (سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی)**

ئەو دوو سیستمەی زانیاریی کارگێڕیی کە لە خوارەوە باس کراون (پێیان دەگوترێت "MIS") بوار دەڕەخسێنن بۆ بەڕێوەبەرەکان لە ئاستەکانی دەستگاکان/کلینیک، قەزا، پارێزگا و لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری خۆیاندا لە سەرچاوە و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان تێبگەن و بەڕێوەیان ببەن:

- سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی کلینیک
- بەکارهێنانی کلینیک.

**MIS-1: چاودێریی سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکانی کلینیک**

- پێداچوونەوە و تەواوکردنی پێداویستییەکانی داتا بۆ نۆرینگەکان
  – دیاریکردنی زانیاری
    ■ بەرواری ڕاپۆرتەکە، ناوی کلینیکەکە، پۆلێن (وەک، لقی بنکەی تەندروستی، بنکەی سەرەکیی تەندروستی، بنکەی سەرەکی، یان بە-تەلەفۆن)، شوێن - تانوپۆی دیاریکردنی شوێنی جوگرافی، شوێنی کۆکردنەوە (وەک ناوی گوندێک، شارۆچکەیەک، یان شارێک)، و قەبارە (ژمارە)ی ئەو دانیشتوانەی خزمەتیان پێشکەش دەکرێت
  – ستاف
    ■ ژمارەی هەر جۆرێک لە جۆرە سەرەکییەکانی ستاف، بۆ نموونە، دکتۆر، دانساز، پەرستیار (بە گوێرەی ئاست)، دەرمانساز، تەکنیککارانی تاقیگە، یاریدەدەرانی پزیشکی و دانسازی
  – کەلوپەل و ئامێرەکان، و ڕەوشی عەمەلیاتیی هەنووکەیی
    ■ تیشکی ئێکس (بۆ خزمەتگوزاریی دان و پزیشکی)
    ■ ئامێری تاقیگە (وەک، مایکرۆسکۆپ، سێنتەرفیگ)
  – ئەو خزمەتگوزارییانەی دابین دەکرێن
    ■ خۆپارێزی: چاودێریی گەشەسەندنی منداڵ، کوتان، بەکارهێنانی دژە-وشکبوونەوە لە دەمەوە (ORS) (چارەسەر لە شوێنەکە، و چارەسەرەکە لە شوێنەکە نەکرێت بەڵام پاکەتەکە بدرێت بە دایک و باوکەکە)، و هەر دانەیەکی تری پەیوەست بە هەرێمی کوردستان
    ■ قۆناغی پێش لەدایکبوونی منداڵ
    ■ پزیشکایەتی: بەڕێوەبردنی فریاکەوتنی سەرەتایی، نەخۆشیی سەخت، برینداری، و نەخۆشیی درێژخایەن
    ■ دان
    ■ تاقیگە
- داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و نووسینی ڕاپۆرت
  – یەکخستنی فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا (فۆرمەکان بە شێوەیەکی ستاندارد بن) (بڕوانە شێوەی 7.2 بۆ نموونەیەک لەسەر فۆرمی نووسینی ڕاپۆرت)
  – داتاکان یان لە لایەن DMO تەواو دەکرێت لە کاتی سەردانێکی سەرپەرشتییدا یان لە لایەن بەڕێوەبەری کلینیکەوە (و DMO پێداچوونەوەی دەکات).
  – DMO سەرپەرشتیی کۆکردنەوەی داتا دەکات لە لایەن سەرجەم کلینیکەکانی کەرتی گشتییەوە لە قەزاکە، و ڕاپۆرت دەنێرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی تەندروستیی پارێزگا
  – داتا دەستبەجێ لە هەموو کلینیکەکان کۆدەکرێتەوە (بۆ نموونە تا کانونی دووەمی 2011) و هەموو سێ مانگ جارێک بە شێوەیەکی وەرزی نۆژەن (ئەپدێیت) دەکرێتەوە، یان هەموو سیمسترێک (شەش مانگێک)، یاخود ساڵانە، بە گوێرەی بڕیاری دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**شێوەی 7.2**
**سامپڵی فۆرمێکی (سیستمی کۆکردنەوەی زانیاری) بۆ چاودێریکردنی سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییەکانی کلینیک**

ڕۆژی ڕاپۆرت: ناوی ئەو کەسەی ڕاپۆرتەکەی ڕادەست کردووە:

ناوی نۆرینگە: ناسنامە/ژ. کۆدی نۆرینگە:

شوێنی نۆرینگە پارێزگا: قەزا: ناحیە:
تانوپۆی دیاریکردنی شوێنی جوگرافی:

کۆی دانیشتوانی ناوچەی کۆکردنەوە (قەبارەی ئەو خەڵکەی خزمەتیان پێشکەش دەکرێت):

جۆری نۆرینگە: ____ لقی بنکەی ت.____ بنکەی ت. ____ بنکەیەکی سەرەکیی تەندروستی

____ نەخۆشخانە، بەشی نەخۆشی دەرەوە، __ هی تر، باسی بکە: ______)

<u>کۆی ژمارەی ستاف: # =</u>

- کۆی ژ. دکتۆر: _____ (هەمیشەیی: _____ نۆرە: _____ )
  م. گشتی: ____ ژنان:____ هەناو:____ منداڵ: ____ نەشتەرگەر: ____ هی تر:
- ژ. دکتۆری دان: ____
- کۆی ژ. پەرستیار: __ ئاستی 1: __ ئاستی 2: __ ئاستی 3: __ ئاستی 4: ____
- ژ. مامان: ____
- ژ. دەرمانساز: ____
- ژ. کارمەندی تاقیگە: ____
- ژ. یاریدەدەری پزیشکی و ددان: ____
- کارگێڕی و ستافی تر کە لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ نەکراوە: ____

<u>ئامێر و کەرەستە (*"X" دابنێ لە بەرامبەر ئەوانەی کە هەیە*)</u>

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێداویستییەکانی پزیشکی دان (کورسی، ئامێر، تاد) ____ | کار دەکات؟ | بەڵێ | نەخێر |
| تیشکی ئێکس، بۆ (دان) ____ | کار دەکات؟ | بەڵێ | نەخێر |
| تیشکی ئێکس (پزیشکیی) ____ | کار دەکات؟ | بەڵێ | نەخێر |
| مایکرۆسکۆپ ____ | کار دەکات؟ | بەڵێ | نەخێر |
| ئامێری تری تاقیگە (باسی بکە): | کار دەکات؟ | بەڵێ | نەخێر |

<u>ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش کرا (*"X" دابنێ لە بەرامبەر ئەوانەی پێشکەش کران*)</u>

- خۆپارێزی وقائی: چاودێریی گەشەی منداڵ ____ کوتان ____ پەروەردەی تەندروستی ____
  دژە-وشکبوونەوە ORS لە شوێنەکە ____ دژە-وشکبوونەوە ORS بۆماڵەوە ____
- پێش منداڵبوون: خزمەتگوزاریی سادە ____ خزمەتگوزاریی ئاڵۆز ____
  خزمەتگوزاریی دایکایەتیی (منداڵبوون)____
- پزیشکیی __ برینداریی سادە، بڕین __ برینداریی سادە، شکان، لەجێچوون____نەخۆشیی سەخت
  ____ بەڕێوەبردنی نەخۆشیی درێژخایەن
- دان: خزمەتگوزاریی بنەڕەتیی دان بەڵێ نەخێر خزمەتگوزاریی ئاڵۆزیی دان: بەڵێ نەخێر
- تاقیگە: نۆرینگەکە تاقیگەی هەیە؟ بەڵێ نەخێر (*ئەگەر بەڵێ، ئەو پشکنینانەی کراون، نیشانە بکە*)
  خوێن: __ هیمۆگلۆبین __ خرۆکەی سپی __ ESR گلوکۆز __ مەلاریا
  میز: __ WBC __ سکیرێتی
  پیسایی: __ ئۆڤا/پاراسایت ئاو: __ قۆلۆنی پیسایی

- داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلێک بۆ پرۆسەکردن، شیکردنەوە، و دابەشکردنی داتا
  – دۆزینەوەی میکانیزم بۆ وەرگرتنی داتا بە شێوەیەکی کارا (وەک، سکانەری لەیزەری، تۆمارکردنی زانیارییەخاوەکان لەڕێگای ئەنتەرنێت)
  – نۆژەنکردنەوە بۆ ئەوەی داتاکان ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکان بن
  – پیشاندانی داتای خاو لە لیستی سادەدا (وەک، ئەکسل یان ئەکسێز، بڕوانە شێوەی 7.3 بۆ نموونەیەکی ڕوونکردنەوە)
  – بەکارهێنانی خشتە، شێوە، و/یان نەخشە بۆ هەندێک توخمی دیاریکراوی داتا (بڕوانە شێوەکانی 7.4 -7.8 وەک نموونە)
- داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلێک بۆ دابەشکردن و بەکارهێنانی داتا لە کاتی گونجاودا
  – بەرپرسانی تەندروستی لەناوچەکە پێداچوونەوەی خەسڵەت و بنەماکانی کلینیکەکان دەکەن لە هەموو ئاستەکاندا، بۆ وەڵامی پرسیاری لەم شێوەیە دەگەڕێن "ئایا هەر کلینیکێک ستافی بۆ دابین کراوە و دەتوانێت ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش بکات کە پێویستە پێشکەشیان بکات؟"
  – ڕاپۆرتە نۆژەنکراوەکان ڕەوانە دەکرێن بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی لە پارێزگا) و لەوێوە بۆ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە لای کەمەوە دووجار لەساڵێکدا، و دەخرێنە ناو ڕاپۆرتی ساڵانە لە لایەن پارێزگا و وەزارەتی تەندروستییەوە.

**شێوەی 7.3**
**لیستێک بە سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییەکانی کلینیک**

**دابەشبوونی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکانی بنکەی تەندروستی لە کوردستان، بە گوێرەی پارێزگا، قەزا، و ناحیە**

| | پارێزگا، قەزا، ناحیە | دانیشتوان (ئاماری 2010) | ناو و شوێن: جۆر | ناو و شوێن: ناو | تێکڕای سەردان/ ڕۆژێکدا | ستاف: دکتۆر# | ستاف: پەرستیار# | ستاف: دان# | ستاف: دەرمانساز# | ستاف: کۆ# | ANC | گەشەی مانگانە | EPI (کوتان) | ORS | تاقیگە | ڕەیدۆلۆجی | دان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | خزمەتگوزاری و ستافی بنکە تەندروستییەکان و لقەکان | | | | | | ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن | | | | | | |
| | هەولێر (ب. گ. وەزارەتی تەندروستی) | 1,713,461 | | | بنکەی تەندروستیی: 93 سەرەکیی (بنکەی تەندروستی)147+لق = 244 کۆی ژمارەی بنکەکان) PHC | | | | | | | | | | | | |
| 1 | ناوەندی هەولێر | 1,471,242 | :PHCs# | 51 (28 HC, 23 Br) | | | | | | | 19 | 27 | 29 | 34 | 32 | 9 | 24 |
| | ناوشاری هەولێر | 678,261 | HC | بنکەی ئازادی | | | | | | | X | X | X | X | X | X | X |
| | | | HC | بنکەی تەیراوە | | | | | | | X | X | X | X | X | X | X |
| | | | HC | بنکەی دکتۆر محەممەد شێخۆ | | | | | | | X | X | X | X | X | X | X |
| | | | HC | بنکەی ژیان | | | | | | | X | X | X | X | X | X | X |
| | | | HC | بنکەی سەروەران | | | | | | | X | | X | | X | | X |
| | | | HC | بنکەی سوڵتان موزەفەر | | | | | | | X | X | X | X | X | X | X |
| | | | HC | بنکەی شەهید محەممەد باجەلان | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | HC | بنکەی شەهید نافع عقراوی | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | HC | ب. شەهید نەجدی حەیدەر | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | HC | بنکەی شەهیدان | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | HC | ب. شەهید نازدار بامەڕنی | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | HC | بنکەی کوردستان | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | HC | بنکەی مەلائەفەندی | | | | | | | X | X | X | X | X | X | X |
| | | | HC | بنکەی نەورۆز | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | Br | بنکەی ئاسایش | | | | | | | | | | | | | X |
| | | | Br | بنکەی کاوە | | | | | | | | | | | X | | |
| | | | Br | بنکەی هاوکاری | | | | | | | | | | | X | | |
| | عەنکاوە | 22,021 | HC | بنکەی عەنکاوە | | | | | | | X | | X | X | X | | X |
| | بەحرکە | 45,083 | HC | بنکەی کۆمەڵگەی بەحرکە | | | | | | | X | X | X | X | X | | X |
| | | | HC | بنکەی بەرانەتیی بەحرکە | | | | | | | X | X | X | X | | | |
| | | | Br | بنکەی جەژنیکان | | | | | | | | X | | X | | | |
| | | | HC | بنکەی شاخۆلان | | | | | | | | X | X | X | | | |
| | | | Br | بنکەی جەژنیکان ئەفەندی | | | | | | | | | X | X | | | |
| | | | HC | بنکەی شەهید خەسرەو گەزنەیی | | | | | | | | X | X | X | X | | |
| | | | Br | بنکەی دارەبەن | | | | | | | | X | | X | | | |
| | | | Br | بنکەی قەڵاچۆغان | | | | | | | | X | | X | | | |
| | شەمامک | 47,616 | HC | بنکەی شەمامک | | | | | | | | | X | X | | X | X |
| | | | HC | بنکەی تەرجان | | | | | | | | | | X | X | | X |
| | | | Br | بنکەی گردەزبان | | | | | | | | X | | X | | | |
| | | | Br | بنکەی تیمار | | | | | | | | X | X | X | | | |
| | | | Br | بنکەی قوریتانی جوکل | | | | | | | | X | X | X | | | |
| | | | Br | بنکەی عەرەب کەند | | | | | | | | X | | X | | | |
| | | | Br | بنکەی شێخان | | | | | | | | X | X | X | | | |
| | | | HC | بنکەی سەرکارێز | | | | | | | | X | | | X | | X |
| | | | ?Br | بنکە تۆرەق | | | | | | | | | X | X | | | |

**RAND** *MG1148-7.3*

**شێوەی 7.4**
**خشتەی سیستمی زانیاریی کارگێڕیی: دابەشبوونی بنکەی تەندروستی و داپۆشینی دانیشوان**

| نیشاندەرەکان | کوردستان | هەولێر | دهۆک | سلێمانی |
|---|---|---|---|---|
| کۆی بنکەی تەندروستیی بنچینەیی (2009)* | 767 | 244 | 128 | 399** |
| دانیشتوان بۆ بنکەی تەندروستیی بنچینەیی | 6,116 | 7,022 | 9,193 | 4,513 |
| # بنکەکانی تەندروستی | 233 | 93 | 63 | 43 |
| # لقەکان/مستەوسەفەکان | 522 | 147 | 65 | 164 |
| % ی بنکە تەندروستیەکانی خزمەتگوزاریی بنچیەنی= بنکەی تەندروستی | 31% | 38% | 49% | 20% |
| # ناحیەکان | 136 | 35*** | 29 | 61 |
| ژمارەی ناحیە کە کەمتر لە 1 بنکەی هەیە | ؟ | 26 | ؟ | ؟ |
| %ناحیە کە یەک بنکە و زیاتری هەیە | ؟ | 74% | ؟ | ؟ |


* سەرچاوە جیاوازەکان ژمارەی جیاواز دەدەن لەسەر سالی 2009، زۆربەی جیاوازییەکەش سەبارەت سلێمانییە
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان لە وەزارەتی تەندروستی، لە ئایاری 2010: کۆ 767، هەولێر 240، سلێمانی 399، دهۆک 128
- دەستەی ئامار، پرۆفایلی DIM، لاپەڕە 19: کۆ 520، هەولێر 244، سلێمانی 146، دهۆک 130

** کۆی ژمارەکە هی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانان-وەزارەتی تەندروستییە، بەڵام پۆلێنەکەی بنکە تەندروستییەکان و لقەکان هی ڕاپۆرتێکی پێشترە


*** بەدەر لە 11 ناحیە لە کۆیە و لە مەخمور

RAND *MG1148-7.4*

**شێوەی 7.5**
**نەخشەی سیستمی زانیاریی جوگرافی: خزمەتگوزاریی بنکە تەندروستییەکان**




**شێوەی 7.6**
**نەخشەی (سیستمی زانیاریی جوگرافی): شوێنی بنکە تەندرونستییەکان لە هەولێر**





RAND *MG1148-7.6*

**شێوەی 7.7**
**نەخشەی (سیستمی زانیاریی جوگرافی): شوێنی ئەو بنکە تەندروستییانەی کوتان دابین دەکەن لە هەولێر**




RAND *MG1148-7.7*

**شێوەی 7.8**
**نەخشەی (سیستمی زانیاریی جوگرافی): شوێنی ئەو بنکە تەندروستییانەی تاقیگەیان هەیە لە هەولێر**




RAND *MG1148-7.8*

### MIS-2: چاودێریی بەکارهێنانی کلینیک

- پێداچوونەوە و تەواوکردنی پێداویستییەکانی داتا بۆ هەر کلینیکێک
  - ژمارەی ئەو کلایەنتانەی لە هەفتەیەکدا (یا مانگێکدا) سەردان دەکەن بۆ هەر خزمەتگوزارییەک لە خزمەتگوزارییەکانی سەرەوە
  - ژمارەی حاڵەتەکانی ڕەوانەکردنی پزیشکیی (بەلەخۆگرتنی پشکنین/هۆی، بۆ کوێ ڕەوانە کراو، و ژمارەی ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو کەسەی ڕەوانەی کردبوون بە مەبەستی بەدواداچوون)
  - ژمارەی حاڵەتەکانی ڕەوانەکردن لای دکتۆری دان (بەلەخۆگرتنی پشکنین/هۆی، بۆ کوێ ڕەوانە کراو، و ژمارەی ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو کەسەی ڕەوانەی کردبوون بە مەبەستی بەدواداچوون)
- داڕشتن و پیادەکردنی پرۆتۆکۆلێک بۆ کۆکردنەوەی داتا و نووسینی ڕاپۆرت
  - یەکخستنی فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا (بڕوانە شێوەی 7.9 بۆ فۆرمی ڕاپۆرتنووسین)
  - داتاکە لە لایەن بەڕێوەبەری کلینیک یان ستافێکی تری تەرخانکراوی کلینیکەوە تەواو دەکرێت
  - DMO پێداچوونەوە (وردبینی)ی زانیاری سەرەتایی دەکات بە شێوەیەکی هەفتانە (أ) سەرنج و بیروبۆچوون وەک پێویست بۆ کلینیکەکان و/یان (ب) ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی تەندروستی لە پارێزگا وەک پێویست ئەگەر کڵێشەی نائاسایی دۆزرایەوە لە دەستگایەک یان زیاتر (وەک، ژمارەیەکی نائاسایی لە سەردانکردنی نەخۆشخانەکان)
  - بەکارهێنانی ڕاپۆرت لەسەرجەم کلینکەکان دەستبەجێ — لە لقەکان، بنکە سەرەکییەکان، و بنکە گەورەکان (2011 بۆ نموونە، لە کانونی دووەمی)
  - پێشنیارکردنی ئەو ماوە زەمەنییانەی کەپێویستە ڕاپۆرتیان تێدا بنووسرێت: هەفتانە لە کلینیکەوە بۆ نووسینگەی پزیشکی لە قەزا، و مانگانە لە نووسینگەی پزیشکی لە قەزا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی لە هەر پارێزگایەک، و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆل بۆ پرۆسەکردن، شیکردنەوە و پێشکەشکردنی داتا
  - لە لایەن کلینیکەوە بە شێوەیەکی هەفتانە یان مانگانە بە گوێرەی ماوەی نووسینی ڕاپۆرتەکە، داتا پرۆسە دەکرێت و شی دەکرێتەوە (بڕوانە خشتەی 7.5 بۆ شێوازی ڕاپۆرت)، هەروەها دەتوانرێت داتاکە بخرێتە سەر هێڵکاری یان وێنە بە شێوەیەکی هەفتانە، مانگانە، وەرزیی، و/یان ساڵانە بۆ دەستگاکان، کۆی گشتی لە قەزاکان، کۆی گشتی لە پارێزگاکان، و کۆی گشتی لە سەرتاسەری هەرێم (بڕوانە شێوەی 7.10 بۆ نموونەیەک)

**شێوەی 7.9**
**نموونەی فۆرمی سیستمی زانیاریی کارگێڕیی بۆ بەکارهێنانی کلینیک**

| | | |
|---|---|---|
| ناوی کلینیک: | پارێزگا: هە، د، س | ناوی قەزا: |
| جۆری دەستگا: بنکەی تەندروستی سەرەکی، ب. ت. لاوەکی، تاد | ماوەی ڕاپۆرت: ر/م/س تا ر/م/س | |
| ناوی ئەو کەسەی راپۆرتەکەی ڕاسپاردووە: | ڕۆژی ڕاسپاردنی ڕاپۆرت: | |

| **خزمەتگوزاری** | **دابینکردنی خزمەتگوزاریی** | | **ژمارەی سەردان** | |
|---|---|---|---|---|
| | **بەڵێ** | **نەخێر** | **ماوەی ئێستا** | **کۆی ساڵەکان تا ئەمڕۆ** |
| **خزمەتگوزاریی خۆپارێزیی** | | | | |
| چاودێریی گەشەی منداڵ | | | | |
| کوتان | | | | |
| بەکارهێنانی دژە-وشکبوونەوە لە دەمەوە، لە شوێنەکە | | | | |
| بەکارهێنانی دژە-وشکبوونەوە، بردوویانەتەوە بۆ ماڵەوە | | | | |
| پەروەردە و ڕۆشنبیریی تەندروستیی | | | | |
| **خزمەتگوزاریی** | | | | |
| خزمەتگوزاریی بۆ ماوەی پێش منداڵبوون | | | | |
| خزمەتگوزاریی تەندروستیی سەخت –حاد- | | | | |
| بەڕێوەبردنی نەخۆشیی درێژخایەن | | | | |
| خزمەتگوزاریی دان | | | | |
| ڕەوانەکردن بۆ لای خزمەتگوزاریی تایبەتمەند | | | | |
| - پزیشکیی | | | | |
| - دان | | | | |
| **خزمەتگوزاریی تاقیگە** | | | | |
| پشکنینی پیسایی | | | | |
| پشکنینی میز | | | | |
| - خرۆکەی سپی | | | | |
| - دووگیانێتی حمل | | | | |
| پشکنینی خوێن | | | | |
| Hgb/Hct- | | | | |
| WBC- | | | | |
| ESR- | | | | |
| -گلوکۆز | | | | |
| مەلاریا | | | | |
| پشکنینی سامپڵی ئاو | | | | |
| **خزمەتگوزاریی ڕێدیۆلۆجی** | | | | |
| دان | | | | |
| پزیشکیی | | | | |


RAND *MG1148-7.9*

- داڕشتن و پیادەکردنی پرۆتۆکۆلێک بۆ ئەوەی داتا لە کاتی گونجاودا دابەش بکرێت و بەکاربهێنرێت
  – پێداچوونەوەی ڕاپۆرتەکانی بەکارهێنانی کلینیک و بەڕێوەبردنی دەرمانسازی دەکات و بەراوردی دەکات لەگەڵ خەسڵەت و ستانداردەکانی کلینیکەکە بۆ هەر ئاستێکی دەستگاکە، و بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەگەڕێت:
    - ئایا هەر کلینیکێک هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەش دەکات کە مەفروزە پێشکەشی بکات؟
    - ئایا بەکارهێنانی دەرمان تەبایە لەگەڵ ئەو حاڵەتە پزیشکییەی ڕاپۆرت کراوە؟
    - ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە بۆ ئەو دوو پرسیارەی سەرەوە، پێویستە چی بکرێت لەو بارەیەوە؟

**خشتەی 7.5**
**نموونەی خشتەی (سیستمی زانیاریی جوگرافیی) بۆ بەکارهێنانی نۆرینگە**

| | کوردستان | هەولێر | دهۆک | سلێمانی |
|---|---|---|---|---|
| دانیشتوان (RAND مەزەندەی 2008) | 4,470,090 | 1,639,138 | 1,096,435 | 1,734,516 |
| بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی لە لایەن نەخۆشی دەرەوە (سەرچاوە: داتای بڵاونەکراوەی وەزارەتی تەندروستی، 2008) | | | | |
| سەردانی بنکەی تەندروستی | 7,268,004 | 2,195,865 | 2,698,181 | 2,373,958 |
| سەردانی بنکەی تەندروستیی گشتیی | 1,058,913 | 258,150 | 181,323 | 619,440 |
| سەردانی نۆرینگەی بیمەی تەندروستی | 117,359 | 40,761 | 34,265 | 42,333 |
| سەردانی نۆرینگەی تایبەتمەند (پسپۆڕ) | 144,131 | 44,598 | 34,212 | 65,321 |
| سەردانی نەخۆشی دەرەوە بۆ خزمەتگوزاریی سەرەتایی (کۆ) | 8,444,276 | 2,494,776 | 2,913,769 | 3,035,731 |
| سەردانی نەخۆشی دەروە بۆ تایبەتمەند (کۆ) | 144,131 | 44,598 | 34,212 | 65,321 |

**شێوەی 7.10**
**نموونەی هێڵکاریی سیستمی زانیاریی کارگێریی بۆ بەکارهێنانی کلینیک**




RAND *MG1148-7.10*

**ئامانجی 7.2: پەرەوکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە**

ئامانج لە سیستمە پێشنیارکراوەکانی چاودێری بریتییە لە چاودێریکردنی ڕێژەی مردن و نەخۆشکەوتن و فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستیی. ئێمە یازدە دەستپێشخەریی پێشنیار دەکەین بۆ چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە (پێی دەگوترێت "SURV"):

**SURV-1: ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی سیستمەکانی چاودێریی هەنووکەیی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لە ئاستی خۆجێیەوە بۆ ئاستی هەرێم، بە شێوەیەکی سیستماتیک**

- بەکارهێنانی یان نوێکردنەوەی چوارچێوەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی سیستمەکانی چاودێری، وەک ئەوەی CDC (2001، 2004)
  - باسکردنی مەبەست و ئامانجەکانی سیستمەکە، ناوەڕۆکەکەی، سەرچاوەکانی داتا، بەڕێوەچوون – سیولە-ی داتا، و کاتبەندی و هەڵسەنگاندنی سیستمەکە بە گوێرەی هەندێک خەسڵەتی دیاریکراو

– خەسڵەتەکانی CDC: سادەیی، خۆگونجاندن (مرونە)، کواڵیتی داتا، پەسندی، هەستیاری، بەهای ئەرێنی پێشبینی، نوێنەرایەتییکردن، کاتبەندێتی و سەقامگیری.
– (موور و هاوڕێیانی، (Moore et al. (2008) بۆ ئەم خەسڵەتانە ئاسانیانکردووە: داپۆشین (وەک نوێنەرایەتیکردن و هەستیارێتی)، کواڵیتی (وەک کواڵیتی داتا و هەستیارێتی)، و کاتبەندێتی

- هەڵسەنگاندنی ژمارە، شارەزاییەکان، و پێداویستییەکانی مەشق و دامەزراندنی ستاف — لە ئاستەکانی قەزا، پارێزگا، و مەرکەزیی، بەپێی پێویست — بۆ تۆمارکردن و پرۆسەکردن و شیکردنەوەی داتای چاودێری.

**SURV-2: دامەزراندن و/یان مەشقکردن بەو کارمەندانەی کە بەرپرسیار دەبن لە هەندێک ئەرکی دیاریکراوی چاودێری**

- کارکردن لەسەر پێداویستییەکان لە هەموو ئاستەکانی حکومەتی هەرێمدا (مەرکەزی، پارێزگا، قەزا)
- مەشقکردن بە ستافەکە و هێشتنەوەیان لە پیشەکە بۆ دابینکردنی ئەو پێداویستییانەی لە هەڵسەنگاندنەکەدا دەستنیشان کران، وەک ئەم بوارانەی خوارەوە:
  – کۆکردنەوەی داتا، و تۆمارکردنی و ڕاپۆرتکردنی
  – پرۆسەکردنی داتا
  – شیکردنەوەی داتا، و ڕاڤەکردن (تفسیر)، و پێشکەشکردنی
  – لێپێچینەوەی ئێپیدیمیۆلۆجی
- مسۆگەرکردنی ژمارەی پێویستی کارمەندان بە شارەزایی پێویستەوە، و دامەزراندنی ستافی نوێ بەپێی پێویست بۆ پڕکردنەوەی کەموکووڕییەکان
- دامەزراندنی ڕێچکەیەکی نوێی کارگێڕیی بۆ ئاماری تەندروستی و دانانی مەنهەج لەناو کۆلیژ(ەکانی) کارگێڕی

– دانانای ئاستی نوێ بۆ مەشق و بڕوانامە (بۆ نمونە، لە تۆمارکردنی زانیاریەکان تا دەگاتە پرۆسەکردنی داتا، شیکردنەوە، پێشکەشکردن، و بەکارهێنانی داتا)
– کارمەندی لەم جۆرە دەبێتە پشتگیری بۆ چاودێریکردنی کردارەکانی زانیارییەکان لەهەموو ئاستەکانی سیستەمی ژێرخانی زانیاری تەندروستی گشتگیر.

**SURV-3: یەکخستنی نەخۆشیەکان و ئەو هەڵومەرجانەی پێویستە بخرێنە نێو چاودێریەکی زۆر دووبارەبووە**

- نموونەکان بریتین لە نەخۆشییە گواستراوەکان، هەندێک نەخۆشیی درێژخایەن، ڕێگەوبان-RTA، و هەندێک حاڵەتی تری فریاگوزاری
- پشتبەستن بە نەخۆشی و حاڵەتەکانی ناو سیستمی ئێستای چاودێری و یەکخستنیان بە گوێرەی پرۆسەکردنی کۆی دەنگەکان
- پێداچوونەوە و تەواوکردنی پێداویستییەکانی داتای مردن

– پێمان وایە نووسینی ڕاپۆرت لەسەر ڕێژە و *حاڵەتەکانی* مردن هەمەلایەن دەبێت — واتە، پێویستە هەموو حاڵەتەکانی مردن بکرێت بە ڕاپۆرت
– پێداچوونەوەی زانیارییەکانی سەر بەڵگەنامەی کۆچی دوایی و کارکردن لەگەڵ بەرپرسانی تۆماری ژیاری (السجلات الحيوية) بۆ پێداچوونەوەی بەپێی پێویست (وەک، وردەکاریی پێویست یان یەکخستنیان تێدا بێت لە سەرجەم پارێزگاکان)
– ڕێکخستنەوەی زانیاری دەربارەی مردن بەپێی ئەم نیشاندەرانە (بڕوانە خشتەی 7.6): ڕێژەی مردنی سەخت، پێشبینی تێکڕای ژیان لە کاتی لەدایکبووندا، پێشبینی ژیانی تەندروست لە کاتی لەدایکبووندا، مردنی منداڵی کۆرپە، مردنی منداڵی ساوا، مدرنی منداڵ (0-4 ساڵانە)، مردنی دایک لە سەروەختی منداڵبوون، مردنی باڵق، مردن لە ئەنجامی حاڵەتێک/هۆیەک (بۆ هەندێک یان بۆ سەرجەم حاڵەتەکان، وا پەسەندە بە گوێرەی ڕێساکانی ICD بێت).

**خشتەی 7.6**
**پوختەی نیشاندەرە پێشنیارکراوەکانی چاودێریکردنی ڕێژەی مردن**

| بابەت/چەمکی داتا | سەرچاوە | ماوە | نیشاندەری نێودەوڵەتی | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | MDG | WHO | هی تر |
| پوختەی ڕێژەی مردن | تۆماری ژیاریی، سەرژمێر | ساڵانە | | | x |
| تێکرای پێشبینیکراوی ژیان لە لەدایکبوون (نێر، مێ، کۆی گشتی) | تۆماری ژیاری، ڕووپێوی خانەوادە، ئامار ڕووپێو، سەرژمێر | | | x | |
| پێشبینی ژیانی تەندروست لە لەدایکبوون (نێر، مێ، کۆ) | لێکۆڵینەوەی تایبەت | | | x | |
| مردنی ساوا (0-28 رۆژ) | تۆماری ژیاریی، تۆماری خزمەتگوزاری تەندروستی، ڕووپێوی خێزان، سەرژمێر | ساڵانە | | x | |
| مردنی ساوا (0-11 مانگ) | | | MDG-4 | x | |
| مردنی منداڵ (0-4 ساڵ) | | | MDG-4 | x | |
| مردنی دایکی دووگیان | | | MDG-5 | | |
| مردنی باڵق | | | | x | |
| مردنی بەرفراوان بەپێی تەمەن بە گروپی بەرفراوان | | | | x | |
| مردن بە حاڵەتیکی تایبە ت | | مانگانە بۆ ساڵانە | MDG-6 (سیل، مەلاریا) | x (تەنێ بچوکتر لە 5 ساڵ) | |

- پێداچوونەوە و تەواوکردنی پێداویستییەکانی داتا لەسەر نەخۆشی
  – نووسینی ڕاپۆرت لەسەر ئەو نەخۆشییانەی دەتوانرێت ئاگادارکردنەوەیان لەسەر بدرێت هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە دەتوانرێت ڕاپۆرت بکرێن – لە سەرجەم دابینکارانی عیادەییەوە. ئەمە بریتییە لە ڕێژەکان و حاڵەتەکانی مردن و نەخۆشکەوتن.
  – ئەم لیستەیە هەندێک نەخۆشی و حاڵەتی دیاریکراو لەخۆدەگرێت (وەک، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان (ئەنجومەنی ئیپیدیمییۆلۆجیستەکانی ویلایەتەکان و هەرێمەکان) ڕازی بووە لەسەر لیستی 62 نەخۆشی گواستراوە لە ئاستی نیشتمای و 5 نەخۆشیی یان حاڵەتی نەگواستراوە لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ 2010 – بە لای کەمەوە ساڵی جارێک پێداچوونەوەی ئەمانە دەکرێت و نۆژەن دەکرێنەوە بەپێی پێویست) (/http://www.cdc.gov/ncphi/disss/nndss/phs/files NNDSS_event_code_list_January_2010. pdf)
  – پێویستە لیستەکەی هەرێمی کوردستان سەرجەم ئەو نەخۆشییە ڕاپۆرتکراوانە لەخۆبگرێت کە لە (WHO International Health Regulations) ی 2005 هاتووە: ئاوڵە، شەلەلیی منداڵان لە ئەنجامی ڤایرۆسەکانی پۆلیۆ (شەلەل)، ئەنفلۆنزای مرۆڤ لە جۆری لاوەکییەوە، و هەوکردنی هەناسەیی سەخت (SARS).
- پێداچوونەوە و تەواوکردنی داتای پێویست لەسەر وەفاتی نەخۆشیی ناوەوە و دەرەوە
  – دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتانەی کە سەختن (حاد، acute) و ئەوانەی درێژخایەنن (مزمن، chronic) لەگەڵ برینداربوونی نەخۆشی دەرەوە کە پێویستە ڕاپۆرت بکرێن (هەموو یان تەنێ هەندێک حاڵەتی دیاریکراو؟ ئەگەر هەندێک حاڵەتی دیاریکراو ڕاپۆرت بکرێت ئەوا ئەو حاڵەتانە کامەن؟)
  – نیشاندەرەکانی مردن لە شیتی (پرۆژی داتای ڕەند، RAND Data Project) (خشتەی 7.7)
    ■ حاڵەتەکانی نەخۆشییە پەتاییەکان: سیل، نەخۆشییەکانی وشکبوونەوە (سکچوون)، لیشمانیات، سەحایا، و مەلاریا
    ■ سەرەڕای ئەمانە، بۆ نووسینی راپۆرت لەسەر مردنی نەخۆشی دەرەوە: هەوکردنی سەختی بەشی سەرەوەی هەناسەدان (لەگەڵیدا حاڵەتەکانی هەوکردنی گوێ)

**خشتەی 7.7**
**پوختەی نیشاندەرە پێشنیاکراوەکان بۆ چاودێریکردنی ڕێژەی مردن**

| بابەت/چەمکی داتا | سەرچاوە | ماوە | نیشاندەری ئێستای نێودەوڵەتی: ئامانجی هەزارە MDG | نیشاندەری ئێستای نێودەوڵەتی: WHO | نیشاندەری ئێستای نێودەوڵەتی: هی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| **ڕێژەی ڕووداو، حاڵەتی نوێی نەخۆشی ناوەوە یان دەرەوە** | | | | | |
| تەشەنەسەندنی HIV/AIDS | ڕووپێوی تایبەت | ساڵانە | MDG-6 | x | |
| تەشەنەسەندنی سیل | | ساڵانە | MDG-6 | x | |
| | دەستگای تەندروستی (نۆرینگە و بەشی نەخۆشی دەرەوەی نەخۆشخانە | هەفتانە | | | |
| حاڵەتی سیل | | | MDG-6 | x | |
| نەخۆشییەکانی وشکبوونەوە | | | | | |
| هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەی سەرەوە لەگەڵیدا ئۆتیتیس | | | | | |
| هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەی خوارەوە | | | | | |
| سوورێژە | | | | x | |
| گزاز | | | | x | |
| کۆکەڕەشە | | | | x | |
| خناق/دیفیتریا | | | | x | |
| لیشمانیا | | | | | |
| هەوکردنی سەحایا | | | | x | |
| مەلاریا | | | | x | |
| ڕەبوو لە باڵقی 18 ساڵ و سەرووتر | | | | | |
| | دەستگای تەندروستی (نۆرینگە و بەشی نەخۆشی دەرەوەی نەخۆشخانە | مانگانە | | | |
| ڕەبوو لە منداڵانی خوار 18 ساڵ | | | | | |
| شەکرە | | | | | |
| پەستان/فشار | | | | | |
| برینداریی سادە، بڕین داماران | | | | | |
| برینداریی سادە، شکان، لەجێچوون | | | | | |
| **حاڵەتی مانەوە لە نەخۆشخانە (حاڵەتی نوێ بۆ نەخۆشی ناوەوە)** | | | | | |
| | نەخۆشخانە (لەگەڵیدا، بنکە و بەشی فریاکەوتن) | مانگانە | | | |
| ئیحتیشای سەختی ماسولکەی دڵ | | | | | |
| جەڵتە، لوولەی خوێن | | | | | |
| هەرەسهێنانی پەستانی دڵ | | | | | |
| ڕەبو لە باڵقی 18 ساڵ و زیاتر | | | | | |
| ڕەبو لە منداڵی خوار 18 سال | | | | | |
| شەکرە | | | | | |
| شێرپەنجە (هەر جۆرێک لە جۆرەکانی) | | | | | |
| برینداری، ڕووداوی هاتووچۆ، کەوتنە خوارەوە، ئاگر، خەنکان لە ئاودا، هی تر، توندوتیژیی | | | | | |

- حاڵەتەکانی نەخۆشییە نەگوزاراوەکان – بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانە: احتشاء العضلة القلبیە الحاد، جەڵتە، القصور/الفشل الاقتحاني،
- ڕەبو (باڵغی 18 ساڵ و گەورەتر)، منداڵی خوار 18 ساڵ)، شەکرە، و شێرپەنجە (بە گوێرەی جۆرەکانی)
- حاڵەتەکانی برینداربوون – بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانە: ڕێگەوبان، ژەهراوییوون، کەوتنەخوارەوە، ئاگر، نوقمبوون، و برینداریی تری بێ ئەنقەست، و برینداریی لە ئەنقەست (بۆ نموونە، توندوتیژیی)
- حاڵەتەکانی نەخۆشییە نەگواستراوەکان – بۆ نەخۆشەکانی دەرەوە: ڕەبو (باڵغ 18 ساڵ و گەورەتر، منداڵانی بچووکتر لە 18 ساڵ)، شەکرە و فشار (پەستان)
- حاڵەتەکانی برینداریتی – بۆ نموونە، شکان یان لەجێچوون، بڕین و برینداریی کەم، ژەهراوییبوون، کەوتنە خوارەوە، ئاگر، و برینداریی تری بێ ئەنقەست، و برینداریی بە ئەنقەست (توندوتیژی).

- داڕشتن و بڵاوکردنەوەی پێناسەی ئەو حاڵەتانەی بۆ هەر نەخۆشییەک یان حاڵەتێک بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی چاکترکردنی کارایی و هەروەها بۆ ئەوەی بتوانرێت نەخۆشی و حاڵەتەکانی شوێنێک لەگەڵ شوێنێکی تر و کاتێک لەگەڵ کاتێکی تر بەراورد بکرێت.
  - بڕیاردان لەسەر بڕی ئەو وردەکارییەی بەکاردەهێنرێت بۆ نووسینی ڕاپۆرتی تەشخیسی و پلانی دانانی کۆد (ڕێسا) بۆ نووسینی ڕاپۆرتی وەفاتی نەخۆشی ناو نەخۆشخانە (وەک، ئاخۆ هەموو یەکە یەکەی کۆدەکانی ICD-10 و کۆمەڵەی ئەم کۆدانە لەخۆبگرێت، یان تەنێ هەندێک [بەڵام نەوەک هەموو] تەشخیسە عیادییەکانی نەخۆشی نەخۆشخانەکان)
  - دانانی پێناسە بۆ نووسینی ڕاپۆرت لەسەر وەفاتی نەخۆشی دەرەوە بە گوێرەی دەرئەنجامی پشکنینی نۆڕینگەیی (دیسچارج) (نەوەک بەپێی هۆی سەرەکی ناڵاندنی نەخۆشەکە)
  - ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ پێویستە پێناسەکردنی حاڵەتەکان هەمان شت بێت بۆ نووسینی ڕاپۆرت لەسەر وەفاتی نەخۆشی دەرەوە (وەک هی بنکە تەندروستییەکان) یان دەبێت جیاواز بێت بۆ نەخۆشەکانی دەرەوە
    - دیاریکردنی شێوازی کۆدی گونجاو بۆ مەبەستی بەکارهێنانی لەڕاپۆرت نووسیندا. ڕەنگە ICD-10 گونجاو بێت بۆ نەخۆشخانەکانی نەخۆشی دەرەوە، بەڵام بێگومان عەمەلی نییە بۆ کلینیکەکان.

#### SURV-4: یەکخستنی سەرچاوەکانی زانیاریی چاودێری

- نەخۆشی کلینکی ئەمبولاتۆری و نەخۆشخانە سەرچاوەی زانیاریی چاودێریین
- دەتوانرێت هەندێک سەرچاوەی نوێتریش کە لە وڵاتانی تر بەکاردەهێنرێن، ڕەچاو بکرێن (وەک، نەخۆشخانەی فریاکەوتن، قوتابخانەکان [غائیبێتی]، و زیندانەکان)
- دەستنیشانکردنی ئەو شتانەی ڕاپۆرت دەکرێن، و ئاخۆ لە هەموو بنکەکانەوە ڕاپۆرت دەکرێن یان تەنێ لە هەندێک بنکەی سامپڵ –نموونە- (ئەگەر ڕاپۆرتەکانی ئێستا لە سەرجەم بنکەکانەوەیە و ئەگەر بکرێت، پێویستە ئەمە وەک خۆی بهێڵرێتەوە – ئەمە بەرفراوانترە لە چاودێری هەندێک وڵاتی تری وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە تێیدا چاودێرییەکە بۆ هەندێک سامپڵی دیاریکراو و سنووردارە)
- دەستنیشانکردنی هەرە سەرچاوەی بنەڕەتیی سەرەکی بۆ داتای وەفات (وەک، بەڕێوەبەرایەتییەکانی تەندروستیی لە پارێزگا، کە هەر یەکێکیان وەفاتنامە دەردەکات، بەڵام زۆر لێک جیاوازن لەسەر ئاستی هەرێم)، بۆ نموونە، لە بنکەکانی نەخۆشخانەکان و فریاکەوتن و بڕوانامەی وەفات.
  - شیکردنەوەی جیاواز لەلایەن هەردوو سەرچاوەکەوە، چونکە ئەو حاڵەتانەی لە نۆرینگەکانەوە ڕاپۆرت دەکرێن نوسخەن (دووبارەن) بۆ ئەو حاڵەتانەی لە بەڵگەنامەی وەفاتدا هاتوون، بەو مەرجەی کە وەفاتنامە بۆ سەرجەم حاڵەتەکان دەربکرێت.
- سەرنج بدە لەوەی ئەو نەخۆشییانەی پێویستە ڕابگەیەندرێن، پێویستە هەموو دەستگاکانی عیادەیی و هەموو دابینکارەکان ڕاپۆرت لەسەر هەموو حاڵەتەکان بدەن.
- بۆ نووسینی ڕاپۆرت لەسەر وەفاتی نەخۆشی ناوەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەین هەموو نەخۆشخانەکان بگرێتەوە (نەوەک تەنێ سامپڵێک لە نەخۆشخانەکان)، هەر لە ڕاپۆرتنووسین لە نەخۆشخانە گشتییەکانەوە و ئنجا ڕاپۆرتی نەخۆشخانە تایبەتییەکان

- سەبارەت بە نووسینی ڕاپۆرت لەسەر وەفاتی نەخۆشی دەرەوە، ڕەنگە زنجیرەی جێبەجێکردنەکە جیاواز بێت، بە گوێرەی گونجاوێتی و هەبوونی داتا
  - دەستپێک لە بەشەکانی نەخۆشی دەرەوە
  - دواتر لەگەڵ بنکەی تەندروستییەکان – یەکەم جار بنکە تەندروستییە سەرەکییەکانیش بگرێتەوە و پاشانیش لقەکان
  - دواتر دەستگاکانی کەرتی تایبەت و موماریسەکان تا ئەو ڕادەیەی بە گوێرەی سیاسەتی گشتی و کاروباری بەڕێوەبردن بێت.

**SURV-5: یەکخستنی فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا (بۆ چاودێریی بە گوێرەی نیشاندەر – مؤشر، indicator)**

- سوود وەرگرتن لەو زانیارییانەی ئێستا کۆدەکرێتەوە لە ئاستی قەزا، پارێزگا، هەرێم بۆ دەستنیشانکردنی هەرە گونجاوترین داتای یەکخراو کە لە ڕێی چاودێرییەوە کۆبکرێتەوە
- ڕەنگە لە بەراییدا لەسەر کاغەز داتا کۆبکرێتەوە لە هەندێک پارێزگا یان دەستگا
  - پێویستە لە ئاستی نەخۆشخانەدا سەرجەم داتاکان بە ئەلیکترۆنی داخڵ بکرێن و ڕەوانە بکرێن بۆ نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بە شێوەی ئەلیکترۆنی
  - پێویستە دواجار هەموو داتاکانی ئاستی عیادە بە شێوەی ئەلیکترۆنی داخڵ بکرێن
  - دواجار هەوڵدان بۆ وەرگرتنی سەرجەم زانیارییەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی لە کاتی بینینی نەخۆش (وەک تۆماری نەخۆش بە تەواوەتی بە شێوەی ئەلیکترۆنی)، ڕەنگە لە بەراییدا بۆ نەخۆشەکانی ناوەوە (ئەوانەی ناو نەخۆشخانەکان) و نەخۆشی دەرەوە بێت، و دواجار بۆ هەموو بنکە تەندروستییەکان
- دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ سەرجەم ئەو حاڵەتانەی لە دەستگایەک دەبینرێن، ڕاپۆرت بکرێن (ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین سەرجەم حاڵەتەکان بگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر هەندێکیان بە "هی تر" تەشخیس کرابوون)
- داڕشتنی فۆرمی یەکخراو بۆ کۆکردنەوەی داتا
  - داڕشتنی فۆرمی جیاواز بۆ نەخۆشی ئەمبولاتۆری و نەخۆشی ناو نەخۆشخانەکان، و بۆ هەر سەرچاوەیەکی نویی داتا ئەگەر پێویست بێت
  - بۆ نەخۆشی دەرەوە و ناوەوە، بڕیاردان لەسەر ئەوەی کام خەسڵەت بکرێت بە ڕاپۆرت لەگەڵ ئاستی کەڵەکەکردنی داتاکان، کە ڕەنگە هێندەی یەکتری وردەکار بن، یان کەم و زۆر، وردەکارییان جیاواز بێت بۆ نەخۆشی ناوەوە و نەخۆشی دەرەوە
- داڕشتنی فۆرمەکانی کۆکردنەوە بەو نیازەی بۆ کارێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت
  - ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییانەی بەکاردەهێنرێن بۆ لێپێچینەوەی ئێپیدیمیۆلۆجی – وەک تەمەن، جێندەر، ناونیشان (بە لای کەمەوە لە ئاستی ناحیەدا)، ڕۆژی بینین، یەکەم سەردان یان سەردانی بەدواداچوون بۆ گرفتەکە، و تەشخیسی دیسچارج
  - دەستنیشانکردنی خەسڵەتەکانی هەر حاڵەتێک، ئەو خەسڵەتانەی پەیوەستن بەو نەخۆشیانەی کە کە پێویستە ڕاپۆرت بکرێن، کە پێویستە بە شێوەیەکی تێروتەسەل بێت (وەک، تەمەن، جێندەر، ناونیشان، نیشانەی کلینکی، ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، و پۆلێن کردنی بۆ ناو حاڵەتێکی گومانلێکراو یان حاڵەتێکی دیاریکراو)
  - ڕەچاوکردنی ئەو زانیارییانەی بۆ کواڵیتیی بەڕێوەبردن بەکاردەهێنرێت: تاقیکردنەوەی تەشخیسیی، ئەو چارەسەرەی دابین کراوە یان نووسراوە، و ڕەوشی دیسچارج
- دەستنیشاکردنی کۆکردنەوە (کەڵەکە کردن) و پۆلێنکردن و بەش-بەش کردنی داتا بۆ بەکارهێنانی بۆ ڕاپۆرتەکان (وەک، کۆکردنەوە و کەڵەکەکردن بە گوێرەی جێندەر، بە گوێرەی گروپی تەمەن، ناحیە، یان بەروار [بە گوێرەی هەفتانە، مانگانە، تاد]، بەڵام پێویستە هەندێک نەخۆشی دیاریکراو بە جیا ڕاپۆرت بکرێت
  - زانیاری لەسەر ئەو نەخۆشییانەی کە پێویستە ڕاپۆرت بکرێن زانیاریی تێروتەسەلن بۆ هەر حاڵەتێک لە حاڵەتەکان (واتە، بە شێوەی داتای کەڵەکەکراو کۆ ناکرێتەوە یان ڕاپۆرت ناکرێت)
  - بڕیاردان لەسەر ئەو خەسڵەتانەی ڕاپۆرت دەکرێن و ڕادەی کەڵەکە کردن (ئاوێتەکردن) ی ڕاپۆرتی ئاسایی نەخۆشی دەرەوە، کە ئەمیان کەمتر وردەکاری تێدایە بە بەراورد لەگەڵ نەخۆشی ناوەوە یان ئەو نەخۆشییانەی پێویستە ڕاپۆرت بکرێن، بەڵام پێویستە هێندەی زانیاری تێدا بێت کە بۆ کار و بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەم ئاستەکان پێویست بێت، هەر لە ئاستی دەستگاکە تا دەگاتە مەرکەزییەتی حکومەتی هەرێم.

– بۆ نموونە، نەخۆشخانەکانی دهۆک ڕاپۆرتی تێروتەسەل دەنووسن بە گوێرەی جێندەر بۆ پێنج گروپی تەمەن. شایانی باسە داتای جوگرافیی تێروتەسەل لە ئارادا نییە (بەدەر لە داتای نووسینی ڕاپۆرتی دەستگاکە) و سنووردارێتی و بەرتەسکێتی بەڵگەنامەکردنی ناونیشان دەبێتە ڕێگر لە پێش دۆزینەوە و لێپێچینەوە لە نەخۆشییە سەخت و نەخۆشییە درێژخایەنەکان لەو ناوچە جوگرافییانەی لێی چڕ بوونەتەوە، ڕەنگە تەنێ ناوی گوندەکە لەبەردەست بێت و بەردەست بخرێت لە ئاییندەی نزیکدا و ئەمەش بەشی کاروباری تەندروستیی گشتیی دەکات

– پێویستە بڕیاربەدەستانی تەندروستیی هەرێم بڕیار بدەن لەسەر ئەوەی ئاخۆ ئاستی کەڵەکەکردن (ئاوێتەکردن، یەکخستن)ی داتای نەخۆشخانەکانی نەخۆشی دەرەوە لە هەمان ئاستی ئەوەی بنکە تەندروستییەکان و کلینیکەکان بێت

- دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی فۆرمەکان و مەشقکردن بە ستافەکان لە سەریان.

**SURV-6: یەکخستنی پرۆسەکانی نووسینی ڕاپۆرت لە ئاستە خۆجێیەکانەوە تا دەگاتە ئاستی هەرێم**

- دامەزراندن و/یان مەشقکردن بەو کەسانەی بەرپرسیار دەبن لە ناردن و وەرگرتنی ڕاپۆرتەکای چاودێری لە سەرجەم ئاستەکاندا – داتا ئینتری بە کۆدی گونجاوی تەشخیسەوە، شێوەی نووسینی ڕاپۆرتی داتا، و کەی بۆ کوێ ڕاپۆرتەکان ڕەوانە دەکرێت
- هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت (ئۆنلاین) بۆ نووسینی ڕاپۆرت بە تەواوەتی، لە ماوەی چەند ساڵێکدا (وەک، لە ماوەی دوو تا پێنج ساڵدا)
- دەستنیشانکردنی ماوەی زەمەنی نێوان نووسینی ڕاپۆرتەکان، و ڕاپۆرتەکان بۆ کوێ ڕەوانە بکرێت
  – پێویستە هەندێک لەو نەخۆشییانەی کە پێویستە ڕاپۆرت بکرێن، دەستبەجێ ڕاپۆرت بکرێن، نەوەک بە گوێرەی ماوەیەکی دیاریکراو و ناوبەناو ڕەوانە بکرێن
  – هەندێک لە مەرجەکانی ماوەی نێوان ڕاپۆرتەکان بریتییە لە:
    - ڕاپۆرتکردنی هەڵومەرجی نەخۆشەکانی ناوەوەو دەرەوەی نەخۆشخانەکان بەپێی مانگانە یاخود هە*فتانە* بۆ بەرێوەبەری گشتی تەندروتسی *یان* هە*فتانە* ڕاپۆرت بکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی
    - نەخۆشکەوتنی تۆمارکراو لە کلینیکەکان (لە بنکەکانی تەندروستیی و کلینکی تریش) هە*فتانە* ڕاپۆرت بکرێن لە کلینیکەوە بۆ نووسینگەی پزیشکیی قەزا.
    - نەخۆشکەوتنی ئاستی قەزا، لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی کلینیکەکان یەک دەخرێن، و *مانگانە* ڕاپۆرت بکرێت بۆ پارێزگا
    - ڕاپۆرتەکانی ئاستی پارێزگا، لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی قەزا یەک دەخرێن، و بۆ ئاستی مەرکەزیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرێن بە شێوەیەکی *مانگانە، دوای یەک مانگ لە ڕۆژی وەرگرتنی لە لایەن پارێزگاوە*
- پێویستە ڕووداوی نائاسایی زۆرتر ڕەوانە بکرێت بۆ پۆلێنە ستانداردەکانی تەشخیسکردن، بە گوێرەی حاڵەتەکان (دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان) پلانی داناوە لە سیستمی کۆدی ICD-9 بگوازێتەوە بۆ سیستمی کۆدی ICD-10، هەر کاتێک گونجاو بێت (وەک، لە ماوەی پێنج ساڵدا)، بە قۆناغ دەست بکرێت بە بەکارهێنانی کۆدی ستاندارد بۆ ئەو نەخۆشانەی لە بنکەکانی ئەمبولاتۆری دەبینرێن.
- چاودێریکردنی پابەندبوون و جۆریەتی ڕاپۆرتکردن – پەرەپێدانی چەند کردارێک بۆ تێروانین و سەرنجدان لەسەر ئاستە گونجاوەکان سەرنج (وەک، DMO لە کلینیکەکان و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە سێ پارێزگاکە) بۆ نووسینی ڕاپۆرت لە قەزاکان.

**SURV-7: پرۆسەی ئینسیابییەتی داتا لە ئاستی پارێزگا و هەرێم**

- دامەزراندن و/یان مەشقکردن بەو کارمەندانەی بەرپرسیارن لە پرۆسەکردنی داتا لە سەرجەم ئاستەکاندا، وەک یەکخستنی داتا لە راپۆرتی جیا جیاوە.
- بەکارهێنانی پرۆسەکردنی ئەلیکترۆنی یان ئۆنلاین لە هەرە ئاستی ئەزموونگەرایی و کارکردن بۆ ئەوەی پرۆسەکان بە تەواوەتی ئەلیکترۆنی/ئۆنلاین بێت لە ئاستی قەزادا لە ماوەی شەش ساڵدا (وەک، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە کە سەرقاڵی بە دامەزراوەکردنی ڕاپۆرتی ئۆنلاین بووە بۆ زانیارییەکانی بەڕێوەبردن: بە لای کەمەوە لە دهۆک، لە کۆتایی 2010)
- دانانی پرۆتۆکۆل بۆ تۆمارکردنی زانیارییەکان لە ئاستی نەخۆشخانە: هێندەی بکرێت بە زووترین کات کۆتایی بهێنرێت بە شێوازی ڕاپۆرتی کاغەز بۆ ئەو ڕاپۆرتانەی ماون، و دەست بکرێت بە تۆمارکردنی زانیارییەکان بە شێوەی ئەلیکترۆنی لە ئاستی گونجاوی وردەکارییدا، و دەست بکرێت بە پۆلێن و بەش-بەش کردنی ماوەی هەندێک ڕاپۆرت (وەک، هەفتانە، مانگانە):
  - دەستبەجێ بەکارهێنانی شێوازی ئەلیکترۆنی (2011) بۆ داخڵکردنی هەموو ڕاپۆرتەکانی نەخۆشخانەکان یان گواستنەوەیان لە قەزاوە بۆ پارێزگا
  - دەستبەجێ بەکارهێنای شێوەی ئەلیکترۆنی (2011) بۆ داخڵکردنی هەموو ڕاپۆرتەکانی نەخۆشخانەکان یان گواستنەوەیان لە پارێزگاوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان
  - بەکارهێنانی شێوەی ئەلیکترۆنی *لە ماوەی دوو ساڵدا* (تا 2013) بۆ هەموو راپۆرتەکانی نەخۆشەکانی ناوەوە (ناو نەخۆشخانەکان).
- دانانی پرۆتۆکۆل بۆ داخڵکردنی داتا لە ئاستی دەستگای نەخۆشی دەرەوە (ئەو بەشانەی نەخۆشخانەکان کە خزمەتگوزاریی پێشکەش نەخۆشی دەرەوە دەکەن، بنکە تەندروستییەکان): هێندەی بکرێت بە زووترین کات، واز لە ڕاپۆرتی کاغەزی تۆماری کلینیک بهێنن (کە بە شێوەیەکی زۆر کەڵەکەکراوە) و لە ئاستی وردەکاریی گونجاودا دەست بە داخڵکردنی داتا بکەن بە شێوەی ئەلیکترۆنی، و دەست بکرێت بە پۆلێن و بەش-بەشکردنی ماوەی هەندێک ڕاپۆرت (وەک، هەفتانە یان مانگانە)، و بە گوێرەی کاتبەندییەکی وەک ئەمە:
  - دەستبەجێ بەکارهێنانی شێوازی ئەلیکترۆنی (2011) بۆ داخڵکردنی هەموو ڕاپۆرتەکانی خزمەتگوزاری ئەمبولاتۆری یان گواستنەوەیان لە قەزاوە بۆ پارێزگا
  - دەستبەجێ بەکارهێنای شێوەی ئەلیکترۆنی (2011) بۆ داخڵکردنی هەموو ڕاپۆرتەکانی خزمەتگوزاریی ئەمبولاتۆری و گواستنەوەیان لە پارێزگاوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان
  - بەکارهێنانی شێوەی ئەلیکترۆنی *لە ماوەی دوو ساڵدا* (تا 2013) بۆ هەموو راپۆرتەکانی نەخۆشەکانی دەرەوە (ئەوانەی لە نەخۆشخانە نامێننەوە).
  - بەکارهێنانی شێوەی ئەلیکترۆنی *لە ماوەی یەک ساڵدا* (تا 2015) بۆ سەرجەم بنکە تەندروستییەکان
  - بەکارهێنانی شێوەی ئەلیکترۆنی *لە ماوەی شەش ساڵدا* (تا 2017) بۆ سەرجەم لقی بنکە تەندروستییەکان
- پێویستە ڕاپۆرتەکانی مردن و نەخۆشکەوتن لە ئاستی پارێزگادا یەک بخرێن و شی بکرێنەوە و بگوازرێنەوە بۆ وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان. پێویستە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تەندروستی لە پارێزگاکان داتای پەیوەندیدار بگەیەنن بە DMO و بەرپرسانی نەخۆشخانەکان لە بواری ئەو حاڵەتە نائاساییانەی دەدۆزرێنەوە و ڕەنگە پێویستیان بە لێپێچینەوە یان چاکترکردنی کواڵیتی بێت
- دارشتنی بنکەی زانیاری ستاندارد بۆ یەکخستنی داتای ئاستەکانی قەزا تا پارێزگا و هەرێم – بەکارهێنانی پرۆگرامی گونجاو بۆ یەکخستنی ئەمانەی خوارەوە بۆ هەر ماوەیەکی ڕاپۆرتنووسین:
  - زانیارییەکانی چاودێریکردنی مردن (نەخۆشاوی، مرضي، مراضة، Morbidity)
  - ڕاگەیاندنی زانیاری ئەو نەخۆشیانەی پێویستە ڕاپۆرت بکرێن (سەرنج بدە لەوەی ڕەنگە دەستبەجێ چالاکیی تەندروستیی گشتیی ئەنجام بدرێت لە حاڵەتی ڕاگەیاندنی ئەو نەخۆشییانە)
  - داتای چاودێریی ڕێژەی نەخۆشکەوتن (نەخۆشاوی، مرضي، مراضة، morbidity) نەخۆشەکانی ناوەوە (جێی سەرنجە لەبەرئەوەی پلانی کۆدی ICD-10 بۆ ڕێژەی مردنی نەخۆشەکانی ناو نەخۆشخانە بە پەسند دادەنرێت، بێگومان شیکردنەوەی لەو جۆرە جیاواز دەبێت لە ڕاپۆرتی نەخۆشکەوتن لە بەشەکانی نەخۆشخانەکانی نەخۆشی دەرەوە، یان کلینیک)
  - چاودێریی ڕێژەی نەخۆشکەوتنی نەخۆشی دەرەوە

- داڕشتن و جێبه‌جێکردنی شێوازی ساخکردنه‌وه‌ی-هه‌ڵه‌ (وردبینی)ی داتای مردن و نه‌خۆشکه‌وتن که‌ نه‌خۆشخانه‌ و کلینیکه‌کان ڕاپۆرتی ده‌که‌ن
  – بۆ ئه‌و نه‌خۆشییانه‌ی پێویسته‌ ڕاپۆرت بکرێن: پێویسته‌ ده‌ستبه‌جێ DMO په‌یوه‌ندی بکات به‌ به‌ڕێوه‌به‌ر یان نۆرینگه‌کاری په‌یوه‌نددار له‌و ده‌ستگایه‌ی حاڵه‌ته‌که‌ی ڕاپۆرت کردووه‌
  – بۆ داتا له‌سه‌ر نه‌خۆشکه‌وتنی نه‌خۆشه‌کانی ناوه‌وه‌: پێویسته‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ته‌ندروستیی پارێزگا په‌یوه‌ندی بکات له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ر یان نۆرینگه‌کاری به‌رپرس سه‌باره‌ت به‌ هه‌ر کلێشایه‌کی داتای نائاسایی (که‌ ڕه‌نگه‌ ڕاسته‌قینه‌ بێت یان له‌ ئه‌نجامی هه‌ڵه‌ی ڕاپۆرته‌وه‌ بێت)
  – بۆ زانیاری ده‌رباره‌ی نه‌خۆشکه‌وتنی نه‌خۆشه‌کانی ده‌ره‌وه‌ له‌ به‌شه‌کانی نه‌خۆشی ده‌ره‌وه‌ له‌ نه‌خۆشخانه‌کان و له‌ بنکه‌ ته‌ندروستییه‌کان: پێویسته‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی ته‌ندروستی پارێزگا په‌یوه‌ندی بکات له‌گه‌ڵ به‌ڕێوه‌به‌ری یان نۆرینگه‌کاری به‌رپرس له‌ نه‌خۆشخانه‌ سه‌باره‌ت به‌ کلێشای داتای نائاسایی (که‌ ڕه‌نگه‌ ڕاسته‌قینه‌ بێت یان له‌ ئه‌نجامی هه‌ڵه‌ی ڕاپۆرته‌وه‌ بێت) و DMO یان ئاستی پارێزگا هه‌مان شت بکات له‌گه‌ڵ بنکه‌ ته‌ندروستییه‌کان و نۆرینگه‌کانی تر.
    - لێکۆڵینه‌وه‌، گونجاندن و به‌رفراوانکردنی ئه‌زموونه‌کانی دهۆک له‌ بواری وردبینی و سه‌رنج و بۆچوونی بنیاتنه‌رانه‌ بۆ شاره‌کانی تر – له‌م حاڵه‌ته‌دا، له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی ته‌ندروستی پارێزگاوه‌ بۆ به‌ڕێوه‌به‌رانی ته‌ندروستی.

**SURV-8: داڕشتن و دابه‌شکردنی شیکردنه‌وه‌ی یه‌کخراو (ستاندارد) بۆ زانیاریی چاودێریی له‌ هه‌موو ئاسته‌ گونجاوه‌کاندا (قه‌زا، پارێزگا، هه‌رێم)**

- دامه‌زراندن و/یان مه‌شقکردن به‌و کارمه‌ندانه‌ی به‌رپرسیار ده‌بن له‌ شیکردنه‌وه‌ی داتا، له‌ناویدا دروستکردن و ڕاڤه‌کردنی خشته‌ی داتا و وێنه‌، و شیکردنه‌وه‌ی ئیپیدیمیۆلۆجی و ئاماری
  – شاره‌زاییه‌کان بریتین له‌ شێوازه‌کانی ئیپیدیمیۆلۆجیی ته‌تبیقی له‌ بواری چاودێری و پێشکه‌شکردنی داتا
- ته‌رخانکردنی هه‌ندێک ستافی دیاریکراو بۆ شیکردنه‌وه‌ و ڕاڤه‌کردنی ڕاپۆرته‌کانی چاودێری بۆ دۆزینه‌وه‌ی هه‌ر ڕووداو و شێوه‌یه‌کی نائاسایی و چاودێریی ڕه‌وته‌کان له‌گه‌ڵ تێپه‌ڕبوونی کاتدا
  – سوود وه‌رگرتن له‌ ئه‌زموونی پسپۆڕی مه‌شقدیته‌ له‌ بواری پزیشکایه‌تیی خۆپارێزی یان ئیپیدیمیۆلۆجیی ته‌تبیقی
- داڕشتنی خشته‌ و وێنه‌ی یه‌کخراو (ستاندارد) بۆ ڕاپۆرتی ئاسایی چاودێریی
  – ده‌توانرێت هاوشێوه‌ بێت له‌گه‌ڵ ئاسته‌کانی ده‌ستگا، قه‌زا، پارێزگا، و حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان - و هه‌مان داتا ده‌گوازرێته‌وه‌ له‌ ده‌ستگایه‌که‌وه‌ بۆ ئاستێکی به‌رزتر
- ته‌واوکردنی خشته‌ و وێنه‌کانی داتا بۆ کاتی ئاماده‌کردنی هه‌ر ڕاپۆرتێک
- داڕشتنی گۆڤارێکی (نه‌شره‌)ی ئیپیدیمیۆلۆجیی مانگانه‌ به‌ داتا و هه‌واڵی په‌یوه‌ندداره‌وه‌ – بڵاوکردنه‌وه‌ی بڵاوکراوه‌یه‌کی مانگانه‌ له‌سه‌ر ئیپیدیمیۆلۆجی که‌ وه‌زاره‌تی ته‌ندروستیی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان بڵاوی بکاته‌وه‌ و به‌سه‌ر پارێزگا و قه‌زا و ده‌ستگاکاندا دابه‌ش بکرێت
  – *(ڕاپۆرتی هه‌فتانه‌ی نه‌خۆشکه‌وتن و مردن)* ی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کان و *(تۆماری هه‌فتانه‌ی ئیپیدیمیۆلۆجیی)* (ڕێکخراوی ته‌ندروستیی جیهانیی) دوو نموونه‌ن له‌سه‌ر ئه‌و بڵاوکراوانه‌ی به‌سه‌ر جه‌ماوه‌ردا دابه‌ش ده‌کرێن. ئه‌م زانیارییانه‌ی خواره‌وه‌یان تێدایه‌:
    - خشته‌ی ستاندارد که‌ نوێترین زانیارییان تێدایه‌ (کۆی گشتیی ساڵه‌که‌) بۆ هه‌موو ئه‌و نه‌خۆشییانه‌ی پێویسته‌ ڕاپۆرت بکرێن، و هه‌روه‌ها ڕاپۆرت له‌سه‌ر زانیاریی ده‌رباره‌ی نه‌خۆشییه‌کان و حاڵه‌ته‌کان
    - زانیاری نوێ له‌سه‌ر ته‌شه‌نه‌سه‌ندنی هه‌نووکه‌یی نه‌خۆشییه‌کان (وه‌ک، له‌ وه‌رزی ئه‌نفلۆنزادا) یان لێپێچینه‌وه‌ دواییه‌کان له‌سه‌ر ته‌شه‌نه‌سه‌ندنی نه‌خۆشی
    - ڕاپۆرتی تایبه‌تی ناوبه‌ناو له‌سه‌ر داتای نه‌خۆشکه‌وتن له‌ نه‌خۆشخانه‌کانی نه‌خۆشی ناوه‌وه‌ و/ یان نه‌خۆشی ئه‌مبولاتۆری، به‌ گوێره‌ی ڕووداوه‌کان یان شیکردنه‌وه‌کان

- ڕاپۆرتی ناوبەناوی ئاسایی لەسەر داتای مردن، و ڕاپۆرتی ناوبەناو بەگوێرەی ڕووداوەکان یان شیکردنەوەکان
- هەندێک ڕاگەیاندنی تایبەت (ڕاسپاردەی نوێ لەسەر کوتان، بەڕێوەبردنی کلینیک، تاد)

**SURV-9: داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ (چاودێری بە گوێرەی ڕووداو)**

- دامەزراندن و/یان مەشقکردن بەو کارمەندانەی بەرپرسیار دەبن لە وەرگرتن و پرۆسەکردنی ئاگادارکردنەوەی دەستبەجێ لە هەموو ئاستەکاندا
- دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتانەی کە پێویستە دەستبەجێ ڕابگەیەندرێن (وەک هەندێک نەخۆشیی کە پێویستە ڕاپۆرتیان لەسەر بنووسرێت، وەک الشلل الرخوي، تای نەزیفیی ڤایرۆسی، و بۆ هەر ڕووداوێکی گومانلێکراوی کە بە ئەنقەست ئەنجامدراوە کە دەستبەجێ پێویست بێت لێپێچینەوەی لێ بکرێت)
- داڕشتنی میکانیزم بۆ نووسینی ڕاپۆرتی لەو جۆرە (وەک، ژمارەی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ، ئاگادارکردنەوەی ئۆنلاین بۆ بەرپرسانی تەندروستی لە قەزا، پارێزگا، و/یان هەرێم)
- داڕشتنی شێواز بۆ دانانی "زانیاری ڕێکنەخراو" ی لەو جۆرە لەناو چاودێریی ئاسایی
- ڕێوشوێنی ڕێوشوێنی بۆ ئەوەی ئەو داتایانەی دەبنە مایەی دەستکردن بە کار کاتێک پێویست بێت

**SURV-10: داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی ستاندارد بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕووداوانەی پێویستە لە کاتی خۆیدا لێپێچینەوەیان لەسەر بکرێت**

- دامەزراندن و/یان مەشقکردن بەو ستافەی بەرپرسیار دەبن لە لێپێچینەوەی ئیپیدیمییۆلۆجی لە هەموو ئاستە گونجاوەکاندا – جەختکردنەوە لە مەشقکردن بە ستافەکە
  - مەشقی کورت لەسەر ئیپیدیمییۆلۆجیی تەتبیقی بۆ لێپێچینەوە لە تەشەنەسەندنی نەخۆشی بۆ سەرجەم ستافە گونجاوەکە لە ئاستی مەرکەزی، پارێزگا، و قەزا
  - مەشقی کورت لەسەر ئیپیدمییۆلۆجیی کلینکیی بۆ ئەو کارمەندانەی نەخۆشخانە کە بەرپرسیارن لە کۆنترۆڵی تووشبوون لە نەخۆشانە یان ئیپیدیمییۆلۆجیی کلینکیی لەناو نەخۆشخانەکان
  - ڕەچاوکردنی مەشقی درێژخایەن لەسەر ئیپیدیمییۆلۆجیی کلینیک بۆ هەندێک پسپۆڕ لە پێگەی گونجاوی حکومیی لە ئاستەکانی مەرکەزی و پارێزگا، و دواجار لە ئاستی قەزا
- مەشقکردن بە سەرجەم بەڕێوەبەرەکان لە ئاستە گونجاوەکاندا (پارێزگا، حکومەتی هەرێم و قەزا، و نەخۆشخانەکان وەک پێویست) بۆ بەکارهێنانی هەموو جۆرە زانیارییەک بۆ مەبەستەکانی بەڕێوەبردن
  - DMO لێکۆڵینەوە لە داتای چاودێریی نەخۆشکەوتنی کلینکی دەکات، لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی بەکارهێنانی نۆرینگەیی و دەرمانسازی (بڕوانە خوارەوە) بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی ئاخۆ هیچ ڕووداوێکی یان کڵێشەیەکی نائاسایی لە قەزاکە هەیە، بە مەبەستی ئەنجامدانی هەنگاوی پێویست (بۆ لێپێچینەوە لە گرفتەکە، ڕاپۆرتکردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی لە پارێزگا، یان بۆ وەزارەتی تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)
  - نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی پێداچوونەوەی سەرجەم ڕاپۆرتەکانی قەزا دەکات، لەگەڵ پرسی لەو جۆرە، و ڕاپۆرتەکان دەگەیەنێت بە وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و ئەگەر هەر پرسیارێک یان سەرنجێکی هەبێت کە پێویست بە ڕوونکردنەوەی داتاکە هەبێت، هاوپێچی دەکات.
- جەختکردنەوە لە هەبوونی هەموو جۆرە پسپۆڕێتییەکی پێویست لە ریزی تیمەکانی لێپێچینەوە (وەک، ئیپیدیمییۆلۆجی، تاقیگە، تەندروستیی ژینگەیی، و پزیشکایەتیی ڤێتێرینەری)
- ئەنجامدانی لێپێچینەوەی ئیپیدیمییۆلۆجی لە تەشەنەسەندنی نەخۆشیی سەخت کاتێک ڕوویدات، بە مەبەستی دەستنیشانکردنی سەرچاوە و ڕێوشوێنی کۆنترۆڵ بۆ ڕاگرتنی گواستنەوەی نەخۆشییەکە
- ئەنجامدانی شیکردنەوەی ناوبەناوی داتای چاودێری لەسەر نەخۆشی درێژخایەن و برینداری بە مەبەستی دەستنیشانکردنی هەر کڵێشەیەکی نائاسایی، داڕشتنی سیاسەت و بەرنامەی پشتئەستوور بە زانیاری، و چاودێری بەرەوپێشچوونی دەستپێشخەریی لەم جۆرە.

### SURV-11: چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستیی

- دامەزراندن و/یان مەشقکردن بەو کارمەندانەی بەرپرسیار دەبن لە چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستی، وەک دیزاینی داتا، کۆکردنەوەی داتا، پرۆسەکردنی داتا، و شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و پێشکەشکردنی داتا
- پێداچوونەوە و تەواوکردنی پێداویستییەکانی داتای فاکتەری مەترسیی تەندروستی
  – دانانی ئەمانە لەسەر بنەمای هەبوونی حاڵەتەکان لە هەرێمی کوردستان (ڕووداوی هاتووچۆ، شەکرە، جگەرەکێشان، تاد)
  – بەکارهێنانی نیشاندەرەکان (مؤشرات)ی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستی وەک لە خشتەی 7.8 پیشان دراوە
    - لێکدانەوەی ڕێژەی خاڵی بڵاوبوونەوە (تەشەنەسەندن، تفشی/انتشآر، prevalence) (وەک ژمارەی ئەو کەسانەی لە ناوچەیەکی دیاریکراو نەخۆشی یان حاڵەتێکی تایبەییان هەیە لە کاتێکێ دیاریکراودا، دابەشی کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەمان ناوچە، ئنجا جارانی 1,000 بکرێت) بۆ: دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە، دەستگەیشتن بە ئاو و ئاوەڕۆ، کێشی کەم لە کاتی لەدایکبوون، تەنێ شیری دایک بدرێت بە منداڵ لە شەش مانگی یەکەمدا، ڕەوشی خۆراکیی منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵانە (بچووکی، کەم-کێشی، کێشی-زیاد)، قەڵەویی لە باڵقەکان، جگەرە کێشان، فشار —پەستان-، و بەکارهێنانی ئەلکهول بە ڕێژەیەکی زۆر (تا ئاستی گونجاو و پێویست بۆ بەرپرسانی تەندروستی)
- داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلێک بۆ کۆکردنەوە و ڕاپۆرتکردنی داتای فاکتەری مەترسیی تەندروستی
  – دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی داتا بۆ چاودێریی فاکتەری مەترسی، وەک:
    - بەستنەوەی بە ڕووپێوی ترەوە (بۆ مەبەستی تر ئەنجام درابێت)
    - ڕووپێوکردنی هەندێک فاکتەری مەترسیی دیاریکراو بە تەلەفۆن یان ئەنجامدانی لەلایەن کەسێک، بە وەرگرتنی سامپڵێکی نوێنەرایەتی سەرجەم دانیشتوانەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا (وەک، ساڵانە یان پێنج ساڵ جارێک)

**خشتەی 7.8**

**پوختەی نیشاندەرە پێشنیارکراوەکانی چاودێریی بۆ فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستی**

| بابەت/چەمکی داتا | سەرچاوە | ماوە | ئامانجی هەزارە MDG | WHO | هی تر |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | نیشاندەری ئێستای نێودەوڵەتی | | |
| **فاکتەری مەترسیی تەندروستیی**<br>**تەشەنەسەندن لە خاڵێکدا – ڕێژەی دانیشتوان و فاکتەرەکە لە کاتێکی دیاریکراودا** | | | | | |
| دەستگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە (شارەکان، ناوچە دوورەکان، کۆ) | ڕووپێوی خانوادە سەرژمێر | ساڵانە | MDG-7 | x | |
| دەستگەیشتن بە ئاوەڕۆ (شار، ناوچەی دوور کۆ) | ڕووپێوی خانوادە ئامار | | MDG-7 | x | |
| کێشی کەم لە کاتی لەدایکبوون | ڕووپێوی خانوادە، تۆماری ژیاری، دەستگای تەندروستی | | | x | |
| تەنێ شیری دایک لە شەش مانگی یەکەمدا | ڕووپێوی خانوادە | | | x | |
| منداڵی خوار 5 ساڵ، باڵا کورت بۆ تەمەن | | | | x | |
| منداڵی خوار 5 ساڵ، کێشی کەم | | | | x | |
| منداڵی خوار 5 ساڵ، قەڵەو | | | | x | |
| قەڵەویی باڵق | | | | x | |
| جگەرە کێشآن | | | | x | |
| مەیخۆر | | | | | |

- ئەنجامدانی ڕووپێوی زیاتری فاکتەرەکانی مەترسی بۆ هەندێک گروپی هەڵبژاردە (بۆ نموونە، قوتابخانەکان، منداڵانی گەورە، یان سامپڵی تر کە نوێنەرایەتی گروپێکی فاکتەرەکانی مەترسیی بکەن)
- سەرنج بدە لەوەی ڕەنگە رووپێو لەنێو گروپی جۆراوجۆر ئەنجام بدرێت بۆ هەندێک فاکتەری دیاریکراوی مەترسیی

• داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆل بۆ پرۆسەکردنی داتای فاکتەری مەترسیی تەندروستی، و پێشکەشکردنی داتای چاودێریی فاکتەری مەترسی
– دانانی بەرنامەی کۆمپیوتەر یان بەکارهێنانی ئەو سۆفتوێرانەی هەیە بۆ یەکخستن و شیکردنەوەی داتای ڕووپێوی فاکتەری مەترسی
– داڕشتنی کلێشە بۆ خشتە و وێنەی داتای یەکخراو، و بەکارهێنانی ئەم داتای ڕووپێوانە بۆ پێشکەشکردنی داتای ڕووپێو
– لەبەرئەوەی چاودێریی فاکتەری مەترسی شتێکی نوێیە لە هەرێمی کوردستان، پێویستە ستاف دابمەزرێندرێت (و وەک پێویست مەشقیان پێبکرێت_ یاخود مەشق بە ستافەکە بکرێت لەسەر ئیپیدیمیۆلۆجی و شێوازەکانی شیکردنەوەی ڕەفتاری پێویست بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی داتای چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسی.

• داڕشتن و جێبەجێکردن پرۆتۆکۆلێک بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا ڕاپۆرتەکە دابەش بکرێت و داتای فاکتەری مەترسیی تەندروستی بەکاربهێنرێت.
– مەشقکردن بە بەڕێوەبەرەکان لە هەموو ئاستەکاندا (بەتایبەتی لە ئاستی پارێزگا و حکومەت بەڵام هەروەها ئاستەکانی قەزا و دەستگا) و چۆنیەتی بەکارهێنانی داتای چاودێیریی فاکتەرەکانی مەترسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان
– داڕشتن و دابەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت لەسەر چاودێریی فاکتەری مەترسی، و دانانی ڕاپۆرتی رۆتینی یان ڕاپۆرتی تایبەتی بەپێی گونجان لە بڵاوکراوەی ئیپیدیمیۆلۆجیی مانگانە بڵاوبکرێتەوە، وەک لە سەرەوە هاتووە.

### ئەولەوییاتەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو

سەرجەم سیستمەکانی چاودێری و سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن/کارگێڕیی (MIS) کە لە سەرەوە باسیان کراوە ئێجگار پڕبایەخن بۆ بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرانی تەندروستیی لە سەرجەم ئاستەکاندا. پێویستە هەموویان لە شەش ساڵی داهاتوودا جێبەجێ بکرێن. هەروەها، زۆر گرنگە بۆ دانانی ئەولەوییاتەکان بۆ دوو ساڵی داهاتوو. وەک لە چاپتەرەکانی پێشوودا باسمان کرد، ئەولەوییاتە هەڵبژێردراوەکانی بەرایی ڕەنگە بریتی بن لەو دەستپێشخەرییانەی بەرهەمەکانیان نزیکە دەستە – ئەوانەیان کە ئێجگار پڕبایەخن و ئێجگار گونجاون بۆ جێبەجێکردن. خشتەی 7.9 بریتییە لە لیستێک لە دەستپێشخەریی پێشنیارکراو و بایەخەکەیان (کاریگەرە پێشبینیکراوەکەیان) و جەدوایان (ئاسانیی جێبەجێکردنیان) بۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان. ئەم داتایانە بە وێنە پیشان دراون لە شێوەی 7.11، و ئەمەش گۆشەنیگایەکە بۆ سەر ئەو ئەولەوییاتانەی دەشێت لە دوو ساڵی داهاتوودا پیادە بکرێن.

کاتێک ئەگەرەکان هەڵدەبژێردرێن و ئەولەوییات دادەنرێت بۆ ئەو سیستمی زانیارییانەی کە لە بەراییدا پیادە دەکرێن، ئەوا پێویستە لە دوو ساڵی داهاتوودا جەخت بخرێتە سەر ئەو چالاکیی و دەستپێشخەرییانەی دەکەونە ناو دوو خانە سایەدارەکەی شێوەی 7.11. ئەو پێنج دەستپێشخەرییەی دەکەونە ناو خانە خۆڵەمێشییە تۆخەکانەوە لە لای دەستی ڕاست لە سەرەوەی شێوەکە بریتین لە دەستپێشخەریی ئێجگار پڕبایەخ و گونجاو:

- GEN-1: دانانی لیژنەیەک بۆ داتای تەندروستی بۆ چاودێری داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمەکانی زانیاری
- MIS-1: چاودێریی سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییەکانی کلینیک (نۆرینگە، عیادة)
- SURV-3: دانانی ستاندارد بۆ ئەو نەخۆشی و حاڵەتانەی دەخرێنە دوو توێی پرۆسەی چاودێریی رۆتینییەوە
- SURV-4: دانانی ستاندارد بۆ سەرچاوەکانی چاودێریی زانیاری
- SURV-5:یەکخستنی فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا (بۆ چاودێریکردن بە گوێرەی نیشاندەر – مؤشر، indicator)

**خشتەی 7.9**
**بایەخ و گونجاوێتیی دەستپێشخەرییە پێشنیارکراوەکان: سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی**


| ناو | وەسف | بایەخ | گونجاوێتی (جەدوا) |
|---|---|---|---|
| ڕێکخستنی هەماهەنگی و چاودێریی دەستپێشخەری و چالاکییەکانی بواری داتا (GEN) | | | |
| GEN-1 | دامەزراندنی لیژنەی داتای تەندروستی بۆ چاودێریی داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیستمی زانیارییەی پێشنیار کراوە | زۆر | زۆر |
| Goal 7.1: داڕشتن و پیادەکردنی سیستمی زانیاریی کارگێڕیی (MIS) | | | |
| MIS-1 | چاودێریی سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییەکانی نۆرینگە | زۆر | مامناوەندی |
| MIS-2 | چاودێریی بەکارهێنانی نۆرینگە | زۆر | مامناوەندی |
| Goal 7.2: چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە | | | |
| SURV-1 | ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنێکی سیستماتیک بۆ سیستمی ئێستای چاودێریی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، لە ئاستی خۆجێییەوە تا دەگاتە ئاستی هەرێم | مامناوەندی | زۆر |
| SURV-2 | دامەزراندن و هێشتنەوەی ئەو کارمەندانەی بەرپرس دەبن لە هەندێک ئەرکی دیاریکراوی چاودێریی | مامناوەندی | مامناوەندی |
| SURV-3 | دانانی ستاندارد بۆ ئەو نەخۆشی و حاڵەتانەی دەخرێنە ناو چاودێریی ئاساییەوە | زۆر | زۆر |
| SURV-4 | دانانی ستاندارد بۆ سەرچاوەکانی زانیاریی چاودێریی | زۆر | زۆر |
| SURV-5 | دانانی ستاندارد (یەکخستنی) فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا (بۆ چاودێریی بە گوێرەی نیشاندەر –مؤشر) | زۆر | زۆر |
| SURV-6 | دانانی ستاندارد بۆ پرۆسەی نووسینی ڕاپۆرت لە ئاستی خۆجێییەوە تا ئاستی هەرێم | زۆر | مامناوەندی |
| SURV-7 | پرۆسەی ئینسیابییەتی داتا لە ئاستەکانی پارێزگاکان و هەرێم | مامناوەندی | مامناوەندی |
| SURV-8 | داڕشتن و دابەشکردنی شیکردنەوەی ستاندارد بۆ زانیاریی چاودێری لە سەرجەم ئاستە گونجاوەکاندا (قەزا، پارێزگا، هەرێم) | مامناوەندی | مامناوەندی |
| SURV-9 | داڕشتن و جێبەجێکردنی سیستمێک بۆ ئاگاداکردنەوە –انذار-ی دەستبەجێ (بە گوێرەی پێشهات-حاڵەت) | زۆر | مامناوەندیی – زۆر |
| SURV-10 | داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی ستاندارد بۆ وەڵامدانەوەی پێشهاتەکان و لە کاتی خۆیدا لێپێچینەوەی لێ بکرێت | زۆر | مامناوەندی |
| SURV-11 | چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسی | زۆر | مامناوەندی |

چوار دەستپێشخەرییەکەی تریش (لە لای سەرەوە لە دەستە چەپ، ئەو خانانەی خۆڵەمێشییەکی کاڵن لە شێوەکە) ئێجگار گرنگن – سێ دانەیان زۆر پڕبایەخن – و گونجاوێتییان (جەدوا) مامناوەندییە:

- MIS-2: چاودێریی بەکارهێنانی کلینیک (نۆرینگە، عیادة)
- SURV-10: داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلێکی ستاندارد بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕووداوانەی پێویستیان بە لێپێچینەوەیە لە کاتی خۆیدا
- SURV-11: چاودێریی فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستیی
- SURV-2: دامەزراندن و مەشقکردن بەو کارمەندانەی بەرپرسیار دەبن لە ئەرکەکانی چاودێرییەکە.

بێگومان وەنەبێت ئەولەوییاتەکان تەنێ لەسەر بناغەی ئەم ماتریکسی بڕیارە داڕێژرابن. و ڕاستییەکەی، دەستپێشخەرییەکانی دەرەوەی خانە سایەدارەکانیش ئێجگار گرنگ و گونجاون. شێوازێکی تریش بۆ بیرکردنەوە لە هەنگاوەکانی داهاتوو بریتییە لە دانانی ئەولەوییات بۆ ئەو داتایاەی یەکەمجار کۆدەکرێتەوە، و ئنجا کۆکردنەوەی داتای نوێ بە شێوەیەکی ئەزموونگەرایی پێش ئەوەی لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان پیادە بکرێت. هەروەها، بۆ کەمترکردنەوەی باری گرانی بڕێکی زۆر کەرەستەی داتا

**شێوەی 7.11**
**چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ئەولەوییاتەکان لە نێو ئەو دەستپێشخەرییانەی پێشنیارکراون: سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی**




RAND *MG1148-7.11*

کە پێویستیان بەوە نییە زوو-زوو زانیارییان بۆ کۆبکرێتەوە (وەک فاکتەرەکانی مەترسی)، دەتوانرێت چەند گروپێکی لاوەکی زانیاریی کۆبکرێتەوە بە شێوەیەکی نۆرە (ناوبەناو). پێویستە بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو ساڵی داهاتوودا ئەولەوییاتە هەرە ڕپایەخەکانی سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی دەسنیشان بکەن.

## دەرەنجامەکان

سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی بریتین لە کلیلی پلاندانان بۆ سیستمەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و بەڕێوەبردنیان، و چاودێریکردنی دەرەنجامەکانیان. سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن و چاودێری بناغەیەکی ئامادەیان هەیە، و دەتوانرێت هەندێک چاکسازییان تێدا ئەنجام بدرێت. ئەولەوییەتێکی تری پڕبایەخ بریتیە لە تۆماری نۆرینگەیی لە بنکە خزمەتگوزارییە ئەمبیولاتۆرییەکان، بەڵام زەحمەتە بتوانرێت بە خێرایی بنیات بنرێت، چونکە ئەمیان بناغەیەکی ئامادەی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا، پێویستە هەنگاو بنرێت بۆ دانانی بەردی بناغەی لەم جۆرە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتخایەندا کاری لەسەر بکرێت – بۆ نموونە، بە شێوازی ئەزموونگەرایی.

(سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی، سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن، نظم المعلومات الادارية، (Management information systems (MISs)) ئێجگار گونجاون بەڵام ئامرازی بەڕێوەبردنی ئەوتۆن کە بەهای خۆیان پێنەدراوە لە هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبەرەکاندا، هەر لە دەستگای خزمەتگوزارییەوە تا دەگاتە وەزارەتی تەندروستی. بەکارهێنانی (سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی) بۆ دەستنیشانکردنی ئاریشەکان و بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی تەندروستی دەبێتە مایەی چاکتربوونی چوستی (كفاءة، efficiency) و بەرپرسیاربوون (مساءلة، accountability)ی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی. ئەو دەستپێشخەرییانەی پێشنیار کراون بۆ (سیستمی زانیاریی بەڕێوەبردن/کارگێڕی) بریتین لە شێوازێکی سیستماتیک بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەم جۆرە سیستمە. بەکارهێنانی زانیاری لەو شێوەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەڕێوەبردن لە قۆناغە بەراییەکانییدا دەبێتە مایەی کاری ڕاستکردنەوە (تصحيحی، corrective)ی ئەوتۆ، کە لە لایەک

ئاسانە و لە لایەکی تریشەوە کولفەی هەرزانە وەک کاتێک ئەم ئاستەنگانە بگەنە ئاستی قەیران – ئنجا ئاخۆ ئەو ئاستەنگانە پەیوەست بن بەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن، یان بە کارمەندانی تەندروستییەوە، یان بە سەرچاوەکانی تەندروستییەوە، وەک دەرمان.

چاودێری بە بەردی بناغەی تەندروستیی گشتیی دادەنرێت – بریتییە لە "بەکارهێنانی زانیاری بۆ کارکردن". چاودێریکردنی رێژەکانی مردن، نەخۆشکەوتن، و فاکتەرەکانی مەترسی رێگە خۆش دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی دێنە پێش، دەبنە مایەی دەستنیشانکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێویستە پێشکەش بکرێن، و لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا دەرەنجامەکان هەڵدەسەنگێنن. ئەو دەستپێشخارییانەی پێشنیار کراون بۆ چاودێری و وەڵامدانەوە (بەرسڤ) بریتین لە شێوازێکی سیستماتیک بۆ چاکترکردنی خودی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە و چاکترکردنی کارزانیی ئەو ستافەی بۆ بەڕێوەبردنیان پێویستە.

# پوختە و دەرەنجام

ساڵی پار ڕەند (RAND) سەرقاڵی شیکردنەوەی سیستمی تەندروستی کوردستان بوو، بە تایبەتیش جەختی خستە سەر چاودێریی سەرەتایی (الرعایە الاولیة، primarycare). ئامانجی یەکەمی ئێمە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی ئەوتۆ کە ڕێگە بۆ بڕیاربەدەستان خۆش بکات کواڵیتی، دابینکردن، و چوستیی (چاودێریی سەرەتایی) باشتر بکەن. ئامانجێکی تر بریتی بوو لە دانانی مۆدیلێک بۆ داواکاری (طلب، demand) لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان. لەسەر داوای وەزیری پلاندانان، هەروەها ڕەند هەروەها پێداچوونەوەی بۆ پرەنسیپە سەرەکییەکانی (دارایی خزمەتگوزاریی تەندروستی) کرد و لێکۆڵینەوەی پێویستی ئەنجام دا بۆ چاکسازیی دارایی. ئەم ڕاپۆرتە باسی مۆدیلەکەی ئێمە دەکات (لە چاپتەری سێ) لەگەڵ پێداچوونەوەی بابەتە داراییەکان (لە چاپتەری چوار)، بەڵام جەخت دەخاتە سەر ئامانجی یەکەم (چاپتەرەکانی پێنج-حەوت)

بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە، ئێمە بە وردی پێداچوونەوەی ئەدەبیاتی تەندروستییمان کرد، سەرجەم ئەو داتایانەی لەو بوارەدا هەبوو، کۆمان کردەوە، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر بڕیاربەدەست، دابینکاری خزمەتگوزاریی تەندروستی، پەروەردەکار و فێرکاری تەندروستی، بەڕێوەبەر، و نەخۆش کرد. بە بەکارهێنانی ئەو داتایەی لەبەردەست بوو، مۆدیلمان دانا بۆ داواکاریی هەنووکەیی و ئاییندەیی لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییە بنچینەییەکان. هەروەها پرەنسیپە گشتییەکانی داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستییمان داڕشت، و تیشکمان خستە سەر چەند پرسیارێک کە پێویستە حکومەتی کوردستان بەشێوەیەکی شیکاری وەڵامیان بداتەوە، وەک یەکەم هەنگاو بەرەو ئەنجامدانی چاکسازیی.

دوای تەواوکردنی کاری وەرگرتن و کۆکردنەوەی داتا و زانیاری، شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی سیاسەتی کەرتی چاودێریی سەرەتاییمان ئەنجام دا، داتای بەردەستمان هەڵسەنگاند، و چەند ڕاسپاردەیەکی دیاریکراومان پێشکەش کرد بۆ چاکترکردنی چاودێریی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان. بۆ ئەوەی ڕاسپاردەکان سوودبەخشتر بن، ئێمە ڕاسپاردەکانمان بە گوێرەی جەدوا (گونجاوێتی) و بایەخ (ئەهەمییەت) ڕیز کرد، و لیستێکی بچووکترمان پێک هێنا لەو ڕاسپاردانەی دەتوانرێت بە ئەولەوییەتی بەرایی دابنرێن بە گوێرەی ئەم پێوەرانە. ئێمە لەگەڵ بەرپرسانی (خزمەتگوزاریی تەندروستی) پێداچوونەوەی ڕیزبەندییەکانمان کرد و بە گوێرەی سەرنج و بیروبۆچوونەکانی ئەوان ڕیزمان کردنەوە. ئێمە پێمان وایە ئەم پێوەرانە (بایەخ و جەدوا) و ئەم پرۆسەیە کلێشەیەکی سوودبەخش دەخاتە بەردەم بڕیاربەدەستان بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ئەولەوییەتانەی دەتوانن لە چەند ساڵی داهاتوودا کاریان بۆ بکەن.

دوای چەندین ساڵ لە چەوساندنەوە و سەرکەوتن لە سەردەمی سەدام حسێن، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەی نا لە کەرتی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا. چاودێریی سەرەتایی، فریاکەوتن، و نەخۆشخانەکان بەرەوپێشچوونیان بە خۆیانەوە بینی و ڕێژەی کوتان بەرەوپێشچوونی گەورەی بەخۆیەوە بینی و گەشەسەندنی ئابووری بووە مایەی پێچەوانە بوونەوەی ڕەوتەکانی پێشوو، ڕێژەی مردنی منداڵ کەم بۆوە و تێکڕای پێشبینیکراوی ژیان زیادی کرد.

سیستمی ئێستای خزمەتگوزاریی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان چەندین خاڵی ئەرێنی هەیە، وەک:

- دەستگەیشتنی هەمووان بە پاکێجێکی بنەڕەتیی لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە ڕێی دەستگاکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتییەوە
- ژێرخانێک کە بریتییە لە تۆڕی نەخۆشخانەکان، نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن، و بنکە تەندروستییەکان، ئەمانە دەرگایان کراوەیە بۆ زۆربەی هاووڵاتیان و (چاودێریی سەرەتایی) دابین دەکەن (لە هەر پارێزگایەک بە لای کەمەوە یەک نەخۆشخانەی گشتیی هەیە، لەگەڵ نەخۆشخانەیەکی فریاکەوتن، و نەخۆشخانەیەکی دایکایەتی و منداڵان، هەروەها چەندین بنکەی تەندروستی)

- ستاف و کارمەندیی پزیشکیی خۆتەرخانکردوو، لەگەڵیدا لێشاوی ئەم دواییەی هەندێک لە باشترین دکتۆرەکانی باشووری عێراق
- سەرکردایەتییەک کە دان دەنێت بە ڕۆڵی پڕبایەخی تەندروستی لە بەدەستهێنانی ئامانجە نیشتمانییە گشتییەکان.

ئێمە هەروەها بۆمان دەرکەوت سیستمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە – بە تایبەتی لە بواری چاودێریی سەرەتایی (الرعاية الاولية، خزمەتگوزاریی بنچینەیی، primarycare)- ئەمانەش ئاستەنگن لە پێش توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی مۆدێرن، کارا (فعال، effective) و چوست (كفؤ، efficient). ئاستەنگەکان بریتین لە:

- هیچ پلانێکی ستراتیجی لە ئارادا نییە بۆ چاودێریی سەرەتایی
- هێشتا بە شێوەیەکی سیستماتیک دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) ڕێک نەخراون و بەڕێوە نابرێن و بە شێوەیەکی سیستماتیک ستافیان بۆ دانەنراوە، و چاودێری ناکرێن. هەروەها کڵێشەیەکی ڕوونیان نییە بۆ ڕەوانەکردن (احالة، referral) و وەرگرتنی سەرنج و بیروبۆچوون لە کەرتی سێیەمی خزمەتگوزاریی.
- ئاستەکانی تەرخانکردنی ستاف، ڕێکخستنی ستاف، و کواڵیتی ستافەکە بە ئاستەنگی گەورە دادەنرێن لە پێش چاکترکردنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی. ڕێژەی ژمارەی دکتۆرەکان کەمە بۆ ژمارەی دانیشتووانەکە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، وەک پێویست سوود لە پەرستیاران وەرناگیرێت و دەگوترێت وەک پێویست ڕێزیان لێ ناگیرێت و هاندەریان نییە بۆ باشترکردنی کواڵیتییان، ئەو موماریسە گشتییانەی لە بنکە تەندروستییەکان کار دەکەن لە یەکەم ساڵی ئەرکی کلینکی گشتییاندا، ئامۆژ و ڕاوێژ نابینن، وەسفی وەزیفی (جۆب دیسکریپشن) و ستانداردی ئەدا لە ئارادا نین، ژمارەیەکی کەم لە بەڕێوەبەرانی خزمەتگوزاری تەندروستی مەشقیان بینیوە.
- کەلێن و کەموکووڕی گەورەی هەیە لە پەروەردە و خوێندنی بواری پزیشکایەتی وتەندروستی (بە تایبەتی پەرستیاری)، مەشق، بروانامەی ڕێپێدان، و بەڕێوەبردن و مەشق لە ماوەی خزمەتدا، لە ئەنجامیشدا ئاریشە هەیە لە بواری دامەزراندن، هێشتنەوە لەسەر کار، و بەکارهێنانی دکتۆر و پەرستیارەکان بە شێوەیەکی چوست.
- داتای تەندروستی یان لەبەردەست نییە، یاخود ستاندار نییە، یان بە شێوەیەکی ستاندارد کۆ نەکراوەتەوە تا بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ تۆماری نەخۆشی ئەمبولاتۆری، چاودێری، بەڕێوەبردن، و بڕیار دروستکردن
- جەختێکی ڕوون لەسەر خزمەتگوزارییەک کە نەخۆش، سەلامەتیی نەخۆش و کواڵتیی خزمەتگوزارییەکە بە تیشکۆ دابنێت، لە ئارادا نییە.
- دارایی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی کە پشت بە بودجە دەبەستێت، هیچ حەوافزێکی تێدا نییە بۆ چوستی و ئەدا، و ئەو داراییە (تەمویلە)ی دابینی دەکات دڵنیا نییە و کەمترە لەوەی وڵاتانی دراوسێ.
- جەختکردنەوە لە نەخۆش/کواڵیتی لە ئارادا نییە
- هیچ سیاسەتێکی ڕوون لە ئارادا نییە بۆ ڕێنماییکردنی گەشەی کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستی

**پێشبینی داواکاریی (طلب، Demand) ی ئاییندەیی**

بۆ تێگەیشتن لەو سەرچاوانەی هەرێمی کوردستان پێویستی دەبێت تا بتوانێت داواکاریی (طلب، demand) ی ئاییندەیی دابین بکات لەم سەردەمەدا کە ئابوورییەکەی گەشەسەندن بە خۆیەوە دەبینێت، ئێمە مۆدیلێکمان داناوە بۆ داواکاریی ئاییندەیی لەسەر خزمەتگوزارییەکە و چەند سیناریۆیەکمان داڕشتووە. ئێمە یەکەمجار مۆدیلێکمان دانا بە ناوی مۆدیلی (*حاڵەتی بنەڕەتی، الحالة الاساسية*)، کە بریتییە لە پێشبینی بۆ داواکاری لە 2015 و 2020، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەیەک کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی ژمارەی هاووڵاتیانی کوردستانی پێ زیاد بووە لەم پێنج ساڵەی دواییدا. ئەم مۆدیلانە بە گوێرەی مەزەندەیەک داڕێژراون بۆ کڵێشەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکە (بۆ نموونە، ژمارەی سەردانی دکتۆر بە گوێرەی ژمارەی هاووڵاتیان، ژمارەی خەواندن (مانەوە) لە نەخۆشخانە بە گوێرەی ژمارەی هاووڵاتیان) کە هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو کڵێشەیەی ئێستا.

هەروها سێ سیناریۆی ترمان داڕشت و مۆدیلمان بۆ دانا، بۆ ئەوەی بزانین ئەمانە چۆن کار دەکەنە سەر داواکاریی ئاییندەیی کاتێک هەندێک گریمانی تریش ڕەچاو بکرێت سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، بەم شێوەیە سیناریۆکان بریتین لە: (1) زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی خێرا و

بەرچاو، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەی ئابوورییە کە بەرهەمی بووژانەوەی پیشەسازیی نەوت و گازە، (2) چاکتربوونی چاودێریی سەرەتایی، و (3) گەشەی خێرای کەرتی تایبەتی تەندروستی.

لە هەموو ئەو مۆدیلانەدا، بۆما دەرکەوتووە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانێکی مەزن ئەنجام بدات تا بتوانێت وەڵامی داواکاریی ئایندەیی بداتەوە. جێی سەرنجە ژمارەی ئێستای کارمەندانی تەندروستی و قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکان بۆ ژمارەی دانیشتوان کەمترە لەوەی وڵاتانی دراوسێ – و زۆر کەمترە لەوەی زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو و وڵاتانی پێشکەوتوو. ئەگەرچی رێژەی بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بە تێکرا بەرزترە لەوەی عێراق، پێشبینی دەکەین لەگەڵ گەشەسەندنی هەرێمی کوردستان و زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیاندا، بەکارهێنان و پێداویستبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستییش زیاد دەکات، وەک لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بینیومانە. بۆ گەیشتن بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لە کاتێکدا کە ڕەوشی ئابووری گەشەسەندن بە خۆیەوە دەبینێت، پێویستە وەبەرهێنانێکی مەزن بکرێت لە سەرچاوەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستییدا.

## داراییکردن (تەمویل)

کۆڵەکەیەکی سەرەکیی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی بریتییە لە شێوازی داراییکردن (تەمویل) ی خزمەتگوزاریی تەندروستی و تەندروستیی گشتیی. دابینکردنی سەرچاوەکان، ئەو حەوافزانەی لە بەرامبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان دانراون، و مووچە و پارەدان بە ستاف ئێجگار پربایەخن بۆ کارکردنی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و چوست. ژمارەیەکی زۆر لە بریاربەدەستانی بواری تەندروستی و دابینکارانی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێیان وایە سیستمی دارایی ئێستا کە پشت بە بودجە دەبەستێت ناتوانێت وەڵامی پێداویستیە ئایندەکان بداتەوە چونکە نەیتوانیوە وەک پێویست دارایی کۆبکاتەوە، حەوافزی ڕێکوپێک بهێنێتە ئاراوە، یان ڕێگە خۆش بکات بۆ گەشیی سیستمی خزمەتگوزاریی کەرتی تایبەت. ئامادەکردنی بناغەیەک بۆ تاوتوێکردنی ئەم بوارە، ئێمە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دارایی تەندروستیمان دارشتووە، و ئەو پرسیارە سەرەکییانەمان دارشتووە کە پێویستە وەڵامیان بدرێتەوە پێش ئەوەی دەست بە چاکسازی بکرێت، و پرۆسەیەکی پێنج هەنگاوییمان دارشتووە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکانی ئەم بوارە.

## چاودێریی سەرەتایی(الرعایة/ العنایة الأولیة، PrimaryCare، چاودێریی یەکەمیی)

(چاودێریی سەرەتایی) بریتییە لە دڵی سیستمی هاوچەرخی خزمەتگوزاریی تەندروستی. (چاودێریی سەرەتایی) پەیوەندییەکی بەردەوام دروست دەکات لە نێوان نەخۆش-نۆرینگەکار و رێچکەیەکە بەرەو خزمەتگوزاریی تر. لە هەرێمی کوردستان (چاودێریی سەرەتایی کەرتی گشتیی) کلیلی سەرجەم سیستمی چاودێریی تەندروستییە. سیستمی چاودێریی سەرەتایی تەندروستی چەندین خاڵی ئەرێنی هەیە بەڵام هەروەها ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە لە هەوڵیدا بەرەو چاکترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و دەرەنجامی تەندروستی. زۆربەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە جەختی خستبووە سەر چاودێریی سەرەتایی و شێوازەکانی چاکترکردنی. شیکردنەوەکەی ئێمە بۆ ئاستەنگەکان و شێوازەکانی چارەسەرکردنی لە خوارەوە بە پوختی نووسراوە، بۆ سێ بوار دابەش کراوە – رێکخستن و بەڕێوەبردن، دەستی کار، و سیستمەکانی زانیاری.

### رێکخستن و بەڕێوەبردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی

بۆمان دەرکەوتووە هێندەی پێویست بنکەی چاودێریی لە ئارادا نییە (بنکەی چاودێریی تەندروستیی یەکەمی/بنچینەیی، کە بە لای کەمەوە یەک دکتۆری لێیە) بۆ هەر 10000 کەسێک لە دانیشتوان بۆ ئەوەی بە گوێرەی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان بێت، بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان و لقەکان (لقەکان ئەوانەن کە کارمەندێکی یاریدەدەری پزیشکیی بەڕێوەی دەبات) بە شێوەیەکی سیستماتیکی نین لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی، کارمەندان، بەڕێوەبردن، و کلێشەی ڕەوانەکردن (احالة).

ئەگەرچی بنکە تەندروستییەکان ئەو چاودێرییە سەرەتاییانە پێشکەش دەکەن کە ((ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی)) پێشنیاری کردوون، بەڵام وەنەبێت هەموو بنکە تەندروستییەکان تەواوی خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بکەن.

دەتوانرێت ئاستەنگەکانی ئەم رێکخستن و بەڕێوەبردنە چارەسەر بکرێت لەم رێیانەوە چارەسەر بکرێت: دابەشکردن و بەڕێوەبردنی دەستگاکان و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی چوست و سیستماتیکی،

یەکخستنی خزمەتگوزارییەکان، بەرفراوانکردنی پەروەردەنی تەندروستی لە نۆرینگە و خوێندنگەکان، ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕۆشنبیری بۆ ئاشناکردن بە ئاکاری سەلامەت و تەندروست، و زیاترکردنی بەکارهێنانی تێلیمیدیسن. ئێمە سیستمێکی چاودێریکردنی تەندروستی پێشنیار دەکەین کە لە سێ توێژ پێک دێت. هەرە گرنگترین/گونجاوترین گۆڕانکارییەکان لە دوو ساڵی داهاتوودا بریتین لە:

- ڕێکخستنی خزمەتگوزارییەکانی بنکە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی لە ڕێی پێناسەکردنی سیستمێکی سێ توێژییەوە (لقەکان/بنکە تەندروستییە لاوەکییەکان، بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان، و بنکەکانی ڕەوانەکردن) کە خزمەتگوزارییەکانیان بە شێوەی ستاندارد بێت و جەخت لەوە بکرێتەوە کە ڕێکخستنی دەستگاکان بە گوێرەی ئەم مەرجانە بێت. ئەمە بریتییە لە بەرزکردنەوەی ئاستی بنکە تەندروستییەکان بۆ ئەوەی بە گوێرەی مەرجی (ناوچەی کۆکردنەوە) بن.
- باشترکردنی دابەشبوونی کارمەندانی تەندروستی لە ڕێی پێناسەکردن و دابەشکردنی ستافی بنکەکان بە گوێرەی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.
- پێناسەکردنی ژمارەی گونجاوی ئەو خزمەتگوزارییانەی لە بنکە تەندروستییەکانی ئەو سێ ئاستە پێشکەش دەکرێت (بنکە لاوەکییەکان، بنکە سەرەکییەکان، و ڕەوانەکردن/تایبەتمەند) وەک لە خشتەی 5.2 پیشان دراوە.
  - پێویستە هەموو لقی بنکە تەندروستییەکان پاکێجێک لە خزمەتگوزاریی (چاودێریی سەرەتایی) پێشکەش بکات، بۆ نموونە، وەک:
    - چاودێریی گەشەی منداڵ
    - کوتان
    - دژە-وشکبوونەوە لە دەمەوە (ORT)
    - فریاکەوتنی سەرەتایی
    - دەرمانی بنچینەیی
    - پەروەردەی تەندروستیی
  - پێویستە بنکە تەندروستییە سەرەکییەکانیش ئەمانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:
    - چارەسەریی بنچینەیی و بەڕێوەبردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان
    - بایەخپێدانی دان
    - خزمەتگوزارییەکانی تاقیگە
    - خزمەتگوزارییەکانی دەرمانسازی
  - بەرزترین ئاستی بنکە تەندروستییەکان، کە بە شێوەیەکی گشتیی لە قەزاکانن، پێویستە ئەم خزمەتگوزارییانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:
    - خزمەتگوزاریی پزیشکیی تایبەتمەندی پێشکەوتوو
    - خزمەتگوزاریی منداڵبوون و منداڵی کۆرپەلە
    - خزمەتگوزاریی تایبەتمەندی دان
    - خزمەتگوزاریی پێشکەوتووی تاقیگە
    - خزمەتگوزاریی بەرفراوانی دەرمانسازی

**کارمەندانی تەندروستی**

ئەگەرچی بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان، هەرێمی کوردستان دوو هێندەی باقی عێراق پزیشکی هەیە، بەڵام ژمارەی دکتۆرەکانی کوردستان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوان کەمترە لەوەی زۆر وڵاتی ناوچەکە. کەموکووڕییەکە بوارەکانی مەشق/شارەزایی و هەروەها ژمارە، دابەشبوون، و کاتژمێرەکانی دەوام دەگرێتەوە. دەتوانرێت مەشق و خوێندنی دکتۆرەکانی چاودێریی سەرەتایی چاکتر بکرێت لە ڕێی دانانی مەنهەجی چاودێریی سەرەتایی لە مەنهەجی خوێندنی پزیشکی و نۆرەی نۆرینگەیی، زیاترکردنی ژمارە و چاکترکردنی پرۆفایلی چاودێریی تەندروستی (وەک پزیشکایەتیی خێزان)، و چاکترکردنی مەشق لە بواری تەتبیقی. هەندێک حەوافز دەبێتە مایەی چاکترکردنی ئەزموونی دکتۆری موماریسی گشتیی لە ماوەی ئەو ساڵە ئیلزامییەدا کە لە بنکە تەندروستییەکان خزمەت دەکات. پێویستە مەشق بە ژمارەیەکی زیاتری پەرستیار بکرێت، و پێویستە خوێندن و مەشق لە سەرجەم ئاستەکاندا چاکتر بکرێت. درێژەدان بە خوێندن، بڕوانامەی ڕێپێدان، و نوێکردنەوە دەبێتە مایەی چاکترکردنی ئەدای سەرجەم کارمەندە تەندروستی و پزیشکییەکان.

بە بڕوای ئێمە، هەرە گرنگترین گۆڕانکاریی گرنگ و گونجاو بریتییە لە چاکترکردنی خوێندنی پیشەیی و مەشق لە دوو ساڵی داهاتوودا لەم بوارانەدا:

- بە ئەفزەڵییەت قوتابیانی پزیشکی و پەرستیاری خەڵکی ناوچە دوورەکان دابمەزرێن
- دانانی (چاودێریی سەرەتایی) لە مەنهەجی خوێندنگەی پزیشکی و پەرستیاری
- چاکترکردنی ئەزموونی دکتۆری موماریسی گشتی لە ماوەی ئەو ساڵەی بە ئیلزامی لە بنکە تەندروستییەکان خزمەت دەکەن
- داڕشتنی خەسڵەتە کارزانییەکان و وەسفی وەزیفی بۆ کارمەندانی سەرجەم ئاستەکان.

**سیستمەکانی زانیاریی تەندروستی**

سیستمە هاوچەرخەکانی زانیاریی تەندروستی بەردی بناغەن بۆ چاکترکردنی کواڵیتی و چوستی. چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ چاودێریی فاکتەرەکانی مردن، نەخۆش کەوتن، و فاکتەرەکانی مەترسیی تەندروستی. لە پارێزگاکانی کوردستان یان داتا نییە لەسەر تەندروستی، یان وەک پێویست پێناسە ناکرێت، ستاندارد نییە و یەک نەخراوە، پۆلێن ناکرێت، و بە شێوەی ئەلیکترۆنی ڕاپۆرت ناکرێت، شیکردنەوەی بۆ ناکرێت، یان بۆ بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیاسەت بەکارناهێنرێت. چاکترکردنی سیستمەکانی زانیاری پێویستی بە دامەزراندن و/یان مەشقکردن هەیە بە کارمەندانی تەندروستی، لەگەڵ دانانی ستاندارد بۆ کۆکردنەوە، پرۆسەکردن، شیکردنەوە، و پێشکەشکردنی داتا. چاکترکردنی چاودێری کاریگەری دەبێت لەسەر گیروگرفتەکان و بەرنامەکانی خۆپارێزی و کۆنترۆڵ، چاکترکردنی (سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕیی، نظم المعلومات الادارية) ڕێگە خۆش دەکەن بۆ چاودێریکردنی سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و بەکارهێنانی نۆرینگەکان بە مەبەستی جەختکردنەوە لە کارایی و چوستیی ئەم خزمەتگوزارییانە، تۆمارکردنی نەخۆش لە بنکەکانی ئەمبولاتۆری دەبێت بە بناغەیەکی باش بۆ ڕەوانەکردن (احالة)ی نەخۆش و درێژەدان بەو خزمەتگوزارییانەی بەردی بناغەی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستین.

بە بڕوای ئێمە، هەرە گرنگترین و گونجاوترین دەستپێشخەریی بۆ چاکترکردنی سیستمەکانی داتا لە دوو ساڵی داهاتوودا بریتین لە:


- چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە لە ڕێی دانانی ستاندارد بۆ ئەمانە:
  - ئەو نەخۆشی و حاڵەتانەی دەخرێنە دوو توێی چاودێریی ئاساییەوە
  - سەرچاوەی زانیارییەکانی چاودێری
  - فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا
- داڕشتن و گەشەپێدانی (سیستمەکانی زانیاریی کارگێڕی) بۆ چاودێریی سەرچاوە و خزمەتگوزاریی نۆرینگەکان و بەڕێوەبردنی تۆمارەکانی (نەخۆش) نۆرینگە
- بەکارهێنانی پرۆسەی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی (ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی تەندروستی)ی 2010 بۆ جێبەجێکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی پێشنیار کراون.

## دەرەنجام

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەی ناوە بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لە هەرێم و لە ئەنجامیشدا تەندروستیی خەڵک. هەروەها ئەوە ڕوونە کە دەتوانرێت کاری زیاتر بکرێت بۆ چاکترکردنی کواڵیتی، چوستی، ڕێکخستن، بەڕێوەبردن، دەستی کار، و سیستمەکانی داتای سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستی، ئەمەش زۆر گرنگە لە کاتێکدا کوردستان هەنگاو دەنێت لەسەر ڕێچکەی هاوچەرخکردن و نزیکبوونەوە لە ئاستی باقیی جیهان.


# هێڵکاریی ئەنجامەکانی مۆدیلەکانی چاپتەری سێ

**شێوەی A.1**
**ڕێژەی پێشبینیکراوی مانەوە لە نەخۆشخانە بە گوێرەی پارێزگا**




**RAND** *MG1148-A.1*


**شێوەی A.2**
**ڕێژەی پێشبینکراوی سەردانی نەخۆشی دەرەوە بۆ نەخۆشخانەکان، بە گوێرەی پارێزگا**




**RAND** *MG1148-A.2*

**شێوه‌ی A.3**


**ژماره‌ی پێشبینیكراوی قه‌ره‌وێڵه‌ی پێویست له‌ 2020 له‌ هه‌رێمی كوردستان، ئه‌گه‌ر كڵێشه‌ی به‌كارهێنان له‌ كوردستان هاوشێوه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ بێت**




RAND *MG1148-A.3*


**شێوه‌ی A.4**

**ژماره‌ی پێشبینیكراوی قه‌ره‌وێڵه‌ی پێویست له‌ 2015 له‌ هه‌رێمی كوردستان، ئه‌گه‌ر كڵێشه‌ی به‌كارهێنان هاوشێوه‌ی ئه‌و وڵاتانه‌ بێت**





RAND *MG1148-A.4*

**شێوەی A.5:**
**ژمارەی پێشبینیکراوی دکتۆری پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**





RAND *MG1148-A.5*

**شێوەی A.6:**
**ژمارەی پێشبینیکراوی دکتۆری پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کڵێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**





RAND *MG1148-A.6*

**شێوەی A.7**
**ژمارەی پێشبینیکراوی پەرستیار پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کلێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**





RAND *MG1148-A.7*

**شێوەی A.8**
**ژمارەی پێشبینیکراوی پەرستیار پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کلێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**





RAND *MG1148-A.8*

**شێوەی A.9**
**ژمارەی پێشبینیکراوی دانساز (دکتۆری دان) پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کلێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**




RAND *MG1148-A.9*


**شێوەی A.10**
**ژمارەی پێشبینیکراوی دانساز پێویست لە 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کلێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**




RAND *MG1148-A.10*

**شێوەی A.11**


**ژمارەی پێشبینیکراوی دەرمانساز پێویست لە 2015 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کلێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**




RAND *MG1148-A.11*

**شێوەی A.12**

**ژمارەی پێشبینیکراوی دەرمانسازی پێویست بۆ 2020 لە هەرێمی کوردستان، ئەگەر کلێشەی بەکارهێنان هاوشێوەی ئەو وڵاتانە بێت**




RAND *MG1148-A.12*

# چاودێریی بەرەوپێشچوون دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی

ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی چەند نیشاندەر (مؤشر)ێکی دارِشتووە بۆ هەڵسەنگاندن و چاودێریی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی، لەگەڵ چەند ستراتیجێک بۆ چارەسەرکردنی گرفتە باوەکانی ئەم بوارە (Islam, 2007). ئەو دەستپێشخەرییانەی لە چاپتەری پێنج باس کراوە چەندین ستراتیجی (ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی) لەخۆدەگرێت، بڕوامان وایە ئەو نیشاندەرانە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرایی دارِێژراون و پەیوەند دەبێت بە چاودێریی خزمەتگوزارییەکانی کوردستان لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا. خشتەی B.1 بریتییە لە 30 نیشاندەری ناو رێنماییەکانی (ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی)، و خشتەی B.2 بریتییە لە ستراتیجەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی (ئاژانسی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندنی نێودەوڵەتی). ئەم ستراتیجانە لە لایەک وردەکارییەکان ساخ دەکەنەوە بۆ ئەو دەستپێشخەرییانەی لە سەرەوە باس کراوە.

**خشتەی B.1**
**نیشاندەرەکانی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی**

| نیشاندەر | پێناسە |
|---|---|
| دابینکردنی خزمەتگوزارییەکە | |
| ژمارەی قەرەوێڵەی نەخۆشخانە بۆ 10,000 کەس (ژمارە) | کۆی ژمارەی قەرەوێلە لە نەخۆشخانەی سەرجەم ئاستەکان/کۆی ژمارەی دانیشتوان X 10,000 |
| ژمارەی دەستگاکانی (چاودێریی سەرەتایی) لە سیستمی تەندروستییدا بۆ 10,000 کەس | ژماردنێکی ئاسایی بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان، بنکەی لاوەکی و مستوصفەکان لە وڵات/ کۆی ژمارەی دانیشتوان X 10,000 |
| رێژەی سەتی ئەو دەستگایانەی (چاودێریی سەرەتایی) کە بە شێوەیەکی گونجاو ئامێر و کەرەستەیان بۆ دابین کراوە | ژمارەی ئەو دەستگایانەی بە شێوەیەکی گونجاو ئامێر و کەرەستەیان بۆ دابین کراوە/کۆی ژمارەی دەستگاکان<br>(سەرنج: ئەمە بە گوێرەی ئەو ستانداردانە/ئەو پێوەرانەی کە لە ئارادان بۆ ژمارە و جۆری ئامێری پێویست) |
| رێژەی کارمەندانی خزمەتگوزاریی (چاودێریی سەرەتایی) بۆ ژمارەی دانیشتوان | رێژەی دکتۆر، پەرستیار، مامان، دەرمانساز، و کارمەندی تەکنیکیی تاقیگە، هەر یەکێکیان بە گوێرەی 10,000 کەس لە دانیشتوان |
| هەبوونی ستانداردی نوژەنکراو (ئەپدێیت)ی نۆرینگە لە بواری ئەولەوییەتەکانی وەزارەتی تەندروستی، بۆ نەخۆشییە سەختەکان، و/یان بۆ بواری بەرپرسیارێتیی رێژەی بەرزی نەخۆشکەوتن و مردن | ژمارەی ئەو ناوچانەی نۆرینگەی لێیە بە گوێرەی رێنماییە نیشتمانییەکان و لە سێ ساڵی رابردوودا نوژەن کراوەتەوە/کۆی ژمارەی ئەولەوییەتی بواری نۆرینگەیی |
| دابینکردن و داپۆشین و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان | |
| رێژەی سەتیی ئەو خەڵکانەی لە [دوورییەکی دیاریکراو] کەم دەژین لە دەستگایەی تەندروستیی | ژمارەی ئەو خەڵکانەی لە تیرەی دەستگایەکی تەندروستییدا دەژین/کۆی ژمارەی دانیشتوان (پێوانەی دابینکردن بە گوێرەی ناوچەی جوگرافی) |
| توانای دارایی (باشترین نیشاندەر بۆ ئەمە هەڵبژێرە – بۆ نموونە، ئەو برە پارەیەی خێزانێک خەرجی دەکات لەسەر تەندروستی، خەرجییەکانی خێزان بە بەراورد لەگەڵ کۆی خەرجییە تەندروستییەکان) | کۆلکەکە برِی خەرجییە راستەوخۆکانی خێزان دەگرێتەوە بۆ خزمەتگوزاریی و بەرهەمی تەندروستیی |
| لێخۆشبوون لە بەکارهێنەر | رسوم بۆ خەڵکی بێدەرەتان، وا باوە لە هەندێک کرێ و رسوم دەبووردرێن (ئەگەر ئەم رێوشوێنە لە ئارادا نەبێت ئەوسا ئەو کەسانە ناتوانن سوود لەو خزمەتگوزارییانە وەربگرن) |

**خشتەی B.1 — بەردەوامی خشتەی سەرەوەیە**

| نیشاندەر | پێناسە |
|---|---|
| چاودێریی سەرەتایی یاخو سەردانی نەخۆشی دەرەوە بۆ دەستگایەکی تەندروستی لە ساڵێکدا، بۆ هەر کەسێک | ژمارەی سەردان بۆ چاودێریی سەرەتایی یان بۆ بەشی نەخۆشی دەرەوە لە نەخۆشخانەکان لە ساڵێکدا / کۆی دانیشتوان |
| حاڵەتی لەدایکبوونی منداڵ بە ئامادەیی کارمەندێکی شارەزای تەندروستی لە ساڵێکدا (%) | ژمارەی ژنانی تەمەن 15-49 کە لە سەروەختی منداڵبووندا کارمەندێکی تەندروستی شارەزا ئامادە بووە لەگەڵیان/ کۆی ژمارەی ژنانی تەمەن 15-49 کە ساڵی ڕابردوو ڕووپێو کراون لەسەر حاڵەتی منداڵبوون |
| کوتانی چالاککەری سیانی: منداڵی یەک ساڵە کە 3 دۆزی وەرگرتبێت لە دژی دیفیتریا –وەناق-، تێتەنەس –دەردەکۆپان، -و کۆکەڕەشە- سعال دیکی-. (%) | ژمارەی ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نێوان 12-23 مانگە و DPT3 وەرگرتووە پێش یەکەم جاری ساڵیادی لەدایکبوون / کۆی ژمارەی منداڵانی ڕووپێوکراوی تەمەن 12-23 مانگ |
| بەکارهێنانی دژە-سکپڕبوون (ڕێژەی سەتیی ژنانی تەمەن 15-49) | ڕێژەی سەتیی ژنانی تەمەن 15-49 کە خۆیان یان هاوسەرەکەیان جۆرێک لە جۆرەکانی دژە-سکپڕبوون بەکاردەهێنن |
| ئەو ژنە سکپڕانەی یەک جار زیاتر خزمەتگوزاریی پێش منداڵبوونیان وەرگرتووە، ژمارەی سەردان (%) | ڕێژەی سەتیی ئەو ژنانەی جارێک یان زیاتر سەردانی خزمەتگوزاریی پێش لەدایکبوونی منداڵبوونیان کردووە لە ماوەی دواترین سکپڕییاندا لە پێنج ساڵی پێش ڕووپێوەکە، لەگەڵ ڕێژەی ئەوانەی 4 جار و زیاتر سەردانیان کردووە |
| دابینکردنی خزمەتگوزاریی لە لایەن کەرتی تایبەتەوە | ڕێژەی سەتیی مانەوە لە نەخۆشخانە (یاخود ژمارەی رۆژانی مانەوە لە نەخۆشخانە)ی کەرتی تایبەت/ کۆی ژمارەی ئەو نەخۆشانەی لە نەخۆشخانە ماونەتەوە یان کۆی ژمارەی ڕۆژەکانی مانەوەی نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە لە سەرجەم دەستگا تایبەتەکان |
| ڕێکخستنی دابینکردنی خزمەتگوزاریی | |
| هەبوونی سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) بە شێوەیەکی ڕۆژانە (لە ماوەی ڕۆژەکەدا) | ئەو خزمەتگوزارییە تەرخانکراوانەی لەناو دەستگایەکی (چاودێریی سەرەتایی) دابین دەکرێن لە 5 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا (وەک، کوتان، پشکنینی سیل، خزمەتگوزاریی پێش منداڵبوون، پلاندانانی خێزان، چارەسەری مەلاریا، بەدخۆراکی) — ئەم ڕێوشوێنە ئاماژەیە بە پێگەیشتوویی (تکامل)ی خزمەتگوزارییەکە |
| ژمارەی بەرنامە ستوونییەکان | ژمارەی بەرنامە ستوونییەکانی وەزارەتی تەندروستی (وەک، ئەوانەی جەخت دەخەنە سەر هەندێک نەخۆشی یان دەستپێشخەریی دیاریکراو)- زۆر جار ڕێکخراوی کۆمەکبەخشی دەرەکی پشتگیرییان دەکات و بەم شێوەیەش کەمتر وڵاتە میواندارەکە درێژەی پێدەدات |
| ئاستی بەردەوامی زانیارییەکانی چاودێری | پێناسەکراوەبەدرێژخایەنی و بەردەوامبوونی ڕەهەندەکانی بەردەوامی (ئاماژەیە بە توانای سیستمێکی تەندروستی لە بواری دەستنیشانکردن، هەڵگرتن و دابینکردنی زانیاریی پزیشکیی لەسەر نەخۆشێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو) |
| ئاستی ستوونی درێژەی خزمەتگوزارییەکان | درێژەدان بە دابینکردنی خزمەتگوزاریی لە ئاستی جۆراوجۆردا:<br>گەیاندن — ڕێژەی سەتیی ئەو بنکە تەندروستییانەی تەلەفۆن و ئامێری هەیە بۆ پەیوەندیکردن بەو دەستگایەی کە نەخۆشی بۆ ڕەوانە دەکەن<br>گواستنەوە- ڕێژەی ئەو بنکە تەندروستییانەی ئامرازی گواستنەوەیان هەیە بۆ گواستنەوەی نەخۆش بۆ لای یەکەم ئاستی ئەو خزمەتگوزارییەی نەخۆشەکەی بۆ ڕەوانە دەکەن<br>سیستمەکانی ڕەوانەکردن — هەبوونی داتای سیستمی ڕەوانەکردن لە ئاستی قەزا |
| دڵنیایی کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکە (ضمان جودة الرعایە) | |
| هەبوونی سیاسەتی نیشتمانیی بۆ باشترکردنی کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکان | وەڵام: بەڵێ، یان نەخێر<br>ئەم نیشاندەرە ئاماژەیە بە ئاستی کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکە وەک ئەولەوییەتێکی حکومەت |
| گونجاندنی ستانداردەکانی نۆرینگە بە شێوەیەکی عەمەلیی ئەوتۆ کە بتوانرێت لە ئاستی خۆجێیدا بەکاربهێنرێت | وەڵام: بەڵێ، یان نەخێر<br>ئەم نیشاندەرە بریتییە لەو ئەولەوییەتەی دەدرێت بە کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکە و یەکەم هەنگاوە بەرەو (چاکترکردنی کواڵیتیی خزمەتگوزاریی) |
| هەبوونی سەرپەرشتیی نۆرینگە لە لایەن سەرپەرشتیارێکی ئاستی قەزا | وەڵام: بەڵێ، یان نەخێر<br>ئەم نیشاندەرە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی شێوازی بنەڕەتیی چاودێریکردنی کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکان |

**خشتەی B.1 — بەردەوامی خشتەی سەرەوەیە**

| نیشاندەر | پێناسە |
|---|---|
| ڕێژەی سەردان بۆ سەرپەرشتیکردنی بنکە تەندروستییەکان وەک لە پلانەکەدا هاتووە و وەک لە ڕاستییدا ئەنجام دراوە | ژمارەی ئەو سەردانانەی ساڵی پار ئەنجام دران/ ژمارەی ئەو سەردانانەی لە پلانی پاردا هەبوون |
| هەبوونی پرۆسەیەک بۆ جەختکردنەوە لە کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکە، سەرەڕای هەبوونی چاودێریی | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نموونە: پەسندکردنی فەرمی و نافەرمی، تیمی درێژەدان بە چاکترکردنی کواڵیتی، وردبینیی ناوبەناوی تەندروستی و دوابەدوای وردبینییەکەش هەوڵدان بۆ چاکترکردن، ڕووپێوی ناوبەناو لەسەر ڕەزامەندی خزمەتخواز، یان خانەی پێشنیار |
| بەشداریی کۆمەڵگە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان | |
| هەبوونی میکانیزمی فەرمی بۆ جەختکردنەوە لە بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگەکە لە بەڕێوەبردنی سیستمی تەندروستیی | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نمونە: لیژنەی خۆجێی تەندروستی و پەرەپێدەرانی تەندروستی گشتی، و نوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵگا لە بواری بەڕێوەبردنی بنکەی تەندروستی، بەشداری پێکردنی پەیڕەوکارانی تەندروستی پیادەکراو لە بەڕێوەبەردنی تەندروستیدا، بەشداربوونی کۆمەڵە هاوبەشیەکان لە دروستکردنی بڕیاردا. |
| هەبوونی میکانیزمی فەرمیی بۆ جەختکردنەوە لە بەشداریی چالاکانەی کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگەکە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نمونە: هەر ڕۆڵێکی کۆمەڵگا لە دابینکردنی چاودێری تەندروستی |
| هەبوونی میکانیزمی فەرمی بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەوییاتەکانی دانیشتوانەکە، بۆچوونیان لەسەر کوالیتی، و ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش هەوڵدان بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نموونە: ڕووپێوی ناوبەناو لەسەر ڕەزامەندیی خزمەتخواز لە دەستگاکان، کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگە یان یەکێتی و سەندیکاکانی کۆمەڵگە |
| دەرەنجامی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان | |
| پێشبینی تێکڕای ژیان لە کاتی لەدایکبووندا | ژمارەی ئەو ساڵانەی کە لەدایکبوویەکی نوێ دەژی ئەگەر شێوەی مردن لە کاتی لەدایکبوونیدا هەر وەک خۆیان بمێننەوە بە درێژایی ژیانی ئەم کەسە (ئەم نیشاندەرە ڕەوشتی گشتیی تەندروستیی دانیشتوان و کواڵیتیی ژیان دەپێوێت) |
| ڕێژەی مردن، منداڵ (لە 1,000 لەدایکبوون بە زیندوویێتی) | ژمارەی ئەو منداڵانەی پێش ئەوەی تەمەنیان بگاتە یەک ساڵان، دەمرن، بۆ هەر 1,000 منداڵێک کە بە زیندووی لە دایک دەبن لەو ساڵەدا |
| ڕێژەی مردنی دایکان بەسەر منداڵەوە (بۆ 100,000 منداڵ بە زیندوویی) | ژمارەی ئەو دایکانەی کە لە کاتی سکپڕی یان لە کاتی منداڵبوون دەمرن بۆ هەرلەدایکبوویەکی زیندو 100,000 (پێوانەیەک بۆ ئەگەری مردنی ژنانی دوو گیان بە هۆی جیاواز) |
| ژمارەی حاڵەتەکانی ئێچ ئای ڤی (لە کۆی ژمارەی ئەو هاوڵاتیانەی تەمەنیان 15-49 ساڵە) | ڕێژەی سەتیی ئەو گەنجانەی کە ئێچ ئای ڤییان هەیە. |

سەرچاوە: بە دەستکاری لە Islam, 2007

**خشتەی B.2**
**ستراتیج بۆ پتەوکردنی کەرتی گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی**

| | بواره تاوتوێکراوەکانی گەیاندنی خزمەتگوزاری تەندروستی | | | |
|---|---|---|---|---|
| **نموونەی ستراتیجەکان** | **ڕێکخستن** | **بەشداریی کۆمەڵگە** | **دڵنیای کوالێتیی خزمەتگوزاریەکە** | **ئەنجام و دەرئەنجامەکان** |
| دارشتنی ستراتیجیی ئەوتۆ کە ببێتە مایەی زیاترکردنی دابینکردنی خزمەتگوزاری لە ناوچە دوورەکان وەک:<br>ڕێکخستنی گواستنەوە<br>نۆرە پێکردنی نۆرینگەکانی کۆمەڵگە<br>هەماهەنگی و بەشدارییپێکردن لە بەرپەرسیارێتییەکانی نۆرینگە لەگەڵ ماماں، ئەوانەی بە شێوازی تەقلیدی چارەسەر و تیمار دەکەن، و کارمەندانی تەندروستیی کۆمەڵگەکە | X | X | | |
| پێکەوە کارکردن لەگەڵ حکومەتی خۆجێی، یەکێتیەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، تاد بۆ بەشداری کردن لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان | | X | | |
| پتەوکردن و یەکخستنی تواناکانی سەرپەرشتی کردن لە ئاستی مامناوەندی (قەزا) لە ڕێگای پێشکەشکردنی چاودێری پشتگیریکراو | X | | X | X |
| باشترکردنی جۆریەتی (بۆ نمونە، پابەندبوون بەبنماکانی نۆڕینگەیی) لەچەند بوارێکی دیاریکراوی نۆڕینگەییدا بە بەکارهێنانی ئەو تیمانەی کە بە هەرەوەزی کاردەکەن بۆ چاکترکردنی جۆری ئاستی دەزگاکان | | | X | X |
| پێکهێنانی سیستەمێکی پەسندکردن بۆ دانان یاخود پێدانی هەر هاندەرێکی تر بەنزمترین ئاستی جۆری خزمەتگوزارییەکان | X | | | X |
| دانانی سیستمی حەوافزی "پارەدان لە بەرامبەر بە ئەدا" کە خەڵاتی دەستگاکان دەکات بۆ چاکترکردنی کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکانیان | X | | | X |
| بەشدارییپێکردنی کەرتی تایبەت لە ڕێی ئاگادارکردن یان فێرکردنی دابینکارانی کەرتی تایبەت بە شێوازە نوێیەکان، وەک IMCI یان ڕێوشوێنەکانی چاکترکردنی تەندروستی، مەشقکردن بە کەرتی تایبەت لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی یان چاکترکردنی کارزانییەکانیان لە بەڕێوەبردن، و دانوستان لەگەڵ کەرتی تایبەت | X | | | X |
| بەشدارییپێکردنی کەرتی تایبەت لە ڕێی دابینکردنی حەوافزی وەک هاوکاری دارایی (subsidies)، داشکاندن لە باج، یان حەوافزی نادارایی لە بەرامبەر هەندێک خزمەتگوزاریی تەندروستیی دیاریکراو، دامەزراندنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ دابینکارانی تایبەت یان خاوەنکاران بۆ خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو (وەک، کوتان) | X | | | X |

سەرچاوە: بە دەستکارییەوە لە Islam, 2007

# نیشاندەرەکانی سەرچاوە مرۆییەکان

| نیشاندەر | پێناسە |
|---|---|
| داتای سەرچاوە مرۆییەکان | |
| ڕێژەی پێنج جۆر پیشەی تەندروستی (پزیشک، پەرستیار، مامان، دەرمانساز، کارمەندی تەکنیکیی تاقیگە) بۆ 1,000 کەس لە دانیشتوان (یان بۆ 10,000 کەس لە دانیشتوان- WHO) | ڕێژەی هەر جۆرێک لە پیشەی تەندروستی بۆ 1,000 (یان 10,000) کەس لە دانیشتوان<br>نیشاندەرەکە پێویستە، بەڵام وەک پێویست داپۆشین ناپێوێت. |
| پلاندانان | |
| دابەشبوونی پیشەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی بەسەر ناوچەکانی شار و دەرەوەی شارەکاندا | ژمارەی ئەو کارمەندە تەندروستییانەی لە شارەکان دامەزراون، بۆ 10,000 کەس لە دانیشتوانەکە<br>نیشاندەرەکە پەیوەستە بە دەستگەیشتن (توفیر)ی خزمەتگوزارییەکەوە |
| هەبوون – وجود-ی سیستمی داتای (سەرچاوە مرۆییەکان) | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە هەبوونی بنکەی زانیاری (سەرچاوە مرۆییەکان) دەپێوێت وا پەسەندە بە کۆمپیوتەر بێت |
| هەبوونی سیستمی پلاندانانی سەرچاوە مرۆییەکان | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە بەڵگە پیشان دەدات لەسەر ئەوەی ئاخۆ سەرچاوە مۆرییەکان پلان یان سیستمی پلاندانان و پرۆسەی هەیە بۆ سیاسەت و کارکردن لەسەر گەشەپێدان و مەشقپێکردن و دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەندان، و پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن و پلەوپایە بەرزکردنەوەی کارمەندان |
| هەبوونی بودجەیەکی تەرخانکراو بۆ سەرچاوە مرۆییەکان | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە هەبوون (یان نەبوون)ی بودجەیەکی تەرخانکراو و تایبەت بۆ ستافی سەرچاوە مرۆییەکان و کاروبارەکانیان پیشان دەدات |
| سیاسەتەکان | |
| هەبوونی سیستمی پۆلێنکردنی وەزیفە | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە هەبوون (یان نەبوون)ی سیستمێک پیشان دەدات بۆ پۆلێنکردن و دابەشکردنی وەزیفەکانی سەرجەم ستافەکە |
| سیستمێکی قەرەبوو و سوود و دەرماڵە کە بە شێوەیەکی بەردەوام و سەقامگیر بەکاردەهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی بەرزکردنەوە و زیاترکردنی مووچە و بەخشینی پاداشت و خەڵات | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە کار بۆ دانانی سیاسەتی بواری قەرەبووکردنەوە و وسەرمووچە و دەرماڵە دەکات |
| پرۆسەی فەرمیی دامەزراندن، وەرگرتن، گواستنەوە و بەرزکردنەوەی پلەوپایە | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە تایبەتە بە پرۆسەی دانانی ئەمانە، بە گوێرەی هەندێک پێوەر |

| نیشاندەر | پێناسە |
|---|---|
| هەڵومەرجی بەڵگەنامەکانی خزمەتگوزاری کارمەند (بۆ نمونە، رێبەری رامیاری | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە دەڕوانێتە بە هەبوونی بەڵگەنامەی نووسراو بۆ رێوشوێنەکان و مەرج و بەندەکانی دامەزراندن – رێسا و یاساکانی کاروبار و مەرجەکانی خزمەت، مووچە و دەرماڵە، و سیاسەت و رێشوێنی کاروباری کارمەندان |
| هەبوونی پەیوەندییەکی فەرمی لەگەڵ یەکێتیی و سەندیکاکان (ئەگەر بکرێت) | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە دەڕوانێتە بە هەبوونی پەیوەندی لەو جۆرە (ئەگەر بکرێت)، یان ژمارەی مانگرتن، ناکۆکیی نێوان کارمەندان، و سکاڵای بەکۆمەڵ – بە کۆ- |
| تۆمارکردن، بڕوانامەپێدان، و مۆڵەتپێدان پێویستن بۆ هەندێک پۆلێنی ستاف تا بتوانن کار –ئیش – بکەن | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە ئەوە دەردەخات کەئاخۆ پەیڕەو و پرۆگرامەکان دارێژراون بۆ چۆنەیتی داواکردنی تۆمارکردن، مۆڵەت و پێدانی بڕوانامەبەکادران و کارمەندی وەک دکتۆر، پەرستیار، مامان، دەرمانساز، کارمەندانی تەکنیکی لەتاقیگەکان، و هەروەها کارمەندانی تر |
| مووچە | لە کاتی خۆیدا مووچە بدرێت، هەموو مووچەکە بە تەواوەتی بدرێت، و ژیانێکی باشی پێ بەڕێوە ببرێت |
| بەڕێوەبردنی ئەدا | |
| وەسفی وەزیفی لە ئارادایە-هەیە | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە ئەوە دەردەخات ئاخۆ ئەمانە لە ئارادان: پێناسەی پیشەیی، کە پێناسەی ئەو کار و ئەرکانە بکات کە پێویستە کارمەند ئەنجامی بدات، و چۆن ئامادە بن بۆ ئەو ئەرک و کارانە |
| سەرپەرشتی | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە ئەوە دەردەخات ئاخۆ سەرپەرشتی لە ئارادایە بە گوێرەی پرۆسەیەکی فەرمیی (وەک، کێ ئەنجامی دەدات، ماوەی زەمەنی نێوان سەرپەرشتییەکان، شێوازی سەرپەرشتییەکە، بەکارهێنانی ئامرازی سەرپەرشتیکردن) |
| رێژەی سەتیی سەردان بە مەبەستی سەرپەرشتیی بۆ بنکە تەندروستییەکان، ئەوەی کە لە پلاندایە و ئەوەی کە جێبەجێ کراوە | ژمارەی سەردانەکانی سەرپەرشتیی ساڵی پار / ژمارەی سەردان لەناو پلانەکەی پار<br>نیشاندەرەکە ئەوە دەردەخات ئاخۆ ماوەی نێوان سەرپەرشتییەک و سەرپەرشتییەکی تر چەندە و چەند جار پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت – و چەند جار لەو جارانەی لە پلانەکەدا هەیە، بە ڕاستیی ئەنجام دراوە |
| هەبوونی میکانیزمێکی فەرمی بۆ پلاندانان بۆ ئەدای تاکەکەس و پێداچوونەوەی ئەدا | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە ئاماژەیە بە هەبوونی میکانیزمێکی فەرمی بۆ دانانی پلان بۆ ئەدا (ئەو شتانەی پێشبینی دەکرێن کارمەند ئەنجامیان بدات لەگەڵ ئاستی کارکردن، ئەدا) و پێداچوونەوە (هەڵسەنگاندنی ئەدا) ، هەڵسەنگاندنی ئەدا بریتییە لە بەردی بناغە بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایە، سزای ئیداری، و گەشەپێدانی ستاف |
| هاندەری دارایی و نادارایی | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە ئاماژەیە بەوەی ئاخۆ شێوازی فەرمی یان نافەرمی پیادە دەکرێت بۆ کارتێکردن یان بۆ هاندانی کارمەندان تا لە ناوچە دوورەکان یان ناوچە خزمەتنەکراوەکان دەوام بکەن و کار بکەن |
| مەشق و خوێندن | |
| هەبوونی مەشقی فەرمیی لە کاتی دەوامدا بۆ کارمەندانی سەرجەم ئاستەکان | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>ئەم نیشاندەرە ئاماژەیە بە مەشقی لەو جۆرە و پلەی رێکخستنی سیستماتیکی - هەڵسەنگاندنی پێویستییەکان، بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر، ئاسانی دابینکردنیان |
| هەبوونی بەرنامەی بەڕێوەبردن و سەرکردایەتی | وەڵامدانەوە: بەڵێ یان نەخێر<br>ئەم نیشاندەرە ئاماژەیە بە هەبوون یان نەبوونی ئەو سیستمە (بەرنامەیەکی لەم جۆرە کار دەکات بۆ بەرەوپێشبردنی کارمەندان و هانیان دەدات پێدەدات بۆ بەرزکردنەوەی ئەدایان |
| هەبوونی بازنەی پێدان و وەرگرتنی سەرنج و بیروبۆچوون لە نێوان رێکخراوەکە و دەستگاکانی مەشق و خوێندنی پێش تەوزیف | وەڵام: بەڵێ، یان نەخێر<br>نیشاندەرەکە ئاماژەیە بە پەیوەندیی فەرمی (بۆ پێکەوە گرێدانی پێداویستییەکانی هەڵسەنگاندنی کارزانی پێویست لە شوێنی کار لەگەڵ مەشق و خوێندنی پێش بەکاربردن |

سەرچاوە: Islam, 2007

پاشكری D:

# پریزێنتەیشن لە کۆنفرانسی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان: داراییکردن

RAND HEALTH

## داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی: بەرەو ئاییندەی هەرێمی کوردستان - عێراق

**بابەتێک بۆ**
**کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی سەبارەت بە چاکسازی و گەشەسەندنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان**


**دکتور، ڕۆس ئانتنی**
**4-2 ی شوباتی 2011**
**هەولێر**

## هێڵکاری

1. پێشەکی
   - زانیاری سەرەتایی
   - سیستمی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2. هەندێک پرسیار لەسەر سیاسەتی دارایی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان بداتەوە
3. پلاندانان بۆ ئاییندە

2

## سیستمی دارایی باش کلیلی بەدەستهێنانی هەموو ئامانجەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستییە




### داراییکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستیی چییە؟

- WHO بەم شێوەیە پێناسەی دەکات:


"بریتییە لەو ئەرکەی سیستمی تەندروستیی کە تایبەتە بە ئامادەکردن (تعبئة)، کەڵەکە کردن، و تەرخانکردنی پارە بۆ داپۆشین (تغطیة)ی پێویستییە تەندروستییەکانی خەڵک، بە تاک و بە کۆمەڵ"

- WHO هەروەها دەڵێت

"مەبەست لەدارایی تەندروستی بەردەستەکردنی پارەیە، هەروەها دیاریکردنی هاندەری داراییەبۆ دابینکاران، بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کەهەموو تاکێک دەستی دەگات بەتەندروستیەکی گشتی و تایبەتی کاریگەر."

## ئەو پرسیارانەی پێویستە تاوتوێیان بکرێت بریتین لە:
## بۆ کێ؟لە بەرامبەر بە چی؟ کێ پارە دەدات؟
## چەند پارە دەدرێت؟ چۆن؟

1. شایستەیی
2. ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن (سوودەکان)
3. کێ پارە دەدات
4. جۆری پلانەکە (کۆکردنەوە)
5. پارەدان




4

## سیستمی داراییکردنی تەندروستی لە کوردستان بریتییە لە سیستمی بودجەی گشتیی

<u>بۆ کێ (شایستەیی):</u>


- سیستمی گشتیی هەموو هاوولاتیانی کوردستان دادەپۆشێت

<u>ئەو خزمەتگوزارییانەی دادەپۆشرێن (سوودەکان):</u>

- ڕێژەیەکی زۆر خزمەتگوزاریی تەندروستیی گشتیی، چارەسەر، خۆپارێزی (وقائی) لەدەستگا گشتییەکان پێشکەش دەکرێت (لە نەخۆشخانە و نۆرینگەکانی تەندروستیی گشتیی)
- خزمەتگوزارییەکە بە گوێرەی بودجەکەیە، و ئەمەش سنوور دادەنێت بۆ خزمەتگوزارییەکە، هەندێک ئامێری مۆدێرن، و کارمەندی مەشقدیتەی شارەزا.
- هەندێک خزمەتگوزاریی لە لایەن نەخۆشخانەی تایبەت و دکتۆر لە عیادەی تایبەت پێشکەش دەکرێن


<u>سەرچاوەی داراییەکان</u>

- <u>بودجەی گشتیی</u> (حکومەتی هەرێم، پارێزگاکان، بەغداد)
- خزمەتگوزاریی تایبەت – ئەهلیی- لە پارەی گیرفان دەدرێت




5

## سیستمی داراییکردنی تەندروستی لە کوردستان: درێژە




### کۆکردنەوەی داراییەکان

- بودجەی حکومەت
- خزمەتگوزارییەکانی دکتۆر و نەخۆشخانەی تایبەت تاکە کەس بە خۆی دەدات و بیمەیەکی کەم لە ئارادایە (کۆکردنەوەی دارایی) لە ئاردا نییە
- پسپۆڕێتی کارگێڕی و نەبوونی داتا کۆتوبەند لە پێش شێوازەکان

### پارەدان

- خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە پارەی بودجەی گشتیی دەدرێت
- بەشێوەیەکی تیۆری حکومەت کەرتی گشتیی و کەرتی تایبەت رێک دەخات.
- رێژەیەکی کەم لە هاو-پارەدان لە ئارادایە.
- ئەو پارەیەی حزبەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیدەن بۆ ئەو خزمەتگوزاریانەی لەهەندەران هەیە، گەورەیە و تا دێت زیاتر دەکات
- خەرجی تا دێت زیاد دەکات.
- حەوافزی کەم هەیە لە بەرامبەر چوستیی، کواڵیتی، و کۆنترۆڵی کولفە.

6

## داتای دارایی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان

(بە ملیۆن دیناری عێراقی)


### پرۆژە بودجەی داواکراو بۆ ساڵی دارایی 2010

| | |
|---|---|
| • بودجەی بەکاربردن | 531,424 |
| • بودجەی وەبەرهێنان | 98,288 |
| کۆ | 629,712 |
| • رێژەی سەتیی بەشە بودجەی تەرخانکراو بۆ تەندروستیی | 5.2% |
| • کارمەند | 39,500 |

### هاوپارەدانی بنکە تەندروستییەکان

| | |
|---|---|
| • بلییت | 250 دینار |
| • بلیتی دەرمان | 500 دینار |

## وڵاتە دەوڵەمەندەکان پارەیەکی ئێجگار زیاتر لەسەر خزمەتی تەندروستی خەرج دەکەن بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی کەمتر گەشەسەندوو





## ئەو وڵاتانەی لەبواری ئابووریدا گەشەسەندوون توانایەکی زیاتریان هەیە بۆ جێ بەجێ کردنی سیستمی پێشکەوتووی دارایی

- داتا و سیستمی (تەکنەلۆجیای زانیاری) زیاتر جێی متمانەیە
- کارگێڕیی باشتر و کارمەندی مەشقدیتەی باشتر
- دانیشتوان داهاتییان زیاترە، و ژمارەی هەژار کەمترە
- کۆمپانیای بیمەی تایبەت – ئەهلی – لە ئارادایە و کار دەکەن
- لە نەخۆشیی پەتاییەوە بەرەو نەخۆشیی درێژخایەن
- زیاتر بایەخ دەدرێت بە کواڵیتی و کۆنترۆڵی خەرجی
- بایەخدانی زیاتر بە کواڵیتی و کۆنترۆڵکردنی کولفەکان

## خەرجکردنی پارەی زیاتر لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی گەرەنتیی ئەوە ناکات کە دەرەنجامەکان باشتر دەبن

تێکڕای پێشبینیکراوی ژیان لە بەرامبەر خەرجییەکان




سەرچاوە: WHO

## سەرجەم شێوازە باوەکانی داراییکردنی تەندروستی خاڵی ئەرێنی و نەرێنییان هەیە

**دڵنیایی تەندروستی کەرتی تایبەت**

داهاتی سەرەکی
جۆر: مووچەی تاکەکەس و بەکاربەر

کۆکردنەوە: بەشێوەیەکی تایبەت بەڕێوەدەبرێت لە لایەن دەزگاکانی کۆکردنەوە

هاوردن: بەڵێندەری هەڵبژێردراو

**خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی**

داهاتی سەرەکی
جۆر: باجە گشتیەکان

کۆکردنەوە: کۆکردنەوەی نیشتمانی

هاوردن: هاوردنی خزمەتگوزارییەکانی دابینی دەکات ڕاستەوخۆ لە سەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی

**دڵنیایی تەندروستی کۆمەڵایەتی**

داهاتی سەرەکی
جۆر: باجی دەرامەت، حکومەت، بودجە

کۆکردنەوە: کۆکردنەوە بەپێی پیشە و داهات

هاوردن: بە هاوبەشی، و بەڵێندەری هەڵبژێردراو


**بودجەی گشتی**


داهاتی سەرەکی
جۆر: داهاتەکان، نەوت، هاوکاری

کۆکردنەوە: لەلایەن حکومەت.

هاوردن: لەلایەن حکومەت، بە هاوبەشی، و بەڵێندەری هەڵبژێردراو

11


سیستمەکانی دارایی تەندروستی
لە چەند وڵاتێکی جیهان
بودجەی
گشتیی
بیمەی تەندروستی
کۆمەڵایەتی
خزمەتگوزاری
تەندروستی نیشتمانی
بیمەی تەندروستی
- تایبەت – ئەهلی-
• حکومەتی هەرێمی کوردستان
• عێراق
• نیپاڵ
• قەتەر
• فەرەنسا
• ئەڵمانیا
• یابان
• تورکیا
• ئیمارات
• کەنەدا
• نیوزلەندا
• ئوستراليا
• ئیتاڵیا
• شانشینی یەکگرتو
• ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
• یۆنان
• سنگاپورە
• هۆڵەندا
12


سیستمەکانی دارایی ئێجگار ئاڵۆزن و پێویستە
بە وریاییەوە دابڕێژرێن
(جوولەی پارە)
سەرچاوەی
داراییەکان
-نەوت،بەغداد
-کۆمپانیاکان
-تاکەکەس
$
کۆکردنەوە
-بیمەی کۆمەڵایەتیی
-بیمەی تایبەت –ئەهلی
-حکومەت (وەک، و.
تەندروستی)
$
پارەدان
خزمەتی
داپۆشراو
-خزمەتلەنەخۆشخانە
-خزمەت لای دکتۆر
-چاودێریی سەرەتایی
باج
قیست
هاو-پار
پارەدانی تایبەت
خانەوادەی شایستە
13

## هێڵکاری

1. پیشەکی
   - زانیاری سەرەتایی
   - سیستمی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2. هەندێک پرسیار لەسەر سیاسەتی دارایی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان بداتەوە
3. پلاندانان بۆ ئاییندە

14

## هەندێک پرسیاریی سەرەکی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی بداتەوە

بۆکێ ؟

- ئایا ئەو کەسانەی هاووڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نین دەتوانن خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان وەربگرن، و ئەگەر بەڵێ، بە چەند؟
- چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی کاروباری شایستەیی دەکات و چۆن ساخی دەکاتەوە؟ (وەک دەرکردنی ناسنامەی بیمەی تەندروستی، یان چی؟)

خزمەتی داپۆشراو

- چ خزمەتگوزارییەک دادەپۆشرێت و چ خزمەتگوزارییەک داناپۆشرێت؟
- ئەو پرۆسەیە چیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاریدەهێنێت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەم بوارە؟
- ئایا لیستی خزمەتگوزارییەکان چۆن نوژەن دەکرێتەوە بۆ تەکنەلۆجیا نوێیەکان؟
- چارەسەر لە هەندەران: چۆن دارایی خزمەتگوزاریی ئەو چارەسەرییانە دەدرێت کە لە هەرێمی کوردستان دەست ناکەون؟

15

## پرسیارە سەرەکییەکانی بواری سیاسەتی دارایی(٢)

سەرچاوەی

- چەند لە داهاتی نیشتمانی تەرخان دەکرێت بۆ تەندروستی؟
- کێ ئەرکی دابینکردنی سەرچاوەکان لە ئەستۆ دەگرێت؟ وەک، حکومەت (حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پارێزگا)، تاکەکەس، و/یاخو کۆمپانیا؟
- قەبارەی هاو-پارەدان (بەشدارییکردن لە پێدانی پارەی تێچوو) و پارەدانی بەشێکی خەرجیەکە چۆن دەبێت و ئایا لە خزمەتگوزارییەوە بۆ خزمەتگوزارییەکی تر جیاواز دەبێت؟
- چۆن چارەسەر دابین دەکرێت بۆ خەڵکی هەژار؟
- ئەو کەسانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان نین چۆن پارەی چارەسەر و خزمەتگوزارییەکان دەدەن؟

## پرسیارە سەرەکییەکانی بواری سیاسەتی دارایی(٣)

کۆکردنەوەی داراییەکان

- ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت لە بەکارهێنانی بودجەی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی سەرچاوەکان یان هەنگاو دەنێت بەرەو بەکارهێنانی هەندێک جۆری بیمە؟
- ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو بەرەو سیستمی بیمە بنێت، ئایا تایبەت دەبێت یان گشتیی و ئایا ئارەزوومەندانە دەبێت یان ناچاری؟
- حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداد چۆن هەماهەنگی دەکەن لە نێوان سیستمەکان و رێکیان دەخەن؟

تەرخانکردنی سەرچاوەکان

- ئەو میکانیزمانە چینە کە دادەرێژرێن بۆ پێدانی پارەی خزمەتگوزارییەکان و ستافەکە؟ ئایا حەوافز دادەنرێت لە بەرامبەر کواڵیتی و چوستی؟
- رێژەی مووچە چۆن دەبێت لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان؟
- ئایا سیستەمی پارەدانەکەپشت دەبەستێت بەپێشبینیەکانی داهاتوو یاخود بەخەمڵاندنەکانی ڕابردوو ؟ یان سیستمی ڕیترۆسپێکتیف (تقدیر رجعي)؟
- ئایا پێویستە مووچە ببەسترێتەوە بە ئاستیکار و کردارەکان یاخود بەئاستی توانستی دابینکارەکان، نەخۆشخانەکە، بنکەتەندروستیەگشتیەکان..هتد؟

## هێڵکاری

1. پێشەکی
   - زانیاری سەرەتایی
   - سیستمی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2. هەندێک پرسیار لەسەر سیاسەتی دارایی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامیان بداتەوە
3. پلاندانان بۆ ئایندە

18

## هەنگاوەکانی داهاتوو

### هەنگاوی 1: شیکردنەوەی سیستمی ئێستا و ڕێکارە گونجاوەکان

### هەنگاوی 2: داڕشتنی دید (رؤيا، Vision)ێک بۆ ئایندە

- کۆکردنەوەی ڕابەرانی سیاسی و پزیشکی و جەماوەریی بۆ داڕشتنی دیدێک بۆ ئایندە
- گەیاندنی دیدەکەو ئاڵوگۆڕکردنی لەگەل جەماوەر بەمەبەستی هاوکاریکردن لەداڕشتنی ئەگەرەپێشبینیکراوەگونجاوەکان

### هەنگاوی 3: پلاندانان: داڕشتنی پلانێکی تێروتەسەل بۆ لێکۆڵینەوە و ستراتیجی دارایی

- پێناسەکردنی ئەو پرسیارە یەکلاکەرەوانەی کە پێویستە وەڵامیان بدرێتەوە، و داڕشتنی پلانی لێکۆڵینەوەیەک.
- کۆکردنەوەی داتای پێویست بۆ بەڕێوەبردن، هەڵسەنگاندن، و ڕێکخستنی سیستمەکە.
- شیکردنەوە و داڕشتنی میکانیزم بۆ دابینکردنی حەوافز لە بەرامبەر کۆنترۆڵکردنی کولفە (دەستگرتن بە خەرجییەوە)، و لە بەرامبەر بە کوالیتی و چوستی .
- داڕشتنی پلانێکی ستراتیجیی دارایی.

## بەردەوامی لاپەرەی پێشووە – هەنگاوەکانی داهاتوو

هەنگاوی 4: پیادەکردن (جێبەجێکردن)ی پلانەکە

- دارشتنی مەرجی سەرەکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی دیدەکە، وەک
  - سیستمی کۆکردنەوەی دارایی
  - ژێرخانی تەکنەلۆجیای زانیاریی
  - سیستمی بیمەی تایبەت –ئەهلیی
  - دیاریکردنی نرخ و پارەدان لە بەرامبەر ئەدا، تاد
- بڕیاردان لەدامەزراندنی سیستەمێکی زانیاری پزیشکی لەسەر ئاستی وولات
- دارشتنی سیستمەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی، دەرەنجامی باش، چوستی، یەکسانی، و ڕەچاوکردنی زیادکردنی پێداویستیەکان لەبواری ژمارەی دەزگاکان، کارمەندان و سەرچاوەکان. و سەرچاوەکان
- دامەزراندنی ئەکادیمیای سەرکردایەتیی سیاسەتی بواری تەندروستی

## پوختە و دەرەنجام

- بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی سیستمەکانی دارایی ئێجگار ئاڵۆزە و ئێجگار سەختە
- ئەو سەرچاوانەی ئێستا لەبەردەستن بەشی ئەوە ناکەن ئەو پێداوییستیانە دابین بکەن کە لە 20 ساڵیداهاتوودا دێنە ئاراوە.
- بۆ ئەوەی بڕیاری باش بدرێت لە هەڵبژاردنی سیاسەتەکاندا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بکات بە پێداچوونەوەیەکی سیستماتیکیی سەرجەم رێکارەکان و سەرجەم سیاسەتەکان، وەک:
  - دەستنیشانکردنی داتای پێویست بۆ هەر سیستمێک ؟
  - دەتوانرێت چی بکرێت بۆ چاکترکردنی چوستی (كفاءة، efficiency)، و بۆ کۆنترۆڵکردنی خەرجیەکان؟
  - ئەو حەوافزانە کامەیە کە پێویستە لەناو سیستمەکە دابنرێت؟
- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی دارایی تەندروستیی ستراتیجی دابڕێژێت، و کارنامەیەک دابڕێژێت بۆ جێبەجێکردنی .
- سیستمی دارایی بریتیە لە کلیلی سەرکەوتنی سیستمی خزمەتگوزاریی پزیشکی، و چاکترکردنی تەندروستی خەڵک، و گەشەپێدانی کوردستان.

21

پاشگری E

## پریزێنتەیشن لە کۆنفرانسی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان: چاودێریی سەرەتایی

RAND HEALTH

### چاودێریی سەرەتایی: مۆدیلێک بۆ هاوچەرخکردنی سیستمی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان

مێلیندا موور، MDMPH دەزگای ڕەند

هەولێر، شوباتی 2011

## هێڵکاری

1. پێشەکی
2. چاودێریی سەرەتایی (الرعاية الأولية) چییە؟
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆ پتەوکردنی سیستمی خزمەتگوزاریی چاودێریی سەرەتایی؟
4. پوختە و دەرەنجام

KRG health policy - Feb 2011 -2

## زۆر ئامانجی ستراتیجیی وەزارەتی تەندروستیی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) پەیوەستن بە چاودێریی سەرەتاییەوە

*هەندێک ئامانجی ستراتیجی ناو راپۆرتی ساڵانەی 2009 ی وەزارەتی تەندروستی:*

- دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانی خۆپارێزی و چارەسەر بۆ سەرجەم هاووڵاتیان.
- کۆنترۆڵکردن و رێگرتن لە تەشەنەسەندنی نەخۆشییە گواستراوەکان.
- دابینکردنی دەرمان و چارەسەر و بەرزکردنەوەی ئاستی تەشخیس و چارەسەر و خزمەتگوزارییەکانی تاقیگەیی بە مەبەستی جەختکردنەوە لە خزمەتگوزارییەکی رێکوپێک و ئاستی ستاندارد
- بنیاتنان و گەشەپێدانی بنکەی سەرەکی و لاوەکیی تەندروستی.
- دارِشتنی سیستمی کارگێری و بەرزکردنەوەی ئاستی پێکهاتەی رێکخراوەیی و دارِشتنی پێناسەی پیشەیی (جۆب دیسکریپشن).
- پشتگیریی لە خزمەتگوزاریی پەرستیاری، و گەشەپێدانی، بۆ جەختکردنەوە لە دابینکردنی ئاستێکی بەرزی شایستەیی، چالاک، چوست، و سەلامەتیی.
- دامەزراندن و بەرفراوانکردنی ژێرخانی تەکنەلۆجی لە هەموو ئاستەکاندا لە سەرتاسەری وەزارەت و بەرفراوانکردن/پتەوکردنی بناغەی زانیاریی ئاماریی.


KRGhealthpolicy-Feb2011 -3

## سیستمی ئێستای تەندروستی
## ئاستەنگی گەورەی لە پێشە

- ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و چاودێریی دەزگاکان و خزمەتگوزارییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) بە شێوەیەکی سیستماتیکی نییە .
- هەندێک کەلێن و کەموکووڕی هەیە لە بوارەکانی خوێندن، مەشقکردن، ڕێپێدان، بەڕێوەبردن لە کاتی کاری پزیشکییدا، بە تایبەتی لە بواری پەرستیاری، لە ئەنجامدان ئاریشە هەیە لە بوارەکانی دامەزراندن و هێشتنەوەی کارمەند، و بەکارهێنانی دکتۆرەکان و پەرستیارەکان بە شێوەیەکی چوست.
- داتای پەیوەست بە چاودێری و بەڕێوەبردنی تەندروستی بە شێوەیەکی ستاندارد نییە، و بە باشترین شێوە بەکارناهێنرێت .

KRG health policy - Feb 2011 -44

## سیستمێک کە جەخت بخاتە سەر (چاودێریی سەرەتایی) بریتییە لە شێوازێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم ئاستەنگانە




KRG health policy - Feb 2011 -5

## هێڵکاری

1. پێشەکی
2. چاودێریی سەرەتایی (الرعاية الأولية) چییە؟
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆ پتەوکردنی سیستمی خزمەتگوزاریی چاودێریی سەرەتایی؟
4. پوختە و دەرەنجام

KRG health policy - Feb 2011 -6

## پێناسەی (چاودێریی سەرەتایی)چوارچێوەیەکی پڕبایەخ دیاری دەکات


"چاودێری سەرەتایی بریتیە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری تەواو و بەردەستەکراوی چاودێری تەندروستی لایەن ئەو نۆرینگەکارانەوە کە بەرپرسیارن (دەکەونە ژێر مسائلە) لە دابینکردنی بەشێکی زۆر لە پێداویستییەکانی تەندروستی کەسی و دارِشتنی هاوبەشیەکی بەردەوام لەگەڵ نەخۆشەکان، و کارکردن لە چوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگە"

- **هەمەلایەن (گشتگیر)** – هەمەلایەن، هەماهەنگ، بەردەوام
- **دەست پێگەیشتن (الوصول)** – نەخۆشەکان بە ئاسانی بتوانن دەستیان بە نۆرینگەکاران بگات
- **خزمەتگوزاریی تەندروستیی** – بۆ بەرەوپێشبردن، پاراستن، یان گەڕاندنەوەی تەندروستی
- **بەرپرسیارانە (مسائله)** – بەرپرسیار بێت لە بەرامبەر کواڵیتیی خزمەتگوزارییەکان، و ڕەزامەندیی نەخۆش و بەکارهێنانی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کارا، و ئاکار بە گوێرەی ڕەوشتەکانی کار
- **دابینکردنی زۆرینەی پێویستییەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی کەسیی** – زۆربەی خزمەتگوزارییەکان دابین بکات و ئەگەر پێویست بوو نەخۆش ڕەوانە (احالة) بکات
- **هاوبەشیکردنی بەردەوام** – لە نێوان نەخۆش و نۆرینگەکار/تیمەکە

KRG health policy - Feb 2011 -7

سەرچاوە: چاودێریی سەرەتایی (1996) U.S.InstituteofMedicine.

## چاودێریی سەرەتایی (PC) بریتییە لە پەیوەندیی بەردەوامی نێوان نەخۆش-نۆرینگەکار و ڕێچکەیەک بۆ ڕەوانەکردن بۆ لای خزمەتگوزاریی تر




KRG health policy - Feb 2011 -88

بەدەستکارییەوە لە WHO2008,IOM1996

## هێڵکاریی

1. پێشەکی
2. چاودێریی سەرەتایی چییە؟
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆ پتەوکردنی سیستمی چاودێریی سەرەتایی؟
4. پوختە و دەرەنجام


KRG health policy - Feb 2011 -9

## ڕەنگە دەستپێشخەریی لە سێ بواری سەرەکییدا هاوکاری (حکومەتی هەرێمی کوردستان) بکات لە پتەوکردنی چاودێریی سەرەتایی لە هەرێمی کوردستان

- ریکخستن و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی چاودێریی سەرەتایی
  - دابەشکردن و بەڕێوەبردنی دەزگاکان و خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی چوست
  - ڕەوانەکردن و درێژەدان بە خزمەتگوزاریی
  - بەردەوام چاکترکردنی کواڵیتی
- *کارمەندانی تەندروستی (بە تایبەتی دکتۆر و پەرستیارانی چاودێریی سەرەتایی)*
  - خوێندن و مەشقکردن بۆ چاکترکردنی کارزانییەکان
  - دەستپێشخەریی لە بواری بەڕێوەبردن بۆ چاکترکردنی دابەشکردن و ئەدا
- داتا
  - سیستمەکانی چاودێریی و بەرسف
  - سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن



## ڕێکخستن: (1) دڵنیابوون لە تێکەڵبوونی ژمارەیەکی گونجاوی بنکە سەرەکی و لاوەکییەکانی تەندروستی





*ژمارەی بنکە تەندروستییەکان بۆ 10000 کەس (هەردوو جۆرەکە، سەرەکی و لاوەکی)*

کوردستان بە شێوەیەکی گشتیی هێندەی پێویست بنکەی تەندروستیی هەیە (ژمارەی بنکە سەرەکی و لاوەکییەکان پێکەوە، زیاترە لە ستانداردی WHO) بەڵام،

- پێویستە لە سەرجەم پارێزگاکاندا وەک یەک بن و پۆلێن بکرێن
- پێویستە قەبارەی ئەو دانیشتوانەی خزمەت دەکرێت (لە ناوچەی کۆکردنەوە) لە لایەن لقەکان و بنکە تەندروستییەکانەوە، بە شێوەیەکی ستاندارد و سیستماتیک بێت

## ڕێکخستن (2): دابەشکردنی دەزگاکان بە شێوەیەکی چوست





- دابەشکردنی بنکە تەندروستییەکان (سەرەکی و لاوەکی/لق) بە شێوەیەکی سیستماتیک:
  بە شێوەیەک دابەش بکرێن کە هەندێک (ناوچەی کۆکردنەوە) داپۆشن بۆ ئەوەی بە گوێرەی ستانداردەکانی عێراق بن
- یەک بنکەی سەرەکی بۆ 10,000 کەس
- یەک بنکەی لاوەکی (لق) بۆ 5,000 کەس

*سەرچاوەی ستانداردەکان: پلانی نیشتمانیی عێراق بۆ گەشەسەندن بۆ 2010-2014*

KRG health policy - Feb 2011 -12

## ڕێکخستن (3): ڕێکخستنی بنکە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک




- بنکەکانی چاودێریی سەرەتایی (بنکە تەندروستییەکان) بە گوێرەی سیستمی تۆڕبەندیی سێ توێژ
  - جۆرەکانی أ، ب، ج لە نۆرینگەکان پەیوەستن/تۆڕبەندن بە ڕاوێژ یان جۆرێک لە ڕەوانەکردن (احالە)
  - هەموو ئاستەکان ڕاپۆرت بۆ نووسینگەی پزیشکیی قەزا بەرز دەکەنەوە
  - ئەمیش ڕاپۆرت بۆ بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی لە پارێزگا، بەرز دەکاتەوە
- تەندروستی لە پارێزگا پێناسەی مەودای خزمەتگوزاریی نۆرینگەکان (بنکە تەندروستییەکان) ی هەر ئاستێک بکە

KRG health policy - Feb 2011 -13

## خزمەتگوزاریی (1): پێویستە سەرجەم بنکە تەندروستییەکان (سەرەکی و لاوەکی) خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی (چاوێریی سەرەتایی) پێشکەش بکەن

- چاودێریی گەشەسەندنی منداڵ
- کوتان
- چارەسەری دژە-وشکبوونەوە لە دەمەوە
- فریاکەوتنی سەرەتایی
- دەرمانیی بنەڕەتیی
- پەروەردەی تەندروستیی









KRGhealthpolicy- Feb2011 -14

## خزمەتگوزاریی (2): پێویستە سەرجەم بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان خزمەتگوزاریی بنەڕەتیی و شیکاری پزیشکی دابین بکەن

- بەڕێوەبردنی چارەسەری بنەڕەتی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان
- دان
- تاقیگە
- تیشک
- دەرمانخانە








KRG health policy - Feb 2011 -15

## خزمەتگوزاری (3): پێویستە بەرزترین بنکەی تەندروستی بتوانێت خزمەتگوزاریی پێشکەوتوو دابین بکات

- خزمەتگوزاریی پزیشکیی تایبەت
- منداڵبوون و منداڵی کۆرپەی
- تازە لەدایکبوو
- تاقیگەی پێشکەوتوو
- دەرمانخانەی گەورە







KRG health policy - Feb 2011 -16

## بەڕێوەبردن (1): کاری تریش ئەنجام بدە بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان و بەرەوپێشبردنی تەندروستی

- زیاترکردنی بەکارهێنانی (تێلیمیدیسن).
- بەرفراوانکردنی پەروەردەی تەندروستی لە نۆرینگەکان و خوێندنگەکان و ئەنجامدانی هەڵمەتی جەماوەریی بۆ ئاشناکردن بە سەلامەتی و ئاکاریی تەندروست






KRG healthpolicy- Feb2011 -17

## بەڕێوەبردن (2): دانانی توخمە سەرەکییەکانی (چاودێریی سەرەتایی) لەناو دیزانی سیستمەکە


- بنکەکان وەک دابینکەری یەکەم/سەرەکی چاودێریی سەرەتایی کار بکەن بۆ هەموان لە ناوچەی کۆکردنەوە"
- دارشتن و جێبەجێکردنی سیستمی ڕەوانەکردن، بۆ پتەوکردنی درێژەی خزمەتگوزاری
  *(وەک بەشێک لەمە بە تەواوەتی بگوازرێتەوە بۆ سیستمی تۆماری ئەلیکترۆنی)*
- ئاشناکردنی کۆمەڵگەکە بە خزمەتگوزارییەکان




KRG health policy - Feb 2011 -18

## دەستی کار (1): ئامادەکردنی دکتۆری زیاتر

### ژمارەی دکتۆرەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە هی وڵاتانی تر (بەڵام بە گشتیی لە هی عێراق زیاترە)




*سەرچاوە: WorldStatistics2010، ژمارەکانی کوردستان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەت وەرگیراوە*

KRGhealthpolicy-Feb2011 -19

## دەستی کار (2): چاکترکردنی پەروەردە و خوێندن و مەشقی دکتۆرەکان.








- مەشقکردن بە قوتابیانی پزیشکی لەسەر چاودێریی سەرەتایی: دانانی چاودێریی سەرەتای لە مەنهەجی خوێندنی پزیشکی و نۆرەی نۆرینگەیی.
- مەشقکردن بە پسپۆڕی زیاتری بواری چاودێریی سەرەتایی و باشترکردنی ناوبانگی ئەم جۆرە تایبەتمەندانە (وەک پزیشکایەتیی خێزان) ... وەک بناغەیەک بۆ خزمەتگوزاریی پزیشکیی هاوچەرخ.
- چاکترکردنی مەشق لەسەر کارزانیی عەمەلی – هەر لە خوێندنگەی پزیشکییەوە و بەردەوام لە ماوەی نیشتەجێکردن و سالآنی مەشقی دوای تەواوکردنی خوێندن
- چاکترکردنی ئەزموونی دکتۆری موماریسی گشتی لە ماوەی ئەو ساڵەی کە بە ئیلزامی لە بنکەکان خزمەت دەکەن (دابینکردنی حەوافز بۆ خزمەتکردن لە ناوچە دوورەکان، دابینکردنی دەرفەتی پەرەپێدانی پیشەی پەسندکراو، بۆنمونە، لەسەر بنەمای پەسندکردن دەرفەتیان پێبدرێت بۆ کۆنفرانسەکان، گەشەپێدان و تاقیکردنەوەی شارەزاییە سەرەکییەکانی بواری چاودێریی سەرەتایی)

KRG health policy - Feb 2011 -20 لە هەند

## دەستی کار (3): چاکترکردنی مەشق، کارزانی، و بەکارهێنانی پەرستیاران):

ژمارەی پەرستیار لە کوردستان بە گشتیی زیاترە لەوەی عێراق و لە هەندێک وڵاتی تری ناوچەکە، بەڵام لە چەند وڵاتێکی تریش کەمترە.

- مەشقکردن بە پەرستیاری زیاتر
- داڕشتنەوە و جێبەجێکردنی مەنهەجی نوێی پەرستیاری و مەشق لە هەموو ئاستەکان
- ئامادەکردن و مەشق بە پەرستیاری زیاتر لەسەر چاودێریی سەرەتایی: وەک چاودێریی سەرەتایی لە مەنهەجی خوێندن و لە نۆرەی نۆرینگەیی
- چاکترکردنی مەشق بە پەرستیاران لە بواری کارزانیی پەیوەندار بە خوێندنەکەیان
- بەکارهێنانی پەرستیاران لە بنکە تەندروستییەکان





Sources: WHO, World Statistics 2010; Kurdistan figures from MOH Annual Report for 2009

KRGhealthpolicy-Feb2011 -21

## دەستی کار (4): ئامادەکردن و مەشقی زیاتر بە دکتۆری دان و دەرمانساز بۆ ئەوەی پێداویستییەکانی ئێستا و ئایندە پڕ بکەنەوە


### ژمارەیان لە کوردستان کەمترە وەک لە عێراق و لە زۆربەی وڵاتانی تری ناوچەکە

دەرمانساز بۆ 10000 کەس




Sources: WHO, World Statistics 2010; Kurdistan figures from MOH Annual Report for 2009

دانساز بۆ 10000 کەس




Sources: WHO, World Statistics 2010; Kurdistan figures from MOH Annual Report for 2009

KRG health policy - Feb 2011 -22

## دەستی کار (5): درێژەدان بە خوێندن، بڕوانامەی ڕێپێدان، بە مەبەستی چاکترکردنی کواڵیتی

- **داڕشتنی سیستمەکانی درێژەدان بە خوێندن بۆ پیشە پزیشکییەکان** (وەک دکتۆر، پەرستیار، تاد)
- **داڕشتنی سیستمەکانی ڕێپێدان و پێدانەوەی بڕوانامە بۆ پیشە پزیشکییەکان –** لەناویدا مەرجەکانی تاقیکردنەوەی شارەزایی و توانستە کرداریيە بنەرەتیەکان (وەک، بۆ دکتۆرەکان، پەرستیارەکان، تاد)







KRG health policy - Feb 2011 -23

## دەستی کار (6): ئەنجامدانی کاری بەڕێوەبردن بۆ چاکترکردنی کواڵیتی و چوستیی خزمەتگوزارییەکان.





- داڕشتنی مەرجەکانی بواری کارزانی و پێناسەی پیشەیی
- دابەشکردنی ستاف بە گوێرەی ستانداردەکان –بە تایبەتی پزیشک و پەرستیاران.
- داڕشتنی سیستمێکی سەرپەرشتی کە پشتگیریکار (داعم) بێت – بە تایبەتی بۆ ناوچە دوورەکان/گوندەکان.
- دانانی حەوافزی گونجاو – بە مەبەستی ڕاکێشانی دکتۆر و پزیشکان بۆ ئەوەی لە گوندەکان/ناوچە دوورەکان خزمەت بکەن (و بمێننەوە).
- بەکارهێنانی فۆرم لەسەر ماڵپەڕی ئەنتەرنێت بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان – وەک بەڵگەنامەی ژێدەر و فۆرمی داواکاری بۆ خوێندن و مەشق و دامەزراندن و تاد.

KRG health policy - Feb 2011 -24

## داتا (1): دامەزراندنی سیستمی مۆدێرنی داتا، کە هەروەها ئێجگار پڕبایەخە بۆ چاکترکردنی خزمەتگوزارییەکان.

- چاکترکردنی سیستمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە– دامەزراندن یاخود مەشقکردن بەکارمەندەسەرەکیەکان، یەکخستن و دانانی بنەما بۆ کۆکردنەوەو چارەسەرکردن و شیکردنەوەو پێشکەشکردنی زانیاریەسەرەتاییەکان، بەکارهێنانی زانیاری چاودێری بۆ چاودێریکردنی بەرنامەکان و ئەنجامی سیاسەتەکان.
  - ڕێژەی مردن.
  - ڕێژەی نەخۆشکەوتن.
  - فاکتەرەکانی مەترسی.
- چاکترکردنی سیستمەکانی زانیاریی بەڕێوەبردن.
  - چاودێریکردنی سەرچاوەکان و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک.
  - چاودێریکردنی بەکارهێنانی نۆرنیگەبەشێوەیەکی سیستماتیک.

...تۆماری کاغەزی بگۆڕە



...بە تۆمار و ڕاپۆرت و شیکردنەوەی کۆمپیەتەری



KRGhealthpolicy- Feb2011 -25

## هێڵکاری

1. پێشەکی.
2. چاودێریی سەرەتایی (الرعایة الاولیة، چاودێریی یەکەمی) چییە؟
3. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆ پتەوکردنی خزمەتگوزاریی (چاودێریی سەرەتایی)؟
4. پوختە و دەرەنجام.

kRG health policy - Feb 2011 -26

## هەرە گرنگترین و گونجاوترین دەستپێشخەرییەکانی چاکترکردنی (چاودێریی سەرەتایی) لە هەرێمی کوردستان (1)

**رێکخستنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیکی**

- پێناسەکردنی بڕ (مەودا)ی گونجاوی ئەو خزمەتگوزارییانەی بنکە تەندروستییەکان پێشکەشی دەکەن.
- دابەشکردنی بنکە تەندروستییەکان لە سیستمێکی سێ توێژییدا، بە گوێرەی ئەو ناوچانەی کۆکردنەوە کە بە گوێرەی ستاندارده نیشتمانییەکانن.

**باشترکردنی پەروەردە و خوێندن و مەشق و بەڕێوەبردنی پیشەیی.**

- دامەزراندنی ئەو قوتابیانەی پزیشکی و پەرستیاری کە خەڵکی ناوچە دوورەکانن.
- دانانی چاودێری سەرەتایی لە مەنهەجی خوێندنی پزیشکی و پەرستیاری.
- چاکترکردنی ئەزموونی دکتۆرانی موماریسی گشتیی لە ماوەی ئەو ساڵە خزمەتە ئیلزامییەدا.
- دارشتنی مەرجی پێویست و (پێناسەی پیشەیی) بۆ کارمەندانی پیشەیی لە سەرجەم ئاستەکان.
- دابەشکردنی کارمەندانی بنکە تەندروستییەکان بە گوێرەی ستاندارده نیشتمانییەکان.

kRG health policy - Feb 2011 -27

## هەرە گرنگترين و گونجاوترين دەستپێشخەرييەکانی چاکترکردنی (چاودێريی سەرەتايی) لە هەرێمی کوردستان (2)

**زانياری سەرەتايی**

**پتەوکردنی سيستەمەکانی چاودێری و وەڵامدانەوە**

- دانانی ستانداردێک بۆ ئەو نەخۆشی و حاڵەتانەی دەخرێنە ژێر پرۆسەی چاودێريی ئاساييەوە.
- دانانی ستانداردێک بۆ فۆرمەکانی کۆکردنەوەی داتا (يەکخستنی فۆرمەکان).
- يەکخستن و دانانی ستانداردێک بۆ سەرچاوەکانی چاودێريکردنی زانياری

**چاکترکردنی سيستەمەکانی زانياريی بەڕێوەبردن**

- چاودێريی کردن سەرچاوەکان و خزمەتگوزارييەکانی نۆرينگەکان بە شێوەيەکی سيستماتيک و ستاندارد.



## سەرەنجام:
## چاودێريی سەرەتايی بناغەيەکی گونجاوە بۆ هاوچەرخکردنی سيستمی خزمەتگوزاريی تەندروستی لە کوردستان





- تەبا بێت لەگەڵ باشترين نموونە نێودەوڵەتييەکان.
- بايەخ بە خەڵک بدات، گشتگير بێت، هەمەلايەن بێت، هەمووان دەستيان پێی بگات بەرپرسيارانە بێت،
- وەبەرهێنانی باش: بەهای پارەکە دەبێت بە چوستی (کفاءة) و کارايی (فعالية).
- بنياد دەنێت لەسەر نەريتی نايابی پيشەی پزيشکی لە کوردستان، لە کاتێک هاوچەرخکردنی خزمەتگوزارييەکانی تەندروستی فراوان و نوێ دەکاتەوە
- دەرفەت بۆ چاکترکردنی:
  - خزمەتگوزارييەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن.
  - کارمەندانی تەندروستی.
  - سيستەمەکانی زانياريی تەندروستی.

RAND HEALTH

**ئەو بابەتەی لێرەدا باسی دەکرێت لە لایەن دەزگای ڕەندەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

*بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە* بە

د. میلیندا موور (Melinda_Moore@rand.org)

یان

د. رۆس ئانتنی (Ross_Anthony@rand.org)


## نمونەیەک بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە سەلامەتیی نەخۆش، لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان.

لیی هیلبۆرن، (ASCP) MD, MPH, DLM گلۆباڵ هێڵس،
دەزگای رەند
پرۆفیسیۆری زانستەکانی نەخۆشی و پزیشکیی تاقیگەیی، بەڕێوەبەری
(UCLA SouthernCaliforniaMedicalDirector)

**گەشەسەندن و چاکسازی لە سیستمی**

**تەندروستیی هەرێمی کوردستان - عێراق**
**هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق**
**شوباتی 2011**

## حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشنایە بە ڕۆڵی پڕبایەخی تەندروستی لە بەرەوپێشبردنی هەرێم




## لە سەروەختی بەرەوپێشبردنی تەندروستییدا بەهای ڕاستەقینە بریتییە لە سیستمێکی خاوەن جۆری بەرز

- سەبارەت بە خزمەتگوزاریی تەندروستی، ئینستیتیۆتی پزیشکیی (IOM) شەش بواری سەرەکیی بۆ کواڵیتی دەستنیشان کردووە:
  - سەلامەتی
  - کارایی
  - جەخت بخاتە سەر نەخۆش
  - لە کاتی گونجاودا دابین بکرێت
  - چوستیی
  - یەکسانیی

INSTITUTE OF MIDICINE
OF THE NATIONAL ACADIMIES

## کورتەیەک سەبارەت بە بوارەکان، و ئنجا جەخت دەخەینە سەر سەلامەتیی




- کاریگەر (فعال، Effective)
  - دروستکردنی بڕیارێک کە پشتئەستوور بێت بە بەڵگە ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەکارهێنانی خزمەتگوزاریی و بەربژارکردن.
- جەختکردنەوە لە نەخۆش
  - ئەو خزمەتگوزارییەی پێشکەش دەکرێت بە گوێرەی پەسندی و پێویستییەکان و بەهاکانی نەخۆشەکەیە.
  - بە شێوەیەک خزمەتگوزارییەکان و دەزگاکان و زانیارییەکان و سەرچاوەکان داڕێژراون کە بکەونە خزمەتی نەخۆشەکە، نەوەک دابینکارەکە
- دابینکردن لە کاتی خۆیدا (لە کاتی گونجاودا)
  کاتێک کە پێویستن خزمەتگوزارییەکان لە کاتی گونجاودا بگەن بە نەخۆش ودابینکارەکان
- چوست (کفؤ، Efficient)
  بەفیڕۆ نەدانی سەرچاوەکان (وەک دووبارە نەکردنەوەی تاقیکردنەوە، خزمەتگوزاریی، بەکارنەهێنانی تەکنەلۆجیا بە شێوەیەکی نەشیاو )
- یەکسان.
  هەموو نەخۆشەکان بە شێوەیەکی یەکسان و وەک یەک دەستیان بگات بە خزمەتگوزاریی پێویست.
- سەلامەت.

## با جەخت بخەینە سەر سەلامەتی

نابێت نەخۆش تووشی برینداری و زیان ببێت بە هۆی ئەو خزمەتگوزارییەی کە لە بنەڕەتەوە بە نیازی هاوکاریکردن پێشکەشی دەکرێت





## لە دە ساڵی ڕابردوودا خۆری (سەلامەتی نەخۆش) هەڵهات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

- دوو ڕاپۆرتی گرنگی لیژنەی کواڵیتی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ئەمریکا
  - مرۆڤ هەڵە دەکات: بنیاتنانی سیستمێکی سەلامەتتری تەندروستی (ئەیلولی 1999)
  - دەربازبوون لە کەلێنی کواڵیتی: سیستمی نوێی تەندروستی بۆ سەدەی 21 (ئازاری 2001)




- هەندێک نەخۆشخانەی ئەمریکا ئێجگار مەترسیدار بوون.
- مەترسیی مردنی نەخۆش لە نەخۆشخانە لە هەندێک برینداریی کە دەکرا خۆی لێ بپارێزرێت بریتی بوو لە.
  - 2,917 لە 1,000000 حاڵەت.
- "ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا سیستمی چاودێری تەندروستیی بریتییە لە هەڕەشەیەک لەسەر تەندروستیی گشتیی وەک نەخۆشیی پەتایی"
  JAMA ،25 ی تەمموزی 2001
- گرفت: کەمکردنەوەی هەڵەیە بە ڕێژەی 50% لە پێنج ساڵی داهاتوودا.

## پاش تێپەڕینی دە ساڵ، بەرەوپێشچوون ڕوویداوە، بەڵام نەوەک تا ئەو ڕادەیەی IOM پێشبینی دەکرد

- بەرەوپێشچوونەکە لە بواری دەستنیشانکردنی گیروگرفتەکان و دانانی ستراتیج بوو بۆ بەشدارپێکردنی دابینکاران



**Hospital care fatal for some Medicare patients**

Updated 11/16/2010 1:36 PM | Comments 223 | Recommend 22 E-mail | Save | Print | Reprints & Permissions |

Enlarge PhotoDisc

A study of "adverse events" in hospitals turned up "alarming" results, according to the Agency for Healthcare Research and Quality.

[redacted]

By Rita Rubin, USA TODAY

An estimated 15,000 Medicare patients die each month in part because of care they receive in the hospital, says a government study released today.

The study is the first of its kind aimed at understanding "adverse events" in hospitals — essentially, any medical care that causes harm to a patient, according to the Department of Health and Human Services' Office of Inspector General.

Patients in the study, a nationally representative sample that focused on 780 Medicare patients discharged from hospitals in October 2008, suffered such problems as bed sores, infections and excessive bleeding from blood-thinning drugs, the report found. The federal Agency for Healthcare Research and Quality called the results "alarming."

[redacted]

- ڕێژەی مردن تەنانەت لەوەش زیاتر بوو کە مەزەندەی دەکرا.

## سەلامەتیی نەخۆش کۆڵەکەی سەرەکیی جۆریەتی تەندروستییە

- چاکترکردنی جۆریەتی (QI) و سەلامەتیی نەخۆش (PS) پێکەوە گرێدراون
  - پیادەکردنی (چاکترکردنی جۆریەتی): بریتییە لە پرۆسەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەک کە بە بەڵگەوە ئەوە دەردەخات کە دەبێتە مایەی چاککترکردنی دەرئەنجامەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی.
  - پیادەکردنی (سەلامەتیی نەخۆش): بریتییە لە پرۆسەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەک کە بە بەڵگەوە ئەوە دەردەخات کە دەبێتە مایەی کەمتربوونەوەی ئەگەری هەر زیانێک کەسیستمی تەندروستی یان پرۆسەکانی یاخود ژینگەکەی دروستی بکات.
- IOM دووبارە جەختی تاوتوێی چاکترکردنی جۆریەتی تەندروستی گەڕاندەوە بۆ بابەتی (سەلامەتیی نەخۆش).
  - ئەمە ئەو شتەیە کە خەڵک بە ڕاستی بایەخی پێدەدەن.

## *بابەتەکە بریتییە لە ئەولەوییەتێک لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بۆ خەڵکی کوردستانیش بەهەمان شێوە گرنگە*

... کۆتایی بەم دەستەوستانییە بهێنە... ڕەوشی ئێستا قبوڵ نییە... سەرەڕای ئەوەی فشاری خەرجی لە ئارادایە.. سەرەڕای هەبوونی پابەندێتی، سەرەڕای بەرەنگاریی لە بەرامبەر گۆڕانکاری و ئاستەنگی سەختی تر، پەسەند نییە ئەو سیستمەی پێویستە چارەسەر و ئارامی بە نەخۆش ببەخشێت، زیان بە نەخۆشەکە بگەیەنێت ... (IOM,2000)


掛錯名牌開錯刀 嬰兒呱呱墜地亡 醫療疏失 豈止打錯針？
檔案光怪陸離 聽來令人咋舌 防止悲劇上演 有賴每一個環結
醫療環境 擬列入醫院評鑑項目
衛署將建立定期考評機制 暫不會中止和北城健保合約

*United Daily News*
2 December 2002

## دانانی ڕێچکەیەک بۆ ئاییندەی خزمەتگوزاریی تەندروستیی لەهەرێمی کوردستان

- لە دەستپێکدا دید (ڕؤیا، vision)ێک دابنێ بۆ جۆرەیەتی و سەلامەتی
  - ڕۆڵی سیستمی تەندروستی زیاتر بکە لە بەدیهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستیی نموونەی بۆ خەڵکی هەرێم
- با سەرجەم کۆمەڵگە بەشداری بکەن و بڕیار لەسەر پێشینەکان بدەن


## گەورەترین کاریگەر کاتێک دروست دەبێت کە هەموو تیمەکە پێکەوە کار بکەن





پێویستە تیمەکە پێشینەکان دەستنیشان بکات
کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی تووشبوون (نەخۆشکەوتن) گواستراوە لە ڕێگای سیستمی تەندروستییەوە
هەمیشە جەخت لە ناسنامەی نەخۆشەکە بکەرەوە
جەخت بەخە سەر پەیوەندیە تایبەتمەندەکان
دڵنیاکردنەوەی سەڵامەتی کردارەکانی چارەسەرکردن
دەست بکە بە بنیاتنانی ڕۆشنبیری سەلامەتی (ثقافە السلامە)


جەخت بکەرەوە لەو خاڵانەی ڕێگە خۆش دەکەن بۆ بەدهێنانی دیدەکە
زیاتر کردنی رۆڵی سیستمی تەندروستی لە دابینکردنی باشترین جۆریەتی تەندروستی بۆ خەڵکی هەرێم
کەمکردنەوەی حاڵەتەکانی تووشبوون (نەخۆشکەوتن) گواستراوە لە ڕێگای سیستمی تەندروستییەوە
هەمیشە جەخت لە ناسنامەی نەخۆشەکە بکەرەوە
جەخت بەخە سەر پەیوەندیە تایبەتمەندەکان
دڵنیاکردنەوەی سەڵامەتی کردارەکانی چارەسەرکردن
دەست بکە بە بنیاتنانی ڕۆشنبیری سەلامەتی (ثقافە السلامە)

## هاوكات جەختکردنەوە لە بوارە سەرەکییەکانی کواڵیتی





## چۆن دەکرێت هەموو لایەنە پەیوەندارەکان هاوبەشیان پێ بکرێت و کردارەکەش کارا بکرێت؟



## پێویستە سەرکردایەتی ئاسانکاری بکات و بەشداری بە هەمووو لایەنە پەیوەندیدارەکان بکات






## چی پێویستە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە؟


| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دید | کارزانیی | پاداشت | سەرچاوەکان | پلانی کار | گۆڕانکاری |
| | کارزانیی | پاداشت | سەرچاوەکان | پلانی کار | شپرزەیی |
| دید | | پاداشت | سەرچاوەکان | پلانی کار | دڵەڕاوکە |
| دید | کارزانیی | | سەرچاوەکان | پلانی کار | گۆڕانکاریی لەسەرخۆ |
| دید | کارزانیی | پاداشت | | پلانی کار | بێهوودەیی |
| دید | کارزانیی | پاداشت | سەرچاوەکان | | دەستپێک هەڵە |


## نموونەیەک لەسەر ئەو شتانەی لە نەخۆشخانەیەک ڕوویدا کاتێک پاداشتەکان و سەرچاوەکان زیاتر کران




## هەندێک هەنگاوی بەرایی

- جەختکردنەوە لە دید (ڕۆیا)
  - بە بەشداریی سەرجەم تیمەکە
- دەستنیشانکردنی ئاڕاستەکە
  - دەبێت ئەمە یەکەم هەنگاو بێت
  - هەڵسەنگاندنی پێگەی هەرێم و دەستنیشانکردنی کەلێن و کەموکوڕی و دەرفەتە گەورەکان
  - دانانی پێشینەکان، دەستنیشانکردنی دەرفەتە گەورەکان
  - پێکەوە کارکردن بۆ پڕکردنەوە و تەواوکردنی کەموکووڕییەکان
- بەشدارییپێکردنی سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان لە دیدەکە و ستراتیجەکە





## ژێدەرەکان


Agency for Healthcare Research and Quality (AHRQ), “Evidence-based Practice”: http://www.ahrq.gov/clinic/epcix.htm.

Balas, E. A., S. Weingarten, C. T. Garb, D. Blumenthal, S. Austin Boren, and G. D. Brown, “Improving Preventive Care by Prompting Physicians,” *Archives of Internal Medicine,* Vol. 160, No. 3, 2000, pp. 301–308.

Bice, S., G. Dever, L. Mukaida, S. Norton, and J. Samisone, “Telemedicine and Telehealth in the Pacific Islands Region: A Survey of Experiments, Applications, and Issues,” *Proceedings of the Pacific Telecommunications Conference 1996*, pp. 574–581.

Bindman, A. B., A. Chattopadhyay, et al., “The Impact of Medicaid Managed Care on Hospitalizations for Ambulatory Care Sensitive Conditions,” *Health Services Research*, Vol. 40, No. 1, 2005, pp. 19–38.

Buchmueller, Thomas C., and Agnes Couffinhal, “Private Health Insurance in France,” OECD Health Working Papers, No. 12, Paris: Organisation for Economic Co-operation and Development, Directorate for Employment, Labour and Social Affairs, 2004.

CDC—*See* Centers for Disease Control and Prevention.

Centers for Disease Control and Prevention, “Updated Guidelines for Evaluating Public Health Surveillance Systems: Recommendations from the Guidelines Working Group,” *Morbidity and Mortality Weekly Report*, Vol. 20, No. RR-13, 2001.

———, “Framework for Evaluating Public Health Surveillance Systems for Early Detection of Outbreaks: Recommendations from the CDC Working Group,” *Morbidity and Mortality Weekly Report*, Vol. 53, No. RR-5, 2004.

———, *Field Epidemiology Training Program Standard Core Curriculum*, 2006. As of November 22, 2010: http://www.cdc.gov/globalhealth/fetp/pdf/FETP_standard_core_curriculum_508.pdf

———, *BRFSS 2010—Behavioral Risk Factor Surveillance System Questionnaire*, 2009. As of October 14, 2010:
http://www.cdc.gov/brfss/questionnaires/pdf-ques/2010brfss.pdf

———, *Behavioral Risk Factor Surveillance System—Turning Information into Health*, 2010. As of October 14, 2010:
http://www.cdc.gov/brfss

Chen, L., T. Evans, S. Anand, J. I. Boufford, H. Brown, M. Chowdhury, et al., “Human Resources for Health: Overcoming the Crisis,” *The Lancet*, Vol. 364, 2004, pp. 1984–1990.

Counsell, S. R., C. M. Callahan, et al., “Geriatric Care Management for Low-Income Seniors: A Randomized Controlled Trial,” *JAMA*, Vol. 298, No. 22, 2007, pp. 2623–2633.

Dexheimer, J. W., D. L. Sanders, S. T. Rosenbloom, and D. Aronsky, “Prompting Clinicians About Preventive Care Measures: A Systematic Review of Randomized Controlled Trials,” *Journal of the American Medical Informatics Association*, Vol. 15, No. 3, 2008, pp. 311–320.

Dorr, D. A., A. Wilcox, et al., “Implementing a Multidisease Chronic Care Model in Primary Care Using People and Technology,” *Disease Management*, Vol. 9, No. 1, 2006, pp. 1–15.

El-Jardali, Fadi, D. Jamal, A. Abdallah, and K. Kassak, "Human Resources for Health Planning and Management in the Eastern Mediterranean Region: Facts, Gaps and Forward Thinking for Research and Policy," *Human Resources for Health*, Vol. 5, No. 9, 2007.

Fiedler, John, "The Privatization of Health Care in Three Latin American Social Security Systems," *Health Policy and Planning*, Vol. 11, No. 4, 1996, pp. 406–417.

Forsetlund, L., A. Bjorndal, et al., "Continuing Education Meetings and Workshops: Effects on Professional Practice and Health Care Outcomes," *Cochrane Database of Systematic Reviews*, No. 2, 2009.

Frenk, Julio, Jaime Sepúlveda, Octavio Gómez-Dantés, and Felicia Knaul, "Evidence-Based Health Policy: Three Generations of Reform in Mexico," *The Lancet*, Vol. 362(9396), 2003, pp. 1667–1671.

Fries, J. F., et al., "Reducing Health Care Costs by Reducing the Need and Demand for Medical Services," *New England Journal of Medicine*, Vol. 329, No. 5, 1993, pp. 321–325.

Fujisawa, R., and G. Lafortune, "The Remuneration of General Practitioners and Specialists in 14 OECD Countries: What Are the Factors Influencing Variations Across Countries?," OECD Health Working Papers, No. 41, Paris: OECD Publishing, 2008.

Gadomski, A., P. Jenkins, et al., "Impact of a Medicaid Primary Care Provider and Preventive Care on Pediatric Hospitalization," *Pediatrics*, Vol. 101, No. 3, 1998, p. E1.

Gottret, Pablo, and George Schieber, *Health Financing: A Practitioner's Guide*, Washington, D.C.: World Bank, 2006.

Gottret, Pablo, George Schieber, and Hugh R. Waters, eds., *Good Practices in Low and Middle-Income Countries*, Washington, D.C.: World Bank, 2008.

Grobler, L., B. J. Marais, S. A. Mabunda, et al., "Interventions for Increasing the Proportion of Health Professionals Practicing in Rural and Other Underserved Areas," *Cochrane Database of Systematic Reviews*, No. 1, 2009.

Higgins, D. L., C. Galavotti, K. R. O'Reilly, D. J. Schnell, M. Moore, D. L. Rugg, and R. Johnson, "Evidence for the Effects of HIV Antibody Counseling and Testing on Risk Behaviors," *JAMA*, Vol. 266, No. 17, 1991, pp. 2419–2429.

IMF—*See* International Monetary Fund.

Institute of Medicine, *Primary Care: America's Health in a New Era*, M. S. Donaldson, K. D. Yordy, K. N. Lohr, and N. A. Vanselow, eds., Washington, D.C., National Academy Press, 1996.

———, *Crossing the Quality Chasm: A New Health System for the 21st Century*, Washington, D.C.: National Academy Press, 2001.

———, *Quality Through Collaboration—The Future of Rural Health*, Washington, D.C.: National Academy Press, 2005.

International Monetary Fund, *Data Quality Assessment Framework*, Washington, D.C., 2006. As of October 12, 2006:
http://dsbb.imf.org

IOM—*See* Institute of Medicine.

Islam, M., ed., *Health Systems Assessment Approach: A How-To Manual*, submitted to the U.S. Agency for International Development in collaboration with Health Systems 20/20, Partners for Health Reform*plus*, Quality Assurance Project, and Rational Pharmaceutical Management Plus, Arlington, VA: Management Sciences for Health, 2007.

KRG MOH—*See* Kurdistan Regional Government Ministry of Health.

Kristiansen, I., and O. Helga, "Medical Specialists' Choice of Location: The Role of Geographic Attachment in Norway," *Social Science & Medicine*, Vol. 34, No. 1, 1992, pp. 57–62.

Kurdistan Regional Government Ministry of Health, "MOH 2009 Annual Report," Chapter 2, Table 6, p. 27.

Lim, M. K., "Shifting the Burden of Health Care Finance: A Case Study of Public-Private Partnership in Singapore," *Health Policy*, Vol. 69, No. 1, 2004, pp. 83–92.

Massoud, R., K. Askov, J. Reinke, L. M. France, T. Bornstein, E. Knebel, and C. MacAulay, *A Modern Paradigm for Improving Healthcare Quality*, Bethesda, MD: U.S. Agency for International Development, Quality Assurance Project, 2001. As of September 20, 2006: http://qaproject.org/pubs/PDFs/improhq601bk.pdf

McGinnis, J. M., and W. H. Foege, "Actual Causes of Death in the United States," *JAMA*, Vol. 270, No. 18, 1993, pp. 2207–2212.

Moore, M., E. Chan, N. Lurie, A. G. Schaefer, D. V. Varda, J. A. Zambrano, "Strategies to Improve Global Influenza Surveillance: A Decision Tool for Policymakers," *BioMed Central Public Health*, Vol. 8, No. 186, May 28, 2008.

Moore, M., F. Davachi, L. Bongo, H. Seruvugo, K. Mushiya, J. A. Roy, and Mambu-ma-Disu, "New Parameters for Evaluating Oral Rehydration Therapy: One Year's Experience in a Major Urban Hospital in Zaire," *Journal of Tropical Pediatrics*, Vol. 35, No. 4, 1989, pp. 179–184.

Morlock, Laura, Hugh Waters, Alan Lyles, Haluk Özsari, and Göksenin Aktulay, "Health Care Reform in Turkey—Charting the Way Forward," final report submitted to the Turkish Industrialists' and Businessmen's Association/Turk Sanayici ve Isadamlari Dernegi (TÜSIAD), 2004.

Moscovice, I. and R. Rosenblatt, "Quality of Care Challenges for Rural Health," *The Journal of Rural Health*, Vol. 16, No. 2, 2000, pp. 168–176.

OECD—*See* Organisation for Economic Co-operation and Development.

Organisation for Economic Co-operation and Development, "Health Data 2011—Frequently Requested Data":
http://www.oecd.org/document/16/0,3343,en_2649_34631_2085200_1_1_1_1,00.html.

———, "OECD Reviews of Health Systems, Mexico," ISBN 92-64-00892-6, Paris, 2005.

Palu, Toomas, "Human Resources in Health in East Asia and Pacific: Summary of HRH Studies," Hanoi, November 2009. As of April 22, 2010:
www.aaahrh.org/4th_conf_2009/04%20Toomas.ppt

Petersen, L. A., H. R. Burstin, et al., "Nonurgent Emergency Department Visits: The Effect of Having a Regular Doctor," *Medical Care*, Vol. 36, No. 8, 1998, pp. 1249–1255.

Reid, R. J., K. Coleman, et al., "The Group Health Medical Home at Year Two: Cost Savings, Higher Patient Satisfaction, and Less Burnout for Providers," *Health Affairs*, Vol. 29, No. 5, 2010, pp. 835–843.

Republic of Iraq Ministry of Planning, "National Development Plan for the Years 2010–2014," Baghdad, 2010.

Savedoff, William D., and Pablo Gottret, *Governing Mandatory Health Insurance: Learning from Experience*, Washington, D.C.: World Bank, 2008.

Simmons, D., L. E. Bolitho, G. J. Phelps, R. Differ, G. J. Dasher, "Dispelling the Myths About Rural Consultant Physicians Practice: The Victoria Physician Survey," *Medical Journal of Australia*, Vol. 176, No. 10, 2002, pp. 477–481.

Songkhla, Mongkol Na, "The Strategic Plan for the Decade of National HRH Development 2007–2016," Hanoi: WHO, November 2009. As of April 22, 2010:
http://www.aaahrh.org/4th_conf_2009/conf_doc.php

Sphere Project, "Humanitarian Charter and Minimum Standards in Disaster Response," ISBN: 92-9139-097-6, United Kingdom, 2004.

Taylor, Rob, and Simon Blair, "Financing Health Care—Singapore's Innovative Approach," Public Policy for the Private Sector series, Washington, D.C.: World Bank, 2003.

Tesson, G., V. Curran, R. Pong, and R. Stressed, "Advances in Rural Medical Education in Three Countries: Canada, the United States and Australia," *Education for Health*, Vol. 18, No. 3, 2005, pp. 405–415.

Thacker, S. B., "Historical Development," in S. T. Teutsch and R. E. Churchill, eds., *Principles and Practice of Public Health Surveillance*, New York: Oxford University Press, 2000, pp. 1–16.

Thailand Ministry of Health, *Thailand's Health Care Reform Project, 1996–2001: Final Report*, Bangkok: Ministry of Health, Thailand Office of Health Care Reform, 2001.

UNGA—*See* United Nations General Assembly.

UNICEF—*See* United Nations Children's Fund.

United Nations Children's Fund, World Health Organization, and United Nations Population Fund, "Guidelines for Monitoring the Availability and Use of Obstetric Services," 2nd ed., ISBN: 92-806-3198-5, New York, August 1997.

United Nations General Assembly, "United Nations Millennium Declaration," UNGA A/Res/55/2, September 18, 2000.

Valdiserri, R., M. Moore, A. Gerber, C. Campbell, B. Dillon, and G. West, "A Study of Clients Returning for Counseling After HIV Testing: Implications for Improving Rates of Return," *Public Health Reports*, Vol. 108, No. 1, 1993, pp. 12–18.

Waitzkin, H., R. Jasso-Aguilar, and C. Iriart, "Privatization of Health Services in Less Developed Countries: An Empirical Response to the Proposals of the World Bank and Wharton School," *International Journal of Health Services*, Vol. 37, No. 2, 2007, pp. 205–227.

Wasson, J., C. Gaudette, et al., "Telephone Care as a Substitute for Routine Clinic Follow-Up," *JAMA*, Vol. 267, No. 13, 1992, pp. 1788–1793.

WHO—*See* World Health Organization.

Williams, J., P. Ehrlich, and J. Prescott, "Emergency Medical Care in Rural America," *Annals of Emergency Medicine*, Vol. 38, No. 3, 2001, pp. 323–327.

World Bank, *World Development Indicators 2010*, Washington, D.C., 2010.

World Health Organization, *The World Health Report 2000. Health Systems: Improving Performance*, Geneva, 2000.

———, "International Conference on Primary Health Care, Alma-Ata: Twenty-Fifth Anniversary," World Health Assembly report A56/27, Geneva, April 24, 2003.

———, *The World Health Report 2006: Working Together for Health*, Geneva, 2006.

———, "Health Metrics Network—Framework and Standards for Country Health Information Systems," 2nd ed., Geneva, 2008a.

———, *The World Health Report 2008: Primary Health Care: Now More Than Ever*, Geneva, 2008b.

———, "Increasing Access to Health Workers in Remote and Rural Areas Through Improved Retention: Background Paper for the First Expert Meeting to Develop Evidence-Based Recommendations to Increase Access to Health Workers in Remote and Rural Areas Through Improved Retention," Geneva, February 2–4, 2009a. As of April 22, 2010: http://www.who.int/hrh/migration/background_paper.pdf

———, "Conference Summaries," Joint WHO-AAAH conference, Hanoi, November 2009b. As of April 21, 2010: http://www.aaahrh.org/4th_conf_2009/conf_doc.php

———, "World Health Statistics 2010," Geneva, 2010: http://www.who.int/whosis/whostat/EN_WHS10_Full.pdf

World Health Organization and Iraq Ministry of Health, "A Basic Health Services Package for Iraq," 2009. As of March 1, 2011: http://www.emro.who.int/iraq/pdf/basic_health_service_package_en.pdf.

World Health Organization Inter-Agency Standing Committee for Global Health Cluster, "Health Cluster Guide," Geneva, 2009.

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان. وەزارەتی تەندروستی

ئەم بەرهەمە بەشێکە لە زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی دەزگای ڕەند. لێکۆڵینەوەکانی ڕەند سەرەنجامی گەورە لەخۆدەگرن کە بریتین لە ڕێگەچارە بۆ ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی کەرتی تایبەت و گشتیی دەبنەوە. هەموو لێکۆڵینەوەکانی ڕەند دەخرێنە ژێر پێداچوونەوەی ورد بۆ جەختکردنەوە لە پیادەکردنی بنەما بەرزەکانی جۆریەتی و بابەتێتیی توێژینەوە.

لەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان، توێژەرەوەکانی ڕەند بۆ ماوەی یەک ساڵ کاریان لەسەر شیکردنەوەی سیستمی خزمەتگوزاریی تەندروستیی هەرێمی کوردستان کرد، و تیشکیان خستە سەر (چاودێریی سەرەتایی). کارمەندانی ڕەند پێداچوونەوەیەکی بڵاوکراوە بەردەستەکانی بواری تەندروستیی هەرێمی کوردستان و زانیارییە پەیوەندارەکانی بواری تەندروستیان کرد، چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کۆمەڵێکی فراوانی بڕیاربەدەستان ئەوانەی خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش دەکەن، و نەخۆشەکان و بەرپرسانی حکومی کرد بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و تێگەیشتن لە پێشینەکانیان. زانیارییان دەربارەی سەرچاوە و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و بارودۆخەکانیان کۆکردەوە و شیکردەوە، پێشبینیی دابینکاری و داواکاریی ئایندەی خزمەتگوزارییە تەندروستیەکانیان کرد لە هەرێمی کوردستان، و پرسیار و ئاستەنگەکانی بەردەم دارایی کردنی بواری تەندروستییان دەستنیشان کرد. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، توێژەرەوەکان باسی لایەنە بەهێزەکانی سیستمی تەندروستیی هەرێمی کوردستان، و ئەو ئاستەنگانە دەکەن ڕووبەڕووی دەبێتەوە. توێژەرەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن سیستمێکی خزمەتگوزاریی تەندروستی دامەزراو بۆ دابینکردنی (چاودێریی سەرەتایی) لە توانایدایە یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات چارەسەری ژمارەیەکی زۆری ئەم ئاریشانە بکات. ئامادەکارانی ئەم توێژینەوەیە هەروەها تاوتوێی ئەوە دەکەن کە چۆن دەکرێت سستەمێکی لەم جۆرە جێبەجێ بکرێت و هەروەها دارایی بکرێت. هەروەها ئامادەکارانی ئەم توێژینەوەیە ڕاسپاردە پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی باشتر بەکاربهێنرێن ئەویش بە مەبەستی چاکترکردن، دابینکردن، کاراکردن، و چوستکردنی (چاودێریی سەرەتایی).

$39.95

ISBN-10 0-8330-8611-1
ISBN-13 978-0-8330-8611-2
53995
9 780833 086112

MG-1148/2-1-KRG